سەرچاوە
Serchawe




# بابەت و دیمانەکانی

## هاوڕێ مادیح ئەحمەدی

-----------------

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست:

١- پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات و زەروورەتی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو ................................. ٤
٢- کۆماری ئیسڵامی و گرفتی دەربازبوون لە قەیران ............................................................ ٨
٣- " جەلال مەلەکشا" لە نێوان شێعر و سیاسەتدا .......................................................... ١٢
٤- وتوێژی ڕۆژنامەی "ئاسۆ" ......................................................................... ٣٣
٥- ٢٨ی گەلاوێژ، دەستپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای کورد ....................................................... ٣٨
٦- کیمیا باران کردنی سەردەشت، مەرگەساتێکی لە بیر نەکراو ............................................... ٤٨
٧- ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ کاری راگەیاندن لە ئێرانی ئێستادا ................................................ ٥٠
٨- بزووتنەوەی سەوز و زەروورەتی ئاڵوگۆڕ لە گوتاردا ......................................................... ٥٤
٩- دیدارێکی تایبەتی «کورد کاناڵ» لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کەسایەتیی سیاسیی کورد ...... ٥٧
١٠- کـورد و پێویستیی دیپلۆماسی میدیایی ................................................................ ٨١
١١- وتووێژی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان .................... ٨٥
١٢- عێراق، بەرەو باڵکانیزە بوون ....................................................................... ١٠٥
١٣- دیمانە لە گەڵ: جەعفەر ئیبراهیم، وتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان .... ١١١
١٤- نامۆ عەبدوڵڵا، رۆژنامەنووس: رۆژنامەنووسیی کوردی لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دایە ..................... ١١٨
١٥- قەیرانی عێراق و ئەگەری وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی ................................................ ١٢٢
١٦- دیمانە لە گەڵ عەبدولباست سەیدا، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا ............................. ١٢٥
١٧- کۆتایی ریفۆرمخوازان لە کۆماری ئیسلامیدا ............................................................ ١٢٩
١٨- کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن، شکستێک بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی .......................... ١٣٣
١٩- تمەن و ئەحمەدی نژاد بە تەنیا! ..................................................................... ١٣٩
٢٠- کۆماری ئیسلامی، لە ژیان لە ناو قەیرانەوە بەرەوە مەرگ لە قەیران دا ................................. ١٤١
٢١- ئەحمەدی نژاد لە بەردەم رێگایەکی دژواردا ............................................................. ١٤٥
٢٢- ئایا عێراق پارچە پارچە دەبێ؟ ....................................................................... ١٤٧

٢٣- «کوردستان» لە دوو قۆناغی جیاوازدا ........ ١٥٠
٢٤- ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل ........ ١٥٤
٢٥- مائۆ و مائۆئیزم ........ ١٨٨
٢٦- فرانسیس فۆکۆیاما: رووسیا پێی باشترە دراوسێیەکانی ئۆتۆریتەخواز بن ........ ١٩٣
٢٧- نەورۆز بۆ ئێمە، نەورۆز بۆ ئەوان ........ ١٩٩
٢٨- رۆژنامەنووسی لە کوردستانو نەبوونی خوێندەواری میدیایی ........ ٢٠٤
٢٩- پێویستیی فەلسەفەی سیاسی لەچیدایە؟ ........ ٢٠٨
٣٠- میتینگی ١١ی رەشەمە، هەڵەیەکی مێژوویی ........ ٢٢٤
٣١- سیاسەتی حیزبی دێموکرات و دانووستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ........ ٢٣٢
٣٢- فەلسەفەی دەسەڵاتدارێتیی سیاسی ........ ٢٣٥
٣٣- چەمکەکانی دەسەلات و زەبروزەنگ لە فەلسەفەی سیاسی هانا ئارێنت ........ ٢٥٢
٣٤- کورد و ئیسلام و بیری ئیخوان لە کوردستان (وتووێژێک لەگەڵ حەکیم کاکەوەیس) ........ ٢٦١
٣٥- سنەو ترسو نیگەرانییەکانی حکوومەت ........ ٢٧٣
٣٦- د.ئەحمەد ئابلاخی: زمانی کوردی زمانێکی پاراوە بۆ وەرگێڕان و ........ ٢٧٦
٣٧- وەڵامێک بۆ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ........ ٢٨٨
٣٨- بەفەرمی ناسینی بەشداریی رۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا ........ ٢٩٠
٣٩- هەرێمی کوردستان و سیاسەتی هەڵەی بەرانبەر بە دراوسێیەکانی ........ ٣٠٨
٤٠- کەوا سوورانی بەر لەشکەر ........ ٣١١
٤١- دوای ٧٠ ساڵ، رێنسانسی دووەم پێویستە ........ ٣١٤

# پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و زەروورەتی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو

بێگومان بارودۆخێک کە ئەمڕۆ، ئێمەی کورد تیادا دەژین زیاتر لەهەر سەردەمێکیتر شیاوی سەرەنجە و پێویستە بەشێوەیەکی تایبەت لێبکۆڵینەوە و ڕەخنە و پێشنیارەکانی خۆمان ئاراستە بکەین. هەمووان باش دەزانن مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی کورد کە لەخوێندا گەوزاوە و هەزاران تاڵی و سوێری چێشتوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە قۆناغی یەکەمدا لەلایەن نەیاران و دوژمنانیەوە کەوتۆتە بەرسڕینەوە و ڕامالین بۆ ئەوەی بەمافی ڕەوای خۆی نەگات، خۆمانیش تارادەیەک تاوانبارین و لەو پێناوەدا بەردەوام بەخۆ سەرقاڵ کردن بەکێشە ناوخۆییەکان و دوور بوونەوە لەڕاستیەکانی ڕۆژ و داخوازییەکانی جەماوەر پرۆسەی بەئەنجام گەیاندنی ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆمانمان بەدوا خستوە و بەجۆرێک دەکرێت بڵێین چاوەڕێی موعجیزە و کار ئاسانیەکیتر و... بووین. لێرەدایە کە دەبێ مافی ئەوەش بدەین بەخەڵک لەهەمبەر کارە کوردییەکان و خەبات نەتەوایەتیدا گومان پەیدا بکەن و داهاتوویەکی بێ چارەنووس بۆ خۆیان چاوەڕێ بکەن. چونکە هەر ئێستاش بەشێوەیەکی زۆر زەق ڕۆژانە بینەری سەدان دژایەتی و ڕوبەڕوو بوونەوەین کە پارتە کوردیەکان خولقێنەر و ئاڵا هەڵگری ئەو پرۆسەیەن.

"ئانتۆنی گیدێنز" بیرمەندی بەناوبانگی بریتانیایی لە کتێبی "سیاسەت و کۆمەڵناسی لەئەندێشەی مارکس وێبر"دا ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەردەمێکدا تەواوی شارەستانییەتەکان کێشەیان هەبوە لەگەڵ ئەوەدا کە چلۆن "عەقڵانیەت"ی جیهان پێناسە بکەن و بۆ ئەوەش ئەڵێت:"ڕوانگەی وێبر هیچ کاتێ ڕێگا چارەیەکی ئەقڵانی بۆ پێوەرە ئەخلاقییەکانی ئەو ڕەقیبەی کە هەمانە ناتوانێ ببێت". لێرەدا مەبەستم ئەوەی کە بڵێم ئێمەش ئێستا لە سەردەمێکداین و توشی ئەوە هاتووین و بەگشتی کێشەمان لەگەڵ ئەوەدایە کە چلۆن "سیاسەت" بەپێی ڕۆژ بۆ خۆمان پێناسە بکەین، تاکوو دانووستانەکانمان لەگەڵ پێوەری تایبەت بەخۆمان، بەرینە پێشەوە و سەرەنجێکی هەمە لایەنە لەبواری نێونەتەوەییدا بەرەو لای خۆمان ڕابکێشین. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەو بەیاننامانە بکەین کە ڕۆژانە بەپێویست و بۆنەگەلێکی جیاوازەوە لەلایەن پارت و لایەنە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەلاتەوە بەشێوەیەکی تایبەت و جیا ـ جیا دەردەچێت. هەر بەم بۆنەوە لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئێوە وا خۆتان بەخاوەن دەنگی خەڵک و مێژوویەکی قوڵ دەزانن پێتان وایە دەشێ وڵاتانیتر، یا بۆ وێنە لە هەموویان گرنگتر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قسە کامتان ببیسێ و ڕوو لەکامتان بکات؟ گەر لێرەدا بەڕاستی بەرژەوەندی خەڵک لەئارادایە و دەردی خەڵک بەدەردی خۆتان دەزانن بەبێ هیچ درەنگ کردنێک بەزووترین کات دەبێت

یەکبگرن و بەرەیەکی کوردستانی لەنێوانتاندا پێک بێت. هەر بۆیە بەپێویست دەزانم لەم پێناوەدا بەم چەند خاڵەی خوارەوەش ئاماژە بکەم:

١- بەکۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ریفۆرمخوازان لە ئێران و ئاگادار بوونەوەی خەڵک لە بەڵێنە بێ ئەنجامەکانی "خاتەمی"ولە ئاکامدا یەکدەست بوونەوەی دەسەڵات و هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژاد لە ئێران ئێستا کەش و هەوایەک ساز بووە کە گەورەترین دەرفەتە بۆ رێکخستنی هەر چەشنە بزووتنەوەیەک تا ئەوەی کە بە دەسەڵاتی ئاخوندی لەو وڵاتە کۆتایی بێت. چونکو گەر بین لەروانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە، یان لەباری دەروون ناسیەوە بارودۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران لە یەک بدەینەوە بەوە دەگەین کە بە ئاماژە بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەو وڵاتە لە نێوان خەڵکدا لە شارە گەورەکانی ئێران وەک: (تاران، ئیسفەهان، و...) حاڵەتێکی نائۆمێدی و پاشەگەز بوونەوە سەری هەڵداوە و خەڵک نیگەرانی خۆیان دەر دەبڕن لەوەی کە پێشتر دەنگیان بەیاسای ئەو رژێمە داوە و... کە بەجۆرێک لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیدا شیاوی سەرنجە و دەبێت ئاوڕی لێبدرێتەوە. لە لایەکیترەوە گەر سەرنج بدەین ئەم بارودۆخە لە نێوان گەلانیتر لە ئێران وەک: (کورد، عەرەب، تورک و...) حاڵەتی نارەزایەتی تەواوی خەڵکی دژ بەو رژێمە گرتۆتە خۆی و بۆ چەندین جاریش بینەری ئەم بابەتە بووین کە خەڵک لە شارە جۆربەجۆرەکاندا بەکۆبوونەوە هاتنە سەر شەقامەکان و دژ بەو رژێمە دروشم و تەنانەت شەهیدیشیاندا. بۆ وێنە بزوتنەوەی پێشووی شارە کورد نشینەکانی رۆژهەڵات و عەرەبەکان لە ئەهواز و...

لێرەدا بەوە دەگەین کە ئێستا ئەو خەڵکە ئەگەرچی لەم بارەشەوە تووشی نائۆمێدی هاتوون بەڵام هەر دیسان چاوەڕێن و پێویستە بەرنامەیەکی تایبەتیان لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووەوە بۆ دابرێژرێت.

٢- پێکهێنانی "بەرەی یەکگرتووی کورد!!" و ڕاگەیاندنی ئەو بەرەیە لە لایەن تاقمێکەوە کە بڕوایان بەکار کردن لەچوار چێوەی دەسەڵاتێکی توتالیتر و فاشیستدا هەیە، لەم بارودۆخەی ئەمڕۆدا خەڵک ئەمە بە ئاکامی کەمتەرخەمی و لاواز بوونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەزانن. هەر بۆیە بەجۆرێک خۆیانیان داوەتە دەستی ڕەشەباو چارەنووسی خۆیان نادیار دەزانن. چونکە ئێمە رەخنەیەکی بنەمایی و ساختاریمان لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی هەیە و دەبێت بەدەسەڵاتی ئایینی و ئاخوندی لەو وڵاتەدا کۆتایی بێت. بەڵام ئەو کەسانەی کە ئەو بەرەیانە پێک هیناوە، کەسانێکن کە بەدوای ناوبانگ و دەسەلاتەوەن و هیچ خەمی خەڵکیان لەدڵدا نییە و بڕوایان بەکار کردن لە

چوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوودا لەژێر چەتری کۆماری ئیسلامی هەیە و دژ بەوانەش دەوەستنەوە کە تێکدەرن و کۆماری ئیسلامی ڕەت دەکەنەوە. بۆ ئەمەش هەم دەتوانین سەیرێکی ڕابردووی ئەم کەسانە بکەین کە بزانین کێن؟ چ چالاکی گەلێکیان هەبووە؟ و.... و هەم دەتوانین سەیری یەکەمین ڕاگەیەندراوی ئەو بەرەیە بکەین کە گلەیی دەکەن و بۆیان شانازییە کە کوردێک لە ماوەی ئەم ٢٨ ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، لە چوارچێوەی نزامێکی دیکتاتۆردا فەرماندەیەکی گەورەی نیزامی بووایەت. کێشەی ئێمە، کێشەیەکی نەتەوەییە. کێشەی پۆست و مەقام و وەزیر و فەرماندە نییە. بۆ وێنە: لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا لە عێراق، سەدام بەو هەموو دیکتاتۆرییەوە لەزانکۆکان ئیزنی بەفێر بوونی زمانی کوردی دادا، بەڵام تۆ لە ئێراندا کە هێشتا زمانەکەت ڕەسمیەتی نییە و هیچ مافێکت نادەنێ، ئەتەوێ لە چوارچێوەی یاسایەکدا بڕۆیتە پێشەوە کە بۆ داڕشتنی ئەو یاسایە هیچ پرسێک بەتۆ (وەکو نەتەوە) نەکراوە.

بەداخەوە زەینیەتی مێژوویی ئێمەی کورد زۆر لاوازە و قەت بۆ هیچ کارێکمان نەهاتووین ئاوڕێک لە مێژوو بدینەوە و بەپشتیوانی ئەو مێژووەوە پرۆژەکانمان جێبەجێ بکەین. هەر بۆیە بەردەوام دوژمن چۆکی پێداهێناوین و توانیویەتی بەئامانجە شوومەکانی خۆی بگات.

دیسان بۆ وێنە دەتوانین سەیری تیرۆری ڕێبەرانی کورد بکەین کەویستیان بەپێی دیالۆگ و ئاخاوتن بڕۆنە پێشەوە و... کە چی لە ئاکامدا لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە تیرۆر کران و وڵامی وشە ئاشتیخوازانەکانیان بەگوللە درایەوە.

باسەکە لێرەدایەکە دەبێت پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەست بەو زەرورەتە بکەن و بە لەبەر چاو گرتنی داوخوازییەکانی خەڵک، هاو هەڵوێستی خۆیان ڕابگەیەنن و چاوەڕێی کاردانەوەی بەرەی یەکگرتووی کورد!! لە تاران نەبن. چونکوو ئەوان نەهاتوونەتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە بۆ کایە کردنێکی جیدی و گەر سەیر بکەین ڕابردووشیان بۆ ئێمە ئەزموونێکی گەورەیە.

٣- پاش هێرشی ئەمریکا و بریتانیا بۆ سەر عێراق و لە ئاکامدا ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە وڵاتەدا بینەری بارودۆخێک بووین کە دواتر تیرۆری لێکەوتەوە و ئاسەوارە کەونارەکانی بە تاڵان بران و زۆربەی دام و دەزگاکان بەسەرێکدا شێوان و بەدوای ئەمەشدا بەردەوام بینەری تەقینەوە و ئاژاوە نانەوە لە لایەن گروپە ئیسلامییە

رادیکاڵەکانەوە و هەزاران کردەوەیتر بووین کە بێگومان دەستی وڵاتانی دراوسێی عێراقی لە پشت بوو و یەکێک لە هۆکارەکانیشی دەگەڕایەوە بۆ بارودۆخی یەکرێزی و تەبایی لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی عێراقدا. ئەم هۆکارە ئەوەی خولقاند کە تا ئەمڕۆ بارودۆخی عێراق دوور لە ئاسایش بێت و وڵاتانی دراوسێی بە سانایی بتوانین بۆ ئاژاوە نانەوە و تێکدانی ژیان و ئاسایشی خەڵکی و پیشاندانی بەڵگەیەک دژ بەئەمریکا لە بورای جیهانیدا دەستێوەردانی بارودۆخی ناوخۆیی عێراق بکەن. بۆیە پێویست دەکات کە پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات بەئەزموون وەرگرتن لەم قەیرانە لە بیری داهاتووی رۆژهەڵاتدا بن و هەرچی زووتر بەرنامەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. چوونکوو ئەمڕۆ ئێران، بەهاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد و کێشەی دۆسیە ئەتۆمییەکەی لە بواری نێونەتەوەییدا تووشی قەیرانێکی گەورە هاتووە کە چارەسەر بوونی موعجیزەیە. و ئەمەش ئەوەمان پێدەسەلمێنێت کە بارودۆخی کوردەکان لەوێ زۆر جیاوازتر و دەبێت بە جیدی لە سەری بیر بکەینەوە.

٤- بەرە پێکهاتەیێکی جیاوازە لەچەند حیزب و لایەنی سیاسی جۆراوجۆر، کە هەموویان بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی هاوبەش بە بیرو باوەڕێکی جیاوازەوە هەوڵدەدەن. لێرەدا مەبەست لە بەرە ئەوە نییە کە تەواوی لایەنەکان ببن بە یەک حیزب، مەبەست ئەوەیە کە ئامانجێکی هاوبەش هەموویانی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و پێویستە هەمووشیان لە سەر یەک هەڵویست ساغ ببنەوە و لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە هەوڵ بدەن. هەر بۆیە پێویست دەکات کە ئەوە بڵێم کە ئیتر دەبێت پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات مێژووی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان رابگرن و لە مەبەستەکەیان نزیکتر ببنەوە و خاڵە هاوبەشەکان بکەنە پێوەری سەرەکی لەو پێناوەدا. خاڵێکیتر کە لێرەدا گرنگە و دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە من بۆ خۆم هۆکاری پێک نەهاتنی بەرەیەکی کوردستانی لە نێوان حیزب و لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە کێشەیەکی قووڵی تیۆرێک، بنەمایی، سیاسی و ئایدۆلۆژیکدا نابینم و پێموایەکە کێشەی گەیشتن بەدەسەڵات و شەرعیەت بە خۆدان گەورەترین گرێیە لە رێگای پێکهاتنی بەرەدا و بەداخەوە ئەمڕۆ ئەم بابەتە لە لایەن چەند حیزبێکیانەوە بەشێوەیەکی تایبەت بە لە پشت خستنی داوخوازییەکانی خەڵک گرنگی پێ دەدرێت.

لێرەدا پێویست دەکات کە ئیدی بەگشتی ماڵئاوایی لەو رەوتە سوننەتی و کلاسیکە بکەین و بەکەڵک وەرگرتن لە میتۆدێکی کارامە لە ئاست کێشەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگەی خۆماندا بڕۆینە پێشەوە و بوونی خۆمان لە ناو گەلانی جیهاندا رابگەیەنین و رەسمیەتی پێ بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ئەپریلی ٢٠٠٦

# کۆماری ئیسلامی و گرفتی دەربازبوون لە قەیران

ئەمرۆ، کە کێشەی ئێران لە نێو گوتاری سیاسیی جیهاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان کەوتۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوەو لەناو هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەدا هەورازو نشێوگەلێکی تایبەت بە خۆی ئافراندووەو لە هەمبەریدا ئەمریکا وەک زلهێزێکی خاوەن هەڵویست راوەستاوە، زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر تووشی قەیران هاتووەو چارەسەر بوونی کێشەکانی بابەتێکی چاوەڕوان نەکراو و پەرجوو ئاسایە. هەر بەم بۆنەوە بە ئاماژە بەوەێکە ئەمریکا لە ناوچە دایەو ئێرانیش بوونی ئەمریکا بۆ خۆی بە مەترسی دەزانێت، رۆژانە بە سەدان جۆر بینەری ئەوەین کە ئێران بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانانە پەنا دەباتە بەر جۆرها کردەوە. رۆژێک هەڕەشە لە ئیسراییل دەکات، رۆژێک یارمەتی خۆی بۆ حەماس رادەگەیەنێت، رۆژێک باس لە ئاخاوتن و دیالۆگ دەکات و... بە جۆرێک دەکرێت بڵێن دیسکۆرسی زاڵ لە کەش و هەوای سیاسی ئێراندا، دیسکۆرسێکی تاکتیکی و رۆژانەیە کە لەسەر بنەمایێکی وەحیانی دانراوە. واتە بەم شێوەیە هیچ پێناسەیەکی زانستی ناتوانین بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بڵێن ئێران لەسەر بنەمایێکی تیۆریک، سیاسەتی پەیڕەوی لەم رەوتە دەکات.

بە هەر حاڵ بابەتێکە لەم رۆژانەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن میدیاکان و کۆڕو کۆبوونەوە سیاسی و جیهانییەکانەوە کەوتە بەرباس و لێکدانەوە، ناردنی نامەی سەرۆک کۆماری ئێران (ئەحمەدی نژاد) بۆ جۆرج بوش (سەرۆک کۆماری ئەمریکا) بوو. ئەوەی لێرەدا تەوەرەی ئەم وتارە دەگرێتەبەر, ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە سەبارەت بەو نامەیە.

کاتێ لە سەردەمی ریفۆرمخوازاندا لە ئێران "خاتەمی"باسی پەیوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکای هێنا ئاراوەو بە جۆرێک هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی کێشەکانی ئێران لە کەناڵی دیالۆگ و وتوویژەوە چارەسەر بکات، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و هەمەلایەنە لە پڕا هێرش کرایە سەری و لە ئاکامدا باڵی پاوانخواز کردی بە کارێ کە خاتەمی لەو هەڵوێستەی خۆی پاشگەز بێتەوەو وەکوو جێبەجێ کەر (تدارکاتچی)ێک باس لە خۆی بکات. ئەمڕۆ کە دەبینین بە هاتنە سەر کاری "ئەحمەدی نژاد" کێشەکانی ئەو وڵاتە قووڵتر بۆتەوەو سەرەڕای ئەوەیکە لە بواری نێونەتەوەییدا خاوەن ئەدەبیات و گوتارێکی سیاسی بنەمادار و پێناسە کراو نییە تاکوو بتوانێت لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی تر بگاتە رێکەوتنێک و سەرنج و پشتیوانی ئەوان بەرەو لای خۆی بە

شێوەیەکی پۆزەتیڤ رابکێشێت، لە ناوخۆشەوە کەشوهەوایەکی پۆلیسی و میلیشیایی پێک هێناوە. لە هەمان کاتدا، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، رۆژانە بۆ خۆ دەرباز کردن لەو قەیرانانە، لە پێناوی کات کوشتنداو... پەنا دەباتە بەرگەلێک شێوەو مێتۆدیتر، بۆ ئەوەی بوونی خۆی رابگرێ. هەر بەو جۆرەی لە بنەما (اصل)ی چوارەمی یاسای بنەڕەتی ئێراندا هاتووە کە هەموو یاساو رێسایەک لەو وڵاتەدا دەبێت لە چوارچێوەی ئیسلامدا بێت، دەبینین کە دەسەڵات لە ئێراندا لە ژێر دەستی رۆحانییە شیعەکاندایە و ئەوان بڕیاردەری سەرەکێن. بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە لە ئێراندا کەسایەتی و رێکخراوە گەلێکی شاراوە لە ئاراداان کە خاوەن دەسڵات و بڕیارن و رێکخراوە رەسمییەکانی دەسەڵات رۆڵێکی فۆرمی دەگێڕن. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین ئاماژە بە نامەی چەند رۆژ لەمەو پێش سەرۆک کۆماری ئێران بۆ ئەمریکا بکەین، کە لە لایەن "موسباح یەزدی"یەوە ئەم بڕیارە دراو لە ژێر چاودێری ئەودا جێبەجێ بوو.

بە هەرحاڵ بۆ تاوتوێ کردنی ئەم باسە کات و دەرفەتێکی تر پێویستە، هەر بۆیە لێرەدا چەند لایەنی خودی ئەو نامەیە دەخرێتە بەرباس و رەخنە.

١- لە هەمبەر ئێراندا، ئەمریکا بۆ خۆی خاوەن تێزێکی پێناسە کراوو دیارە و ئێمە رۆژانە دەبینین ئەمریکا بەزەق کردنەوەی ئەم چەند کێشەیە:

١- کێشە ئەتۆمی،
٢- لایەنگری لە تیرۆریزم،
٣- پەراوێز خستنی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران،
٤- دژایەتی کردن لە گەڵا پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە،
٥- پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دەیان کێشەی تر دژایەتی خۆی لە گەڵا بوونی ئێراندا چەند قات دەکاتەوە. لێرە گەر بێین سەیری نامەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ جۆرج بوش بکەین، دەبینین ئەو نامەیە کە سەرۆکایەتی ئەمریکای رووبەرووی چەندین پرسیار دەکاتەوە، ئەوەمان پێدەسەلمێنێت کە کۆماری ئیسلامی رۆژ بە رۆژ بەلایەنگری لە تیرۆریزم لە پێناوی چەقاندنی ئەمریکا لە ناوچەدا و بە خوڵقاندنی ئەو پرسیارانە بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی وڵاتانی تر بەرەو لای خۆی، ئانتی تێزی تایبەتی خۆی دەخاتە کایەوە. مەبەستی لەم کارانەش ئەوەیە کە لەو نێوانەدا سەنتێزێک پێک بێت بۆ ئەوەی ناوەندی قەیرانەکە بگۆڕێت و کێشەکەی لە دەستی ئەمریکا رزگار

بکات و لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپایی بەرەوڕوو ببێتەوە. کە بەم کارەی:

١- ئەیەوێت رابگەنێت بە جیهان کە لایەنگری دیالۆگ و ئاشییە،
٢- ئەم نامەیە لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیدا، هەڕەشەیە لە ئامریکا،
٣- بە خستنە رووی کێشەی فەلەستین لەو نامەیەدا، ئەیەوێت لایەنگری و سەرنجی وڵاتانی عەرەبی بەرەولای خۆی رابکێشێت و رابگەیەنێت کە ئالاهەلگری ئیسلامی سیاسییە. بەلام بە پێچەوانەی ئێرانەوە کە هەوڵدەدات ناوەندی قەیرانەکە بگۆڕێت، ئەمریکا بەوەی کە دۆسیەی ئەتۆمی ئێرانی کێشایە ئەنجوومەنی ئاسایش ویستی:

١- کێشەکە لە دەستی وڵاتانی ئەورووپایی بنێتە دەرێ و خۆی بڕیاردەر بێت,
٢- لە هەمان کاتدا چین و رووسیەشی ناچار کرد تا رادەیەک بڕیارەکانی قەبووڵ بکەن و رێبکەون لەگەڵی.
٣- لە سەرەتای ئەو نامەیەدا هاتووە کە ئەحمەدی نژاد رادەگەیەنێت بە جۆرج بوش کە ئایا رەوایە "بۆ نموونە تەنیا بە هۆی بوونی چەند تاوانبارێک لە گوندێک، یا شارێک و یان کاروانێک، تەواوی ئەو گوندە، یا ئەو کاروانە یان ئەو شارە خاپوور بکرێت." ئەمە لە باری سیاسیەوە بە جۆرێک باس لە دان پێدان و ئیعترافی ئەحمەدی نژادە لە هەڵەو چەواشەکارییەکانی و ئەیەوێت بە جۆرێک رابگەیەنێت کە ئێمە تاوانبارین و رەوا نییە لە کەناڵی هێرشی نیزامیەوە بەرەوڕوو ببنەوەو خوێنی جەماوەری بێ تاوان بڕێژن.
٤- هەر بەو جۆرە ئاگادارین، چەند هەفتە لەمەو پێش یەکێک لە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی رایگەیاند کە ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر ئێران، ئێمە هێرش دەبەینە سەر ئیسرائیل. ئەمە نموونەیەکی راستەوخۆ بوو کە ئێرانن هەڕەشەی کرد لە ئەمریکا و بۆ ئەم مەبەستەش دیسان دەبینین لەو نامەیەدا ئەم هەڕەشەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رادەگەیەنێت و دەنووسێت: "... خوێندکاران سەبارەت بە دیاردەی ئیسرائیل پرسیارگەلێکی زۆریان هەیە... خوێندکاران دەڵێن کە ٦٠ ساڵ لەمەو پێش ئاوەها وڵاتێک لە ئارادا نەبووە..."

٥- لە بەشێکی تری ئەو نامەیەدا هاتووە کە ئەحمەدی نژاد بە جۆرج بوش دەڵێت: "دەزانیت لەگەڵ خەڵکدا دەژیم و بەردەوام لەگەڵیان لەپەیوەندیدام، زۆربەی خەڵکی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە جۆرێک لەگەڵ مندا پەیوەندی دەگرن. ئەوان دەڵێن کە ئەم جۆرە سیاسەتە چەند لایەنانە لەگەڵ هیچ لۆژیکێکدا نایەتەوە." لێرەدا ئەم شێوە بانگەشە کردنەی ئەحمەدی نژاد بە جۆرێک باس لەوە دەکات کە خەڵکی لەگەڵدایەو نەتەنیا نوێنەرایەتی ئێران دەکات، بانگەشەی نوێنەرایەتی جەماوەری رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش دەکات. گەر بێین ئاوڕێک بدەینەوە لە

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران، دەبینین ئەو هەڵبژاردنە کە لە ئاکامدا هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژادی لێکەوتەوە، جگە لە سەناریۆیەک چیدی نەبوو و هەر بەو جۆرەی کە لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە مەحکووم کرا، هیچ بنەمایەکی دێموکراتیک و ئەقڵانی تیادا نەبوو و خەڵک زۆر کەمتر لە خولەکانی پێشوو بەشداریان هەبوو. هەر بەم بۆنەوە دەبێت بڵێین کە ئەحمەدی نژاد تەنیا نوێنەری تاقمێکی تایبەتە و تەنانەت ناکرێت بڵێین نوێنەری جەماوەری ئێرانە تا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگات. ئەم شێوە باس کردنە لێرەدا جگە لە دوو مەبەست چیدی نییە:

١- مەشروعیەت بە خۆدان،

٢- دووپات کردنەوەی هەڕەشەی خۆی لە ئەمریکا، بە مەبەستی ئەوەیکە جەماوەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵدایەو...

٥- یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە دەبێت ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە لەو نامەیەدا وەکوو پرسیار ئەحمەدی نژاد بە جۆرج بوش دەڵێت: "ئایا لە حکوومەتی ئێمەدا، لۆژیک، ئەقڵ، ئەخلاق، ئاشتی، پراکتیزە کردنەوەی بەڵێنەکان، پەرەسەندنی دادپەروەری، خزمەت بە خەڵک، ئاسایش و پێشکەوتن، پاراستنی کرامەتی مرۆڤ لە بەر چاو گیراوە یا زۆری چەک، هەڕەشە، ناهێمنایەتی، سەرنج نەدان بە خەڵک، بەرگری لە پێشکەوتن و سەرخستنی نەتەوەکان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤەکان."

لەسەرەتاوە لێرەدە دەبێت بڵێین لە وڵاتێکدا گەر ئایین بنەمای حکوومەت و دەسەڵاتداری بێت ناکرێک تۆ چاوەڕوانی پاراستنی کرامەتی مرۆڤ، ئەقڵانییەت، لۆژیک و... بێت.

چونکوو دیانەتی ئایین دیانەتێکی وەحیانییە، پاراستی کەرامەتی مرۆڤ، جەخت کردن لەسەر لۆژیک و خزمەت بە نەتەوەو... هەموویان لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانی دانراون و بە پێی ئەقڵانیەت جێبەجێ دەکرێن. بەم پێیە، دەبێت لە وڵامدا بڵێین کە لە ئێران، هەڕەشە و زۆری چەک و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و... لە بەرچاو گیراوە. چونکە ئێمە ڕۆژانە دەبینین سەرەڕای ئەوەیکە ئێران لەبواری نێونەتەوەییدا تووشی کێشەیەکی قووڵ هاتووە، بەڵام دیسان لەناوخۆوە سەرکوت کردن و هەڕەشەو زەبرو زەنگ بەردەوامە. بۆ وێنەش دەتوانین ئاماژە بکەین بە دەستگیرکردنی ڕۆژنامە نووسان و رووناکبیران، سەرکوت کردنی خۆپێشاندانەکانی جەماوەر، هەڵاتنی میشکەکان و...

بەهەرحاڵ لە کۆتاییدا بەوە دەگەین کە ئەم نامەیە ئەگەر چی لە یەکەم هەنگاودا هەڕەشەیەکە لە ئەمریکا و لە پێناوی کات کوشتندا هەوڵێکە بۆ راکێشانی سەرنجی وڵاتانی تر بە تایبەت وڵاتە عەرەبییەکان، دەبینین هیچ گۆڕانکارێکی گرنگ لە ئاستی سیاسی و گەورەدا پێک نەهاتووەو هەموو ئەو باسانەش کە دەخرێنە ئاراوە بە سەرچاوەگرتن لە دیانەتێکی وەحیانی بۆ راگرتنی بوونی خۆیانەو بەس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ئەپریلی ٢٠٠٦

---

## " جەلال مەلەکشا" لە نێوان شێعر و سیاسەتدا

**ئاماژە:**

*"جەلال مەلەکشا" شاعیرو نووسەری بەناوبانگ بۆ ئێوەی خوێنەر ناوێکی ئاشنا و سیمایەکی ناسراوە. ناوبراو بۆخۆی لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبیاتیکوردیدا خاوەن ئەزموون، رۆڵ و مێژوویێکی تایبەتە. لەماوەی تەمەنی خۆیدا ئەگەرچی سەرەڕای ئەوەیکە لە گەڵ سەدان کەندو کۆسپ بەرەڕووبۆتەوە و هەزاران تاڵیو سوێری چەندین ساڵ زیندانو دەربەدەری و ئاوارەیی چێشتووە، بەڵام دیسان بەشانازییەوە کۆڵی نەداوە و هەنووکەش بەردەوام سەرقاڵی کارو خزمەت بە کەلتوور و ئەدەبیاتی کوردییە. جەلال مەلەکشا یەکێک لەوانەیە کە لە سەردەمی خۆیدا بە وەئەستۆ گرتنی بەشی ئەدەبی گۆڤاری"سروە" و دەیان چالاکیتر توانی ڕچەشکێنی بکات و یەکێک بێت لە پێشەنگانی بزاڤی نوێ شێعر و ئەدەبی کوردی. ناوبراو ئەگەرچی خاوەن بەرهەم و کارێکی زۆرە، بەڵام تاکوو ئێستا تەنیا کتێبێکی بە ناوی"زرەی زەنجیری وشەدیلەکان" بڵاوکردۆتەوە.*

*بە هەر حاڵ دوان و باسکردن لە سەر کەسایەتی، بەرهەم و کار و چالاکییەکانی جەلال مەلەکشا پێویستی بە دەرفەت و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت هەیە. ئەوەی لێرەدا پێشکەشتان دەکرێت، وتووێژێکە لەگەڵ بەرێزیان کە لە مێژە بە ئەنجام گەیشتووە، بەڵام بە هۆی هێندێ گرفتی تایبەتە وە فریا نەکەوتین زوو بڵاوی بکەینەوە.*

***پرسیار: بەڕێز کاک "جەلال" بۆ کردنەوەی باسەکە چ پێناسەیەکتان سەبارەت بە شێعر هەیە؟***

**وەڵام:** لە واقیعدا هەر شاعیرێک یان هەر کەسێک تەعریف و پێناسەیەکی تایبەتی بۆ شێعر هەیە. بەڕای منیش شێعر زمانی عەشقە، شێعر شۆڕشی هەستە و...

بەهەر حاڵ هەرگیز تا ئێستا پێناسەیەکی درووست و واقیعی لە شێعر نەکراوە. ئەوانەیش کە گوتراوە و ئەڵێن هەر بەوجۆرەی کە وتم بڕوایەکی شاعیرانەیە.

***پرسیار: مامۆستا، بە وتەی مەولانا "شێعر کوڵەی خوێنێکە، کە لە ناخی دڵی شاعیرەوە هەڵدە قوڵێت" جەنابت بۆ خۆت شێعر کەی لەگەڵت فۆرمی خۆی وەردەگرێ و سەر هەڵئەدا؟***

**وەڵام:** هەرگیز من بۆلای شێعر ناچم. شێعرەکە لە کات و ساتێکی دیاری نەکراودا تەنگم پێ هەڵدەچنێ. کات و ساتێکی دیاری نییە... بڕێجار لە نیوەی شەودا لە خەوڕامدەچەڵەکێنێ... بڕێ جار لە بازاڕی قەرەباڵغ بەرۆکم دەگرێ... لەمەیخانە، چایخانە.... لە شەقام و کۆڵان... پشتی مێزی کار... کات و شوێنی دیاری نییە....شێعر بەبێ بیانوونایە... ئەنگیزەی گەرەکە... دیتنی دیمەنێک... هێلانەی زەردەواڵەی وشەکان دەورووژێنێ... زەردەواڵەی وشە لەناو مێشکا دێن و دەچن، هەتا پووره دەبەستن بێچارەم دەکەن.... ئارام و قەرارم لێ دەبڕێ... وەک ژنێکی ژانگرتوو... کاکە شێعر شۆڕشی هەستە بەڵام دەبێ هۆیەک هەست راپەڕێنێت... من شاعیرێکی هێدی نیم و شێعرەکانم تووڕەن، وشەکانیشم نەرم و نیان نین... بڕوام بە هونەر و بە تایبەتی شێعری بەرخۆدان(مقاومەت) زۆرە. ئەڵبەتە وانەبێ جوانی کارم تێناکا... لەهەموو دیاردەجوانەکان چێژ وەردەگرم... زۆربەی شێعرەکانم لە خوێن و تفەنگ و حەماسە دەدوێن... شەهید بوونی شۆڕشگێڕێکی ئازادیخواز، دڵۆپە ئەسرینی دایکی شەهید هەوێنی شێعری منە... کاتێ بۆ لووتکەی بەرزی چیایەکی کوردستان دەڕوانم ئیلهامی لێ وەردەگرم... کاتێ ترپەترپی دڵی کوردستان لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەردا دەبینم شێعر لە دەروونما پەنگ دەخواتەوە... ئاخر با بڵێم من نەختێک چەپم... کەوایە ڕەنگە جۆرێکیتر دنیا ببینم و تەفسیری بکەم... هەموو ئەم شتانە لە پێکهاتنی شێعردا هۆکارن. خۆ شێعر "جادوو وجەنبەل"* نییە... لە ئاسمانیشەوە نایە... مەلایەکە نایهێنێ. شێعر بەرهەمی مێشکی شاعیرە... ئەندێشە و بیر و بۆچوون و زەیناتی شاعیر هەرچی بێ شێعر لەوێوە سەرچاوە دەگرێ. من کوردێکی ناسیۆنالیست و کەمێکیش چەپم. تەبعەن شێعرەکانیشم دەبێ تابیعی بیروڕام بن.

**پرسیار**: هۆکاری ئەوەیکە بڕوایەکی زۆرتان بە شێعر یان ئەدەبی بەرخۆدان هەیە چییە؟

**وەڵام**: بەداخەوە لە کوردستاندا هێندێک سەریان هەڵداوە، بەتایبەت لاوەکان، بەڕاستی من پێموایە خوێندنەوەی باشیان نییە و ئەدەبیاتی کلاسیکیان نەخوێندۆتەوە. لەگەڵ ئەدەبیاتدا ئاشناییان نییە. هەر بەو بۆنەوە چۆن بەڕاستی ناتوانن شێعری واقعی بخولقێنن، دێن و هێندێ وشە بەدوای یەکدا ڕست دەکەن و ناوی دەنێن شێعر!! و جگە لەمەش گیرۆدەی هێرشی فەرهەنگی بوون. ئەم هێرشە فەرهەنگییە وەهم نییە. بەڕاستی ئێستا ڕۆژهەڵات کەوتۆتەبەر هێرشی فەرهەنگییەوە. بەڕاستی دام و دەزگا ئیمپریالیزمییەکان بۆ خنکاندنی هاوار و شۆڕشی زەحمەتکێشانی ڕۆژهەڵات هەموو کارێک بە ئەنجام دەگەیەنن. شەپۆل ڕێ دەخەن. من چەندین جار گوتوومە، بۆ وێنە: بنیاتی راکفلر لە ئەمریکا، بەشێکی هەیە بەناو بنیاتی فەرهەنگی راکفلر ٢٦ - ٢٧ ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاڤۆکی جۆراوجۆری هونەری ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە کە تەنیا کاریان شەپۆلی ئەدەبی و هونەری سازییە، بۆیە بۆ چەواشەکردنی هونەرمەندان، ڕووناکبیران و خاوەن قەڵەم و ئەندێشەی جیهانی سێهەم... ڕیبازی ئەوانە ڕێبازی " هونەر بۆ هونەرە" و مەبەست و ئامانجیشیان دژایەتی لەگەڵ ریالیزمی شۆڕشگێڕانەیە کە ئەوڕۆ لە نێو گەلە بەش خوراو و شۆڕشگێڕەکاندا وەکوو چەکی خەباتە...

گەنجانی ئێمەش لە رووی کەم تەرخەمی و ئاگادار نەبوونەوە تووشی ئەو کێشانە بوون. بۆ وێنە: شتێکی وەک پۆست مودێرنیزم، ئێستا لە ڕۆژاوادا پۆست مۆدێڕنیزم شتێکە دەزانن چییە.. بەڵام لێرە نازانن چییە... لێرە زۆربەی ئەو گەنجانەی کە باس لە پۆست مۆدێرنیزم دەکەن، بێن بە من بڵێن کە پۆست مۆدێڕنیزم بە چ مانایەکە؟!

دەڵێن شێعر دەبێ پۆست مۆدێڕنیزم بێت. دەیهێنن چەندوشەیەک بەدوای یەکدا رست دەکەن و نەتەنیا خەڵک لێ تێناگات، خۆشیان لێ حالی نابن و ناوی دەنێی شێعر. جا شاعیر یان نووسەرێک شتێک دەنووسێت کە هاوڕێیە ڕۆشنبیرەکەی خۆی لێ تێ ناگات، ئیتر ئەو شتە بۆ چییە؟ هونەرمەند بۆچی دەنووسێت؟.. هونەرمەند بۆ خەڵک دەنووسێت. هونە رمەند بۆ کۆمەڵ دەنووسێت. نووسەر بۆ کۆمەڵگا دەنووسێت. مەگەر ناڵێن: "هونەر ئاوێنەیەکی تەواو نوێنی کۆمەڵگایە"، "هونەرمەند ڕۆڵەی زەمانی خۆیە تی".

ئەمانە دەڵێن بۆ داهاتوان دەنووسین... ئاخر بەرەکانی داهاتوو چ نیازێکیان بە ئێوە هەیە... داهاتوان هونەرمەندو نووسەری تایبەتی خۆیان دەبێ. رازی مانەوەی شاعیر و نووسەری گەورە لە چیدایە؟ سەدانساڵێتر

"چالزدیکنز" زیندوو دەمێنێتەوە. بۆچی فیردەوسی زیندوو دەمێنێتەوە... حافیز و سەعدی زیندوو دەمێنێتەوە؟ لە دنیای رۆژاوادا "رومن رۆلان" زیندوو دەمێنێتەوە. من هەر ئێستاش بەرهەمەکەی چارلزدیکنز دەخوێنمەوە بەتەواوی شەقامەکانی لەندەن وەکوو ئاوێنە لە بەر چاومدایە... پەیوەندی کۆمەڵایەتی خەڵک دەبینم... پەیوەندییە مرۆڤییەکان هەست پێ دەکەم... هەروەها کاتێ "ژان کریستف" دەخوێنمەوە پەیدەبەمە پەیوەندییەکانی خەڵک؛ پەیوەندی کۆمەڵایەتی، رامیاری، ئابووری... هەمووی باس دەکات.

تۆ کە بۆ داهاتوو دەنووسیت...!! بڕوانە ئیمە ئەڵێین یەکدانە شێعر... دەڵێین دەبێ چی و چی بێ... ناکاکە شێعر دەتوانێت تەنانەت رۆڵی مێژوو بەڕێوە ببات. بۆ وێنە: ئێمە شێعرێکمان کردۆتە بەڵگە و دەڵێین ئەو شێعرە هی سەردەمێکە کە عەرەبەکان هێرشیان کردۆتە سەر کوردستان؛ " هۆرمۆزگان رمان - ئاتران کوژان و ویشان شاردوە گەورەی گەورەکان". شاعیر بووە ئەمەی گوتووە... شاعیر... باسی لە سەردەمی خۆی کردووە. ئاوێنەی سەردەمی خۆیی بووە. ئەو شێعرەی گوتووە، ئێستا من دوای هەزارساڵ دەزانم لەو کاتەدا چی بووە. گەر ئەویش بەهاتبای بۆ داهاتوانی گوتبا ئێستا من نەمدەزانی لەو سەردەمەدا چی بووە و چی قەوماوە. ئەوەیە دەڵێم ئەدەبی بەرخۆدان، ئەدەبی کۆمەڵایەتی بوونێکی رەسەن و بنەمایەکی ریشەداری هەیە.

یان بۆ وێنە: هێندێ کەس دەڵێن کوردستان، شۆڕش و... تەواو بوو. ئەوا لە کوردستانی باشوور کاک مەسعوود بوو بە سەرۆک و مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق و ئیتر هەموو شتێک تەواو بوو. ناتەواو نەبووە، هێشتا کوردستان وا لە گەمارۆی چوارگورگدا. هێشتا گۆڕی بە کۆمەڵ دەدۆزنەوە، هێشتا فرمێسک لە گردی سەیواندا وشک نەبۆتەوە، هێشتا قەبرستانەکانی "لەعنەت ئاوا"ی لای قوروە نەدراوەتەوە کە بزانین چەندانە قەبری تیادایە، هێشتا شەهیدەکانی "بەهەشتی زەهرا" ناهاتوونەتەوە، کەلە سێدارەدراون و ئیعدام کراون.. کێشە کە لێرەدایە... تەواو نەبووە.

***پرسیار: شاعیری شۆڕشگێڕ کێیە؟***

***وەڵام:*** شاعیری شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە قەڵەمەکەی بەردەوام دژی دوژمن و نەیاری نیستمانەکەی لە خەباتدا بێ. سەر بۆ زۆڵم و ستەم شۆڕ نەکاتەوە... پێویست بەوە ناکا شاعیر تفەنگ هەڵگرێ. تفەنگی ئەو قەڵەمەکەیە. شاعیری شۆڕشگێڕ کەسێکە لە شێعرەکانیائۆستوورە و نماد و رەمزی خەباتی گەلەکەی گەڵاڵە بکا. خورپەو ترپە

ترپی دڵی چیا ببیستێ و لە وشە فیشەک دروست بکا و بەسینگی دوژمنیەوە بنێ. شاعیری شۆڕشگێڕ دەبێ زمانی میللەتەکەی بزانێ، لەگەڵ هەست و خواستی میللەتەکەیدا ئاشنا بێ... دەروونناسێکی لێهاتوو بێت و بزانێ هەستی خەڵک لە چ پلەیەکدایە... دەبێ شێعرێ بڵێ بێ بە وێردی زمانی خەڵک، شێعرێ بڵێ خەباتکاران بیکەن بە سروود. شاعیری شۆڕشگێڕ زمانی دێو ودرنج نازانێ. ئەو هەر بە زمانی گەلەکەی دەپەیڤێ...

***پرسیار**: ئەی ئێمەی کوردلەم قۆناغەدا پێویستمان بەو جۆرە شاعیرانە هەیە؟*

***وەڵام**:* مەگەر کوردستان لە چ قۆناغێکی مێژوویی و هەل و مەرجێکی سیاسیدایە کە ئێوە پرسیار دەکەن ئایا لەم قۆناغەدا نیازمان بە شاعیری شۆڕشگێڕهەیە؟ مەگەر خەبات و شۆڕش لە کوردستاندا تەواو بووە؟ زەبر و زەنگی داگیرکەران تەواو بووە، مەگەر دوژمنانمان پاشەکشەیان کردووە و دەستیان لە سەرمان هەڵگرتووە؟

بەداخەوە لە کوردستانی باشوور (تارادەیەکیش لە کوردستانی خۆرهەڵات) لەگەڵ شاعێرانێکدا رووبەڕوو دەبین کە هەزاران ساڵی نووری لە خەڵک و ئامانجە پیرۆزەکانی خەڵک دوورن. بە زمانێ دەدوێن کە بۆ خۆشیان هیچی لێ حاڵی نابن... لاسایی کردنەوەی"بێتام" لە رۆژاوا... ئەویش لاسایی کردنەوەی ئەو شەپۆلە چەواشانەی کە دوای شەری یەکەمی جیهانی سەری هەڵداو زۆر زوو خودی داهینەرەکانی پشتیان تێکرد. ئێستا ئەمانە خەریکن لێرە، لە کوردستانی گەمارۆدروادا زیندووی دەکەنەوە... ئاخر رۆژاوا کێشەی خەباتی چەکدارانەی تێدانییە... خۆ لە رۆژاوای لە دیمۆکراسی هەڵمساو، خەمی نان نییە، ئەنفال و تەعریب نییە، کوشتاری بە کۆمەڵ نییە، لە رۆژئاوا گوندەکان ناسووتێنن و خاپوور ناکرێن.. لە رۆژاوا هەڵە بجەیەک شەهید ناکەن... ئیعدامی بە کۆمەڵ نییە، گۆڕستانی (لەعنەت ئاوای) تێدا نییە... بۆیە کە هونەر لە رۆژئاوادا بەرەو "تجدید" و ئینتزاع دەڕوا... هێشتا لە زۆر بەشی کوردستانی مەزندا چەک و پێشمەرگە و حەماسە لەلای خەڵکەوە پیرۆزن. هیشتا کاتێ خەڵک قرمژنی گوللەی پێشمەرگە دەبیسێ خوەرپەی دڵی زیاد دەکات. کە واتە ئە م جۆرە لاسایی کردنەوە لەشێعری رۆژاوابە بڕوای من مانایە کی جگە پشت لە خەڵک کردن نییە. هونەر و ئەدەبیات ئاوێنەی کۆمەڵە... با بزانین لە نێو شاکارە ئەدەبییەکاندا کامەیان تا کوو ئێستا ماونتەوە؟ بێ گومان ئەو کارەی کە دەرد و رەنج و خواست و ئاوات و خەم و شادی ئینسانی رۆژگاری خۆیان تۆمار کردووە... من ئەم تۆڕهاتە بە شێعر نازانم. جگە لەشتێکی وڕێنە نین. نیچە گوتەنی لە" هێندێ خەم و هێندێ شەهوەت" بەولاوە چیتر نییە... وڕێنەی ئەو زەلامە بێ دەردانەیە کە خۆیان لە ژێر باری "تەعەهود" و... دە روستی و هەڵوێست دەرباز دەکەن... ئەم جۆرە شێعرانە!! کاڵایەکی لووسکە

کە تەنیا جێگەیان پشت جامخانەیە...

من مەبەستم لە شێعری شۆڕشگێڕانە، شێعری شیعاری و دروشماوی نییە.. من لە رابردوودا لە بارودۆخی سەرەتای شۆڕشی کوردستانی خۆرهەڵاتدا، زۆربەی شێعرەکانم شیعاری بوون... رووت و پەتی، بە بێ بەکارهێنانی وێنە و رەمز و ئیستعارە و ئەو جۆرە شتانە لەگەڵ خەڵکدا قسەم دەکرد. ئاگایانەیش ئەو جۆرەشێعرانەم دەگوت. هەلومەرج ئەوەی هەڵدەگرت... دوایی کاتێ کەوتمە پاڵاوتنی شێعرەکانم هەموو ئەو شێعرانەم لە دەفتەرەکانمدا دەرهێنا و ئارشیڤم کردن بۆ مێژووی شاعیری خۆم... شێعر تایبەتمەندی خۆی هەیە... با ئەوەش بڵێم بە بڕوای من شێعری سیاسی لەگەڵ شێعری شۆڕشگێڕانە جیاوازە. شێعری سیاسی وەک سیاسەتڤانە و شێعری شۆڕشگێڕانە وەک پێشمەرەگە و پارتیزانە، لە نێوان ئەم دووانەشدا فەرق زۆرە، شێعری سیاسی وەکوو خودی سیاسەت هێندێ مەکر و دەغەڵی تیایە... شێعری سیاسی نوقرچک گرتنە و شێعری شۆڕش شۆڕشگێڕانە قەڵەم بە چاو دوژمناکردنە.

***پرسیار**: مەبەستتان لەوەیکە شاعیری شۆڕشگێڕ زمانی دێو و درنج نازانێت چییە؟*

***وەڵام**:* مەبەستم هەر ئەوەیە... زمانی دێو درنج ئەوەیە کە کابرا دەڵێت:.... گا.... یا... ما..... ئەمە شێعر نییە... ئەمە زمانی دێو و درنجە.

***پرسیار**: زۆر وشەمان هەیە گەر لێیان وردبینەوە دەبینین ریشەیەکی کۆنیان هەیە و لە ناوخەڵکدا باون، بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە و وشەگەلە لە شێعری شاعیراندا چۆن دەبینیت؟*

***وەڵام**:* باسێک هەیە لە ئەدەبیاتدا بەناو بزووتنەوەی وشەکان. هێندێ لە شاعیران لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەو وشانەی وا حاڵەتێکی ناتەواویان لە خۆیان گرتووە و کەڵکیان لێوەر ناگرن، دەبێت زیندووبکرێنەوە. ئەڵبەت ئەوەڕای ئەوانە... منیش لەگەڵ ئەمەدا هەم. هیندێ وشەش هەن کە، گەر جێگەی واقیعی خۆیان بگرنەوە دەتوانن لێ سوود وەربگرن. بەڵام بڕێ وشەش هەن، ئیتر وا نییە. بۆ وێنە: وشەیەکمان هەیە لە کوردییدا بە واتای ئینتزارە، وەک "تەڕنە"... من تەڕنەی تۆم... ئەمە جوان نییە. کەوایە وشەمان هەیە کە دەبێت زیندوو بکرێتەوە و هێندێ وشەشمان هەیە کە گرنگ نییە.

***پرسیار**: مامۆستا ڕەنگە لە شێعری جەنابتانا زۆر تایبەتمەندی بەرچاو هەبن و بە ئاماژە بە شێوە فەن و ڕۆڵی ئێوە لەم بوارەدا، زۆر لایەنی تر بن کە نەتوانین بیاندۆزینەوە، یان کەمتر کەسانێک بتوانن بڕۆنە ناخیان و بیانناسن. سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی شێعری خۆت بۆمان باس بکە، یان باشتر بڵێین چ پێناسەیەکت لە شێعری خۆت هەیە؟*

**وەڵام**: من نازانم لێرەدا دەقیقەن مەبەستتان چییە؟... ئەوە دەبێت خەڵک و ڕخنەگر بەناو شێعرەکانی مندا بگەڕێت و لایەنە جیاجیاکان و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی شێعری من بخاتە بەر ڕخنە و لێکۆڵینەوە.

من نازانم چ شتێکی تایبەتی لە ناو شێعرەکانمدا هەیە کە لە ناو شێعری کەسێکیتردا نەبێت... بەڕاستی بۆ خۆم دیار نییە ئەو شتانە. بەڵام ئەوەیکە هەیە شێعری من جیا لە خەڵک نییە... جیا لە ڕەنج و ئازاری خەڵک نییە.... جیا لە کۆمەڵگانییە.. جیا لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان نییە. ئیترتایبەتمەندیەکیتر جیا لەم بابەتانە لە ناو شێعری مندا نییە. ڕەنگە ڕەخنەگر شتانێکی تر بدۆزێتەوە کە من تا ئێستا پەیم پێ نەبردبێت.

***پرسیار**: بۆ خۆت بیرت نەکردۆتەوە لەو جیاوازییانە؟*

**وەڵام**: دیارە زمانی هەر شاعیرێک لەگەڵ شاعیرێکیتردا جیاوازی هەیە. و هەروەها بۆ چوون و ڕوانینی هەر شاعیرێک بۆ بابەتەکان لەگەڵ بۆ چوون و شێوە ڕوانینی شاعیرێکی دیکە جیاوازی هەیە.

ئێستا ئەگەر من شێوەی ڕوانینم بۆ کێشەکان جۆرێکی تر بێت کە شاعیرێکی تر وانەبێت. هەر بەوجۆرە کە ئاماژەم پێکرد دەبێت ئێوە بزانن.

***پرسیار**: بیستوومانە زۆربەی شێعرەکانت، بە زمانی فەرەنسی وەرگێڕاونەتەوە، ئایا بێجگە لە فەرەنسی بە زمانێکیتر وەرگێڕاونەتەوە؟*

**وەڵام**: ساڵانێکی زوو من چەند شێعرێکم نارد بۆ مامۆستا "عەبدوڵڵا پەشێو" و لە ڕێگەی نامەوە لەگەڵ یەک پەیوەندیمان هەبوو. واتە ئەوکاتەی کە لە مسکۆ و لیبی دا بوو شێعرم بۆ دەنارد. ئەوکاتە کاک عەبدوڵڵا پەشێو

چەند شێعرێکی منی وەرگێڕابووەوە سەر زمانی رووسی. دواتریش لە فەرەنسەدا چەند شێعرێکی دیکەمیان وەرگێڕا بووەوە بۆ سەرزمانی فەرەنسی و هەرووها خانمێک هەیە، لە پەیوەندی لەگەڵ زمان و ئەدەبی کوردییدا کار دەکات نازانم ناوێ خانمی "جۆیس لۆی"ە.. چییە... ئەو تاکوو ئێستا چەند کتێبیکی سەبارەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی بڵاوکردۆتەوە.

جارێک نامەیەکی بۆ ناردم کە داوای بیۆگرافی لێکردبووم و هەروەها چەند شێعرێکی خۆم کە وەری بگرێتەوە و وەکوو کۆمەڵە شێعرێک لە چاپی بدات، کە پێموابێ ئەو کارەشی کرد بوو، چۆن دواتر لە نامەیەکیتردا بۆمی نووسی بوو کە شێعرەکانتم وەرگێڕاوەتەوە وبڕیار بوو بینێرێت بۆم.

بەڵام بەداخەوە نەگەیشتووتە دەستم. هەروەها شێعرم بە ئینگلیزی و عەرەبی و یەک دوو زمانێکیتر وەرگێڕاوەتەوە و لەچاپ دراون. بە تایبەت لەو چەند ساڵەی کە لە هەولێر بووم شێعر و چیرۆکی زۆرم بە زمانی عەرەبی تەرجمە و بڵاوکراونەتەوە.

***پرسیار: جگەلەمانە بیستوومانە تا رادەیەکیش دژ بە وەرگێڕانی شێعرن، ئەکرێت لەم بارەوە بۆمان باس بکەن و هۆکارەکانی بڵێن؟***

***وەڵام:*** دژ بە وەرگێڕانی شێعر نیم. بەڵام من لە سەر ئەو بڕوایەم کە هەمیشە وەرگێڕان یان تەرجەمە لە تمە دەدات لە دەقی بابەتەکە. نەفەرێک قسەیەکی باش دەکات، ئەڵێت: "وەرگێڕان وەکوو ئەوەیە کە بولبولێک لە بەر گۆشتەکەی بکوژیت". بەڕاستی شێعری واقیعی بۆ سەرزمانێکیتر وەرناگیڕدرێتەوە... هەر زمانێک تایبەتمەندی گەلێکی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ وێنە: زمانی کوردی هیندێ وشە و دەستەواژەی تایبەتی هەیە کە وەرناگێڕدرێتەوە بۆ سەر زمانێکی تر و ئەگەریش وەربگێڕدرێتەوە سەرزمانێکیتر، زۆر ناحەز دەبێت. هەروەها زمانی فارسی، زمانی عەرەبی... زمانی ئینگلیزی و... ئەو شتانە تۆ چییان پێ دەکەیت. بۆ وێنە: تۆ لە زمانی فارسی دا بڵێ "کزەی جەرگم"... کزەی جەرگم وەربگێڕیتەوە سەر زمانی فارسی، ئایا ئەو جوانییەی خۆی لە دەست نادات؟

هەروەها شتانێکی تر کە گەر وەریان بگێڕینەوە سەرزمانێکیتر ئەو جوانییەیان نامێنێ... چیرۆک و رۆمان لەگەڵ شێعردا جیاوازییان هەیە. چۆن شێعر پەیوەندی لەگەڵ وشەگەلێکی جوان و ناسکدا هەیە، لێرەوە بەڕای من

وەرگێڕانی بۆ سەرزمانێکی تر دژوارە. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانیەتی، دووهەم ئەوەیە کە هێندێ لە وەرگێڕانەکان لە بواری شێعردا هەیە... بۆ وێنە: شێعرێک بە زمانی ئینگلیزی گوتراوە، کابرایەکی فەرەنسی دێت ئەو شێعرە بۆ سەرزمانی فەرەنسی وەردەگێڕدرێتەوە، کابرایەکی فارسیش دێت هەر ئەو شێعرە دەکات بە فارسی و کابرایەکی کوردیش دێت ئەو شێعرە وەردەگێرێتەوە بۆ سەر زمانی کوردی... ئاخۆ ئەم شێعرە کاتێ کە دەبێت بە کوردی، گەر شاعیرە ئینگلیزیەکەی بیخوێنیتەوە، دەزانێت شێعری خۆیە... پێی موابێ قەت ئەو شێعرە ناناسێتەوە. بەڵام ڕۆمان و چیرۆک وا نییە. لە بەر ئەوەیە گەر من لەم بارەوە دژایەتییە کەم هەبێ.

سەرای ئەوەیکە تاڕادەیەک لەگەڵ وەرگێڕاندا دژایەتیم هەیە، من زۆر کاری وەرگێڕانم بووە لە بواری وەرگێڕانی شێعردا. بەڵام لە سەر ئەو باوەڕەم کە دەبێت لە زمانی ئەسڵیەوە کاری وەرگێڕان بکەین. من ڕەنگە یەکەم کەسێک بم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە شێعری شاعیرانی کوردم بە فارسەکان ناساند و یەکەمین کەسێک بووم کە شێعری کوردیم وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی. کەسێکی وەک شاملوو شێعری کوردی وەرگێڕاوەتەوە بۆ سەر زمانی فارسی؛ شێعری شێرکۆ بیکەس، ئەو شێعرانەی لە کتێبی "جمعه"دا بە چاپ گەیاند. لە واقیعدا ئەو کاتە بوو کە بەتایبەتی شاملوو لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا و بە گشتی لەگەڵ شێعری کوردییدا ئاشنا بوو.

ئەو وەرگێڕەم بە دڵە لە ناو جەستەی نووسەرەکەدا بتوێتەوە. لەگەڵ ڕۆحێکدا جووت بێت. بزانێت نووسەرەکە بەکام ژان و ئازارەوە تلاوەتەوە و هەر وشەیەک لە قووڵایی کام حەز و تاسە و خەم و شادیەوە هەڵقوڵیوە. هەر بەو جۆرەی ئاماژەم پیکرد، دەڵێن وەرگێڕان وەک ئەوە وایە " بولبولێک بۆ گۆشتەکەی سەر ببڕی". بەڵام من دڵنیام وەرگێڕی واش هەیە سواری باڵی بولبولە کە دەبێ و لە گەڵیدا هەڵدەفڕێ. من "عەزیز گەردی"م نەدیوە و نایشی ناسم. بەڵام "داغستانی من" لە و پەڕی بەهرە و پسپۆڕی و زمان پاراویە وە تەرجمە کراوە. تەنانەت لە تەرجمە فارسی یەکەشی سەرکەوتووترە. هەروەها خوالێخۆشبوو، مامۆستا "شوکر مستەفا"وەرگێڕێکی لێهاتوو و شارەزا بوو. کوردی دەنووسی... زمان زۆر گرینگە بەداخەوە لە کوردستانی باشوور، هەر چەند خوێندن و نووسینی کوردی مێژوویەکی - بەڕێژی کوردستانی ڕۆژهەڵات - درێژەی هەیە، بەڵام لە باری شێوازی نووسینەوە دواکەوتووە...

قسەی شێعر ناکەم... ئەدەبیاتی نەسر دەڵێم... ئەدەبیاتەکە وەک وەرگێڕانی عەرەبی وایە. هێندێکیان بە عەرەبی بیردەکەنەوە و بە کوردی دەینووسن!... مەلا" عەوالای حەسەن زادە"شم زۆر بە دڵە، زمان پاراو و کوردی زانێکی پسپۆڕە و وەرگێڕاوەکانی لە ئەو پەڕی جوانیدان...

***پرسیار: باسی شاملووتان هێنایە پێشەوە.. بە ئاماژە بەوەیکە لە بواری ئەدەبی فارسیشدا کەسێکی سەرکەوتوو بوون و لەگەڵ کەسانێکی وەک: شاملوو، ئەخەوان سالێس، سیاوەشی کەسرایی و... هتد پەیوەندیتان هەبووە، چ کاریگەرییەک لە ئەدەبی فارسی بە سەر شێعرەکانتەوە هەیە؟***

**وەڵام:** من پێش ئەوەیکە بە زمانی کوردی شێعر بڵێم، لە بواری ئەدەبی فارسییدا سەرقاڵی چالاکی بووم. لە ساڵانی ١٣٤٦ و ٤٧ وە من دەستم بە نووسینی فارسی کرد و زۆر زوو توانیم لە ئەنجومەن و کۆڕە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی فارسییدا و هەروەها لە رۆژنامە فارسییەکاندا جێگەی خۆم بکەمەوە.

لە بیرم دێت کە یەکەمین بەرهەمم ( شێعرێک بوو) لە ساڵی ١٣٤٨دا لە گۆڤارێکدا کە بە زمانی فارسی دەردەچوو، لە چاپدرا. ئیتر لەوە و بەملا بەردەوام شێعرەکانم چاپ دەکران و بڵاو دەبوونەوە، بەتایبەت شێعرم کاتێکە نەختێک بەرەوپێش جووڵایەوە، ئەوکاتە بوو کە لەگەڵ شاملوودا (لە گۆڤاری "خووشە"دا بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەبییەکانی بوو) ئاشنا بووم.

هەر لەوکاتەوە لەگەڵ شاملوودا پەیوەندییم هەبوو و شاملووم دەناسی و چەند جاریکیش کە دەچوومە تاران لەگەڵ یەک دانیشتنمان هە بوو و هات و چووی یەکترمان دەکرد... و پیاوەتی هەبوو لە هەمبەر مندا. هەروەها لە نزیکەوە لەگەڵ سیاوەشی کەسراییدا ئاشنایەتیم هەبوو، لەگەڵ ئەخەوان سالسدا ئاشناییم هەبوو و لەگەڵ چەند شاعیرێکی بەناوبانگی دیکەی فارسیدا پەیوەندییم هەبوو، بەتایبەت سیاوەشی کەسرایی. بابیرەوەری یکتان بۆ بگێڕمەوە: لە ساڵی ١٩٧٥ی زاینی دا، واتە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی، ئەوکاتەی کە شۆڕشی عێراق هەرەسی هێنا بوو. کوردە کان هاتبوونە ئێران، شۆڕش سەرکوتکرا بوو، پێشمەرگە و بنەماڵەی پێشمەرگەکان هەموو ئاوارە بوون. "لەتیف هەڵمەت" کتێبێکی لەچاپدا بوو، بەناو "گەردەلوولی سپی"، لەو کتێبەدا شێعرێک بوو بە ناوی "بتانەوێ و نەتانەوێ نالی بۆ حەبیبە دێتەوە". من ئەو شێعرەم کە شێعرێکی درێژیش بوو وەرگێڕایەوە بۆ سەر زمانی فارسی. بۆ چەندین جار لە هەر کۆڕ و دانیشتنێکدا سیاوەشی کەسرایی داوای دەکرد کە من ئەو شێعرە بخوێنمەوە و هەر جارێک کە من ئەو شێعرەم دەخوێندەوە، سیاوەشی کەسرایی. دەستی دەکرد بە گریان...

جا ئەوەی پرسیارت کرد کە ئایا لە ئەدەبیاتی فارس کاریگەریم وەرگرتووە؟ بەڵێ... سێبەری ئەدەبیاتی فارسی بێگومان بە سەر شێعرەکانمەوە هەیە، چۆنکوو گەر ئێمە سەرنج بدەین دەبینین کە شێعری کوردی شاعیرانی

باشووری کوردستان سێبەری شیعری عەرەبی بە سەریەوە هەیە و شێعری ئەوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شێعر دەڵێن، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە بواری شێعری فارسیدا کاریان کردووە، بە جۆرێک کاریگەرییان لە ئەدەبی فارسی وەرگرتووە.

من لە ئەدەبیاتی فارسییدا سەرکەوتنێکی زۆر باشم بوو. تا ساڵی ١٣٥٧ من بە تەواوی لە سەر شێعر و چیرۆکی فارسی کارم دەکرد. ئەوەندە شێعرم لە بڵاوکراو و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەوە، کاتێکە بۆ بەئەندام بوون لە "کانوونی نووسەرانی ئێران"دا پێشنیارکرام ( کە بە پێشنیاری ئەوکاتەی بەڕێز "فەرەیدوون تونکابۆنی" بوو) بە ئاماژە بەوەیکە مەرجی ئەندام وەرگرتن لەو کانوونەدا، لە چاپدانی دوو کتێب بوو، بەڵام من هەر بەو بۆنەوە کە شێعری زۆرم لە بڵاڤۆکەکاندا لە چاپ دا بوو، وەرگیرام و بووم بە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئیران. لێرەوە دیارە کە کاریگەریم وەرگرتووە.

***پرسیار: ئەی سەردەمی "سروە" و پەیوەندیتان لەگەڵ مامۆستا "هەژار"،مامۆستا"هێمن" ،"سوارە"و... چی؟***

***وەڵام:*** من بۆ ماوەی پانزە ساڵ بە دڵ و بە گیان لە گۆڤاری"سروە"دا کارم دە کرد. لە یەکەمین ژمارەدا مامۆستا هێمن بۆ هاوکاریلە سروەدا، بانگهێشتی کردم، من ڕۆیشتمە ورمێ و لەگەڵ مامۆستا" هێمن"دا دانیشتین و باسمان کرد... ئەوکاتە تازە لە زیندان ئازادکرابووم.. لە هەمبەر سروە و ئەو دیاردەتازەدا زۆر ڕەشبین بووم. پێموا بوو کە مامۆستا هێمنیشیان خەڵەتاندووە. ئەوکاتەش بەخۆێم گوت... مامۆستا هێمن لەم بارەوە باسی زۆری بۆ کردم و یەکێک لە قسەخۆشەکانی ئەوە بوو کە گوتی تۆ دەڵێیی ئاوایە... دەباشە باوابێ.. پیاوی سیاسی و ئازاد دەبێت لە ئامرازی دوژمن کەڵک وەربگرێت. با ئیمە لە بڵەندگۆی خودی دوژمن بە قازانجی کورد کەڵک وەربگرین. بەهەرحاڵ ئەوکاتە نەچوومە گۆڤاری سروە و مامۆستا هیمن ماڵاوایی لە ژیان کرد و دووساڵ دوای ئەوە دیسان بۆ گۆڤاری سروە بانگهێشتیان کردم... ئەمجارە ئیتر چووم و هەر بە تەواوی بووم بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی"سروە" و بەرپرسی یەکەی لە چاپدانی کتێب و دوای ماوەیەکیتر بووم بە بەرپرسی لاپەڕە ئەدەبییەکانی" سروە".

پانزە ساڵ لە" سروە"دا کارم کرد.. پانزە ساڵ بەدڵ و بەگیان کارمکرد، واتە بەشێکی زۆر لە ڕۆژگاری جوانیم سەرفی"سروە" کرد. ئەوەیش بڵێم ئێستا بە خۆشییەوە زۆرێک لەو دۆستانە زیندوون و قسەکانیشم دەخوێننەوە،

تەواوی ئەرک و کارەکانی سروە بە سەرشانی سێ کەسەوە بوو؛ مارف ئاغایی، ئەحمەدی قازی و من (جەلالی مەلەکشا). ئەم سێ کەسە لەوکاتەدا گۆڤاری "سروە"مان دەرکرد و کەسانێکیتر کە هەبوون لە پەراوێزیەوە بوون و گەر کەسێکیش جگە لەمە بڵێت بێ ئینسافی کردووە.

پانزە ساڵ بە دڵ و گیان کارمان کرد... تەنانەت وای لێهاتبوو کە من دەکەوتمە زیندان، گۆڤاری "سروە"یان دەهێنایە زیندان بۆم و لەوێ (زیندان) کارەکانیم بە ئەنجام دەگەیاندوو بەڕێمان دەکرد بۆ چاپ. ئەوە کاک ئەحمەدی قازی زیندووە و بە تەواوی ئاگاداری بابەتەکەیە. لە واقیعدا لە بواری ئەدەبییەوە من بەرپرسی بەشی ئەدەبی گۆڤاری سروە بووم.

***پرسیار: ئەی"هەژار" و"سوارە" چی؟***

***وەڵام:*** مامۆستا هەژار زۆر سەردانی ئێمەی دەکرد لە گۆڤاری"سروە". لە راستیدا خوالێخۆشبووە هەرچی دەهات سەردانی ورمێ بکات، ئێمەشی بە سەر دەکردەوە. ئەو نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ بنەماڵەی بارزانییدا هەبوو وبەردەوام دەهاتە راژان (سەربەشاری ورمێ) و هەمیشەش بێ گومان سەردانی "سروە"ی دەکرد و"سروە"ی وەکوو برازاگێکی بێ باوکی خۆی دەبینی و دەبوایە بێ گومان سەردانێکی بکردبایێت.. لەخزمەتیداقازانجمان وەردەگرت. من بەش بەحاڵی خۆم ئێستەش سپاسی دەکەم و شتی زۆری لێ فێر بووم و لە کۆڕ و دانیشتنەکانیدا بەشدار بووم.

جگەلە مامۆستا "هیمن" و"هەژار"، لە ناو شاعیراندا لەگەڵ"سوارە"ی بەڕێزیشدا ئاشنایەتیم هەبوو. "سوارەی ئیلخانی زادە" ئەو سەردەمی کە لە تاران بووم لە رادیۆ بەرنامەی "تاپۆ و بوومەلێڵ"ی بەڕێوە دەبرد، لەگەڵی ئاشنا بووم. لە واقیعدا ئەوکاتە بوو کە بەشێوەیەکی جیدی دەستی کردبوو بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆی لە رادیۆدا. ئەو ماوەیەی بە دەرفەتێکی باش دەزانی. من زۆر شێعری "سوارە"م لەوکاتەدا لە زمانی خۆیەوە بیستووە و دەیخوێندەوە بۆم.. بەداخەوە من زۆر شێعرم لێ بیستووە کە لە ناو دیوانەکەیدا نییە.

لەگەڵ خوالێخۆشبوو "مارف ئاغایی"دا، تەواوی شارەکانی کوردستان بە دوای بەرهەمەکانی سوارەدا گەڕاین بۆ ئەوەی کۆیان بکەینەوە و لە کتێبکدا چاپی بکەین، بەڵام زۆرمان دەس نەکەوت جگە لەو هێندەی کە لە کتێبەکەیدا لە چاپ دراوە.

***پرسیار:*** ***بابگەڕینەوە بۆ ئەوەی کە ئاماژەتان کرد لە زینداندا بوون و دیارە زیندانی زۆرتان کێشاوە. سەبارەت بەوەیکە لە زینداندا بوون و ئەو بەرهەمانەی کە لە کونجی زینداندا ئافراندووتانە بۆمان باس بکەن، یان لە وقیعدا چ روانگەیەکتان لە هەمبەر بەرهەمی ئەو شاعیر و نووسەرانەدا هەیە کە لە گۆشەی زینداندا خوڵقاندوویانە؟***

***وەڵام:*** **من پێموایە زۆربەی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان لە زینداندا هاتوونەتە بەرهەم. زۆر شاعیر و نووسەری گەورەمان بووە کە لە زینداندا دیسان چرۆیان کردۆتەوە.**

**دیارە بە ئاماژە بەوەیکە ئازار و ئەشکەنجەی زۆرم چێشتووە، زۆربەی ئەو زیندانانەش کە تێمپەڕاندووە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی سیاسی کوردەواریدا بووە. هەڵبەت جگە لەمەش زیندانم کێشاوە، زۆربەی شێعرکانم بەرهەمی گۆشەی زیندانن.**

**بە ڕاستی ئەو شێعرانەی کە دەردی تێدایە، هاواری تێدایە، رەنجی تێدایە و زووش دەبێتە وێردی زمانی خەڵک هی گۆشەی زیندانەکانە. وەک فارس دەڵێت: " سخنی کە از دل برآید لاجرم بر دل نشیند".**

***پرسیار:*** ***بە ئاماژە بەوەیکە، شێعر دەبێت هەڵگری سێ تایبەتمەندی  بێت؛ مۆسیقا، سادەیی و لەباری ماناوە بۆ خەڵک بێت، ئایا شێعری شاعیرانی ئەمڕۆ لەم پێناوەدا توانیویانە سەرکەو توو بن و کاریگەریی خۆیان بسەلمێنن؟***

***وەڵام:*** **نە وەڵا... سەرکەوتوو نەبوونە! من هەمیشە شکایەتم ئەوەیە کە دەڵێم بە داخەوە ئێستا لە کوردستان (بەتایبەتی رۆژهەڵات)، جگە لە چەند شاعیر کە ژمارەیان لە قامکی دەست تێپەڕ نابێت، شاعیری باشمان نییە. شیعر دەبێ لەگەڵ پەخشاندا جیاواز بێت. چی ئەم جیاوازییە دەخوڵقێنێت؛ قورسایی، مۆسیقا، لە باری دەروونی، ئیقاع، ئیقاعی دەروونی. ئەگەریش لە ئەوزانی عەرووزی کەڵک وەرناگیردرێت، دەبێ وشەکان وەزنێکی دەروونیان هەبێ.**

**من ناڵێم تۆ بێ لە رووی ئەوازنی عەرووزی  شێعر بڵێ... من دەڵێم ئەو شێعرەی کە تۆ گوتووتە دەبێت لەگەڵ پەخشاندا جیاوازییەکی بچووکی بێت. ئێستە بەچی ئەو جیاوازییە دەخوڵقێنێت؛ بە ئیقاعی دەروونی وشە کان، بە**

مۆسیقای دەروونی وشەکان، بە قورسایی و... هتد.

بڕوانە! ڕەنگە ئێستا کابرا نوێرترین مەزموون بتوانێت لە چوارچێوەی غەزەلێکدا بێنێت، چ ئیرادێکی هەیە...

***پرسیار: تائیرە کە باسمان کرد وادیارە زۆرەبەی شێعرەکانی جەنابت لە خانەی شێعری بەرخۆدان و سیاسیدا دەگونجێن، ئەی سروشت و جوانی، ئەی ژن و ژیان، ئەی عەشق و خۆشەویستی چی؟***

***وەڵام:*** وەڵڵاهی زۆر کەس ئەو تۆمەتەم لێ دەدەن، ئەڵێن تۆ هەر دڵت نییە. منیش شێعرێکم هەیە دەڵێم: " شێعرەکانم - بوون بە گوڵ و - کەنیشکەکانی ئەم شارە چەپک چەپک کردیان بە هەدیەی دڵداری - بەڵام هەرگیز کچێک نەهات بڵێت: جەلال ئەخۆت بۆ هیندە خەمباری".

کاکە منیش دڵم هەیە... دڵیشم تەڕە... عاشقی چاوی جوانم... عاشقی باڵای بەرزم... عاشقی زوڵفی لوولم... عاشقی باڵای عەرعەرم... واش نییە... شێعری عاشقانەشم هەیە، بەڵام دیارە شێعرە عاشقانەکانم زۆر بڵاو نەکردۆتەوە.

بڕۆ لە خێزام بپرسە بزانە شێعرە عاشقانەکانم چۆنە؟... بە هەر حاڵ عەشق تەنیا بە بوونی ژنەوە نەبەستراوەتەوە. لە پاڵی ئەو عەشقەدا کە بە ئامانجەکەم هەمە، عاشقی جوانیم... عاشقی سروشتی جوانم... عاشقی چاوی کەژاڵم و لەم بارەشەوە شێعرم زۆرە. بەڵام دیارە ناگەن بە شێعرە سیاسی و کۆمەڵاتییەکانم... ئەوەندە زۆر نین.

باپێشت بڵێم لە بواری فارسییدا زۆرتر لەو شێعرانەم هەیە... لە کوردییدا کەمترە. ڕەنگە هۆکەشی ئەوە بێت کە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری ئەو شێعرانەی هەڵنەدەگرت. کورد ئەوەندە دەردو ڕەنجی هەیە... کورد زیاتر لە فارس دەرد و ڕەنجی هەیە. کەوایە کەمتر لە فارس بە دوای عەشق و ژن و چاو و... دا دەگەڕێ.

***پرسیار: جەنابت شێعری کوردی لەم سەدەرەمەدا، لە ئاستی جیهاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ئایا دەتوانێ لە بەرانبەر شێعری جیهاندا قسەیەکی بۆ وتن هەبێت؟***

***وەڵام:*** وەڵڵاهی شێعری کوردی زۆر لە شێعری جیهانی دواتر نییە... کورد زۆر دێر دەستییپێکردووە، ئێستا رەنگە بەرهەمی ئەدەبی مەکتووب (نووسراو)ی کوردی لە باری مێژووییەوە زیاتر لە١٣٠- ١٢٠ ساڵی کۆنتربێت، بەڵام سەرەڕای ئەمە، بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ماوە کەمە کورد زۆر سەرکەوتوو بوو و بەشێوەیەکی تایبەت لە بواری شێعردا زۆر چۆتە پێشەوە.

هەروەها دیارە لە زۆر بواریشدا بە ڕاستی دواکەوتووین؛ مێژوو نووسین، فەلسەفە، بابەتە زانستییەکان و... هتد. لەم بوارانەدا دواکەوتووین. بەڵام لە بواری شێعردا زۆر سەرکەوتوین و چەند شاعیرێکشمان هەیە لە ئاستی جیهاندا ناوبانگیان دەرکردووە و باسیان لە سەر دەکەن؛ کەسانیکی وەک شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو و... دیارە وەختێکە بەم شێوە لە ئارادا بن شێعرەکەی شێعرێکی جیهانییە. سەڕای ئەمەش نابێت خۆمان بە زل بزانین. چوونکە هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە ئەو ئاستە، تەنانەت بەشێوەیەکی گشتی زۆرمان ماوە بگەینە ئاستی ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێمان.

***پرسیار: وتارێکتان لە مەڕ شێعر نوێ کوردی " در مسیر پست مدرنیزم"، بە زمانی فارسی لە یەکێ لە بڵاو کاراوەکاندا بڵاوکاندا بڵاو کردوە... دوای بڵاو بوونەوەی ئەو وتارە قسەو باسێکی زۆر سەری هەڵدا، تکایە لەم بارەوە ڕا و بۆچوونی خۆتان دەرببڕن؟***

***وەڵام:*** پێموایە ئەو هەرا و جەنجاڵە دوای بڵاوکردنەوەی کۆمەڵی لە شێعرەکانم (زرەی زەنجیری وشە دیلەکان) بەرپا بوو..

دیارە من لە شێعرەکانمدا ناسیۆنالیزم زۆر تۆخە و زۆریش قووڵە و ئەمەش بەڕای تاقمێک جوان نییە و تەنانەت دژ بەمەن. کەسێک بە ناوی "نادری" بۆ یەکەم جار لەم بارەوە شتی نووسی بوو و هێرشی کردبووە سەرم و هیندێ قسەی کرد بوو، کە بەراستی دەکرێ بڵێین بێ ئەخلاقیشی کرد بوو.

گوتبووی جەلال مەلەکشا شاعیری ئێمە نییە و لەزینداندا شکا و روخا و بەرەولای رژێم چوو. جا من نازانم کەی شاعیری ئەوان بووم کە ئێستە شاعیری ئەوان نیم و نازانم روخانی من لە زینداندا کەی بووە و ئەم ئاغایە لە کوێدا من دەناسێت؟ سەر سووڕهێنەرترین قسەی ئەوەبوو کە گوتبووی جەلال مەلەکشا ئێستا لە ژێر سێبەری رژێمدا

بەخۆشی و کامەرانی دەژیت. ئەوانەی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا(بە تایبەت شاری سنە) لەگەڵ ژیانی مندا ئاشنایاتیان هەیە، دەزانن چەن لە کامەرانی و لە خۆشیدا دەژیم و چەن لەباری ئابوورییەوە بارودۆخم باشە!!! بە دوای نووسینی ئەم کابرایە، یەکێکیتر بە ناوی"مام ئاکۆ" هێرشی کردە سەرم. دیارە لە رووی نووسین و شێوەکاریەوە هەر رۆژ هێرش دەباتە سەر کەسێک. بۆ وێنە: هێرشی بردۆتە سەر من(جەلال مەلەکشا)،"چاوەی شیخ‌الاسلامی"، "ئیبراهیمی عەلیزادە"، "مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە"، "مستەفا هیجری"، "حوسێن یەزدانپەنا"و... لێرەوە ئیدی دیارە ئەم کابرایە لەلایەن دەزگا ئاسایشیەکانەوە راسپێردراوە، کە هەر رۆژ کەسایەتی هێندی کەس دەباتە ژێر پرسیار.

"مام ئاکۆ" شتێکی نووسی بوو و بەتوندی هێرشی کردبوو کە جەلالی مەلەکشا... وا... خەریکە بابەتگەلێکی ناسیۆنالیستی پەرەپێدەدات... بەدوای ئەمەشدا حیزبی "کۆمۆنیستی کاریگەری" هاتبووە مەیدان کە، بەتوندی کتێبەکەی مەحکووم کردبوو و بابەتگەلی ناسیۆنالیزمی لە کتێبەدا مەحکوول راگەیاندبوو. هەروەها ئەوەش بڵێم کە بەدوای ئەوەیکە ئەو بەرادەرانە لەسەر من نووسیان، چەند بابەتێکیتر لە ماڵپەڕەکاندا بڵاوکرایەوە کە لایەنگری لە من کرا بوو. زۆر کەس؛ لە ئەڵمانیا، سوید، باشووری کوردستان، نەرویج و... بە نووسینی وتار و دەربڕینی هەڵوێستی جیاواز لایەنگریان لێ کردبووم. رەنگە وتارەکان لەم بابەتەوە ژمارەیان گەیشتبێتن بە٣٠ - ٤٠ دانە کە چەند دانەیان دژ بەمن بوون و زۆربەشیان لە پشتیوانی مندا بوون. هەرچەند دۆستان زۆر لەم بارەوە داکۆکیان دەکرد کە وڵامیان بدەمەوەو بابەتێک بنووسم، بەڵام من هەر نەهاتمە جواو و وڵامیانم نەدایەوە. چون بەڕاستی ئەوانەم بە پیاو نەزانیوەو ناشیان زانم تاکوو وڵامیان بەدەمەوەو باسیان لەگەڵ بکەم.

من پێموایە گەر وڵامیان بدەمەوە و باسیان لە سەر بکەم، ناوبانگ دەردەکەن، کەوایە باشترە کە من هەر بێدەنگ بم. یا بە وتەی فارسەکان"جواب ابلهان خاموشی است".

***پرسیار: دیارە جنابتان رۆڵێکی بەرچاوتان لە ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەت لە بواری شێعرو چیرۆکداهەیە.. ئەوەش ئاگادارن چەند ساڵێکە پردی پەیوەندی نێوان دوو قۆڵی هونەری ئەدەبی ئەم دیو و ئەو دیو درووست بووە.. بەڵام لەم نێوانەدا ئێوەمان قەت نەدیوە و تەنانەت یادێکیشتان لێ نەکراوە، لە کاتێکدا یەکێک لە پێشەنگانی ئەدەبیاتی نوێ کوردی و ئاڵا هەڵگری بزاڤی ئەدەبو فەرهەنگی کوردستان(بەتایبەت رۆژهەڵات) ن.. هۆیەکەی چییە؟***

***وەڵام:*** ئەوەیکە من لە بواری ئەدەبیاتی کوردیدا رۆڵێکم بووە یان کاریگەرییەکم دانابێت، لەم بارەوە هیچ ئیدعایەکم نییە و بانگەشەی ئەوش ناکەم... ماوەی چەند ساڵێکە، کەسانێک سەریان هەڵداوە و بەنێوی نوێنەری فەرهەنگ و ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ئەم لاو ئەولا سەفەر دەکەن... بەتایبەت بۆ باشووری کوردستان و وەک نوێنەری شاعیران ونووسەرانی ئەم دیو لەوێ قسەدەکەن و دەخۆن و دەخەونو... دیارە خۆ ئێمە نابەن بۆ ئەو جۆرە شوێنانە، ئەوانە هێندێ کەسن کە خانزادە و خوان پەروەرن، من پێموایە هێندێکیشیان ڕاستەوخۆ رۆڵی سیخوڕ دەگێرن و دوای ئەوەیکە دەگەڕێنەوە ڕاپۆرتەکانیان ئاراستەی دامودزگا پێوەندیدارەکان دەکن و زۆربەشیان بەهیچ نازانم... تەنانەت بە قەڵەم بە دەستیش. هەڵبەت هێندێکیان"جاش قەڵەمن". دیارە جاش قەڵەمەکان هەموو دەیانناسن و لەتەواوی سەفەرەکانیشدا ئامادەن.

رەنگە گەر من لەم بارەوە ئەوەند زۆر بدوێم، هێندێ کەس پێیانوابێت کە من بۆ بەشی خۆم دەگریم... بەڵێ، من بۆ بەشی خۆم دەگریم، چونکە من خۆم لەوان بەشیاوتر دەزانم و وەک شاعیرو نووسەرێک زۆر زۆر لەوان بەشەرەفترم،... زۆر شاعیرترم، زۆر قەڵەم خاوێنترم و زۆر بۆ کوردستانو شۆڕشی کورد دڵسۆزترم... و بەو بۆنەوە کە جاش قەڵەم و سیخوڕ نیم لە هیچ کام لەو سەفەر و کۆڕانەدا بانگهێشتیان لێ نەکردووم. تەنیا جارێک لە پرۆسەی هەفتەی فەرهەنگی"سنە لە سلێمانی" دا بوو کە هونەرمەندانو نووسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستانیانیان بانگهێشت کردبوو، ناوێکیش لە من هاتبوو. ئاخری هەموویان رۆیشتن تەنیا خەتی سووریان بەسەر ناوی مندا هێنا. کاتێ پرسیارم کرد لە بەرپرسی دایەرەی ئیرشادی ئیسلامی پارێزگای کوردستان(لە شاری سنە)، گوتی: کاکە لە باڵاوە(سەرەوە) راگەیێندراوە کە جنابت نابێت بچیت. دیارە بۆ ئەو سەفەرانە من نانێرن. شێعری من رەنگە لە شێعرە بڤەکان بێت و زەرەری هەبێ بۆیان.. دیارە کەسانێک لەو شاندو وەفدانەدا بوونیان هەیە کە دامودزگاکان لە خۆیان رازی دەکەن.

بەهەر حاڵ، ئەوە چ شاعیر و نووسەرێکە کە وەکوو نوێنەری شێعری رۆژهەڵات لە سلێمانی و لە سەر چنار دادەنیشن و دوای خوێندنەوەی شێعری"لەتیف هەڵمەت" پێیان دەڵێن کاکە؛ ئێوە کە شاعیری رۆژهەڵاتی کوردستانن فەرموون شێعری خۆتان بخوێننەوە. کابرایەک بە نوێنەرایەتی لەمانەوە شێعرێک دەخوێنێتەوە، ئینجا یەکێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە دەگەڕێتەوە دەڵێت: "کاکە بریا گوت بخواردبایێت و ئەو شێعرەت نەخوێندبایێتەوە".

ئەم وتە راستە و هیچ موبالغەیەکی تیادا نییە، ئەوە "عومەری فارۆقی" بۆ خۆی لەو کۆڕە دابوو و من ئەمەشم

کاتی خۆی بە زمانی"عومەری فارۆقی"یەوە لە گۆڤاری"سروە"دا بڵاو کردەوە. ئەوە نوێنەرەکانمان کە، کابرا دەڵێت بریا گوت بخواردبایێت و ئەو کارەت نەکردبایێت.

جگە لەمە کاتێ لەولاوە بانگهێشت دەکرین، ئەوانەی وا لێرەدا هەموو شتێک لە ژێر دەستیاندایە لە شاعیرو نووسەرە تواناکان بانگهێشت ناکەن و ئەندامانی لایەن و گرووپ و باندی خۆیان دەبەن و لەم بوارە شەوە زۆرتر پێموابێ ئەولا تاوانبارە. وا نەبێ ئەوان نازانن...

من کاتێ لە هەولێر بووم، جارێک هەر لەم بارەوە لە گەڵ شەهید " فەرنسۆ حەریری"باسم کرد. شەهید فەرەنسۆ گوتی: کاک جەلال تۆ پێت وایە ئێمە ئەمانە ناناسین و نازانین هێندێ لەمانە بە شێوەی مۆرەفەق دەستییان لە ناو خوێنی کورددایە و خودنڤیسەکانیان بە خوێنی شەهیدەکانمان پڕ بووە. گوتم دەباشە دەیاننناسن ئیتر بۆ بانگهێشتیان دەکەن. گوتی: ئاخر ئەمە سیاسەتە!! سیاسەتیش ئەوەندە باوک و دایکی نییە، هەرچی بێت ئەمانە وەک" پردی پەیوەندی"!!! ئەم دیوو ئەو دیون. بەڵێ ئەمە وەڵامەکەیان بوو( پردی پەیوەندی).. تاکەی ئەم پردە، پەیوەندییە..

وەڵڵاهی ئەم پردە قوڕ دەکات بەسەر فەرهەنگ و ئەدەبیاتی هەر دوو لادا.

***پرسیار: ئەی ئەو چەند ساڵەی کە لە کوردستانی باشوردا بوویت چیت دەکرد... بیستوومانە هەم لە گۆڤارکانی ئەوێ کارت کردووەو هەم بۆ خۆت سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەدەبی هونەری بە نێوی" پرشنگ" بوویت. پرشنگ چۆن لە دایک بوو و چۆن دەرکەکەی داخراو تەمەنی کۆتایی پێ هات؟***

***وەڵام:*** کاتێکە بە پێی هۆکارگەلێکی تایبەتی خۆی چووم بۆ کوردستانی باشور، بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە خۆم بیرم لێ دەکردەوە پێشوازی یەکی زۆرم لێ کرا. هەرگیز پێموانەبوو کەسێکی گەورە وەک شەهید فەرەنسۆ حەریری بێتە پێشوازی منەوە. قەت پێموانەبوو کاک "نێچیرڤان بارزانی" بێتە هانای منەوە. من ئێستاش سپاسی ئەو بەرادەرانە دەکەم. کاتێ چوومە ئەوێ حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر کۆشایان کە من بەرەو لای خۆیان راکێشن، تەنانەت سکرتاریای حیزبەکان، واتە دەفتەری سیاسی حیزبەکان هەفتانە بانگهێشتیان دەکردم و بەرنامەیان دادەنا و هەوڵیشیان ئەوە بوو بچمە ناو حیزبەکەیان، بەڵام لە ئاکامدا من پێشنیارو... رەت کردەوە و

هاتم لە هەولێر نیشتەجێ بووم و دوای ماوەیەک کاک فەرەنسۆ حەریری پەیوەندی گەلێکی بۆم ڕێ خست و کاک نێچیرڤان بارزانی وەکوو کارمەندێکی پارتی مەعاشێکی مانگانەی بۆ من دیاری کرد. من زۆر ڕێزم هەیە... تا ماوم سپاسی بنەماڵەی بارزانی دەکەم. جگە لەمەش لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا سەرقاڵی کار کردن بووم؛ لە رۆژنامەی" برایەتی" ئیستخدام کرام، لە گۆڤاری" رامان" ئیستخدام کرام و لە زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکانی تردا بابەتم لە چاپ دەدا و پەیوەندی یەکی پتەویشم لە گەڵ شاعر و نووسەرە گەورەکانی باشوری کوردستاندا هەبوو. وەک: خوالێخۆش بوو مەرحومی شوکر مستەفا، شەهید مەهدی خۆشناو، کەریم دەشتی، مامۆستا شێرکۆ بێکەس، سەعددۆڵڵا پەرۆش، مەحموود زامدار، هاشم سەراج و... تەنانەت لە چەند سەفەرێکدا کە بۆ بەغدا هەمبوو لە گەڵ بنەماڵەی بەرێزی"مەلا عەبدولکەریمی مودەریسدا" ئاشنا بووم. لە گەڵ مامۆستای گەورە، شیخ عەبدولکەریمی مودەریسدا چاوپێکەوتن و وتوێژم هەبووە... دوو سێ شەو میوانی کاک مەحەممەدی مەلاکەریم بووم و...

بە هەر حاڵ، لە هەولێریش دوای ماوەیەک بڕیارمان دا گۆڤارێک بڵاو بکەینەوە، کاک" حسەینی یەزدانپەنا" وەکوو خاوەن ئیمتیازی ئیمکاناتی دابین کرد... بە ڕاستی من بۆ خۆم بە تەنیا... وەکوو خۆمان دەڵێین بە تەنیا باڵی، دەستم پێکرد و توانیم ٥ - ٦ ژمارە بچمە پێشەوە و ئیتر دوای ئەوە... دەڵێم بە داخەوە... بە داخەوە... بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان گەڕامەوە. هۆی گەڕانەوەکەشم بەرەو رۆژ هەڵات نەخۆشی بوو.

من نەخۆشی دڵم بوو و نەمدەتوانی لەوێ بە تەنیایی بژیم و ژیان بەرمەسەر، ئەوە بوو کە ئەو ژیانە ئاسوودەم بە جێ هێشت و گەڕاومەوە بۆ ناو ئاگرەکە.

***پرسیار***: *لە بارەی شاعران و نووسەرانی باشووری کوردستانەوە قسەمان بۆ بکە... چۆنن، چین، لە چ ئاستێکدان... یان بە گشتی چۆنیان دەبینیت؟*

***وەڵام***: وەڵلاهی بە گشتی ئەدەبیات لە باشووری کوردستان بەردەوام لە گەشە کردندایە و زۆریش گەشەی سەندووە. بەتایبەت لە ماوەی ئەم ١٢ - ١٣ ساڵەی رابردوودا کە کورد دەستەڵاتی گرت بە دەسەتەوە و ئەو هەموو گۆڤار و بڵاوکراوە و رۆژنامە کە دەردەچن دیارە شێعر و چیرۆکیش لە لایاندا لە چاپ دەدرێن، هەروەها کتێب چاپ دەبێت "سانسۆر نییە" هەموو کەسێک هەر چی دڵی دەخوازێت دەتوانێت لە چاپی بدات. هەر چەند خاڵی نیگەتیڤی تێدایە، بەڵام لایەنە پۆزەتیڤەکانی زۆرترە... بەو بۆنەیەوە... دیارە ئەدەبیاتیش گەشە و بەرز بوونەوەی باشی

هەبووە.

لە بواری شێعردا لە ئاستێکی باڵادان، هەرچەندە شەپۆلی پۆست مۆدێرنیزم بەوێش گەیشتووە و وەکوو خۆرە خەریکە لە ناوەوە پەیکەرەی ئەدەبیاتیان وڵۆ دەکات. پرۆسە گەلێک سەریان هەڵداوە و لەم پێناوەدا کەسانێک بانگەشەی رۆشنبیری دەکەن و پێیان وایە سەردەمی شێعری بەرخۆدان تەواو بووە، پێیان وایە ئیدی پێشمەرگە و شۆڕش بایەخی نەماوە و دەبێت بە جۆرێکیتر بدوێن، بە جۆرێکیتر قسە بکەین و بە جۆرێکیتریش بنووسین. بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەمانە ئەدەبیاتی راستەقینە بە رێگەی خۆیدا دەچێت بەردەوام لە گەشە سەندندایە.

***پ: مامۆستا پێمان خۆشە بە ئاماژە بەو بارودۆخەی کە کورد لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا تێپەڕاندووە، هەڵسەنگاندنێکت هەبێ لە نێوان چوارپارچەی کوردستاندا و کاری فەرهەنگی و... چۆن دەچێتە پێشەوە و چ گرێ و کۆسپێک لەم بارەوە هەیە و لە قۆناغێکی سەرتردا گەر سەیری کوردەکانی هەندەران بکەین و... کارەکانی ئەوان چۆن دەبینیت؟***

***وەڵام:*** دیارە ئەو ١٢ - ١٣ ساڵەی کە دەسەڵات لە باشووری کوردستان بە دەستی کوردەوە بووە، سەرەڕای ئەوەیکە کەم و کوڕی و کێشە زۆر بوو، هەر چەن گەمارۆی ئابووری زۆر بوو، بەڵام چون کورد بە سەر ناوچە و کۆمەڵگای خۆیدا دەسەڵاتی بووە، لە باری ئابووریشەوە پەرەی سەندووە و دیارە پەرە سەندن لە بواری ئابوورییەوە یارمەتی بواری فەرهەنگیش ئەدات. ئێستا باشووری کوردستان مەکۆێکە بۆ کوردەکانی پارچەکانیتری کوردستان؛ تورکیا، سوریا و ئێران. من کاتێک لە هەولێر بووم لەگەڵ زۆر کەس ئاشنا بووم لە باکوور، رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستانە وە دەهاتن، تەنانەت لە کۆمارەکانی شەورەوەی پێشووەوە دەهاتن و بە حەسرەت و خۆشیەوە سەیری ئەو بارودۆخەیان دەکرد. هەرواکە گوتم باشووری کوردستان، مەکۆیە و بۆ وێنە یان ئەگەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بواری گەشە و نەشەی بابەتە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان نەبێت، ئەو مەکۆیە لە باشووری کوردستان ئامادەیە کار لەو پێناوەدا بکات. گۆڤار و رۆژنامەی جۆراجۆر هەیە کە درگای هەموویان ئاوەڵایە بۆ وەرگرتنی بەرهەمی قەڵەم بەدەستانی چوارپارچەی کوردستان و بە خۆشییەوە ئەو کارەش دەکرێت. بەهەرحاڵ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە شۆڕش، زەبر و زەنگی رژێمەکان لە سەر کورد، راودوونان، بە زۆر کۆچ پیکردن، تاراوگە و راکردن، بەرەو بیانی چوون و پەنا بردن بۆ وڵاتە ئەورووپاییەکان لە بوونی خۆیدا شتێکی پۆزتیڤ بووە، واتە زۆر یارمەرتی بردنە سەری مەعریفە و ئاستی خوێندنەوە و ئاگادار بوونەوە و شارستانیەتی کوردی داوە.

ئەدەبیات و فەرهەنگی کورد دیارە (ئەڵبەت ئەمە تەنیا تایبەت بە کوردستان نییە) هەر کەس لە شوێنی ژیانی خۆی جیا ببێتەوە و دوور بکەوێتەوە هێندێ تایبەتمەندی لە دەست دەدات. واتە بەو شێوەی کە لە جێگەی تایبەتی خۆیدا بەرز دەبێتەوە، ناتوانێت لە شوێنێکیتر بەو شێوە بڕواتە پێشەوە.

جۆرە ئەدەبیاتێک هەیە، ئەدەبیاتی"هیجرەت"ی پێ دەڵێن کاتێ تۆ سەرنجی دەدەیت، دەبینی زۆربەیان دوورن، فەرهەنگەکەی خەریکە دوور دەکەوێتەوە، دەبێتە جۆرە فەرهەنگێکی"التقادی"، پڕە لە دەرد و ئاوارە بوون، بەڵام ئەو جۆرە شتانە شێوەیەک لە جیاوازی فەرهەنگیشی تێادا بەدی دەکرێت.

بە هەر حاڵ ئەم بارو دۆخەی ئێستای باشووری کوردستان بۆتە هۆی گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی فەرهە رنگی هەموو پارچەکانی تری کوردستان و بێ گومان باشتریش دەبێت.

***پرسیار: وەک دوایین پرسیار ئەرکی ڕووناکبیر لە هەمبەر دەسەلات چییە؟***

***وەڵام:*** ڕووناکبیر لە بەرنبەر هیچ حکومەتێکدا بێ دەنگ نامێنێ. هەڵوێستی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە هەمیشە و بە بەردەوام ڕووناکبیر لە هەمبەر هەر حکومەت و دەسەڵاتێکدا رۆڵێکی رەخنەگرانەی هەیە... بێ دەنگی ڕووناکبیر، واتە تەسلیم و خۆ بەدەستەوەدان. حکومەت و دەسەڵاتیش فەرقی هەیە، رەنگە حکومەتێکی دیکتاتۆر و زاڵم و ستەمکار و دژی خەڵک بێ، ڕووناکبیر لە بەرامبەر بە وەها حکومەتێکدا رۆڵێکی دیاری کراوی هەیە، لێرەدا ئەرکی ڕووناکبیر رابوون و راسان و بەربەرکانیە و لە راستیدا خەبات وبەرخۆدانە... ئەرکی ئەسڵی ڕووناکبیر جەنگی قەڵەمە... لە واقیعدا ڕووناکبیر لەمەڕ وهاسیستەمێکدا لە دوو مەتەرێزدا رادەوەستێ، سەنگەری قەڵەم و سەنگەری "..." ئیتر ئەو ڕووناکبیرەکەیە کەبڕیار دەدا و سەنگەرەکەی هەڵدەبژێرێ،... بەڵام بەهەر حاڵ راوەستان و بەرخۆدانی قەڵە می لە هەنگاوە سەرەتاییەکانییەو...

***پرسیار: ئەی ئەگەر حکومەتەکەی دیمۆکراتیک بێت چی؟***

***وەڵام:*** بە هەر حاڵ هەروا کە عەرزم کردی ڕووناکبیر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا نەخش و رۆڵی رەخنەگری هەیە. هیچ کۆمەڵگەیەکیش تەواوو بێ عەیب و نەقس نییە و دیارە هیچ حکوومەتێکیش حکومەتێکی بەتەواوی خەڵکی نییە و

هەموو سیاسەتەکانی لە راست و لە خزمەتی خەڵکدانییە، کەواتە، جەماوەری خەڵک بە تەواوی هەموو سیاسەتەکانی ئەو حکومەتەیان پەسند نیە، لێردایە کە دیسان ئەرکی رووناکبیرە کە بە زمان و بە قەڵەم ناڕاستییەکان راست دەکاتەوە و سیاسەتە چەوتەکان بخاتە بەرچاوی خەڵکی.

***پرسیار: مامۆستا زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتوێژەدا.***

***وەڵام:*** ئەمنیش سپاستان دەکەم، هیوادارم سەرکەوتووبن.

** جادو و جەنبەل: سیحرو سیحربازی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: جوولای ٢٠٠٦

## وتوێژی ڕۆژنامەی "ئاسۆ"

***لە ڕێگەی کەناڵی نهێنییەوە حیزبەکان هەوڵیان دەدا ڕووداوەکانی ساڵی پاری ڕۆژهەلات ئارام بکەنەوە***

***پرسیار: حەزدەکەم سەرەتا یادێک بکەینەوە لە ڕووداوەکانی ساڵێک لەوەوپێشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێک ڕووداو کە بەهۆی هێندێ خاڵی ناوازەو جیاوازەوە دەکرێت بگوترێ لەگەڵ کۆی ڕووداوو ناڕەزایەتییە خەڵکییەکانی دیکەی ناو مێژووی کوردی ڕۆژهەڵات جیاوازییان هەبوو، مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ یادکردنەوەدا زیاتر لە سەر ئەو لایەنە بوەستین‌و قسە بکەن؟***

***وەڵام:*** لە پێشدا دەمەوێ لە رستەیەکدا پێناسەیەکم هەبێ لەسەر ئەو رووداوانە. ئەویش ئەوەیە کە ئەو رووداوانە بەلای منەوە واتە رقی پیرۆزی جەماوەر لە دەسەڵاتی داگیرکەرو بێ بەزەیی‌و پێشێلکار. بە هەرحاڵ بمانەوێ‌و نەمانەوێ لە هەر کۆمەڵگایەکدا، گەر هێندێ ورەو وشیاری لەئارادا بێ (بەتایبەت لەنێوان جەماوەردا)

سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە دەسەڵاتی داگیرکەرو دیکتاتۆر شتێکی سروشتییە کە شیاوی ڕێزو سەرنجە.

بەهەرحاڵ ئەوەی دەبێ بگوترێ‌و ناوی جیاواز لەسەریان دابنێن‌و بەشێوەیەکی تر یان لەڕوانگەیەکی ترەوە ئاوڕ لە ڕووداوەکان بدەینەوە ئەوەیە کە لەیەکەم قۆناغدا زنجیرەیی بوونی ئەو ڕووداوانە ئەوەیان سەلماند کە بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەیان، خۆیان بەرپرسیار دەزانن‌و مرۆڤی کورد لە هەمبەر زەختو تەوژمو پێشێلکاری داگیرکەردا بێدەنگ نییەو خاوەن هەڵوێستی خۆیەو لە هەرحاڵەتێکدا بێ، وەک ئەوەیە کە بەردەوام ئامادەیی خۆیانیان بۆ شۆڕشێکی جەماوەری دەربڕیوە. (هەڵبەت ئەمە وەکوو خاڵی هاوبەش)، بەڵام جیاوازی نێوان ئەم ڕووداوانە بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی ساڵی ڕابردوو لەچاو ڕووداوەکانی دیکە من لەم چەند خاڵەدا دەیبینمەوە:

١- گشت گیربوونەوەی ئەو خۆپیشاندانە: مەبەستم ئەوەیە کە ساڵی ڕابردوو بەشێوەیەکی گشتی تەواوی شارەکانی کوردستان بەشدارییان هەبووو پەیتا پەیتا پشتیوانی خۆیانیان لەیەکتر دەربڕی. ئەویش ئەوەبوو کە سەرەتا لەشاری مەهاباد بەهۆی شەهید کردنی لاوێک دەستی پێکردو شارەکانی‌تر هاتن بە هانای مەهابادەوە و ڕایانگەیاند کە "مەهاباد تەنیا نییە". لە واقیعدا لەڕوانگەی منەوە ئەم حەرەکەتە نەتەوەیی بوون‌و یەکگرتوویی‌و هاودەنگی ئەو خەڵکەی سەلماند.

٢- بەشداری ڕاستەوخۆی ڕوناکبیران و چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکان لەو پرۆسەیەدا، کە لەئاکامدا دەستگیری چەندین کەس‌و داخستنی چەند ڕۆژنامەیەی بەدواوە بوو و ئەمەش سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە.

٣- جەماوەری بوونی ئەو خۆپیشاندانە یان ئەو پرۆسەیە: مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ناڕەزایەتییەی ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەڵات ئەوەبوو لە شەهید کردنی لاوێکەوە دەستی پێکردو جەماوەر خۆیان ئەوەیان خولقاند نەک حیزبو لایەنە سیاسیەکان. بۆ نموونە ڕووداوی سێی ڕەشەمێی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی شاری سنە حیزبی لەپشتەوە بوو، لە دەستگیرکردنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە (Pkk) دەستی پێکرد.

- بەهەرحاڵ قووڵبوونەوەو لێکدانەوەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەو ڕووداوانە پێویستی بە دەرفەت و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت‌و ئەو چەند خاڵە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو ڕووداوە بوو کە ئاماژەم پێکرد.

***پرسیار: جەنابت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕووداوانەت گەڕاندەوە بۆ جەماوەریی بوونی ڕووداوەکان، یانێ دەستی هیچ هێزو حیزبو پارتێکی تایبەتی لە پشت نەبوو، بەڵام لە حاڵێکدا هەموومان بینیمان ڕووداوەکان یا بابڵێین ڕەهەندی فۆرمێکی ئەو ڕووداوانە لەمێژبوو تەواوبوو, بەڵام جەنگی زمانی - سیاسی - حیزبی ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئەوەی کە یەکێک لەوان دروستیکردووە ئەوانی تر باندۆریان نەبووە؟ جەنابت پێتوایە ئەو حزبانە بەڕاستی دەستییان نەبوو یا ئیدیعاکانیان کەڵک ئاوەژوویەکی بێ شەرمانەیە لە واقیعو ئەو واقیعانەی کە بینیمان؟***

**وەڵام:** ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لەسەر ئەو بڕوایەم کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا (بەتایبەت ئێستا ڕۆژهەڵات) حیزبەکان یان ئۆپۆزسیۆن بەردەوام کەوتوون بەسەر ڕووداوو قەیرانەکانداو خۆیان هیچ کاتێ نەیان توانیوە قەیران بخولقێنن. چونکوو گەر بیانتوانیبای قەیران بخولقێنن زۆر هەلو دەرفەت هەبوو کە بەداخەوە لەدەستیانداوەو لەقاوغی بەرتەسک و کلاسیکی خۆیاندا ماونەتەوە، تەنانەت بڕێ جاریش هەوڵیانداوە ئەو حەرەکەتانە کۆنترۆڵ بکەن, یان لە واقیعدا بەلاڕێدا بەرن. بۆ نموونە کاتێ خۆپیشاندانەکان گەیشتە ئەوپەڕی خۆیو شەهیدی لێکەوتەوە، ئەمان بەجێ ئەوەی کەبێن لەو هەلە کەڵک وەربگرنو کەناڵیزەی بکەنەوە دەهاتن لە کەناڵی ڕێکخستنی نهێنیەوە هەوڵیان دەدا حەرەکەتەکە کۆنترۆڵ بکەنو کەشو هەواکە ئارام بکەنەوە. واتە ئەو شتەی کە دوژمن بەسەرکوتکردن هەوڵی بۆ دەدا، بەڵام لەچوارچێوەیەکی تردا، وبیانوشیان بۆ ئەم کارەیان ئەوەبوو کە دەیانگوت:" با خوێنی مرۆڤی بێ تاوان نەڕژێ". لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چ شۆڕشێک لەدنیادا توانیویەتی بەبێ شەهید سەرکەوێ؟ ڕەنگە ئەمان مۆدێلێکی نوێیان لە شۆڕشو خەبات بەدەستەوە بێت کە نایانەوێت شەهید بدەن!!! بۆیە چەندین ساڵە ماونەتەوەو لە دۆخێکی نەگۆڕدا حاسیبە بوونەتەوە.

هەروەها لە وەڵامی ئەوبەشی پرسیارەکەتدا کە باسی جەنگی زمانی - سیاسی - حزبی ئۆپۆزسیۆنتان کرد کە لە سەر ئەوەی کامیان دروستیان کردووەو خولقێنەری بوون، دەبێت بڵێم کە ئەم هەوڵانەش هەمووی بۆ تۆمارکردنی مێژوویە. مەبەستم ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی ئێمە بەو بۆنەوە بەردەوام لە ئاستی ڕۆژدا نەیتوانیوە خۆی نوێ بکاتەوەو وڵامداری داخوازییەکانی جەماوەر بێت, پیویستی بەو مێژووە هەیە, چونکوو ئێستەش بینەری ئەوەین کە هەر کاتێ نەیانتوانی بێ لە بەرامبەر هەلومەرجی ڕۆژدا وەڵامدەربن پەنا دەبنە بەر مێژوو، واتە خواردن لە مێژوو یان بەقەوڵی فارس "مصرف از تاریخ". ئەم حەرەکەتانەش لە ڕوانگەی منەوە واتە بێ پرۆژەییو بێ بەرنامەیی ئۆپۆزسیۆن.

***پرسیار:*** ***کە وابوو ئێوە پێتانوایە ئۆپۆزسیۆن, مەبەستم هەموو حزبەکانەو میتافۆرنیە بۆ حزبێکی تایبەت وەک هێندێک پیاوی حزب شۆڤێنو ناعەقڵانی لێی تێدەگەن، لە ڕەساڵەتی واقیعی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، کە خۆم پێموایە ئۆپۆزسیۆنی ئێمە ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر لەڕەساڵەتی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، کە پێموایە مەبەستی جەنابیشت هەر ئەوەبێو دیارە هەر ئەو تەئویلەشی لێدەکرێ؟***

***وەڵام:*** **وایە ڕەنگە هێندێ کەس پێیانوابێ من زۆر ڕەشبینانە چاو لەپرۆسەکان دەکەم، بەڵام ئەمە ڕاستیەکە، کە دەبێت هەمووومان هەستی پێبکەینو هەمووشمان لەم بارەوە بەرپرسیارین. چونکوو ڕەساڵەتی حزب خۆبەستنەوە بە ئاقارێکەوە نییە، کە تیادا تەنیا شەڕی دەسەڵات (دەسەڵاتێکە هێشتا خەونە) و شەرعیەت لە ئاردا بێ.**

**ڕەساڵەتی حزب ئەوەیە کە بەردەوام خاوەن پرۆژە بێتو دەردی خەڵک بەدەردی خۆی بزانێو توانایی ئەوەی هەبێ کە نەزمو دیسپلین ببەخشێت بەو بزووتنەوەی کە جەماوەر خولقاندوویەو بەشێوەیەکی مۆدێڕن، یان بەواتەیەکی تر لە ڕوانگەیەکی مۆدێڕنەوە سەیری پرۆسەکان بکاتو لایەنگری لە داخوازیو مافی جەماوەر بکات، ئەوجا لێرەوە شرۆڤەو لێکدنەوەکانی خۆی بخاتە ئاراوە. گەر بەراوردێکمان هەبێ لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی وڵاتانی تر (یان ئۆپۆزسیۆنی مۆدێرن) و ئۆپۆزسیۆنی کۆمەڵگای خۆماندا، بەوە دەگەین کە لەوڵاتانی تر ئۆپۆزسیۆن لە پێشەوەی خەڵکەو مۆدێڕنترە و بەردەوام خاوەن پرۆژەو بەرنامەی خۆیانو ئەمەش بە پێی ئەو پێناسەیەی کە سەبارەت بە حزبو ئۆپۆزسیۆن لە ئارادایە، وایە، بەڵام بەداخەوە حزب یان بەگشتی ئۆپۆزسیۆن لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر دواتر لەخەڵک بیر دەکاتەوەو ئەو خوێندنەوانەی کە خەڵک سەبارەت بە کۆمەڵگاکەیان هەیانە زۆر نوێتر، سەرکەوتووترو پێشکەوتووترە لە حزبەکان..**

***پرسیار:*** ***کە وابوو ئەو ئۆپۆزسیۆنە چۆن دەتوانێ وەڵامدەری دۆخی نوێ بێ، واتە ئەو دۆخەی بەتایبەت دوای دۆسیەی ئەتۆمی ئێرانو خۆرئاواو ئەمریکا هاتۆتە پێشو تا ڕادەیەکیش ئاڵۆزمو بابەتەکان لەوەهمی جەنگو ئاشتی دا دێنو دەچنو کۆمەڵێک بابەتی تریش؟***

***وەڵام:*** **وەڵامی ئەم پرسیارەی بەڕێزتان لە چوارچێوەی خۆیدا پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی دوورو قووڵ هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بەبڕوای من ئۆپۆزسیۆن دەبێت لەچوارچێوەی خۆیدا خاوەن یەکگرتوویی و بەرەیەک هەبێ، تاکوو بتوانێ قورسایی خۆی بسەلمێنێتو ئەو یەکگرتوویەش لەم قۆناغەدا زەرووڕەتێکی**

مێژووییە. لەلای ئەمەشدا لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن یان حزبەکان دەبێت خاوەن گوتارێکی هاوبەش و لەنێوانیاندا لێک تێگەیشتنێک هەبێ و لێرەو لەباری ئێپستمۆلۆژییەوە خوێندنەوەیەکی زانستی و نوێ و قووڵیان هەبێ لەسەر ئەو پرۆسانەی کە لەئارادان. ئەوجا دەتوانن قورسایی خۆیان رابگرن و مەرجەکانی خۆیان لەهەمبەر پرۆسە جیاوازەکاندا بسەپێنن (بەتایبەت لەبواری نێونەتەوەییدا)و بەردەوام ئاڵتەرناتیڤی هەبێ بۆ ئەو پرۆسەو هاوکێشانەی کە لەئاردان و دێنە ئاراوە. بۆ نموونە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ لەگەڵ داگیرکەرێک بەرەوڕوو بووینەتەوە کە توانای خۆمان لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێ ئەو رژێمە برۆخێ و ئەگەریش ئەو توانایییە هەبێ پێویستی بە ئەقڵییەت و خوێندنەوەیەکی تر هەیەو ئەوەش بۆخۆی ماوەیەکی درێژ دەخایەنێ. لەم حاڵەتەدا پێویستمان بە پشتیوانی لایەنێکی دەرەکی هەیە، بەڵام لەپێشدا هەر بەو جۆرەی ئاماژەم پێکرد دەبێت لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا دانوستانەکانمان بەرینە پێشەوە. پێمخۆشە ئاماژەش بەوە بکەم کە ئێستە ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەشێوەیەکی جیاجیا نزیک بوونەتەوە لە ئەمریکاو ئەیانەوێت لەو کەناڵەوە لەگەڵ رژێم بەرەوڕووبنەوە، ئایا گەر کێشەی ئەتۆمی ئێران بەئاراستەیەکدا بڕوات کە لەکەناڵی دیالۆگو وتووێژەوە چارەسەر بێت و ئێران کۆڵبدات، ئەوجا ئۆپۆزسیۆنی ئێمە چ ئاڵتەرناتیڤێکیان هەیە بۆ ئەو بارودۆخە؟ دروستە ئەگەری هێرش بۆ سەر ئێران لە زۆر لایەنەوە شیاوی سەرنجەو لەسەرەوەیە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئێران وەک ئەفغانستان و عێراق نییەو لە باری ژۆپۆلۆتیکەوە زۆر زۆر جیاوازترەو هەروەهاش لەلایەکی ترەوە هاوکێشە سیاسیەکان هیچ کاتێ ناتوانین بڕیاری یەکجارەکی لەسەریان بدەین..

***پرسیار: باشە ئەو سەردانەی دوایی کە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بۆ ئەمریکاو لەسەر بانگهێشتی ئەمریکا کردیان پێتوانیە ئەوەندەی کە ئەمریکا لەپێناو چاو سوورکردنەوە لەئێران کەڵکی ئەبزاری وەرگرت لەو هێزانە، بابەتە یەک لە هەزاری ئەوەنییە کە ئۆپۆزسیۆن و خەڵکانی ناعەقڵانی سیاسی کورد تەئویلی دەکەن؟***

***وەڵام:*** لە پێشدا دەمەوێ ئەوە روونبکەمەوە کە تا ئەو رادەی ئاگادارم، پێموایە ئەو سەردانەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بۆ ئەمریکا لەسەر بانگهێشتی راستەوخۆی ئەمریکا نەبوو، بەڵکوو ئەوان لە لایەن "KNC"ەوە بانگهێشت کرابوون و لەڕاستیدا بەشێوەیەکی ئامرازی کەڵکییان لێ وەرگیرا بۆ پڕوپاگەندەیەکی بێ بنەماو نائەقڵانی، یا بەقەولی جەنابتان لە پێناو چاو سوورکردنەوە لە ئێران، هەڵبەت ئەمە تاکتیکێکی کاتی بوو لەم هەلوومەرجەدا..

ئەوەی کە ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆنو لایەنو کەسایەتییە سیاسیەکان بۆی دەچنو راڤەی دەکەنو تەواوی تواناو بیرو هزری بەرتەسکی خۆیان بەستۆتەوە بەو ئاقارەوە، باس لە نەبوونی توانایی مەعریفیو زانستی ئەوان دەکات لە هەمبەر کێشەکانو ئەو رووداوانەی کە بەرەوڕوویان دەبنەوەو دێنە گۆڕێ. هەر بەو جۆرەی پێشتریش ئاماژەم پێکرد هاوکێشە سیاسییەکان هیچ کاتێ بڕیاری یەکجارەکی لەسەر نادرێو ئەو خوێندنەوانەی ئەوان زۆر لە ئاستێکی نزمو کۆنو سەرەتاییدان، کە قەت ناتوانێت ببێتە ئاڵتەرناتیڤێک لە ئاست کێشەکانی رۆژداو قەت ناتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر گوتاری سیاسی زاڵ لە گۆڕەپانی سیاسی جیهاندا، بەمپێیە ناتوانێت وەڵامداری هەلومەرجەکە بێتو داخوازییەکانی جەماوەری پێ هەڵناسەنگێندرێت..

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: جوولای ٢٠٠٦

## ٢٨ی گەلاوێژ، دەستپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای کورد

**سەرەتا:**

### کاتێک خومەینیو داروودەستەکەی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا

توانیان لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکە بە تەواوەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێژیمی "پەهلەوی" بێنن، ڕێژەیەکی زۆر لە جەماوەری ئێرانو زۆر لایەنی دیکە سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی سروشتی پێی شاد و خۆشحاڵ بوون، پێیان وابوو کە ئیدی چەوساندنەوە، زەبروزەنگ، کوشتو بڕ، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و... لە ئێران کۆتایی دێو بەشێک لە هیواو خۆزگەکانیان دێتە دی. واتە دەسەڵاتی تازە ئازادی و دیموکراسیان بۆ دابین دەکا. بەڵام زۆر زوو ئەو شۆڕشە لە ڕەوتی راستەقینەی خۆی لایداو دەرکەوت ئەو دیاردەی کە بە ناوی"خۆمەینی" لە ژێر چەتری ئیسلامدا لە ئێران دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە، تراژیدیایەکی خوڵقاوی سەدەی بیستە کە خوازراوو نەخوازراو بەسەر نەتەوەبندەستەکانی ئەو وڵاتەدا سەپاوە.

کاتێ کۆماری ئیسلامی هاتەسەرکار لەژێر هێژمۆنیو کاریگەریی دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەستدا سیاسەتی تەفریس، تواندنەوەو ئاسمیلەکردنی نەتەوەکان دەستی پێ کردو سڕینەوە مافی رەوای نەتەوە بندەستەکان راشکاوانە وەک بابەتێکی ئاسایی لێ هات. بەواتەیەکی تر هەروەک چۆن پرۆفیسۆر "حوسێن بەشیریە" باسی دەکا، سیاسەتی چووکە کردنەوەی نەتەوەکانی دیکە، شێوەیەکی فەرمی گرتە خۆیو دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ئەو پەڕی هەوڵو توانایی خۆیان وەگەڕخست، بۆ ئەوەیکە پێش بەنەتەوەسازی بگرنو لەچوارچێوەیەکی بچووکدا وەک "قەوم" (ئەتنیک) باس لەنەتەوەکانی دیکە دەکەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەرکام لەو ئەتنیکانەی کە کۆماری ئیسلامی باسیان دەکا، بۆ خۆیان خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی، مێژوو، کەلتوور، زمان، ئاینو زۆر تایبەتمەندیی دیکەن، کەوەک فاکتەرەکانی نەتەوە بوون دێنە ئەژمار. هەروەها لەباری ژێۆپۆلۆتیکیشە هەموویان لەشوێنێکی تایبەت دانو سنوری تایبەتیان هەیە. لەم پێناوەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەرکاتێ باس لەکەلتوورو زمانو رابردووی نەتەوەکانی دیکە دەکەن، بە گرتنەبەری سیاسەتێکی دیماگۆژیانە زمانو کەلتوورو ناسنامەی نەتەوەییو مێژووی نەتەوەکان دەبەنە ژێر رکێفو کاریگەریی نەتەوەی باڵادەستی فارسو وەک پاشکۆی زمانو مێژوو و کەلتورو... فارس باس لەتایبەتمەندی نەتەوەکانی دیکە دەکەن. لێرەوە مافی نەتەوەبوونیان دانی پێدانانرێو مافێکی کەلتووریی دەستکردیان دەدەنێو وەک "ئەتنیک" لەئارا دان. چونکە ئەگەر وەک نەتەوە بەفەرمییان بناسێ، دەبێ دان بە بەمافی سیاسیی نەتەوەکانیشدا بنێو ئەمەش لەگەڵ یاساو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دژایەتی هەیە.

یەکێک لەو نەتەوانەی کە کەوتۆتە بەر شاڵاوی ئەم هێرشەوە، نەتەوەی کوردە لە رۆژهەڵاتی کوردستان . کورد بەهۆی تایبەتمەندیی جیاوازەوە لەچاو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران گەورەترین زەبرو زەنگو کوشتوبڕو دەیان کارەساتی تری چێشتوە کە هەر یەک لەو کارەساتانە لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوونێکی تایبەتی پێویستە.

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لەئێران دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەستی فارس لە چەند بواری سەرەکیدا هێرشەکانی خۆی دژی نەتەوەی کورد دەست پێدەکاو تا ئێستەش ئەو هێرشانە باون. لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ژینۆسایدی سوور(فیزیکی) لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

## ژینۆسایدی سوور:

کوشتو بڕ بەهەرشێوەیەک، لەئیعدامەوە بگرە تا تیرباران کردن، هێرشی نیزامی، کۆکوژی بەکەڵک وەرگرتن

لەچەک گەلی باوو ناباو یا لەچوارچێوەیەکی تردا "بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەک کیمایی و فۆسفۆریو ژەهرەو .... هتد" دەچێتە خانەی ژینۆسایدی سوورەوە.

## ژینۆسایدی سوورو رۆژهەڵاتی کوردستان:

ژینۆسایدی سوور بەرامبەر بەنەتەوەی کوردلە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دەست پێدەکاتو لە ٢٨ی گەلاوێژەوە بە شێوەی ئاشکرا دەست پێدەکا.

بە پێی ئەوەیکە لەسەرەتاکانی سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامیدا چەند دانیشتنێک لەنێوان وەفدی نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا بەڕێوەچووو وەفدی نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد داوای ئۆتۆنۆمی (خودمۆختاری) یان بۆ ناوچە کوردنشینەکان دەکردو ئەیانەویست خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، لەئاکامدا بەفەرمانی خومەینی شەپۆلێک لەتۆمەتو سووکایەتی کردن بەرێبەرانی سیاسی - نەتەوەییو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەستی پێ کردو پرۆپاگەندەیەکی بەرفراوانی لەپێناوی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی گەلی کورد لەسەرکرا. لێرەوە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵات بەچۆکی دا بێنێ، "چەمران" (وەزیری بەرگری)، "ئەبوو شەریف" (فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران)و "خەڵخاڵی"(وەک حاکمی شەرعی کوردستان)و چەند کەسێکی تر لەلایەن خودی "خومەینی"ەوە رادەسپێردرێنو کوشتو بڕ و ئیعدامی خەڵکی کورد لەکوردستان دەست پێ دەکەن. هەروەها بۆ ئەوەیکە پێش بەدەنگدانەوەی هێرشی ئەرتەشو سوپای پاسداران بۆ سەرکوردستان بگیرێ، چەند رۆژ پێش هێرشی رێژیم بۆ سەر کوردستان، نوێنەرایەتیو نووسینگەی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان دەستووتێندرێنو سانسۆرێکی هەمە لایەنە لەئێراندا سەقامگیر دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش، لەلایەنە نووسینگەی خومەینییەوە لەشاری "قوم" "قوتبزادە" "مونتەزێری"، "بەنی سەدر"، "خامنەیی" "فەخرەدین حیجازی"و... رادەسپێردرێن.

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی "خەڵخاڵی" وەک حاکمی شەرعو دادوەر لەلایەن خومەینییەوە بۆ کوشتوبڕی گشتیی دەنێردرێتە کوردستان. لێرەوە بەتوندی کۆکوژیو تیرباران کردنو تالانکردنی ناوچە کوردنشینەکان دەست پێ دەکا. (جێئاماژەیە لێرە لەپەنای ژینۆسایدی سووردا، ژینۆسایدی ئابووریش لەئارادایە. چونکە هەم کوشتوبڕی فیزیکی و هەم تاڵان کردن لە ئارادایە).

لەرێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژدا شارەکانی سنەو سەقز بەتوندی کەوتنە بەرهێرشو هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هاتنە نێو ئەم شارانەو دەستیان کرد بەکوشت و بڕو تیربارانکردنی خەڵک. بەئاماژە بەوەی هێزە کوردییەکان لەو کاتەدا کۆنترۆڵی ناوچەکوردنشینەکانیان بەدەستەوە بوو و لەهەمانکاتدا، چونکە وتوویژو دیالۆگ لەگەڵ ڕێژیم لەسەر داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بەئاکام نەگەیشت، بەرەورووی شەڕو دەرگیری بوونەوە. لەشەڕی پاوەدا "چەمرانو ئەبوو شەریف" لەشاخو چیاکانی دەووروبەری ئەم شارە دەکەونە بۆسەی هێزە کوردییەکانەوەو گیردەکەن. ئەم هەواڵە دەگاتەوە گوێی "خومەینی"و خومەینییش بێ دەستەوەستان ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژ فەرمانی هێرش بۆ سەر پاوە دەردەکاو بەفەرماندەکانی سوپاو ئەرتەشو ژاندارمری رادەگەیەنێ ئەگەر تا ٢٤ کاتژمێری تر کوردستان لەبوونی دژە شۆڕش نەسڕنەوە هەمووتان بەرپرسیارنو سزادەدرێن.

## دەقی پەیامەکەی خومەینی لە ٢٧ی گەلاوێژدا بەم چەشنەیە:

### فەرمانی ئیمام وەک بەرپرسی گشتیی هێزەکان، سەبارەت بە رووداوەکانی پاوە:

٢٤ رەمەزان ـ ٢٧ مرداد (گەلاوێژ)

بسم الله الرحمن الرحيم

لەلایەن ئێران و هێزە جۆراوجۆرەکانی ئەرتەش و پاسداران و خەڵکەوە داواکراوە کە من دەستوور بدەم بچنە پاوەو کۆتایی بەو دۆخە بێنن.

من سپاستان دەکەم و دەوڵەت، ئەرتەش و ژاندارمری ئاگادار دەکەمەوە، ئەگەر تا ٢٤ کاتژمێری تر بە تانک و تۆپ و سوپای تەیارەوە بەرەو پاوە بەرێ نەکەون هەموویان بە بەرپرس دەزانم.

من وەک بەر پرسی گشتیی هێزەکان، بەرپرسی ستادی ئەرتەش ئاگادار دەکەمەوە، ئەگەر بە خێرایی و بە تەیارییەکی تەواوەوە بەرەوە ئەو ناوچەیە نەڕۆن، دەستوور بە پادگانەکانی ئەرتەش و ژاندارمری دەدەم بە بێ

چاوەڕوانی دەستوورێکی تـرو کوشـتنی کـات بـەرەو پـاوە بـەڕێ بکـەون و داوا لـە دەوڵـەتیش دەکـەم بـە خێرایـی کەرەستەی پێویست بۆ ئەرتەش دابین بکات. تا دەستووری دوایی، من هێزەکانی ئینتزامی بە بەرپرسی ئەو کوشت و بڕە وەحشیانەیە دەزانم و ئەگەر دەستوورەکە جێبەجێ نەکەن، من بەشێوەیەکی ئینقلابی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم.

بەردەوام لە ناوچەوە ئاگادارمان دەکەنەوە کە دەوڵەت و ئەرتەش هیچ هەڵوێست و چالاکییەکیان نەبووە. ئەگەر تا ٢٤ کاتژمێری دیکە کردەوەی باشیان لێ نەبینم بەرپرسانی ئەرتەش و سوپا بە بەرپرس دەزانم.

والسلام روح الله الموسوی الخمینی

کەیهان، ٢٧ی گەلاوێژی ٥٨

### دەقی فتوای خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژدا بەم چەشنەیە:

**فەرمانی ئیمام خومەینی بە یەکەکانی زەوینی، هەوایی و دەریایی**
**ئیمام: بەبێ کوشتنی کات بڕۆن بۆ سنە**

ئەم دەستوورە نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەلایەن ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە (ئیمام خومەینی) دەرکراوە:

سەرجەم هێزەکان و بەتایبەت هێزی ئینتزامی سەرنج بدەنە ئەم دەستوورە:

بسم الله الرحمن الرحیم: هەر ئێستا ئەم هەواڵەمان پێ ڕاگەیشت کە لەسنە حیزبی دیموکرات، ئەرتەشییەکان و ڕێکخراوەکانی ئەوانی گەمارۆ داوەو ئەگەر تا نیو کاتژمێری تر یارمەتی نەگاتە ئەوێ چەکەکان دەبەن و لەمزگەوتی سنەوە ئاگاداریان کردینەوە کە حیزبی دیموکرات ژنەکانی ئێمەیان بەبارمتە گرتوە.

بەسەرجەم هێزە نیزامییەکان دەستوور دەدەم، بەپادگانی ناوەندەکان رابگەیەنن کە تا رادەی پێویست بەرەو سنە بچن و بەتوندی نەیاران سەرکوت بکەن. پاسدارانی شۆڕش لە هەرکوێ کە هەن تا رادەی پێویست بەرەولای سنەو تەواوی کوردستان بە خێرایی بچن و بەتوندی سەرجەم نەیاران سەرکوت بکەن.

درەنگ کردن تەنانەت بۆ ١ کاتژمێریش لادانە لە ئەرک و بەتوندی هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکرێ. لەگەلی ئێران داوا دەکەم کە ئاگادارین، هەرکام لە راسپێردراوان لەئەرکی خۆیان لایان دا، بێ درەنگ پێمان رابگەیەنن.

چاوەڕێی ئەوەم کە تا نیو کاتژمێری تر لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە هەواڵی تەیارکردنی گشتی بەمن بگا.

والسلام روح الله الموسوی الخمینی

کەیهان، ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨

بۆ ئەوەی زیاتر لەناوەرۆکی بابەتەکە بگەین لێرەدا پێویستە ئاماژە بەچەند نموونە لە ئێعدامو تیرباران کردنەکان لە کوردستان پاش ٢٨ی گەلاوێژ و چەند کاردانەوەیەکی جیاواز بکەین:

١- بەرەبەیانی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی هەتاوی ٧کەس لە پاوە بەبێ ئەوەیکە دادگایی بکرێنو رۆژێک دواتر، واتە ٣٠ی گەلاوێژ دیسان ٩کەس دیکە لەکاتژمێر٦ی بەرەبەیاندا بەهەمان شێوە بەحوکمی خاڵخاڵی تیرباران کران.

٢- لەرێکەوتی ١ی خەرماناندا "دکتۆر قاسملوو" رادەگەیەنێ کە بۆ وتووێژو دانیشتن لەگەڵ دەوڵەت ئامادەن، بەڵام دەوڵەت ئەم پێشنیارە رەت دەکاتەوە. لەوڵامی ئەم وتەی دکتۆر قاسملوودا، "ئەحمەد ئازەری قومی" دادستانی گشتیی شۆڕشی ئیسلامی لە تاران رادەگەیەنێ کە: دکتۆر قاسملوو، مامۆستا شیخ عێزەدینی حسێنی، مەتین دەفتەریو مەرزبان دەبێت دەستگیر بکرێنو بڕیارەکەشی دەردەکا.

٣- رۆژی ٣ی خەرمانانی ساڵی ٥٨، ٩کەس لەشاری مەریوانو دوو رۆژ دواتر، واتە ٥ی خەرمانان ١١ کەسی دیکە لەشاری سنە تیر باران دەکرێن. ئەو ١١کەسە، دوو کەسیان بەتوندی برینداربوونو بڕیاری تیرباران کردنەکەشیان، بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن لەلایەن خاڵخاڵییەوە دەردەچێت.

٤- لەرێکەوتی ٥ی خەرماناندا، خاڵخاڵی بەفڕۆکە شەو دەگاتە شاری سەقزو لەکاتژمێری ٧ی بەرەبەیانی رۆژێک دواتر، واتە ٦ی خەرمانان، بەبێ دادگایی کردن بڕیاری تیربارانکردنی ٢٠ کەس دەردەکاو هەرلەو کاتەدا جێبەجێ

دەکرێ.

٥- ڕۆژی هەینی ٩ی خەرمانان "تاڵەڤانی" لە نوێژی هەینی دا، وێڕای سووکایەتی کردن بەکەسایەتیو ڕێبەرانی سیاسیی کوردستان هێرش دەکاتە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردو لە پێناوی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستاندا دەڵێ:" هاوڕێ لەگەڵ ئیمام خومەینی بەسواری تانک دەچینە کوردستان".

٦- لەڕێکەوتی ١١ی خەرماناندا ١٩ کەس لەمامۆستایانی ئایینیی شاری مەهاباد لە نامەیەکدا بۆ خومەینی، داوادەکەن کە شەڕو ڕەشە کوژی کۆتایی پێ بێو کێشەکان لەڕێگەی دیالۆگو وتووێژەوە چارەسەر بکرێن. خومەینی لەوڵامدا کە لە ٢٣ی هەمان مانگدا لەڕۆژنامەی کەیهان چاپو بڵاو دەبێتەوە، وێڕای سووکایەتی پێکردن بەتوندی هێرش دەکاتە سەر ڕێبەرانی ئایینی و سیاسیی کوردستانو ئەڵێ: "ئەم ئیمزا گەلە لەلایەن کۆمەڵێک کەسی گەندەڵەوە تەزویر کراوەو ئەم سەرکردانەش کۆمەڵێک کەسی دۆڕاو و خائینن".

## ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی ژینۆساید

ژینوساید لەڕاستیدا پێشێلکردنی مافی گشتیی مرۆڤەکانە. هەربەوجۆرەی کوشتنی مرۆڤەکان سەلمێنەری ڕەتکردنەوەی مافی ژیانە، ژینۆسایدیش سووکایەتیکردنە بەنێوی مرۆڤایەتی. ئەم کردەوەیە، کەلتوورو شارستانییەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێشێل کردوە و خوڵقێنەرانی لەبەرامبەر جۆری مرۆڤەوە دادەنێ. (خاڵی شەشەمی یاسای دادگای نورێنبێرگ)

### ڕێکەوتننامەی ١٩٤٨:

١) **پێناسەی واقیعی ژینۆساید.**

١-١: پێناسەی ژینۆساید: کوشتو بڕ بەهەرجۆرو شێوازێک، بریتی لەئیعدام، تیرباران، هێرشی نیزامیو کۆکوژی بەکەڵک وەرگرتن لەچەکگەلی باو وناباو.

٢) ئەو خاڵانای کە وەک ژینۆساید دەناسرێن:

١-٢: کۆکوژی تاکەکانی کۆمەڵێکی تایبەت

٢-٢: هەوڵ بۆ سڕینەوەی زمانو لەناوبردنی کەلتووری نەتەوەیی کۆمەڵێک

٢-٣: گوشارخستنە سەرکۆمەڵێکی تایبەت بەمەبەستی لەناوبردنی

٢-٤: بەرگری لەزاوزێ کۆمەڵێکی تایبەت بەکەڵک وەرگرتن لەئامرازە ناباوەکان

٢-٥: کۆچی زۆرەملێی کۆیەک، بەشێک یا تەواوی ئەو کۆمەڵە تایبەتە

٣) گرنگایەتی ژینۆساید:

٣-١: ئامانجی ژینۆساید: لەناوبردنی بەشێک یاتەواوی ئەو کۆمەڵەیە

٣-٢: رێژەی قوربانییەکان

٣-٣: نەبوونی جیاوازی لەنێوان قوربانییەکاندا

٣-٤: نەبوونی ئازار لەمردندا

٣-٥: جیاوازیی هێزە نیزامییەکان لە خەڵکی مەدەنی.

## ٤) قۆناغەکانی تووش بوون:

٤-١: هۆکاریەتی ژینۆساید

٤-٢: دارشتنی ژینۆساید

٤-٣: وروژاندنی ئاشکراو نهێنی ژینۆساید

٤-٤: هەوڵ بۆ تووشبوونی ژینۆساید (تەنانەت ئەگەر پراکتیزەش نەبێتەوە) بەهۆی هەڕەشەکردن لەکۆمەڵگای جیهانی.

٤-٥ بەشداریی راشکاوانەو نهێنی لەژینوسایددا.

## ٤) مەحکوومبوونی ژینۆساید:

٥- لەرێکەوتی ٢٨ - ٥ - ١٩٥١دا دادگای نێونەتەوەیی لەبەیاننامەیک دا رادەگەیەنێ: مەبەست لە پەسەندکردنی ئەم بڕیارنامەیە، مەحکوومبوونی ژینۆساید، دادگایی بەرپرسان(خۆلقێنەران)و سزادانیان لەچوارچێوەی یاسا نێونەتەوەییەکاندا.

٥-٢ لەخاڵی شەشەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ یشدا هاتوە: خوڵقێنەرانی ژینۆساید دەبێت لەدادگای نێوخۆییدا دادگایی بکرێن، دادگاییەکە، لەدادگایەکی نێوخۆیی یا لەدادگای جەنایەتکارانی جەنگیدا بەبەشداریی نێو نەتەوەیی بەڕێوە دەچێ.

## دەستپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای کورد

ئەگەر لە روانگەیەکی یاساییەوە چاو لە بابەتەکە بکەین، دەکرێ رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ وەک دەستپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەست نیشان بکەین. ئەگەر چی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە کوشتو بڕی خەڵکی کورد دەست پێدەکاو لە ئامرازی جۆراوجۆر بۆ قڕکردنو سڕینەوەی کورد کەڵک وەردەگیرێت، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمیو ئاشکرا لە ٢٨ی گەلاوێژدا ناوەرۆکی راستەقینەو دژە کوردی کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ.

## گرنگیی و تایبەتمەندیی رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ:

١- فتوای جیهادی خومەینی لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا دژی تەوای خەڵکی کوردستانەو باس لە شاری سنە دەکات کە وەک پایتەختی کوردستانی بندەستی ئێران ناسراوە.

٢- رۆژی ٢٨ی گەلاوێژە کە خومەینی خاڵخاڵی وەک حاکمی شەرع دەنێرێتە کوردستانو کوشتو بڕی نایاسایی خەڵک دەست پێدەکات.

٣- لە هەمووی گرنگتر رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ خەڵکی کوردستان لە هەموو ناوچەکان یەک دەنگ هاوشان لەگەڵ سەرجەم هێزە کوردییەکان دژی کۆماری ئیسلامی رادەوەستن.

بە پێی ئەو پێناسەو پێوەرانەی کە بۆ ژینۆسایدی نەتەوەیەک لەبەر چاو دەگیرێ، دەکرێ ئێمە لەم خانانەدا بیسەلمێنین کە دژی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ژینۆساید بەڕێوە چووە کە بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەبێ ئەنجامدەرانو خوڵقێنەرانی سزا بدرێن.

١- پاش ئەوەی خومەینی فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کورد دەر دەکا، لە کوشتو بڕی خەڵکدا لە شێوازەکانی تیربارانکردن، کۆکوژی، لە سێدارەدان کەڵک وەرگیراوەو، ئەمەش واتە ئەستاندنی مافی ژیان لە کۆمەڵە مرۆڤێک یا رەت کردنەوەی مافی بوونو ژیانی نەتەوەیەک.

٢- ئەوە هێزانەی کە هێرشیان کردۆتە سەر خەڵک سەربە ڕەگەزێکی دیکە بوون و ئەوانەی کە کەوتوونەتە بەر هێرشەکەوە هەموو کورد بوون. واتە هێزی هێرشبەر و ئەو کۆمەڵەی کە کەوتوونەتە بەر هێرشەکە لە رووی رەگەزییەوە لێک جیاوازن.

٣- ئەوانەی کە کەوتوونەتە بەر ئەم پەلامارەوە بە بێ ئەشکەنجەو هیچ دادگایی و تاوانێک گیانیان لێ ئەستێندراوە. واتە نەبوونی ئازار لە مردندا.

٤- دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست و لەسەرووی هەموویانەوە خومەینی لە رێگای سووکایەتی کردن بە رێبەرانی کوردو مافەکانی کورد هەوڵی وروژاندنی خەڵک دەدا بۆ ئەوەی بوار بۆ بەڕێوە بردنی هێرشەکە بڕەخسێنێ.

٥- رێژەی قوربانییەکانی ئەو هێرشانەی کە پاش ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەکرێتە سەر کورد لە ماوەیەکی کورت دا لەهەزار کەس تێپەر دەبێ‌و بە هۆی درێژەکێشانی ئەم پەلامارانە لە ماوەی ١٢ ساڵی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ٥٠ هەزار کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەبنە قوربانی‌و مافی ژیانیان لێ ئەستێندرێ.

٦- خودی فەرمانی خومەینی وەک رێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ هێرش کردنە سەر خەڵکی کوردستان سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم هێرشانە داڕێژراوو بە پلان بوو. هەروەها ناردنی خاڵخاڵی وەک حاکمی شەرع بۆ کوردستان، سووتانی نوێنەرایەتیی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان لە تارانو شارەکانو سەپاندنی سانسۆرێکی هەمەلایەنە بۆ ئەوەی پێش بەدەنگدانەوەی هێرشەکە بۆ سەرکوردستان بگیرێ، بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هێرش بۆسەر کوردستان بە پێی بەرنامەیەکی لەپێشدا داڕێژراو بووە.

**ئاکام:**

بە پێی ئەو پێناسەو پێوەرە نێونەتەوەییانەی کە بۆ ژینۆساید رچاو کراون، کردەوەو هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەچێتە خانەی ژینۆسایدەوە. رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ کە خۆمەینی بە شێوەیەکی فەرمی بڕیاری هێرشی هەمە لایەنە بۆ سەر کوردستان دەر دەکا، بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئاماژەیان پێکرا دەکرێ وەک دەسپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای کورد دەستنیشان بکەین.

لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتییە ژینۆساید وەک کردەوەیەکی دژە مرۆیی دێتە ئەژمارو خۆڵقێنەرانیشی دەبێ سزا بدرێن. بۆیە کورد پێویستە کار لەسەر ئەم لایەنە بکاو بە کۆکردنەوەی بەڵگەو دکیۆمێنتی پەیوەندیدار لە

دەرفەتی گونجاودا، سکاڵا دژی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا تۆمار بکا بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هەوڵی سزادانی خوڵقێنەرانی ژینۆساید لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بدرێ.

*سەرچاوەکان:*


١- د. مارف عومەر گوڵ، ژینۆسایدی گەلی کورد

٢- د. ستار عزیزی، حمایت از اقلیتها در حقوق بین الملل.

٣- ڕۆژنامەی کەیهان، "مجلد"ی سێ مانگی هاوینی ساڵی ١٣٥٨.

٤- بهزاد حوشحالی، کردستان، روزهای بحران.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩

---

## کیمیا باران کردنی سەردەشت، مەرگەساتێکی لە بیر نەکراو

ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، لە گەرمەی شەڕی نێوان دوو ڕێژیمی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی و بەعسی عێراق دا، شاری سەردەشت کەوتە بەر پەلامار و لە لایەن ڕێژیمی روخاوی بەعسەوە کیمیاباران کرا. لە ئاکامی ئەم کیمیا بارانەدا، زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بوونە قوربانی و بەهەزاران کەسی دیکەش بریندار بوون .

مەرگەساتی کیمیاباران کردنی سەردەشت لە ساڵی ١٣٦٦ دا لە ئاکامی ململانێ و شەڕی ناڕەوای دوو ڕێژیمی بەعس و کۆماری ئیسلامیدا خوڵقا. بە واتایەکی دیکە سەردەشت لەو کاتەدا بووە گۆڕەپانی شەڕەکە و بەم جۆرە بووە قوربانی سیاسەتە شەڕئامێزەکانی دوو ڕێژیمی دژە کوردی بەعس و کۆماری ئیسلامی. هاوکات نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە ئەو کاتە شاری سەردەشت وەک گۆڕەپانێک بۆ ململانێ نێوان بەعس و کۆماری ئیسلامی زۆر مەبەستدارانە دیاری کرا بوو. ئەو کات هەر دوو ڕێژیمەکە بە جیا وەک هەمیشە بە توندی سەرکوتی بزووتنەوەی کوردیان هەم لە باشوور و هەم لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکرد، بۆیە بۆیان گرنگ بوو کە مەیدانی شەڕەکەیان کوردستان بێ.

ئەمەش لە مێژوودا سەلماوە کە هەمیشە ئەو داگیرکەرانەی کە کەوتوونەتە شەڕ و کێشەوە لەگەڵ یەکدتر کوردستانیان کردۆتە مەیدانی شەڕی خۆیان و لەو نێوانەدا هەر کورد بۆتە قوربانی.

کارەساتی کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت لە ساڵی ١٣٦٦ دا بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دەچێتە خانەی تاوان دژی مرڤایەتی و ژینۆسایدەوە. چونکە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، لە ساڵی ١٩٢٥ دا بە پێی پرۆتۆکۆلی ژێنێف کەڵک وەرگرتن لە چەکی کیمیایی قەدەغە کرا. کەچی دوای ٦٢ ساڵ بە شێوەیەکی دڕندانە و بێ بەزەییانە و بەربڵاو ئەم چەکە دژی خەڵکی بێ تاوانی سەردەشت بەکار هێنرا. جگە لەمەش کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت بە پێی بڕیارنامەی ساڵی ١٩٤٨ دەچێتە خانەی ژینۆسایدی سوورەوە و دەبێ ئەنجامدەران و خوڵقێنەرانی تاوانەکەش لە دادگایەکی نێونەتەوەیی یان نێوخۆییدا سزا بدرێن.

بەرانبەر بە کارەساتی کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت، وڵاتانی جیهان و ناوچەکە بێدەنگ و بوون و هەڵوێستێکی ئەوتۆ نەهاتە گۆڕێ کە ڕێگا لە دوو پاتبوونەوەی ئەم جۆرە تراژیدیایانە بگرێ و هەر ئەم بێدەنگیەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی بەعس ساڵێک دواتر ئەم چەکە قەدەغە کراوە لە ئاستێکی بەرفراوانتردا دژی خەڵکی بێ تاوانی هەڵەبجە بە کار بهێنێ.

تا ئێستا کە چەندین ساڵ بە سەر ئەو مەرگەساتەدا تێدەپەڕێ، لە هیچ دادگایەکی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا دۆسیەی کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت نەهاتۆتە گۆڕێ، تا ئەوەی خوڵقێنەرانی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە بە سزای خۆیان بگەیێندرێن.

ئێستاکەش کە چەندین ساڵ بەسەر ئەو مەرگەساتەدا تێدەپەڕێ، کاریگەری کیمیاباران کردنی ٧ی پووشپەڕ بە سەر شاری سەردەشتەوە ماوە و زۆرن ئەوانەی کە بە هۆی ئەو کیمیابارانەوە کەم ئەندامبوون و ئێستاش بە دەست ئێش و ئازارەوە دەناڵێن.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین کە دروستە وڵاتانی ناوچەکە و دەوروبەر بەرانبەر بەو مەرگەساتە بێدەنگ بوون و تا ئێستاش خوڵقێنەرانی ئەم کردەوەیە لەم پێوەندییەدا بە سزای خۆیان نەگیشتوون، بەڵام بۆ هەمیشە یادی ئەو مرۆڤانەی کە ڕۆژی ٧ی پووشپەڕ بوونە قوربانی دەستی خوێنمژانی کورد لە دڵی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەردا

دەمێنێ و ئەو مەرگەساتە تاڵە لە مێژووی کورد دا لە بیر ناکرێ.

لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا یادی بیست ساڵەی بۆردمانی شیمیایی سەردەشت کرایەوە
لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا یادی بیست ساڵەی بۆردمانی شیمیایی سەردەشت کرایەوە
لە ڕێورەسمێکی تایبەت دا لە بنکەی دەفتەری سیاسی یادی بیست ساڵەی بۆردمانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە کرایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٠

## ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ کاری ڕاگەیاندن لە ئێرانی ئێستادا

پاش ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریی ئێران و یا بە واتایەکی دیکە دوای دانانەوەی "مەحموود ئەحمەدی نژاد" لە پۆستی سەرکۆماریدا، یەکێک لەو توێژانەی کە لە ئێران کەوتە بەر پەلامارێکی دڕندانەوە و تا ئێستا لەو پێناوەشدا نرخی زۆریان داوە، توێژی قەڵەم بەدەستان وبەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوون.

بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئێراندا زاڵە و قۆڵی پاوانخواز لە هیچ چەشنە کردەوەیەک بەرانبەر بە خەڵکی ناڕازی خۆی نابوێری، پیشەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لەو وڵاتە ڕەشترین و تاڵترین ڕۆژەکانی خۆی تێپەڕ دەکا و ئێران بۆتە گەورەترین زیندان بۆ ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا. بە دیوێکی دیکەشدا دەکرێ بڵێین ئەو وڵاتە بۆتە گۆڕستانێک بۆ بڵاوکراوەکان.

پاش ٢٢ی جۆزەدان ڕێژەی دەستگیر کردن، بەجێهێشتنی وڵات، هەڕەشە دژی ڕۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و داخستنی بڵاوکراوەکان بە جۆرێک پەرەی گرتووە کە تەنانەت لەگەڵ ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کە خومەینی دەیگوت:" هەر هەنگاوو قەڵەمێک دژی ئەم نیزامە بێ دەشکێندرێ"

بەراوەرد ناکرێ. ئەم بارودۆخە تاڵە گەیشتۆتە ئاستێک کە لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا بێ وێنە بووە.

پاش ئەوەی "محەمەد عەلی رامین"، جێگری چاپەمەنیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی دوای پێکهاتنی کابینەی دەیەم لەم وەزارەتە دەستی بەکار کرد، کار و کردەوەکانی ناوبراو لە چوارچێوەی ئەو یاساییەی کە بۆ خۆیان دایانناوە لایداوەو ناوبراو تەنانەت بە بەڕێوەبەرانی رۆژنامەکان رادەگەیەنێ کە چ مانشێتێک دابنێن و لە هیچ چەشنە دەستێوەردانێک خۆی نابوێرێ. ناوبراو تەنانەت لە چاپخانەکانیش نوێنەری تایبەتی خۆی داناوەو بە هەموو شێوەیەک چاودێری و کۆنترۆڵی رۆژنامەو بڵاوکراوەکان لەکاتی چاپیشدا دەکا.

لە ژێر کاریگەریی ئەم بارودۆخە و کردەوەکانی جەنابی جێگری چاپەمەنی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشاد دا، ئێستا رۆژنامەنوسان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی راگەیاندن لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگ بەرەوڕوون و لە چەند لاوە مافیان پێشێل دەبێ. بۆ نموونە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ژمارەیەک لەو پێشێلکاری و گرفتانە بکەین:

١- لە یەکەم قۆناغدا، مافی ئازادیی بڵاوکردنەوە کە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ئاماژەی پێکراوە پێشێل دەکرێ.
٢- ئیزنی وەرگرتنی مۆڵەتنامە بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بۆ سەرجەم ئەو کەس و لایەنانەی کە لەگەڵ قۆڵی بناژۆخوازی کۆماری ئیسلامی نین راگیراوە. بە پێی ئەو ئامارانەی کە بڵاو بوونەتەوە ئێستا زیاتر لە چوار هەزار داواکاری بۆ وەرگرتن مۆڵەتی دەرکردنی بڵاوکراوە لە وەزارەتی ئیرشاد دایە، بەڵام جێگری چاپەمەنی ئەم وەزارەتە هیچ کام لەم داواکارییانەی وەڵام نەداوەتەوەو رایگرتوون.
٣- رۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی راگەیاندن هیچ ئاسایشێکی پیشەییان نییە. بە جۆرێک کە چالاکانی ئەم بوارە دەستگیر دەکرێن یا بانگ دەکرێن بە شێوەی نایاسایی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئەم دۆخە گەیشتۆتە ئاستێک کە دەستگیر کردنی رۆژنامەنووسان لەسەر شەقام لە شەودا پەرەی سەندوە.
٤- لە ژێر رووناکیی ئەم بارودۆخەدا ئێستا لە ئێران هەواڵەکانی نێوخۆیی بەجێ ئەوەی لە بڵاوکراوەکانی نێوخۆ بڵاو ببنەوە، لە میدیا دەرەکییەکاندا بڵاو دەبنەوە. ئەمەش بەرهەمی ئەو هەڕەشەو گوشارانەیە کە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە خستوویانە سەر چاپەمەنییەکان و دەزگاکانی دیکەی راگەیاندن.
٥- پەرگرتنی خۆسانسۆری گرفتێکی دیکەی رۆژنامەنووسان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی راگەیاندنە. ئەرکی هەر دەزگایەکی راگەیاندن لە هەر کۆمەڵگایەکدا گواستنەوەی رووداوەکان و واقیعیەتەکانە بۆ نێو کۆمەڵگە. کە چی لە ئێراندا لە ژێر بیانوو و تۆمەتی جۆراوجۆردا، رۆژنامەنووسان ناتوانن رووداوەکان وەک ئەوەی هەیە بیگوازنەوە بۆ

نێو کۆمەڵگەو تەنانەت لە چەندین بواردا ناتوانن هیچ شتێک بڵاو بکەونەوەو سانسۆرێکی ڕەها زاڵە.

٦- بە هۆی ئەم سیاسەتانەی قۆڵی پاوانخوازی سیستمی کۆماری ئیسلامییەوە، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا زیاتر لە دوو هەزار ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری دەزگای ڕاگەیاندن لە ئێران بێکار بوون. ئەمەش لەوەو، سەرچاوە دەگرێ کە دەوڵەت نەتەنیا هیچ یارمەتییەکی ئابووریی ئەو ڕاگەیاندنانە ناکات کە بە جۆرێک ڕەخنەگری کردەوەکانی قۆڵی پاوانخوازن، بەڵکو گوشارێکی لە ڕادەبەدەری خستۆتە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بۆیە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنیش ناچارن کە ڕێژەی بەڕێوەبەران و کارمەندانی خۆیان کەم بکەنەوە.

٧- ئەم سیاسەتە وای کردوە کە ئێستا دەیان کەس لە ڕۆژنامەنووسان و قەڵەمبەدەستان لە ئێران لە زینداندان و بە پێی نامەیەکیش کە ڕۆژی ١٠ی دێسامبر ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی ئێران بۆ "بان کی مۆن"، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نووسیویانە، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ٤٠٠ ڕۆژنامەنووس ناچار بە کۆچی زۆرە ملێ بوون. یا شوێنی ژیانی خۆیان لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە گۆڕیوەو یا ناچار بوون کە ئێران بە جێ بهێڵن و ڕوو لە وڵاتێکی دیکە بکەن. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕۆژنامەنووسانە سەرەتاییترین ئیمکاناتی ژیانی خۆیان لە دەست بدەن و بکەونە مەترسییەوە.

ئەم سیاسەتەی قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی جگە لەو بڵاوکراوانەی کە سەر بە خۆیانن، لە ئاستی جۆراوجۆردا سەرجەم ئەو بڵاوکراوانەی کە سەر بە ریفۆرمخوازانن و تەنانەت ئەو بڵاوکراوانەش کە سەر بە بناژۆخوازانن و ڕەخنەگری دەوڵەتن، گرتۆتەوە.

کاتێ کە "محەممەد عەلی ڕامین" وەک جێگری چاپەمەنیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی دەست بەکار بوو ڕایگەیاند کە ئەو هاتوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکان بمێننەوە! بە پێی ئەم سیاسەتە وادیارە لە ئاکامدا ڕۆژنامەکان کۆی دەکەنەوەو دەڕۆن و ئەو دەمێنێتەوە.

ئەم بارودۆخە لە کاتێکدایە کە "مەحموود ئەحمەدی نژاد"، پێشتر لەم پەیوەندییەدا وێڕای ڕەخنە گرتن لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی سەرکۆمارەکانی پێش خۆی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان وتی کە بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو و ئەوەی کە گوایە ئەو باوەڕی بە ڕەخنەگرتنی ڕەها هەیە!! دەوڵەتەکەی هیچ دژکردەوەیەکی نیشان نەداوەو ڕەخنەکانی قبووڵ کردوە. هاوکات چەندین جاریش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە ئێراندا ئازادییەکی ڕەها هەیە.

جێ خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکیش بە هەڵوێستی "عەلی خامنەیی"، رێبەری کۆماری ئیسلامی لەم پەیوەندییەدا بکەین. خامنەیی لە رۆژی ٢٥ی نوامبردا لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەسیجییەکان، وێڕای رەخنە گرتن لە دەزگاکانی راگەیاندن وتی: فەزای راگەیاندن لە ئێراندا فەزای تۆمەت و دەنگۆ نانەوەیە دژی بەرپرسانی وڵات. راگەیاندنەکان بەردەوام بەدوای ئەوەوەن کە دووبەرەکی ساز بکەن و پەرە بە رەشبینی بدەن و دەنگۆ بڵاو بکەنەوە". ناوبراو هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە گومان دروست کردن لەسەر هەڵبژاردنەکان و رەخنەگرتن لە کارو کردەوەکانی وەزارەتی ناوخۆو شوورای نیگابان زەرەری هەیە و لە پێناو ویستی دوژمندایە. رێبەری کۆماری ئیسلامی هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دوژمن جەنگێکی نەرمی لە رێگای راگەیاندنەکانەوە دژی کۆماری ئیسلامی دەست پێ کردووەو بە بەسیجییەکانی راگەیاند کە ئەرکی سەرەکیی ئێمە لەوە بەدوا دەبێ خەبات کردن دژی ئەو جەنگە نەرمەی دوژمن بێ.

خامنەیی لێرەدا جۆرێک داروەستەکەی خۆی بۆ پەلاماردانی زیاتری راگەیاندنەکان هاندەداو هاوکاتیش(وەک هەمیشە) دەیهەوێ بڵێ کە هەر رۆژنامە و بڵاوکراوەیەک بچووکترین رەخنە لە دەوڵەت و بەرپرسان بگرێ ئەوا دەستی دوژمنی لە پشتە. واتە لەژێر چەتری ئەم تۆمەتەدا دەیهەوێ رەوایی بە پەلاماردانی رۆژنامەنووسان و بەرێوەبەرانی دەزگاکانی راگەیاندن لە لایەن داروەستەکەیەوە بدا.

لەماوەی شەش مانگی رابردوودا چالاکی دژی ئاسایشی نەتەوەیی، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتی ناڕاست و درۆ بەمەستی دەنگۆ ساز کردن و وروژاندنی رای گشتی، سیخۆری کردن بۆ ئەمریکا، ئیسرایيل، بریتانیاو...، پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، وتووێژ لەگەڵ میدیا دەرەکییەکان، سووکایەتی کردن بە رێبەری نیزام + سەرکۆمار و... لەو تۆمەت و بیانووانە بوون کە بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دژی دەزگاکانی راگەیاندن و بەرێوەبەرانیان بەکاریان هێناوە.

لە راستیدا لە ژێر چەتری ئەم بیانوانەدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی پێش گرتن لە بڵاو بوونەوەی زیاتری هەواڵ و بابەتی پەیوەندیدار بەو قەیرانانەی کە ئەو وڵاتە تووشی بووە، دەیان رۆژنامەنووس دەستگیر کراون، چەندین بڵاوکراوە داخراون، سەدان سایت و وێبلاگ فیلتەر کراون، دەیان رۆژنامەنووس ناچار بوون هەڵبێن و وڵات بە جێ بهێڵن، بە شێوازی جۆراوجۆر هەڕەشە لە رۆژنامەنووسان کراوە و دەزگاکانی راگەیاندن پەلامار دراون.

بەهەرحاڵ ڕۆژنامەنووسان لە دۆخێکی زۆر تاڵدا لە ئێران ساڵی ٢٠٠٩یان تێپەڕ کرد، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر ڕاگەیاندنەکان ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران بڵاو نەکەنەوە، ڕۆژنامەنووسان بێدەنگ بن و... ئایا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەو قەیرانانەی کە بۆ خۆیان خوڵقاندوویانە دەرباز دەبن و کێشەکان چارەسەر دەبن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جانێوێری ٢٠١٠

## بزووتنەوەی سەوز و زەرووڕەتی ئاڵوگۆڕ لە گوتاردا

بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئەمڕۆ لە ئێران بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە نێوی "بزووتنەوەی سەوز" لە گۆڕێدایە. هەر وەک دەیان جار باس کراوە ئەم بزووتنەوەیە بەرهەمی سێ دەیە سەرکووت و چەوساندنەوەیە. ئەو کودەتایە کە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریدا دژی دەنگی خەڵک کرا بووە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی بەربڵاو خەڵک بێنە سەر شەقام و نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە زەوت کردنی مافەکانیان لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا دەرببڕن. بێ گومان ئەم بزووتنەوەیە خاوەن تایبەتمەندی خۆیە و خاڵی بەهێز و لاوازیشی هەیە. زۆر بابەت هەبوون کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیدا هێڵی سوور و بڤە بوون، بەڵام ئەم بزووتنەوەی توانی ئەو تابۆیانە بشکێنێ و قەیرانێکی جیددی بۆ دەسەڵاتی ئەو وڵاتە پێک بێنێ و خودی "ولایەتی فەقیە"و هێما پیرۆزەکان بکا بە ئامانج و بیپێکێ. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بزووتنەوە ئەوەیە کە چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا وەک خوێندکاران، رووناکبیران، ژنان و... تێدا بەشدارن. لەم رووەوە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە توانیویەتی ریشە لە نێو لایەنە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا داکوتێ یا بە واتایەکی دیکە ئەو دەرفەتەی پێک هێناوە کە ئەو لایەنانەی کۆمەڵگا بەشدار بن تێدا. ئەم دوو خاڵە و چەند تایبەتمەندی دیکە، دەکرێ وەک لایەنە بە هێزەکانی ئەم بزووتنەوەیە باسیان لێ بکرێ.

لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا یەکێک لەو بابەتانەی کە بەردەوام رەخنەی لێ گیراوە، ئەوە بووە کە بۆ ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە ناوەند و چەند شارێکی گەورەی ئێران ماوەتەوەو بۆ شار و ناوچەکانی دیکە پەل و پۆی نەهاوێشتووە. لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا روانگەی ئەمنیەتی دەسەڵات لە ئێران زیاتر لە سەر ئەو ناوچانە چڕ

ببووەوە کە لە پەراوێزدا بوون. ئەم ناوچانە کە کوردستان نموونە زەقەکەیەتی لە روانگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە وەک ناوچە قەیراناوییەکان سەیر دەکرا. هاوکات زیاترین نارەزایەتییەکان لەم ناچانەوە بوون. واتە لەو ماوەی ساڵانی رابردوودا قەراخ(ئەو ناوچانەی لە پەراوێز دان) دژی دەسەڵات چالاک بوو و ناوەند و شارەکانی دیکە بەانبەر بەم بابەتە بەو شێوە کە پێویست بوو نەدەهاتنە نێو کێشەکان و کەمترین نارەزایەتییان لە خۆیان نیشان دەدا. ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو کە دەسەڵات بتوانێ هێزی خۆی لەم ناوچانە چڕ بکاتەوەو خەڵکی نارازی سەرکوت بکا. بەڵام ئەگەر ئێستا چاو لە بابەتەکە بکەین دەبینین بە پێچەوانەیەو شارە گەورەکان و ناوەند بوونەتە مەیدانی سەرەکی کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بەرێوەبەرانی. ئەمەش لە راستیدا یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی سەوزەو بۆتە هۆی ئەوەی دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاترین هێزی خۆیان لە ناوەند و شارە گەورەکان بۆ سەرکوتی خەڵکی نارازی چڕ بکەنەوە. رەنگە زۆر کەس کێشەکە لەوەدا ببینن کە ئەو نارەزایەتییە ئەمرۆ لە تاران و شارە گەورەکان لە گۆرێدایە، کێشەی ناوچەکانی دیکە نیە بۆیە ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیوە لە هەموو ناوچەکان ریشە داکوتێ.

ئەگەر لە لایەنی جۆاوجۆرە خوێندنەوە بۆ ئەم بابەتە بکەین دەردەکەوێ کە کێشەکە وا نییە، چونکە خەڵکی ئەو ناوچانەش نەمانی ئەو سیستمەیان پێ خۆشەو هەر چەشنە دژایەتی کردنێکی ئەو سیستمە لە بەرژەوەندیان دایە.

لە راستیدا کێشەی ئەوەی کە بۆ بزووتنەوەی سەوز نەیتوانیوە هەموو شارو ناوچەکان بگرێتەوە، دەگەرێتەوە بۆ گوتاری ئەو بزووتنەوەیە. لێرەدا رەنگە زۆر کەس وا چاو لە بابەتەکە بکەن و بڵێن کە بزووتنەوەی سەوز "بزووتنەوەیەکی هەمە رەنگە"، بۆیە گوتارێکی دیاری کراوی نییە. چونکە هەر وەک ئاماژەی پێدرا چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا وەک خوێندکاران، رووناکبیران، ژنان و... تێدا بەشدارن. لە راستیدا ئەم چین و توێژانە هەر کام تەعبیر لە ویست و داخوازییەکانی خۆیان دەکەن، بۆیە زۆر سروشتییە لە ئاست خۆیان بێنە نێو کێشەکە، بەڵام ئەوەی لە هەموومان گرنگترە کێشەی نەتەوەکانی ئێرانە لەم بازنەیەدا.

ئەگەر بێین خەسارناسیی بابەتەکە بکەین دەردەکەوێ کە بزووتنەوەی سەوز بە شێوەیەکی فرە رەهەند گەشەی نەکردووە. واتە هاوکات نەیتوانیوە لە هەموو رووبەکەوە خۆی پێش بخا. بۆ نموونە ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە هەر لەسەرەتاوە تا ئەمرۆ هەڵبسەنگێنین، دەبینین رۆژ بە رۆژ ئەو دروشمانەی کە خەڵک لە نارەزایەتییەکاندا وتوویانەتەوە رادیکاڵتر بۆتەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم لایەنە نەهاتووە داخوازییەکانی پەرە پێ بدا و گرفتە

سەرەکی یەکانی بەردەم پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆنی ئێران کەزیاتر خۆی لە مافی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتەدا دەبینێتەوە بخاتە بەر باس. لە کاتی هەڵبژاردەنکاندا دیتمان کە ئاوڕدانەوە لە لانی کەمی مافی نەتەوە بندەستەکان لە لایەن "مێهدی کەڕوبی" و بە پلەی دووهەمیش لە لایەن "میر حوسێن موسەوی"یەوە بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر بێنە مەیدان و بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیشدا بکەن. واتە گرفتی سەرەکی لێرە لەوەدایە کە ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کە ڕێبەری بزووتنەوەی سەوز دەکەن بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە پەل و پۆ بهاوێ و لە هەموو ناوچە جیاجیاکان ریشە داکوتێ، نەهاتوون پەرە بەم گوتارە بدەن و ڕۆژ بە ڕۆژ چوارچێوەیەکی بەرینتر بدەن بە باس کردنی مافی نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییەکانی دیکە لە ئێران. ئەمە لە راستیدا دەیتوانی و دەشتوانێ کۆڵەکەیەکی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە بێ و ببێ. ئێستاشی لەگەڵدا بێ کەسانێک یان هەندێ لایەن لە ناو بزووتنەوەی سەوزدا لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک بیانوو و لێکدانەوەی سواوی وەک "پاراستنی یەکپارچەیی ئێران" خۆیان لەم بابەتانە نادەن کە مەرجی سەرەکی دەستەبەر بوونی ئێرانێکی دیموکراتیک و یەکپارچەیە. بە پێچەوانەوە باس نەکردن لە مافی نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییەکانی دیکە هەر ئێستا بۆتە هۆی دروست بوونی سنوورێک لە نێوان ناوەند و شارە گەورەکانی ئێران و ناوچەکانی دیکە. ئەو کەسایەتی و لایەنانەش کە خەمی یەکپارچەیی ئێران دەخۆن، دەبێ ئەم سنوورە بە مەترسی یەک بۆ سەر یەکپارچەیی ئێران بزانن، نەک هێنانە گۆڕی مافی نەتەوەبندەستەکان. چونکە ئەزموونی ئەو ماوەیە دەریخست کە ئەم خوێندنەوەیە هەڵەیەو گەورەترین خەسارە بۆ بزووتنەوەی سەوز.

بۆ نموونە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا لە کوردستان دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی دەسەڵات گوشارەکانی خۆی بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد چڕتر کردۆتەوە. ئێستا زیاتر لە ٢١ کەس کە زۆربەیان لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کوردن لە لایەن بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامییەوە بڕیاری ئێعدامیان بۆ دەرکراوە و لە چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەدان و دوایین ساتەکانی ژیانیان دەژمێرن. لە ماوەی چەند مانگی رابردووشدا دوو چالاکی سیاسی دیکەی کورد بە ناوەکانی "ئێحسان فەتاحیان"و "فەسیح یاسەمەنی" لە بەندیخانەکانی "سنە" و "خۆی" بوونەتە قوربانی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی. لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیدا و ئەو گۆشارانەی کە رۆژانە بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد پەرەدەستێنن، دەبینین ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کە ڕێبەری بزووتنەوەی سەوز دەکەن هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە و بێدەنگ بوون. ئەم بێدەنگیەش دەکرێ ئەو تەعبیرەی لێ بکرێ کە ئەو کەسایەتی و لایەنانە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییان بەرانبەر بە کوردستان لا پەسندە، بۆیە هیچ هەڵوێستێکیان نییە. مادام ئەم زێنیەتە لای خەڵکی کوردستان دروست بووە، زۆر سروشتییە کە

خەڵکی کورد تێکەڵ بەو نارەزایەتییە نەبن و بزووتنەوەی سەوزیش نەتوانێ لە کوردستان ریشە داکوتێ. ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستان زاڵە باشترین دەروازەیە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی سەوز بتوانێ لە ئاستێکی بەربڵاودا خەڵکی کورد بێنێتە نێو حەرەکەتەکە.

بۆیە لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم بزووتنەوەیە دەبێ لە خۆیدا ئاڵوگۆڕێکی گوتاری پێک بێنێ و بۆ ئەوەی بتوانێ لە هەموو شار و ناوچەکان خەڵک بێنێتە سەر شەقام و ئاوڕ لە مافی نەتەوە بندەستەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بداتەوەو نابێ بهێڵێن ئەم دەرفەتە لە دەست بچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فیبریوێری ٢٠١٠

---

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: مافی ئەوەم نیە ئەو نهێنی یانەی لە لامە، بە بێ ئیزنی حیزبەکەم ئاشکرا بکەم...

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کەسایەتیی سیاسیی کورد لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ «کورد کاناڵ» دا

دیمانە: مادح ئەحمەدی

(بەشی یەکەم)

ئاماژە: خوێنەرانی بەڕێز هەروەک ئاگادارن ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٦٥ ساڵ بەسەر تەمەنی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"دا تێپەڕی. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە بەتەمەنترین حیزبە کوردی یەکان لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە و لە زۆر لایەنەوە دەکرێ ئێمە قسەی لە سەر بکەین. لە مێژووی ئەم حیزبەدا کۆمەڵێک پرسیار هەن، ڕەنگە تا ئێستا لای زۆر کەس جێ ڕەخنە بوویێتن و کەوتبنە بەرباس، یان

لەراستیدا پرسیاری زۆرێک لە ئێوەی ئازیز بن. کورد کانال لە دیدارێکی تایبەت دا کۆمەڵێک پرسیاری کلیدی لەسەر مێژووی حیزبی دیموکرات (لە دامەزرانیەوە تا ئێستا) لەگەڵ مامۆستا " عەبدوڵلا حەسەن زادە" خستە بەرباس کە بە پێویستمان زانی لە "کوردستان"دا دەقی ئەو وتووێژە بڵاو بکەینەوە.

***مادح ئەحمەدی:*** *مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەتان پێ داین کە لەم دیدارە تایبەتەدا چەند پرسیارێک لەسەر مێژووی حیزب بخەینە بەر باس. مامۆستا لە ماوەی چوار دەیەی رابردوودا جەنابت لە حیزبی دیموکراتدا بەردەوام لە رأسدا بووی و رۆڵی سەرەکیت هەبووە. لەم رووەوە بێگومان ئاگاداری زۆربەی نهێنی یەکانی ئەم حیزبەی، بەڵام تا ئێستا شتێکی زۆر سەیروسەمەر و نهێنی کە پێویست بێ باس بکرێ و خەڵک بزانێ باستان نەکردوە. هەر نهێنی یەکیش ٣٠ ساڵ بە سەری دا تێپەڕێ بەڵگەمەندی (سندیت)ی خۆی لە دەست دەدا. رەنگە لە داهاتوودا کۆمەڵێک کەس ئەو شتانە چەواشە بکەن. پێت وانیە باشتر وایە ئەگەر نهێنی یەک لە گۆڕێ دایە لە زمانی کەسانێکی وەک جەنابتەوە باس بکرێ و بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو؟*

***عەبدوڵلا حەسەن زادە:*** ئەمنیش سپاستان دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە، چونکە لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ (ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)داین و بەتایبەتی ئەمساڵیش ساڵێکی یووبیلی یە پیرۆزبایی دەکەم لە ئێوە، لە هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی باست کرد لەبارەی مەسایلی نێو حیزبەوە و نهێنی یەک کە لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندایە یان لە نێو بزووتنەوەی کورددا هەبێ، ئەمن پێموایە لە حیزبی سیاسی دا و یەک لەوان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا نهێنی ئەوەندە زۆر نیە.

***مادح ئەحمەدی:*** *چۆن ئەوەندە زۆر نیە؟*

***عەبدوڵلا حەسەن زادە:*** چونکە ئەو بەرنامەیەکی نیە لە پشتی سەری خەڵکەوە بێ. حیزبی سیاسی هەر بەرنامەیەکی هەیە، بۆ ئەوەیە بە خەڵکی بڵێ و تەبلیغی لەسەر بکا . حیزبی سیاسی لەوەدا سەر دەکەوێ کە بتوانێ شتەکانی بە خەڵکی بڵێ و خەڵکی تێبگەیەنێ.

**مادح ئەحمەدی**: *بەهەر حاڵ ئەم حیزبە خاوەن کۆمەڵێک پێوەندییە؟*

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم لاو ئەولادا ڕەنگە هەندێ نهێنی بێنێتە پێش. ئەوەی لەسەرەتادا باست کرد لە دوو سێ لایەنەوە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان جیاوازیی هەیە. یەکەم بۆ حیزبێکی سیاسی بە قەولی ئێرانی یەکان منحله (هەڵوەشاوە) و نایاسایی لەگەڵ دەوڵەتان جیاوازیی هەیە.

**مادح ئەحمەدی**: *هەڵبەت لە ئێرانی یەکان دا، تەنیا کۆماری ئیسلامی (حزب منحله) دەڵێ؟*

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە***: نا. لە پێش کۆماری ئیسلامییش دا دەستەواژەی «منحله»مان هەبووە. ئەگەر بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش نەبووبێ ئەوا بۆ حیزبەکانی دیکە هەبووە. بۆ وێنە بۆ یەکەمین جار دەستەواژەی «حزب منحله» بۆ حیزبی «تودە» لە زەمانی شادا بەکار دەبرا. ئەمە گرنگ نیە، بەڵام جیاوازی هەیە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان. لەگەڵت نیم کە لە دەوڵەتانیش دا هەر نهێنی یەک تەنیا ٣٠ ساڵ بەسەری دا تێپەڕی سەنەدیەتی خۆی لەدەست دەدا. ئەوان (دەوڵەتان) ڕەدەبەندیی تایبەتی خۆیان هەیە. هێندێک نهێنی یان هەتا ١٠٠ساڵیش هەر ئاشکرا ناکەن. هێندێکیش کەمتر، تا دەگاتە ٣٠ ساڵ و ڕەنگە هەندێ بابەتیش لە گۆڕێ دا بێ کە زووتر لە ٢٠ ساڵ و تەنانەت ١٠ ساڵیش ئاشکرا بکرێ.

**مادح ئەحمەدی**: *باشە هەندێ کەس یا هەندێ لە بەرپرسان ( بۆ وێنە سەرۆک وەزیر، وەزیر، سەرۆکی حیزب یان هەندێ کەس کە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆریان هەیە) دوای بەرپرسایەتی یەکەیان زۆربەی نهێنی یەکان دەدرکێنن.*

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە***: بەڵێ. زۆر شتی خۆیان دەنووسن. مافی خۆیانە. بەڵام ئەوانیش مافی ئەوەیان نیە چوارچێوە گشتی یەکە بشکێنن. ئەوانیش بێگومان ئەوە دەپارێزن.

**مادح ئەحمەدی**: *بەڵام ئەوەی ئێمە تا ئێستا لە جەنابتمان لەسەر ڕابردوو و مێژووی حیزب بینیوە. هەر ئەو شتانەیە کە لە «نیو سەدە تێکۆشان»دا لەسەر ڕابردووی حیزب باست کردوە.*

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە***: ئەمن جاری دیکەش ئەو پرسیارەم لێکراوە. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەمن دەڵێم ئەوەی

پێوەندیی بە خۆمەوە هەیە ئەگەر کاریگەریی هەر لەسەر خۆم بوایە رەنگە هیچ باکم نەبایە کە هەموو شتێک بڵێم، بەڵام بە مەرجێک تەنیا قازانج و زەرەرەکانی هاتبایەتەوە سەر خۆم. بەڵام کاتێ کە کاریگەری یەکانی هەندێ شت (کە لە کاتی خۆی دا بە نهێنی ماونەتەوە) دەکەوێتەوە سەر حیسابی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی کورد و بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی یە ناوچەیی و نێونەتەوەیی یەکانی دا، ئیدی ئەمن مافی ئەوەم نیە ئاشکرای بکەم. بەتایبەتی ئەمن باوەڕم وایە تەنانەت لە پێوەندیی دووقۆڵی و سێ قۆڵی و کۆمەڵایەتییش دا، وەختێ دۆستێک نهێنی یەکی لەگەڵ من باس کردوە، لەبەر ئەوە بووە زۆر لێک نزیک بووین و هاوڕێی یەکتری بووین و باوەڕی پێم بووە، ئەگەر رۆژێک دۆستایەتی یەکەشمان تێک بچێ ئەمن مافی ئەوەم نیە ئەو نهێنی یانە بدرکێنم.

**مادح ئەحمەدی**: ***مامۆستا ئەوە جیاوازە لەگەڵ حیزبێکی سیاسی.***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** **ئەمن بۆیە نهێنیم لە لا بووە، چونکە بەرپرسایەتیم هەبووە. ئێستا کە من لە سەدری بەرپرسایەتی دا نەماوم، مافی ئەوەم نیە کە ئەو نهێنی یانەی لەلامن، بەبێ ئیزنی حیزبەکەی خۆم ئاشکرایان بکەم. ئەو شتانەی کە ئەگەر نهێنی بوون و پارێزراون و دەبێ ئاشکرا بکرێن، پێموایە ئەوە تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئۆرگانی رێبەریی حیزب دایە کە هەندێک لەو شتانە کە پێیوایە ئێستا وەختی هاتوە بۆ خەڵکیان باس بکا، باسیان بکا.**

***مادح ئەحمەدی: بەڵام مامۆستا، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەوشتانەی لە زمانی کەسانێکی وەک جەنابتانەوە کە رۆڵت هەبووە لە مێژووی حیزب دا و لە شتەکان ئاگاداری بۆ نەوەکانی داهاتوو نەگوازرێتەوە رەنگە کەسانێک پەیدا بن ئەو شتانە چەواشە بکەن.***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** **ئەگەر شتێک لای من هەبێ و لە ئەرشیڤی حیزبدا نەبێ ئەوا حیزبەکە دەتوانێ لە من و کەسانێکی وەک من وەری بگرێ و لە ئەرشیڤی حیزبدا بمێنێ، بۆ ئەوەی حیزب لە وەختی خۆیدا بیڵێ. ئەوە بەو مانایە نیە کە پیاو زمانی گرێ بدا و هیچ شتێک باس نەکا. جاری وابووە ئەمن و کەسانی دیکەش شتی وامان باس کردوە کە بۆ یەکەمین جار باس کراوە، بەڵام لانیکەم بە لێکدانەوەی خۆمان پێمانوابووە کە ئەوەندە زیان ناگەیەنێ. بەو حاڵەش ئەمن دووبارە دەڵێم رەنگە شتی وا هەبێ ئەگەر لە منی بپرسن مافی ئەوە بە خۆم نەدەم**

زیاتر لەوەی تا ئێستا گوتوومە بڵێم.

***مادح ئەحمەدی: مامۆستا با بچینە سەر تەوەری سەرەکیی باسەکە کە کۆمەڵێک پرسیارە لەسەر مێژووی حیزب لە قۆناغە جیاوازەکان دا. ئەگەر بە پرسیارێکی گشتی یەوە دەست پێبکەین، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی حیزب جەنابت پێتوایە زەقترین و دیارترین هەڵەی «حیزبی دیموکراتی کوردستان » (چ لەرووی تاکتیکی یەوە و چ لە رووی ستراتیژی یەوە) کامەیە؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** **ئەمن پێموایە ئەو پرسیارە هەم لە وەختێکی خراپ دا و هەم لە کەسێکی نامناسب دەکرێ.**

***مادح ئەحمەدی: بۆ؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** **لە لایەک وەختێکی تەنگە. لە باسێکی نیو کاتژمێری یان ٤٠ خولەکی دا یان یەک کاتژمێردا رەنگە ئەو بابەتە لێک نەدرێتەوە. دووهەم ئەوەیە کە ئەمڕۆ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبە. وەک جارێکی دیکەش لە یادی لە سێدارەدانی «پێشەوا قازی محەممەد»دا گوتم: ئەمڕۆ کۆبووینەتەوە بۆ ڕێزگرتن لە قازی محەممەد و کۆماری کوردستان، نە بۆ تەحلیل و لێکدانەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان شاهیدێکی باش نیە بۆ قەزاوەت کردن لەسەر ئەو بابەتە. ئەوە ئەرکی ئەو کەسانەیە کە یەکەم سەرقاڵی لێکدانەوە و تەفسیرن و پاشانیش بێ لایەنن و ئەندامی حیزب نین و لە هەمانکات دا دژی حیزبیش نین و مونسیفانە قەزاوەت دەکەن. ئەویش نەک هەر لەم لاو لەولا بپرسن، ئەوانەی کە دەیانەوێ قەزاوەت بکەن دەبێ هەم لە کەسانی حیزب، هەم لە دۆستانی حیزب و تەنانەت هەم لە کەسانی دژی حیزبیش بپرسن. بۆ وێنە دۆستێک هەبوو تێزەکەی لەسەر دوکتور قاسملوو بوو. پێموایە دەشی ناسن (کاک هوشمەند عەلی) زۆر دەهاتە لای من، ئەمن زۆر جار داوام لێدەکرد بچێتە لای ئەو کەسانەش کە دوکتور قاسملوویان خۆش نەویستوە و دژی دوکتور قاسملوو بوون، لەوانیش بپرسێ، چونکە ئەو دەیەوێ بە دوای حەقیقەت دا بگەڕێ و نەهاتوە ببێتە ئەندامی حیزب و ئەو هەقەشی هەیە .**

***مادح ئەحمەدی: ببوورە قسەکەشم پێت بڕی، ئێمە لەم کاتەدا کە دەمانەوێ هەندێ شت بورووژێنین و یان کۆمەڵێک شت بخەینە ڕوو، لە راستیدا دەمانەوێ لە ڕوانگەیەکی دیکەوە خوێندنەوە بۆ رابردووی حیزبی دیموکراتی***

***کوردستان بکەین. بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەک لە مێژووی حیزب دا هەبووە، ببێ بە ئەزموون بۆ ڕێبەریی ئێستای حیزب و بۆ نەوەکانی داهاتوو. دەمانەوێ لەم ڕووەوە بچینە نێو باسەکە. بەڵام ئایا ئێستا پێت وایە حیزب هیچ هەڵەیەکی نەکردوە؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** دەبێ پیاو زۆر دەمارگرژ (تەنانەت لە دەمارگرژیش بەولاوەتر) بێ کە پێیوابێ حیزبەکەی هیچ هەڵەیەکی نەکردوە. جاروبار ئەو شتانەی بە هەڵە دەگیرێن، کەموکوڕی یان تێدایە. یەکێک کە ئێستا لە سەدەی ۲۱ دا دەژی لە سەر سەرەتاکانی سەدەی بیستەم یان تەنانەت سەدەی نۆزدەیەم قەزاوەت دەکا و دەڵێ ئەو شتە هەڵە بوو، بە فیکر و ئەقڵی ئێستا هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەی ئەو کات، کەمێک زاڵمانەیە. ڕەنگە ئەو کەسە کە ئێستا لە فڵان کاری فڵان کەسایەتیی مێژوویی، یان فلان حیزبی سیاسی ڕەخنەیەکی هەیە، ئەگەر بۆخۆی لەو وەختەدا ژیابایە، هەمان کاری کردبایە کە ئەو ڕێبەرە کردوویەتی. ئەگەر لە هەمان پۆستیش دا بایە. کەوابوو، بابەتەکە بەو شێوەیە نیە کە کەسێک ئێستە دابنیشێ و ئەو مافە بەخۆی بدا کە بڕیار لەسەر مێژووی دەیان ساڵ و سەدان ساڵی پێش خۆی بدا. ئەوە هەڵەیە بڵێین ئەو حیزبە هەڵەی نەبووە، دیارە هەڵەی هەبووە. ڕەنگە کارێکی کردبێ کە لە کاتی خۆی دا هەڵە بووبێ و بڕیاری واشی دابێ کە دروست بووبێ، بەڵام لە درێژەدا ڕەنگە نادروست بووبێ. دەبێ شتی واش هەبێ لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دا. بۆ وێنە شتێکی بەرنامەییمان ئەوڕۆ داناوە، سبەینێ پێمان وابووە دروست نیە، لە کۆنگرەیەکی دیکە دا لە بەرنامەدا گۆڕیومانە و دروستەکەیمان داناوە.

ئەمن تەنانەت ئەگەر خۆم لە ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش رووت بکەمەوە، وەکوو کەسێک کە خۆی بە دڵسۆزی بزووتنەوەی کورد دەزانێ، ئەوا بمەوێ داوەری بکەم وا تێناگەم کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ٦٥ ساڵ تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا هەڵەی ستراتیژیکیی کردوە. هەندێک کەس هەن کە پێیانوایە یەکەم هەڵەی ستراتیژیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە وەختێک دامەزراو هاتە جێگای کۆمەڵەی «ژ.ک» دروشمی «کوردستانی گەورە»ی گۆڕی بۆ «خودمختاری». ئەمن پێموایە ئەوە هەڵە نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی لێکدانەوەیەکی قووڵی سیاسی بووە. لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەو پارامێترانەدا بووە کە بە دەروبەریەوە بوون (لە نێوخۆی ئێران، لە کوردستان، لە ناوچەکە و لە جیهان) واتە بەرچاوڕوونی یەکی زیاتری هەبووە، بۆیە ئەوەی کردوە. ئێستاشی لەگەڵ بێ، مافی کوردستانی گەورە و سەربەخۆ، مافێکی بێ ئەملاو ئەولای نەتەوەی کوردە. بە باوەڕی من هیچ گوناح نیە کە کورد ئارەزووی سەربەخۆیی و یەک کەوتنەوەی وڵاتەکەی بکا. بەڵام وەکوو دروشمی

ستراتیژیکی بێتە گۆڕێ هەتا ئێستاش واتێدەگەم دروشمی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا، دروشمێکە کە لەباری سیاسی و دیپلۆماسی یەوە گونجاوترە.

***مادح ئەحمەدی: مامۆستا جگە لەمانە، پێمان خۆشە ئاماژە بە هەڵەیەک بکەن کە بۆخۆشتان قبووڵتانە؟***

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن ئەوەم کردە پێشەکی یەک بۆ ئەوەی ئەوە بڵێم. ئەگەر بڵێم وەکوو هەڵەی تاکتیکی رەنگە کەمێک باری عاتیفیی تێدا هەبێ. بە باوەڕی من گەورەترین هەڵەی تاکتیکی کە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کراوە و دەکرێ بڵێین رێبەریی حیزب کردوویەتی نەک تاک، ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی هەموو ئەزموونەکان، بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانە کە لە نێو حیزبدا گەڵاڵە کرابوون رێبەریی حیزب (بەواتای دەفتەری سیاسی) باوەڕی بە کۆماری ئیسلامی کرد و ئامادە بوو بە شێوەی نهێنی وتوویژی لەگەڵ بکا کە لە ئاکام دا لە دەست دانی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە. ئاخر هەڵەی گەورە دەڵێن دوو جۆرە: یەکیان هەڵەیەکە کە قەرەبوو نەکرێتەوە. یەکی دیکەشیان هەڵەی چووکە بێ، واتە ئەوەندە نەبێ. ئەویش ئەگەر دووپات بێتەوە هەر گەورەیە. باشە ئەوە هەڵەیەک بوو کە بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە. هەڵەیەکمان کردوە کە گەورەترین رێبەری حیزبیمان و کەسی یەکەممان تێدا لەدەست داوە. پێموایە هەڵەیەکی یەکجار کوشندە بوو بە مانای واقیعی، چونکە ئەوە نیە تیرۆر کرا. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بووە، دیارە ئەو هەڵەیەکی تاکتیکی یە، هەڵەیەکی ستراتیژیکی نیە. هێڵە ستراتیژیەکە باوەڕ بە چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا باوەڕی پێ هەبووە. بە باوەڕی من ئەوەش لە جێی خۆیەتی و هیچ هەڵەی تێدا نیە. بەڵام ئەوە کە ئەو تێکنیکەمان بۆ وتوویژ هەڵبژارد ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە زۆر جار موخالیفانی حیزب یان بڵێین ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبن و ئاگایان لێ نیە ئەو تۆمەتە لە دوکتور قاسملوو دەدەن (بەنووسراو) کە گوایە دوکتور قاسملوو بێ پرسی هەموو حیزبی دیموکراتی کوردستان چووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشتوە. ئەمن جاری دیکە گوتوومە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە کە بە هیچ جۆرێک وانیە. دەفتەری سیاسی بە تەواوی ئاگای لەو مەسەلەیە هەبووە.

ئەمن پێموایە هەڵەی گەورەتر لەوەش (دیسان تاکتیکی) ئەوە بوو کە مەرحوومی دوکتور سەعید، بەداخەوە تووشی بوو. ئەویش بۆیە گەورەتر بوو، چونکە پاش ئەو ئەزموونە کردی. بەڵام کە ناوی ئەو نابەم، لەبەر ئەوەیە یەکەم

ئەو هەڵەیە هی دەفتەری سیاسی نەبوو، دەفتەری سیاسی هەر ئاگاداری ئەو بابەتە نەبوو. ئەو لەوێ دانیشتبوو، لە پاشان ئەو نەچووبوو لەگەڵ دوژمن دابنیشێ. بە نیيەتێکی خێرخوازانە لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتی یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دانیشت کە تیرۆری لێ کەوتەوە. دیارە لەوەشدا دیسان هەر هەڵەی دوکتور سەعید هەبوو. ئەمن دواتر زانیم پۆلیسی ئەڵمان داوای لێ کردبوو کە ئیسکۆرتی بۆ دابنێ، بەڵام بۆ خۆی قبووڵی نەکردبوو. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو، کە لە دەستدانی گیانی لێ کەوتەوە. ئەویش گیانی کێ؟ شەخسی یەکەمی حیزب. کەوابێ هەڵەی کوشندە، بەمانای تەواوی وشەیە.

***مادح ئەحمەدی**: ئەم هەڵەی کە ئێستا ئاماژەتان پێکرد، واتە ئەوەی کە لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوودا هەمووی دەفتەری سیاسی لەو قۆناغەدا هەڵەی کرد و لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی دا، دوکتور شەرەفکەندی خۆی هەڵەی کردوە. پێتوایە ئەمە لە مێژووی حیزبدا دووپات بێتەوە؟*

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە**:* هیوادارم قەت دووپات نەبێتەوە. جارێک لەلایەن بەشی فارسی رادیۆ فەڕانسەوە بۆ وتووێژێکی رادیۆیی بانگهێشت کرابووم. یەکێک لە پرسیارەکانیان ئەوە بوو کە لێیان پرسیم: دەبینین پاسەوان و ئیسکۆرت یان گاردێکی زۆرت بە دەورەوەیە. بۆ وایە؟ ئەمن ئەو شێعرەی «روودەکی»م هێنایەوە کە دەڵێ: «هر کە ناموخت از گذشت روزگار/ هیچ ناموزد ز هیچ آموزگار». گوتم ئێمە دوو کەس لە رێبەرانمان لەو رێگایەوە لەدەست داون، کەوابێ نابێ ئەوە دووپات بێتەوە، بەتایبەتی نابێ رێگا بۆ سەرکەوتنی دوژمنی حیزبەکەمان و نەتەوەکەمان خۆش بکەین.

***مادح ئەحمەدی**: مامۆستا با بێینە سەر پرسیارێکی دیکە. پاش رووخانی کۆمار بازنەی رێکخستنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەر تەسک دەبێتەوە. ئەگەر ئێمە چاو لە مێژوو بکەین، دەبینین لە کۆمەڵەی «ژ.ک» دا بازنەی رێکخستنەکانی بەرین بووە. بۆ وێنە: لە ناوچەکانی خوارەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان و...) کۆمەڵەی «ژ.ک»بۆ کاروباری کرماشان، ئیلام و تەنانەت خوارەووتریش، نوێنەری تایبەتیی خۆی هەبووە. لە کۆماری کوردستانیش دا کەسێکی وەک «ئیبراهیم خان نادری» و کەسانێکی دیکە رۆڵیان هەبووە ئەگەرچی ئەو کات ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا نەبوون، بەڵام ئینتمایەک هەبووە بەرانبەر بە کارکردن لەو ناوچانەدا. دواتر دەبینین (پاش رووخانی کۆمار) حیزبی دێموکرات بازنەی رێکخستنەکانی بەرتەسک دەکاتەوە و چالاکی و هەوڵەکانی زیاتر چڕ دەکاتەوە سەر ناوچەی موکریان. ئایا پێتوانیە ئەمە هەڵەیەکە کە تائێستا کاریگەریی*

***بەسەر بزووتنەوەی کوردەوە دیارە و ناسیۆنالیزمی کوردی بەو جۆرەی لە موکریان بەهێزە لە ناوچەکانی خوارەوە بەهێز نیە؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** **ئەمن شتەکە وا نابینم. یەکەم پێم وانیە لەکاتی کۆمەڵەی «ژ.ک» دا ڕێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کوردستان دا بە تایبەت لە باشووری ڕۆژهەلاتی کوردستان بەربەرینتر بووە تا سەردەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەلام هەندێک هۆی تایبەتی لە ئارادان. لەو سێ ساڵەی پێش دامەزرانی کۆماردا کە کۆمەڵەی «ژ.ک»ە خەباتێکی نهێنی لە ئارادایە. ئەو خەباتە لە سنە، مەهاباد، کرماشان، ورمێ و ئیلام هەر نهێنی یە. ئەو بەربەستە سەختە لە بەرانبەری دا نیە، بەلام کە حیزبی دێموکرات دادەمەزرێ بە تایبەتی کە نزیک بە پێنج مانگ دواتر کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، ئەو جارە حەساسییەتەکە لە نێوان ئەو دوو ئۆردووگایەدا (سوسیالیستی و کاپیتالیستی) زیاتر دەبێ. هەتا سەقز لە ژێر دەسەلاتی سۆڤییەت دا بووە و لەوێوە بەرەوخوار لەژێر دەسەلاتی بریتانیادایە. ئەو دووانەش حەساسییەتیان بە یەکتر هەبووە و کارەکە سەختتر بووە. «هێمن»ی ڕەحمەتی لە شێعرێک دا ئاماژەی پێدەدا و دەڵێ کە براکانی باشوورمان وا دەڵێن. وتووێژێکی ساز کردوە لە نێوان شاعیر و نیشتماندا. لەوێدا هێمن بە شێوەیەکی هومێدوارانە دەڵێ کە نیگەران مەبە و ڕۆڵەکانی نیشتمان لە غەمی ئەو بەشەی نیشتمانیش دا هەن و...، بەلام ئەگەر چاو لێ بکەین دواتر بە هیچ جۆر وانیە. ئەو هەوڵ و تەقەلایە کە بۆ نفووزکردن لە بەشەکانی دیکە لەئارادایە، هەر بەردەوامە. بەداخەوە ئەگەر ئێستا بەهەردووکمان خەریک بین ڕەحمەتی «ئیبراهیم نادری» بکەینە دوو، پێمان ناکرێ. لەکاتی کۆماریش دا دیسان ئیبراهیم نادری بەتەنیا لە نێو کۆماردایە. بۆمان ناکرێ بە دوو، چونکە تەنیا ئاڵقەیە و هەوڵێکە... بابەتەکە زۆر سروشتی یە. نەک هەر حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، کۆمەڵەی «ژێ کاف»یش کەم و زۆر بە کەڵک وەرگرتن لەو فەزایە کە بە داگیرکردنی ئێران پێکهاتبوو دامەزراون (هەر دووکیان). دیارە زیاتریش لەبەر ئەوەی ناوچەی موکریان زیاتر لەژێر دەسەلاتی سۆڤیەت دا بووە، بەلام بە کردەوە هیچی تێدا نەبوو، بۆشایی-یەکی دەسەلاتی تێدا هەبوو، بۆیە لەوێ دەرەتانی خۆنواندن و تێکۆشانی سیاسی زیاتر بووە. دەنا ئەمن زۆر جارم ئەوە گوتوە، ئەگەر چاو لە ڕادەی وشیاریی سیاسی و خوێندەواری و زانیاریی بکەین، ئەو کات کرماشان و سنە (یان بە قەولی سنەیی یەکان بڵێین کورسان) زۆر لە پێش مەهابادەوە بوون. لەباری ڕێژەی دانیشتووانیشەوە، مەهاباد شارۆچکەیەک بوو لە چاو سنە، سنە شارێکی چووکە بووە لە چاو کرماشان، بەلام هەلومەرجەکە لە مەهاباد خوڵقاوە و ئەمەش مێژوو دەیخوڵقێنێ.**

***مادح ئەحمەدی: بە پێی ئەو وتانەی جەنابتان، کەواتە هەڵەکە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نەبووە و ئەوە هەلومەرج دیاری کردوە.***

***عەبدوڵلا حەسەنزادە:*** خودی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەرکەزییەتی مەهاباد، یان دامەزرانی کۆمەڵەی «ژ.ک» (دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەک) بە مەرکەزییەتی موکریان (دیارە بە واتا گشتی یەکەی سابلاغیش بەشێکە لە موکریان، چونکە موکریان بە شێوازی جۆراوجۆر باسی لێ دەکرێ، لە هەندێ جێگادا سەردەمانێک ورمێ پایتەختی موکریانە، لە هەندێ بەکارهێنان دا موکریان تەنیا بە دەوروبەری بۆکان دەڵێن، لە باری زمانەوانی یەوە خودی مەهابادیش وەبەر موکریان دەکەوێ) لەوێدا دەرفەت و دەرەتانێک هەیە کە لە بەشەکانی دیکەدا نیە، ئەوە لەگەڵ ئەوەی شانسە ( شانس بۆ بووژانەوەی بیری نەتەوایەتی لە هەر شوێنێکی نیشتمان پێک بێ هەر باشە)، بەڵام لە هەمانکات دا تۆزێک بەد شانسیی تێدایە کە لەو جێگایانەی دەتوانن کاریگەریی زیاترین هەبێ پێک نەهاتووە. بریا ئەو دەرفەتەی لە مەهاباد پێکهات لە کرماشان ڕەخسابایە.

***مادح ئەحمەدی: مامۆستا یەکێک لەو بابەتانەی کە هەندێ کەس زۆرجار باسی لێدەکەن و تەنانەت بۆتە جێی مشتومڕ و ڕەخنەگرتن، مەسەلەی ئەوەیە کە پاش ڕووخانی کۆمار «پێشەوا» خۆی تەسلیم دەکا. هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەڵێن ئەمە لە ڕووی ترسنۆکی یەوەیە کە پێشەوا خۆی تەسلیم دەکا و لەم ڕوانگەیەوە دەڵێن کە دەبا خۆی تەسلیم نەکردبا و هەڵهاتبایە و سەرۆکایەتیی خەباتی دژی ڕژێمی پادشایەتیی کردبایە. ڕای جەنابتان لەو پێوەندی یەدا چیە؟***

***عەبدوڵلا حەسەنزادە:*** لەم بارەیەوە ئەمە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکەم. بەشێکیان ئەوەی گۆیا پێشەوا لەبەر ترس ئەوەی کردوە، ئەوە تۆمەتێکە نە بە چەسپی دوو قولوو (بە قەولی ئێستا) و نە بە دەرزی و درێشان بە پێشەوا قازی محەممەدەوە نانووسێ. قازی محەممەد هیچ گومانی لەوە دا نەبووە کە دەکوژرێ. هیچ گومانی نەبووە، تووشی تەوەهوم نەهاتوە، بە پێچەوانەوە لەبەر ئازایەتی بووە. گوتوویەتی ئەمن خۆم بە دەستەوە دەدەم، بەو مەبەستەشی بوو ئەو بکوژرێ، بەڵام خەڵک نەکوژرێ. هەر لەو ساڵەدا لە ئازەربایجان(بەقەولی سیاسی یان دەستە خۆشکی کۆماری کوردستان) رووی دا. بە پێی هەندێ ئاماری نادەقیق لەوێ ١٠ تا ١٥هەزار کەس کوژران. بەڵام لە کۆماری کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا لە سەرەتاوە تا ئاخر بە هەموویەوە لە ١٥ کەس تێنەپەڕی.

**مادح ئەحمەدی:** واتە پێشەوا لە کۆماردا پێشی بەو خوێنرشتنە گرتوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە ئاکامی ئەو ئازایەتی یەی پێشەوا بووە. بەداخەوە یان بە خۆشی یەوە تەواوی شاهیدەکان لەم بارە یەوە لەوانەن کە دوژمنمانن، چونکە ئیزنی ئەوەیان نەداوە کە خەڵکی بێ لایەن بچن یان لایەنگرانی کۆمار و پێشەوا بچن بۆ کۆبوونەوەکانی دادگا. هەر کەسی خۆیان لەوێ بوون، بەڵام هەر ئەوەی کە بۆخۆیان دەڵێن (هەموویان شاهیدی دەدەن) کە پێشەوا تا دواهەناسە بەرگری و داکۆکیی لە ئامانجەکانی کردوە و هەموو بەرپرسیایەتی یەکەی گرتۆتە ئەستۆ و بە هیچ جۆرێک نەپاڕاوەتەوە. تەنانەت ئەوە بە ناوبانگە (حەتمەن یان خوێندووتانەتەوە یان بیستووتانە) لە شوێنێک دا جنێوێک بە کورد (دەڵێن کوردی...) دەدەن، پێشەوا لەسەر کورسی یەکەی هەڵدەستێ و کورسی یەکەی تاو دەدا کە لە لایەنی بەرانبەری بدا و دەڵێ ئەمن ئەوە لێرەم چی بە من دەڵێن، بیڵێن، لێرەم بۆ کوشتن، بەڵام ئیزنی ئەوە نادەم قسە بە نەتەوەکەم بگوترێ. کە وابێ بە تەواوەتی نادروستە بڵێین لەبەر ترس بووە.

ئەگەر لەمن بپرسن (جارێکیش بەو بۆنەیەوە هێرشم کرایە سەر) بەڵێ پێم خراپ بوو کە پێشەوا بە پیر ئەرتەشی شاوە چوو و تەسلیمیان بوو، پێشەوا ئەگەر هەر قەرار بوو شەهید بێ پێم خۆش بوو لە چیا شەهید بووایە، نەک لە مەیدانی چوارچرا. بەڵام وەکوو دەڵێن : - قسەی من نیە- مێژوو ئەوەیە کە بووە، نەک ئەوەی کە ئارەزوو دەکرا. کەوابێ پێم باشتر بوو کە پێشەوا قەت تەسلیم نەبووایە، بەڵام تەسلیم بوونەکەشی قەت لەبەر ترس نەبووە. لە ئازایەتی یەوە هاتوە.

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا بابەتێک لەگۆڕێ دایە ئەویش ئەوەیە کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێتەوە. مێژوو بە ئارەزووی کەسێک و دوو کەس نابێ بنووسرێ. لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا هەندێ بابەت هەن بۆ زۆر کەس جێی پرسیارن. پێموایە جارێک دوکتور قاسملوو پێشنیاری ئەوە دەکا کە کۆنگرەی دوو لە مێژووی حیزبدا نەنووسرێتەوە. جەنابت ئەوە دەڵێی کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێ. بابەتێک کە لێرەدا جێی پرسیارە، مەسەلەی « ئەحمەد تۆفیق»ە کە بۆ ماوەیەکی زۆر سکرتێری حیزب بووە، بەڵام لە مێژووی حیزبدا، باسێکی ئەوتۆی لێ ناکرێ. لەحالێکدا بە پێچەوانەی ڕێبەرانی سەردەمی خۆی کەسایەتی یەکی ناسیۆنالیست و نەتەوەیی بووە، بەڵام دەبینین نەتەنیا لە دەیەکانی رابردوودا، ئێستاش هیچ ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی ئەحمەد تۆفیق نادرێتەوە. هۆی ئەوەی لە مێژووی حیزبدا باسی ئەحمەد تۆفیق ناکرێ دەگەڕێتەوە بۆ چی؟

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** لەسەر کاک عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) شتی زۆر گوتراوە. شتی زۆر ناتەبا لەگەڵ یەکتر گوتراوە. لە پێش دا دەمەوێ لەسەر سکرتێری یەکەی قسە بکەم. هەموو کەس پێیان وایە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب بووە. ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب نەبوو.

***مادح ئەحمەدی:*** *چۆن؟*

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** دوو کەس لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سکرتێر نەبوون. پێشەوا قازی محەممەد و ئەحمەد تۆفیق. پێشەوا، پێشەوا بوو. زۆر کەس پێیان وایە، بۆیە بە قازی محەممەد دەڵێن «پێشەوا» چونکە سەرکۆمار بووە، بەڵام قازی محەممەد هەر پێشەوای حیزب بوو و بە پێشەوایی بوو بە سەرکۆماری کوردستان. پێشتر پێشەوا بوو قەتی پێ نەگوترابوو «سکرتێر». عادەتە بە ڕێبەرانی حیزب لە جێگایەکدا دەڵێن«بەرپرس» لە جێی دیکە »سکرتێر» یان «لیدێر» و...دەڵێن. پێشەوا قەت پێی نەگوتراوە سکرتێر. لە مەسەلەی ئەحمەد تۆفیقیش دا هەیئەتێک هەبوو کە پێیان دەگوت «هەیئەتی سکرتاریا»، کەسی یەکەمی ئەو هەیئەتە ئەحمەد تۆفیق بوو. ئەو مۆرەی کە هەیانبوو، لەلای ئەحمەد تۆفیق بوو، کەوابێ وەکوو ڕۆڵ، ڕۆڵی سکرتێری گێڕاوە، بەڵام ئەو ناوەی (سکرتێر) پێ نەگوتراوە و دواتر بۆیان داناوە. ئەمن هاوچەرخی ئەحمەد تۆفیق بووم. ئەحمەد تۆفیق هەمەکارەی حیزب بوو، بەڵام قەتم ناوی وەکوو سکرتێری حیزب نەبیستوە. بەرپرسی هەیئەتی سکرتاریای حیزب بوو.

***مادح ئەحمەدی:*** *باشە لانی کەم خۆ کەسی یەکەمی حیزب بووە؟ بۆ باسی ناکرێ؟*

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** لەو بارەیەوە هیچ گومانم نیە، وایە. کە لە مێژووی حیزبدا بەو شێوەیە باسی لێ نەکراوە، هۆی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەمن بە کورتی لە کتێبی «نیو سەدە تێکۆشان»دا باسم کردوە، ئەحمەد تۆفیق کاتی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، کەسێک کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، لە بۆنەکان دا یادی ناکرێتەوە. نموونەی دیکەمان لە حیزبەکانی دیکەش دا هەیە، بەڵام نامەوێ ئاماژە بە هیچ حیزبێکی دیکە بکەم. ئەوەندەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بایەخی بە ئەحمەد تۆفیق داوە، هیچ کەس و لایەنێکی دیکە ئەوەندەی بایەخ بۆ ئەو جۆرە کەسانە دانەناوە. بەڵام ئەگەر یەکێک تەفسیر و لێکدانەوە دەکا، مێژوو دەنووسێتەوە، مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆیەتی لە «ئەحمەد تۆفیق» بکۆڵێتەوە. لە کەسایەتی و ئەو ڕۆڵەی کە

گێڕاویە، لە هەڵەکانی، لە خاڵە باش و خراپەکانی بکۆڵێتەوە. هەر وەک بۆ پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعید و کەسانی دیکە کە شەهید بوون یان کەسانی دیکە کە ماون، ئەگەر لە کەسایەتی یان دەکۆڵینەوە و هەڵیاندەسەنگێنین، هەق وایە باسی هەموو شتێک بکرێ. بەڵام ئیدی ناکرێ بڵێین کاتێ کە باسی ڕێبەرانی شەهیدمان دەکەین ئێمە بڵێین: قازی محەممەد، ئەحمەد تۆفیق، قاسملوو، شەرەفکەندی. چونکە ئەحمەد تۆفیق کاتێک شەهید بووە (ئەمن لە قووڵایی ویژدانمەوە بە شەهیدی ناو دەبەم) نەتەنیا سکرتێر، ڕێبەر، کەسی یەکەم، تەنانەت ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نەبووە. ئێستە ئەوە باسێکی دیکەیە، با بێن و لێی بکۆڵنەوە. باسی ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانەش ناکەم کە لەم پێوندی یەدا دەخرێتە پاڵ دوکتۆر قاسملوو. زۆر جار زێدەڕەوی لە وەسفی دوکتور قاسملوودا دەکرێ، ئەمن لەگەڵ ئەوانە نیم، بەڵام بەو حاڵەش هێندێ لایەن لە کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو هێشتا نەناسراوە. دوکتۆر قاسملوو بەخۆی بایە تەنانەت دژی کوشتنی پاسدارێک بوو، هەتا دەگا بەوەی لەگەڵ کوژرانی یەکێک لە ڕێبەرانی حیزب بێ.

٩ی سێپتامبری ٢٠١٠

-------------------------------------------

## بەشی دووهەم

***مادح ئەحمەدی: مامۆستا بابێینە سەر قۆناغێکی دیکە پاش شوڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا حیزبی دیموکراتی کوردستان دێتەوە و لە لای ڕەشەمەدا تێکۆشانی لە میتینگێک¬دا لە مەهاباد و لە لایەن دوکتورقاسملووەوە ڕادەگەیەنێ دیسان بە پێی ئەو نەریتەی کە کۆمار لە مەهاباد دامەزرا، حیزبی دیموکرات لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕادەگەیەنێ، پرسیار ئەوەیە بۆ حیزبی دیموکرات ئەو کات نەهاتە سنە و لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕابگەیەنێ و بارەگای سەرەکیی خۆی لەوێ دابنێ و بتوانی لە بازنەیەکی بەرینتردا کاریگەری دابنێ و ئەگەر توانیبایە ئەوکات بارەگای سەرەکیی خۆی هێنابایە سنە بە نیسبەت وتووێژەکان و زۆر بابەتی دیکەوە، هاوکێشەکان دەگۆڕدرا؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** لە ساڵی ١٣٥٨ کومیتەی شارستانی مەهاباد گۆڤارێکی دەردەکرد داوایان لێکردم کە

وتارێکیان بۆ بنووسم ئەمن وتارێکم نووسی بە ناوی «دوو قسەی حیسابی» دوو قسە حیسابی یە کە باسی ئەوە دەکا کە خەڵکی هەموو شارو ناوچەکان دێنە ئێرە دەڵێن ئەرێ بۆ پێمان ڕاناگەن؟ بۆ کوردستان هەر مەهابادە کە ئێوە زیاتر سەرنج دەدەنە ئەوێ؟ وتارەکە درێژە، بەڵام کورت کراوەکەی ئەوەیە راستی یەکەی ئەوەیە با لە خۆمان بپرسین ئێمە لە مەهاباد ئەوەین کە دەبێ ببین؟ ئێمە لە مەهابادیش وا نیین، هەموو گیانمان کەموکوڕی یە بابەتەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ئەو بوارەی ئەوکات لە مەهاباد هەبوو، بۆ کارێکی ئاوا ئەو بوارەمان لە سنە نەبووە لە سنەش گرنگتر لە کرماشانیش نەمانبوو بۆ سنە؟ بۆ کرماشان نە؟ چونکە گەورەترین شاری کوردستانی ئێران سنە نیە، کرماشانە بەتایبەتی گرنگایەتیی تایبەتی هەیە، تەنانەت ئەگەر لە رووی جوگرافیشەوە بەراوردی بکەین «هەر چەند ئەمن جوگرافیزان نیم» کرماشان تارادەیەک ناوەندترە، کوردستانی ئێران درێژ و باریکە و کرماشان لە هەموو رووێکەوە لەبارترە بەڵام ئاخر دەبێ بوارت هەبێ بۆ ئەوکارە هەر ئەبوارەی کە بزووتنەوەی کوردی تێدا وەجووڵە کەوت لە سەرەتا «لە کاتی دەسپێکەوە» کۆمەڵەی ژێ کاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، هەر ئەو بوارە لە ویش هەیە بۆ وێنە ئەمن زۆرجار نموونە ئەوە دێنمەوە، کەسێک خاوەن گوندێکە، ئەو گوندە زەمینی جۆراوجۆری هەیە، ماوەیەک بە هەر هۆیەک ئەو گوندە بەجێ دێڵێ، (دەوڵەت دەری دەکا یان هەر هۆیەکی دیکە) دەیەوێ ئەو گوندە ئاوەدان بکاتەوە، لە کوێوە ئاوەدانی دەکاتەوە؟ لەو جێگایەوە دەست پێدەکا ئاوەدانی بکاتەوە کە ئاسانترە، زەمینەکانی بەرێژەوترن، بوارەکە لەوێ (لە مەهاباد) لەبارتر بوو بریا ئەو وەختی وابایە.

**مادح ئەحمەدی**: ***کەواتە جەنابت پێتوایە هەڵەکە لە حیزبەوە نەبوو؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** نەدەکرا. هەلومەرجەکە شتێکی دیکەی جیا لەوەی هەڵ نەدەگرت. دەنا ئەو کات کە ئێمە لە ساڵی ١٣٥٧دا بە نهێنی گەڕاینەوە وڵات (ئەوە بۆ دامەزرانی دامودەزگا نیە بۆ کاری حیزبیە) شەش (٦) کەس چووینەوە. رأسی حیزبمان بۆ تاران دانا، چون تاران گرنگە. دوکتور قاسملوو چووە تاران، برادرێکمان چووە کرماشان، یەکێکمان چووە سنە، یەکێکمان چووە ورمێ، یەک لە مەهاباد بوو و یەکێکیشمان لە ناوچەی شنۆ و نەغەدە بوو. واتە ئەو شەش کەسەمان ئەوا دابەش کرد. لە دەرەوە کە بریارمان دا گوتمان دەبێ یەکێک لە کرماشان بێ، یەکێک لە سنە بێ. ئەوە نەبوو کە ئەو شوێنانە لە بەرچاو نەگیرێن، بەڵام چونکە بوارەکە لەبار نەبوو لە کرماشان یان لە سنە تا ئەوکات نەیتوانی شتێکی وا بکا. بۆ وێنە ئەگەر سەرنجتان دابێتێ، چەند مانگ دوای گەڕانەوەی ئێمە، چەند مانگ دوای رووخانی رێژیمی شاو چەند مانگ دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی،

گەورە پیاوی وەک دوکتور قاسملوو لە سنە بوو، دەیانگوت نابێ قسە بکا، مافی ئەوەی نیە قسە بکا. باشە بۆ ئەوەی تۆ دامودەزگای حیزبی لەوێ دابنێی و ببێتە ناوەندی حیزبی، شوێنێکی ئاوا ناتوانێ بە کەڵک بێ. پێویست بە جێگایەک دەکا کە لە بار بێ. پاشان لە مەهاباد بوارێکی وا هەبوو کە ئێمە بە تەواوەتی ناوچەکەمان خاوێن کردبووەوە (رەنگە پرسیاریشی لەسەر بێ)، تەنانەت پادگانیشی لێ نەما.

***مادح ئەحمەدی:** مامۆستا دێینە سەر ئەوە. بەڵام یەک پرسیار بە نیسبەت سنەوە. یەکێک لەو هۆکارە سەرەکی یانە کە زۆر کەس باسی لێدەکەن، جیاوازە لەوەی کە جەنابت دەڵێی «بوارەکە لەوێ لەبار نەبوو». ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن حیزب حیسابی لەسەر هەندێ مۆرە یان کەس کردبوو لە سنە کە زۆر لاواز بوون؟ ئەوەتان قبووڵە؟*

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئێمە گەڕاینەوە و ناوەندمان دامەزراند لە مەهاباد. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دواتر. بەڵێ رەنگە ئەمنیش قبووڵم بێ ئێمە باشمان عەمەل نەکرد. لەسەر یەک سەرەڕای ئەوەی شانازی دەکەم بە کارو تێکۆشانی ئەوانەی کە لەوێ حیسابمان لەسەر کردبوون کە هەندێکیشیان نەماون و شەهید بوون، بەڵام ئێمە لەوێ باش نەجووڵابووینەوە. هەر چەندە بەو حاڵەش دواتر دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات لە سنە غەریب نیە. لە هەڵبژاردنێک دا کە تێکیان دا، بەڵام ئەگەر تێک نەچووبایە، کاندیداکانی ئێمە دەچوونە قۆناغی دووهەم. واتە لە سنە حیزب ئەوەندە بێ پێگە نەبوو .

***مادح ئەحمەدی:** مامۆستا ئاماژەتان بە گرتنی پادگانی مەهاباد کرد کە ئەوکات ناوچەی سەرەکیی ژێردەسەڵاتی حیزب بوو و حیزب دەسەڵاتی تەواوی لەو ناوچەیە هەبوو. زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕن کە حیزب بە شێوەیەکی چەکدارانە دێتەوە و پادگانی مەهابادیش دەگرێ، بە گرتنی پادگانی مەهاباد زەربەیەکی گەورە دەدا لە وتووێژ و دانوستانەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و ئەوە دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی دانوستانەکان بەو شێوەیە کە پێویستە نەچێتە پێشەوە. رای جەنابتان لەم پێوەندی یەدا چییە؟*

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** دانوستانەکان هێشتا دەستیان پێنەکردبوو، پێش گرتنی پادگانی مەهاباد، دوکتور قاسملوو یادداشتێکی بۆ خومەینی نووسی کە لەوێدا دەنووسێ «حەزرەتی ئیمام» ئەتۆ تا ئێستا سەلماندووتە لەگەڵ سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری خەبات دەکەی و ئازایانە لەگەڵ کێشەکان بەرەوڕوو دەبیتەوە. وەرە لەبەر حەقیقەت و مێژوو ئەتۆ کە پێت دەڵێن بوت شکێن ئەو بوتەش کە پێی دەڵێن تۆمەتی (تجزیەطلبی) بشکێنە و مەسەلەی کورد

چارەسەر بکە. (شتێکی ئاوا بوو، ئێستا وشە بە وشە لە بیرم نیە.) دڵنیابە کە مێژوو هەرگیز ئەو خزمەتەگەورەیە لە بیر ناباتەوە. ئەو کات ئەوەمان کرد.

پادگانی مەهاباد لە لایەکەوە شمشێرکی دێمۆکلێس بوو لەسەر سەری ئەو خەڵکە، دەبوو ئەو خەڵکە (بەتایبەت کە بزووتنەوەیەک هەبوو) فەزایەکی هەبووایە کە تێیدا هەناسە بدا و مەترسیی هێرشکردنە سەری لەسەر نەبایە. دەبوو ئەوە بکرێ. بە نەخشەیەکی زۆر وەستایانە کرا.

***مادح ئەحمەدی: واتە پێت وایە کارێکی باش بوو؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** دیارە پێم کارێکی باش بوو.

***مادح ئەحمەدی: لە رووی یاسایی یەوە ئایا کارێکی دروست بوو؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** لە رووی قانوونی یەوە سەیرەکەی ئەوەیە هەر ئەو رۆژەی پادگانی مەهاباد گیرا (دەوروبەری کاتژمێر ١٢ گیرا) سەعات ٢ لە هەواڵەکاندا رادیۆ تاران خوێندیەوە کە «ئەمرۆ پادگانی مەهاباد لە لایەن ئەفسەرانی شۆڕشگێری ئەو شارەوە دەستی بەسەردا گیرا». بەراستییش هەروا بوو، راستە بە هاوکاری و هەماهەنگیی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام ئەفسەرەکانی نێو پادگان کاریگەریی زۆریان هەبوو.

***مادح ئەحمەدی: واتە بەشی سەرەکیی سیناریۆکە ئەوان جێبەجێ یان کرد؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** بەڵێ. تەنانەت ئەمن بۆخۆم تەداروکاتی بەشێک لە بەرەکەم دەکرد، خۆ ئێمە چەکمان نەبوو، خەڵکمان لەم لاولەولاوە هێنابوو. ئەمن ٥٣ کەسم لە ناوچەکەی خۆمانەوە هێنابوو. پێشتر بانگهێشتم کردبوون بۆ یارمەتیدانی حیزب. هەندێ خەڵکمان رێکخستبوو، پێمان گوتبوون کە هەر هێرش کرا لەبەرەی خۆیانەوە تەقە بکەن. لە پڕ هەواڵیان پێداین گوتیان هەستن سەنگەرەکانتان چۆڵ بکەن، پادگان تەسلیم بوو. کەوابێ بە باوەڕی من کارێکی باش کراوە.

دەمەویست ئەوە زیاد بکەم، ئەوەی لە کوردیان کردە گوناحی کەبیرە (گەورە) سەیرەکەی ئەوە بوو یەک پادگان لە دەوری تاران نەما. ئەمن جارێکیان لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا یان لەگەڵ ڕۆژنامەی «کەیهان» بوو یان لەگەڵ ڕۆژنامەی «ئیتلاعات» ،گوتم بە پێی ئامارێک کە ڕاگەیەندراوە یەک ملیۆن قەبزە چەک لە پادگانەکانی دەوروبەری تاران هاتۆتە دەرێ. هیچی باسی ناکرێ، بەڵام دهوری ٥٠٠ یان ٦ هەزار تفەنگ لە پادگانی مەهاباد هاتۆتە دەرێ بە قەولی مەشهوور بۆتە «پیراهن عثمان».

***مادح ئەحمەدی:*** ***مامۆستا پاش ئەوەی وتووێژەکان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی بەبنبەست دەگەن و ئیدی حیزب و لایەنە سیاسی یە کوردەکان ناچار دەبن لەژێر گوشاری هێرشی هێزەکانی دەوڵەت دا شار و گوندەکانی کوردستان چۆڵ بکەن و ڕوو بکەنە چیاکان. ئێمە دەبینین حیزبی دێموکرات بۆ بەرەنگاری خەباتی چەکدارانە هەڵدەبژێرێ. ئایا هیچ ڕێگایەکی دیکە نەبوو ئەوکات حیزبی دێموکرات بیگرێتە بەر؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** با ڕێگای دیکە هەبوو. خۆ تەسلیم و خۆ بەدەستەوەدان. بۆئەوەی چارەنووسی ئێمەش ببێتە چارەنووسی ئەوانەی کە پێیانوابوو دەکرێ بە تەسلیم بوون و پاڕانەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەموو شتێک بکرێ. خۆ ئێمە بۆ بەرگری لەخۆمان چەکمان تاو دا، حیزبی «تودە« خۆ ئەوەی نەکرد. حیزبی تودە هەموو شتێکی کرد. بەڵام سەرانی ئەوان پتر کوژرا یا هی ئێمە. سەرانی ئێمە یان گیانیان بە سەلامەتی دەربرد و درێژەی خەباتەکەیان دا، یا بە سەربەرزی وەکو کورد دەڵێ بە پێوە مردن. لە حاڵێکدا هی ئەوانیان وەکوو بەرخی قەسابی بردە پای دار و لە سێدارەیاندان یا هێنایانە سەر تەلەفزیۆن و هەموو شتێکیان لێ بڵاو کردنەوە. هیچ ڕێگای دیکە نەمابوو. هە رچی هەوڵ بوو دامان، بو ئەوەی شەڕ نەبێ. بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەندێ ڕۆشنبیرمان لێ پەیدا بوون کە «درەنگ هاتوون و دەیانهەوێ زوو پێ بگەن» سەرزەنشتی هەموو شتێک دەکەن. دەنا نەتەوەی کورد ئەوەندە سەرزە نشتی هێزە سیاسییەکان، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتیان نەکرد کە بۆ هێشتیان ئەو مەرگ وماڵوێرانییە تووشی میللەتی کورد بێ، چونکە هەرچی لە توانامان دابوو کردمان بۆ ئەوەی میللەتی کورد تووشی شەڕ نەبێ. سەر شەقامە کانمان لەبیرن، گەورەترین درووشم ئەوە بوو «مرگ بر سازشکار» بوو کە مەبەستیان حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. یا ماوەیەک هەر دوو حزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق و ئێرانیان تێک دەدا و دەیانگووت «دێموکرات و قیادە، ڕەنجی کوردیان بە بادا». چونکە ئێمە لە مەسەلەی مادەی ٨ دا ( ناچمە ناو وردەکارییەکانی کە چۆن بوو؟چۆن نەبوو؟) دواتر دوکتور قاسملوو لە میتینگێکدا وتی بەدەر لەوەی ئێمە ڕامان بەرانبەر بە قیادە موقت چییە. (ئەو کات بە پارتی دێموکراتی کوردستانیان دەکووت «قیادە موقت». ڕێبەرایەتییەکی کاتیان پێک هێنابوو

(مادەی ٨ شتێکی لاوەکییە و ٧ مادەکەی دیکە باسی کێشەکانی کوردی ئێران دەکا. بەڵام ئەو باسی کوردی عێراق دە کا کارێکی بێ جێیە. لەسەر ئەوە لەعنەتی تەواو دونیامان بۆ هات.

کەوابێ ئێمە هیچ نەما نەیکەین بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبین و میللەتی کورد تووشی مەرگ و ماڵوێرانی نەبێ.

***مادح ئەحمەدی: مامۆستا پاش ئەم قۆناغە حیزبی دێموکرات دێ لە چیاکانی قەندیل جێگیر دەبێ، بەڵام پاش چە ند سال لە ساڵی ١٩٩٢ دا ناچار دەبێ لە قەندیل بێتە خوارەوە و لە دەشتی کۆیە زەمین گیر بێ، زۆر کەس ئەمە بە مێژوویترین هەڵەی حیزبی دێموکرات دادەنێن. وڵامی جەنابتان چییە؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** خۆزگە ئەو کەسانە لەوێ بایەن، نەک ژن و منداڵەکانیان لەبەر رەحمەتی بۆمباران و کاتویشا و تۆپخانەدا بایە، هەر بۆخۆیان لەوێ بانایە و وەکوو زۆر لە ئێمە بە سێ مانگ یەک کاتژمێر لەسەر یە ک خەویان لێ نەکەوتبایە،. دەبوو خەوت زۆر خۆش بێ کە یەک سەعات لەسەر یەک بنووی، چونکە ساعەتی بێ گرمەی تێدا نەبوو. کوا ئێمە بە پێخۆشبوونی خۆمان هاتینە خوارێ. بارودۆخێک کە ئێستا هەیە، بێ گومان بۆ ئێمە دڵخواز نیە، بەڵام ئەوە ئاکامی ئەوە نیە کە ئێمە هاتووینە کۆیە، بە پێچەوانە هاتنە کۆیە ئاکامی بارودۆخێک بوو کە ئێمە لەوێ تێکەوتبووین. باشە دەکرێ بۆ ماوەیەکی نازانم چەند ساڵی، ژن و ماڵ و هەموو ئیمکاناتت لەبەر ڕەحمەتی تۆپ و کاتویشا دابێ وبۆمباران بکرێ.

**مادح ئەحمەدی**: ***باشە مامۆستا زۆر کەس ئەو پرسیارە دەکان دەڵێن بۆ لە سەردەمی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرە فکەندی دا ئەو گوشارە نەبوو؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** با نەڵێین ئەو گوشارە نەبوو، چونکە ئەگەر نەڵێین ئەو گوشارە لە سەردەمی ئەواندا نەبووە ، دەبێ بڵێین ئەوان سازشێکیان هەبووە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. وانیە لە سەردەمی دوکتوور قاسملوو دا بووین، لە شەوی ٢٥ی گەلاوێژدا لە «گەورەدێ» بووین (ئەویش هەر خاکی کوردستانی عێراقە) کە بۆ ماوەی ٤ سەعات و ١٠ دەقیقە لەسەر یەک لێیان داین، بۆ مێژوو با ئەوەی بڵێم، هەر کە گەورە دێمان بەجێ هێشت، ئەمن باوەرم وابوو کە دەبێ بێینە جێگایەکی وەک کۆیە.

***مادح ئەحمەدی: بۆ ڕاست کۆیە؟***

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نەمگووت کۆیە. جێیەکی وەک کۆیە. واتە گوتم بچینە جێگایەک کە تۆپخانە نەمانگاتێ. مووشەکی دوورهاوێژ دەگاتە هەموو جێگایەک، هەلیکۆپتەر دەتوانێ، بەڵام با لە بوردی تۆپخانە دەربچین، لەبەر ئەوەی وتمان با پشتمان بە سنوورەوە بێ، چووینە ئەوێ دوو ساڵ کوێرەوەری و خانوو ساز کردن و پارە لە عەرز کردن لە ئاخردا ناچار بووین بە جێی بێڵین. گوزەرانمان بۆ نەدەکرا.

***مادح ئەحمەدی: مامۆستا شتێکی دیکە لەم پێوەندییەدا کە زۆر جار باس دەکرێ و لە هەندێ شوێن بینیومانە و ناوی جەنابیشت دێنن. دەڵێن لە ئاکامی مامەڵەیەکدا حیزبی دێموکرات لە قەندیل هاتە خوارەوە؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** ئەو قسانە لەمێژە هەزم بووە. بۆ وڵام دانەوە نابن.

***مادح ئەحمەدی: ئەی مامۆستا ئەوەی کە ڕاست دەشتی کۆیە دیاری دەکرێ. ئایا حیزبی دێموکرات ئەوەی بە دڵخوازی خۆی هەڵبژاردووە؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** ئێمە لە جێی جۆراوجۆر گەڕاین کە جێگایەکمان دەست بکەوێ.

***مادح ئەحمەدی: باشتر لە دەشتی کۆیە نەبوو؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** خۆشتر لە دەشتی کۆیە زۆر بوون. بەڵام دەشتی کۆیە لە زۆر ڕووەوە باشتر بوو. یەکەم جێگایەکی زۆری هەبوو. ئەگەر سەرنجت دابێ ئێستا ئەو جێگایەی دام و دەزگاکانی حیزبی تێدایەو ئێمەی لێین، جێگایەکی یەکجار زۆرە. لەهیچ شوێنێک ئەوەندە جێگا دەست نەدەکەوت. جگە لەوە بەشێکی زۆریش خانوبەرە هە بوون کە سازمان کرد. لە هەموو گرینگتر لەمەیاندا من مەسئولییەتی وە ئەستۆ دەگرم. ئەمن بۆخۆم تەجرەبەم لە سەر خەڵکی کۆیە هەبوو، خەڵکی کۆیە خەڵکێکی زۆر شەریفن، زۆر نیشتمان پەروەرن، لەگەڵ غەریبەی زۆر بە تە فاهومن، لێی ژیابووم ئەمن بۆخۆم پێشنیارم کرد کە ئەگەر لە دەوروبەری کۆیە و خودی شاری کۆیە جێگایەکمان دە ست بکەوێ باشە، هاتین پێیان پێشنیار کردین، کە پێیان پێشنیار کردین، ئەمن وتم کۆیە جێگایەکی باشە با

بچینە ئەوێ.

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات بێ ئاکامە، سبەینێ بەجێی دێڵم

## (بەشی سێیەم و کۆتایی)

***مادح ئەحمەدی: ماملۆستا لە ساڵی ١٣٥٧دا کە حیزب یەک دەگرێتەوە، بنکەیەکی دیکە هەیە "قەڵا سەیدە یان دۆڵە رەقە"، بۆ ئەوکات ئەوێتان تەحویل دایەوە؟***

***عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:*** ئەو دوو شوێنە بۆیە بوون چونکە دوو لایەن بووین. پاشان ئەوێش زۆرجار دەکەوتە بەر هێرشی تۆپخانە. خۆ دەزانین ئێرەش (کۆیە) کەوتۆتە بەر هێرش، بەڵام لە جۆرێکی دیکە یان تەیارە یان لەشکەرکەشیی بۆ کراوە یان مووشەکی دوورهاوێژی بۆ هاتوە، بەڵام ئەوێ هەر دەکەوتە بەر هێرشی تۆپخانە. دواتریش هۆیەک نەبوو کە ئێمە لەوێ بنکەیەکمان هەبێ. لەوەختی دوو حیزبیدا هێندێ بنکەمان لەوێ بوون، کاتێ یەکمان گرتەوە مەرکەزییەتی حیزب لێرە بوو و ئەوانیشمان هێنایە ئێرە. خەڵکەکە بەشێکیان لە دەوروبەری رێبەری بوون (لێرە مانەوە) و بەشێکیان چوونە ئەو ئۆرگانانەی کە لە جێی دیکە بوومانن.

ئەگەر لەبیرمان بێ مەسەلەکە زۆر درێژخایەنترە لەوە. ئەگەر لە قووڵاییش دا بووین ناچار بووین کۆی بکەینەوە. چونکە هەلومەرجێک خوڵقا کە ئیدی ئەمنیەت نەبوو. لەو رێگاوبانانەدا بە دەیان کەسمان شەهید و بریندار بوون. دەڵێن لە پاش شەڕ هەموو کەس ژەنراڵە، ئەوانەی لەخۆڕا تەحلیل دەکەن و تێیدا نین، بە کەیفی خۆیان تەحلیل دەکەن، مافی خۆیانە با تەحلیلی بکەن، بەڵام کە لە نێو واقعیەتەکەدا دەژی دەبینی شتێکی دیکەیە. بۆ وێنە ئەمن زۆرجار ئیعتراز بەوەی دەکەم کە یەکێک دەڵێ "رووناکبیرەکان و سیاسی یەکان"، دەڵێم چما سیاسی یەکان تاریک بیرن؟ ئەوانە چونکە سیاسیین، رووناکبیرن. جا هێندێک لە رووناکبیرانی غەیرە حیزبی ئەو رەخنانە دەگرن، بەڵام لە نێو حیزبدا یەک کەسیش نەیگوتوە بۆ بچینە ئەوێ؟ یەک کەس نەیگوتوە بۆ لە قەندیل بێینە خوارێ؟ چونکە لە قەندیل ژیان نەدەکرا، بە تایبەتی ئێمە لە قەندیل ٣٠٠ بنەماڵەمان هەبوو. ژن و منداڵ خۆ ناکرێ هەموو رۆژێک لەبەر رەحمەتی تۆپ و کاتیووشادا بێ.

**مادح ئەحمەدی**: *مامۆستا جیا لەمانە، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە حیزبی دێموکرات لە دەشتی کۆیە جێگیرە، بەهەرحال دەرەتانی خەباتی چەکداری بەو شێوەی پێشوو کە حیزب دەیکرد نەما. هەلومەرجەکە وابوو کە زۆرجار جەنابت یان کەسانێکی دیکە لە حیزبدا باسیان کردوە، بەڵام بۆ لەم ساڵانەی دواییدا (بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی خاتەمی دا) حیزبی دێموکرات هەوڵی نەداوە گرووپ و ڕێکخراوی نیمچە لیگاڵ پێک بێنێ؟ بۆ وێنە لە ساڵی ١٣٧٩ یان ١٣٨٠ دا کۆمەڵێک ویستیان حیزبێک دروست بکەن لە نێوخۆ و پێوەندی یان بە کۆمەڵێک کەسەوە هەبوو لە دەرێ، تا هەواڵی ئەمە بە حیزب گەیشت، حیزب ڕاگەیەندراوی دا و بەپێی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی پێشی بە دروستبوونی ئەو حیزبە گرت و هەڵوەشایەوە. بۆ حیزبی دێموکرات نەیتوانیوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ، گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروست بکا؟*

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: جارێ با باسی ئەوە نەکەین کە حیزب ڕۆڵی هەیە یان نیە؟ ئاگای لێیە یان ئاگای لێ نیە؟ ئەوەیان با لەوێ ڕاوەستێ، بەڵام خەڵکی کوردستان و ڕووناکبیرانی کورد بە دەیان ڕێکخراوی غەیرە حیزبی یان دروست کردوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان (ڕەنگە تەواو نەبێ، هیچ شتێک لە دونیا تەواو نیە) جێگای حیزبی سیاسی یان پڕ کردۆتەوە. خەڵک کردوویەتی. ئێمە چیین؟ ئێمەش ئامرازێکین بۆ ئامانجەکانی ئەو خەڵکە وەکوو ئەو گرووپانەی دیکە.

**مادح ئەحمەدی**: *مامۆستا لەم نێوانەدا یەک شت هەیە، حیزبی دێموکرات بەپێی ڕابردوو، بەپێی ئەزموون، بەپێی ئەو کەسایەتی یانە کە هەیەتی، دەی توانی دەقیقتر عەمەل بکا یان ئەوەی هاندەری کۆمەڵێک کەس بێ کە شتێک دروست بکەن.*

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەتەوێ بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوانی دروست کردوە؟

**مادح ئەحمەدی**: *نا مەبەستم ئەوە نیە.*

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: حیزبی دێموکرات حیزب دروستکەر نیە و دروستیش ناکا، بەڵام خەڵک هەیە بۆخۆی دروستی کردوە، هەمووشمان دەزانین.

**مادح ئەحمەدی: بەڵام حیزبی دێموکرات دەتوانێ کاریگەریی هەبێ.**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەو شتانەدا ئەمن نامەوێ ئادرەس بدەم و ئیددیعا بکەم. ئەمن شتی وا ناکەم، بەڵام لەسەر ئەو قسەیە ئەمن پێم خۆش بوو ئەو بەیانییەی کە باسی دەکەی (ئەوە نابێ راگەیەندراو بێ، دەبێ بەیانییە بێ. چونکە ئەو دووانە جیاوازی یان هەیە) لێرە لەبەر دەستمان بایە و بمانزانیبایە کە داخوا ئێمە چیمان گوتوە. چەند کەس لەنێو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (لە نێوخۆی وڵات)، پێشنیاریان کرد کە حیزبێکی ئاشکرا دروست دەکەین، وەک ئەوەی لە کوردستانی تورکیا هەبوو. وەک "دە تە پە .(DTP) "ئێمە باوەڕمان وابوو کە فەزای سیاسیی ئێران لەگەڵ فەزای سیاسیی تورکیا جیاوازیی هەیە. ئەتۆ حیزبێکی سیاسیی جیددی دامەزرێنی، هیچ ئیزنی چالاکیی پێ نادەن، پاشان ئەندامان و مۆرەکانی خۆت دەخەیتە مەترسی یەوە. ئەتۆ ئەو حیزبە دروست دەکەی، کەسە باشەکانی خۆت کە هەتە (چ ئەندامی حیزبە چ دۆستی حیزبە) دەیخەیە نێو ئەوێ یان نا؟ ئەگەر دەیخەیە نێو ئەو حیزبە، ئەوە ئەوانت خستۆتە مەترسی یەوە. خەڵکی خراپ دەیەوێ بێ، ڕەتی دەکەیەوە یان نا؟ ئەگەر ڕەتی بکەیەوە، ئەوە حیزبەکەت ئاشکرا کردوە کە ئەوە حیزبێکی جیددی یە و دژی کۆماری ئیسلامی یە. بەقەولی کوردەواری دەیکەیە "گۆلێ کا بەکری" هەموو جۆرە تەیر و تووری دونیای تێدا کۆ دەکەیتەوە، ئەوە حیزب نیە. پێمان وابوو فەزای سیاسیی ئەوێ ئەوە هەڵ ناگرێ کە حیزبی سیاسیی جیددیی تێدا دابمەزرێ، کەوایە باشترە خەڵکەکەی ژووری بەو شتانەی کە هەیە خۆیان سەرقاڵ بکەن. یەکیەتیی نووسەرانە، یەکیەتیی هونەرمەندانە، ئەنجومەنی قەڵەمە، ئەنجومەنی ئەدەبی یە و... ئەوانە بکەن کە شتی سیاسی نین.

" NGO"کان دامەزرێنن و پەرەیان پێ بدەن باشترە. رای ئێمە ئەوە بووە. تەنانەت لە جێگایەکی دیکەدا گوتمان ئێمە پێمان وایە فەزای سیاسیی ئێستا ئەوە هەڵ ناگرێ، پاشان ئێمە خۆ خاوەنی کوردستانی ئێران نیین. ئێمە لەوێ دەسەڵاتدار نیین. ئەگەر لە کوردستانی ئێران دەسەڵاتدار بوایەین، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشی بە دروست بوونی حیزبی دیکە نەدەگرت. خەڵک ئازادە بۆخۆی حیزب دادەمەزرێنی یان نا، تەنانەت ئیزنی دامەزراندنی حیزبیش خۆ خەڵک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیجازە وەرناگرێ، ئیزنی دامەزراندنی حیزبی سیاسی دەبێ لە دەوڵەت وەربگیرێ. لە هیچ شوێنێکی دنیا ئیزنی دامەزراندنی حیزبی سیاسی لە حیزب وەرناگیرێ، لە وەزارەتی نێوخۆ وەردەگیرێ. ئێمە گوتمان هەلومەرجەکە لەبار نیە و حیزبی سیاسیی ئاوا لە کوردستانی ئێران ناتوانێ چالاک بێ و بەرهەمدار بێ، بەوحاڵەش ئەگەر هەلومەرج هەبێ ئێمە پێمان خۆشە هەزار گوڵ بپشکوێ.

ئەوە نازانم لەکوێیە، بەڵام کاتی خۆی چاپ بووە. کەی ئێمە نەمان هێشتوە؟ باشە ئێمە بۆ نەمان هێشتوە؟ دامان نا کە حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد کە نابێ ئەو حیزبە دابمەزرێ، خەڵک بۆ بەقسەی حیزبی دێموکرات دەکا؟ دەسەڵاتدارە لەوێ؟

ئەوەم ئێستا وەبیر هاتەوە، ئێمە ئاگامان لە هەندێ جموجۆڵ هەبوو، هێندێک جموجۆڵی گوماناوی هەبوون، لە جێگایەک دا ئاماژەمان بەوە کردوە، لە دەرێ کۆمەڵێک کەس خەریک بوون حیزبێک بەناو ئەوە(...) و بە غەرەزی دیکە بۆ کوردی ئێران دروست بکەن، ئێمە لە جێگایەک دا بەرەورووی ئەوە بووینەوە و خەڵکمان لەوە ئاگادار کردەوە.

***مادح ئەحمەدی: دەتوانی ناوی ئەو کەسانەمان پێ بڵێی؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** بۆ ناویان بەرم. هیچ زەروورەتێکی نیە. ڕەنگە خەڵکێک بۆخۆیان بزانن. ڕەنگە ئەتۆش لەو کەسانە بی کە بزانی.

***مادح ئەحمەدی: مامۆستا ئەگەر پرسیاری دیکە نەیەتە گۆڕێ، وەک دوا پرسیار. ئەمساڵ ٦٥ ساڵ بەسەر تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تێپەڕی. بەو پێیەی کە حیزبی دێموکرات وەک دەسەڵاتی سیاسی خاوەنی بستێک خاک نیە و لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان نیشتەجێیە. زۆر کەس دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەن ٦٥ ساڵ خەباتی بێ ئاکامە (ئەمە ڕای من نیە) وەڵامی جەنابتان چیە؟***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** بستە خاک و ئەوانە هی من نیە، بەڵام با حەقی تألیفی ئەو دەستەواژەیەم لێ نەستێندرێ. مەسەلەی بستێ خاکمان نیە، ڕەنگە بە دەیان جار (ئەوەڵ جار و ئاخر جار) ئەمن بەکارم هێنابێ. بۆخۆم باوەڕم بەوە هەیە.

ئەوە زۆر هەڵەیە کە بڵێین حیزبی دێموکرات خاوەن ٦٥ ساڵ خەباتی بێ ئاکامە. ئەوانەی وادەڵێن ڕەنگە بۆ ڕەخنەگرتن یان دژایەتی کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بڵێن. بەڵام بەبێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن، تەواوی بزووتنەوەی کورد لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا بە بێ ئاکام دادەنێن. چون خەباتی حیزبی دێموکرات بێ

ئاکامە؟ هەر ئێستا زۆرکەس پێی وایە (کە دیارە هەڵەیەکی گەورەیە) حیزبی دێموکرات لە کوێیە. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە کوێیە بێ، ئەمن یەک ڕۆژی تێدا ئەندام نابم. حیزبی دێموکرات لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام خەڵک بۆ ئەوە دەبینێ؟ ئەی ئەو خەڵک و لایەنگرەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیەتی، ئەو وشیاری یە سیاسی یە کە دروست بووە، ئەو هێڵە فیکری یە سیاسی یە (کە هێڵی فکریی حیزبی دێموکرات لە هی هەمووان لە خەڵک نزیکترە)، ئەوە چیە؟ ئەو بە ڕێکەوتە؟ ئەگەر ئەو خەباتە نەبایە، ئەگەر ئەو خەباتە چەکدارانەیە نەبایە ئێستا کەسێک دەما؟ ڕەنگە هەزارو یەک تێبینیمان لەسەر خەباتی ("PKK"بە ئاشکرا ناوی دێنم) هەبێ، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی تورکیا ئێستا زیندوویە، ئاکامی ئەو خەباتە چەکدارانە ( بەقەولی تۆ، یان بە قەولی ئەوانە. ئیشەڵلا ئەوە قسەی تۆ نیە) بێ ئاکامە بووە کە "PKK" کردوویەتی PKK . کوا چی کردوە؟ کوردستانی ڕزگار کردوە؟ بستێ خاکی هەیە؟ ئەگەر ئەو خاکی لە شاخی قەندیل هەیە. ئێمەش لەو دەشتە یان و بەرینە خاکمان بەدەستەوەیە. بەڵام خۆ خاکی ئێمە نیە. ئێمە ئەو ئیددیعایانە ناکەین کە کوردستان هەموو موڵکی ئێمەیە. ئەو شتانە عادەتەن لە حیزبی دێموکرات دا جێگایان نیە. کەوابێ وا نیە. خەبات وا نیە یان گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی یان ئەگەر نەگەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، ئەوە خەباتێکی بێ ئاکام بووە. بە باوەڕی من ئەو وشیاری یە سیاسی یە کە هەمانە، ئەوە کە خەڵک لەباری سیاسی یەوە لەباری بۆچوون بۆ کێشەکانەوە، دەتوانم بڵێم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو حیزبە سیاسی یەکان دا لە حیزبی دێموکرات (لە باری فیکری یەوە باسی تەشکیلات ناکەم) لەهەمووان نزیکترن، ئەوەش ئاکامی ئەو خەباتەیە کە کردوویەتی. باوەڕم بەشتی وا نیە. سبەینێش بزانم وایە، بەجێی دێڵم. ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی بێ ئاکامە، بۆ خۆم ماندوو بکەم؟ لانیکەم ٥ - ٦ ساڵم تەمەن ماوە خەریکی ژیانی خۆم دەبم. پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەیتوانیوە هەموو بەرنامەکانی لە کوردستان پیادە بکا، لەبەر ئەو بەرەنگاری یە چەکدارانەیە بووە کە لە کوردستان بەڕێوە براوە.

***مادح ئەحمەدی: زۆر سپاس مامۆستا.***

***عەبدوڵڵا حەسەنزادە:*** سپاس بۆ ئێوەش.

***مادح ئەحمەدی: بەڵام هەر هیچ نهێنی یەکت نەدرکاند و هیچ شتی زیاترت لەوانە نەگوت کە پێشتر باست کردوون.***

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: نا. باشە شتی واشمان باس کرد کە باس نەکرابوون.

***مادح ئەحمەدی**: دیسان سپاس مامۆستا.*

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەر سەرکەوتوو بن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠**

## کـــورد و پێویستیی دیپلۆماسی میدیایی

ئەگەر سەرپشک بم کە لەنێوان دەوڵەتێکی بێ راگەیاندن و راگەیاندنێکی بێ دەوڵەت یەکیان هەڵبژێرم، بێ ئەملاو ئەولاکردن دووەمیان هەڵدەبژێرم. (تۆماس جێفرسۆن ١٧٨٧) ئەم وتەیەی جێفریسۆن بە تەواوەتی تەعبیر لە گرنگی میدیا و راگەیاندن دەکات. گرنگی میدیا تا ئەو ئاستەیە کە جێفرسۆن راگەیاندنی بێ دەوڵەت لەبەرانبەر دەوڵەتێکی بێ راگەیاندن دا هەڵدەبژێرێت، واتە راگەیاندن زیاتر لە حکومەت و دەسەڵات بۆ کۆمەڵگا و دەوڵەت پێویستە. نووسەر لە کتێبەکەی دا کۆمەڵێک چەمکی وەکو: دیپلۆماسی، دیپلۆماسی نەریتی، نهێنی، کراوە، کلتووری، گشتی، میدیایی، رای گشتی، لۆبی، لۆبی میدیایی دەخاتە بەرباس و لێکدانەوە.

### دیپلۆماسی:

وشەی دیپلۆماسی لە زمانی فەرەنسی دا لە وشەی دیپلۆمات بە واتای نوێنەری سیاسیی وڵاتێک لە وڵاتێکی تر وەرگیراوە و وشەی دیپلۆماتیش لە وشەی دیپلۆمای یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بە واتای بەڵگە و دیکۆمێنتە.

### دیپلۆماسی نەریتی:

لەم شێوە دیپلۆماسیەدا جگە لە پادشاو دەسەڵاتدارە ناسراوەکان بە دەگمەن کەسێکی دیکە دەیتوانی بەسەر پرۆسە سیاسییەکاندا چاودێری بکات.

### دیپلۆماسی نهێنی:

میتۆدەکانی دیپلۆماسی نهێنی تا رادەیەک درێژکراوەی دیپلۆماسی نەریتییە. لە دیپلۆماسی نهێنیدا رۆژنامەنووسان، رای گشتی، زۆربەی بەرپرسان و سیاسییەکان لە گەڵاڵەکان، ناوەڕۆکی دانوستانەکان، رێککەوتنەکان ئاگادار نین و ئەو کەسانەی کە بۆ کاری دیپلۆماتی رادەسپێردرێن لە نزیکانی دەسەڵاتدارانن و زۆربەی کاتەکانیش دانوستانەکان بە شێوەی نهێنی بەڕێوە دەچێت.

### دیپلۆماسی کراوە:

لەم شێوازەدا دیپلۆماسی بە شێوەیەکی کراوەیە و نابێت کارەکان بە شێوەی نهێنی و داخراوو ناشەفاف بەڕێوەبچێت.

### دیپلۆماسی گشتی:

دیپلۆماسی گشتی واتە ئەو پلانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە پشتیوانی لێدەکرێت و مەبەستەکەی راگەیاندن و کاریگەری دانانە لە سەرەڕای گشتی وڵاتانی تر. ئامڕازەکانی دیپلۆماسی گشتی بڵاوکردنەوەی دەق، وێنە بزوێنەرەکان، رادیۆ، تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت.

### دیپلۆماسی کلتوری:

کلتور بە درێژایی مێژوو لە سیاسەتی وڵاتاندا رۆڵێکی تایبەتی هەبوو. بەگشتی دیپلۆماسی کلتوری واتە، ئاڵوگۆڕکردنی ئایدیاکان و هونەرو سەرجەم لایەنەکانی کلتوری.

### دیپلۆماسی میدیایی:

دیپلۆماسی میدیایی واتە کەڵک وەرگرتن لە میدیا گشتییەکان بۆدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کاراکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان، بۆ دروستکردنی متمانە بەرەوپێشبردنی دانوستان و وتوێژەکان و راکێشانی پشتیوانی گشتی لە رێککەوتنەکان.

## لۆبی و لۆبی میدیایی:

*لۆبی وشەیەکی ئینگلیزییە کە بە واتای دیوەخان بەکاردێت.*

لۆبیگەری لە سیاسەتی ئەمریکادا واتە شوێن پێکردنەوە لە نێو دەسەڵاتی یاساداناندا. لە ئەمریکا ئەو گروپ و لایەنانەی کە کاری لۆبیگەری دەکەن پەیوەندی لەگەڵ ئەنجومەنی پیران یان ئەنجومەنی نوێنەران دەگرن بۆ پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی ئەو گەڵاڵانەی کە لە ئارادان، بنەمای کاری لۆبیگەری لەسەر بەرژەوەندی دایە و هەر لایەن و وڵاتێک کار بۆ بەرژەوەندی خۆی دەکات. لۆبی میدیایی کارکردن لەناو راگەیاندنەکان بۆ پرۆسەیەکی سیاسیی یان چارەسەرکردنی کێشەیەک.

## لۆبی میدیایی:

ئەو کەسانەی یان گروپانەی کە لە رووی مرۆییەوە پشتیوانی لە نەتەوەیەک یان پرۆژەیەک دەکەن و لە راگەیاندنەکان بابەتی جۆراوجۆر بڵاودەکەنەوە، لەوانەی جاناتان رانداڵ یان کریس کۆچێرا کە پشتیوانیان لە کێشەی کورد کردووە.

## رای گشتی:

رای گشتی واتە: هەڵوێستی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە سەبارەت بەو رووداوانەی کە گرێدراوی ژیانی کۆمەڵگایە یان ئەوەی کە زۆربەی خەڵک ئەو رووداوەیان بە لاوە گرنگە.

## ئامرازەکانی دیپلۆماسی میدیایی:

١) تەلەفزیۆن
٢) رادیۆ
٣) ئاژانسەکان
٤) چاپەمەنییەکان
٥) ئینتەرنێت

نووسەر لە کتێبەکەی دا باس لەوگرفت و کێشانە دەکات کە دیپلۆماسی کورد تووشی بووە و لە کۆتاییدا کۆمەڵێک ڕێگەچارە دەخاتەڕوو کە لەوانە:

١) کورد بۆ بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ پڕوپاگەندەی نەیاران و دوژمنان دەبێ لە ڕێگای میدیاوە هێرش بکات.
٢) پێویستە ناوەندێکی پسپۆڕی میدیایی بۆ هەواڵسازی و پڕوپاگەندە پێک بێت.
٣) بەو پێیەی کە بێ سەرەوبەرییەکی زۆر لە راگەیاندنی کوردیدا هەیە دەبێت ئەوناوەندە پسپۆڕ ئەو کلتورە بگۆڕێت و هەموو راگەیاندنەکان ڕێکبخرێن.
٤) بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم و بە شی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرکام لە حزبەکان بە پلەی دووەم حیساب بکرێت.
٥) پەیوەندییەکانی دەرەوە پێویستە لە نێو میدیا بە ناوبانگەکانی دەرەوە لۆبییەکی میدیایی دروست بکات.
٦) کوردەکانی دەرەوەی وڵات دەبێ رۆڵی خۆیان لەناو میدیاکانی دەرەوە بگێرن
٧) دەبێت بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوە هەوڵبدات کە بەردەوام بەرپرسانی ناوەندە میدیاییەکان و رۆژنامەنووسان بانگهێشتی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بارودۆخی کوردستان و میدیای کوردی ببینن.
٨) بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێویستە نوێنەرانی خۆیان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان راسپێرن بە گوێرەی توانا هەوڵبدەن لەو وڵاتانەی کە نیشتەجێن بە زمانی ئەو وڵاتە ماڵپەڕ و رۆژنامە دەربکەن بۆ ئەوەی کاریگەریان هەبێت لەسەر رای گشتی ئەو وڵاتانە سەبارەت بە مەسەلەی کورد
٩) پێویستە هەوڵبدرێت ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی کورد ئاسانکارییان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لە بوارە جیاجیاکان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەمریکاو ئەوروپا بخوێنن.

نووسەر هەروەها چەند تەوەری تر دەخاتە بەر باس و لێکدانەوە.

ناوی کتێب: کورد و پێویستیی دیپلۆماسی میدیایی
ناوی نووسەر: مادێح ئەحمەدی
چاپ: چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٠
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبڵاوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

خوێندنەوەو خستنەڕووی - جەواد حەیدەری

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپریس - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## وتووێژی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ئازیزانی بینەر! هەر وەک ئاگادارن بارودۆخی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێ و کەلێنەکانی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵات لە وڵاتدا قووڵتر دەبێ و هەروەها لە لایەکیتر، بەربەرەکانیی ناڕازییانی ئەو حەرەکەتەی ئێستا کە بە جووڵانەوەی سەوز لە ئێران ناسراوە، بۆ خۆی توانیویەتی جۆرێک کێشە یا لە ئاستێکی دیکەدا حاکمییەتی ئێران یا قۆڵی پاوانخوازی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تووشی قەیران بکا. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ناوەندە سیاسییەکان

چ لە ئاستی جیهانیداو چ لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەدا سەرنجێکی زیاتر بدەنە کێشەی ئێران. لە پێوەندی لەگەڵ ئەو وەزعییەتەدا کە ئێستا لە ئێران هاتۆتە گۆڕێ بێ گومان مەوقعییەتی کورد زۆر زۆر گرنگەو پێویستە ئێمەش وەک کورد خوێندنەوەی تایبەت یا پێناسەی تایبەتمان لەم پێوەندییەدا هەبێ. لەم بارەیەوە لە سەرەتای بەرنامەکەماندا هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی چەند پرسیاردا تیشک بخەینە سەر ئەم بابەتە، بەڵام لە بەشی دواتری بەرنامەکەماندا لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژێکی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ماوەی رابردوودا لە میدیاکان بڵاو کرایەوەو کۆمەڵێک شتی هێنا بووە بەرباس کە بووە جێی سەرنجی کۆمەڵێک لە ساحێب نەزەران و رەخنەگران یا کەسانێک کە بە هەر حاڵ بە موافق و بە موخالف لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەیان کرد. ئەو مەسەلەیەش کە لەو وتوێژەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وروژێندرا بوون، یەک: مەسەلەی هەڵگرتنی دروشمی رووخان لە لایەن بزووتنەوەی کورد، دوو: مەسەلەی موزاکرەو دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، سێ: لانیکەم و لانی زۆری مافەکانی ئێمەو کۆمەڵێک بابەتی تر لەو پێوەندییەدا. ئەم بابەتە یا ئەم وتوێژەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئاستێک ئێنعکاس و کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە.

لەم دیدارە تایبەتەدا هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی ئەم مەسەلەیەدا، لە خزمەت بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بین. کاک خالید زۆر سپاس بۆ ئەوی ئەم دەرفەتەتان نایە ئێختیارمان بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.

***پرسیار**: با لەوەوە دەست پێ بکەین هەروەک لە سەرەتاشەوە ئیشارەم پێکرد، وەزعی ئێران ئاڵۆزەو ئەو قەیرانانەی کە ئێستا تووشی حاکمییەتی ئەو وڵاتە بوون، یا قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبن و ئەو رقابەتەو ئەو کێشەو ململانێیانەی کە کەوتوونە نێوان ئەو حەرەکەتەی ئێستا لە گۆڕێدایەو حاکمییەتی جمهوری ئیسلامی لە واقعدا قەیرانێکی گەورەی دروست کردوە لەو وڵاتەدا. پێم خۆشە لە پێشدا هەڵسەنگاندنی جەنابتان لە پێوەندی لەگەڵ وەزعییەتی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا ببیسین.*

***خالید عەزیزی**:* پێشەکی زۆر سپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان بۆ من رەخساند کە لێرە لە خزمەتتاندا بم هەروەها بە هۆی کورد کاناڵیشەوە رێزو سڵاوم هەیە بۆ بینەرانی ئەم بەرنامەیە. لە راستیدا دوای ئینقلابی ئیسلامیی ئێران دەکرێ بڵێم ئەوە قەیرانێکی زۆر بەربەرینی جەماوەری، سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی، قانوونی،

مەزهەبی و نێودەوڵەتییە کە جمهووری ئیسلامی لەگەڵی ڕووبەڕوو بووەتەوە. لە سەردەمی ئێستادا ئێمە لە ڕوانگەی کۆمەڵێک فاکتۆرەوە دەتوانین مەوقعیەتی دەوڵەت یا دەسەڵاتێک لە دنیای ئەمڕودا هەڵسەنگێنین. یەکێک لەو فاکتۆرانە فاکتۆری ئابوورییە. فاکتۆری ئابووری لە ئێراندا سەرەڕای ئەوەی کە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە، داهاتی نەوتی زۆرە، هەر لە نێوخۆی وڵاتیش مەجالی تەولیدی هەیە، کاری باشی هەیە، کشاوەرزی باشی هەیە، مەوقعییەتی جوغرافیایی لەو مەنتەقە بۆ معامەلە باشە بەڵام ئابووری ئێران سەرەڕای هەمووی ئەوانە خراپەو. لە پێوەندیی لەگەڵ وەزعی ئابوریدا نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک یەکجار زۆرەو بەربەرین بۆتەوە. فاکتۆرێکی دیکە، فاکتۆری جەماوەرییەو جەماوەر لە سەردەمی ئێستادا (ساڵی ٢٠٠٩) شێوەیەکی دیکە لە حکوومەتکردنیان دەوێ، بە حکوومەتی جمهوری ئیسلامی ڕازی نین. کۆمەڵگەی ئێران زۆر چۆتە پێشێ، شعووری سیاسی زۆر چۆتە پێشێ. خەڵک موتالباتێکیان هەیە دەیانەوێ جێبەجێ بێ. خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکان و بە هەموو چین و توێژێکەوە دیانهەوێ لە دنیادا جێگەیەکیان هەبێ کە موناسبی وەزعی حاڵ و شعوورو هۆویەتی کۆمەلانی خەڵکی ئێرانە. لەم ڕوانگەیەشەوە جمهووریی ئیسلامی لە قەیرانێکی جیددی دایە. خەڵک بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، بە شعوورێکی زۆرترەوە لە دژی جمهووریی ئیسلامی ڕاوەستاوە. فاکتۆرێکی دیکە، فاکتۆری نێودەوڵەتییە. جمهووری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک قۆڵدورێک موعامەلە دەکا. ئێحترام بۆ قانوون و یاسا ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان دانانێ. تێ دەکۆشێ لە سەر عەقڵییەتی خۆی کە چۆن تەعامول لەگەڵ خەڵکی خۆی دەکا هەر ئاواش تەعامول لەگەڵ دنیای دەرەوە بکاو، ئەوەی لە دنیای دەرەوە بە ڕاحەتی لێ قبووڵ ناکەن. ئەوەی کە بە ناوی کێشەی ئەتۆمی، خۆی پێناسە کردوە، ڕۆژ بە ڕۆژ ئێران لە دنیادا پتر دەخاتە بەر چالشی جیددی. فاکتۆرێکی دیکە ئەوەیە کە لە نێوخودی سیستمی جمهووریی ئیسلامیدا، هەر وەکی هەموو لایەکمان دەزانین قانوونەکان و بنەماکانی دامەزراندنی ئەو حکوومەتە لە سەر ئەساسی بنەمای مەزهەبی شێعە دانراوە. لە نێوخودی سازماندەهی مەزهەبی شێعەش، کێشەو ناکۆکی یەکجار زۆر لە گۆڕێدا هەیە. ئێعترازاتێکی زۆر بە سیستمی ولایەتی فەقیە دەکرێ، لە سەر چۆنیەتیی تەعامول لەگەڵ خەڵک. لە سەریەک لە چوار مەیدانی سەرەکی، جمهووریی ئیسلامیی ئێران کەوتۆتە بەر هێرش، کەوتۆتە بەر ڕەخنەو گازندەی خەڵکی نێوخۆو دنیای دەرەوە.

***پرسیار: دەکرێ واشی پێناسە بکەین کە لەو چوار مەیدانەدا کۆماری ئیسلامی جگە لەوەی کەوتۆتە بەر هێرش، لە واقعدا تووشی قەیرانێکی جیدیش بووە؟***

***خالید عەزیزی:*** مادام کەوتۆتە بەر هێرش لە چوار مەیدانداو لە موقابیلیدا ڕاوەستاون و سوئالی لە سەرە،

قەیرانێکی جیددی دروست کردوە. ئەو قەیرانە لەو قەیرانانەیە کە حکوومەتی جمهووریی ئیسلامی دەبێ بە شێوەیەک تەعامولی لەگەڵ بکا، یا ئەوەیە دەستگای سەرکوت و نیزامیی جمهووریی ئیسلامی رۆژ بە رۆژ سەقامگیرتر دەبێ، (هۆیەکەی ئەوەیە جمهووریی ئیسلامیی ئێران ئێستا بە کۆمەڵێک مافیای نێو دەسەلات، کە لە دەوری ئەحمەدی نژادو سپای پاسداران و ئیتلاعات و خامەنەیی و... کۆبوونەتەوە، ئێران ئیدارە دەکەن. ئەو مافیایە لە ئیدامەی خۆیدا دەبێ خۆی تۆکمەتر بکاتەوە، یەکدەستتر بکاتەوە کە رووبەڕووی ئەو قەیرانە بێتەوە) یا ئەوەی مەجبوور بە پاشەکشە بێ لە موقابیل ئەو قەیرانەدا. دیسان ئەوەش بۆ جمهووریی ئیسلامی هەر گران تەواو دەبێ. وەلحاسڵ لە هەر حاڵەتێکدا هەر سیاسەت و هەر بۆچوونێک جمهووریی ئیسلامی هەیبێ، چ سیاسەتی سەرکوتی زۆرتر ئیدامە بدا، چ سیاسەتی پاشەکشە بە تەعبیر لە هەمووی ئەو فاکتۆرانە سەحنەی سیاسیی ئێران، جمهووریی ئیسلامی هیچ ئاییندەیەکی نیە. درەنگ یا زوو لە موقابیل ئێعترازاتی کۆمەلانی خەڵک یا مەجبوور بە پاشەکشە دەبێ یا بێ ئاییندەتریش دەبێ.

***پرسیار: کاک خالید بە نیسبەت ئەو حەرەکەتەی کە ئێستا لە ئێران بە ناوی جووڵانەوەی سەوز ناوبانگی دەرکردووە لە واقعدا دەگەڕێتەوە بۆ پاش هەڵبژاردنەکان کە ئەم حەرەکەتە شکڵی گرت و هاتە گۆڕێ و رۆژ بە دوای رۆژیش لە واقع-دا زیاتر تەوسعە پەیدا دەکاو حەوزەی فەعالیەت و چالاکییەکانی بەربەرینتر دەبێتەوە، پێم خۆشە پێناسەی ئێوە لەو پێوەندییەدا ببیستم.***

***خالید عەزیزی:*** ئەم جووڵانەوەیە کە دژکردەوەیەک بوو لە دژی کردەوەی خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد، دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، ئەم جوولانەوەیە لە ئیدامەی خۆیدا بەربەرینتر بوو و بوو بە دژکردەوەی کۆمەلانی خەڵک لە موقابیل سیاسەتی جمهوری ئیسلامی لە کوللییەتی خۆیدا. ئەو جووڵانەوەیە لە سەردەمێکدا دەستی پێکردوە کە رۆژ بەرۆژ خەڵکێکی زۆرتر پێی مولحەق دەبێ. ئەگەر وایە بە لەحازی زەمانییەوە رەنگە ئێستا بڵێین زوو بێ ئێمە هەموو فاکتۆرەکانی بەشدار لە چەندو چۆنی شکڵ گیریی ئەو جووڵانەوەیە لە تەنیشتی یەک دابنێین. بەڵام ئەو جووڵانەوەیە لە لایەک دەکرێ ئاوا پێناسە بکەین بە شێوەیەک لە سەر بەستەری بنەماکانی ٢ی جۆزەردانی پێشوو لە سەردەمی خاتەمی کە ئیسلاح تەڵەبی هاتە گۆڕێ، هێندێک لەو بنەمایانەی تێدا هەیەو ئێستا لە کەشوهەوایەکی دیکەدا مەجالی بۆ هاتۆتەوە پێشێ و خۆ دەنوێنی. بەڵام ئەو کەشوهەوایە نزیک بە دە ساڵ دوای ئەو وەختە، تەبیعەتەن دە ساڵیش گۆڕانکاریی بە سەر خەڵک و بە سەر کۆمەڵگادا هێناوە، بۆیە جووڵانەوەی ئێستا لە هی ئەو وەخت رادیکاڵترە. دنیای ئێستا دنیایەکی پێشکەوتووترە، لە سەردەمی ئێستادا

ئینترنێت، مۆبایل، سەتەلایت، ئێران و خەڵکی ئێران بە دنیای دەرەوە وەسڵ دەکاتەوەو جمهووریی ئیسلامی مەجالی پێشگیری لەوانەی نیە. بۆیە ئەو جووڵانەوەیە ئەگەر لە زاهیردا نمایەکی هەیە لە ژێر رەنگی سەوزدا ئەو خەڵکە کۆدەکاتەوەو زاهیرەن عەکسولعەمەلێکە لە موقابیل هەڵبژاردنەکانداو ئێستا زۆرتر بە کەڕوویی و خاتەمی و مووسەوی خۆی پێناسە دەکا، بەڵام کۆمەڵانێکی زۆری خەڵکی ئێران خۆی تێدا دەبیننەوەو تێدەکۆشن هەر کەسە داوایەک، بۆچوونێک، موتالباتێکی هەیە بە شێوەی خۆی لە دڵی خۆیدا بە گوێرەی عەقڵییەت و لێکدانەوەی خۆی کۆماری ئیسلامی بە چالش دەکێشێ. بەڵام حالیەن بە ناوی جووڵانەوەی سەوز خۆی ناساندوە. ئەوەی کە ئێمە پێناسەی بکەین ئەو جووڵانەوەیە لە مەرحەلەی ئێستادا بۆ ڕووبەڕوویی کردن لەگەڵ جمهوری ئیسلامی دەکرێ بنەمایەک بێ، حەدیئەقلی بەرنامەی هەبێ، کۆمەڵانی جۆراوجۆر لە خۆیدا کۆبکاتەوە لەو مەیدانەدا بتوانێ جمهووریی ئیسلامی لە سەر ئەو داوایانە بە چالش بکێشێ. بۆیە ئەوەی کە من ئەگەر پێناسەی بکەم، جووڵانەوی ئیدئۆلۆژییەکی موشەخەس نیە، جووڵانەوەی نەتەوەیەکی موشەخەس نیە، جووڵانەوەی حیزبێکی موشەخەس نیە، جووڵانەوی هێندێک ئەقشاری ئیسلامییش نیە، جووڵانەوەی هێندێک قشری دەرەوەی شاریش نیە، یا قشرێکی نێوشار نیە، بەڵکوو جووڵانەوەیە، جووڵانەوەیەکە دروشمی جۆراوجۆری تێدایە، جووڵانەوەیەکی هەمە ڕەنگە، وەسیعە یا بڵێین کۆلکەزێڕینەیەکە هەرچەند ئێستا ڕەنگی سەوزە کە بۆتە نمادی ئەو جووڵانەوەیە.

***پرسیار: کاک خالید لە پێوەندی لەگەڵ ئەم جووڵانەویە (کێشەی ئەم جووڵانەویە لەگەڵ حاکمییەتدا ئێمە دەبینین لە ماوەی ڕابردوودا کە خەڵکی ناڕازی کە ئێستا وەک جووڵانەوەی سەوز ناوی لێ دەبەین هیچ پاشەکشەیەکیان نەکردوەو ڕۆژ بە ڕۆژیش ئێعترازات ەبرینتر دەبێ، لە موقابلیش دا دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی هیچ پاشەکشەیەکی نەکردوەو بەردەوام بەجێی ئەوەی کە بێت مکانیزمێک ببینێتەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە زیاتر پەرە بە سەرکوتی خەڵک و ناڕازیان دەدا. پێت وایە لە نهایەت¬دا کێشەی ئەم دوو لایەنە یا کێشەی جووڵانەوەی سەوز لەگەڵ حاکمییەت بە چ ئاراستەیەک دا بڕوا؟***

***خالید عەزیزی:*** لە یەکەم حاڵەت دا، مەعمولەن ئەو دەسەڵاتانەی کە موتەمەرکزن، دیکتاتۆرن، غەیرە دێموکراتیکن، کاتێک لەگەڵ ڕەخنەو گلەیی و گازندەو ئێعترازاتی کۆمەڵانی خەڵک ڕووبەڕوو دەبنەوە، لە ئیدامەی کێشەکەی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک وایان لێ دێ توندڕەوتر دەبن، مەجالی جموجۆڵ ناهێڵنەوە، تێدەکۆشن لە ئەبزاری نیزامی و سەرکوت ئیستفادە بکەن، تێدەکۆشن مێتۆدو تێکنیکی تۆکمەکردنی خۆیان لە دژی کۆمەڵانی خەڵک بیبیننەوە. ئەوە لە مەوردی زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیادا سدقی کردوە، دیکتاتۆرەکان هەموو وابوون،

دەسەڵاتە موتەمەرکزەکانی غەیرە دێموکراتیک هەموو وابوون. ئێمە دەتوانین چەند سێناریۆ پێش بینی بکەین. ئەوەی من لێرە دەیڵێم هەمووی پێش بینییە، هەمووی ئێحتمالاتە. یەکێک لە سێناریۆکان ئەوەیە کە جمهووریی ئیسلامی هیچ شتێک لەو جووڵانەوەیە قبووڵ ناکا، لە موقابیل داواو موتالیباتی کۆمەڵانی خەڵک پاشەکشە ناکا. ڕۆژ بە ڕۆژ مافیاکانی جۆراوجۆری نێو سیستمی جمهووریی ئیسلامی یەکگرتووتر دەبن، سیستمێکی نیزامیتر بە حکوومەتەکە دەدەن، ئەو حکوومەتەی پێ یەکدەست تر دەکەن، لە نەتیجەدا مەجالی جموجۆڵ و فەعالییەت بۆ جووڵانەوەی سەوزو کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران مەحدوودتر دەکەنەوە. جەوێکی نیزامی دادەمەزرێنن، ئەو جەوە ئەمنیەتییەی کە لە کوردستانیان داناوە لە شوێنەکانی دیکەش بەهێزی دەکەن. لەو حاڵەتەدا ڕەنگە جووڵانەوەکە بۆ ماوەیەک مەجبوور بە هێندێک پاشەکشە بێ، یا نەخیر تێبکۆشێ مێتۆدی دیکە لە چۆنیەتی سازماندەهیی خۆی بێنێتە گۆڕێ. ئەگەر وایە یەکێک لە حاڵەتەکان ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە یەکدەست هیچ قبووڵ ناکاو هێرش دەکا، تەعاروز دەکاو جووڵانەوەکە دەبێ تێبکۆشێ مێتۆدی دیکە ببینێتەوە. حاڵەتێکی دیکە ئەوەیە، ئەو جووڵانەوەیە بەربەرین و وەسیع دەچێتە پێشێ، ڕۆژ بە ڕۆژ جمهووریی ئیسلامی مەجبوور بە پاشەکشە بکا، لە نەتیجەدا لە نێو خودی سیستمی جمهووریی ئیسلامی کە ئێستا زۆرتر بە خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد خۆی پێناسە کردوە لە میکانزمێک، لە ڕێگاحەلێک بگەڕێن کە لەگەڵی سازش بکەن. هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو جووڵانەوەیە ناڵێ جمهوری ئیسلامی بڕووخێ، ئەو جووڵانەوەیە ناڵێ قانوونی ئەساسی بگۆڕدرێ، ئەو جووڵانەوەیە ناڵێ نیزام بگۆڕدرێ، ئەو جووڵانەوەیە دەیهەوێ ئەو سیستمی جمهووری ئیسلامی بە قانوونی ئەساسی و نیزامەکەیەوە موتەعادیلتر بێ، لیبراڵ تر بجووڵێتەوە، بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک هێندێک ئاوڕدانەوەی هەبێ، هێندک داخوازو ویستی لانیکەمی ئازادییە دێموکراتیکەکان و ماف و شتی ئاوای هەیە. لەو حاڵەتەدا ئەگەر جمهووریی ئیسلامی پاشەکشە بکاو ئەوە لە جووڵانەوەی سەوز قبووڵ بکا، دەبێتە هۆی ئەوە کە جمهووریی ئیسلامی تووشی پاشەکشێی زۆرترو لە ئیدامەی خۆیدا هاتنە ژێر سوئال و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ویست و داخوازی زۆری کۆمەڵانی خەڵک ببێ و تەنانەت ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوزیش ئیدی ؟؟ دەدا نابن بە ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز، مەجبوورن ببن بە ڕێبەرانی جووڵانەوەیەک کە دەیهەوێ نیزامی جمهووریی ئیسلامی یا بگۆڕێ یا ئاڵوگۆڕ ی بە سەردا بێ. ئێحتمالێک ئەوەیە کە ئەو کێشانە ئاوا هەر بڕواتە پێشێ، ئێعترازات هەبێ، لە موناسبەتەکانی مەزهەبی و مێژوویی کۆمەڵانی خەڵکدا بێنە گۆڕێ لە دژی جمهووریی ئیسلامی ڕاوەستن، هەر ئاوا کێشی پێبدەن تا دەگەنە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی. ئەگەر گەیشتنە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئەو وەختی دوو حاڵەت هەیە. حاڵەتی یەکەم ئەوەیە ئەو جووڵانەوەیە ئەوەندە بە قوەت بووە، ئەوەندە کۆمەڵانی خەڵک پشتیوانی لێ دەکەن، وەک ئۆپۆزیسیۆنێک بە بەرنامەیەکی موشەخەس دێتە گۆڕێ، لە هەڵبژاردنەکانی

مەجلیسی شوورای ئیسلامی دا شیرکەت دەکاو لە مەجلیس ئەگەر بە ئێعتباری وەزعیەتی نارەزایەتی ئێستا لە دژی جمهووریی ئیسلامی چاو لێ بکەین رەنگە ئەکسەریەتێکی باش بێنێتەوە، ئەو وەختی کێشەی ئەو جووڵانەوەیە بکەوێتە ئاستێکی قانوونی لە مەجلیس، دەسەڵاتی هەبێ و ئەو سێناریۆیە ببێت بە ئەمری واقع.

***پرسیار**: لێرەدا ئێحتمالی ئەوە لێ نادەن کە بە هەر حاڵ ئەو شوورای نیگابانە کە تەحتی نەزارەتی خودی بەیتی رەهبەرییەوە، لە واقعدا بە پێی ئەو شتانە کار دەکا کە لە بەرژەوەندی قۆڵی پاوانخواز دایە. ئەو کەسانەش کە بیانهەوێ بۆ مەجلیسی شوورای ئیسلامی خۆیان کاندید بکەن پێویستە شوورای نیگابان تەئیدیان بکا. پێت وانیە هەر لەوێ پێشیان پێ بگرن و لە واقعدا بەرخوردیان پێ بکەن؟*

***خالید عەزیزی**:* دەمویست ئەوە بڵێم کە دوو حاڵەتی هەیە، حاڵەتێک ئەوەیە کە ئاوا دەچێتە پێشێ و مەجالێک بۆ خۆی دروست دەکاو دەوڵەت پاشەکشە دەکاو ئەوان بەشداری دەکەن. کە ئەوە گران تەواو دەبێ بۆ جمهووریی ئیسلامی. حاڵەتێکی دیکە هەر ئەوەیە کە جەنابت ئاماژەت پێ کرد، شوورای نیگابان مەجالیان پێ نادا، کاندیدەکانیان رەد دەکاتەوە، بە مەعنای ئەوەیە ئەو وەختی لە کاناڵێکی قانوونی کە بۆخۆیان دروست کردوە دیسان تێدەکۆشن کە نەیەڵن جووڵانەوەی سەوز لە نێو کۆمەلانی خەڵک بەهێز بێتەوە. بەڵام جیاواز لە هەمووی ئەو سێناریۆیانە، جیاواز لە هەمووی ئەو حاڵەتانە، ئەو جووڵانەوەیە جووڵانەوەیەکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵکە، ئەگەر ئێستا بە رەنگی سەوز یا بە کەرووبی و بە مووسەوی و خاتەمی خۆی پێناسە کردوە لە ئیدامەی خۆیدا رەنگە رەنگی تر و پێناسەی تر بۆخۆی بێنێتە گۆرێ. لە هەر حاڵدا جمهووریی ئیسلامیی ئێران لە موقابیل کۆمەڵانی خەڵکدا یان مەجبوور بە پاشەکشە دەبێ یا دەگۆڕێ یا تێدادەچێ.

***پرسیار**: کاک خالید ئێمە وەک کورد دەبێ بە چ شێوەیەک موعامله لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیەدا بکەین؟*

***خالید عەزیزی**:* ئێمە وەک کورد مادام لەو باوەڕەداین کە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دەبێ چارەسەر بکرێ، مادام لەو باوەڕەداین کە ئێمە سی ساڵە بۆ مافەکانی خۆمان دژی جمهووریی ئیسلامی هەوڵ دەدەین، مادام لەو باوەڕەداین کە دەبێ مەسەلەی کورد لە نێوخۆی کوردستان بێنینە دەرێ و کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بە گشتی، و ئەوانەی کە لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا سیاسەت دەکەن و لە ئایندەی ئێراندا لە سەر چەندو چۆنی دەسەڵات لە تاران دەسەڵاتیان دەبێ لە ئێمە تێ بگەن، نابێ بەرامبەر بە وەزعی مەوجوود بێ تەفاوەت بین. ئێمە سەرەڕای

ئەوەی کە خاتەمی و کەرووبی و مووسەوی یا ڕێبەرانی ناسراوی ئێستای جووڵانەوی سەوز کاتێک بۆ خۆیان ئەم ئینقلابەیان کردووە تا ئێرەیان هێناوەو تەنانەت لە دەسەڵاتیشدا بەشدارییان بووەو، بەڵام مادام ئێستا کێشەیان هەیەو لایەک هێندێک شتی مەنتقی دێنێتە گۆڕێ، ئێمە دەبێ تەشویقی ئەوە بکەین. ئێمە دەبێ تێبکۆشین چۆن فەرقی مونتەزیری و خومەینیمان کرد (خومەینی کاتی خۆی ئێعلانی شەڕی کرد دژی میللەتی کورد، ئێعلانی جەهادی کرد بەڵام مونتەزیری ئێعترازی کرد بە ئێعدامەکان و وەک کەسێکی بە شەهامەت ماوەو خانەنشینیی ئینتخاب کرد لە جیاتی ئەوەی کە لە دەسەڵات دا بێ) دەبێ لە بەینی ئەوانەش دا فەرقیان بکەین. بۆیە واقع بینی لە سیاسەتدا ئەوەیە ئێمە تێبکۆشین هەمووی ئەو مەجال و تەفرەقانەی دێنە گۆڕێ واقع بینانە بەرخوردیان پێ بکەین، تەشویقیان بکەین، لەگەڵیان لە پێوەندیدا بین، تەجروبەی خۆمانیان پێ مونتەقیل بکەین، پێیان بڵێین کە ئەگەر دەتانهەوێ ئێوە سەرکەوتوو بن، ئەگەر ئێوە دەتانهەوێ ئێرانی ئایندە ئیدارە بکرێ، ناکرێ لە ساڵی ٢٠٠٩ و ساڵی ٢٠١٠ میلادی ئێران بە شێوەی سی ساڵ پێش ئەمڕۆ ئیدارە بکرێ. یانی ئەو زێهنیەتەیان پێ بدەین ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر بە ناوی جمهووریی ئیسلامی دەستیان بە کار کرد بەڵام ویستیان بڕێک ئاقڵانە و مەسئولانە بجووڵێنەوە، ئەوە داواو موتالباتی خەڵکی کوردیان لە بەردەم خۆیان دا هەبێ. چون یەکێک لە موشکلاتی ئێمە ئەوەیە، موشکلاتی ئینقلاباتیش ئەوەیە، موهیم ئەوە نیە ئینقلابێک دەکەی و حکوومەتێک دەڕووخێنی، موهیم نیە کە تۆ ئینقلاب دەکەی و حکوومەتێک مەجبوور بە پاشەکشە دەکەی، موهیم ئەوەیە چیت وەگیر دەکەوێ. ئەوە زۆر زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد، بۆیە بۆ ئەوەی شتێکمان گیر بکەوێ، بۆ ئەوەی کە بماننناسن، بۆ ئەوەی کە دەنگ و ڕەنگی کورد لە کێشەکانی ئێراندا لە گۆڕێدا بێ و لە پەراوێز نەکەوین، ڕێگای ئەوەیە ئێمەش بە شێوەی جۆراوجۆر لە نێو ئەو جووڵانەوەیە بەشدار بین. فورسەتێکە لەو مەجالە ئیستفادە کەین و کەڵکی لێ وەربگرین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەو واقعیەتە قبووڵ بکەین، ئەو جۆرەی کە جمهووریی ئیسلامی لە تاران و شوێنەکانی دیکە لەگەڵ خەڵک تەعامول دەکا، تەبیعەتەن لە کوردستان ئاوا تەعامول ناکەن. هەر لە سی ساڵی ڕابردوودا جمهووریی ئیسلامی سیاسەتی ئەمنییەتیی بەرامبەر بە کوردستان کردوە بە بەردی بنەمای بۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆی لە سەر مەسەلەی کوردستان، و کوردستان بە تەواوی میلیتاریزە کراوە. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی ئەو واقعییەتە هەوڵمان نەداوە سیاسەتێک، بۆچوونێک، شوعارێک، دروشمێک، تەبلیغێک بێنینە گۆڕێ کە لە نێوخۆی کوردستان شەرایەتێک بێتە پێشێ جمهووریی ئیسلامی بیکا بە بەهانەو بە دەیان قات تۆڵە لە خەڵکی کورد بستێنێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیش دا پێمان وایە ڕووناکبیرانی کورد، نوخبەگانی کورد، خوێندەواران لە دانشگاکان، خەڵکی ئەهلی قەڵەم، هەمووی ئەو خەڵکەی کە بە جۆرێک تێکەڵاوییان لەگەڵ جووڵانەوەی سەوز هەیە، لە شارو گوندەکانی کوردستان،

لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان، دەبێ تێکەڵاوی و پێوەندییان پێوە هەبێ و مەعلوماتیان بدەنێ لە سەر قەزیەی کوردستان. یەکێک لە گرفتی ئێمە لە سی ساڵی رابردوودا ئەوە بووە جمهووریی ئیسلامی بە مەیلی خۆی ویستوویە مەسەلەی خەڵک لە پەراوێز بخا، کۆمەڵانی خەڵک لە دەرەوەی ئێران تێ نەگەن. ئەگەر بڵێین ئێران حەشیمەتێکی ٧٥ میلیۆنی هەیەو نزیک بە هەشت ـ نۆ میلیۆنی کوردە، هەشت ـ نۆ میلیۆن کوردەکە لە دەردو موشکلەی خۆی دەگا، بەڤییە کە بڵێین نزیک شەست میلیۆن دەمێنێتەوە خۆ ئەوە هەموو لە جوزئیاتی کێشەی ئێمە ناگەن و ئەوانن ئێستا جمهووریی ئیسلامییان لە دەرەوە لەگەڵ ئێمە بە چالش کێشاوە. جا یەکێک لە ئەرکەکانی ئێمە ئەوەیە خەڵک لە دەرەوەی کوردستان لە خۆمان ئاگادار بکەین.

***پرسیار:*** *لە بەرامبەر ئەم خوێندنەوەیەی جەنابتان، خوێندنەوەیەکیش هەیە کە دەڵێ، ئەم کێشەیە بە هەر حاڵ کێشەی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵاتە لە تاران و هیچ پێوەندیی بە کوردو نەتەوەکانی دیکەوە نیەو نابێ تێکەڵ بەو مەسەلە بین، چۆن چاو لەو خوێندنەوەیە دەکەن؟*

***خالید عەزیزی:*** بۆ حیزبێکی سیاسی کە لە واقعییات دەگەڕێ و لە مەجال و دەرفەتەکان ئیستفادە دەکا، سیاسەت وەک ئەوە چاو لێ دەکا چۆن لە فورسەتەکان کەڵک وەرگرێ و میللەتێک وەک میللەتی کورد کە سی ساڵە تەجروبەی کێشەی لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی هەیەو، جمهووریی ئیسلامی شەڕی بە سەردا تەحمیل کردووە ئەویش هەموو مێتۆدەکانی بەکار هێناوە، نابێ لەو خانەیەدا گیربکا. حیزبێکی سیاسی دەبێ زیندوو بێ، میللەتێک کە بە دوای ماف و داواکانی خۆیدا دەگەڕێ دەبێ زیندوو بێ. ئێمە نابێ بەرامبەر بە هیچ کێشەیەک، بەرامبەر بە نیسبەت داهاتووی تاران بێ تەفاوەت بین. ئێمە یەک بڕیارمان داوە، هەمووی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان دەڵێین مەسەلەی ئێمە لە نێوخۆی ئێران لە چوارچێوەی ئێران چارەسەر دەکرێ. مادام ئەو مەسەلە لەوێ چارەسەر دەکرێ و تەنانەت من باسی ئەوەم کرد کە رەنگە رووخانی سیستمێک، گۆڕانی سیستمێک بەشێک لە کارەکەمان بێ، بەڵام بەشی گەورەی کارەکەمان ئەوەیە دوای ئەو حکوومەتە چیمان لێ بەسەر دێ و کێ دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ، لەو خانەیەدا ئەگەر چاو لە قەزیەکە بکەین ئێمە نابێ ئاوا بڕوانین.

***پرسیار:*** *لە واقعدا لەو خانەیەدا دەبێ لە هەمووی فورسەتەکان ئیستفادە بکەین.*

***خالید عەزیزی:*** بۆ جارێکی دیکە دەڵێمەوە ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران وەک حیزبە سیاسییەکان

دەبێ لە هەموو مەجال و دەرفەتەکان کەڵک وەربگرین بۆ هاتنە گۆڕێی قەزیەی کورد.

***پرسیار: کاک خالید! جیاواز لەم باسانە هەر وەک لە سەرەتای بەرنامەکە ئیشارەم پێکرد لە ماوەی رابردوودا، وتووێژێکی جەنابتان لە مێدیاکان بڵاو کرایەوە کە تیشکتان خستبووە سەر چەند مەسەلەیەکی گرنگ و، ئەمەش ئێنعکاس و عەکسولعەمەلی جۆراوجۆری لێ کەوتەوە. پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ئەو چەند خاڵەی کە جەنابت لە سەریان تەئکیدت کردبوو، پێم خۆشە نەزەری جەنابتان بەرامبەر بەو رەخنانە یا ئەو باسانەی کە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو وتووێژەدا هاتە گۆڕێ، ببیستم.***

***خالید عەزیزی:*** **لەو وتوێژەدا کۆمەڵێک باس هاتە گۆڕێ، ئەو باسانە هەم لە مێدیای ئازاددا دەنگی داوە، تەنانەت لە نێو کۆڕو کۆمەڵی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەی وڵات، باسی هێنا گۆڕێ. پێشەکی من زۆر خۆشحاڵم، زۆرم پێ خۆشە کە باسێکم هێناوەتە گۆڕێ، ئەو باسە خەڵک تەوەججوهی پێدەکا، بۆیان مەسەلەیە، ئەو باسە سوئالی دروست کردوە، کۆمەڵێک مەوزوعات لە سەر ئەو باسە بە موافق و موخالف نووسراوە. تا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، دیسان دووبارە زۆر خۆشحاڵم کە، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە حیزبێک دان کە زیندووە، سەریحاڵە، بەرامبەر بە هەڵوێستەکان و مەوزووعەکان، تەنانەت شتێک کە رەهبەریی حیزب هێنابێتی، سکرتێرەکەشی هێنابێتی بێ تەفاوەت نین، نەقدی دەکەن، تەحلیلی دەکەن، نەزەری خۆیان دەدەن، دەوڵەمەندی دەکەن و تێدەکۆشن رەهبەرییەکەیان موتەوەججیهی ئەبعادی جۆراوجۆری هێنانە گۆڕی باسەکە بکەن. لە هەمان کاتیش دا لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتیش ئەو باسە کە هاتۆتە گۆڕێ، کۆمەڵگەی کورد ئەوەندەی کە ئازادەو ئێمکانی هەبووەو نەزەری داوە، بە نیسبەت ئەوانیشەوە من هەر خۆشحاڵم، چ نەزەری موخالف چ نەزەری موافق هاتۆتە گۆڕێ. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە لە سەردەمێک دا دەژین سیاسەت لە خانەی بەستەدا ناکرێ. حیزبایەتی لە خانەی بەستەدا ناکرێ. لە سەردەمێک دا دەژین کە شتی مەخفی و نهێنی لە حیزبایەتی دا زۆر کەم بۆتەوە. لە سەردەمێک دا دەژین کە شەفافییەت لە گۆڕێ دا هەیە. ئەگەر دە ساڵ پێش ئێستا، پازدە ساڵ پێش ئێستا لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات ئەو مەوزوعاتە، چ مەسائیلی نێوخۆیی حیزبی، چ کێشەکانی حیزبی، چ مەسائیلی سیاسی وەسیعەن باسی لێ کرابایە لە نێو کۆڕو کۆمەڵی حیزبی دا هاتبایە نێو باسی ئازاد، شتی لەسەر گوترابایە، شتی لە سەر نووسرابایە، شتەکان لە تابۆو ئیبهام و هالەدا نەهێشترابانەوە، من دڵنیام ئەو لەتبوونانە نەدەکەوتنەوە. لە رابردووی ئێمەدا بەشێکی ئەو کێشانە، راوەستابوون، خرکرابوونەوە، پنگیان خواردبۆوە، کە دەهاتیە نێو کۆنفرانس و کۆنگرەکان خەڵکێکی لێک**

تووڕەو نارەحەت دەهات لەوێ تەسفیە حیسابیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. ئەگەر بەو دەلیلەش بێ ئێستا ئەگر من کۆمەڵێک باسم هێناوەتە گۆڕێ، کۆمەکم لە حەددی خۆمدا بە زێهنییەتی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگا کردوە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، وەک میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران لە موقابیل مەجمووعەیەک سێناریۆو حاڵەت دا دەبین. مەسەلەی وتوویژ سوئالی لە سەرە. چ کرا، چۆن کرا؟ مەسەلەی رووخان باسی لەسەرە. مەسەلەی چەندو چۆنی حزووری ئێمە باسی لە سەرە. تەنانەت مەسەلەی تێکنیکی وتوویژ (ئایا) لە سەر خودموختاری دەیکەی، لە سەر فیدرالیزم دەیکەی، لە سەر قانوونی ئەساسی دەیکەی؟ باسی لە سەرە. دەی چ باشتر ئێمە ئێستا باسەکان لە زمانی خۆمانەوە بێنینە گۆڕێ، نەزەراتی جۆراوجۆرمان بۆ بێتەوە (با) کاتێک دەچینە کۆنفرانس و کۆنگرەکان و سیاسەتگوزاری دەکەین بە ئامادەگییەکی زۆرترەوە بیکەین. بەو دەلیلە پێم باش بوو کە باس خولقاندراوە، سوئال دروست بووەو بەو دەلیلە پێم خۆشە کۆمەڵگەی نێو حیزب و کۆمەڵگەی دەرەوەی حیزب ئەو مەسەلانە بە راشکاوی باس بکەن.

***پرسیار: لە واقع دا ئەم دژکردەوانە بەرامبەر بەو وتووێژو قسانەی جەنابت، بە بڕوای ئێوە تەعبیر لەوە ناکا کە جۆرێک زیندوویەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە حیزبی دێموکرات دا هەیەو ئەو زیندوویەتییەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو دژکردەوەانەی لێ بکەوێتەوەوبێ تەفاوەتی نەبێ؟***

**_خالید عەزیزی_:** دەقیقەن تەعبیر لەوە دەکا. چونکە ئێمە لە گوفتاری پێشووی خۆمان بەتایبەتی دوای کۆنگرەی چوارده لە وتووێژو هەڵوێستەکان دا هەمیشە رامان گەیاندوە، کە کۆمەڵگە دەبێ بەرامبەر بە حیزبەکان مەسئول بێ. رەخنەیان لێ بگرێ، ئینتقادیان لێ بکا، پێشنەهاد بکا، بێ تەفاوەت نەبێ. ئەگەر کۆمەڵگە فەعال بوو و ئەکتیڤ بوو، ئەندامانی خودی حیزبیش ئەکتیڤ و فەعال دەبن. ئەگەر ئێمە حیزبی زیندوو و سەریحاڵمان هەبێ، باسەکان لە وەختی خۆیدا بێنینە گۆڕێ، کۆمەڵگە بەشداریی بکا لە ئایندەدا هێندێک کێشە کە لە زەمانی خۆی و لە کاتی خۆی ؟؟ حەڵ بێ ناگاتە ئەو مەرحەلەیە کە مەجالی تەوافوق و سازش بە بن بەست بگا.

***پرسیار: کاک خالید! یەکێک لەو شتانەی کە لەو وتووێژەدا تەئکیدت لە سەر کردبوو مەسەلەی دروشمی رووخان بوو، کە لە لایەن بزووتنەوەی کوردەوە سالانێکە هەڵگیراوە. بە لەبەر چاوگرتنی زەمینە تاریخییەکەی کە ئەو دروشمە لە کەیەوە دێتە نێو وتاری سیاسیی کوردو وتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە، پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا تەوزیحیمان بۆ بدەی.***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی، فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥، کە پاشان کۆماری کوردستانی دامەزراندو لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بوو، فەلسەفەیەکی مەدنی بوو. حیزبی دێموکرات بۆ شەڕ دانەمەزرا. حیزبی دێموکرات لە نێو شارو کۆمەڵانی خەڵک بە مەبەستێکی مەدەنی بۆ ئیدارەی وڵات دامەزرا. بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا موەفەق بوو بتوانێ زۆرێک لە موئەسەسات و دەمودەزگای ئیداری لە وڵات دابمەزرێنی و لە تەواوی ئەو وەختیش دا سیاسەت و ستراتیژیی شەخسی پێشەوا ئەوە بوو بە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات کێشەی خۆی لەگەڵ تاران جێبەجێ بکا. لە دوای ئەودا حیزبی دێموکرات تووشی ژیانی مەخفی دەبێتەوە لە سەردەمی شا. پاشان لە ئێران ئینقلاب دەکرێ، حیزبی دیمۆکرات بە ئاشکرا فەعالیەت دەکاتەوە کە ئاشکرا فعالیت دەکاتەوە یەکەم کاری ئەوە دەبێ لە ڕێگای وتوویژو گفتوگۆ لەگەڵ تاران کێشەکەی حەل بکا. بەڵام دوایە جمهووریی ئیسلامی شەڕ بە سەر ئێمەدا تەحمیل دەکا، کوردستان میلیتاریزە دەکا، خەڵک شەهید دەبێ، بێڕەحمانە لە کوردستان دەجوولێتەوە، لە کەش و هەوایەکی ئاوادا لە کۆنگرەی 5ی حیزبی دیمۆکرات دا شوعاری رووخان دێتە گۆڕێ. دەنا پێش کۆنگرەی ٥ شوعاری رووخان لە گۆڕێ دا نەبوو، لەو وەختەوەش کە شوعاری رووخان لە ئەدەبیات و مێتۆدو بۆچوونەکانی حیزبی دیمۆکراتدا هەر ماوەتەوە. ئەوەی کە من لەو وتوویژەدا هێناومەتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئێمە شوعاری رووخان بە کار ناهێنین، ئێمە شوعاری رووخانمان وەلا ناوە. من نەم وتوە کە ئێمە شوعاری رووخانمان رەت کردۆتەوە، شوعاری رووخان لە جێی خۆیەتی. جیاواز لەو تکنیکی قانوونی بە کار هێنانی شۆعارێک ئەگەر لە دەورانێک دا کە فەعالیەتێکی نیزامی بەربەرین لە گۆڕێ دا بوو هێزی پێشمەرگە لە مەیدان بوو ئێمە وەزنەیەکی سەنگین بووین فەعالیەتەکانمان بەربەرین بوو، رەنگە لە رۆژنامەی حیزبی دا لە میدیای حیزبی دا لە رادیۆ کوردستان دا باس کردن لە شوعاری رووخان برێک لەگەڵ واقعیەتی عەینیی کۆمەڵگەو چەندو چۆنی وەزعیەتی ئێمە هاتباوە بەڵام لەم دوایانەدا وتمان ئێمە لە کەش و هەوایەک دا هەین کە رۆژنامەیەک بڵاو دەکەینەوە یان ئیتلاعیەیەک دەدەین رەنگە شتێکی زۆر سەیرو عەجایەب نەبێ لە خوارەوەی رۆژنامەکە بنووسین بڕووخی رێژیمی کۆماری ئیسلامی. جیاواز لەوە ئێمە بگەڕێینەوە سەر هێندێک واقعیاتی قەزیەکە. ئێمە پێمان وا نییە لە ئێراندا دەوڵەتی تاران بە کورد دەرووخی و ئوسووڵەن جووڵانەوەی کورد بۆ رووخانی حکوومەتی مەرکەزی نییە! جووڵانەوەی کورد بۆ ئەوەیە کە بە مافەکانی خۆی بگا. شوعاری رووخانی حکوومەتی مەرکەزی بەرهەمی کەشوهەوایەکە کە لە کوردستان هاتە پێش و بە سەر ئێمەدا تەحمیل کرا کە ئێمە لەو سەردەمەدا ئەو شوعارەمان قەبوول کرد لایەنی سیاسیەکەی ئەوە بوو کە جمهووریی ئیسلامی ئەو ماوەیە لەگەڵ ئێمە لە مەیدانی شەڕدا لە کوردستان دا بە تیرۆر کردنی رێبەرانی ئێمە، ترۆر کردنی کادرەکانی ئێمە و تەنانەت لە دەرەوە ئەو مەجالەی بۆ ئێمە نەهیشتەوە کە شوعارێک بە غیری ئەو شوعارە بێتە

گۆڕێ. ماهییەتی جمهووریی ئیسلامی ڕاستەوخۆ کۆمەکی بەوە کردوە کە ئەو شوعارە لە جیی خۆی بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ئێمە چاو لە کوردستانی تورکیە بکەین، PKK جەرەیانێکی زۆر بە هێزی نیزامییە کە ٣٠ ساڵە بە دژی دەولەتی تورکیە شەڕ دەکا قەت نەیگوتوە کە شوعاری ئێمە ڕووخانی دەوڵەتی تورکییەیە، تەنانەت DTP کە لەوێ فەعالییەت و جموجولی هەیە باسی ڕووخانی دەولەتی تورکیە ناکا. من دەمهەوێ ئەوە بڵێم جیاواز لە تەبیعتی چەندو چۆنی دروشمی ڕووخان کە لە نێو حیزبەکان کوردستانی ئێران جیی گرتووە ئوسووڵەن لە کوردستانی ئێران و لە ئێران نابێ کورد بەوە پێناسە بکرێ کە کورد میللەتێکی بەرئەندازە، کورد بۆ ڕووخانی حکوومەتی مەرکەزی کار دەکا. نا ئێمە تێدەکۆشین کە تەواوی خاست و داخوازەکانی خۆمان بە شێوەیەک لە ئیران جێبەجێ بێ کە دوور بێ لە شەڕ. بەڵام بۆ ئاگاداریی جەنابەت لەو ماوەدا هەموو گوفتاری خۆمان و لە هەڵویستەکانداو لە وتووێژەکاندا گوتوومانە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە پێمان وایە کورد بە تەنی جمهووریی ئیسلامی پێ ناڕووخێ بەڵام حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە هەموو فەعالیەتێکی سیاسی، تەبلیغاتی، تەشکیلاتی و دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی کە جمهوریی ئیسلامی نەمێنێ، ئەگەر وایە لە باری ئوسوولییەوە جەوهەری فعالیەتی ئێمە لە هەموو مەیدانەکان بۆ ڕووخاندنی جمهوریی ئیسلامییە، بۆ نەهێشتنی ئەو سیستەمەیە جا ئەگەر ئەو شوعارە بڵێین ئێمە هەر وەک شوعار بە کاری ناهێنین، من لە ڕاستی دا عەقیدەم بەوە نییە کە حیزبێکی سیاسی، جەماوەری بەو ڕابردوویەوە. بەو بنەما سیاسیە واقع بینییە لە سیاسەت هەیە بە شوعار دڵی خۆی خۆش بکا.دیارە ئێمە حیزبی شۆعار نیین.

***پرسیار: یانی لە واقعدا دەکرێ لە ئێستادا بە جۆرێک بڵێین هێندێک حیزبەکان، یان ماوەیەک حیزبەکان خۆیان بەوە زەمینگیر کردبوو؟***

***خالید عەزیزی:*** لایەنی ڕەوانیی ئەو شوعارە یان لایەنە فەرهەنگیەکەی ئەوەیە کە وشک بە شوعاری ڕووخانەوە بنووسێیت دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ سیاسەت کردن و دامەزراندنی بەرنامەو چۆنیەتی کێشە لە گەڵ جمهووری ئیسلامی سەرفەن لە خانەی ئەو شوعارەدا کۆ بکەیەوە و ئامادەگیی ئەووت نەبێ کە لە مەیدانەکانی دیکەشدا جمهوریی ئیسلامی بە چالش بکێشی. جەوهەری باسەکە لێرە دایە. وەلحاسڵ ئەو شوعارە ئەوەی کە بەکار هاتوە لەو وتووێژەدا گوتراوە ئێمە وەلامان ناوە یانی دەکرێ بیهینێتەوە جێی خۆی ئێمە بە کاری ناهێنین دەکری بەکاری بهێنییەوە بەڵام نەگوتراوە ئێمە شوعاری ڕووخانی جمهوریی ئیسلامیمان ڕەت کردۆتەوە.

***پرسیار: کاک خالید لە پیوەندی لە گەڵ مەسەلەی وتوویژو دانیشتن لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی یان خود کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندیەدا پێمان خۆشە تەوزیح بدەی؟***

***خالید عەزیزی:*** لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژدا مەوزوعێکی حەساسە ئەو مەوزووعە زەمانێک حەساسیەتی پەیدا کرد کە دوکتور قاسملوو، رێبەری حیزبی دیمۆکرات لە ڤییەن ترۆر کرا. بۆیە لەو رۆژەوە مەسەلەی وتووێژ هەمیشە سوئالی گەورەی لە سەرە. تەنانەت ئەگەر باشیش بێ و لە وەختی خۆی دا بە کاریش بێ کۆمەڵانی خەڵک بە شک و گومانەوە چاوی لێدەکەن. ئەوە تەجرووبەی ڕەوانیی تالی ئەمنیەتیی ئێمە لەوتووێژە. لایەنێکی دیکەش خەڵک هێندە بی ئیعتمادەن بە رێژیمی جمهووریی ئیسلامی کە حەقی خۆیانە، پێیان وایە کە جمهووریی ئیسلامی ئەگەر باسی وتووێژیش بکا راست ناکا، لەوەش دا هەر راست دەکەن. بەڵام با بێینە سەر وتووێژ لە باری ئوسوولییەوە، بۆ حیزبێکی سیاسی یان بۆ میللەتێکی کە کێشەی لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دا(خەڵک) هەیە، وتووێژ هەمیشە دروستە. ئێمە قەت نابی بڵێین وتووێژ خراپە. ئێمە هەر دوای ئینقلاب وتووێژمان کردوە و پێمان وابووە رێگا چارەی قەزیەی کورد وتووێژە. ئەگەر وایە لە باری ئوسوولی، وتووێژ دروستە، هیچ غەڵەتی تیدا نییە. بەڵام ئایا وتووێژ لە هەلومەرجی ئێستادا دروستە یان نادروستە؟ با بریک ئەوەش تەعریف بکەین. ئەگەر بگەڕێینەوە رابردووی ئەو کێشەیە، کاتی خۆی کە جمهووریی ئیسلامی هاتە سەر کار هەموو هەوڵی ئیمە ئەوە بوو کە بە وتووێژ کێشەکەمان لە گەڵ تاران جێبەجێ بکەین و، کاتی خۆی دەستەینوێنەرایەتیی گەلی کورد کە بریتی بوو لە چەند رێکخراو وحیزب و دوکتور قاسملوو قسەکەر یان سوخەنگووی ئەو هەیئەتە بوو، لە رەئسی ئەو وتووێژانەدا بوو، حیزبی دیمۆکرات دەورێکی سەرەکیی لەو وتووێژانەدا هەبوو، ئەو وەخت کە رێگا چارەکە رێگاچارەی هەر ئەو کات رەخنە لە حیزبی دیمۆکرات دەگیرا دەیان گوت کە حیزبی دیمۆکرات سازش کارە. کاتێک دوای ئەوەی کە وتووێژەکان لە مەرحەلەی یەکەم شکستیان هێنا. دوایە ٨ مادە ٢٦ مادە ٦ مادە هەمووی ئەوانەی بە سەردا هاتەوە، هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکرات چووە تاران بۆ ئەوەی کە بەنیسەدر ببینێ کە تێبکۆشی مجالێک ببینێتەوە کەشەڕ بە سەر کوردستاندا تەحمیل نەکرێ. ئەو کاتە کە رێبەرانی حیزبی دیمۆکرات هاتنەوە بە حیزبی دیمۆکراتیان دەگوت سازشکار. حیزبی دیمۆکرات هەوڵی دەدا کە مەجالێک ببینێتەوە کە شەڕ نەکرێ. ستراتیژیی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە ئەگەر رۆژێکیش شەڕ لە کوردستان وەدرەنگی بکەوێ کورد یەک رۆژی قازانج کردوە، حیزبە سیاسەکانی دیکە ئاوایان فکر دەکردەوە. ئەووەختەی ئەو هەوڵەیان دەدا بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا زۆر گرووپ و لایەنی دیکە هەبوو کە رەخنەیان لە حیزبی دیمۆکرات دەگرت کە حیزبێکی سازشکارە. جا ئەگەر وایە هەمیشە کە تۆ مەوزووعێک، هەڵویستێک دێنیتە گۆڕێ، ئەو هەڵوێستە لە روانگەی جوراوجۆرەوە نەقد دەکرێتەوە،

ئەوەی کە وتوویژ لێرەدا هاتۆتە گۆڕێ، وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی تابعی هێندێک میکانیزمە. ئەگەر وتمان لە باری ئوسوولییەوە هیچ غەڵەتی تێدا نییە دروستی تێدایە. بەڵام لە مەیدانی عەمەلییەکەیدا وتوویژ تابعی دوو دانە سناریۆیە، سناریۆیەک ئەوەیە کە عەقڵانیەت و مەنتق لە هەر دوو لا کە کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەیە جێکەوتووە. ئەوە دوو لایەنە ئیعتراف بە کێشەکە دەکەن، لە ڕێگا حەلێک دەگەڕێن. ئەگەر وایە لەو حاڵەتە تێگەیشتن و قەناعەت و ئیعتراف جەوهەرو بنەماو میکانیزمی وتوویژو حەلی قەزیەکە دێنێتە گۆڕێ. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە کێشە میللەتی کوردو حیزبەکانی کوردستان لەگەڵ جمهووریی ئیسلامییەوە هەیە ئەو سیناریۆیە لەگۆڕێ دا نییە. نە جمهووریی ئیسلامی ئیعتراف بە کێشە سیاسییەکە دەکا و نە حازرە ئێمە قبووڵ بکا و وتوویژ لەگەڵ ئێمە بکا، نە ئێمەش داوای وتوویژمان لێکردوە( بۆ ئاگاداریت.،بڵێ!) ئەگەر وایە دەگەڕێینەوە خانەی دووهەم. خانەی دووهەم خانەی باڵانسی تەوازونی قەوایە. دەورانێک کە ئیمە لەنێوخۆی وڵات کوردستانمان بە دەستەوە بوو لە چەندین مەرحەلەدا جمهووریی ئیسلامی مەجبوور بە وتوویژ لە گەڵ ئێمە بوو، چوونکە ئەو وەختە ئێمە دەسەڵات بووین، لە ژووریێدا. بووین هێزی پێشمەرگەمان هەبوو، خەڵکمان هەبوو، کۆمەڵانی خەڵکمان لە گەڵ دا بوو، ئێستا دەسەڵات و تەوازونی قەوا بە جۆرێک نییە کە جمهووریی ئیسلامی لە گەڵ ئێمەدا وتوویژ بکا، هێزی پێشمەرگەی ئێمە وەک قەدیم لە مەیدانی فەعالیەت دا نەماوە و (بە زۆری لە مەیدانی شەڕی چەکداری بەڕێوە ناباو کە ئەسبابی) سەر ئێشە بۆ جمهووریی ئیسلامی بێ و ئەزیەتی بکا، مەجبور بە پاشەکشەی بکا و ئەو جەووی نیزامی ـ ئەمنیەتی کە جمهووریی ئیسلامی لە کوردستان تەسبیتی کردوە مەجال بە کۆمەڵانی خەڵکیش نادا وەک کارتێکی سیاسی بۆ ئێمە فشار بێنێ کە وتوویژ بکا، جا ئەگەر وایە لەهەر دووک ئەو سیناریۆیانەدا هیچ زەمینەیەک بۆ وتوویژ بەینی ئێمەو جمهووریی ئیسلامی نییە. لەو ماوەیەشدا نە جمهووریی ئیسلامی داوای وتوویژی لە حیزبی دیمۆکرات کردوە نە ئێمە داوای وتوویژمان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی کردوە. باسەکە ئەوەیە ئایا لە شەرایەتی ئێستادا ئەرێ وتوویژ لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی دروستە؟ وتوویژ دەگەڕێتەوە سەر تەشخیسی هەر دوو لایەنەوە، مادام نە جمهووریی ئیسلامی داوای لە ئێمە کردوە نە ئێمە داوامان لەوان کردوە جیاواز لە شەرایەتەکە هیچ مەوزووعی نییە .

***پرسیار: باشە جەنابەت لەو باسەدا کە پێشتر ئاماژە بەوە دەکەی کە تەنانەت لە سەر مادەی ١٥و ١٩اش ئامادەن ئێوە بکەونە وتوویژ وگفتوگۆوە، لەو پێوەندیەدا پێم خۆشە تەوزیح بدەی؟***

***خالید عەزیزی:*** لە هیچ شوێنێکی دنیایە کاتێک حیزبێکی سیاسی داوای داخوازێک دەکا (بۆ نموونە داخوازی

زۆربەی حیزبەکان بۆ چارەسەری قەزیەی کورد فیدرالیزمە) قەد ئێمە نابی پێمان وابێ ئەوە دەوڵەتی تاران چ جمهووریی ئیسلامی بێ بە ئیعتباری ئەحمەدی نژاد و خامنەیی، چ جمهووریی ئیسلامی بێ بە ئیعتباری مووسەوی و کەرووبی و خاتەمی، نەخیر چ یەکی دیکە بێ، حکوومەتێکی دیمۆکراتێک بێ، پێمان وابێ ئەوە دیت فیدرالیزمەکە دەکا بە بنەماو وتوویژمان لەگەڵ دەکاو فیدرالیزمان دەداتی. وتوویژ دەتوانی ئەنواعی شێوەی هەبێ، موهیم ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە ئیعتراف بە کێشەکە بکاو بێتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ ڕێگا حەلێکی بۆ ببینێتەوە. قانوونی ئەساسی دەتوانێ مەبنایەک بێ بۆ دوو لایەن کە لەوێ ڕا دەست پێ بکەن بۆ چارەسەری کێشەکانیان. زۆر شتێکی سەیرو سەمەر نییە تەنانەت قانوونی ئەساسی ببێت بە مەبنایەک. بەڵام جمهووریی ئیسلامی ئێران بە هیچ جۆر حازر نییە ئێستا (با) لەسەر مادەی ۱۵ و ۱۹ بێت لەگەڵ ئێمە وتوویژ بکا، تەنیا ئەو باسە کە هاتۆتە گۆڕێ من هێناومەتە گۆڕێ، زۆرتر بەو مەبەستە بووە ئێمە لە سیناریۆکانی داهاتووی کوردستانی ئێران دەبێ ئەو ئیستعدادو ئامادەگیەمان هەبێ کە ڕەنگە حاڵەتی جۆراوجۆر بێتە پێشی لە تەعامول لەگەڵ تاراندا. بۆ نموونە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان جمهووریی ئیسلامییەکمان هەبوو، لە ئێران کە کەرووبی و مووسەوی و خاتەمی یان جووڵانەوەی سەوز لە دەست خۆی گرت، ئەو جووڵانەوەیە نایەڵێت نیزام بگۆڕدرێت، ئەو جووڵانەوەیە باسی گۆڕانی سیستم ناکا، باسی گۆڕانی قانوونی ئەساسی ناکا. ڕەنگە یەکێک لە ئیحتمالات ئەوە بێ هەر خودی قانوون ئەساسی ئەو بەندی ۱۵ و ۱۹ مەبنایەک بێ لە گەڵ ئەوانە (بۆ ئەوەی) تۆ دەرگای وتوویژ و دەرگاکە بکەیتەوەو لێک حاڵی بوونێک، دانیشتنێک بێ، ئیعترافێکیش بکەین بە یەکتر. دەنا نە ئێمەو نە خەڵکی کورد لە کوردستان و نە هەمووی دنیا، نە خەڵکی نێوخۆی ئێران لەو باوەڕەدان کە جمهووریی ئیسلامیی ئێران کە ئێستا هەیە نە تەنیا لەسەر مادەی ۱۵ و ۱۹، لەسەر هیچ شتێک حازر نییە لەگەڵ ئێمە وتوویژ بکا.

***پرسیار: کاک خالید واکنشی بەرپرسی کۆنسوڵگەریی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەو وتوویژەی جەنابت چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟***

***خالید عەزیزی:*** پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە پێم خۆش بوو شتێکی لێرە تەئکیدی لە سەر بکەمەوە ئەویش ئەوەیە تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە وتوویژ هەیە چ ئێستا بێت کە من هیچ زەمینەیەکی بۆ نابینم بەڵام ئەگەر لە ئایندەدا شەرایەتێکی وا هاتە پێش، سیاسەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان زۆر سەریح و شەفافە. ئێمە پێمان وایە دەوڵەتی مەرکەزی (ئەگەر) لەسەر مەسەلەی کورد بە گشتی لەگەڵ حیزبەکانی موخالف وتوویژ دەکا، (ئەگەر) لە ڕێگا حەل دەگەڕێ ئیعترافی پێ دەکا، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی مەرکەزی داوای وتوویژ لە

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بکا، وەڵامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەوەیە ئێمە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران بە مەسەلەی هەموو حیزبەکان دەزانین. ئێمە پێمان وانییە وەک حیزبی دیمۆکرات تەنیا خۆمان تەرەفی موعامەلەی دەوڵەتی مەرکەزی دادەنێین. بەڵکوو پێمان وایە هەموو حیزبەکان دەبێ بە یەکەوە لە سەر میزی مزاکرە لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دابنیشن. جا دەوڵەتی مەرکەزی ئەو جمهووری ئیسلامییە(بێ) یان جمهووری ئیسلامییەکی دیکە یان هەر حکوومەتێکی دیکە ئەوە وەک ئەسڵ لای حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێبەری حیزبی دیمۆکرات دێتە گۆڕێ .

ئێمە وەک لایەنێکی تیکنیکی، وەک لایەنێکی ئوسوولی چاو لەو قەزیەیە دەکەین، چونکە تەجروبەی وتووێژەکان هەم لە کوردستانی عێراق کە لە رابردوودا بووە، هەم ئەوەی کە لە کوردستانی ئێران کە لە رابردوودا بووە، ستراتیژیی دەوڵەتە مەرکەزییەکان ئەوەیە کە تەنانەت دەوڵەتی دیمۆکراتیکیش بێ (با ئێمە پێمان وانەبێ دیموکراسی لە ئێران دێتە گۆڕێ ئەوە دیموکراسییەکی ئورووپایە) هەمیشە میتۆدو میکانیزمی جۆراوجۆریان هەیە. بۆ ئەوەی کە لە سەتحی موخالیفانی خۆیان لە کێشەکەدا، دوو دەستەگی و سێ دەستەگی دروست بکەن خۆیان لە مەوقعیەتی باش و باشتری موعامەلە قەرار دەدەن. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیمۆکرات ئەو ئەسڵەمان قەبوول کردووەکە وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بە بەشداریی هەموو لایەک بێ .

***پرسیار**: باشە ئەی ئەو مەسەلەی دژکردەوەی بەرپرسانی کونسولگەریی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەو وتووێژەکەی جەنابتان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟*

***خالید عەزیزی***: کۆماری ئیسلامی عادەتەن لەماوەی سی ساڵی رابردوودا هەوڵی داوە کە مەسەلەی ئێمە لە پەراوێز بخا، لە موناسبەت و رووداوی جۆراوجۆرکە هاتۆتە پێشێ، ئێمە هەڵوێستمان گرتوە، شتمان راگەیاندوە، قەت دژکردەوەیەکی وای نیشان نەداوە. بەڵام بەو ماهیەتەی کە جمهووریی ئیسلامیی ئێران هەیەتی پێمان وایە دژکردوەی کۆنسۆڵی ئێران یان هەر شتێکی تر بێ لەو جیهەتەوە لە لایەکی ترەوە ئیعتراف بە مەسەلەی کورد بکا، لەو جەهەتەوە بیرورای گشتی متەوەجیهی ئەو واقعیاتە بکا کە سی ساڵە موشکەلەیەکیان هەیەو حەلیان نەکردوەو ئێستا لە رێگا حەلێک دەگەڕێن، ئەوان کاتێک لە نێوخۆیان، دۆستانی سابقی خۆیان هاوسەنگەرانی سابقی خۆیان ئەو کەسانەی کە لە گەڵ ئەوان ئینقلابیان کردووە ناتوانن لە گەڵیان تەحەممول بکەن لە گەڵیان ناحەوینەوە، دڵنیام نییەتی جمهووریی ئیسلامی نییەتی کۆنسۆڵەکەی بەرانبەر بە ئێمە نییەتێکی دۆستانە نییە

لەو فرسەت دەگەڕێن کە بە شێوەی جۆراوجۆر بە نەفعی خۆیان کەڵک لەو کێشەو لە باسە وەرگرن.

***پرسیار:*** *ئێوە چ لە وتووێژەکەی پێشووتان چ لە چەندین وتووێژی دیکەدا زۆرتان تەئکید کردۆتەوە لە سەر ئەوەی کە ئەگەر فەزایەک لە ئێران بڕەخسێت و ئەمنیەتێک دابێ، مەسەلەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکان دەستگیر نەکرێن و ئەگەر خەڵک ئێعدام نەکرێ و ئەگەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی سەزا نەدرێن، ئازادیی سیاسی لە موقابلی ئەمانەدا هەبێ، تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامییش بێت ئەم فەزایە دروست بکا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەن، باشتر وایە کە بڕۆنەوەو فەعالیەت بکەن، لەم پێوەندیەدا پێم خۆشە رای جەنابتان ببیستم یان تەوزیحی زیاتر بدەی؟*

***خالید عەزیزی:*** من پێشوو ئاماژەم بە واقعیەتێکی مێژوویی کرد، ئەویش ئەوە بوو وتم کاتی خۆی کە هەیئەتی نوێنەرتەتیی گەلی کورد کە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی تێدا بوو لایەنەکانی دیکەش هەموو هەوڵێکیان دا کە لە کوردستان شەڕ نەیەتە پێشێ، لێکدانەوەکە ئەوە بوو ئەگەر رۆژێک شەڕ لە کوردستان وەدرەنگی بکەوێ ئێمە یەک رۆژمان قازانج کردوە بۆیەک رۆژمان قازانج کردوە یەک رۆژی دیکە زیاتر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران دەمێنینەوە. سیاسەتی حیزبایەتیمان جا ئەگەر وایە من ئەگەرێکی گەورە دەکەمەوە کاک مادیح - ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی چ جمهووریی ئیسلامی ئێستا بێ و چ جمهووریی ئیسلامیی ئایندە بێ لە کوردستان خەڵک نەگرێ و خەڵک ئیعدام نەکا، ئەمنیەت هەبێ، بەسیج و پاسدار دەسەڵاتیان نەبێ، لە مەرزەکان ئەمنیەت بۆ خەڵک هەبێ، کاسبی بکەن ئازادیی فەعالیەتی سیاسی بۆ ئەحزابی سیاسی هەبێ، ئەحزابی سیاسی ئەمنیەتی سیاسییان هەبێ خەڵک بە دەلیلی عەقیدەو حیزبایەتی وجموجۆلی فعالیەتی سیاسی بێتە کۆرو کۆمەل و لە تەزاهورات دا نەگیرێ و ئیعدام نەکرێ و ئەمنیەتی هەبێ، ئازادیی هەبێ هیچ دەلیلێک نابێ حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەوێ کار نەکەن. بەڵام ئەو ئەگەرە ئەگەرێکی قورسە. ئایا ئەو ئەگەرەی کە من هێناومەتە گۆڕێ و هەمووئەو شتانەی کە ریزم کرد لە ماهیەتی جمهووریی ئیسلامی دا عەمەلییە تەبیعەتەن نا . ئەگەر عەمەلی بێ جمهووریی ئیسلامی ئەوە قەبووڵ بکا بە شتێکی باشی دەزانم، جێگەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کوردستانی عێراق نیە جێگەی ئێمە کوردستانی ئێرانە. ئەگەر ئێمە لە نێو خەڵکی خۆمان [لە نێو] کۆمەڵگەی خۆماندا باین، دڵنیام بەشێک لەو موشکیلاتەی کە ئێستا ئێمە هەمان بووە و بە داخەوە لەتبوون و ئینشعاباتی لێ کەوتەوە رەنگە بەو شێوەیە نەبایە و رەنگە رووشی نەدابایە. جا بۆ حیزبێکی سیاسی زۆر لە تاراوگە مانەوە بۆ حیزبێکی جەماوەری کە لە نێو خەڵک دا دروست بوو، بەرنامەی بۆ ئیدارەی خەڵک هەیە، دووری خۆش نیە. جا من

ئەو ئەگەرەم لەو هێناوە کە بە داخەوە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دا نە عەمەلییە. بەڵام ئێمە دەبێ ئیستعدادی ئەوەمان هەبێ لە ئایندەدا ئەگەر حاڵەتێک هاتە پێشی دەوڵەتی مەرکەزی جۆرێکی دیکەی تەحەمول کرد هەمووی ئەوانە دادەنێینە سەر میزی فکر کردنەوە لە بەرنامەی خۆمان.

***پرسیار: بەڵی ! کاک خالید! ئەگەرچی پرسیاری زیاتر هەیە بەڵام بە هۆی مەجالی کەمی بەرنامەکە وەکو دوا پرسیار پێم خۆشە لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی کورد بە گشتی و بە تایبەت کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، داهاتووی ئەو مەسەلەیە چوون دەبینی؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر ئێمە چاو لە ئاڵوگۆڕەکانی دنیا بکەین ڕۆژ بەڕۆژ دیکتاتۆریەت بێ ئایندە دەبێ. ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ دیموکراسی پەرە دەستێنێ ڕۆژ بە ڕۆژ سیستمی ئینترنیت و سەتەلایت و موبایل و ماس میدیا پەرە دەستێنێ، سنوور ناناسێ و دەچیتە هەموو ماڵێک. ڕۆژ بە ڕۆژ دونیا قانوونیتر دەبێ، ئەوە یەک سیگناڵ ئەویش ئەوەیە کە کورد لە سەردەمی ئێستا دا لە گەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکان لە حاڵەتی کێشە دایە کە ڕەوتی دونیا لە خزمەتی دیموکراسی دایە. ئەوەی لە تورکیە لە گۆڕێدا هەیە ئێمە بە شتێکی باشی دەزانین. پێمان وایە ئەوەی دەوڵەتی ئۆردۆغان لە مەجلیس دا کردی هەوڵی دا کرانەوەیەک بە ڕووی مەسەلەی کورد و دێموکراسی دا هەبێ بکاتەوە هەنگاوێکی باش بوو. کورد لە کوردستانی تورکیە سەرەڕای ئەوەی کە دادگای باڵای تورکیە DTPی غیرە قانوونی کرد دەبێ هەوڵ بدا کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیە پتر بەهێز بکا، دەبێ هەوڵ بدا نەهێڵی ئەو هەولانەی کە دەولەتی ئۆردۆغان و ئەو کەسانەی کە لە ڕێگا چارە دەگەڕێن بە شکست بگەیەندرێ. تێبکۆشن خۆیانی لەگەڵ تەتبیق بدەن. ئەوە لەوەی گەشبینم بەرانبەر بە ئایندەی کوردلە گۆڕێدا هەیە، لە کوردستانی ئێراق سەرەڕای کۆمەڵێک کێشەو هەراو هۆریا کەلە سەر هێندێک شت کێشەیان لە گەڵ دەوڵەتی بەغدا ماوەتەوە، من پێم وایە ڕەوتی ڕووداوەکان، پرۆسە سیاسییەکە بەرەو ئەوە دەچێ کە کورد بتوانی مەوقعیەتی خۆی باشتر بکا. ، قەزیەی کوردی عێراق لە عێراق قانوونمەند بووە. فیدرالیزم ئیعترافی پێ کراوە، حکوومەتی هەرێم هەیە، کورد لە دەسەڵات لە بەغداد بەشدارە ئیعترافێکی نیسبیی نێودەوڵەتی لە سەرە. لە سووریە تەبیعەتەن ڕەنگە بە قووەتی عێراق و تورکیە نەبێ. بەڵام دەوڵەتی سووریە ناتوانێ وەک ڕابردوو تەعامول لەگەڵ قەزییەی کورد بکا،لە کوردستانی ئێران بە خۆشییەوە شعووری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک، ئیحساسی نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵک، کۆمەڵگای کوردستانی ئێران سەرەڕای دەسەڵاتی سەرکوتکەری جمهووریی ئیسلامی و سیستمی نیزامی و سیاسەتی ئەمنیەتی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەدایە، ڕۆژ بەڕۆژ فەعالیەت بە شیوەی جۆراوجۆر هەر چەند مەجالی پێ نادرێ،

هەیە. هەمووی ئەوانە نیشانەی ئەوەن کە بەرانبەر بە داهاتووی کورد بە گشتی گەشبینم و هەر وەکی پێشتر ئاماژەم پێ کرد کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگەیەکە ئەویش شعووری سیاسی لە حاڵەتی پەرە ئەستاندندایە. خەڵکی ئێران ئەو حکوومەتەیان ناوێ، خەڵکی ئێران لە هەوڵی ئەوەدان کە حکوومەتێکی موناسبی سەردەمی ئەمرۆیان هەبێ و کوردی کوردستانی ئێرانیش لەو پێوەندیەدا دڵنیام لەوانە بێبەهرە نابن. بەڵام لە تەنیشت هەموو ئەوانە تا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە کوردستانی ئێران هەیە، یەک واقعیەت نابێ بشارینەوە، بڵێ! ئەویش ئەوەیە کە لە دونیای ئەمرۆدا ئەحزابن کار دەکەن، ئەحزابن قانوون دادەنێن، ئەحزابن وەڵات ئیدارە دەکەن، ئەحزابن کۆمەڵگە دەگۆڕن، ئەحزابن فکر دێننە گۆڕێ. ئەگەر بڵێین ئەحزابن هەموو ئەوانە دەکەن وەزعی حیزبەکانی کوردستانی ئێران باش نییە. بەو دەلیلە دەڵێم باش نییە ئەو لەتبوون و ئینشعابات و ئینشقاقاتە بە داخەوە هەر لە گۆڕێ دا هەیە. هەر چەند ئێستا وەزعەکە باشترە، من لێرەوە لەو پێوەندیەش دا بەراستی گەشبینم، خۆش بینم کە عیلاقات و پێوەندییەکان وردە وردە بەرەو ئەو ئاقارە دەچێ کە ئێمە واریدی فازێک بین لە ئایندەدا پتر فکر لە خۆمان بکەینەوە بۆ ئەوەی کە دەنگمان لە کوردستانی ئێران رەنگمان بە قوەتتر بێت و لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا لە رووداوەکان وەپاش نەکەوین و بە فاکتۆرێکی قورس و قایم لە هەموو مەیدانەکان بازی بکەین و خۆمان باش ئامادە بکەین و کورد لە ئیحتمالاتی داهاتووی ئێران دۆڕاو نەبین، براوە بین. یەکێک لە رێگاکانی ئەوەیە کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سەر هێندێک بنەما بە یەکەوە تەوافقیان هەبێ. لە هەمان کاتیش دا جیی خۆیەتی ئەوە بڵێم گلەیی هەر لە حیزبەکان نییە، لە نیو خۆی وڵاتیشدا ئێمە کۆرو کۆمەڵی زۆری مەدەنیمان هەبووە دەورانێک فەعالیەتیان کردوە، ئەگەر ئێستا فەعالیەت دەکەن ئەوانیش تێبکۆشن لە هەموو ئوستانەکانی کورد نشین میکانیزمێک شیوازێک ببیننەوە کە یەک دەنگ بن کوردی هەموو ئوستانەکانی کورد نشین لە سەر هێندێک شت کە دەگونجێ یەکدەنگ بن. ئەو یەکدەنگییە دەنگ و رەنگی ئێمە لە تاران بەقووەت دەکا. ئەگەر بمانهەوێ لە گەڵ جووڵانەوەی سەوز بچینە نێو تەعامول موعاملەوە، مەوقعیەتمان باشتر دەبی ئەگەر بمانهەوێ دەسەڵات بە جمهووریی ئیسلامی نیشان بدەین دەسەڵاتمان باشتر دەبێ، ئەگەر بمانهەوێ لە ئاستی نیودەوڵەتیدا بڵێین کە ئەگەر ئێوە خەون و بەرنامەیەکتان بۆ ئایندەی ئێران هەیە ناتوانن کوردی کوردستانی ئێران نادیدە بگرن.

**بەڵێ!**

**زۆر سپاس کاک خالید**

**زۆر سپاس بۆ جەنابیشت کاک مادیح.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی ژانویەی ٢٠١٠**

## عێراق ، بەرەو باڵکانیزە بوون

**پێکهاتەی سیاسیی کۆمەڵگەی عێراق، پێکهاتەیەکی پلۆراڵ و فرە چەشنە. مەرجی پێکەوە هەڵکردنی ئەم ستراکچێرە فرە چەشن و پلۆراڵە پێش هەموو شتێک لێک تێگەیشتن و زاڵ بوونی کولتووری تۆلێرانسە. لە عێراقی ئێستادا سێ پێکهاتەی سەرەکی واتە: عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و کورد دەور دەبینن. لە رابردوودا هەم عەرەبی شیعەو هەم کورد وەک دوو پێکهاتەی جیا غەدریان لێکراوەو لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵاتدا ڕێگا نەدراوە بەشدار بن و خراونەتە پەراوێزەوە و ئینکار کراون. پاش هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی و روخاندنی دەسەڵاتی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ز، وەرقەکە هەڵگەڕایە و لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێدا هەموو لایەک(کورد، عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و...) بەشدار بوون. واتە بە جۆرێک عێراق لەم قۆناغەدا لوبنانیزە کرا و هەموو لایەک ڕێککەتن و بەشداری حکوومەت بوون. ئەمە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دیوێکی پۆزەتیڤی (وەک بەشداریی سیاسی هەموو لایەک و...)ی لە خۆی نیشاندا، کۆمەڵێک کێشەی لە گەڵ خۆی هێنا ئاراوە کە رۆژ لە دوای رۆژ قووڵتر بوونەوە و ئاوا بڕوا قووڵتر دەبێتەوە و عێراق باڵکانیزە دەکا. لە لای ئەم قەیران و ئاڵۆزییانەدا، کوردستان هەمیشە وەک ناوچەیەک کە ئاسایش و تەناهیی زیاتری هەیە، چاوی لێکراوە و هەر جارەو ئاڵۆزییەکان قووڵتر بوونەتەوە، باسی سەربەخۆی کوردیش هاتۆتە گۆڕێ.**

### ململانێ نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە

**پاش رووخانی حکوومەتی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا رووداوەکانی نێو عێراق بەگشتی دیوێکی دیکەیان بە خۆیان گرت و لەو پێناوەدا ململانێیەکانی نێوان عەربی سوننە و عەرەبی شیعە بەتایبەتی ئاڵۆزتر بوون. بە جۆرێک کە سوننەکان ئەو جار بەرەو پەراوێز رۆیشتن و شیعەکان لە ناوەندی دەسەڵات جێگیر بوون و دەسەڵاتی عێراقیان بە**

دەستەوە گرت. ئەم ئاڵوگۆڕەش بە جۆرێک بوو، کە لە ئاکامی پرۆسەیەکی تۆڵە ئەستاندنەوەدا ئێستا سوننەکان لە بەغدا هەست بە ئاسایش ناکەن و دەسەڵاتی مالیکی بەمەترسی بۆ سەرخۆیانیان دەزانن. نموونەی بەرچاوی ئەم راستییەش هەڵاتنی «تارق هاشمی»، جێگری سەرکۆماری عێراق لە بەغدا بوو کە لە ئاکامدا پەنای بۆ هەرێمی کوردستان هێنا و تا ئێستاش کێشەکەی یەکلایی نەبۆتەوە و نەگەڕاوەتەوە(*). هەروەها ئەگەر ئێستا چاو لێ بکەین مالیکی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سوننەکان زیاتر نەبێ، چەند پۆستی گرنگی وەک وەزارەتەکانی نێوخۆ و بەرگری، دەزگای هەواڵگری و... بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە و خۆی وەک سەرۆک وەزیری عێراق سەرپەرشتیان دەکا. ئەم بابەتە هەم لای کورد و هەم لای عەرەبەکان جێ نیگەرانییە و ناڕەزایەتیی لێ کەتۆتەوە. بۆ وێنە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا بە روونی ئاماژەی بەوە کرد کە عێراق بەرەو تاکڕەویی و دیکتاتۆری دەچێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاڵوگۆڕانە دەبێ بپرسین کە ریشەی ئەم ململانێیەی نێوان شیعەو سوننە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

لە قۆناغی یەکەمدا کێشەی نێوان سوننە و شیعە کێشەیەی ئیدۆلۆژی و بیروباوەڕ و خوێندنەوەیە لە سەر ئیسلام. بۆیە شیعەکان و سوننەکانی عێراقیش بەری نین لەم کێشانەی جیهانی ئیسلامی و لەم رووەوە لە عێراق دوو جەمسەری دژی یەکن. لە قۆناغی دووهەمدا پاش جەنگی جیهانیی یەکەم کە عێراق دروست دەبێ، واتە لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵەوە تا روخانی حکوومەتی سەدام حسێن شیعە لە عێراق لە پەراوێزدا بووە و سوننەکان حکوومەت و بەڕێوەبەریی وڵاتیان بە دەستەوە بووە. بۆیە جگە لە کەلێنە ئیدۆلۆژییەکە، ئەم رابردوویە ئەوەندەی دیکە کەلێنی نێوان شیعە و سوننەی لە عێراق قووڵتر کردۆتەوە. بە جۆرێک کە شیعەکان ئێستاش(بەو رابردووەوە) خۆیان بە بەشخوارو نیشان دەدەن و هەمیشە باسی ئەوەیان کردوە کە وەک کەمایەتییەکی ئایینی لە عێراق مافیان پێشێل کراوە و چەوساونەتەوە و شیعە بوونیان کردۆتە ناسنامەی خۆیان و لە ژێر چەتری شیعەدا خۆیان رێک خستوە. ئەم دۆخە کە هەشت دەیەی لە عێراق خایاند، لە ساڵی ٢٠٠٣ بەم لاوە بە هاتنە سەرکاری سیستمێکی سیاسیی نوێ و رووخانی حکوومەتی بەعس وای لێهات کە شیعەکان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و تۆڵەی رابردوویان بکەنەوە. ئێستاش دەبینین سوننەکان کە تا دوێنی هەموو شتێکی عێراقیان بەدەستەوە بوو، خراونەتە پەراوێزەوە و دژی ئەم دۆخە و دەسەڵاتی نووری مالیکی راوەستاون.

## وڵاتانی دراوسێ

لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەم لایەوە ململانێیەکان لە عێراق چوونە قۆناغێکی دیکەوە، رەقابەت و ململانێی نێوان وڵاتانی

دراوسێی عێراقیش چووە قۆناغێکی دیکەوە. بەو پێیەی بەشداریی سیاسی لە عێراقدا گەشی کرد و قۆناغێکی نوێ دستی پێکرد، دراوسێیەکانی عێراقیش قۆناغێکی دیکەیان لە پێوەندیی خۆیان و عێراقدا دەست پێکرد. ئێران هەم لە رووی ئیدۆلۆژی و هەم لە رووی مێژووییەوە لە شیعەکان نزیک بوو و لەو کاناڵەوە هاتە مەیدان و رۆژانە هەوڵ دەدا نفووزی زیاتری لە عێراق هەبێ. لە بەرانبەردا عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو پشتگیری لە سوننەکان دەکەن و لەو رێگاوە دەیانەوێ نفووزیان لە عێراق هەبێ. هەروەها تورکیاش بەهۆی بەهێزبوونی کارتی عەرەبی سوننە لە ناوچەکەدا و کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئابووری و... پشتگیریی سوننەکان دەکا. لە تەنیشت دراوسێیەکانی عێراقدا، ئەمریکاش جارو بار چاودێری و جاروبارێش کارگێڕیی دۆخەکە دەکا و هەوڵ دەدا بالانسێک دروست بکا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دۆخەکەی لە دەست دەرنەچێ و عێراق تێک نەچێ و بە تەواوەتی نەبێتە مەیدانی یەکێک لە دراوسێیەکانی عێراق. لە چەند ساڵی رابردوودا بینیومانە کە کاتێ کێشەی نێوان پێکهاتەکانی عێراق پەرەی ئەستاندبێ، ئەوا وڵاتانی دراوسێی عێراقیش زیاتر هاتوونەتە مەیدان. بە تایبەت بە ئاڵۆزبوونی نێوانی شیعە و سوننە، هەر کام لە لایەنەکان بۆ گرەنتی کردنی مانەوەیان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق پەنایان بۆ وڵاتانی دراوسێ بردوە. واتە شیعە زوو دەستەوداوێنی ئێران بووە و لە بەرانبەریشدا سوننە پەنای بۆ تورکیا و عەربستان و... بردوە. بە هاتنە ناوەوەی وڵاتانی دراوسێیش، هەمیشە شەڕی بەرژەوەندییەکان زیاتر بووە. واتە رۆڵی وڵاتانی دراوسێ یارمەتیدەر نەبووە بۆ پێکهاتن، بەڵکوو پاڵنەرێک بووە بۆ لێک دوور کەوتنەوەی لایەنەکان.

## کورد و گەمەکانی ئێستای عێراق

لە دوای ٢٠٠٣ ەوە کە دۆخی عێراق گۆڕا، کورد بووە لایەنێکی گرنگ لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا و هاوکات لە بەغدا بوو بە کارتێکی بەهێز. بە جۆرێک کە عەرەبەکان(هەم شیعە و هەم سوننە) بە بێ کورد تەنانەت ناتوانن پێکەوە دانیش و «مام جەلال» وەک کەسایەتییەکی کورد بۆتە رەمزی کۆکردنەوەی هەموویان. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش، لە رۆژانی رابردوودا کە مام جەلال وەک سەرکۆماری عێراق، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی وڵاتانی عەرەبیی لە بەغدا دەکرد، هەم شیعەکان و هەم سوننەکان ئەوەیان وەک رمزێک بۆ پاراستنی یەکگرتوویی عێراق ناودەبرد. لە چەند ساڵی رابردوودا کە سێ پێکهاتەی کورد، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە عێراق دەسەڵاتیان هەبووە و کاراکتێری سەرەکی بوون لە هاوکێشەکاندا، بۆ مان درکەوتوە کە کورد رۆڵی تایبەتی خۆی هەبووە و هەیە. ئەم رۆڵەی کورد لە دوو ئاست دایە، یەکەم لە ئاستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەک حکوومەتێکی فیدراڵ و بەشێک لە عێراق و دووهەم لە ئاستی کورد لە بەغدا و دەوڵەتی عێراق. بێگومان ئەو رۆڵی کە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیگێڕی تا رادەیەک جیاوازە لەو رۆڵەی کە گرووپی کورد لە بەغدا لە پارلەمان و دەوڵەتی عێراقدا دەیگێڕێ. بەگشتیی هەر دوو لا تەواوکەری یەکترن و هاوئاهەنگن پێکەوە و هەندێ جاریش وەک تاکتیک دەبینین بە رەواڵەت جیاواز و تەنانەت جار و بار ناتەبان. بەڵام ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و لە گۆڕەپانی ئاڵۆزی عێراقدا، رەنگە ئەو جۆرە سیاسەتکردنانە بە قازانج بێ و لە ئاکامدا هەموو بەرەو یەک مەبەست بچن.

زۆرکەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە بەقازانجی کوردە کێشەکانی نێوان شیعەو سوننە لە عێراق کۆتایی پێ بێ و چارەسەر بکرێ. بەتایبەت سیاسەتوانان زۆر جار ئەم بابەتە دووپات دەکەنەوە. بە پێچەوانەی ئەم ژێستە سیاسییە و بە پێچەوانەی ئەم تێفکرینە، رووداوەکانی چەند ساڵی رابردوو نیشانیان داوە کە هەر کات ئاڵۆزییەکانی نێوان شیعە و سوننە قووڵ بۆتەوە، کارتی کورد بەهێز تر بووە. بۆ وێنە پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ دوای زیاتر لە ٨ مانگ شیعە و سوننە رێککنەکەوتن و نەیانتوانی حکوومەت پێک بێن، لە ئاکامدا لە سەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لە هەولێر رێککەوتن و حکوومەت پێک هات. رێککەوتنەش جۆرێک بوو کە میحوەریەتی کوردی تێدا دیار بوو. ئێستاش کە کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە قووڵتر بوونەوە، دەبینین زیاتر پەنا بۆ کورد دێنن و کارتی کورد بە هێزترە. هەر دوو لا رقابەت دەکەن لەسەر راکێشانی کورد بەلای خۆیاندا. هێزە کوردییەکانیش کە بە پلەی یەکەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان دەگرێتەوە هەندێ دابەشەکارییان کردوە و بۆ راگرتنی قورسایی خۆیان هەوڵ دەدەن باڵانسێک لە نێوان شیعە و سوننەدا رابگرن. لە بەرانبەریشدا هەر کات شیعە و سوننە نێوانیان بێ کێشە بووبێ، ئەوا کێشەکانی کورد خراوەتە پەراوێزەوە و بە هەر دوو لا دژی جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی کورد بوون.

## کوردستان دەروازەی باڵکانیزە کردنی عێراق

لە قووڵبوونەوەی ململانێیەکانی نێوان شیعە و سوننەدا، هەمیشە هەرێمی کوردستان جێ سەرنج بووە و لەتەنیشت ئەو کێشانەشدا باسی سەربەخۆیی کورد هاتۆتە گۆڕێ. هەروەک لە سەرەوەش ئاماژەی پێکرا، لەم نێوانەدا پەیامی نەورۆزیی «مەسعوود بارزانی»، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە، جێ تێڕامانە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک گرفتی(وەک: مەسەلەی پێشمەرگە، ماددەی ١٤٠، کێشەی نەوت وگاز و...) نێوان بەغدا و هەولێر کرد و نیگەرانیی خۆی لەوە دەربڕی کە ئاوا عێراق بەرەو

دیکتاتۆری دەچێ و لە درێژەدا بە روونی باسی سەربەخۆیی کوردی کرد و ئەوەی راگەیاند کە ئەگەر ئەم بارودۆخە کۆتایی پێ نەیە، ئەوا خەڵکی کوردستان چ بڕیارێک بدەن، ئەوان ئەوە جێبەجێ دەکەن. ئەم قسانەی سەرۆکی هەرێم لەم کاتەدا کە ئاوا بە روونی ئاماژە بە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەکا، رەنگە بەشێکی هەڕەشەیەکی سیاسیی بێ، بەڵام بەشێکیشی بەرهەمی ئەو دۆخەیە کە عێراقی تێکەوتوە. بێگومان ئەگەر ئێستا نێوانی شیعە و سوننە ئاوا ئاڵۆز نەدەبوو، ئەو کات سەرۆکی هەرێم قەت ئەو قسانەی نەدەکرد. کەواتە کورد ئەگەر بیەوێ دەوڵەتی سەربەخۆ لە عێراق رابگەیەنێ، دەبێ هەوڵ بدا بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە قووڵتر بێتەوە. کە ئەم کێشانەش قووڵتر بوونەوە، ئەوا دەستێوەردانی دەرەکی لە عێراق زیاتر دەبێ و هەم ئێران و هەم عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو و تورکیا زیاتر دێنە ناوەوە. بە هاتنە ناوەوەی زیاتری ئەم وڵاتانە کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە لە عێراقدا بە ئاراستەیەکدا دەچێ کە چارەسەر نەکرێ. ئەگەر ئەم دۆخەش پێکهات ئەوا کورد دەتوانێ گورزی خۆی بوەشێنێ و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێ و ببێ بە دەروازەیەک بۆ باڵکانیزە کردنی عێراق. ئەگەر کورد هەر لە سەرەتاوە ئەم سیاسەتەی ئێستای رەچاو کردبا و ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننەی قۆستبایەوە، بێگومان ئێستا بەهێزتر بوو و رەنگە چارەنووسی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکانیش جۆرێکی دیکە بایە. بۆیە ئەو سیاسەتەی کە کێشەکانی نێوان سوننە و شیعە بقۆزێتەوە، دەتوانێ بە قازانجی کورد بێ. لەم حاڵەتەدا وڵاتانی دراوسێش، بە تایبەت تورکیا و ئێران تا زیاتر بێنە ناو کێشەکانی عێراق بە قازانجی کوردە. چونکە لە ئاکامدا ئەوانیش ناچارن پشتگیریی کورد بکەن و بە پێچەوانەش کورد بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ و لە عێراق جیابێتەوە، پێویستی بە پشتگیری تورکیا و ئێران هەیە.

### ئەنجام:

بە پێی ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێ، ئاماژەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە کێشەی نێوان شیعە و سوننە لە عێراق هەتا دێ قووڵتر دەبێتەوە و چارەنووسی عێراق گرێدراوی بەشداریی هەموو لایەکە لە دەسەڵاتدا. لەم رووەوە ئەگەر چاو لێ بکەین پاش رووخانی دەسەڵاتی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ دا عێراق بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکان بنیات نرایەوە و تا رادەیەک شیمانەی ئەوە دەکرا عێراق لوبنانیزە ببێ و هەموو لایەک لە سەر بنەمای رێککەوتن لە دەسەڵاتدا بەشدار بێ و مۆدێلی لوبنان لە عێراقیش جێگیر بێ. لە راستیدا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ەوە بەم لایەوە دەکرێ بێژین لوبنانیزە کردنی عێراق شکستی هێناوە و دەرکەوت کە ئەو ئایدیایە ناتوانێ لە عێراق وڵامدەر بێ. هۆکارەکەشی بۆ کۆمەڵێک کێشە کە ریشەیان لە مێژووەوە

رابردوودا هەیە دەگەڕێتەوە. هاوکات لەم نێوانەدا نەبوونی کولتووری تۆلێرانس و لێک تێگەیشتن، بۆتە هۆی ئەوەی ئەم دوو پێکهاتەیە، واتە سوننە و شیعە متمانەیان لە دەسەلاتدا بە یەکتر نەبێ و نەتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن و تەنانەت لە ناو خۆشیاندا ناکۆکییان هەیە و هەر کامەو چەند باڵ و گرووپن. کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە وای کردوە کە وڵاتانی دراوسێ عێراق دەستێوەردانی زیاتر لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتەدا بکەن. لە لای ئەم هاوکێشانەشدا کورد وەک پێکهاتەیەکی گرنگ دەتوانێ رۆڵی میحوەری هەبێ و ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە. ئەگەر ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و شیعە بگاتە ئاستێک کە چارەسەر نەکرێن ئەوا ئەو جار ئایدیای لوبنانیزە کردنی عێراق بە تەواوەتی شکست دێنێ و دەبێ دەستی لێ بشۆردرێتەوە. لەو حاڵەتەدا کە قەیرانی نێوخۆی عێراق لە بەغدا قووڵتر دەبێتەوە، کورد دەتوانێ رۆڵی گرنگتر بگێڕی و بە قورساییەکی دیکەوە دەربکەوێ. لەم حاڵەتەدا دەکرێ بێژین تیۆری باڵکانیزە بوونی عێراق جێگای تیۆری لوبنانیزە بوون دەگرێتەوە. لە راستیدا ستارتی باڵکانیزە بوونی عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2010ـەوە لێدراوەو بۆ ئەم مەستەش کوردستان دەروازەیەکەی گرنگە.

لە ژمارە ٥٨٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٢

# دیمانە لە گەڵ: جەعفەر ئیبراهیم، وتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان:



## جەعفەر ئیبراهیم، وتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان: ئەگەر قەیرانی عێراق چارەسەر نەکرا، هەرێمی کوردستان ناکەین بە قوربانی

ئاماژە: باسی سەربەخۆیی کوردستان و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی هەرکات هاتبێتە گۆڕێ، ئەوا لەگەڵ دژکردەوەی توندی ناوەند و نەیارانی کورد بەرەوڕوو بۆتەوە. ئەم بابەتە لە ماوەی رابردوودا یەکێک لە بابەتە گەرمەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق بوو. ئەم بابەتە دوای چەند لێدوانێکی «مەسعوود بارزانی»، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کە رەخنەی لە بارودۆخی ئێستای عێراق و حکوومەتی مالکی گرت، گەرمتر بوو. هەروەها لە ماوەی رابردوودا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی وڵاتانی بولگاریا(بولغارستان)، ئەمریکا، هەنگاریا(مەجارستان) و تورکیای کرد. ئەم سەردانانەش ئەوەندی دیکە گرۆتینی بە بابەتەکەدا و هەروەها دژکردەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ وڵاتانی دەرەوە و ئاڵۆزییەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان و مەسەلەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لەم ژمارەی «کوردستان» لە چوارچێوەی چەند پرسیاردا، وتووێژێکمان لەگەڵ « جەعفەر ئیبراهیم ئیمینکی» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و وتەبێژی ئەو پارتە سازداوە.

**مادح ئەحمەدی**: لە ماوەی رابردوودا، «مەسعوود بارزانی»، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی گەشتێکدا

***بۆ دەرەوەی وڵات سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەنگاریا، بولگاریا و لە کۆتاییشدا تورکیای کرد. سەرەتا پێمانخۆشە باسی ئەم سەردانانەمان بۆ بکەن و هەروەها مەبەستی سەرۆکی هەرێم لەم سەفەرانە بۆ دەرەوەی وڵات چ بووە؟***

***جەعفەر ئیبراهیم:*** **مەبەستی جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی کە بە ناوی سەرۆکی هەرێمەوە سەردانی ئەو وڵاتانە (بولگاریا، ئەمریکا، هەنگاریا و دواتر تورکیا) ی کردبوو، ئەو بووە کە پێوەندییە سیاسیی و دیپلۆماسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتانە بەهێزتر بکا. ئەم سەردانانەش لە سەر بانگهێشتی فەرمیی ئەو وڵاتانە بوو. خۆی پێشوازیکردن(بەو شێوەیەی پێشوازی لێ کراوە) لە جەنابی سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئاستی پرۆتۆکولی هەرە بەرزدا، نیشانەی ئەوەیە کە پێوەندییە سیاسیی و دیپلۆماتیکەکان لە ئاستێکی بەرز دایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر باشدایە. لە راستییدا پەرەپێدانی پێوەندییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دیارە نیشانەی بایەخدانی ئەمریکایە بە عێراق و کورد و هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و دەزانن ئەم هەرێمە بۆتە مایەی ئومێدی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. دیارە بایەخدانی ئەمریکا لە روانگەیەکی ئەخلاقی و سیاسییەوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆڵەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عێراق بینیویەتی و ئێستاش لە ناوچەکە دەیبینێ، وای کردوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر متمانەی بە رۆڵی کورد و سەرکردەکانی هەبێ و بۆتە هۆی ئەوەش کە ئەمریکا زیاتر متمانەی هەبێ بە جەنابی کاک مەسعوود بارزانی، وەکوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان. بۆ وڵاتانی دیکەش بە هەمان شێوە. ئێستا هەموو وڵاتێک کە ئەندام بێ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ کورد، بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ دۆزی کورد زۆر گرنگە پێوەندی لەگەڵ هەموو وڵاتان هەبێ. لەم رووەوە ئێمە دەزانین هەم هەنگاریا و هەم بۆلگاریا دوو وڵاتی گرنگن. هەروەها لە گەڕانەوەدا لە سەر بانگهێشتی فەرمیی وڵاتی تورکیا سەرۆکی هەرێم سەردانی ئەو وڵاتەی کرد. لەوێش لە ئاستێکی بەرزدا بایەخێکی یەکجار زۆر بە جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی درا. دەزانن هەرێمی کوردستان رۆڵی هەیە لە سەر بارودۆخی عێراق، دەزانن پێشتر رۆڵی هەبووە و ئێستاش رۆڵی هەیە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی رووبەڕووی پرۆسەی دیمۆکراسی بۆتەوە لە عێراق. خۆتان دەزانن پرۆسەی دیمۆکراسی لە عێراق باش گەشەی کردوە، هەندێ پرەنسیپ و رێککەتن و بەشداریی سیاسی نەبێ کە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، ئەمەش عێراقی بەرەوڕووی قەیران کردۆتەوە. تورکیا بایەخ بە بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و دۆخی کورد چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە تورکیا دەدا. هەروەها رۆڵی سەرۆک مەسعوود بارزانی لە**

چارەسەرکردنی ئاشتییانەی دۆزی کورد لە تورکیا دەزانن. دەزانن ڕۆڵی هەبووە و ئێستاش هەمیشە ئامادەیە و دەتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێ لە چارەسەر کردنی دۆزی کورد لە تورکیا و دەتوانێ ئەو قەیرانە بەرەو چارەسەری ببا.

***مادح ئەحمەدی**: هەر وەک دەزانن ئێستا عێراق لە قەیراندایە و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا قووڵ بۆتەوە و لەو دواییانەدا هەندێ لێدوانی توند هەبوو لە نێوان بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و بەغدا دا. لەم بارودۆخەدا کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێ، ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وڵاتانەی کە ئاماژەتان پێدا پێویست بوو؟*

***جەعفەر ئیبراهیم**:* لە ڕاستیدا سەردانی بەرپرسان بۆ ئەم وڵاتانە هەمیشە پێویستە. دەبێ هەموو کاتێک ئەم سەردانانە بەردەوام بێ. پاشان ئەو قەیرانەی لە عێراق دایە، قەیرانی ئەمڕۆ نییە، قەیرانی مانگێک لەمەوبەریش نییە. ئێمە دەزانین پاش نۆ(٩) مانگ قەیران حکوومەتی بەڕێز «مالکی» پێک هات. بۆشایی یاسایی دروست بوو. ئەوکاتەش دەزانین بە هۆی ڕۆڵی سەرۆک مەسعوود بارزانی، ڕێککەوتنی هەولێر ئیمزا کرا و بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەو لایەنە سیاسیانەی کە پێوەندییان بە قەیرانەکەوە هەبوو، قەیرانەکە چارەسەر کرا و کۆتایی پێ هات. لە سەر ئەو بنەمایەش کۆتایی بە قەیرانەکە هات کە حکوومەتی بەڕێز مالکی، حکوومەتێکی تەوافوقی بێ و لە سەر بنەمای بەشداریی سیاسی هەموو لایەک پێک بهێنرێ. بەشداری هەموو لایەک مەحەک بوو بۆ ئەم حکوومەتە کە پەیڕەوی لێ بکا. بەداخەوە هەر لەو کاتەوە کە ئەم حکوومەتە دەست بەکار بووە تا ئەمڕۆ ئەو قەیرانە بەردەوام بووە و لە بەر هەر هۆیەک(چ دەرەکی و چ نێوخۆیی) بوو‌بێ، نەیتوانیوە ئەو ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ بکا. بڕیار وابوو هیچ لایەنێک نەخرێتە پەراوێزەوە، ئەو دۆسیانەی بە چارەسەر نەکراوی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا ماون چارەسەر بکرێن و بایەخیان پێ بدرێ و هیچ پێکهاتەیەک، نە شیعە، نە سوننە، نە کورد و نە ... پەراوێز نەخرێن. ئەم لایەنانە پێکهاتەی سەرەکی عێراقن. لە ڕوانگەی ئێمەوە سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتان، بەتایبەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بووە کە نیگەرانیی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان بگەیەنێتە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەش و تەنانەت تورکیاش. ئێمە ئەو سەردانانەمان پێ باشە و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبن. پێمانوایە، دەبێ ئەو وڵاتانەی کە بایەخ بە بارودۆخی عێراق دەدەن، بایەخ بە ئاسایش و سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی عێراق دەدەن ئاگاداری بارودۆخی عێراق بن. دەبێ ئاگادار بن کە لە عێراق قەیرانێکی جیددیمان هەیە و بەڕێز «نووری مالکی» بەشێکە لە دروست کردنی ئەم قەیرانەدا. چونکە پاشەکشەی کردوە لە ڕێککەوتنی هەولێر، پاشەکشەی کردوە لەو خاڵانەی

کە پێوەندییان بە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی حکوومەتێکی هاوبەش و نیشتمانییەوە هەیە. ئێستا دەبینین حکوومەت بۆتە حکوومەتی تەک حیزبی و لەو حیزبەشدا تەک فراکسیۆن.

***مادح ئەحمەدی:*** ***لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کێشانەدا کە ئاماژەتان پێدا و بە بڕوای جەنابت مالکی دروستی کردوە و پابەند نەبووە بە ڕێککەوتی نێوان لایەنەکان لە عێراقدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتەکانی لە پەیامی نەورۆزی خۆیدا، هەم لە چەند وتاری دیکە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر و لە واشنگتۆندا، هێرشی کردە سەر نووری مالکی و ڕایگەیاند کە ئەگەر ئەو بارودۆخە ئاوا بەردەوام بێ، ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان و بڕیاری خەڵکی کوردستان و ئاماژەی بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان کرد. ئایا ئەمە تەنیا هەڕەشەیەکی سیاسییە، یان نا بەرهەمی بارودۆخێکە کە لە عێراق دروست بووە؟***

***جەعفەر ئیبراهیم:*** ئەمە لە خۆیدا، دوو بابەتە. یەکەم جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان و لە فەلسەفەی پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا بە ڕوونی دیارە کە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان پاشەکشەمان لە بڕوامان بە دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان نەکردوە. ئێمە بڕوامان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتی کورد هەیە. ئەوە کە کەی بەرەو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دەچێن؟ ئەوە بابەتێکی دیکەیە، ئەو دەبێ هاوپەیمانانی ئێمە، هیز ولایەنە سیاسییەکانی دیکە هاوڕا بن لەگەڵ ئێمە و دەبێ هاوهەڵوێست بین لەوەدا و دەبێ بواری بۆ خۆش بکرێ. ئێمە بۆ دروشم پەلەمان نەکردوە و پەلەش ناکەین. مێژووی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لەوەدا ئاشکرایە، ئەوە بارزانیی نەمر خۆی یەکێک لە فەرماندەکانی کۆماری مەهاباد بوو کە مافی کوردە کۆماری هەبێ، مافی کوردە دەوڵەتی خۆی هەبێ. لێرەدا جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی ئاماژەیەکی بە دەستووری هەمیشەیی عێراق کردوە. لە دەستووردا دیباچەیەک هەیە. لەو دیباچەدا نووسراوە کە ئەگەر هاتو دەوڵەتی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێ، دەبێ سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق پابەند بن بەم دەستوورە. واتە ئەگەر عێراق بە یەکگرتوویی بوو، ئاوا سەرجەم پێکهاتەکان، چ شیعە، چ سوننە و چ کورد دەبێ پابەند بن بە خاڵەکانی دەستوور. لە دەستووردا بە ڕاشکاوی ئەوە هاتوە کە کورد لە «ئیتحادێکی ئیختیاری» چۆن بەرەو «ئیتحادێکی ئیختیاری بە مەرج» چووە. کورد بە پێی بارودۆخێک کە هەیبوو، دەیتوانی ئەوکاتە کە عێراق ڕزگار بوو، دەوڵەتی خۆی ڕابگەیەنێ. هەموو دونیا دەزانێ کە مافێ کورد بوو ئەوە بکا.

***مادح ئەحمەدی:*** ***لە پێوەندی لەگەڵ ئەم وتانەی سەرۆکی هەرێمدا، ئەگەر ئاگادار بن، ڕوانگەی وڵاتانی دەرەوە بە***

***تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چۆنە؟***

**جەعفەر ئیبراهیم:** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە گەڵ یەکپارچەیی عێراق و دەستووری هەمیشەیی عێراق دان. لەگەڵ ئەوەدان عێراقێکی دیمۆکراتیک بنیات بنرێ. لەگەڵ ئەوەدان دیمۆکراسی لە عێراق گەشە بکا. لەگەڵ ئەوەدان هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە سەر بنەمای رێککەوتن و بەشداریی سیاسیی هەموو لایەک، پێکەوە بژین. ئەوەش لە بەرژەوەندی کوردایە. کورد لە عێراق تا بمێنێ لە بەرژەوەندی دایە. بەڵام کام عێراق؟ عێراقێکی دیمۆکراتی، بەڵێ. عێراقێکی فیدراڵی، بەڵێ. عێراقێک کە کورد تێدا مافەکانی پارێزراو بێ، بەڵێ. عێراقێک کە کورد تێدا نەکەوێتە بەر هەڕەشەوە، بەڵێ. نەک عێراقێک کە کورد بکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەم وەزیر و ئەو وەزیر. نەک عێراقێک کە تێدا «شارستانی» بە کەیفی خۆی قسە بکا و مافی ئەوەی کە کورد نەوت و گازی خۆی بەکار بێنێ لە کورد زەوت بکا.یان بەڕێز نووری مالکی هەر رۆژ هەڕەشەی ئەوە بکا کە کورد هێڵی سووری بەزاندوە. نامانهەوێ لە ژێر سێبەری هەڕەشەکانی هیچ دیکتاتۆرێکدا بژین. لە بەر ئەوەیە. جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی نەیوتوە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی رادەگەیەنم. تەنیا ئاماژەی بەوە کردوە کە لە دیباچەی دستووردا هاتوە. لەوێ هاتوە کە ئەگەر پێکهاتەکانی عێراق پابەند نەبن بە دەستوور، کورد مافی خۆیەتی لە ئاوەها دۆخێکدا بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا. ئەو ئاماژە پێکردنەش، ئەماژە کردنە بە بنەماکانی دەستووری عێراق و بنەماکانی بەشداریی سیاسی لە عێراق. ئەمە تەنیا بۆ بەڕێز نووری مالکی نییە. ئەمە بۆ بەڕێز «ئەیاد عەلـلاوی»یە، بۆ شیعەیە، بۆ سوننەیە و بۆ هەموو لایەکە لە عێراق. ئەگەر عێراق لە قەیرانێکی سیاسیی جیددایە وەرن با پێکەوە ئەم قەیرانە چارەسەر بکەین. ئەگەر چارەسەر نەکرا ئێمە هەرێمی کوردستان ناکەین بە قوربانی ئەم دیکتاتۆر و ئەوەی دیکە و... هەرێمی کوردستان ئەوکاتە بڕیاری خۆی دەبێ. مەرج نییە ئاوا بێ. بۆ وێنە ئێستا تایوان سەربەخۆ نییە، بەڵام ئامادە نییە لە ژێر دەسەڵاتی چین دابێ. دەوڵەتی تایبەتی خۆیان نیە. فەلەستینیەکان دەوڵەتی سەربەخۆیان نییە، بەڵام دەسەڵاتی خۆیان هەیە. مەرج نییە دەوڵەتی تایبەتی بێ، بەڵام خۆ کورد دەتوانێ بارودۆخێکی تایبەتی رابگەیەنێ. مەرج نییە راگەیاندنی دەوڵەت بێ. راگەیاندنی دەوڵەت مەرجی خۆی هەیە و جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی باش دەرکی ئەوە دەکا. بۆ ئەم بابەتە دەبێ هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێو نەتەوەیی رچاو بکرێ.

***مادح ئەحمەدی:** لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا، واتە بەرانبەر بە لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئاست کوردستانیشدا کۆمەڵێک دژکردەوەمان بینی. بۆ وێنە لە چەند رۆژی رابردوودا ژمارەیەک لە پارلمانتارانی*

***پارمانی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم ئەماژە بەوە دەکەن کە بە پێی یاسا پرسە چارەنووسسازەکان لە دەسەڵاتی پارلماندایە بڕیاریان لە سەر بدا و ئەوە ناچێتە خانەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمەوە. بۆیە مەسەلەی سەربەخۆییش پرسێکی چارەنووسسازە و بە پێی ئەو نامەیە بڕیاردان لەو بارەوە لە دەسەڵاتی پارلمان دایە و پارلمان مەرجەعە. رای جەنابتان لەم بارەوە چییە؟***

***جەعفەر ئیبراهیم:*** ٧٠ لە سەدی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دایە. من لەو ئەندام پارلمانانە دەپرسم کە هەر یەک لەوان بە چەند دەنگ بوونەتە ئەندامی پارلمان؟ ئەمە لە رووی شەرعییەتەوە. لە رووی سیاسی، لە رووی ئەخلاقییەوە، لە رووی ئەزموون، لە رووی پێگە، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە پرسە چارەنووسسازەکان باس بکا. ئەدی ئەگەر پرسە چارەنووسسازەکان باس نەکا، باسی چ بکا. ئەی ئەو سوێندە دەستوورییەی کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەردەم خەڵکی کوردستان و لە پارلمانی کوردستان خواردی. ئەو سوێندە بریتیە لە چی؟ برتییە لە پارێزگاری کردن لە سەروەرییەکان، لە دەسکەوتەکان، لە خاک و نیشتمان. هەڕەشە لە سەر خاکی کوردستان هەیە، هەڕەشە لە سەر دەسکەوتەکان هەیە، هەڕەشە لە سەر سەروەرییەکانی خەڵکی کوردستان هەیە، ئەدی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چی ئەو سوێندەی خواردووە؟ دووهەم لە دابەش کردنی دەسەڵاتەکان مەسەلەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاراستەی پارلمانی دەکا و پارلمانیش داوای ریفراندۆم دەکا. ئەوە جارێ نەبووە بە مەوزوع. ئەوەی ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی دەکا، ئەوە بابەتی سیاسی و دەستوورییە لە مافەکانی خەڵکی کوردستان. من ئەو یادداشتەم نەبینیوە. یادداشتێک لەو چەشنە ئەگەر پێشکەش کرابێ، لە راستییدا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتن لە رۆڵی پارلمان و تێنەگەیشتنە لە رۆڵی سەرۆکایەتیی هەرێم.

***مادح ئەحمەدی:*** *هەر لەم بارەوە زۆر جار ئەو رەخنە لە هێزە کوردییەکان دەگیرێ کە وەک پێویست هاوئاهەنگ نین. بۆ وێنە لە بەغدا ژمارەیەک لە پارلمانتاران پێچەوانەی قسەکانی سەرۆکی هەرێم لێدوانیان دا. هەروەها لە نێوان دوو پارتی سەرەکیی باشووری کوردستان، واتە «پارتی دیمۆکراتی کوردستان» و «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» زۆر جار ناتەبایی و جیاوازی هەیە، بۆ وێنە قسەکانی «مام جەلال» لەم بارەوە جیاواز بوو لە قسەکانی کاک مەسعوود. وتەکانی مام جەلال بەو ئاراستەیەدا بوو کە دەڵێ لە ئێستادا دەوڵەتی کوردی مەحاڵە، لە بەرانبەریشدا قسەکانی کاک مەسعوود بەو ئەراستەیەدا بوو کە دەوڵەتی کورد نە خەون و نە مەحاڵە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ناتەبایی و جیاوازییانەدا ئایا وەک دابەشکاری و تاکتیکێک، رێککەوتنێک لە نێوان یەکێتیی*

***نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا هەیە کە بەم شێوەیە دەجووڵێنەوە، یان نا سروشتییە و شتی وا دێتە گۆڕێ؟***

***جەعفەر ئیبراهیم:*** تا ئێستا سروشتی بووە. حەزمان دەکرد بە راوێژ لەگەڵ یەکتر ئەو لێدوانانە بدەین و تەعبیر لە رای جیاوازیش بکەین. پێشریش وتوومە ئاساییە رای جیاواز و تێبینیی جیاواز هەبێ، هیچ نامۆ نییە. ئەگینا ئێمە بۆ هەڵوێست دڵنیام یەک هەڵوێست دەبین. بۆ مەسەلەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی مام جەلال و کاک مەسعوود شانبەشانی یەکدی پێکەوە دەبن. بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی یان لە بەغدا چ هەڵوێستێک پێویست بکا، مام جەلال و کاک مەسعوود شانبەشانی یەکدی دەبن و هاوهەڵوێست دەبن. ئەوە ئێستا لە عێراق قەیرانێک هەیە، لەم بارەوە رای جیاواز زۆرە، بەڵام بگاتە ئاستی هەڵوێست وەرگرتن پارتی و یەکێتی پێکەوە دەبن. کە گەیشتە ئەو حاڵەتە لە سەد دا ٩٨ی خەڵک دڵنیام کە پشتگیری ئەو هەڵوێستە دەکەن کە هەموو لایەک پێکەوە بن. من دڵنیام بۆ پرسە چارەنووسساز و نیشتمانییەکان هەموو هاوهەلوێست و هاوڕا دەبین.

***مادح ئەحمەدی:** وەک دوا پرسیار، رەخنەیەک هەیە زۆر جار لە میدیاکانی باشووری کوردستانەوە باسی لێ دەکرێ. ئەویش ئەوەیە کە مام جەلال و کاک مەسعوود کاتێک سەردانی وڵاتان دەکەن لە وەفدەکەیاندا تەنیا ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانی خۆیان دەبەن. واتە وەفدێک نییە هەموو لایەکی تێدا بەشدار بێ. بۆ وێنە لە سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دا، جگە لە واشنگتۆن نەبێ کە وەفدەکە نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کورستانی لە گەڵ بوو کە ئەویش سەر بە یەکێتیی نیشتمانییە. ئەوانی دیکە، واتە ئەندامانی وەفدەکە سەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوون. وڵامتان بۆ ئەم رەخنەیە چییە؟*

***جەعفەر ئیبراهیم:*** لە راستییدا ئێمە ئەو رەخنەیە قبووڵ دەکەین. من ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەوە نیم کە چۆنە و بە چ شێوەیەک بووە، بەڵام بە گشتی جەنابی سەرۆک رچاوی ئەوە دەکا. چونکە پێکهاتەکە دەبێ فرە حیزبی و فرە لایەنیی پێوە دیار بێ، تەنانەت زۆر جار لە پێکهاتەی شاندەکاندا نوێنەرانی لایەنی دیکەی تێدا بووە. بەڵام ئەم جارە پەلە کراوە، یان ئەندامانی شاندەکە چۆن دیاری کراوە من ئاگادار نیم. من ناتوانم لە باتی لایەنی دیکە ئەوە رەخنەیە قبووڵ بکەم یان رەتی بکەمەوە. بەڵام لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان ئێمە لە قوتابخانەیەکین کە بە واقعبینییەوە چاو لە بابەتەکان دەکەین و ئەگەر رەخنەیەکی بەجێ هەبێ، ئێمە قبووڵی دەکەین. هەروەها جەنابی سەرۆکیش رچاوی ئەو بابەتە دەکا کە شاندەکە دەبێ نوێنەرایەتیی راستەقینەی

پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بێ.

***مادح ئەحمەدی:*** *زۆر سپاس کاک جەعفەر بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەت پێداین.*

***جەعفەر ئیبراهیم:*** سپاس بۆ ئێوەش. سەرکەوتوو بن.

له ژماره ٥٨٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠١٢

## نامۆ عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەنووس: ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دایە

***ئاماژە: «نامۆ عەبدوڵڵا»، ڕۆژنامەنووسی کورد یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئەمساڵ خەڵاتی ساڵانەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپییان پێ بەخشرا. ناوبراو لە ئێوارەخوانێکی کۆشکی سپیدا بە ئامادەبوونی «باراک ئۆباما»، سەرکۆماری ئەمریکا و ژمارەیەکی زۆر لە وەزیر و سیناتۆر و کاربەدەستانی کۆشکی سپی ئەم خەڵاتەی وەرگرت. نامۆ عەبدوڵڵا ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆیە و بۆ چەند میدیای جیهانی وەک: ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز و... کاری کردوە. ناوبراو هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بواری ڕۆژنامەنووسی و لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرک دەخوێنێت. لەم ژمارەی «کوردستان»دا وتووێژێکمان لەگەڵ ناوابراو، سەبارەت بە وەرگرتنی خەڵاتی ساڵانەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی و هەروەها ڕەوشی ئێستا ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا سازداوە.***

***کوردستان:*** *خەڵاتی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی چییە و بە چ کەسانێک دەدرێ؟*

***نامۆ عەبدوڵڵا:*** ئەو خەڵاتەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی کە من وەرمگرت بریتی بوو لە پێنج هەزار

دۆلاری ئەمریکی کە لە شێوەی زەماڵە (سکۆڵەرشیپ) دایە بۆ خوێندکاری رۆژنامەگەری لە زانکۆکانی ئەمریکا. ئەو خەڵاتە دەدرێت بە چەند زانکۆیەکی بەناوبانگی ئەمریکا. یەکێک لەو زانکۆیانە زانکۆی کۆلۆمبیایە، کە تیایدا من خوێندکاری ماستەرم لە بواری رۆژنامەگەریدا. ساڵانە یەک خوێندکار لە زانکۆی کۆلۆمبیا ئەو خەڵاتە وەردەگرێت. ئەمساڵ، ئەو خەڵاتە بە من درا.

***کوردستان:*** *پێشتر لە نێو کورددا کەسمان هەبوو ئەو خەڵاتە وەربگرێ، یان نا، و ئێوە یەکەم رۆژنامەنووسی کوردن کە ئەو خەڵاتە وەردەگرن؟*

***نامۆ عەبدوڵڵا:*** ئەم خەڵاتە تازەیە و هەموو نزیکەی بیست ساڵە دەدرێت.
بەپێی سایتەکەیان، کە تازە چوومە سەری تا سەیری ناوی براوەکانی ساڵی رابردوو بکەم، هیچ کوردێکی دیکەم نەبینی تا ئێستا ئەم خەڵاتەی پێدرابێت.

***کوردستان:*** *ئەم خەڵاتە ساڵانە بە چەند کەس دەدرێ و ئەو کەسانەی کە خەڵاتیان وەرگرت ئەگەر بزانی خەڵکی چ وڵاتگەلێک بوون یا سەر بە چ نەوەیەک بوون؟*

***نامۆ عەبدوڵڵا:*** ئەم ساڵ خەڵاتەکە بە شانزە کەس درا. زۆربەی براوەکانی دیکە خەڵکی ئەمریکا بوون.. لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا بە من درا.

***کوردستان:*** *هۆکاری ئەوەی کە تۆ خەڵات کرای دەگەڕێتەوە بۆ کورد بوونت، یان دەگەڕێتەوە بۆ پیشەکەت کە رۆژنامەنووسییە؟*

***نامۆ عەبدوڵڵا:*** نا هیچ پێوەندی بە کورد بوونەوە نییە. مەرجەکانی بردنەوەی ئەم خەڵاتە دوو شتن. یەکەم، دەبێت خوێندکاری رۆژنامەگەریی بیت لە ئەمریکا. دووەم، دەبێت وتارێکی کورت بە ئینگلیزی بنووسیت باسی ئەو کارانە بکەیت کە کردوتن تا تۆ شایستەی ئەو خەڵاتە بکات. پاشان لە رێگەی زانکۆوە سیڤی کارەکانت وەردەگرن و هەڵسەنگاندن دەکەن لە نێوان کاندیدەکاندا.

**کوردستان**: *لە باسی خەڵاتەکە بێینە دەرێ. ئێوە بە شێوەی پسپۆڕی لە ئەمریکا راگەیاندن دەخوێنن. بۆیە دەمەوێ لە روانگەیەکی پسپۆڕییانەوە بچین نێو باسەکە. لەم روانگەوە چۆن چاو لە رۆژنامەنووسی و راگەیاندن لە کوردستان دەکەی؟*

**نامۆ عەبدوڵڵا**: رۆژنامەنوسیی کوردی لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە. بێگومان ناتوانین بە هیچ شێوەیەک بەراورد لە نێوان ئاستی پرۆفێشناڵی میدیای کوردی بکەین لەگەڵ میدیای خۆرئاوا و میدیای ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی. میدیای کوردی تەمەنی کورتە. ئێمە مێژوویەکمان هەیە کە دیکتاتۆریەت و خێڵەکییەت بەسەریدا زاڵە. کاریگەری هەموو ئەمانە لە میدیای کوردیدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت. گەورەترین گرفتی میدیای کوردی بریتییە لە نەبوونی توانا بۆ جیاکردنەوەی فاکت (راستی) لە بۆچوون. زۆربەی هەواڵەکانی کوردستان قسەی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرسن. زۆربەی لاپەڕەی رۆژنامەکان پڕ دەکردێنەوە بە دیداری درێژی پرسیار و وەڵام کە لە میدیای پرۆفیشناڵی ئەمریکیدا بە دەگمەن بەدی دەکرێت. هەموو لاپەڕەکانی نیویۆرک تایمز، بۆ نموونە، هەڵ بدەرەوە دیدارێکی پرسیار و وەڵام نادۆزیتەوە. لە کوردستان خەڵکی لە جیاتی بەدەست هێنانی فاکت رۆژانە پروپاگەندەو قسەی ئەم و ئەو دەکڕن. میدیای کوردی گرفتی زۆرەو چاککردنی ئاسان نییە و پێویستی بە کات هەیە. لەهەمووی گرنگتر، پێویستە پرۆفێشناڵەکانی میدیای کوردی ئامادەییان تێدابێت بۆ گۆڕان و قبوڵکردنی رەخنە.

**کوردستان**: *پێت وایە راگەیاندن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بۆتە فاکتۆرێکی بەهێز بۆ کاریگەری دانان لە سەر رای گشتی و لە درێژەدا توانیویەتی بە مانای راستەقینە کۆڵەکەی چوارەمی دەسەڵات بێ؟*

**نامۆ عەبدوڵڵا**: بێگومان میدیا بەردەوام گەورەترین کاریگەریی لە سەر ڕای گشتی دروست دەکات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چ کاریگەرییەک؟ میدیایەک کە پرۆپاگەندە و بۆچوون بڵاو بکاتەوە لە جیاتی راستی، کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت لە رۆشنبیرکردنی خەڵک و دروستکردنی عەقڵی ئازادەوە کە خۆی بریار دەدات چی باشە و چی خراپە بۆ کاریگەرییەکی ئایدۆلۆژی و شۆرینەوەی مێشکی خەڵکی. بەڕای من میدیای کوردی زیاتر دووەمیان دەکات.

**کوردستان**: *پاش تێپەڕینی ١١٤ ساڵ بە سەر ئەزموونی رۆژنامەنووسی دا لە کوردستان، گرفتەکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسیی لە کوردستان لە چیدا دەبینی؟*

***نامۆ عەبدوڵڵا:*** **گرفتەکانی راگەیاندنی کوردی زۆرن و ناتوانین لێرەدا یەک بەیەک باسیان بکەین. ئەوە پێویستی بە توێژینەوە هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی میدیای کوردی خۆی ماندوو ناکات بۆ دۆزینەوەی ئەوەی لێرە پێی دەوترێت ستۆری (چیرۆک). تەنیا بۆچوونی ئەم و ئەو بڵاودەکاتەوە. میدیای کوردی، بەشێوەیەکی گشتی، هێشتا نازانێت رستە چییە و پەرەگراف چییە. بابەتی درێژی باشترین نووسەرەکانی کوردستان دەخوێنیتەوە دەبینیت هەمووی چەند رستەیەکە. سەرەت گێژ دەخوات. نازانیت بکەر لە کوێیەوە و فرمان لە کوێیە، بەدەگمەن نوقتە دانراوە هەموو بابەتەکە بە فاریزە و (واو) و بەستراوە بەیەکەوە. وەکو وتم گرفتەکان زۆرن، ئێستا بۆ من ئاسان نییە بتوانم جیاوازی بکەم لەنێوان ئەو هەواڵەی سایتەکانی کوردستان بڵاوی دەکەنەوە لەگەڵ ئەوەی کەسێک بۆخۆی لە فەیسبوک بڵاوی دەکاتەوە.**

***کوردستان: ئایا ناپرۆفیشناڵی و نەبوونی ناوەندی کارامە بۆ راهێنان و پەروەردی رۆژنامەنووسی گرفتێکی گەورەی بەردەم رۆژنامەنووسیی و راگەیاندن لە کوردستاندا نییە؟***

***نامۆ عەبدوڵڵا:*** **نەبوونی ناوەندی راهێنانی باش گرفتێکی گەورەوەیە. بەپێی زانیاریی من، بەشی راگەیاندنی زانکۆکانی کوردستان لە ئاستی پراکتیڤدا زۆر لاوازن و ناتوانن کادیری باشتر بۆ دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان پێ بگەیەنن**

**لە ژمارە ٥٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٢**

# قەیرانی عێراق و ئەگەری وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی

**قەیرانی عێراق بە قووڵبییەکی زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕوا و ئاماژەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە لە ئاکامدا ئەگەری زۆرە «نوری مالیکی» ببێتە قوربانیی ئەم قەیرانە. سەرەڕای ئەوەی دژبەرانی مالیکی بۆ دەربازبوون لەم قەیرانەی ئێستا ساغ بوونەتەوە کە متمانە لە ناوبراو وەر بگرنەوە، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان پێی وایە کە «سەندنەوەی متمانە لە مالیکی کۆتایی حیکایەتەکانی ئەم قەیرانەی ئێستای عێراق نییە».**

**«ئازاد جندیانی»، وتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تازەترین وتاریدا کە لە ماڵپەڕی «pukmedia.com» کە یەکێک لە تریبوونە رەسمییەکانی«ی.ن.ک»ە، بڵاو بۆتەوە ئاماژە بە گریمانە و کێشەکانی دوای ولاتانی مالیکی دەکا و دەڵێ «ئەبێ کورد بۆ زۆر ئەگەری سەخت و نارەحەتیش خۆی ئامادە بکا».**

**جندیانی لە وتارەکەیەدا بە ئاماژە بەو مەرجی کۆکردنەوەی ١٦٤ ئیمزای پارلمانتارانی پارلمانی عێراق بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی دەکا و دەڵێ»گریمان ئەو لایەنانەی عیراق کە خوازیاری متمانە سەندنەوەن لە مالیکی توانیان ئیمزای ١٦٤ پەرلەمانتار مسۆگەر بکەن و پەرلەمانیش متمانەی لێسەندەوە، ئەوسا ئەکەوینە ناو گێژاوی رێکەوتن و رێنەکەوتن لەسەر کاندیدێکی تر بۆ سەرۆک وەزیرانی عیراق، کە بێگومان لە فراکسیۆنی ئەلعراقیە یان هاوپەیمانی کوردستان نابێ و هەر ئەبێ کاندیدی هاوپەیمانی نیشتمانی بێت.»**

***بە پێی ئەو هەواڵانەی لە میدیاکان بڵاو بوونەتەوە ئەو لایەن و پارلمانتارانەی کە تا ئێستا ئیمزایان کردو ە بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی بریتین لە:***

**١- رەوتی سەدر: ٤٠ ئیمزا.**
**٢- لیستی عێراقییە: ٧٩ ئیمزا.**
**٣- هاوپەیمانیی کوردستان: ٤٩ ئیمزا + فراکسیۆنی گۆڕان ٨ ئیمزا و کۆی هەموویان ٥٧ ئیمزایە.**

٤- ئەندامانی مەسیحی ٣ ئیمزا.

٥- سەربەخۆکان (ئەحمەد چەلەبی، شێخ سەباح ساعدی، حەسەن عەلەوی، مەنال موسەوی، سەفیە سوهێل) ٥ ئیمزا کۆکراوەتەوە.

٦- ٢ ئەندامی عیراقییەی سپی (کازم شمەری و عەزیز مەیاح): ٢ ئیمزا.

بە پێی هەواڵێکی سایتی «خەندان» پەرلەمانتارانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کە ١٨ کەسن دەنگ بە سەندنەوەی متمانە لە مالیکی دەدەن، بەڵام لەئێستادا نایانەوێ ئیمزای بکەن.

هەر کاتێک ئیمزای ١٦٤پەرلەمانتار بۆ سەندنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیرانی عێراق گەیشتە دەستی سەرکۆمار، ئەوا داوای وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی ڕەوانەی پەرلەمان دەکا

هەر چەند لێرەدا ناوی فراکسیۆنی گۆڕانیش هاتوە، بەڵام بە گوێرەی لێدوانە فەرمییەکان، ئەم لایەنە تا ئێستا خۆیان یەکلایی نەکردۆتەوە.

ئازاد جوندیانی لە بەشێکی دیکە وتارەکەیدا وێڕای ئاماژە بەوەی تا کاتی دیاریکردنی سەرۆک وەزیری نوێ، مالیکی بەڕێوەبەری کارەکان دەبێ، دەڵێ: مالیکی... پێشی ئەکرێ زۆر ڕێگری و کۆسپ لەبەردەم پرۆسەی سیاسیدا دروست بکات».

ئەم ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی ئاماژە بە ڕۆڵێ وڵاتانی دەرەکی لەم بابەتەدا دەکا و دەڵێ:» لەو وەختەشدا وەک ئێستا و پێشووتریش وڵاتانی ئیقلیم، بە تایبەت تورکیا و سعودیە و کەنداو و ئێران چی ئەکەن؟ گومانی تیا نییە کە تەماشاکەر نابن، چونکە بەرژەوەندییەکانیان ڕێگەیان پێنادا چاوەڕێ بکەن تا هەر یەکەو بەسەر سیناریۆیەکدا بکەوێ.کەواتا سیناریۆکانی خۆیان ئەخەنە بواری کارلەسەرکردنەوە، کە سیناریۆی ناکۆک و دژ بە یەکن و ڕەنگە تا ئاستی هەڵایسانی شەڕو شۆڕی ئێرە و ئەوێ یان تەواو عەیار سیناریۆکانیان بجووڵێنن.»

ئەگەرچی ئەم وتارەی جوندیانی وا لێکدەدرێتەوە کە حیزبەکەی لەگەڵ وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی نییە، لە لایەکی دیکەوە، «موئەیەد تەیب»، وتەبێژی هاوپەیمانیی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراق سەبارەت بەو

دەنگۆیانەی کە گوایە پارتی و یەکێتیی لە سەر وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی ناکۆکن و رای جیاوازیان هەیە، بەڵێن ئارتی راگەیاند:» لەئێستادا هەردو لایەنە سەرەکییەکەی هاوپەیمانیی کوردستانی، هیچ ناکۆکییەکیان لەسەر لابردنی نوری مالیکی لەنێوانیاندا نییە، هەرکاتێکیش دەنگە پێویستەکان بۆ ئەو مەبەستە کۆ کرایەوە، ئەوا داوای کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان دەکرێت بۆ ئەو مەبەستە ». وتەبێژی هاوپەیمانیی کوردستانی لە لێدوانێکی دیکەدا بۆ ماڵپەڕی «رووداو» رایگەیاندوە کە وەک پارلمانتارە کوردەکانی پارلمانی عێراق بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی ئیمزایان کۆکردۆتەوە و ئیمزاکان رەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کراون، بۆ ئەوەی لەوێوە رەوانەی لای سەرکۆماری عێراق بکرێن.

بە پێچەوانەی ئەم هەوڵانەی کە بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی لە ئارادان، ئەو لایەنانەش کە نزیکن لە مالیکی لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەم هەوڵە رابگرن و داوا دەکەن کە دژی ئەو لایەنانەی کە ئیمزا کۆدەکەنەوە راوەستن. لە تازەترین راگەیاندراودا «کازم نون»، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەجەف هەوڵەکان بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی بە پیلان ناو دەبات و دوا دەکا دژی ئەو هەوڵانە رابوەستن. ناوبرا هەر لەم راگەیەندراوەیەدا کورد بەو تۆمەتبار دەکا کە لەگەڵ پاشماوەکانی بەعس رێک کەوتوە.

هەروەها «عەلی شەلاه»، پارلمانتاری دەوڵەتی یاسا کە سەر بە نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقە، لە لێدوانێکدا بە سایتی «رووداو»ی راگەیاند « لەسەر مانەوەی نووری مالیکی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، هیچ کەسێک ناتوانێ متمانە لە نووری مالیکی، سەرۆک وەزیران وەربگرێتەوە».

لەمەڕ قەیرانەکانی ئەمڕۆی عێراق، مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا کە بە بۆنەی ٣٧ ساڵەی دەمەزرانی یەکێتییەوە بڵاوی کردۆتەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵێک کێشە کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە کە مەترسی جیددیان لە سەرە. لە راگەیەندراوەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی دا هاتوە: «عیراق بە قەیرانێکی قووڵدا تێ ئەپەڕێ و بێ متمانەیێکی زۆریش لە نێوان لایەنە سیاسی و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکاندا هەیە، تا ئێستا هەموو ئەو هەوڵانەش کە بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکە دراون مەخابن نەگەیشتونەتە ئەنجامی چاوەڕوان کراو، بەڵکو قەیرانەکان قووڵتر بونەتەوە و ئێستا ئاسۆی بەردەم چارەسەر بە ئاڵۆزی ماوەتەوە. بێگومان ئەو قەیرانە هەرێمی کوردستان و گەلەکەشمانی تێوەگلاندوە، چونکە زۆر ئیستحقاقاتی هەرێمی کوردستان و کوردستانی عیراق بە گشتی هەیە کە بە هەڵواسراوی

وچارەنەکراوی لە نێوان بەغداو کوردستاندا ماونەتەوەو ناشیشارینەوە کە ئەو ئیستحقاقاتانە مەترسی جدییان لەسەرە. »

لە میانەی کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکانی عێراق لە هاوینە هەواری دوکان «جەلال تالەبانی»، سەرکۆماری عێراق لە پێوەندی لە گەڵ داوای وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی ئەو مەرجەی هێنا گۆڕێ کە دەبێ ١٦٤ ئیمزای پارلمانتارانی پارلمانی عێراقی بە دەست بگا، ئەو جا ئەو داوایە ئاراستەی پارلمان دەکا. ئێستاش هەر کاتێک ئیمزای ١٦٤ پەرلەمانتار بۆ سەندنەوەی متمانە لە سەرۆک وەزیرانی عێراق گەیشتە دەستی سەرکۆمار، ئەوا داوای وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیکی ڕەوانەی پەرلەمان دەکا.

لە ژمارە ٥٨٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠١٢

## عەبدولباست سەیدا، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا:پلانەکەی کۆفی عەننان لە سووریا شکستی هێناوە

***ئاماژە: قەیرانی سووریا تا دێ زیاتر قووڵ دەبێتەوەو زیاتریش وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگای جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکا. زیاتر لە ١٦ مانگە ململانێی نێوان خۆپێشاندەران و ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەد بەردەوامە و هێشتا هیچ لایەک نەیتوانیوە سەرکەوتن بە دەست بێنێ. لێکدانەوەکان باس لەوە دەکەن کە دەسەڵاتی ئێستای سووریا بەرەو لاوازبوونی زیاتر دەچێ و ئەم قۆناغە بە قۆناغی کۆتایی ڕێژیمەکەی بەشار ئەسەد دادەنێن. لە لایەکی دیکەوە بە پێچەوانەی پلانی نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژییەکان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی کوژراوان زیاتر دەبێ و هێرشی هێزەکانی بەشار ئەسەد بۆ سەر نارازییان و خۆپێشاندەران زیاتر دەبێ. بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی ئێستای سووریا لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ «د. عەبدولباست سەیدا»، سەرۆکی نوێی ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا سازداوە. ناوبراو ساڵی ١٩٥٦ لە شاری «عامودا»ی سەر بە پارێزگای «حەسەکە»ی ڕۆژئاوای کوردستان لە دایک بووە. دوکتۆر***

*عەبدولباست سەر بە هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی نییە و پاش ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا لە ئەستەمبۆڵ ڕاگەیەندرا، وەک کەسایەتییەکی کورد بەشداریی ئەو ئەنجومەنەی کرد. پاش ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا «بورهان غەلیون» دەستی لەکار کێشایەوە، هەفتەی ڕابردوو ئەندامانی ئەنجومەنەکە بە تێکڕاێ دەنگ «د.عەبدولباست سەیدا»یان وەک سەرۆکی ئەنجومەنەکە هەڵبژارد.*

***مادح ئەحمەدی:** بە هاتنە سەرکاری جەنابت چ گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا کراوە؟*

***د.عەبدولباست سەیدا:*** **ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا لە چەند لایەن پێک هاتوە کە ئەمڕۆ بۆ ئاڵوگۆڕ لە سوریا خەبات دەکەن. بێگومان هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە بەردەوام ریفۆرم لە پێکهاتەی ئەنجومەنەکەدا بکەین. چونکە دەمانەوێ پێکهاتەی ئەنجومەنەکە فراوانتر بێ و هەموو لایەک بەشدار بن. بۆ ئەوەی ئەکتیڤتر ببین پێویستمان بە ریفۆرمە. بۆیە دەمانەوێ لە داهاتوودا هەندێ هەنگاو بەرەو ئەو ئاراستەیە هەڵ بگرین کە ریفۆرمێک لە ئەنجومەنەکەدا دروست ببێ. لە ئێستادا هەندێ هێز و لایەنی نیشتمانی لە دەرەوەی ئەنجومەنەکەن و ڕەخنەیان لە ئەنجومەنەکە هەیە، بۆ ئەوەی ئەوانەش بەشدار بن و بەرەیەکی فراوانتر دژی دەسەڵاتی ئێستای سووریا دروست بکەین دەمانەوێ ریفۆرم لە ئەنجومەنەکەدا پێک بێنین. ئێستا رژێمی سووریا کەوتۆتە قۆناغێکی قەیراناوی و ئاڵۆزەوە. بۆیە دەمانەوێ بە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتری نێوان لایەنەکان، هەوڵەکانمان بخەینە سەریەک و پێکەوە هەوڵبدەین بۆ ئەوەی ئەم رژێمە نەمێنێ و لە داهاتوودا دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و نوێ بە بەشداریی هەموو لایەنەکان لە سووریا بێتە سەرکار. رژێمی ئێستای سووریا بە هەموو شێوەیەک کەوتۆتە پەلاماردان و هێرش بۆ سەر خۆپیشاندەران و خەڵکی مەدەنی، بۆ رزگار کردنی خەڵکی سووریا پێویستە هەموو لایەک یەکبگرین و ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا بۆ ئەو مەبەستە هەموو هەوڵی خۆی دەدا.**

***مادح ئەحمەدی:** ئایا ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا، نوێنەرایەتیی خۆپێشاندەران و نارازییان دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەکا؟*

***د.عەبدولباست سەیدا:*** **ئەم ئەنجومەنە لە ئاکامی بڕیار و کۆبوونەوەی چەند لایەن و کەسایەتیی سووریا لە کۆنگرەی ئەستەمبوڵ دروست بووە. ئەو کۆنگرەیەش لە مانگی چواری ساڵی رابردوودا پێکهات. ئێستا ئەنجومەنی نیشتمانی وەک نوێنەری خەڵکی سووریا سەیر دەکرێ. بۆ ئەوەش ئێمە هەوڵی خۆمان داوە و پێکهاتنی ئەو**

ئەنجومەنە بەرهەمی خەباتی خەڵکی سووریایە و بەرهەمی خەباتی ئەو لایەن و کەسایەتیانەیە کە بۆ رزگاری خەڵکی سووریا تێدەکۆشن.

***مادح ئەحمەدی***: *هەندێ لایەنی کوردستانی سووریا دەڵێین ئەوە کە د.عەبدولباست کراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سووریا، بۆ دژایەتیی کوردە. لەم بارەوە وڵامتان چیە؟*

***د.عەبدولباست سەیدا***: لەم رۆژانەدا زۆر لەو قسانە دەکەن. دەڵێن ئەوە هەر دیار نەبووە، هیچی بۆ کورد نەکردوە، هیچ هەنگاوێکی نەناوە، تا ئێستا چی کردوە؟ و... ئەوانە هەموو پر و پاگەندەن. هەر کەس ئازادە چ دەڵێ، ئەوە روانگە و قسەی ئەو لایەنانەیە. ئەوانە دەبا رازی بوایەن و پێیانخۆش بووایە کە ئەمن بوومەتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە. چونکە هەموو لایەنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی رازی بوون و ئەمنیان هەڵبژاردوە و ئەرکێکی گەورە و پیرۆزیان خستۆتە سەر شانم. لە باتی ئەو پرۆپاگەندە نارەوایانە کە دژی یەکتری وەرێی دەخەین باشتر وایە وەک کورد کۆەنگیەکمان هەبێ و هەڵوێستمان یەکبخەین و بەشدارییەکی فراوان لە شۆڕشی سووریا دا بکەین. ئەگەر بەشداریی کورد لە سەرخستنی ئەم شۆڕەشدا فراوان بێ، ئەوا قورسایی کورد زیاتر دەبێ و لە داهاتووشدا پتەوتر دەتوانێ داکۆکی لە مافەکانی بکا. دووپاتی دەکەمەوە کە کێشە نانەوە بۆ یەکدی یارمەتیمان ناکا، بەڵکوو وەک کورد پێویستە یەکگرتووانە بێینە گۆڕێ.

***مادح ئەحمەدی***: *باس لەو دەکرێ کە ئێران پشتگیری لە مانەوەی بەشار ئەسەد دەکا و گوایە هێزەکانی سەر بە سوپای پاسداران لە سەرکوتکردنی خۆپێشاندەراندا بەشدارن. ئەمە تا چەندە راستە؟*

***د.عەبدولباست سەیدا***: ئەو مەسەلە کە باس دەکرێ ئێمەش هەر وەک ئێوە ئاگادارین. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە وڵاتانی دراوسێ رێز لە ئیرادەی خەڵکی سووریا بگرن. باشتر وایە رابردووی مێژوویی و جوگرافیایی و دراوسێیەتی لە بەرچاو بگیرێ و بیر لە داهاتوویەک بکەینەوە کە دۆستایەتییەکی باشمان هەبێ و پشتگیریی رێژیمێک نەکەین کە رۆژانە خەڵک دەکوژێ.

***مادح ئەحمەدی***: *ئایا هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ئەوەی روانگەی روسیا بەرانبەر بە سووریا بگۆڕن؟*

***د.عەبدولباست سەیدا:*** لە راستیدا ئێمە لە هەوڵداین بۆ ئەوەی لە کاناڵی دۆستانی خۆمانەوە جۆرێک لەگەڵ رووسیا پێوەندی بگرین و بەو قەناعەتەیان بگەیەنین کە بە نەمانی رژێمی ئێستا پتر قازانج دەکەن. تا ئێستا ئێمە داوامان لە دۆستانی خۆمان کردوە کە لەگەڵ رووسیا قسە بکەن و بەو قەناعەتەیان بگەیەنن. ئێمە نامانەوێ رووسیا بکەینە دوژمنی خۆمان، راستە رووسیا لە ناوچەکە بەرژەوەندی هەیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بە نەمانی بەشار ئەسەد و رژێمەکەی و هاتنە سەر کاری رژێمێکی دیموکراتیک رووسیاش قازانج دەکا.

***مادح ئەحمەدی: هەوڵەکانی نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانی ئێستای سووریا چۆن دەبینن؟***

***د.عەبدولباست سەیدا:*** لەسەر پلانی «کۆفی عەنان» بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی و قەیرانی ئێستای سووریا وەک دیارە ئێمە هیچ دژایەتیەکمان نیە و کۆمەڵی وڵاتانی عەرەبییش هیچ دژایەتیەکیان نییە. لە رووی نێودەوڵەتیشەوە پێشوازی لەو پلانە کرا. هەر وەک ئاگادارن تا ئێستا ئەم پلانە لە لایەن رژێمی ئێستای سووریاوە جێبەجێ نەکراوە و توندوتیژییەکان هەر بەردەوامن. بە هۆی ئەوەی رژێمی سووریا ئەم پلانەی جیبەجێ نەکرد، پلانەکە شکستی هێنا و ئێستا کۆفی عەنان بۆ خۆشی ئەوە دەڵێ کە پلانەکەی شکستی هێناوە. ئێستا ئەگەر چاو لێ بکەین بە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەی کە بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی لە سووریا لە گۆڕێدایە، رۆژانە توندوتیژی و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان و مەدەنی بەردەوامە. ئەم بارودۆخە ئەوەمان پێدەسەلمێنێ ئەم جۆرە هەوڵانە نەیانتوانیوە سەرکەتوو بن، چونکە رژێمی سووریا پابەند نابێ، بەڵکوو پێویستە هەموو لایەک هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ئەو رژێمە نەمێنێ.

***مادح ئەحمەدی: وەک ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا بۆ دەربازبوون لەم قۆناغە و کۆتایی هێنان بە قەیرانی ئێستای سووریا چ ئاڵترناتیڤێکتان هەیە؟***

***د.عەبدولباست سەیدا:*** بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ئێستای سووریا و هەروەها شکست هێنانی پرۆژەکەی کۆفی عەنان و بەردەوامیی توندوتیژییەکان، خوازیاری ئەوەین کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بەم قەیرانە بڕیارێک دەربکا. پێویستە ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێک کە خاڵی ٧٠ی تێدا بگونجێنێ بۆ ئەوەی رژێمی سووریا ناچار بکا پاشەکشە بکاو چیدیکە درێژە بە کوشتنی خەڵک نەدا. ئەم بڕیارە دەتوانێ

دەرەتانی ئەوە بدا بەخەڵک کە لە رێگای پشتگیریەکی نێونەتەوەییەوە بگەن بە مافەکانی خۆیان و کۆتایی بەو سیستمەی ئێستا بێ.

***مادح ئەحمەدی: پێتوایە ئەو قەیرانەی ئێستای سووریا چەندەی دیکە دەخایەنێ بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێ؟***

***د.عەبدولباست سەیدا:*** بە باوەڕ من رێژیمی سووریا کەوتۆتە قۆناغی کۆتایی خۆی. ئەو قۆناغە چەند مانگی دیکە بێ یان ساڵێکی دیکە بێ کۆتایی پێ دێ. چونکە هەلومەرجی ناوچەکە و کۆمەڵێک فاکتۆری نێودەوڵەتی ئەوەمان پێدەسەلمێنی کە رێژیمی سووریا دەبێ بڕوا.

لە ژمارە ٥٨٥ رۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٢

## کۆتایی ریفۆرمخوازان لە کۆماری ئیسلامیدا

ئەگەرچی نزیک بە ساڵێکی ماوە خولی یازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا بەرێوە بچێ، بەڵام هەر لە ئێستاوە ململانێی نێوان لایەنەکان بۆ وەدەستهێنانی ئەم پۆستە دەستی پێکردوە. ململانێییەکە لە چەند ئاستی جۆراوجۆر دایە و بەتایبەتی لە نێو پاوانخوازاندا لە باڵی جیاجیا باسی چەند بەربژێرێک دەکرێت. ریفۆرمخوازانیش بە نیسبەت ئەم هەڵبژاردنەوە تا ئێستا بێ هەڵوێست نەبوون و بە جۆرێک کەوتوونەتە خۆیان و دەیانەوێ ئەم هەڵبژاردنە بکەن بە دەفەرتێک بۆ خۆ رێکخستنەوە. هەوڵ و تەقەلای ریفۆرمخوازان و لێدوان و وتەکانیان لە ماوەی رابردوودا لەگەڵ دژکردەوەی توندی پاوانخوازان بەرەوڕوو بووەوە. ئەم دژبەیەک وەستانەوەش دوای وتەکانی «عەبدوڵڵا نووری»(کەسایەتیی دیاری ریفۆرمخوازان) لە کۆڕی ژمارەیەک لە خوێندکاراندا دەستی پێکرد کە رایگەیاندبوو دەبێ رەخنەگران و ریفۆرمخوازان لە ژێر چەترێکدا یەکبگرن و خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان رێکبخەن. بە ئاماژە بە رووداوەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەم و شکستە یەک لە دوای یەکەکانی

ریفۆرمخوازان، پرسیار ئەوەیە ئایا ریفۆرمخوازان کە ئێستا خراونەتە پەراوێزەوە دەتوانن بۆ جارێکی دیکە بگەڕێنەوە نێو پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا؟ بێگومان وڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستی بە ئاوڕدانەوە لە ئەزموونی ریفۆرمخوازی لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو لە کۆماری ئیسلامیدا هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش باشترە لە پارلمان و قورسایی ئێستای ریفۆرمخوازنەوە دەست پێ بکەین.

رۆژی ٧ - ٣ - ١٣٩١ (٢٧ - ٥ - ٢٠١٢)خولی نۆیەمی پارلمانی کۆماری ئیسلامی دەستی بە کارەکانی کرد و کۆتایی بە کارەکانی خولی هەشتەم هات. خولی نۆیەمی پارلمانی ئێران لە کاتێکدا دەستی پێکرد کە بە پێچەوانەی خولەکانی رابردوو، ئەم جارە ریفۆرمخوازان رێژەی کورسییەکانیان نەگەیشتە ئاستێک کە بتوانێ فراکسیۆن پێک بێنن. پارلمانی ئەم جارەی کۆماری ئیسلامی لە سێ لایەن پێک دێ کە دوو لایەنیان بناژۆخوازانن و رکابەری یەکدین و لایەنی سێهەمیش لە کەسانی سەربەخۆ و چەند ریفۆرمخوازێک پێک دێ. لایەنی زۆرینەی بناژۆخوازان کە بە »بەرەی یەکگرتووی بناژۆخوازان» ناسراوە، وەک چۆن لە خولەکانی حەوتو هەشتدا زۆرینەی پارلمانیان پێک دەهێنا، ئەمجارەش گەورەترین فراکسیۆنی پارلمانی ئێرانن.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم خولەی پارلمانی ئێراندا ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە ریفۆرمخوازان قەوارەیەکی رێکخراویان نییە بۆ ئەوەی بتوان لە گەمەکان و هاوکێشەکاندا رۆڵ بگێڕن و خراونەتە دەرەوەی بازنەی هاوکێشە سیاسییەکانی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی. بە واتایەکی دیکە ئەمە دەکرێت وەک کۆتایی ریفۆرمخوازان لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا دەست نیشان بکەین.

لێرەدا بۆ لێکدانەوەی زیاتری بابەتەکە و هەروەها بۆ دەست نیشان کردنی دەستپێکی ئەم کۆتاییە، پێویستە ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوە. کاتێک «محەمەدی خاتەمی» لە ٢ - ٣ - ١٣٧٦ (٢٣ - ٥ - ١٩٩٧) توانی لە بەرابەر «ناتق نووری»، پاڵێوراوی جێگەی پەسەندی «عەلی خامنەیی» سەرکەوتن بە دەست بێنێ و ببێتە سەرکۆماری ئەو وڵاتە، وا لێک دەدرایەوە کە خەڵک بۆ دروست کردنی ئاڵوگۆڕ لە ئێران دەنگیان بە خاتەمی داوە و بەم دەنگدانەش «نا»یەکی گەورەیان بە عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی وتوە. لەو کاتەدا کە خاتەمی بوو بە سەرکۆمار هێشتا خولی پێنجەمی پارلمان دوو ساڵی مابوو کۆتایی پێ بێ. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەشدا زۆرینەی پارلمان دژایەتیان دەکرد. لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پارلمان لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بەرەی خاتەمی کە بە »بەرەی دووی جۆزەردان» ناسرا بوو، لە بەرابەر بناژۆخۆزاندا سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بە دەست هێنا و

زۆرینەی کورسییەکانی پارلمانیان بە دەست هێنا و دواتریش «مهێدی کەڕووبی»یان وەک سەرۆکی پارلمان هەڵبژارد. لە ساڵی ١٣٨٠دا (٢٠٠١ دا) دیسان خاتەمی بۆ جاری دووهەم وەک سەرکۆماری ئێران هەڵبژێردرایەوە. تا ئەم قۆناغە دەکرێ بڵێین ریفۆرمخوازان لە ئێران لە گەشەدا بوون و سەرکەتوو بوون. لێرەوە بەدوا قۆناغی کۆتایی هێنان بە ریفۆرمخوازان لە چوارچێوە پرۆژەیەکی بەریندا دەست پێ دەکا. ئەم قۆناغە بە شکست هێنانی ریفۆرمخوازان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٤ی خۆلی حەوتەمی پارلمان ئاراستەیەکی روونتری گرتە خۆی و لێرەوە بەدوا لە پەرلەمان بناژۆخوازان زۆرینەی کورسییەکانیان بەدەستەوە گرتو ریفۆرمخوان بوون بە فراکسیۆنی کەمینە. شکستی ریفۆرمخوازان بەم قۆناغەش کۆتایی پێ نەهات و قۆناغ بە قۆناغ قورساییان لە گەمەکاندا کەمتر بووەوە. دوای هەڵبژاردنی خولی هەفتەمی پارلمان، «مستەفا موعین»، پاڵێوراوی ریفۆرمخوازان بۆ پۆستی سەرکۆماری لە خۆلی نۆیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ساڵی ٢٠٠٥ دا دوڕا. دوای ئەم دۆڕانە یەک لە دوای یەکانە زۆر کەس پێیان وابوو کە هەڵبژاردنەکانی خۆلی هەشتەمی پارلمان لە ساڵی ٢٠٠٨ دا دەرفەتێکە بۆ ریفۆرمخوازان بۆ ئەوەی خۆیان رێکبخەنەوە و لانیکەم لە پارلمان ببنەوە بە زۆرینە، بەڵام لێرەشدا شووڕای نیگابان پێش دەست پێکردنی رکابەرییەکان زۆربەی پاڵێوراوانی سەر بە ریفۆرمخوازانی رەت کردەوەو لەم قۆناغەشدا بە جێی سەرکەوتن و خۆ رێکخستنەوە ریفۆرمخوازان شکستێکی دیکەیان تۆمار کرد و دوای بناژۆخوازان بوونەوە بە فراکسیۆنی کەمینەی پارلمان. لە پێوەندی لەگەڵ هەر کام لەم شکستانەی ریفۆرمخوازاندا، رەخنەگرانی ریفۆرمخوازان لە ئێران رای جۆراوجۆریان هەبووە. دەستەیەک شکست هێنانی ریفۆرمخوازان لە هەڵبژاردنەکانی خۆلی هەفتەمی پارلماندا بە کۆتایی ریفۆرمخوازان دەزانن، دەستەیەک دوڕاندنی مستەفا موعین لە خۆلی نۆیەمی سەرکۆماری، هەندێ کەسی دیکەش شکست هێنان لە هەڵبژاردنەکانی خولی هەشتەمی پارلمان، و زۆر کەسی دیکەش هەڵبژاردنەکانی خۆلی دەیەمی سەرکۆماری کە تێیدا «ئەحمەدی نژاد» کرایەوە بە سەرکۆمارو دواتر پاڵێوراوانی ریفۆرمخوازان واتە »مووسەوی‌و کەڕووبی» دەستبەسەرن، بە کۆتایی ریفۆرمخوازان لە ئێران دەزانن.

بە پێچەوانەوە بە ئاماژە بەوە کە تا کۆتایی خۆلی هەشتەمی پارلمان ریفۆرمخوازان لە چوارچێوەی گەمەکانی پارلماندا مابوون‌و لانی کەم کەمینە بوون، ناکرێ ئەو قۆناغانەی کە تێدا شکستیان خواردوە بە کۆتایی ریفۆرمخوازان دابنێین. چونکە تا رۆژێک پێش ٧ - ٣ - ١٣٩١ وەک فراکسیۆن لە پارلماندا بوونیان هەبووە. ئەو چەند قۆناغەی رابردوو، قۆناغەکانی شکستن‌و ئەم شکستانە ریفۆرمخوازانی بەرەوە ئەم کۆتاییەی ئەمرۆ هێنا. هەر وەک ئاماژەشی پێکرا دەستپێکی ئەم کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ئەوەی خاتەمی بۆ جاری دووهەم بووەوە بە

سەرکۆمار کە ئەم دەستپێکەش خۆی لە ساڵی ٢٠٠٤ دا لە هەڵبژاردنەکانی خۆلی حەوتەمدا دەردەخا.

ئێستا ئەگەر چاو لە پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بکەین دەبینین ریفۆرمخوازان بە تەواوەتی خراونەتە دەرەوەی گەمەکان و تەنیا مەکۆیەک کە مابوویان پارلمان بوو کە ئەویشیان لە دەست دا. چونکە لەم خۆلەی پارلماندا تەنانەت رێژەیان ئەوەندە نەبوو کە بتوانن فراکسیۆن پێک بێن. بۆیە دەتوانین ئەمە وەک کۆتایی ریفۆرمخوازان لە چوارچێوەی پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا لەقەڵەم بدەین. نابێ لێمان تێک بچێ ریفۆرمخوازان لە ئێران خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی دیارن و ئەگەر هەلومەرجێکی ئازاد و دیموکراتیک پێک بێ، بێگومان یەکێک لە هێزە سەرەکییەکان دەبن و ئەوی لێرەدا وەک کۆتایی ریفۆرمخوازان باسی لێوە کرا، کۆتایی ئەوان بوو لە ستراکتۆری کۆماری ئیسلامیدا.

بە ئاماژە بە بارودۆخی ریفۆرمخوازان لە ئێستای ئێراندا و هەروەها ئەو شکستانەی کە لە رابردووەوە تا ئێستا تووشی هاتوون، زۆر قورسە کە بتوانن هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەیەمی سەرکۆماری بکەن بە دەرفەتێک بۆ گەڕانەوە نێو پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا و لە بنەڕەتیشدا قۆلی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی کە هەموو کۆڵەکەکانی دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، قەت ئەو دەرفەتە نادات و رێگە نادات بە هیچ شێوەیەک دووی جۆزەردانێکی دیکە لە ئێراندا بێتەوە کایەوە، ئەگەر بەدەر لەم حاڵەتە بوو، ئەوە بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامی بەو پێکهاتەی ئێستاوە بوونی نەماوە.

لە ژمارە ٥٨٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٢

# کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن، شکستێک بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی

## سەرەتا

کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن هەفتەی رابردوو لە تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو. ئەم کۆبوونەوەیەی وڵاتانی بێلایەن دوای ساڵانێک پاسیڤ بوونی ئەو بزووتنەوەیە، یەکەم کۆبووەیە. سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا لە لایەن وڵاتی میسرەوە دەکرا، کە ئەوەیش بە هۆی قەیرانی نێوخۆیی و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەسەر ئەو وڵاتەدا هات، نەیتوانی لەو سێ ساڵە کەڵک وەربگرێ. رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٣٠ - ٨ - ٢٠١٢ محەممەد مورسی سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی وڵاتانی بێ لایەنی رادەستی ئێران کرد و بڕیارە تا ساڵی ٢٠١٥ کۆماری ئیسلامی سەرۆکایەتی ئەو بزووتنەوەیە بکات. کۆماری ئیسلامی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەنی لە تاران زۆر لا گرنگ بووەو مانۆڕێکی زۆری پێوەدا، هەروەها وەک کودەتایەکی دیپلۆماتیک بەسەر رۆژئاوا باسی دەکات. بۆیە دەبێ بپرسین کە ئایا سیاسەتی دەرەوەی ئێران توانیویەتی لەم بوارەدا سەرکەوتوو بێت یا نا؟ بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە چەند لایەنەوە تیشک بخەینە سەر کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن و ئەنجامی کۆبوونەکە. بەم پێیە دەردەکەوێ کە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن لە چەند رووەوە شکستێک بوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی:

### قەیرانی دەرەکی و نێوخۆیی

لە کاتێکدا شازدەیەمین کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن لە تاران بەڕێوە چوو کە کۆماری ئیسلامی هەم لە رووی دەرەکییەوە و هەم لە رووی ناوخۆیەوە لە قەیراندایەو قەیرانەکانیشی گرێدراوی یەکترین و کاریگەریان لە سەر یەک هەیە. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەگەر چاو لێبکەین دەبینین سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا ناسەرکەوتوو بووە. هەروەها بەهۆی پێداگریی رێبەرانی ئەو وڵاتە لە سەر درێژەدان بە بەرنامەی ئەتۆمی، ئێران بەرەورووی چەند سزای نێودەوڵەتیی بووە و کەرتی وزەی کۆماری ئیسلامی کە بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئەو وڵاتەیە گەمارۆی خرایە سەر و لە ئامدا قەیرانێکی ئابووری دروست کرد کە رۆژانە

کاریگەرییەکانی لە سەر ژیانی خەڵک هەست پێدەکرێ. لە ئاستی نێوخۆدا قەیرانی ئابووری هەتا دێ زیاتر قووڵ دەبێتەوەو ڕێگا چارە ئابوورییەکانی دەوڵەتی ئەو وڵاتە نەیانتوانی پردێک بن بۆ پەڕینەوە ڕۆژانە تا دێت نرخی تمەن لە بەرابەر دۆلاردا دادەبەزێ و ئەمەش بۆتە هۆی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران کە لە قەیرانی مریشکدا چەند خۆپێشاندانی جەماوەریی لێکەوتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆداو لە پێکهاتەی خۆیدا تووشی قەیران و لێکترازان هاتوە و ڕۆژانە کێشەکانی نێوان پارلەمانی ئەو وڵاتەو دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد زیاتر قووڵ دەبنەوەو هەروەها کێشەی نێوان قۆڵی خامنەیی و لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد بە هەمان شێوە زیاتر دەبن.

لەم پێناوەدا کۆماری ئیسلامی ویستی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن جۆرێک بەکار بێنێت کە دەوری ئەو قەیرانانە لێبدا و گوشارەکە لەسەر خۆی کەمبکاتەوە. لەو روانگەوە کە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن دوای کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەورەترین کۆبوونەوەی وڵاتانە(کە تێدا ١٢٠ وڵات ئەندامن) کۆماری ئیسلامی پرۆپاگەندەیەکی زۆری بە باتەکەوە کردو تەنانەت بە هیچ شێوەیەک دەرەتانی ئەوە نەدرایە میدیاکانی نێوخۆی ڕەخنە لە کۆبوونەوەکە بگرن و پێش دەست پێکردنی کۆبوونەوەکە ڕۆژنامەی «کەیهان» هەموو لایەکی ئاگادار کردەوە کە نابێ ڕەخنە بگرن. سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە نەگوشاری دەرەکی لەسەر کۆماری ئیسلامی کەمی کردوە، نە نرخی تمەن لە بەرابەری دۆلاردا بەرز بۆتەوە و نە ململانێی نێو قۆڵەکانی دەسەڵات دیوێکی دیکەی بە خۆیەوە گرتوە. نارەزایەتی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیش وەک خۆیەتی و گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە. بۆیە لەم لایەنەوە کۆماری ئیسلامی دەستکەوتێکی تۆمار نەکرد و کێشەکان وەک خۆیان بەرەو قووڵبوونەوەی زیاتر دەچن.

## پێوەندیی نێوان قاهیرەو تاران

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی کە دەیەویست لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن دا کەڵکی لێوەبگرێ و دژی وڵاتانی دیکە بەکاری بێنێت و لە نێو جیهانی عەرەبدا لە گوشارەکانی سەرخۆی کەمبکاتە، سەفەری «محەمەد مورسی» سەرکۆماری میسر بۆ تارانیان بوو کە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی یەکەم سەرکۆماری میسرە کە سەردانی ئێران دەکات. لەو ڕووەوە کە میسر بە پایتەختی سیاسیی وڵاتانی عەرەبی ناسراوە، سەردانەکەی مورسی بۆ تاران بایەخێکی زۆری هەبووە و کۆماری ئیسلامییش دەیویست نان بەو بابەتەوە بخوات، بەڵام ئاکامی سەردانەکەی مورسی نە تەنیا پێچەوانەی مەبەستی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵکوو بە

زەرەریشی بوو. پێش سەردانەکەی مورسی ڕۆژنامەی کەیهان و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەکانی دیکە سەردانەکەی مورسی بۆ تارانیان وا لێکدەدایەوە کە ئەوا: ئیسراییل بەم سەردانە زۆر تووڕەیە، ئەم سەردانە دەبێتە هۆی ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان قاهیر و تاران گۆڕانی بەسەردا بێت، هەروەها کیسەشیان بۆ ئەوە هەڵدووری بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی سوریا مورسی لەگەڵ هەڵویستی بەرپرسانی تاران کە پشتگیری کردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەدە، دەمێنێتەوە.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی کۆماری ئیسلامی مورسی ئیزنی ئەوەی نەدا کە سەردانەکەی ببێتە ئیمتیازێک بۆ ئێران و وەک کارتێک لە بەرابەر ڕۆژئاواو ئیسراییلدا بەکاری بێنێت و لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا سیمایەکی دیکە بدات بە خۆی. هەروەها تا ئێستا مورسی هیچ باسی لەوە نەکردوە کە پلانێکی تایبەتی هەبێ بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ لە پێوەندی نێوان قاهیرە و تاراندا دروست بکات. ئەم بابەتە چەند جار لە لایەن میدیاکانی سەر بە دەسەڵات لە ئێران ورووژێنراوەو هەموو جارێکیش لە لایەن نووسینگەی مورسییەوە ڕەت کراوەتەوە. هەروەها ئەوەی دواتر لە وەرگێڕانی قسەکانی سەرکۆماری میسردا لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییەوە ڕوویدا ئەوەندی دیکە بووە هۆی ئاڵۆز بوونی پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە. چونکە ئێران دوو بابەتی سەرەکی لە قسەکانی مورسی بە پێی سیاسەتەکانی خۆی گۆڕی. کە یەکەمیان مورسی لە قسەکانیدا پشتگیری لە خەباتی خەڵکی سوریا دەکات و دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیش لە وەرگێڕانەکەیدا بە جێی سوریا «بەحرین»ی دانابوو. بۆ وێنە مورسی وتی: «خەڵکی فەلەستین و سوریا بۆ ئازادی، دادپەروەری و کەرامەت خەبات دەکەن»، بەڵام لە وەرگێڕانی فارسییەکەیدا تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامی ناوی بەحرەینی لە جێگەی سوریا دانا. هەروەها لە بەشێکی دیکەدا مورسی وتی: «ئێمە پشتیوانی لە خەڵکی سوریا دژی ڕێژیمی غەدر و سەرکوت دەکەین»، بەڵام تەلەڤیزیۆنی فەرمیی کۆماری ئیسلامی وای بڵاو کردووە: «هیوامان وایە ڕێژیمی سوریا بە پشتیوانیی جەماوەرییەوە بمێنێت». دووهەمیان بەکارهێنانی «ڕابوونی ئیسلامی» لە جێی بەهاری عەرەبی بوو کە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا پشتگیری لە خەڵک دژی دەسەڵاتی ئێستای بەحرەین و پشگیریش لە دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد دژی خەڵکی ناڕازیی سوریا دەکرێت، هەروەها ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبییش لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو بە ڕابوونی ئیسلامی ناو دەبات نەک بەهاری عەرەبی. ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوە نووسینگە مورسی ڕوونکردنەوە بدات و دەقی قسەکانی مورسی وەک خۆی بڵاو بکاتەوەو میدیاکانی کۆماری ئیسلامی وەدرۆ بخاتەوە. هەروەها ئاڵۆزیی توندیشی لە نێوان هەر دوو وڵاتدا دروست کردو تەنانەت بووە هۆی ئەوەش نەیارانی مورسی لەم بابەتەدا دژی ئێران پشتگیریی مورسی بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە وەزارەتی دەرەوەی بەحرەین دوای لە دەسەڵاتدارانی تاران کردوە کە

دوای لێبووردن بکەن بەرامبەری بەوەی کە ناوی بەحرەینیان بە جێگەی سوریا داناوە. لێرەدا دەرکەوت کە مورسی لەگەڵ هەڵویستی تاران نییەو تاران لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی سوریا تەنیا مایەوە و ئەوەش کە روویدا رسواییەکی گەورە بوو بۆ دەسەڵاتدارانی تاران.

## قەیرانی سوریا

زۆربەی لێکدانەوەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە مەسەلەی قەیرانی سوریا ببێتە خاڵێکی گرنگی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن و لە بەیاننامەی کۆتاییشدا ئاماژەی پێ بکرێت. ئەم لێکدانەوەش بەرهەمی ئەو هەوڵ و مانۆڕانەی کۆماری ئیسلامی بوو کە ماوەیەکی زۆرە بۆ پشتگیری کردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد خۆی پێوە سەرقاڵ کردوە. بە پێچەوانەی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو جەولانەی کە پێش کۆبوونەوەکە لە ناوچەکەدا ئەنجامیاندا، لە کۆبوونەوەکەدا زۆربەی وڵاتانی بەشدار لەگەڵ ئەوەدا بوون کە پشتگیری لە خەڵکی ناڕازیی سوریا بکرێت. لە بەرامبەریشدا ئێران پێداگر بوو دەبێ پشتگیری لە مانەوەی ئەسەد بکرێ، بۆیە لە ئاکامدا لە سەر ئەوە رێککەوتن کە لە بەیاننامەی کۆتاییدا باسی سوریا نەکرێت. ئەمەش لە ئێستادا شکستێکی گەورە بوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و نا وتنێکی گەورە بوو بە رێبەری کۆماری ئیسلامی کە سوریا بە «هێڵی پێشەوەی بەرگری لە بەرابەر ئیسرائیل»دا دەزانێ. هاوکات ئەو پەیامەشی تێدا بوو کە چیدیکە سوریا ناتوانێ هێڵی پێشەوەی بەرگری بۆ دەسەڵاتدارانی تاران بێت و هەوڵی تاران بۆ راگرتنی ئەسەد لە دیمەشق بێ ئەنجامە.

## مافەکانی مرۆڤ

دۆسیەی مافەکانی مرۆڤ یەکێک لەو بابەتانە بوو کە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەندا باسی لێوە کراوەو لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەشدا لە خاڵێکدا ئاماژەی پێکراوە کە «نابێ لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا تێبینیی سیاسی رەچاو بکرێت». ئەمەش بێگومان بە زەرەری کۆماری ئیسلامییە، چونکە ئەو لە روانگەیەکی ئەمنییەتی و سیاسییەوە چاو لە مافی مرۆڤ دەکاو هەر ئەم روانگەیە پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی رابردوودا وەک وڵاتێکی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە لایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بناسرێت. لەم پێوەندییەدا «بان کی مۆن» سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ «عەلی خامنەیی» رێبەری کۆماری ئیسلامی،

ڕەخنەی لە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران گرت و هەروەها وتەکانی خامنەیی لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا بە وروژاندن و سووکایەتی لە قەڵەمدا. لە ڕۆژی یەکەمی کۆبوونەوەی لووتکەی وڵاتانی بێ لایەندا ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی چەند پەیامی دژ بەیەک ئاراستەی یەکتری بکرێت. لە لایەک خامنەیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پاوانی زلهێزاندایەو ڕەخنەی لە بان کی مون و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان گرت. لە بەرامبەریشدا دیسانەوە بان کی مون وڵامی خامنەیی دایەوەو ڕەخنەی لە دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران گرت و هەروەها ئەو وڵاتەی بە نابەرپرسیار لە قەڵەم دا. ئەم بەریەک کەوتنانە بە قازانجی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران تەواو بوو و لە لایەن میدیا جیهانییەکانیشەوە بایەخی زۆر پێدرا. بۆیە لەم ڕووەشەوە سیاسەتی کومیتەی مافی مرۆڤی ئێران و وەزارەتی دەرەوە نەیانتوانی سەرکەتوو بن و وێنەیەکی دیکە لە دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەندا پێشکەش بکەن.

## دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران

دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران کە لەمڕۆدا سەرچاوەی زۆربەی ئەو قەیرانانەیە کە بەرۆکی کۆمەڵگای ئێرانیان گرتوە، یەکێک لەو بابەتانە بوو کە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن کەوتنە بەرباس و لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا لە چوارچێوەی «دانانان بە مافی وڵاتان بۆ کەڵک وەرگرتنی ئاشتیخوازانە لە وزەی ناوکی» باسی کراوە. کۆماری ئیسلامی مانۆڕێکی زۆری لەسەر ئەم بابەتەدا و ئەمەی وەک دەستکەوتێکی گەورە لە قەڵەمدا، ئەویش بەو مانایە کە وڵاتانی بێلایەن ڕەوایەتیان داوە بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و ئەمەشیان وەک وڵامێکی بەهێز بۆ ڕۆژئاوا لەقەڵەمدا. بەپێچەوانەوە ئەوە خاڵە نە دەستکەوتەو نە ڕەواییدانە بە بەرنامەی ناوکیی ئێران. چونکە ئەوە کە وڵاتان مافی خۆیانە وزەی ناوکی بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە بەکار بێنن، شتێکی تازە نییە تا دەستکەوت بێت و ئەمە پێشتر لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە دانی پێدانراوە. هەروەها بەو بۆنەشەوە کە ئەوەی باس کراوە جیاوازە لە مەبەستی کۆماری ئیسلامی و ئامانجی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بۆیە ناچێتە ئەو خانەشەوە کە ڕەوایی درابێت بە بەرنامەی ناوکیی ئەو وڵاتە. گرنگتر، لەوە لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەی ئەتۆمیی ئێراندا بێ متمانەیەکی قووڵ لە نێوان ڕۆژئاواو ئێراندا هەیە. ئەوەیش ئەوەیە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن مەبەستی پرۆژەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە ئاشتیخوازانەیەو بۆ بەرهەمهێنانی وزەیە، بەڵام لە بەرامبەردا ڕۆژئاوا متمانەی بەم دروشمەی ئێران نەکردووەو نیگەرانی ئەو بابەتەیەو بەردەوام ڕایانگەیاندوە کە هەموو بەربژێرێک بۆ ڕێگا گرتن لەوەی ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات دەگرنە بەر. بەم

پێیە لە کاتێدا دەکرا بڵێین کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن بۆ ئێران لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتەدا دەستکەوتی هەبوو، کە ئەو کۆبوونەوەیە تۆزێک لەو بێ متمانەییەی نێوان رۆژئاوا و ئێرانی کەمکردبایەتەوە.

## ئەنجام

لە پێوەندی لەگەڵ کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلانەدا لە تاران، لە رۆژانی سەرەتاوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی رایانگەیاند کە کودەتایەکی دیپلۆماتیکیان بەسەر رۆژئاوادا کردوە. ئەمەش لە خۆیدا هەڵگری واتایەکی زۆرە، بەڵام ئەگەر سەیری ئاکامی کۆبوونەوەکە بکەین دەبینین کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە بە مەبەستەکانی خۆی بگات و ئەو کودەتا دیپلۆماتیکەش کە دەیویست بۆی نەچووە سەر و لە چەند خاڵی سەرەکییدا سیاسەتی دەرەوەی ئێران دۆڕاو نەیتوانی ئەو گەمانە بباتەوە. قەیرانە دەرکی و نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی نێوان تاران و قاهیرە، قەیرانی سوریا، دۆسیەی مافەکانی مرۆڤ و دۆسیەی ئەتۆمی چەند بابەتی گرنگ بوون کە کۆماری ئیسلامی لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەندا لە ماڵی خۆی شکستیی تێدا خوارد. بۆیە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن نەیتوانی جگە لە حەرجی تەشریفات و مانۆڕەکانی، ئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ. هەروەها بەو پێیەش کە تا ساڵی ۲۰۱۵ ئێران سەرۆکایەتیی وڵاتانی بێلایەن دەکات، ئەم بەرپرسایەتییە بۆ سیاسەتی ئێستای ئێران بە قازانج نییە، چونکە ئێران لەمەوبەدوا ناچارە هەندێ یاساو رێوشوێنی دیکە کە پێشتر رچاوی نەکردوە لە بەرچاو بگرێت. بۆیە ئەمە بەرپرسیاریەتییەش بۆ کۆماری ئیسلامی دروست دەکات و ئەم بەرپرسیاریەتیش لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە ناتەبایە. بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی ئەو بەرپرسیاریەتیانە لە بەرچاو دەگرێت یا نا وەک پێشوو درێژە بە سیاسەتەکانی خۆی دەدات؟

لە ژمارە ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ۲۰۱۲

## تمەن و ئەحمەدی نژاد بە تەنیا!

هەفتەی رابردوو لە ئێران، هەفتەیەکی ئاڵۆز بوو. لە لایەکی دابەزینی نرخی تمەن لە بەرابەر دۆلاردا ریکۆردێکی مێژوویی تۆمار کرد. لە لایەکی دیکەوە بەم بۆنەوە بازاڕی دراو داخرا و خەڵک خۆپیشاندانیان کرد. لە درێژەشدا دەزگای دادوەری رایگەیاند کە ١٦ کەسی گرتوە کە تۆمەتبارن بەوەی بازاڕی دراویان شێواندوە. بە گشتی دەکرێ بڵێین دابەزینی نرخی تمەن لە بەرابەر دۆلاردا هەفتەی رابردوو هەموو رووداوەکانی نێوخۆی ئێرانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

لەم نێوەدا ئەوەی گرنگە کۆنفرانسی کۆنفرانسی رۆژنامەنووسیی «مەحمود ئەحمەدی نژاد» سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە سێ کاتژمێری خایاند و تێیدا هەموو رێگاکان چوونەوە سەر تمەن و ئەمجارە سێبەری نرخی تمەن لە باتی تیشک بە دەوری سەریدا سووڕایەوە. بۆیە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چەند خاڵی گرنگی قسەکانی ئەحمەدی نەژاد:

١- ئەگەرچی پێشتر ئەحمەدی نەژاد لە وتارێکدا رایگەیاندبوو کە «ئەو دۆلارەی وا باسی دەکەن یەک دانەی تەنانەت ٩٠٠ تمەن ناکات» دۆلار لە هەفتەی رابردوودا نرخەکەی بەرز بۆوە و لە بازاڕی تاران گەیشتە سەرەوەی ٣٦٠٠ تمەن. بۆیە ئەحمەدی نژاد بە پێچەوانەی ئەو قسەیە، ئاخری دانا بەوەدا نا کە تمەن بایەخی نەماوە. بەڵام کاتێک دانی بەم راستییەدا نا کە قسەکەی بایەخی لە تمەن کەمتر بوو، چونکە کار لە کار ترازا بوو و ئەوەی نەدەبا روویدابە، بەسەر تمەندا هات. هەروەها ئەحمەدی نژاد لە قسەکانیدا سەرەڕای ئەوەی دانی بە کێشەکەدا نا، بەڵام هۆکارەکانی دابەزینی نرخی تمەنی لە سیاسەتەکانی خۆی دوور خستەوە و دەستی دیکەی بە تاوانبار لە قەڵەمدا.

٢- بۆ یەکەم جار ئەحمەدی نژاد لە پێوەندی لەگەڵ دابەزینی نرخی تمەن دا دانی بەوەدا نا کە گەمارۆکان کاریگەرییان هەبووە. ئەرگەر پێشتر باسی ئەوەی دەکرد کە گەمارۆەکان کاریگەرییان نابێ و خەڵک ژیانی خۆیان دەکەن و «با ئەوەندە گەمارۆ بخەنە سەرمان تا ماندوو دەبن»، ئەمجارە لەو دەروازەوە کە «ئەوان درۆ دەکەن گوشاری گەمارۆیەکان بۆ سەر خەڵک نییە و گوشار خستنە سەر دەوڵەتەکانە، گەمارۆکان گوشار خستنە سەر

خەڵکە» دانی نا بە کاریگەریی گەمارۆکاندا. لێرەشدا ئەحمەدی نژاد قسەکەی بێ بایەخ بوو و ناتوانێ هیچ لەو دۆخەی ئێستا بگۆڕێ. ئەگەر مەبەستی ئەحمەدی نژاد رێگا گرتن لەو دۆخە بایە که ئێستا ئێرانی تێ کەوتوە، زۆر زووتر دەکەوتە خۆی و ئاڵوگۆڕی لانیکەم لە سیاسەتەکانی خۆیدا پێک دێنا. ئەگەرچی ئەمەش دۆخەکەی نەدەگۆڕی و هەموو ئەو گرفتانە چارەسەرەکەیان لە دەستی «عەلی خامنەیی»دایە، بەڵام بەو حاڵەش ئەحمەدی نژاد رەخنەکانی لە کۆڵ خۆی دەکردەوە.

٣- ئەوەی لە کۆنفرانسە رۆژنامەنووسییەکەی ئەحمەدی نژاددا زۆر زەق بوو و کاردانەوەی توندیشی لێکەوتەوە، هێرشی بێ وێنەی ناوبراو بوو بۆ سەر هەموو لایەنەکان و دامودەزگاکان لە ئێران. ئەحمەدی نژاد لە قسەکانیدا ناڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی. لە لایەکی دیکەشەوە بە شێوەی راستەوخۆ هێرشی کردە سەر«عەلی لاریجانی»، سەرۆکی پارلەمان و «محەمەد باقر قالیباف»، سەرۆکی شارەوانی تاران کە هەر دووکیان دوو بەربژێری سەرەکیین بۆ سەرکۆماری داهاتووی ئێران. ئەحمەدی نژاد رەحمی بە سپای پاسداران و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سپاش کە رۆژگارێک پشتیوانی سەرەکیی ناوبراو بوون نەکرد. هەروەها هەڵیکوتایە سەر دامودەزگا ئەمنییەتییەکان و دەزگای داوەری و ئەو ئاژانسە هەواڵدەرییانەی کە سەر بە دەزگا ئەمنیەتییەکانن.

***هێرشەکانی ئەحمەدی نژاد بە جۆرێک بوو کە کەسی نەهێشت و خۆی و کابینەکەی بە تەنیا مانەوە. ئەم هێرشانەی ئەحمەدی نژاد دەکرێ لە هەنگاوی یەکەمدا بڵێین دوو مەبەستی لە پشتە:***

*یەکەم:* وڵامدانەوەیەک بەو هێرشانە بوو کە دەکرێتە سەر خۆی و کابینەکەی. واتە بەم شێوەیە ویستی داکۆکی لە کابینەکەی بکا و کێشە و گرفتەکانیش بخاتە ئەستۆی دامەزراوەکانی دیکە.

*دووهەم:* بە شێکی دیکەی ئەم هێرشانەی ئەحمەدی نژاد پێوەندی بە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری ئێرانەوە هەبوو. لە پێناوەشدا راستەوخۆ دوو بەربژێری سەرەکی ئەو هەڵبژاردنەی کردە ئامانج کە پاشەکشەی زۆریان تا ئێستا بە قۆڵی ئەحمەدی نژاد کردوە.

بەم پێیە بەو ئاکامە دەگەین کە ئەحمەدی نژاد بەو قسانەی نەتەنیا نەیتوانی دۆخەکە بگۆڕی، بەڵکوو خراپتری

کرد. هەروەها نەیتوانی هیچ ئاڵوگۆڕێک لە بازاڕی دراوی ئێراندا دروست بکا و نەبووە هۆی دابەزینی نرخی دۆلاریش. بە واتایەکی دیکە قسەکانی ئەحمەدی نژاد بە خۆوەدانێک بوو کە ئەنجامەکەی لە چەند مانگی داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێت. ئەو دۆخەی ئێستا ئەحمەدی نژادی تێکەوتووە بەشێکی بەرهەمی ئەو مانگرتنەیە کە کاتی خۆی ویستی وەزیری ئیتلاعات لابەرێ و خامنەیی ڕێگای نەدا و دواتر ماوەی ١١ رۆژ لە ماڵەوە دانیشت. ئەمەش بووە هۆی تووڕەی قۆڵی خامنەیی و ئەو تووڕەییە ئەحمەدی نژادی بەم رۆژە گەیاند. ئێستاش ئەحمەدی نژاد بۆ جاری دووهەم بە خۆیەوە دا، دەبێ چاوڕێ بکەین کە بزانین ئاکامی ئەم بە خۆوە دانەشی بە چ شێوەیەک لە ماوەی داهاتوودا دەردەکەوێ.

هەروەها دەتوانین بڵێین ئەحمەدی نژاد بەو قسانەی نەتەنیا نەیتوانی «تمەن» کە ئەم رۆژانە زۆر دەچەوسێتەوە، لە تەنیایی دەرباز بکا، خۆشی زیاتر چووە ریزی تمەنەوە و ئێستا بە جۆرێک ئەویش وەک تمەن تەنیایە.

لە ژمارە ٥٩٣ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

---

## کۆماری ئیسلامی، لە ژیان لە ناو قەیرانەوە بەرەوە مەرگ لە قەیران دا

قەیرانی ئێران بە قووڵییەکی زیاترەوە درێژەی هەیە. قەیرانی ئەمڕۆ لە ئێران، قەیرانێکی ئابوورییە کە خۆی بەرهەمی قەیرانی دیکەیە. ئەگەر پێشتر دەمانگوت کۆماری ئیسلامی سیستمێکە کە بەرهەمی قەیرانە و بەردەوام لە قەیراندا دەژیت، ئەوا ئەمڕۆ قەیران تەنگی پێ هەڵچنیوە و گەرووی گرتوە و خەریکە بیخنکێنێ، ئەویش قەیرانێک کە گەمە لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکان دەکا.

قەیرانی ئابووری لە ئێران رۆژ لە دوای رۆژ قووڵتر دەبێتەوە و ریکۆردی تازەتر تۆمار دەکا، بە جۆرێک لە ماوەی هەفتەی رابردوودا دۆلار سنووری چوارهەزار تمەنیشی تێپەڕاند! لە ئاکامی ئەم قەیرانەدا ئاستی بەرهەمهێنانی

نێوخۆ بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزیوە و ژمارەیەکی زۆر لە کارگە و کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان داخراون و لە ئاکامی گەمارۆکان و پچڕانی پێوەندیی ئابووریی وڵاتان لەگەڵ ئێران هاوردەکردنی شتومەکیش زۆر زۆر کەمە. تەنانەت ئەگەر هەشبێ بەو پێیەی کە بە پێی نرخی دۆلار دەکڕدرێ، لە نێو ئێران تێچووی کڕینی بۆ خەڵک چەند قات بۆتەوە. ئەمە قەیرانێکە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێرانی گرتۆتەوە و سات بە سات کاریگەرییەکانی لە سەر ژیانی خەڵک هەست پێدەکرێ.

## قەیران لە قەیران دا

سەرەڕای ئەم دۆخە، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەم قەیرانە خۆی دەرکەوتەی چەند قەیرانی دیکەیە کە ئەوانیش ریشەیان لە سیاسەت و ستراکتۆری کۆماری ئیسلامی دایە. بۆیە دەرکەوتە و زیانەکانی ئەم قەیرانە ئابوورییەی ئێستا بە چەند قات ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیانی خەڵک هەبووە و هەتا دێ خەڵک زیاتر دەکەونە ژێر گوشارەوە. سیاسەتە فراوانخوازەکانی کۆماری ئیسلامی بووە هۆی دروست بوونی قەیرانێک بە ناوی «قەیرانی ناوکی». ئەم بابەتە ئێرانی لە ئاستی نێودەوڵەتی دا تووشی قەیرانێکی قووڵ کرد. بۆیە هەرچەشنە متمانەیەکی لە نێوان ڕۆژئاوا و ئێران دا لە ناو برد و وەک پرۆژەیەکی شەڕهەڵایسێنانە هاتە گۆڕێ و قەیرانیی گەورەی دیکەی لێکەوتەوە. بە پێی ئەوەی کۆماری ئیسلامی گوێی بە دواکارییەکانی ڕۆژئاوا نەدا و پێداگر بوو لە سەر پیتاندنی یۆرانیۆم، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاکامدا ناچار بوون لە ڕێگای سەپاندنی چەند گەمارۆیەک بە سەر کۆماری ئیسلامی دا، ئەو وڵاتە ناچار بکەن کە پاشەکشە بکا. بەڵام کۆماری ئیسلامی کۆڵی نەدا و ئەم گەمارۆیانەش چەند قۆناغی دیکەی بڕی و گەمارۆی دیکەی لێکەوتەوە و گەیشتە کەرتی وزە کە بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئێرانە و هەفتەی ڕابردوو بواری پێوەندییەکان و ڕاگەیاندنیشی گرتەوە. بە جۆرێک کە تەمەن هەموو ڕۆژێک ریکۆردی تازە تۆمار دەکات و هەموو ڕۆژێکیش ریکۆردەکانی لە کتێبی تۆماری ریکۆردە جیهانییەکانی «گینس»دا دەنووسرێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە لە ئاستی نێوخۆدا لە ئێران چەندین گرووپ و قۆڵی جیاواز لە ململانێ لەگەڵ یەکتری دان. لە ماوەی سێ ـ چوار ساڵی ڕابردوودا، ئەوەندەی دەبینرێ بەرژەوەندی ئەم قۆڵانە جیاوازیان پێکەوە هەیە و بۆیە بەردەوام لێک دوور دەکەونەوە و کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان قووڵتر دەبێتەوە. قەیرانی ئێستا چونکە بە ڕواڵەت ڕووی لە ئەحمەدی نژاد و کابینەکەیەتی، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتی لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی قۆڵەکانی دیکە بۆیان کراوە هەوڵی قووڵتر کردنەوەیان داوە. بە تایبەتی ئێستاکە ئێران

بەرەوە هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی سەرکۆماری دەچێ، ململانێی ئەم رەوت و لایەنە سیاسیانەی نێوخۆی ئێران لەگەڵ یەکتری بێگومان کاریگەریی زۆری دەبێ لە سەر قووڵتر کردنەوەی کێشەکە.
بەگشتیی ئەگەر بمانەوێ کورتی بکەینە، قەیرانی ئابووریی ئەمرۆی ئێران، قەیرانێکە کە بەرهەمی قەیرانی ناوکی و قەیرانی نێودەوڵەتییە و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی نێوخۆیی ئەو وڵاتە. بە واتایەکی دیکە ئەمە قەیرانە لە نێو قەیرانی دیکەدا.

## ژیان لە قەیران دا

لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا بەردەوام ئەم بابەتە کە «کۆماری ئیسلامی بەرهەمی قەیرانە و لە قەیران دا دەژی» رەنگدانەوەی لە گوتاری سەرجەم هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی دا هەبووە. لە هێزە چەپە رادیکاڵەکانەوە بگرە تا هێزی میانەڕەو و راست و کۆنەپارێز، بەردەوام مانۆڕیان لە سەر ئەم بابەتە داوە و لە بەیاننامە و وتار و راگەیەندراوەکانیدا ئەمە دەردەکەوێ. بەردەوام دەڵێین کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاری خۆەوەی، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە تاران بە هێز بکا و رێگا نەدا پەراوێز بەهێز بێ، شەڕی کوردستانی دروست کرد و هێرشی کردە سەر کوردستان. لەم قەیرانەدا ویستی ناوەندێکی بەهێز دروست بێ و هێزەکانی دیکە بخاتە دەرەوەی هاوکێشەکان و پەراوێز لاواز بکا. بەردوام دەڵێین کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی پەرە بە دەسەڵاتی میلیتاریستیی خۆی بدا، چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەستگیر دەکات و تۆمەتی جۆراوجۆریان دەخاتە پاڵ و بشێوی و نائارامی دروست دەکا بۆ ئەوەی فەزایەکی پۆلیسی دروست بکا. بەردەوام دەڵێین کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی لە ناوچەکەدا وەک جەمسەرێک دانی پێدابنرێ، کێشە دروست دەکا و لە دژی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، پشتیوانیی تیرۆریزم دەکا. لە عێراق دەستێوەردان دەکا و بشێوی دروست دەکا بۆ ئەوەی رۆڵی زیاتری هەبێ. لە ئەفغانستان بەهەمان شێوە، لە سوریا و وڵاتانی کەنداو و... بەشێوەیەکی دیکە. تیرۆری ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و سیاسەتوانانی نەیاری خۆی لە وڵاتانی جۆراوجۆر و ناوخۆی ئێران و ... هەمووی ئەمانە پێشتر وا لێکدەدرانەوە کە کۆماری ئیسلامی بە دروستکردنی قەیران دەژی و درێژە بە تەمەنی خۆی دەدا. ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا بۆ ئەو، نیشانەی سەرکەوتنێکی گەورە بووە و توانیویەتی لە دروستکردنی قەیران کەلک وەربگرێ.

## مەرگ لە قەیران دا

بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە ئێستا بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتۆتەوە، بەو ئاکامە دەگەین ئەمڕۆ هاوکێشەکە گۆڕاوە و قەیرانی ئەمڕۆ ناتوانێ یارمەتیی کۆماری ئیسلامی بدا بۆ ئەوەی تەمەنی درێژتر بێ. دیار ئەمە بەو مانایە نییە کە بڵێین کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ یان سبەی لە ئاکامی ئەم قەیرانەدا دەرووخێ. مەبەست زیاتر ئەوەیە کە ئەگەر لە رابردوودا کۆماری ئیسلامی قەیرانی دروست دەکرد بۆ ئەوەی بژی و خۆی بەهێزتر بکا، ئەمڕۆ لە ئاکامی ئەم قەیرانەدا نەتەنیا لاواز دەبێ، بەڵکوو بەرەوە ئەوە دەچێ کە ئەم قەیرانە مەرگی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە.

ئەگەرچی ئەم قەیرانەی ئێستا بەرهەمی سیاسەتی قەیران خوڵقێنی کۆماری ئیسلامییە لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا، بەڵام هاوکات کۆتایی بە تیۆری «کۆماری ئیسلامی بەرهەمی قەیرانە و لە قەیران دا دەژی» هێناوە و ئەمجارە قەیرانەکە لە کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامی دا نییە و کۆماری ئیسلامی دیاریکەر نییە. هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، قەیرانی ئەمڕۆ راستەوخۆ لەگەڵ ژیانی خەڵک بەرەوڕوویە و ئەمەش مەرگێکی گەورەی بۆ کۆماری ئیسلامی بەدوا دا دێت. واتە ئەگەر ئەم دۆخە درێژە بکێشێ خەڵک قبووڵی ناکەن و رەنگە نارەزایەتیی گەورەی لێ بکەوێتەوە کە کۆتایی بە کۆماری ئیسلامی بێ. ئەگەریش ببێتە هۆی ئەوەی گۆڕانێک دروست بکا و کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتەکانی دا بچێتەوە (کە ئەگەرێکی زۆر دوورە) و لە نێوخۆ کرانەوەیەک بێتە ئاراوە و لە ئاستی نێودەوڵەتییش لەگەڵ رۆژئاوا رێک کەون، دیسان بەو مانایەیە کە ئەو کۆماری ئیسلامییەی ئێستا، نەماوە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ٣٤ ساڵ لەمەوبەر لە ئاکامی قەیرانێکدا لە دایک بوو و زیاتر لە سێ دەیە لە قەیران دا ژیا، ئەمڕۆ خەریکە لە چوارەمین دەیەی تەمەنی دا لە قەیران دا بمرێ. بەڵام نابێ پەلە بکەین و دەبێ چاوەڕوانی رووداوەکانی داهاتوو و دەرکەوتەکانی ئەم قەیرانەی ئێستا بین. چونکە رووداوەکانی داهاتوو و دەرکەوتەکانی ئەم قەیرانە چارەنووسسازن و دەتوانن سەرەتایەک بن و بۆ لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ئێراندا.

لە ژمارە ٥٩٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

# ئەحمەدی نژاد لە بەردەم ڕێگایەکی دژواردا

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو بۆ دووهەمین جار لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا گەلاڵەی پرسیار کردن لە سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران لە پارلەمانی ئەو وڵاتە هاتە ئاراوە. ئەم گەلاڵەیە تا ئێستا لە لایەن زیاتر لە ٧٠ پارلەمانتارەوە واژۆ کراوە. بەم پێیە «مەحموود ئەحمەدی نژاد» لە ماوەی مانگێکدا دەبێ بچێتە پارلەمان و وڵامی پرسیاری پارلەمانتاران بداتەوە. پرسیاری پارلەمانتاران ئەم جارە پێوەندیی بەو بشێوییەوە هەیە کە بازاڕی دراوی ئێرانی گرتۆتەوە و لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا گەیشتە لووتکە.

بە پێی وتەی ئەحمەدینژاد لە دوایین کۆبوونەوەی ڕۆژنامەوانیدا، دوو هۆکاری دەرەکی و نێوخۆی کاریگەرییان هەبووە لە دروستکردنی بشێویدا لە بازاڕی دراوی ئێراندا. هۆکارە دەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گوشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو گەمارۆیانەی کە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپاوە بە سەر کۆماری ئیسلامی دا سەپێنراوە. هۆکارە نێوخۆییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دژبەرانی ئەحمەدینژاد و بە تایبەتی قۆڵی هاشمیی ڕەفسەنجانی کە هاوکات جەمسەرێکی ئابووریشن لە ئێران دا. ئەحمەدینژاد پێی وایە ئەم قۆڵە لە ئاستی نێوخۆدا بشێوییان لە بازاڕی دراودا دروست کردوە و بوونەتە هۆی ئەوەی دۆلار لە بازاڕەکانی ئێراندا نەمێنێ و نرخی تمەنیش دابەزێ.

بەر هەر حاڵ ئەمڕۆ ئەحمەدینژاد کەوتۆتە دۆخێکەوە کە تەنانەت «عەلی خامنەیی»، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی کە پێشتر نرخێکی زۆری دا بۆ دانانەوەی ئەحمەدی نژاد لە پۆستی سەرکۆماری دا، پشتگیریی ناکا. بۆیە بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە بۆ ناوبراو دێنە گۆڕێ زیاتر بێدەنگی هەڵبژاردوە و ئەگەریش هەڵوێستی گرتبێ ئەوا دژی بەرژەوەندی و ویستی ئەحمەدینژاد بووە. بۆ نموونە لە ماوەی چەند مانگدا بۆ دووەمین جار گەلاڵەی پرسیار کردن لە سەرکۆماری لە پارلەمان دێتە گۆڕێ کە لە سێ دەیەی ڕابردوودا بێ وێنە بووە. کەچی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بێدەنگ بووە و هیچ هەڵوێستێکی نەبووە. ئەم بێدەنگییەش لە خۆیدا دژایەتی کردنی ئەحمەدی نژادە. هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ نامە گۆڕینەوەی ئەم دواییەی نێوان ئەحمەدینژاد و سادق لاریجانی (سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری) ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هۆشداری پێدان کە نابێ وا بکەن و ناکۆکییەکانی نێوانیان بگوازنەوە بۆ نێو خەڵک.

ئەحمەدینەژاد لە کاتێکدا تووشی ئەم هەموو قەیرانە هاتوە کە بڕیارە مانگی جۆزەردانی ساڵی داهاتوو خولی یازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران بەڕێوە بچێ. ئەگەرچی ئەحمەدینەژاد ئەمجارە ناتوانێ خۆی کاندید بکا، بەڵام ئەویش وەک فۆڵەکانی دیکە بەرنامەی هەیە و هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە کاندیدا فۆڵی خۆی سەر بکەوێ و لە چوار ساڵی داهاتووشدا لە لاوە دەسەڵاتی هەبێ و هەر وەها ئەگەر بۆی بچێتە سەر لە داهاتووشدا وەک پۆتین و مێدودف بکا. بێگومان ئەو قەیرانانەی کە ئێستا بەرۆکی ناوبراویان گرتوە کاریگەریی زۆریان دەبێ لە سەر پێگە و قورسایی فۆڵی ناوبراوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا.

ئێستا ئەگەر چاو لێ بکەین لە ئاستی سێ دەسەڵاتەدا، واتە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری، دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری، هەر دوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری دژی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرین کە لە لایەن ئەحمەدی نژادەوە سەرۆکایەتی دەکرێ. ئەم دژایەتیش بە شێوەیەکە کە کێشە و ناکۆکیی قوولی لێکەوتۆتەوە و بۆتە هۆی دروستبوونی ململانێیەکی توند. لە لایەکی دیکەشەوە رێبەری کۆماری ئیسلامی کە دەسەڵاتی رەها و یەکلا کەرەوەی هەیە و لە سەرووی هەموو یاسایەکە لە ئاستی جۆراوجۆدا و بە شێوازی جۆراوجۆر دژی ئەحمەدی نژادە و پشتگیریی ناکات. لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانیش نارازییان و هەندێ جەمسەری بە هێزی دیکەش وەک هاشمی رەفسەنجانی و ریفۆرمخوازان دیسان دژی ئەحمەدی نژاد و لایەنگرانی ناوبراون.

ئەحمەدی نژاد بەو پێیە ئێستا سەرکۆمارە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بە دەستەوەیە و لە ژمارەیەک لە وەزارەتەکاندا دەسەڵاتی تەواوی هەیە، دەکرێ بڵێین یەکێک لە فۆڵە سەرەکییەکانە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و بێگومان کاندیدی خۆشیان بۆ ئەم ململانێیە دەبێ. بەڵام ئەوەی گرنگە لەم نێوەدا فۆڵی ئەحمەدینەژاد رێگایەکی دژوارییان لە بەردەمدایە لەم ململانێیەدا، ئەگەری ئەوەی بتوانن لەگەڵ فۆڵەکانی دیکە رێک بکەوتن زۆر کەمە.

ئێستا ئەحمەدی نژاد جگە لەو قەیرانانەی کە بەرۆکی کابینەکەی گرتوە، لە لایەن فۆڵەکانی دیکەشەوە بە توندی کەوتۆتە ژێر گوشارەوە و هەرچەشنە دەرکەوتنێکیش ئەم گوشارە زیاتر دەکا. بۆیە ئەگەر دیسان بڕواتە بەردەم پارلەمانتاران ئەوا وەک جارەکانی دیکە هەڵلایەکی نوێ ساز دەبێ. ئەم هەڵلایە رەنگە لە نێو رای گشتی دا کاردانەوەی جیاوازی بەدوادا بێ، بەڵام لە ناو فۆڵەکانی دەسەڵاتدا بەو شێوەیە نابێ و لە ئاکام دا گوشاری زیاتری بۆ سەر ئەحمەدی نەژاد و فۆڵەکەی لێ دەکەوێتەوە. چونکە ئەحمەدینژاد بۆ خۆ دەرباز کردن دیسان ناچار دەبێ فۆڵەکانی دیکە لە قەیرانی ئەمڕۆی ئێران دا تاوانبار بکا.

ئەو قەیرانەی ئێستا ئەحمەدینژاد و ئێرانی تێ کەتوە، بێگومان کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماری ئێران دەبێ. لەم نێوانەشدا ئەحمەدینژاد زەرەرمەندی یەکەمە و ئەم قەیرانانە دەبنە هۆی گوشاری زیاتری لایەنەکان بۆ سەری. بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین چەند مانگی داهاتوو(واتە تا کۆتایی کابینەکەی) بۆ ئەحمەدینژاد و لایەنگرانی سەختترین رۆژەکانن و ئەم چەند مانگە سەختترە لە هەشت ساڵی رابردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## ئایا عێراق پارچە پارچە دەبێ؟

مەسعوود رۆستەمی

سنوورەکان لە ماوەی مێژوودا بەردەوام تووشی گۆڕانکاری هاتوون و لە داهاتووشدا دەگۆڕێن. سنوورەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە هەرشوێنێکی دیکە لە بەردەم گۆڕانکاریدان. جیا لەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی هاتووە، جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە پێویستی بە ئاڵوگۆڕە. چونکە لە نێوان راستییە نەتەوەیی ـ کولتوورییەکان و سنوورە سیاسییەکانی ناوچەکەدا نایەکسانی هەیە. واتە تێپەڕاندنی قۆناغی شەڕ و خوێنرێژی و ئاشتیی کاتی بەرەو ئاشتیی بەردەوام لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستی بە گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە و هەروەها وەدیهێنان و بەردەوامی دێموکراسی لە ناوخۆی هەر وڵاتێکدا هەیە. چونکە کولتووری گەشە نەکردووی سیاسیی ناوچەکەدا توانای پێکەوە هەڵکردن و قبووڵکردنی پلۆرالیزم و فرەچەشنی نییە و هێشتا ناوچەکە لەگەڵ ئەلف و بێی دێموکراسیی سیاسی دا نامۆیە، تا چ بگا بە دێموکراسی کۆمەڵایەتی. دەیان ساڵ شەڕ و خوێنرێژی لە نێوان نەتەوە و مەزهەبەکان لە ناو هەرکام لەم وڵاتانەدا، کەڵێنێکی قووڵی وەهای لە نێوان نەتەوەکان و مەزهەبەکاندا دروست کردوە کە ئەستەمە پێکەوە بتوانن بە ئاشتی بژین. بۆیە لە یەکەمین هەنگاودا گۆڕینی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە ئەگەری یەکەمە. پێموایە پلۆرالیزمی نەتەوەیی - کولتووری و کەڵێنە قووڵەکانی نێوان سنوورەکان لە لایەک و کولتووری گەشە نەکردووی سیاسیی ناوچەکە لە لایەکی دیکەوە، جگە لە

دوو بەربژێر هیچ ڕێگایەکی دیکەی لە بەردەم خۆرهەلاتی ناوەڕاست نەهێشتۆتەوە: دیکتاتۆری و دووبارە دروستکردنەوەی دیکتاتۆری(بۆ وێنە دیموکراسی لە شێوەی تورکیاش جۆرێک لەم سیستمە دیکتاتۆریانەیە)، یان گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە. هەندێک ڕێگاچارەی وەک فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزمیش باس دەکرێ. لە ولامی ئەو کەسانەدا کە پێیانوایە کۆنفیدراڵیزم ڕێگا چارەیە دەبێ بوترێ: کۆنفیدرالیزم واتە تەبایی نێوان چەند دەوڵەت کە لە درێژەدا دەوڵەتان هەندێک لە ئیمتیازەکانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی هەندێ ئیمتیازی دیکە لە دەست دەدەن. بەلام داکترینی فیدرالیزم کە کورد بە جیددی پشتگیری دەکا، بە لە بەرچاو گرتنی واقیعیەتەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان وەک ڕێگا چارەیەکی جێگای پەسەند و لۆژیکی لە لایەن زۆربەی کەمایەتییەکانەوە پشتگیری لێ دەکرێ. لە درێژەدا ئاماژە بە کێشە بنەڕەتییەکانی ئەم داکترینە دەکەین. بەلام بۆ تەواو کردنی وتەکانم لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕینی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە. خۆرهەلاتی ناوەڕاستی عەرەبی و دواتر خۆرهەلاتی ناوەڕاستی گەورە لە سەرەتای دروست بوونیەوە، لە نێوان ئەو هێزانەی کە دەیانەوێ بارودۆخی ئارایی رابگرن و ئەو هێزانەی کە خوازیاری ئاڵوگۆڕن هەڵگری دیالکتیکێکە. بەلام ئەم دیالکتیکە جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ دیالیکتیکی مارکسی و هێگلی هەیە، چونکە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست تەنیا لەگەڵ دوو هێزی لایەنگرانی بارودۆخی ئارایی و خوازیارانی ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی ئاراییدا بەرەوڕوو نین، بەڵکو جۆرێک لە ئاڵۆزیی دیالکتیک دەبینین. بە واتایەکی دیکە ئەو هێزەی کە خوازیاری ئاڵوگۆڕە لە بارودۆخی ئاراییدا، هێزێکی ڕێکخراو و یەکپارچە نییە، تەنانەت بەشێکیان لەو کاتانەدا کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو هێزانەدا هەیە کە لایەنگری بارودۆخی ئاراییین لەگەڵیان دەکەون. ئەم تایبەتمەندییە لە سەرجەم ولاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دا هەست پێدەکرێ. بۆ وێنە لە میسر لە نێوان ئیسلامییەکان و سیکۆلارەکاندا، لە تورکیا، عێراق و سوریا لە نێوان کورد و ئۆپۆزسیۆندا، لە فەلەستین لە نێوان حەماس و فەتح دا و... هتد.

بەم شێوەیە، ئەم ئاڵۆزییە دیالکتیکە دوای یەک سەدە بۆتە کۆسپ لە بەردەم دروستبوونی بارودۆخێکی نوێدا. ئەم دیالکتیکە ئێستاکە لە عێراقدا بەرەوە ئەو دەچێ کە سنوورە ڕەهاکانی خۆی پێناسە بکا و پشتیوانانیشی، کوردی باشووری کوردستانن. چ لە چوارچێوەی گوتاری دێموکراسیخوازیدا و چ گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە، کورد گرنگترین هێزە بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی ئاراییدا. نەتەوەیەک کە ٣٠ تا ٤٠ ملیۆن حەشیمەتی هەیە لە هارتلەندی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، بەلام خاوەن نیشتمانی سیاسیی خۆی نییە. بەشێک لەم نەتەوە یەکپارچەیە لە ولاتێک بە ناوی عێراق دەژین. ئەم بەشە لە کوردستان لە ئێستا گرنگترین هێزە بۆ گۆڕانکاری لە جوگرافیای سیاسی ناوچەکەدا. هەروەها لە لای ئەم بەشە لە کوردستاندا دەتوانین ئاماژە بە سەرهەڵدانی دەوڵەتی فەلەستین

لە داهاتوویەکی نزیکدا بکەین. لەو روانگەوە کە پێموایە بابەتی پارچە پارچە بوونی عێراق گرنگییەکی زۆری هەیە و هەروەها باسی بنەڕەتیی فیدراڵیزمەمان وڵام دابێتەوە، لەم باسەدا زیاتر تیشک دەخەمە سەر بابەتی کوردستانی عێراق. ڕەنگە عێراق لە داهاتوودا ببێتە سێ وڵاتی عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و کورد، بەڵام بێ گومان کوردستان لە عێراق جیا دەبێتەوە. وەها ڕووداوێک هەڵگری سێ بابەتە: یەکەم ـ قبووڵ نەکردنی دێموکراسیی یەکگرتووخواز لە لایەن کوردەوە، دووەم - شکست هێنانی داکترینی فیدراڵیزم، سێیەم - گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە. پێموایە ئەوەی دەبێتە هۆی گۆڕانگاری لە جوگرافیای سیاسیی ناوچەکەدا شکست هێنانی «داکترینی فیدراڵیزم»ـە. لێرەدا نامەوێ خۆم بە مەبەست و ئەگەرەکانی لایەنگرانی ئەم داکترینەوە سەرقاڵ بکەم، چونکە پێموایە هیچ بناغەیەکی نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە لایەنگرانی هەر دوو داکترینەکە(دێموکراسیی یەکگرتووخواز و فیدرالیزم) لە هەوڵی ڕاگرتنی بارودۆخی ئارایی جوگرافیای سیاسی ناوچەکەدان. ئەم دوو داکترینە خاڵێکی هاوبەش و خاڵێکی جیاوازیان هەیە. خاڵە هاوبەشەکەیان جەخت کردنەوەیە لە سەر گۆڕانکاری لە چییەتی حکوومەتە دیکتاتۆرەکاندا. خاڵە جیاوازەکەیان ئەوەیە کە خوازیارانی «دێموکراسی یەکگرتووخواز» پێیانوایە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان تەنیا کێشەی ناوچەکەن و لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر حکوومەتێکی دێموکراتیک دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ سەرجەم کێشەکان و بە تایبەتی جیاوازییە شوناسییەکان چارەسەر دەبن. لە کاتێکدا لایەنگرانی فیدراڵیزم زیاتر لەمە چوونەتە پێش و جەخت لەسەر فرە شوناسی دەکەن. ئاکامی بەرەوڕوو بوونەوەی ئەم دوو داکترینە ئەوەیە کە هەر دووکیان دەدۆڕێن و بۆ چەند دەیەی دیکەش دیکتاتۆریخوازی درێژە دەکێشێ. سەرەڕای ئەوەش لایەنگرانی داکترینی فیدرالیزم دەبنە دۆڕاوی سەرەکی و ڕاستەقینە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش پێویستە هەڵە سەرەکییەکانی فیدراڵیزم شی بکەینەوە و دەستنیشان بکەین. تا پێش ساڵی ١٩٤٦ سەرجەم بزووتنەوەکانی کورد، بزووتنەوەی سەربەخۆخوازانە بوون و تێیاندا هیچ ئاماژەیەک لە دێموکراسی و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیزم نابینرێ. بەڵام لە هەمان ساڵدا سەرکردەکانی کۆماری مەهاباد سەردانی باکۆ دەکەن و بۆ یەکەم جار لەگەڵ «داکترینی فیدراڵیزم» یان هەمان ئۆتۆنۆمی ئاشنا دەبن. ئەم «داکترین»ـە کە لەو کاتدا لە ژێر ناوی ئۆتۆنۆمیدا هاتە ئاراوە، لە سەر ئەو بنەمایە دانرا کە لە بارودۆخی هەنووکەیی سیستمی نێودەوڵەتیدا، سەربەخۆیی کوردستان خەیاڵ بووە و ئەوەی لەو پێکهاتەیەدا جێگای پەسەند و لۆژیکییە و وەدی دێ، ئۆتۆنۆمی یان لە درێژەدا هەمان فیدراڵیزمە. ئەوەش بەڵگە نەویستە کە نابێ لەم وەرچەرخانە لە مێژووی خەباتی کورددا، یەکێەتیی سۆڤیەت تاوانبار بکەین. چونکە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا سەرجەم وڵاتان بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن کە لانی زۆری بەرژەوەندی خۆیان دابین بکەن.

تێبینی: ئەم وتارە لە پەیجی نووسەری لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وەرگیراوە

لە ژمارە ٥٩٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٢

## «کوردستان» لە دوو قۆناغی جیاوازدا

ئەگەر بمانەوێ قسەی لە سەر ڕۆژنامەی «کوردستان» بکەین ئەوا دەبێ لە لایەنی جیاوازەوە بە شێوەیەکی ورد و بابەتیانە بچینە ناو بابەتەکەوە. ئەمەش بێگومان پێویستی بە کاتێکی تایبەت هەیە. ڕۆژنامەی کوردستان تا ئێستا بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ بووە و هەوراز نشێوی زۆری بینیوە. ١١٣ ژمارەی لە سەردەمی کۆماری ١١ مانگەی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە, چەند ژمارەی لە تەوزیر دەرچووە و دواتر خولی نوێی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زایینی سەدەی رابردوودا بە سەرنووسەریی د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە بەغدا دەستی پێ کردوە.

ئەگەر بمانەوێ قۆناغێکی دیکەش بە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان زیاد بکەین ئەوا لێکترازانی ریزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا. چونکە بە دابەشبوونی حیزبی دێموکرات ڕۆژنامەی کوردستانیش دابەش دەبێ و هەر دوو لای حیزب بە هەمان ناوەوە تا ئێستا ئەو ڕۆژنامەیە بڵاو دەکەنەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، قسە کردنە لە سەر دوو قۆناغی مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان کە یەکەمیان قۆناغی کۆمارە و دوو هەمیان خولی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستانە بەملا.

### قۆناغی یەکەم: سەردەمی زێڕین

لە سەردەمی کۆماری ١١ مانگەی کوردستانددا ڕۆژنامەی کوردستان ١١٣ ژمارەی لێ بڵاو دەکرێتەوە. ئەم سەردەمەی

ژیانی رۆژنامەی «کوردستان» خاوەن چەند تایبەتمەندییە کە کوردستان لە گەڵ قۆناغەکانی دواتری جیا دەکاتەوە. بۆیە دەکرێ ئەم قۆناغە ناو بنێین سەردەمی زێڕینی رۆژنامەی «کوردستان».

لە سەردەمی کۆماردا، «کوردستان» وەک ئۆرگانی فەرمیی حیزبی دێموکرات تەعبیری لە سیاسەتەکانی کۆمار و حیزبی دێموکرات کردوە. یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە رۆژنامەی «کوردستان» لە ناو خەڵک چاپ و بڵاو دەبێتەوە، واتە لە ناو ئەو خەڵکەیدا کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بوون و پێویست بووە رۆژانە ئاگاداری سیاسەتەکانی کۆمار و رووداوەکانی دەورووبەریان بن. لەم سۆنگەیەوە دەبینین واقیعیەتەکانی ئەو کاتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار و تا رادەیەک ناوچەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە رۆژنامەی «کوردستان»دا گرنگیان پێدراوە و رەنگدانەوەی هەبووە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی رۆژنامەی «کوردستان» لە ناو خەڵکدا برەوی هەبێ و لەو رێگایەوە خەڵک ئاگاداری رووداو و پێشهاتەکانی دەوروبەریان بن.

ئەگەر چاو لێ بکەین دەبینین یەکێک لە ئەرکەکانی هەر ئامرازێکی میدیایی ئەوەیە کە راستییەکان بگوازێتەوە بۆ ناو خەڵک و لەو رێگایەوە کار بکاتە سەر رای گشتی و فۆرمی پێ بدا. ئەگەر لەم سۆنگەیەوە چاو لێ بکەین دەبینین رۆژنامەی «کوردستان» وەک سەرەتایەک توانیویە تا رادەیەک لەم بوارەدا سەرکەوتوو بێ و دەتوانین بێژین دەستپێکێکی باش بووە.

لایەنی پیشەیی رۆژنامەی «کوردستان» لە سەردەمی کۆماردا یەکێکی دیکە لەو خاڵانەیە کە ئەگەر بە شێوەیەکی بابەتیانە کاری لە سەر بکرێ رەنگە دەیان وتاری زانستی هەڵ بگرێ. لە بەر گرنگیی ئەم لایەنە لێرەدا لە چەند خاڵدا کورتە ئاماژەیەک بەم لایەنە دەکەم. یەکەم: گرنگیدان بە هەواڵ و رووداوەکانی دەوروبەر، دووەم: هەوڵدان بۆ گواستنەوەی بۆ ناو رای گشتی لە زووترین کاتدا، سێیەم: گرنگیدان بە هەواڵی پێوەندیدار بە کورد و کێشەی کوردەوە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و شوێنەکانی دیکە، چوارم: گرنگیدان بە کۆمەڵێک چەمک وەک دێموکراسی، ئازادی، مەسەلەی ژنان و لاوان و... پێنجەم: هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە کاروباری راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بە نیسبەت ئەوە کە رۆژنامەی «کوردستان» لە ئورووپا و پارچەکان و شارەکانی دیکەی کوردستان پێویستی بە هەواڵنێر هەیە.

ئەوانەی کە لە کاری میدیایی تێ بگەن دەزانن کە هەواڵ لە میدیادا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بناغەیە و

هەروەها «کات» لە راگەیاندندا زۆر گرنگە. لە لای ئەمەشدا بە گرنگیدان بە هەواڵی بە شەکانی دیکەی کوردستان و کورد لە جیهاندا یەکێکی دیکە لە بایەخەکانی راگەیاندنی بە ناوی «دراوسێیەتی» لە بەرچاو گرتوە. هەروەها وەک ئەرکێکی میدیایی بە گرنگیدان بە بابەت و چەمکی جۆراوجۆر کە نموونەکانی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، گرنگی بە رۆشنگەری و دروستکردنی وشیاریی جۆراوجۆر و رای گشتیی داوە.

ئەم چەند خاڵەی کە ئاماژەیان پێدرا، لە تایبەتمەندییەکانی میدیاییەکی پیشەیین کە ٦٧ ساڵ لەمەوبەر لە رۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆمار گرنگیی پێ دراوە. ئەمەش وەک سەرەتایەکی گرنگ و پیشەیی دەتوانین لە دەستپێکی ژیانی رۆژنامەی «کوردستان»دا چاوی لێ بکەین.

### قۆناغی دووەم: داکشان

قۆناغی دووەمی ژیانی رۆژنامەی «کوردستان» قۆناغێکە کە هەڵکشان و داکشانی زۆری تێدایە. بەڵام بە گشتی دەتوانین بێژین لەم قۆناغەدا رۆژنامەی «کوردستان» زۆربەی تایبەتمەندییەکانی سەردەمی زێڕینی خۆی لە دەست دەدا و زیاتر روو لە داکشان دەکا. ئەم قۆناغەش لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زایینیی سەدەی رابردوودا بە دووبارە دەرکردنەوەی رۆژنامەی «کوردستان» لە بەغدا دەست پێ دەکا. پێش هەموو شتێک لەم قۆناغەدا رۆژنامەی «کوردستان» وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکرات لە ناو دڵی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستاندا چاپ و بڵاو نابێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ تاراوگە. بەمەش سروشتییە کە رۆژنامەکە تا رادەیەکەی زۆر لە خەڵک دوور دەکەوێتەوە، ئەو گرنگی و بایەخەی کە دەبێ بە هەواڵ و رووداوەکانی ناوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستانی بدا زۆر کەم دەبێتەوە. بەم بۆنەوە کوردستان ناوە ناوە توانراوە لە کەناڵی نهێنی و رێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتەوە چەند ژمارەیەکی کەمی بنێردرێتەوە بۆ ناو خۆرهەڵاتی کوردستان و لەوێش جگە لە کەسانێکی دیاریکراو، نەگەیشتووە بە دەستی خەڵک و کەسانی دیکە و دەستاودەست بە نهێنی خوێندراوەتەوە. هەر بۆیە رۆژنامەکە کاریگەری لە سەر رای گشتی نامێنێ و ناتوانێ رای گشتی رێک بخا. ئەم قۆناغە تا کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران درێژە دەکێشێ و بەو پێیەی حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە و ماوەیەک لەناو خەڵکدا دەبێ چەند ژمارەیەکی لەوێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. دواتر لەگەڵ گواستنەوەی بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکرات، بنکە و بارەگای «کوردستان»یش دەگوازرێتەوە و دیسان لە تاراوگە درێژە بە ژیانی خۆی دەدا.

بەو پێیەی ژیانی رۆژنامەی کوردستان گرێدراوی ژیانی حیزبی دێموکرات بووە، رۆژنامەی «کوردستان» نەیتوانیوە لە سەر ئەو بنەما و تایبەتمەندییانەی کە لە سەردەمی کۆماردا لە سەر بنیات نرا درێژە بە تەمەنی خۆی بدا و گەشە بکا. بە تایبەتی ئەگەر لە رووی پیشەییەوە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە »کوردستان» لە سەردەمی کۆماردا پێی ناسرا، گەشەی کردبایە، بێگومان رۆژنامەی «کوردستان» دەبوو ئێستا یەکێک لە رۆژنامە پرۆفیشناڵەکانی کوردستان بووایە. بەڵام بەداخەوە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات ئەو دەرەتانەی لە »کوردستان» داخستوە و بەردەوام رۆژنامەگەریی ئەزموونی بە سەر «کوردستان»دا زاڵ بووە. هەر بۆیە بەرێوەبەران و نووسەرانی «کوردستان» راهێنانی تایبەتیان پێ نەکراوە و هەر کەس تاڕادەیەک دەستی نووسینی هەبووە و لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی رۆژنامەی «کوردستان»دا توانیویەتی کار بکا، بە بێ لە بەرچاو گرتنی هیچ چەشنە مەرجێکی پیشەیی بابەتەکانی لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو کراوەتەوە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە رەنج و تێکۆشانی ئەو کەسانەی کە لەم قۆناغەدا لە »کوردستان» کاریان کردوە لە بەرچاو نەگرین، چونکە بەردەوام بوونی «کوردستان» تا ئێستا لە سەر شانی ئەو کەسانە بووە و ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤە.

هەروەک ئاماژەی پێ درا ژیانی «کوردستان» گرێدراوی ژیانی حیزبی دێموکرات بووە. هەر بۆیەش بە لێکترازانی ریزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دیسان «کوردستان» تووشی داکشان دەبێ و قۆناغێکی دیکە دەست پێ دەکا کە تا ئێستاش بەردەوامە. واتە نووسەران و بەرێوەبەرانی رۆژنامەی «کوردستان» بەسەر دوو لای حیزبدا دابەش دەبن و بە یەک ناوەوە لە هەر دوو لا و لە تاراوگە و دوور لە خەڵک دەردەچێ.

بێگومان یەکخستنەوەی بنەماڵەی دێموکرات و دروستکردنەوەی حیزبی دێموکرات دەتوانێ ببێتە هۆی دروستبوونی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی رۆژنامەی «کوردستان»دا. ئەم قۆناغەش ئەگەر دەست پێ بکا و گۆڕانکاری بە دوادا بێ، ئەوا «کوردستان»یش دەتوانێ سەردەمێکی زێڕینی دیکە دەست پێ بکاتەوە.

لە ژمارە ٦٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا (ژمارەی تایبەت) بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٣ی فێبریوێری ٢٠١٣

# ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

ن: پاڵ ستراتێرن

سەرەتا:

«پێکهێنانی ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرترین خەڵک، بنەمای ئەخلاقو یاسادانانە.»

«حەقیقەتی پیرۆز» سوودگەرایی

جۆن ستیوارت میل، ئێستا کە زیاتر بە نوێنەری دیاری سوودگەرایی ناسراوە، بەڵام ناوبراو ئافرێنەری ئەم فەلسەفەیە نەبوو، یان تەنانەت نەبووە هۆکاری بڕشتو کاریگەرییەکەشی، بەڵکوو ئەوە «جێرمی بێنتام»ـە کە لەم ڕووەوە جێدەستی دیارە.

جۆن ستیوارت میل، لە دواساڵەکانی تەمەنیدا، پێناسەیەکی جوانی بێنتامی کردو لەبارەیەوە نووسیی: «بێنتام چ ئەزموونێکی ناوەکیو دەرەکیی نەبووو ئاسایی ژیاو قەت خۆشیو تاڵییەکی وای نەچێشت. تەنانەت نەیزانی نەخۆشییش چیە. لە منداڵییەوە تا تەمەنی ٨٥ ساڵی، وەک گوێزی ئازا وابوو. نەیزانی خەمو خەفەت چیە. لە مەینەتو کوێرەوەری بەدوور بوو. تا چاوی لێک نا هەر دەتگوت کوڕە جەحێڵەیە.»

ماڵباتی بێنتام دراوێکی باشیان بەمیرات بۆ بەجێ هێشتبوو کە تاکوو ما، پاڵی لێدایەوەو لەو دراوەی خوارد. لەو هەلە زێڕینەی کە لەم ڕووەوە بۆی هەڵکەوتبوو، کەڵکی باشی وەرگرتو سەرپاکی ژیانی بۆ بیرکردنەوەو هزرین تەرخان کرد. هەڵبەت هەر خۆی بە فەلسەفەو بابەتگەلی تیۆریکەوە خەریک نەکرد. ئەو ئامانجە پێشەنگەی سوودگەرایی کە بۆ خۆی ئافراندی، سەرلەبەری مێشکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد. بێنتام لە هەموو بوارەکاندا، لە سیاسەتڕا بگرە تاکوو زیندانەکان، لە فەلسەفەڕا بگرە تاکوو دەنکەنۆکێکی کەسکی بەستوو، بەدوای پێشکەوتندا دەگەڕا. گەڵاڵە پراکتیکیە بەناوبانگەکەی(پان ئۆپتیکون) گەڵاڵەی شۆڕشێکی نوێ بوو بۆ زیندانەکان. گەڵاڵەی زیندان وەک بازنەیەک وا بوو کە ژووره تاکەکەسییەکان لە نێویدا بوونو ئەو تاوەرەی کە دەبوو پاسەوانەکان تێیدا پاسەوانی بدەن لە نێوەڕاستی بازنەکەدا هەڵکەوتبوو. تاوەرێک کە تەواو بەسەر

دەوروبەرەکەیدا دەڕوانی (پان ئۆپتیک) ئەو هەڵەی بۆ بەندییەوانەکان ڕەخساندبوو کە هەر لەجێی خۆیانەوە، چاوەدێریی هەموو ژووره تاکەکەسییەکان بکەن. هەرلەو کاتەشدا شێوازی تەلارسازییەکەشی، تاقە تایبەتمەندیی نوێی گرتووخانەکە نەبوو، بەڵکوو بێنتام ڕێگایەکی دۆزیبووەوە تاکوو زیندانەکەی وەک کارگەیەکی بەرهەمدار هەڵسووڕێنێ و بەم شێوەیە کردی بە ڕێکخراوێکی خۆبژێوو هەروەها ئەو کاره قورسانەش کە بەندییەکان ئەنجامیان دەدان، «وایان لە تاوانکارەکان کرد کە هەم دەستپاکتر بن هەم هێژاتر». سەرباری ئەمە، پرۆسەیەکی ئەوتۆ مرۆڤانەتریش بوو، چونکە ڕەوشی بەندییەکان لە رووی خۆراکو تەندروستییەوە رۆژبەرۆژ باشتر دەبوو. هەربۆیە بۆ پەیداکردنی داهاتی زیاتر، زۆرتر کاریان دەکرد. بێنتام وا شەیدای پرۆژەکەی ببوو کە لە پێناوی هاندانی دەوڵەت بۆ وەرگرتنی ئەم ئەزموونەو کارپێکردنیدا، قەرزێکی زۆری بەسەر خۆیەوە کردە بار و هەر لەم سۆنگەیەوەش مایەپووچ بووو کەوتە زیندانەوە. شارەزایی لە قانوونەکانی مایەپووچی (کە ئەوکات سزای ٤٨ کاتژمێر کۆتکردنو هەروەها گوێبڕینشی بەدواوە بوو) ناوبراویان بەتوندی ڕاچڵەکاند.

ئیدی گەلاڵەگەلی پراکتیکیی بێنتام، وەک شێوازی سەرەتایی لە تەلەفۆن (ڕایەڵەیەکی بۆڕی ئاسا بوو بۆ قسەکردن) هەتاکوو گەلاڵەیەک بۆ نۆکەندێک لە بەشی بەرتەسکی پاناما لە ئۆقیانووسی ئارام، هەروەها گەلاڵە بەناوبانگەکەی بۆ فریزکردنی سەوزەوات تاکوو وا بکا کە نۆکی سەوز بەتازەیی لە ئێوارەی کریسمەسدا بخورێ. گەلاڵەکانی دیکەشی بریتی بوون لە: چاکسازی لە قانوونەکاندا، ڕزگارکردنی کۆلۆنییەکان، داڕشتنی دەستوورێک بۆ بریتانیا، کردنەوەی زانکۆی لەندەنو هەروەها دواجار کارێکی گرنگی دیکەشی کرد، ئەویش پێداچوونەوەیەکی قووڵ بە یاسای مایەپووچبووندا بوو.

بێنتام لە ژیانیدا هەر خەریکی باسوخواسو گەنگەشە لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت بوو ، بەڵام نەک بۆ خۆی ڕاستەوخۆ. چونکە کەسێکی شەرمن بوو، وای پێباش بوو کەوا لە پەناوەو بەتەنیاو بێقرە، خۆی بە بیرکردنەوەو گەلاڵەکانیەوە سەرقاڵ بکا. بۆیە تەنیا قوتابیو هاوڕێیانی نزیکی سەردانیان دەکرد. «جیمز میل»، باوکی (جۆن ستیوارت میل)یش هەر وا بوو. ئەم گرووپە کە ناویان «توندڕەوگەلی فەلسەفی» بوو، بۆچوونەکانی بێنتامیان لەنێو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە. لایەنگرییان لە بۆچوونەکانی بێنتام، بەتایبەت، کاری زۆری کردە سەر پەرلەمان. لە پەرلەمانیشدا «دەیڤید ریکاردۆ» گەورەترین ئابووریناسی نەریتیی ئەوکات، لایەنگریی لێدەکرد. نامە شێلگیرانە یەک لە دوای یەکەکانی بێنتام بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت (هەندێ جار بێ ئەوەی پێیان خۆش بێ) چاکسازیی قووڵیان لێدەکەوتەوە. بێنتام وێڕای نامەگۆڕینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی «بانکی بەریتانیا»

لەبارەی جۆرە پارەیەکی کاغەزیی نوێوە کە تەزویر نەکرێو تازەش بیری لێکردبووەوە، بەرێکەوت پرسیاری لە بڕی راستیی پارەی وەگەڕخراو کرد. بەڕێوەبەری بانکەکە زانیی کە نازانێ بڕەکە چەندەیە. چ کەسێکی دیکەش لە بانکدا نەیدەزانی. بانکی ناوبراو وای لێکدایەوە کە ئەگەر بەدروستی بانگەشەی ئەوە بکات کە کۆنترۆڵی بەسەر نەختینە(وشکە پارە)وە هەیە، پێویستە بزانێ کە لە بنەڕەتدا چەندەی ماوە.

بەم پێیە دەکرێ جێرمی بێنتام شانازی بەخۆیەوە بکا کە ژمارەکردنی پارەی کاغەزی لە بەریتانیا داهێناوەو - هەروەها بۆ یەکەمجار سیاسەتی روونی دراویی داناوە.

بەوحاڵەش بێنتام قەت لەگەڵ مرۆڤێکی خەیاڵاویی ناسراودا بەراورد نەدەکرا. سەرجەم گەلاڵەو پلانە جۆربەجۆرەکانی لەسەر پرەنسیپێکی سەرەکی دامەزرا بوون کە ئەویش «سوودگەرایی» بوو. بێنتام دەیگوت:

«سروشت مرۆڤی خستووەتە ژێر ڕکیفی دوو سەروەریی مەزنەوە، کە ئەوانیش، دەردو چێژن. تەنیا ئەم دوو شتەن کە نیشان دەدەن دەبێ چ بکەینو چ دەکەین».

بیرێکی وا رۆشنبیرانەو مرۆڤدۆستانە کە لەو سەردەمەدا بە شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم دەدرا. گەرچی ئەمانە، ئەمرۆکە بە لامانەوە سادەو ساکارن، بەڵام بە پلەی یەکەم، بەرهەمی هەوڵی بێنتام، جیمز میلو کوڕەکەی واتە، جۆن ستیوارت میلو هاوکارە سوودگەراکانی ئەوانن. ئەوەی ئەمرۆکە لای ئێمە ئاسایی دەنوێنێ، بەدرێژای مێژوو لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بە هیچ شێوەیەک ئاسایی نەبووەو ئەمرۆکەش لە کۆمەڵگە نە زۆر بچووکەکانیشدا هێشتا بەدی ناکرێ. ئاماژە لاوەکییەکانی ئامانجە «سوودگەرایی»یەکەی بێنتام، ڕاستەوڕاست باوەڕ بە لیبرالیزمی دیموکراتیکی لێکەوتەوەو باڵی بەسەر کۆمەڵگەی ئازادی رۆژاوادا کێشا.

سوودگەرایی بێنتام لەسەر ئەو چەمکە بنیات نرابوو کە خۆی پێی دەگوت: «هەقیقەتی پیرۆز». بەگوێرەی ئەم چەمکە» پێکهێنانی ئەوپەڕی رەزامەندیی زۆرترین بەشی خەڵک، بنەمای ئەخلاقو قانووندانانە. «ئامانجی ئەوە بوو کە فەلسەفەکەیو وێڕای ئەویش زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وەک زانستگەلی سروشتی بکاتە بابەتێکی نەگۆڕ. ئەو سوودگەراییو ئەسڵی چێژەکەی بە بنەمای نوێی ئەخلاق لە قەڵەم دەداو چاوەڕوانیی ئەوەی هەبوو کە رۆژێک «نیوتۆن ئاسا» واتە وەک چۆن بناخەی بۆ زانستگەلی سروشتی دانا هەر بەو جۆرەش بناخەیەک بۆ زانستگەلی

کۆمەڵایەتیو فەلسەفە دابنرێ. بۆچونی سەرەکیی ناوبراو لەسەر «بنەمای سوود» دانرا بوو کە وەک بنەمایەکی ئەخلاقی چاوی لێدەکرد. ئەوەی چێژی لێبکەوێتەوە باشەو ئەوەی ببێتە هۆی خەمو ئازار، خراپە. بەڵام بۆ ئەوەی بنەمایەکی وا، رەنگێکی ئەخلاقی وەربگرێ، دەبێ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی‌یەوە سەیر بکرێ. ئەوەی راستە زۆرترین چێژی لێدەکەوێتەوەو ئەوەی ناڕاستیشە خەمو ئازاری زیاتری بەدوادا دێ. کاتێک بڕیاری قورس بدەین دەبێ دواچێژو دوائازارمان لەبەر چاو بن.

لێرەدا پرسی سەرەکیی سوودگەرایی لە بەردەممانیدا قوت دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەکرێ رێژەی چێژ لە ئاستی تاکو لە ئاستی گشتی‌دا دیاری بکرێ؟ بێنتام بەوردی چووە نێو ئەم بابەتەوەو بۆ دیاریکردنی رێژەی چێژ «حیسابی چێژ» ی داهێنا. لە لێکدانەوەی خۆیدا حەوت لایەنی چێژی لە بەرچاو گرتبوو، کە بریتی بوون لە بەردەوامیو ژمارەی ئەو کەسانەی کە لێی بەهرەمەند دەبوون. هەروەها چواردە جۆری جیاوازی لە چێژە سادەکان ریز کردبوون کە دەسەڵات، دەوڵەمەندی، لێزانی، خۆشناوی دەگرتەوەو دواچێژیش نیازپیسی بوو کە بایەخی لەوانی دی کەمتر نەبوو. هەروەها دوازدە ناخۆشیو رەنجی سادەی دیاری کردبوون کە لە بێ هیوایی‌ڕا بگرە تاکوو حەزی (چەمکێک کە گوایا زۆربەمانی وەک مازۆخیست دەزانێ) دەگرتەوە. بەڵام خاڵی سەرەکی لێرەدایە کە چێژ چ لە ئاستی تاکو چ لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا بەوردی ناپێورێ. تەنانەت ئێستاکەش لەرووی بایۆلۆژی‌یەوە، هەروایە. پێوەرێکی جێگیر بۆ پێوانی چێژ بەدی ناکرێ. «جۆکی‌یەکی هندی» رەنگە بە خواردنێکی تیژ و پڕ لە بەهاراتو یان نوێنێکی پڕ لە بزمار خۆشی بچێژێ. بەڵام دانمارکی‌یەک ئەمە قبووڵ ناکا.

بێنتام لە نزیکەوە هاوکاریی «جیمز میل»ی دەکردو زۆر ئۆگری کوڕەکەی، واتە «جۆن ستیوارت میل» بوو. هەر لەسەرەتاوە هەردووکیان، «جۆن ستیوارت»یان وەک میراتگری سروشتیی بێنتامو باشترین بەربژێر بۆ ئەوەی مەشخەڵی بۆچونەکانی بێنتام بداتە دەستی نەوەی داهاتووەوە، دەزانی.

بێنتام لە رۆژی شەشی ژوئەنی ١٨٣٢، واتە دوو رۆژ پاش پەسندکرانی «گەڵاڵەی ریفۆرم» کە هەوڵێکی زۆری بۆ سەرخستنی دا، کۆچی دوایی کرد. ئەم گەڵاڵەیە سیمای سیاسی بەریتانیای گۆڕیو مافی دەنگدانی گواستەوە بۆ چەقی ئەو شارە نوێیانە کە لەسۆنگەی شۆڕشی پیشەسازی‌یەوە دروست ببوون. دیارە ئەمە هێشتا دوور بوو لە دیموکراسی بە مانا ئەمڕۆیی‌یەکەی. بەشێکی زۆری چینی ناوەندیی خوارەوەو سەرجەم چینی کرێکار هێشتا مافی دەنگدانیان نەبوو. سەرەڕای ئەوەش گەڵاڵەکە دەستپێکی بزاڤێکی نوێ بوو بەرەو دیموکراسی‌یەکی گشتگیر لە

بەریتانیا کە لە ماوەی سەدەیەکدا جێگر بوو.

مەرگی بێنتام هەروەک وەک ژیانی، نائاسایی بوو. بەگوێرەی وەسییەتنامەی «زانستیی مۆدێرن»ی ناوبراو، دەبوو لە ڕێورەسمی ناشتنیدا، بە بەرچاوی هاوڕێ تازەبارەکانیەوە تەرمەکەی توێکاری بکەن. دەبوو جلوبەرگی پیاسەکردنەکەی بکرێتە جەستە ئاخنراوەکەیو هەروەها کڵاوە قامیشییەکەشی لەسەر بکەنو لەسندووقێکی شووشەییدا پیشانی خەڵکی بدەن. چونکە پێی وا بوو ئەم «روخسارەی خۆی» لە هەرچەشنە پەیکەرێک سەرنج ڕاکێشتر دەبێ. لەسەر داواکەی ناوبراو ئەم دیمەنە ترسێنەرە ئەمڕۆ لە جێگەیەکی شووشەییدا لە «یونیورسیتی کۆلیژی»ی لەندەندا (کە هەوڵی زۆری بۆ دامەزراندنی دا) دانراوە. خویندکاران بەپێی تێگەیشتنیان لە «بنەمای چێژ»ی بێنتام، هەر چەند ساڵ جارێک هەوڵ دەدەن سەرە مۆمیاییکراوەکەی ئەو «رزگار»( ۱.) بکەن.

## ژیان و بەرهەمەکانی میل

جۆن ستیوارت میل رۆژی ۲۰ی مانگی مای ۱۸۰٦ لە لەندەن لە دایک بوو. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە باوکی چاودێریی خوێندنەکەی دەکرد. جیمز میل سوور بوو لەسەر ئەوەی کوڕەکەی بکاتە بلیمەت. جۆن ستیوارت میل لە تەمەنی سێ ساڵیڕا دەستی کرد بە فێربوونی بیرکاری(مات ماتیک)و زمانی یۆنانیی کۆن. لە تەمەنی هشت ساڵیدا خەریکی فێربوونی لاتین، جەبر و هەندەسە بوو و لە تەمەنی ۱۲ ساڵیدا خۆی بۆ لۆژیک و فەلسەفە ئامادە دەکرد. بەڵام هەموو شتێک بەپێی بەرنامە نەچووە پێش. میل لە حەوت ساڵیدا «تێئێتتوس» ی ئەفلاتونی بە زمانی سەرەکیی، واتە یۆنانی خوێندەوە. ئەگەرچی لە وشەکان تێدەگەیشتو بە دوایدا ڕستەکانی دەخوێندنەوە، بەڵام بۆی دەرکەوت کە بە هەرهۆیەک بێ، ناتوانێ لە کاکڵی بابەتەکە بگا. چونکە ئەم دیالۆگە بەرزەی ئەفلاتون، لە ڕاستیدا باسێکی تیۆرتەسەلە سەبارەت بە هەندێ خاڵی ورد لەمەڕ میتۆدی پێناسەکردنی «لۆژیک» بۆ خۆی، بۆیە نابێ لە چەقین و کۆڵەواریی منداڵێکی وەک جۆن سەرمان سوڕ بمێنێ. بەڵام بۆ جیمز میل وا نەبووو دیسان کتێبەکەی بە جۆن خوێندەوە.

لە ژمارە ٦١٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ۷ی سێپتەمبەری ۲۰۱۳

------------

# ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

## بەشی دووهەم

پرۆگرامی پەروەردەی جۆن، بێگوێدانە هیچ ویستو حەزێکی دیکەی ئەو، ڕۆژانە لە کاتژمێر شەشی بەیانییەوە دەستی پێدەکردو هەتا لای ئێوارەی دەخایاند. بۆی نەبوو لەگەڵ منداڵانی دیکەدا یاری بکاتو نەدەبوو پشووش بدا، تاکوو فێرە تەمبەڵی نەبێو هەروا یەکبین لە خوێندن بەردەوام بێ. هەروەها نەدەبوو بە لای شێعرو خەیاڵدا بڕوا. باوکی پێی وابوو کە دەبێ سۆزی تایبەت بکرێتە قوربانیی دەربڕینی ڕاشکاوانەی دانبەخۆداگرانەی سەلماندن یان ڕەتکردنەوەی گشتی. لە میتۆدەکەشیدا پشتی بەم پەندەی»واڵتەر ليندور» دەبەست کە دەڵێ: «ئاشناکان کەم، دۆستان کەمتر، نایەکدڵ.» جیمز میل گەورەترین داکۆکیکاری ئاشکرای بنەمای چێژی بێنتام بوو. هەروەها مامۆستای «ریکاردۆ» بیرمەندی گەورەی ئابووری بوو . کە لە ماڵە چۆڵەکەیدا ببووە بوونەوەرێکی سامناکی ڤیکتۆریایی. پەرۆشو مشووری ناوبراو بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکەی لەرادە بەدەر بوو. جۆن ستیوارت میل دەڵێ، لەتەمەنی سێزدە ساڵیدا «خولێکی تەواوی لە ئابووری سیاسیدا» بینیبوو. ئەمە چ درۆی تێدا نەبوو:

لەمەودوا ئیدی لە دەمەتەقێی نێوان باوکیو ڕێکاردۆدا بەشدار دەبوو، نوێترین بۆچوونە ئابوورییەکانی دەقۆستەوەو تەنانەت جاروبار تێبینیی زۆر وشیارانەی خۆشی دەردەبڕی.

میل لە تەمەنی پازدە ساڵیدا واتە ساڵی ١٨٢١ «نامیلکەی «ئەخلاقیات و قانوونردانان» ی بێنتامی خوێندەوە. بۆ خۆی دەڵێ: کاتێک ئەم بەرهەمە سێبەرگییەم تەواو کرد»بیووم بە کەسێکی دیکە». ئۆگریی بۆ بێنتامو بیروباوەڕە سوودگەرایانەکەی بێسنوور بوو. «لێرە بەدواوە شتێکم هەبوو کە بەهەق دەبێ پێی بگوترێ ئامانجی ژیان، ئەویش بوون بە ریفۆرمیستێکی جیهانی بوو.»

بێنتام قەت لە خەمی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیدا نەبوو. داوای لە هاوڕێیانو کەسانی نزیکی دەکرد کە کتێبە تەواوبووەکانی لەو نامیلکە ناتەواوانەی کەوا ڕۆژانە دەینووسینو بریتی بوون لە تێرامانە گشتییەکانی لەبارەی بابەتگەلی جۆراوجۆری ڕۆژانەوە، لێک هەڵاوێرنو کۆیان بکەنەوە. جۆن ستیوارت میل لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا

ئەرکی گەورەی کۆکردنەوەو دارشتنی هەزاران لاپەڕە لە دەستنووسە ناخۆشەکانی بێنتامی وەئەستۆ گرت. کە بەسەر یەکەوە زیاتر لە یەک میلیۆن وشە دەبوون. لە ئەنجامدا وەک بەرهەمێک «لەبارەی شایەتەکان» لە چەند بەرگدا بڵاو کرایەوە.

دواتر میل لە ژیاننامەکەیدا کە بۆ خۆی نووسیویەتی ئەو ڕاستییەی وەبیر هێنایەوە کە «من هیچکات گەنج نەبووم.» دەتوانی فەزای ماڵەکەی بێنیتە پێش چاوی خۆت کە تێیدا پیاوێک دەسەڵاتی هەیە کە کوڕەکەی ئاوای باس دەکا: «هەرچەشنە سۆزو خۆشەویستییەکی لە هەر بەرگێکدا بووایە... زۆر بە سووکو چرووک دەزانی. ئەم بابەتانە لای ئەو جۆرێک بوون لە شێتی.» ئاخۆ دایکی میلی گەنج لەگەڵ ئەم دۆخە چی دەکرد؟ ئەو لە ترسان یان لەبەر بێدەسەڵاتی، هیچی نەدەکرد. ئەمانەی بەچاوی خۆی دیتبوو: دایکی شێتخانەیەکی بەڕێوە دەبرد. جۆن ستیوارت میل زۆر بە مەبەست، لە سەرجەم ئەو ٣٢٥ لاپەڕەی ژیاننامەی خۆیدا بۆ یەک جاریش ئاماژەی بە دایکی نەکردوە.

شۆردنەوەی مێشکی جۆن ستیوارت میل بە یارمەتیی باوکی ئەوەندە سەرکەوتووانە بوو کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا تەنانەت ژیانی دەروونیی ئەو بەتەواوی لە ژێر هێژێمۆنی ئەقڵدا بوو. ئەو تەنانەت ئیزنی بە خۆی نەدەدا کە سەرپێچی لە بڕیارەکانی مێشکی ڕاهێنراو و شۆردراوەی خۆشی بکا. تەنانەت وا دەردەکەوت کە لە بەهرەی دەگمەنی خۆشی ئاگادار نیەو ئەم بەهرەیەشی «نەک هەر لە سەروو ئاستی باوی خۆیەوە نەدەدی، بەڵکوو بە کەمتری لە قەڵەم دەدا. «ئەوەی ئەمن دەمتوانی ئەنجامی بدەم، بێگومان هەر کچ و کوڕێکی دیکە بە توانایەکی مامناوەندییەوە دەیانتوانی ئەنجامی بدەن.» کەچی بڕیارێکی ئاوا کەسێک دەیدا کە قەت لە گەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی هەڵسوکەوتی نەکردبوو یان ئازادانە قەت گفتوگۆی نەکردبوو. بەو حاڵەش، وشیاربوونەوەیەکی بەردەوام, وردەوردە لە گەنجێکدا کە قەت گەنجیەتیی نەکردبوو, سەری هەڵدا. لە ڕۆژێکی تەمومژاویی پاییزی ١٨٢٦ی لەندەندا، وەک هەمیشە سەرقاڵی ئەرکەکەی بوو، لەپڕ هەڵوەستەیەکی کردو لە خۆی پرسی «وام دانا هەموو ئاواتەکانت هاتنەدی ... ئاخۆ ئەمە شادو خۆشحاڵت دەکا؟» بە قسەی خۆی «وشیارییەکی خۆڕسک بە بەرزی وەڵامی دایەوە، نا! دڵم داخورپا: ئەستووندەکی ژیانم بەتەواوی شکا.» ئەو پیاوە گەنجەی بڕوایەکی پتەوی بە فەلسەفەی ڕەزامەندی هەبوو، بۆخۆشی دەستەبەر نەدەکرا.

جۆن ستیوارت میل هەر لە کۆنەوە پەریشانییەکی دەروونیی لەگەڵدا بوو. وا دیار بوو دەیشاردەوە، تەنانەت لە

دایکو باوکیشی شاردبووەوە، وا دیار بوو قەت پێیان نەزانیبوو. بەو حاڵەش لە سۆنگەی ئەو کێشە دەروونییەیەوە، ئاڵوگۆڕێکی مەزن بەڕێوە بوو. میل دەستی کرد بە خوێندنەوەی شێعرە ڕۆمانتیکەکانی «وۆردزۆرس»و بەرهەمەکانی کۆمەڵێک ڕووناکبیری ڕۆمانتیکی وەک «سەن سیمۆن» کە داوای ریفۆرمی کۆمەڵایەتیی لە فەرەنسادا دەکرد. دواتر ڕۆژێک لە کاتی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانیدا بە هەڵکەوت شاعیری هەستناسکی فەڕانسەیی «ژان فرانسوا مارمۆنتل»ی دۆزییەوە. کاتێک گەیشتە ئەو بەشە کە شاعیرەکە باسی مەرگی دایکی دەکرد، دەستی بە گریان کرد. باسی ئەوە دەکا کە ئەو «وێنە بەهێزە»ی شێعرەکە کاری تێکردبوو هەرچەند باسی ئەوە ناکا کە دیمەنەکە چی بووە. ئەو ویستە سەرکوتکراوە کە ڕووداوێکی وەها لە ژیانیدا ڕووی داوە، کەتبووە پێش سەردەمی «فرۆید»ەوەو لێکدانەوەی زەحمەت بوو. میل بەو ئەنجامە گەیشت کە چاک بووەتەوە: «ئازارێکی ئەوتۆ کە دەیگوت، هەموو هەستێکم مردوە، نەمابوو.» جۆن ستیوارت میل ئەوجا کەوتە ئافراندنی مرۆڤ لە فەلسەفەکەی خۆیدا.

میل ئەگەرچی باوەڕی بە سوودگەرایی هەبوو، بەڵام لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە ئاوڕی لە بناغەدانەرانی دایەوە. سەبارەت بە بێنتام گوتی:» وشیاریی ئەم ڕۆحە ئاواڵدووانەی بژاردەکانی سەردەمی ئێمە(واتە کەسانێکی ڕۆمانتیکی وەک وۆردزۆرس)، قەت لەودا پێک نەهات.» بەو پێیە بەو ئەنجامە گەیشت کە بێنتام سەر بە «ناکارامەترین و ساردوسڕترین نەوەیە کە بەریتانیا پەروەردەی کردوە.» لەم بۆچوونەدا تەنیا ئەو نیمچە دژایەتییە وشیارانەیەی ئەوی بەرامبەر بە باوکی دەرنەخست، بەڵکوو هەرلەوکاتەدا پێشی وابوو کە بێنتام «خێرخوازێکی گەورەی مرۆڤایەتی»یە. میل جگە لە هێنانەئارای توخمی مرۆیی هەروەها دەیەویست بەگشتی پەرە بە چەمکی سوودگەرایی بدا. بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەی وەک چەمکی لیبراڵی بەرینو بەسوود دەستی پێکردبوو، دەبوو لە ڕووی لۆژیکییەوە بیکاتە فەلسەفەیەکی دارێژراو و بەڵگەمەند.

میل سەرەڕای ئەوەی دەیگوت، چاک بووەتەوە، کەچی وردەوردە لەو بارە پەرێشانە دەروونییە دەرباز بوو. ئێستا ئیدی بە بەشداربوون لە کۆنسێرتە کلاسیکەکاندا، باوکی توورە دەکرد. هەرلەوکاتەدا لە گەرمەی چێژوەرگرتن لەو چەشنە کۆنسێرتانە، زەینە لۆژیکییەکەی دەبزووتو خەمی ئەوەی لێدەنیشت کە مۆسیقاکە درەنگ یان زوو هەر کۆتایی دێ. تەنیا ژمارەیەکی دیاریکراوی نۆتی هەیە و بێ گومان هەموویان دەکار دەکرێن. (سەرەڕای ئەو نەزانکارییە ساکارەی میل، بەخۆشییەوە لەسۆنگەی تەندروستیی ئەقڵییەوە، هێزە لۆژیکییە ریزپەڕەکەی گەڕایەوە).

میل، گەنجێکی وشکو ڕەزاگران، شەکەتو یەکجار زوو ڕسکا بوو، لە سۆنگەی ئەو ئەشکەنجە دەروونییەیەوە، بوو بە خاوەن بەهرەیەکی کەموێنە. لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی یەکجار وشکو هەروەها ئەو هێزی ئافراندنەی کە باوکی تێیدا پێک هێنابوو، بوو بە پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو و توانی لەگەڵ ڕوانگەگەلی دیکەش جوان مامەڵە بکا. هەر بۆیە ئامانجە زۆربەرزەکەی پوختەتر ببوو. هەستێکی زۆر گەشبینانەی لەمەڕ واتای مرۆڤانیی ڕەزامەندیی پەیدا کردبوو و بۆیە بە سووک چاوی لە تاقمگەرایی بەرچاوتەنگانەو بیرتەسکی دەکرد.

پاش ئەم وەرچەرخانە قووڵە دەروونییە. لە تەمەنی بیستوچوار ساڵیدا عاشقی ژنێک بوو کە بە لایەوە زۆر سەرنجراکێشو زیرەک بوو. ئەویش «هەرییت تیلۆر»ی بیستو دووساڵ بوو، شاعیرێکی پڕ هەستو سۆزی کەوی بوو، زوو وەڵامی جۆنی دایەوە. بەڵام مخابن شوودار بوو . شووەکەی بازرگانێکی بەکەیفو سەرکەوتوو بوو کە دەرکەوت لە تێگەیشتن و زانایی‌دا لە میل کەمتر نیە. جۆن هەرییت تیلۆری خۆش دەویست، بەڵام هاوسەرە بەهێزەکەی زوو بەو قەناعەتەی گەیاند کە جۆن ستیوارت میلی خۆش دەوێ. هەستی وەفاداری «هەرییت» بە مێردەکەی . کە زۆر قووڵ خۆشی دەویست . وای لێکرد تاکو مێردەکەی لەوە دڵنیا بکاتەوە کە ئەگەرچی پێداگرە لە سەر ئەوەی دڵبەرەکەی ببینێ، بەڵام لە نێوانیاندا پێوەندییەکی «ناشیاو» نایەتە گۆڕێ. ساڵی دواتر شاژنە «ڤیکتۆریا» بوو بە شاژنی بەریتانیاو ئەم پێوەندییە ئەویندارانەیە(ڤیکتۆریایی‌یە) بیست ساڵی دیکەشی خایاند.

میل بەردەوام لە گەڵ هەرییت تیلۆر یەکتریان دەبینیوتەنانەت هەندێ جار کە جۆن تیلۆر بە بۆنەی کاری بازرگانی‌یەوە لە سەفەردا بوو، پشووی کۆتایی هەفتەشیان پێکەوە دەبردە سەر. کاتێکیش دەرفەت نەڕەخسابا، جۆن تیلۆر دوای نانی شێوان بەئەنقەست دەچووە یانەکەی خۆیو دواتر سەروکەللەی جۆنی عاشقی ژنەکەی بۆ شەوێکی ئەفلاتونی وێڕای شێعرو باسی فەلسەفی، پەیدا دەبوو. پاش چەند ساڵ جۆن تیلۆر وای لێهاتبوو زوو هەڵدەچوو، جۆن ستیوارت میلیش بەردەوام بڕۆی دەفڕی(لەنەکاو توند دەجووڵا) و چەند ئازارێکی ڕۆحییش هەرییتیان تێک دا . بەڵام بەدەر لەمانەش، بەڕواڵەت وا دیار بوو هەموویان ئارامو بێ کێشەن. ئەمان کە پشتیان بەوپەڕی هێزی ڕەسەنایەتیی خۆیان دەبەست، هەر سێکیان قاڵ ببوون، بۆیە هەرسێکیان سەر کەوتن. تیلۆر لە بازرگانیکردن بە کەرەستە کیمیایی‌یەکان پارەیەکی زۆری کۆ دەکردەوە، میل بوو بە فەیلەسووفێکی دیارو هەرییتیش کاریگەرییەکی زۆری لە دروستبوونی بۆچوونەکانیدا هەبوو.(میل دواتر ڕایگەیاند کە لە نووسینی زۆربەی بەرهەمە سەرەکییەکانیدا، هەرییت هاوکاریی کردوە.) ئەودەم ڕۆژ ڕۆژی دەنگۆ ڤیکتۆریایی‌یەکان بوو. میل لە گەڵ سەرجەم ئەو دۆستو هاوڕێیانەی کە تەنانەت پرکێشیی ئەوەیان کردبا کە لە لای باسی دڵبەرەکەی بکەن، دەنگی دەبڕی.

تیلۆر سەرقاڵی میوانیگەلی مەیخواردنەوەی شەوانەی خۆی بوو. هەربۆیەش توانایەکی سەیری لە خۆ بووراندنەوەدا پەیدا کردبوو.

میل هەر وا شێلگیر بوو لەسەر ئەرکەکەی خۆی. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا چووە نێو کاری بەڕێوەبەرییەوەو پۆستێکی بەڕێوە دەبرد لە کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵات کە باوکی یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی بوو. (جیمز میل ئیزنی ئەوەی نەدەدا کە کوڕەکەی میراتە فیکرییەکانی لە زانکۆدا خراپ بکا). چەند ساڵ دواتر جۆن ستیوارت میلیش ئەرکی هەڵەبڕیی «وێست مێنستر ری ڤیو» ی بەناوبانگی گرتە ئەستۆ کە نووسەرانێک وەک: کالریج و جۆرج ئەلیوت کاریان تێدا دەکرد. (یەکێک لە دەسکەوتە ئەدەبیو فەلسەفییەکانی ئەم گۆڤارە، ناساندنی کانت بە خوێنەرانی ئینگلیزی زمانو لێکدانەوەی بەرهەمەکانی شۆپێنهاوەری نەناسراو بوو کە ئەمەش وای کرد، هەرچەند بە درەنگەوە، بەڵام پاش ئەم کارە، ناوبانگی شۆپێنهاوەر لە ئەڵمانیا بڵاو بێتەوە.)

ئێستاکە ئیدی بێنتام هەر پەیکەرە ترسێنەرە مۆمیاییکراوەکەی لە سندووقێکی شووشەییدا لێمابووەوە. ساڵی ١٨٣٦ جیمز میلیش کەوتە نێو جێگاو بەو بۆنەیەوە، جۆن ستیوارت میل، تووشی نەخۆشییەکی دەروونیی دیکە هات. هەربۆیە لە دوارۆژانی ژیانی باوکیدا نەیتوانی لە لای بێ. دوای کۆچی دوایی جیمز میل کوڕەکەی چاک بووەوە، بەڵام ئێستا فڕینی بڕۆی دیارتر بوو.

لە ژمارە ٦١٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

------------------------

## ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

### بەشی سێهەم

جۆن ستیوارت میل لە ساڵی ١٨٤٣دا «سیستمی لۆژیک» ی بڵاو کردەوە و ناوبانگی پێ دەرکرد. ئەم بەرهەمە

لەسەر نەریتی ئەزموونگەراییی ئینگلیزیی «لاک، برکلی و هیوم» دا دەڕوات، بەڵام ئاوڕ لە فەلسەفەی مێتافیزیکیی دواتری ئەڵمانیا ناداتەوە کە بووە هۆی دروستبوونی کانت و هێگل. (میل باوەڕی بە مێتافیزیک نەبوو، بەڵام مێتافیزیکی ئەڵمانی یەکێک لەو بابەتە دگمەنانە بوو کە بەقووڵی کاریان تێ کرد. هەر وەک لەم بارەیەوە دەڵێ ئۆگری بە فەلسەفەی هێگل «عەقڵ تێک دەدات.») ئەزموونگەرایی میل بووە هۆی ئەوەی بەستێنێکی فەلسەفیی پێویست بۆ چەمکی سوودگەرایی پێک بێت. میل وەک ئەزموونگەراکان پێی وابوو کە هەرچەشنە شارەزاییەکانی ئێمە لە ئەنجامدا بەرهەمی ئەزموونە. ئەم بنەمایە رەنگە پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە بێت، بەڵام تەنانەت خودی بەڵگەهێنانەوەش بەرهەمی ئەزموونە. ئێمە لەرووی مێژوویی، دەروونناسی و فەلسەفییەوە، هۆ و هۆکارەکان لە دەرەنجامی گەڕانی زۆرەوە دەدۆزینەوە. واتە گشتگیریان دەکەین، کە ئەمەش بۆ خۆی دەرەنجامی گەڕانە. دەبینین کە رووداوی ئەلف(هەتاو) لە رواڵەتدا رووداوی ب(توانەوەی سەهۆڵ)ی لێ دەکەوێتەوە. هەزاران جار ئەم حاڵەتە دەبینین. بەم پێیە بەو ئەنجامە دەگەین کە «ئەلف» هۆی «ب»یە (هەتاو سەهۆڵ دەتوێنێتەوە.) لە روانگەی میلەوە، هەرچەشنە رامانێکی زانستی بەم پرۆسەیەدا دەرباز دەبێ: یاساکانی لە رێگای ئەزموونی مەیدانییەوە دادەنا.

میل دەیزانی کە ئەنجامگیریی»استقرایی» هەڵەهەڵگرە. بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە چەند جار بینەری رووداوی هاوچەشن بووبین، بەڵام ئەمە وا ناکا لەوە دڵنیا بین کە جارێکی دیکە شتێکی جیاواز روو نادات. «هەموو قوو(قاز)ەکان سپین» هەمیشە وا دادەنرا ئەمە راستە. تا ئەو کاتەی کە ئۆسترالیا دۆزرایەوە و ئەوروپییەکان لە کۆتای سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا بەرەو ئەوێ کۆچیان کرد، دەرکەوت کە قووی رەشیش هەیە. لە مەعریفەی «استقرایی»دا هەمیشە ئەگەری روودانی هەڵە هەیە. سەرەڕای ئەمەش میل پێداگر بوو کە وەها مەعریفەیەک دەکرێ لە چەند رووەوە جێگای متمانە بێ. ئەمەش لە رێگای چۆنیەتیی بەدەستهێنانی ئەو مەعریفەیەوە و هەروەها ئەو بەڵگەی کە پێشکەشی دەکات، دەکرێ بەمیتۆدی ئەزموونی بسەلمێنرێت. ئەگەر مەعریفەیەک لە پێکهێنانی مەعریفەدا پتردا نەخشی هەبێ، دەردەکەوێ کە بنەماکەی بەهێزترە. پارادایمە گشتییەکانی ئەزموون دەتوانن «یاساکان»ی سروشت ئاشکرا بکەن و ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان دەتوانن لە ئاشکراکردنی یاساکانی دیکەی سروشتدا بەکەڵک بن. ئەوە کە زۆربەی ترشەکان لە بەرامبەر تفت (قلیا)کان خوێ بەرهەم دێنن، ئەو گریمانەیە لای کیمیازانان پێک دێنێ کە رەنگە هەموو ترشەکان لەخۆیاندا توانای ئەوەیان هەبێ لە دژکردەوە لە بەرامبەر تفتەکاندا، خوێ بەرهەم بێنن. دەکرا ئەمە دواتر تاقی بکرێتەوە و زۆر دژکردەی تایبەت لەم رێگاوە ئاشکرا بکرێت.

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە کاربڕە تەنانەت لە بوارە نازانستییەکانیشدا ڕەنگە روو بدات. یەکەم: ئەنجامگیریی ئێمە لە کۆمەڵە ڕووداوێکی بەردەوامی تایبەتدا ئەزموونێکی سادەی تاکە کەسییە. بۆ وێنە بۆمان دەردەکەوێ کە خواردنەوەی زۆری بیرە مرۆڤ سەرخۆش دەکا. دواتر ئەمە دیسان دووپات دەبێتەوە و بەیارمەتیی ئەزموونەکانی ترمان پارادایمێکی تەبا دروست دەکا. خواردنەوەی بڕێکی زۆری شەرابی سێو یان شەرابی ترێ یان ویسکیش مەستمان دەکات. ئەمە بەرەوە دەرەنجامی دیکەمان دەبات: کەواتە خواردنەوەی زۆری هەرچەشنە کحوولێک مەستمان دەکات.

لەمانەش گرنگتر ئەوەیە کەوا کۆمەڵێک ئەنجامگیریی تریش لەمەڕ سەرجەم ئەزموونگەلی خۆمان دەکەین. بەگوێرەی ئەزموونە بەردەوامەکانی خۆمان دەگەینە ئەو ئەنجامە کەوا هەر دیاردەیەک پەیڕەوی هاوئاهەنگییەکی گشتییە. هەڵسوکەوتەکان لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا هاوئاهەنگن. بۆمان دەردەکەوێ کەوا سروشتیش بۆ خۆشی لەگەڵ زنجیرە یاسایەک گشتیی دیاردا هەماهەنگە. لە ئەنجامی ئەم هەموو ئەزموونە بەردەوام و بەرینەدا تێ دەگەین کە هەر بەهۆیەک هۆیەکی هەیە. ئەم ئەنجامەش لەرووی مێژووییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی ئێمەدا پەیدا دەبێ، دەبێتە بەشێک لە سیستمی ئەقڵیمان و کار دەکاتە سەر خوێندنەوە فەلسەفییەکانمان. دەبێتە بەشێک لە شێوەی ژیان و بوون و بیرکردنەوەمان.

کاتێکە گەیشتینە ئەم ئەنجامەی هۆیەتی(علیت)، دەتوانین هەنگاوی دیکە هەڵبگرین و لەگەڵ «ئەنجامگیریی دەفعی(دەردراو)» لە رووی زانستییەوە شتی زیاتر بدۆزینەوە. ئێمە ڕووداوێک ئەزموون دەکەین و ڕەنگە چەند هۆکاری بۆ بدۆزینەوە. یەکێک دەمرێ: ئێمە هەموو ئەو هۆکارانەی کە ڕێیان تێ دەچێ، تاقی دەکەینەوە. ئاژەڵێک تۆی دەبڕێتەوە، بەدوای کۆمەڵە هۆکارێکدا دەگەڕێین و هەندێک هۆکاریش لەبەرچاو ناگرین. هۆکارە جیاوازەکان یەکە یەکە دەخەینە لاوە تا دەگەینە وەڵامی ڕاست. ئەمە لە خۆیدا کاردانەوەی دەبێ و باوەڕی ئێمە بەرامبەر بە یاساکانی هۆیەتی بەهێزتر دەکا. بەڵام هەر وەک دەتوانین دەبینین، تەنانەت ئەم «ئەنجامگیرییە دەفعی «ـەش بە تەواوەتی لەسەر بنەمای «ئەنجامگیریی استقرایی»ی پێشوو دانراوە.

بە باوەڕی میل، ئەنجامگیریی «استقرایی» لاوەکی سەرچاوەی سەرجەم مەعریفەی زانستیی ئێمەیە. ئێمە دواجار پشت بەم مێتۆدە دەبەستین. کە لە دوو توخمی بنەڕەتی ـ ئەزموون و یادەوەری ـ سوود وەردەگرێ.

بەڵگەهێنانەوەی میل زۆر بەهێزە، بەڵام خاڵی لاوازیشی هەیە. سەرەڕای ئەنجامگیریگەلی لاوەکی ـ وەک تەبایی و هۆیەتی ـ بەڵام ئەمە بەڵگەهێنانەوەی جۆن لەسەر ئەزموونگەرایی سەرەکیی هیوم، وەڵامدەری داهاتوو نییە. هەموو مەعریفەی ئێمە کە بەرهەمی ئەنجامگیرییە تەنیا لەسەر هاوئاهەنگیی رووتی رابردوو و ئێستایە. لە سەر ئەو گریمانەیەش دانراوە کە داهاتوو لەگەڵ ئێستا و رابردوودا هاوئاهەنگ دەبێ. بە ڕای میل ئەو گریمانەیە کە داهاتوو هەر وەک رابردوو دەبێ، پێوەندیی بە مەعریفەی «استقرایی» لاوەکی ئێمەوە پەیدا دەکات. بەڵام ئەمە خاوەن دەورێکی لۆژیکییە. ئەستەمە کەوا «استقرا»یەک ئەوە بسەلمێنێ کە داهاتوو وەک رابردوو یان ئێستا دەبێ ـ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە کە سەرجەم پرۆسەی «استقرا» لەسەر ئەم گریمانەیە وەستاوە!

هەڵەی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ خودی زانایان. مێتۆدی ئەوان لە دۆزینەوەی یاسا نوێیەکاندا، لەراستیدا پێوەندییەکی لاوازی بە ئەنجامگیریی «استقرایی»ەوە هەیە، یان بەگشتی هیچ پێوەندییەکی نییە. زانا راستییە ئاڵۆزەکان تاقی دەکاتەوە و گریمانەیەک بۆ شیکردنەوەیان پێشکەش دەکا. دواتر بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە لەگەڵ راستییەکانی تر دەگونجێن یا نا، تاقییان دەکاتەوە. ئەگەر بگونجێن ئەوا گریمانەکەی وەک لۆژیک، یاسای زانستی، یان تەنانەت وەک یاسای سروشت دەچەسپێت. بەڵام میل بەم شێوەیە چاو لێ ناکات. بە ڕای ئەو هەر گریمانەیەک هەمیشە دەکرێ گومانی لێ بکرێت. رەنگە گریمانەی دیکە هەبن کە لەگەڵ سەرجەم راستییەکان بگونجێن. مێتۆدی گریمانەیی بۆ ئەوە کە دەبێ کام گریمانە قبووڵ بکرێ، هیچ رێنوێنییەکی تێدا نییە.(سەرەڕای رەخنەی میل، سەرجەم ئەنجامگیریگەلی دووەمی تێکەڵکەر کە بەرهەمی ئەنجامگیریی «استقرایی»ن ئەم کەمایەسییەیان پێوە دیارە.)

مێتۆدی پراکتیکیی میل، پرسیارێکی رووخێنەری دیکە دەخاتە بەردەم ناوبراو: چۆن دەزانن ئەو دیاردانەی کەوا ئەزموونیان دەکەین، جیا لە ئەزموونی ئێمە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەدی دەکرێن؟ یان با بڵێین، چۆن دەکرێ بزانین کە شتێک وەک جیهانی راستەقینە و راوەستاو هەیە؟ میل بەردەوام خۆی لەو گریمانەیە دەدزییەوە کە وای دابنێت لەو دیو وشیاریی ئێمەوە جیهانێکی ئەبەدی هەیە. لە باتی ئەوە پێشنیازی دەکرد «مادە» وەک «ئیمکانی بەردەوامی هەست» لە قەڵەم بدەین. ئەو دڵنیا بوو کە «ئەم بۆچوونە لەمەڕ مادە تێکڕای ئەو پێناسانە دەگرێتەوە کە لە جیهانی ئاساییدا بۆی دەکرێت.» رەنگە چیدیکە خەڵکی ئەم جیهانە گشتییە ئەوەندە بەمە قایل نەبن. میل قسەکەی ئاوا تەواو کرد کە مێنتەڵێتیش بریتییە لە» ئیمکانی بەردەوامی هەستکردن». مێشکی ئێمە بریتییە لە زنجیرەیەک لە هەست و هۆش کە وەک « هەوودای وشیاری» دەکرێ خۆی بناسێ. بەهەڵکردنی

سەرەداوی ئەم هەودایە، یاردەوەری بۆ زەین دروست دەبێت.

ئەم شرۆڤەیە وەڵامی ئەوە ناداتەوە کە لەرووی رۆحی و جەستەییەوە روو دەدا. بەو حاڵەش دەستەواژەی «هەودای وشیاری» بەوشێوەیە کە میل ئاماژەی پێ کردووە، زۆر رەنگی پێشگۆیی پێوە دیار بوو. نیو سەدەی خایاند تاکو «ویلیام جیمز»، دەروونناسی ئەمریکی روونکردنەوەیەکی باشتری سەبارەت بە مێشک و «رەوتی تراو(بزۆز)ی وشیاری» پێشکەش کرد. میل رەنگە یەکەم هەنگاوی بەرەو لای ئەم هەڵێنجانە داهێنەرانە و رۆشنگەرانەیە نابێ.

بە باوەڕی میل ئێمە یاساکانی لۆژیک لە رێگای ئەنجامگیریی «استقرایی»ەوە دەدۆزینەوە. یاساگەلێک وەک یاسای شوناس ـ شتێک لە یەک کاتدا ناتوانێ خۆی و شتێکی دیکە بێ ـ بەشێوەی ئەنجامگیریگەلی لاوەکی، بەرهەمی ئەزموونی ژیانی رۆژانەیە. بەهەمان شێوە یاساکانی بیرکاری، بەرهەمی لۆژیکی ئەنجامگیری دیاردەکانە. ژمارەی یەک ئەو گشتیکردنەیە کە بەرهەمی بینینی تاکە تەنەکانە. بەم شێوەیە ژمارەی دوو، ئەو گشتیکردنەیە کە بەرهەمی بینی جووت تەنەکانە. ئەم دوو گشتاندنە جیاوازە هەرلەبنەڕەتدا پێوەندییان پێکەوە نییە، یان بەرهەمی زنجیرەیەک چەمکی ساکاری بنەڕەتیی بیرکارین. کەواتە ٢=١+١ ئەمە دەرەنجامێکی رووتی ئەزموونە و لە هیچ بارێکەوە لەرووی لۆژیکی و بیرکارییەوە «زەروری» نییە. لیرەدا تەنیا ناسینەکە بەرهەم هاتووە، وەک «سەرجەم قووەکان سپین». بەپێی بۆچوونی میل ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا دەرکەوێ کە ١+١ یەکسان نەبێ بە ٢. بەڵام لە سۆنگەی ئەزموونی زۆری تاکو ئیستامانەوە، ئەو راستییە سەلمێنراوە کە ٢=١+١، بۆیە لە دروستیی ئەم بابەتە تەواو دڵنیاین.

لە راستیدا لێرە میل بەپێچەوانەی بۆچوونی باوکی، کە لە بیرکاریدا نۆمینالیست بوو، بەڵگەی دەهێنایەوە. جیمز میل پێی وا بوو کە ١+١ تەنیا پێناسەیەکی ٢ یە و سەرپاکی بیرکاری لەسەر ئەم جۆرە پێناسانە دانراوە. جۆن ستیوارت میل کەوتە بەر لێشاوی رەخنە و تووڕەیی ژمارەیەکی زۆر لە بیرکاریزانانی سەدەی نۆزدە. بەتایبەت کەسێکی وەک «ویلیام هیوئێل» کە مامۆستایەکی دیاری کامبریج بوو و روانگەیەکی «شهوودی»ی بوو. بە باوەڕی «شهوود گەراکان»، ئێمە قەت ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ١+١ ناکاتە ٢. ئەمە هەر لەبنەڕەتدا گومانی لەسەر نییە. بەم پێیە ١+١ دەکاتە ٢. دەبێ وابێ و رێگایەکی دیکە نییە. سەرجەم بیرکاری لەسەر بنەمای دڵنیایی تەواوی ئەم جۆرە شهوودە بنەڕەتییانە دانراوە.

میل بۆ دەربڕینی دژایەتیی خۆی لەم بارەیەوە، رای گەیاند کە ئێمە ئێستاکە شارەزای زۆر چەمکین کە پێشان هەر بە خەیاڵیشماندا نەدەهاتن. لە سەرپاکی سەدەگەلی ناوەڕاستدا بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات کە زەوی خڕ بێ و بەدەوری خۆردا بسووڕێتەوە. هەتاکو نیوتۆن هێزی راکێشەری زەویی نەدۆزییەوە، بەبیری کەسدا نەدەهات کە زەوی لە مەودایەکی یەکجار دوورەوە کار بکاتە سەر خولانەوەی مانگ.

بەڵام روانگەی ئەزموونگەرانەی میل بۆ بیرکاری، چەند رەخنەیەکی لەسەرە. رەخنەی سەرەکی لە گرێدانی ژمارەکان بە ئەزموونگەریی ئیمەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆکی بیرکاری. لە سنووری ئەزموونی ئێمەدا ژمارەی شتەکان دیارە. لە لایەکی دیکەشەوە دەزانین کە لە بیرکاریدا ژمارەکان بێ بنن. رەخنە و کێشەیەکی لەم چەشنە لە هەندسەی نوێوە سەری هەڵدا کە هەر لەو سەروبەندەدا لە لایەن «لۆبا چێفسکی» بیرکاریزانی روسەوە دۆزرابووەوە. ئەمەش زەبرێکی کوشندە بوو لە روانگەی ئەزموونگەرایانە لەمەڕ بیرکاری. لۆبا چێفسکی ئەوەی سەلماندبوو کە هەندسەی ئۆقلیدسی لەسەر رووپەڕێکدا دەکێشرایەوە و «تەخت» بوو، تاکە فۆرمی هەندەسە نییە. هەندەسەگەلی تەواو جیاوازی دیکە هەن کە لە رووبەرگەلی کەوانەییدا دەکێشرێنەوە. ئەمانە زۆر کەمتر پێوەندییان بە جیهانی سروشتییەوە هەیە. فەزای بیرکاری و فەزای سروشتی هیچیان لە یەکیان ناچێ. ئیدی لێرەدا جیاوازیی تەواوی ئەزموون و بیرکاری دەردەکەوێ.

لە ژمارە ٦١٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

------------------------

## ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

### بەشی چوارەم

میل لە ساڵی ١٨٤٤دا دەستی کرد بە خوێندنەوەی زانستی ئابووری کە ئەو کات پی دەوترا ئابووریی سیاسی.

ئەم بەشە تازە کرابووەوە. «ئادام سمیت» ٧٠ ساڵ پێشتر بناخەی ئەم بەشەی بە کتێبی «سامانی میلەتان» دانابوو.

میل لە کتێبی «بنەماکانی ئابووریی سیاسی» دا پتر لەژێر کاریگەریی ئەو بنەما ئابوورییانەدایە کە بناخەکەی سەرەتا بەدەستی سمیت دانرا و دواتر ریکاردۆ پەرەی پێ دا. ئەم نەریتە بە»ئابووریی کلاسیک»ناسراوە. بەڵام میل چەندین داهێنانی دیکەی لە بوارەدا کرد و ئەم نەریتە کلاسیکەی بۆ هەمیشە گۆڕی. قووڵترینەکەیان لە هەمووان ساکارترە: میل بەو ئەنجامە گەیشت کە بنەما سەرەکییەکانی ئابووری پێوەندییان بە بەرهەمهێنانەوە هەیە نەک دابەشکردن. بەرهەمداریی کار، خاک، ئامێرەکان ـ کەموزۆر دەکرێ سەرکەوتوانە ئەمانە، بەپێی یاساگەلی بابەتیی تایبەت رێک بخرێن. ئەو یاساگەلە دەکەونەوە ژێر کاریگەریی فاکتەرگەلی وەک وەک سروشت (تێروپڕی و قاتوقڕی)، بەرهەمداری(ی کار، ئامێرەکان). بەهەمان شێوەیە سامان بە پێی یاسا و هۆکارگەلی بابەتی پێکەوە دەنرێ و ئەو هەلەش دەڕەخسێنێ تاکو لەرووی چەندایەتیشەوە زیاد بکرێ. بەڵام کاتێک سامانەکە پێکەوە نرا نازانرێ چۆن پەرە بە دابەشکردنی بدرێ.

پێشتر، سمیت، ریکاردۆ و لایەنگرەکانیان لەکاتی دەرکەوتنی دەرەنجامی ئەو یاسا ئابوورییانەی کە دایان دەهێنان، هەروا سووک لەبەرپرسیارەتی خۆیان دزیبووەوە. بازاڕی ئازاد خاوەن یاساگەلی «سروشتی»ی خۆی بوو و هیچیشی پێ نەدەکرا. کاتێک بازاڕ پڕ دەبوو لە شمەک، نرخەکان دادەبەزین ـ و هەقدەستەکان بەگوێرەی ئاستی داوا بوو. کاتێک زەویی چاندن کەم دەبووەوە، کرێ زەویش بەرز دەبووەوە. پرسەکە لەمە نەدەترازا، رەنج و کوێرەوەریشی بەدواوە بوو. بۆچوونی میل لەمەڕ لاسەنگیی بەرهەمهێنان و دابەشکردن، لەوەندەی پێوەندیی بە دابەشکردنەوە هەبووە، ئەم یاسا سروشتیانەی هەڵپێچا. کاتێکە سامانێک بەرهەم هاتووە، کاتێکە شمەک بۆ خستنە بازاڕ ئامادەیە، «مرۆڤ چ وەک تاک و چ وەک کۆ چۆنی پێ خۆش بێ، لەگەڵی دەجووڵێتەوە. چۆن حەز بکا دەیداتە ئەو کەسانەی پێی خۆشە.» دابەشکردن، یاسایەکی «سروشتی»ی نییە. «رێسا و یاسا باوەکان بەگوێرەی بیروباوەڕ و هەستی بەشی بڕیاردەری کۆمەڵگە دیاری دەکرێن و بەپێی کات وشوێنی وڵاتانی جۆراوجۆر گۆڕانکاریی زۆریان بەسەر دا دێ و ئەگەر مرۆڤ بیەوێ دیسان دەکرێ ئاستی جیاوازییەکەیان زیاتر بکا.» ئەخلاق لە بواری دابەشکردندا وەک فاکتەرێک سەیر دەکرێ. میل ئاماژەی بەوە کردووە کەوا دەکرێ ئەخلاق لە ئابووریی سەرمایەداریدا سەنگ و بەهای پێ بدرێ.

ئەمە روانگەیەکی نوێ بوو. ئەم روانگەیە لەگەڵ روانگەی سوسیالیستەکانی سەدەی نۆزدەم و مارکس کە هاوچەرخی میل بوون (کە لە هەمان ساڵدا «مانیفێستی کۆمۆنیزم» ەکەی بڵاو کردەوە کە میل بنەماکانی ئابووریی سیاسییەکەی تێدا بڵاو کردەوە) زۆر جیاواز بوو. مارکس و سوسیالیستەکان دەیانەویست بەگۆڕینی سەرجەم سیستمی ئابووریی بازاری ئازاد بۆ سیستمێکی سوسیالیستیی کۆنترۆڵکراو، ئەخلاق لە ئابووریدا بێننە گۆڕێ. بەڵام میل ئەخلاقی لە بنەڕەتدا دژی سەرمایەداری دەزانی. ناوبراو بە جیاکردنەوەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن، دواتر ئەو پێشنیارەی هێنایە گۆڕێ کەوا لەو شوێنانەی پرسی دابەشکردنی سامان لەگۆڕێدایە، با پشت بە پرەنسیپی سوودگەرایی ببەسترێ.

دابەشکردنی سامان لەو کاتەدا زۆر دژی سوودگەرایی بوو. وا لێک دەدرایەوە کە گوایا هەر بۆ ئەوە داڕێژراوە تاکو زۆرترین کولەمەرگی تووشی زۆرینەی خەڵک بکا. میل شۆڕشگێڕ نەبوو و بەتەماش نەبوو سیستمەکە برووخێنێ. بەڵکو ئەو دەیەویست لەرێی بۆچوونەکانییەوە ریفۆرمێکی وا لە سیستمەکەدا پێک بێنێ کەوا ژیانی تێکڕای ئەوانەی تێیدا بوون خۆشتر بکا. بێ گومان رێبازی سوودگەرایی یەکەمین فەلسەفەی ئەخلاقی بوو کە دەکرا لە پێکهاتەی ئاڵۆزی بازرگانیی نوێدا پشتی پێ ببەسترێ و کەسیش هەست بەوە نەکا کە ساویکانە، ناپوختە و بێ کەڵکە. ئەمەش بەشەو و رۆژێک باری ئابووریی نەدەگۆڕی، بەڵام وردە وردە کاریگەری و نەخشی لە ماوەی ١٥٠ ساڵی رابردوودا تاکو ئەمڕۆ بەردەوام زیادی کردووە. سوودگەرایی، ئەگەرچی دەقاودەق دانی پێدا نەنراوە، کەچی تاکو ئێستا لە سەرجەم ئاڵوێری بازاڕی کاردا، لە دانوستان لەگەڵ یەکێتییە پیشەییەکان، لە ئاستگەلی بەڕێوەبەری و کارگێڕیدا دانی مووچەدا لانیکەم رێنیشاندەری سەرەکییە. رەنگە کاریگەرییەکی راستەوخۆی بەسەر سەرجەم ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییانەوە نەبێ، بەڵام بێ گومان چاکسازییان تێدا دەکا و دەرکەوتی هەموویانە. ئەمە پێوەرێکە کە زۆربەمان لە کاتی داوەریمان لەسەر دابەشکردنی سامان بەکاری دێنین. ئەوە خۆشە کە دەڵێن قازانجی زۆروزەوەندی خاوەن کۆمپانیا گەورەکان «بازاڕ دەیسەپێنی.» ئەمەش تەنیا وەک پرسێکی تایبەتی بەرهەمهێنان، لەو دیوی پرسگەلی ئەخلاقییەوە دادەنێن. رەخنەگرتن لە وەها ئەنجامێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە سەرەتاییە کە میل کردوویەتی و پێ داگرە لەسەر ئەوە کە پرسەکە، پرسی دابەشکردنە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم جۆرە بژاردنەوانە بەدەرن لە بنەوا ئابوورییەکان و دەکەونە سنووری داوەریکردنی ئەخلاقییەوە. کاراترین چەمک لێرەدا، بە باوەڕی زۆربەی خاوەنرایان چەمکی بەسوودمەندزانینی چاکەی گشتییە.

میل لە کاتی نووسینی «بنەماکانی ئابووریی سیاسی»دا زۆرجار لانیکەم جارێک لە هەفتەدا لەگەڵ هەرییت تیلۆر

شێوی دەخوارد. هێشتا زۆری خۆش دەویست و دواتر رای گەیاند کە لەو قۆناغەدا هێندە کە تیلۆر کاری تێ کردووە کە وەک هاوکاری وا بوو و زۆربەی بۆچوونە نوێیەکانی لەوەوە وەرگرتووە و تەنانەت بەشێکی زۆری لە کتێبەکەی ئەو نووسیویە. میل پێی وا بوو کە هەرییت زەینێکی «تەواو هونەرمەندانە»ی هەیە. لەراستیدا «ژیری»یەکەی وای لێ کردبوو کەوا شایانی ئەوە بێ «لە ناو دەسەلاتدارانی مرۆڤدا، وەک بەرزترین کەس» ببێتە سەرتۆپ. بەلام کەسانی دی، کە بەچاوێکی عاشقانەوە سەیریان نەدەکرد، بەچاوێکی تر سەیریان دەکرد: ژنێکی ئاسایی و کەموزۆر لەخۆبایی. بەهەرحاڵ گومان لەوەدا نییە کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هەرییت ئیلهامدەر و پشتیوانێکی گەورەی میل بوو. نەخشەکەی بەوردی، هێشتا ناڕوونە، بەلام گومانی تێدا نییە کە لە کاری یەکێک لە گەورەترین و ناسراوترین بیرمەندانی ئەو سەردەمەدا، نەخشی هەبوو و نەخشەکەشی گرنگ بوو. لەم سۆنگەیەوە ئێستاکە هەرییت تیلۆریان خستووەتە ریزی پێشڕەوانی بزووتنەوەی فێمێنیستییەوە. میلیش دواتر ئەرکی خۆی بۆ رزگارکردنی ژنان بەجێ هێنا . و هەر وەک لە بەشەکانی تردا دەیبینین لەم پێناوەدا زۆربەی بۆچوونەکانی تیلۆر بوونە رێنیشاندەری.

لە ساڵی ١٨٤٩دا مێردەکەی هەرییت کۆچی دوایی کرد. دوای تێپەڕینی دوو ساڵ کە ماوەیەکی گونجاو بوو، سەرەنجام جۆن ستیوارت میل لەگەڵ هەرییت تیلۆردا زەماوەندی کرد. ئێستاکە ئیدی بەدوور لە هەرچەشنە دەنگۆیەک دەیانتوانی پێکەوە لە خانوویەکدا بژین. لە هەمانکاتدا، جیا لەمەش پێوەندییەکەشیان هەر وەک پێشوو بەردەوام بوو. ئەگەرچی دڵنیاش نین، بەلام هەموو بەڵگەکان وا نیشان دەدەن کە ئەم زەماوەندە، قەت پێکی نەگەیاندن. لە راستیدا ئەو روانگە پاکەی کە بەرامبەر بە یەکتری بوویان دەبوا گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا هاتبا و لەم فۆرمەدا نەمابا. چونکە پێوەندییەکەیان وای لێ هاتبوو هیچ کامیان نەیاندەتوانی بچووکترین پێوەندیی جەستەیی پێکەوە بکەن. برۆی میل بە بەردەوامی دەفرێ و هەرییتیش ئەوەندە خۆی لە نەخۆشی دابوو کە ئەمە تاڕادەیەک پەکی خست.

پاش شۆڕشی هند، لە ساڵی ١٨٥٨دا، کۆمپانیای هندی خۆرهەلات هەڵوەشایەوە و دەوڵەت بەڕێوەبردنی ئەو ولاتەی گرتە ئەستۆ. میل وەک بەڕێوەبەرێکی پایە بەرزی کۆمپانیاکە بە مووچەیەکی باشەوە خانەنشین کرا. لەگەڵ هەرییت چوون بۆ باشووری فەرەنسا تا بەڵکو هەرییت ئاووهەوای ئەوێی پێ بکەوێ و چا بێتەوە. ئێستا ئیدی دەرکەوتبوو کە نەخۆشییەکانی هەرییت تەنیا دەروونی نین، بەڵکو تووشی دەردەباریکەش بوو (کە رەنگە لە خودی میلەوە تووش بووبێ کە بەردەوام بە کۆخە کۆخ شین و مۆر هەڵدەگەڕا). کاتێک گەیشتنە ئەوینیۆن، هەرییت

تووشی تایەکی زۆر توند بوو. میل هەر پێی دەکرا بەترس ولەرزەوە سەیری ژاکان و گەڵانی خێرا و مەرگی هەرییتی خۆشەویستی بکا.

میل بۆ سووک کردنی ئەو باری خەمەی سەرشانی، خۆی بەکارەکەیەوە سەرقاڵ کرد. گرنگترین کتێبێک کە لەم قۆناغەدا نووسیی، کورتەباسێک بوو لەمەڕ «سوودگەرایی» . کتێبەکە لە ساڵی ١٨٦١دا بڵاو بووەوە و بریتی بوو لە نڤیشک و کاکڵی بۆچوونە فەلسەفییەکانی، واتە سوودگەرایی بنەمایی، کەوا لە سەرجەم بەرهەمەکانیدا ڕەنگی دابووەوە.

بۆچوونی قارەمانپەروەرانەی پێشووی میل، سەبارەت بە بێنتام و فەلسەفەی سوودگەرایی کە ئەو داهێنەری بوو، لەسۆنگەی ئەو وەرچەرخانە دەروونییەی کە دواتر تێیدا رووی دا، بەشێوەیەکی بەرچاو لەکزیی دا. میل ناچار بووبوو کەوا زۆربەی بۆچوونەکانی بێنتام، بەتایبەت پێداگریی توندی لەسەر سروشتی ئەقڵانیی مرۆڤ و هەروەها روانگەکەی لەمەڕ پێوانەهەڵگریی کرداری مرۆڤ (پێوانی چێژ ) ڕەد بکاتەوە. ئەم بۆچوونە شیکارانەیە لە لێکدانەوەی ژیانی مرۆڤدا، تەواو بێ کەڵک بوو. ئەزموونی نوێ ئەوەی فێری میل کردبوو کە «شرۆڤە بە ئاراستەی سڕینەوەی هەست و سۆزدا مل دەنێ.» بێنتام لایەنی هەست و سۆزی کۆمەڵگەی لەبیر کردبوو. سوودگەراییەکەی ناوبراو تایبەت بوو بە خۆشگوزەرانییەکی ئەقڵانی. بریتی بوو لە جۆرە خێرخوازییەکی بەدوور لە هەست. لەراستیدا سەرجەم بۆچوونەکەی بێنتام بۆ کۆمەڵگە، لەسۆنگەی پێداگرییە نیمچەزانستییە رۆشنگەرییەکەیەوە و بەتایبەت لەبەر پێداگرییەکەی لەسەر عەقڵ، لە کەلکی براببوو. ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان و هەروەها ئەو جۆش و خرۆشەی کە ئافرێنەری ئەو کۆمەڵگایە بوون، لەبەر چاوی نەگرتبوون. لە لایەکی دیکەشەوە سوودگەرایی میل کەوتبووە ژێر کاریگەریی ژمارەیەک نووسەری رۆمانتیک (وەک ڤێردزۆرت و کالریج) و هەروەها یۆنانی کۆنەوە. بێنتام بەتەما بوو کە روانگە کۆمەڵایەتییەکەی بە پشتبەستن بە دلۆڤانی و تێگەیشتنێکی قووڵ لە کرداری مرۆڤ هەموار بکا. کۆمەڵگەش هەر وەک ئەو مرۆڤانەی کە تێدا دەژیان، کەوتبووە ژێر تەوژمی رۆحی و سۆزدارییەوە.

سوودگەرایی لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی بنیات نراوە . ئەوەی کە چێژ باشە. بەهێزترین بەڵگە و ئارگیومێنتی فەلسەفیی دژی ئەخلاق، سەدەیەک پێشتر لە لایەن «هیوم»ەوە خرابووە بەردەست. «لە هەر سیستمێکی ئەخلاقیدا... دانەرەکەی بۆ ماوەیەک پشت بە میتۆدی باوی عەقڵ دەبەستێ و بوونی خودایەک دەسەلمێنێ، یان خۆی بە پرسگەلی مرۆییەوە سەرقاڵ دەکا، دواتر لە پڕدا هەست دەکەی کە ئیدی جگە لە

جووتەگوزارە(شرۆڤە)ی بوون و نەبوون، گوزارەیەک نابینی کە»دەبێ یان نابێ»ی لێ نەکەوێتەوە. گۆڕانکارییەکە بەخشکەیە، بەڵام دوا ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە.» هیوم وێڕای رەخنەگرتن و لەقاودانی ئەم دوابەڵگاندنە بۆی دەردەکەوێ :» جیاوازیی نێوان کەسی و ناکەسی نە تەنیا گرێدراوی پێوەندییەکی ژیرانەیە و نە تەنیا لە ریگای عەقڵەوە دەردەکەوێ.» ئەخلاق تەنیا بابەتێکی ئیحساسی و باوەڕدارانەیە، بەدەرە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی. هەر فەلسەفەیەک کە لەسەر بنەمای ئەخلاقیات، وەک سوودگەرایی، بێ، دەبێ جوابێک بۆ ئەو بەڵگەیەی هیوم بدۆزێتەوە.

هەر لە سەرەتاوە دیارە کە سوودگەرایی میل لەرووی بەڵگەوە، قووڵ و ژیرانەیە. «تەنیا بەڵگەیەک کە بۆ بەرهەستبوونی شتێک پێویستە، ئەوەیە کە خەڵک بۆ خۆیان ئەو شتە ببینن. تاکە بەڵگە بۆ بیستراوی دەنگێک، ئەوەیە کە خەڵک دەنگەکە ببیستن. سەرچاوەکانی تری ئەزموونی ئێمەش هەر وان. بۆیە پێم وایە، تەنیا بەڵگەی کەڵکمەندیی شتێک، ئەوەیە کەوا خواستی خەڵکی لەسەر بێ.» پاشان بە لێزانییەکی تەواو زەلال و شەفافەوە، دێتە سەر ئەوە کە»خواستن و بەردڵ کەوتنی شتێک، رق لێبوونی و بەئازاردەرزانینی، کۆمەڵێک دیاردەی لێک جوێنەکراوەن، یاخۆ دەکرێ بێژین بەشەکانی دیاردەیەکن... داواکردنی شتێک لەرووی سروشتی و تیۆرییەوە ئەستەمە، ئەگەر بەدڵ پێمان خۆش نەبێ.»

لە ژمارە ٦١٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

------------------------

## ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

### بەشی پێنجەم

میل ئاگاداری بەڵگەکەی هیومە و دەیەوێ لێی دەرباز بێ. ئەو لە بەڵگاندنەکەیدا جێ بۆ هیچ «دەبێ»یەک ناکاتەوە کە پێشان تەنیا «هەیە»ی تێدا بووە. لە باتی ئەوە راستییەکی رۆحی دەخاتە بەرچاو. لێرەدا جێی

خـۆیەتی کە کـاکڵەی پرەنسـیپگەلی سـوودگەرایانەی بێنتـام کە هێشـتا میـل پابەنـد بـوو پێیـان، وەک خۆیـان بنووسینەوە: «سروشت مرۆڤی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی دوو سەروەری دەرد و چێژەوە. تەنیا ئەمانن کە پێمان دەڵـێن، دەبـێ چ بکەیـنو هەروەهـا ئەوەش دیـاری دەکەن کە لە داهـاتوودا چ دەکەیـن... پێـوەری راسـتو ناڕاست گرێـدراوی باڵادەسـتیی هەر یەک لەمـانەیە. ئەمـان بەسـەر تێکـڕای بیـرو کردارمـاندا زاڵـن. هەر بزاوێـک کە بـۆ دامـاڵینی کۆتوبەنـدی دەسـتو پێمـان دەیـدەین، یەکسـەر دەگەڕێتەوە بـۆ سـەلماندنو پشتڕاستکردنەوەی... بنەمـای سوودگەرایی.» میل ئەمە دەسەلمێنیو دەڵێ: » من سوود، لە هەر پرسێکی ئەخلاقیدا، بە یەکلاکەرەوە دەزانم.»

هەر لە سـەرەتـاوە رووی دەمـی هیـوم لە بەڵگانـدنی سـوودگەراییە. بنەمـای سـوود بێگومـان خەتـابـارە:» ئەوەی دەمانەوێ ئەنجامی بدەین چێژە، چێژە کە دەبێ ئەنجامی بـدەین.» هەنگـاوی دواتـریش خەتـابـارە: دابینکردنـی ئەوپەڕی رەزامەندی لە «دابینکردنی زۆرترین چێژ بـۆ زۆرینەی خەڵـک»ە. بەم پێیە دەبـێ بەدوای «دابینکردنـی ئەوپەڕی چێژ بۆ زۆرینەی خەڵک»ەوە بین. بەو حـاڵەش میلو بێنتـام هەردووکیـان لەو بـاوەڕەدا بـوون کە لەڕێـی راسـتییەکی دەروونناسـییەوە، وەڵامـی بەڵگانـدنە فەلسـەفییە رووتەکەی هیومیـان داوەتەوە. بەپێـی ئەم هەیە دەجووڵێنەوەو بەم شێوەیە دەبێ بجووڵێنەوە. راستییە دەروونییەکە نەک هەر بـوو بە ئەرکێکی ئەخلاقـی، بەڵکوو ئەم دووە(هەیەو دەبێ) مەحاڵ بوو دابەش بکرێن.

بەڵگاندنی سوودگەرایانە لە روانگەی ئێمەوە لە سەدەی بیستویەکدا بەڵگەنەویستە. راستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە سـەردەمی سـوودگەراییدا دەژیـن. بەڵگانـدنەکەی بێنتـامو پەرەپێـدانی لە لایەن میلەوە، تـا دەهـات لایەنگـری زۆرتری بۆ پەیدا دەبوو، تـاکو ئەوپەڕی چێـژی بـۆ زۆرینـەی خەڵـک دابین کـرد. لە سـەدەی بیستەمدا هەوڵ دەدرا حاشا لەوە بکرێ کەوا ئەم پرەنسیپە کارەساتی لێکەوتۆتەوە. تەنانەت لەو چەند حاڵەتە دەگمەنەشدا کەوا لەم پێنـاوەدا هەوڵیان دا، خەتـابارەکان ناچار بوون وابنـوێنن کەهەر بە پێـی ئەو پرەنسیپە جووڵاونەتەوە. کۆمۆنیزم لە تیـۆریدا لایەنگـری ئەمە بـوو، هەروەک چـۆن لە لافیتەگەلـی مەزنـی گەورەتـر لە قەبـارەی سروشـتیی خـۆی پرۆپاگەندەی بۆ دەکرا، ئەم پێی وا بوو، هەلی دابینکردنی ئەوپەڕی رەزامەندیی هەمووان لە داهاتوودا دەڕەخسێ. فاشـیزم لە تیـۆریدا پشـتی بە فـۆرمێکی سـنوورداری رەگەزپەرەسـتانەی سـوودگەرایی بەسـت: رەزامەنـدیی نەژادی بەرزتری جیهانگیر بـوو. ئەمـانە هەر دووکیـان(کۆمۆنیزم و فاشیزم) کـۆپی و لاسـاکردنەوەی بنەمـای لیبراڵـی میـل بوون.

سوودگەراییی لیبراڵ، بەو شێوەیە کەوا میل دای ڕشت، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لەگەڵ کرانەوەی فەزاو زیاتر بوونی ئازادی بەرەوی زۆرتری پەیدا دەکرد، بەچەشنێک کە بنەمای سوود ئێستاکە بووەتە بنەمایەکی دەستووری لە سەرجەم مۆدێلی دیموکراسیگەلی ئازادی ڕۆژئاوادا. هیچ کاربەدەستێک تەنانەت بیر لە دژایەتیکردنیشی ناکاتەوە. تەنانەت تەئکیدیش لەسەر چەسپاندنی پتری ئەم پرەنسیپە، لەژێر ناوی چاکەی گشتیدا دەکرێتەوەو مەبەست لێشی چێژو ڕەزامەندیی ئایندەیە.

بەڵام هەر بەراست ئەم چێژە چیە؟ چی دەبێتە هۆی ڕەزامەندیی ئێمە؟ میل لە سەرەتاوە دەیزانی کە کێشەکە هەر ئەمەیە. میل زانیی کە «سوودمەندی» یان چێژ بەگوێرەی پرەنسیپەکەی بێنتام زۆر بەرتەسک و داخراوە. بێنتام ئاوا سوودی پێناسە کردبوو:» (سوود) بریتییە لەو کوالیتییەی کە لە هەرشتێک دایەو سوودێک، ئیمتیازێک، چێژێک، چاکەیەک، یان سەروەرییەک... یان... ی لێ شین دەبێ‌و دەبێتە کۆسپ لە بەردەم چارەڕەشی، ڕەنج، خراپە، یان نارەزامەندییەکدا.» ئەمە ڕەنگە زۆر گشتی بنوێنێ، بەڵام کاتێکە ئەم حیسابی چێژەی ناوبراو، پراکتیزە دەکرا، زۆر سەیر سادەو سەرەتایی دەنواند. حیساب دەکرا چەندایەتیی پێی لێک بدرێتەوە، بەڵام بۆ پێوانی لایەنی چۆنایەتی کۆڵەوار بوو. بەکردەکیش وا دەرچوو. سوودەکەی بێنتام تاکو رادەیەکی زۆر تەنیا لە نزمترین ئاستی چێژگەرایانە دایە.

لە لایەکی دیکەوە، پێناسەکەی میل چەمکی چۆنایەتی‌و پێشکەوتن لە بەرچاو دەگرێ:» دەبێ بەپێی بەرینترین پێناسە، سوود ببێتە بنەمای خێرو بەرژەوەندیی بەردەوامی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی پێشکەوتوو.» خاڵێک کە لە هەناوی ئەم بۆچوونە لەمەڕ ڕەزامەندیدا، خۆی حەشار داوە بریتییە لە تێرمی باشترکردنی کاروبار. میل لێرەدا هاودەنگە لەگەڵ نوێترین ئەندێشەی سەردەمی خۆیدا. ڕێک دوو ساڵ پێش بڵاوکردنەوەی سوودگەرایی، داروین کتێبی «بنەمای جۆرەکان»ی بڵاو کردبووەوە. بۆچوونەکانی میل لە مەڕ پێشکەوتن لەگەڵ پرسی تەکامولدا ناکۆک نەبوو، بەڵام زۆر بەتوندی لە روانگەی «هەیە - دەبێ»ی هیومدا تێک دەگیرا. (پێشکەوتن بۆ کۆمەڵگە قازانجی هەیە، ئێمە دەبێ بۆ پێشکەوتن تێ‌بکۆشین.) ئەمەش لەپراتیکدا بێ عەیب دیار بوو. وا دەرناکەوێ کە کێشەیەکی هەبێ. چەمکی پێشکەوتنی مرۆڤ، وەک چێژ، بە تەواوەتی قبووڵ دەکرا. ئەمەش لە چەرخی سوودگەرای ئێمەدا وەک دەستوور سەیر دەکرێ. (تەنانەت حیزبە کۆنسێرڤاتیڤەکانش پێیان باشە بەبیانووی لایەنگری لە پێشکەوتنەوە چاپۆشی لە پێناسەکەی خۆیان بکەن.)

میل دووپاتی دەکاتەوە کە بایەخی هەموو چێژەکان وەک یەک نیە. ڕەزامەندیی ڕاستەقینە بەرهەمی چێژی بەرزتری «کامڵبوونی ڕۆحی»یە. کاتێک بەکردەیی سەرکەوتووتر دەبین کە ناڕاستەوخۆ مەبەستمان گەیشتن بە ڕەزامەندی بێ. ناوبراو لەسەر کاریگەریی هەقیقەتو جوانی پێ دادەگرێ. ئەمانە پێویستیان بە پەروەردە کردن و هەستەوەرییە. زانایی‌و هەروەها ئەزموون دەبنە هۆی تێگەیشتنی قووڵتر لە ڕەزامەندی. بەم پێیە سوودگەرایی میل دەکەوێتە سەرووی تاوتوێکردنی چێژخوازی کە لە نزمترین ئاست دایە. بەڵام ئەمە زۆر زیاتر لە تایبەتمەندیی بژاردەسالاریی دەگرێتەوە. تەنانەت بێنتامی حیسابکەر بوو، دانی بەوەدا نابوو کە هەندێ جار مرۆڤ دەتوانێ بە کارێکی زۆر سادە وەک گوێدان بە سەمفۆنیایەکی قووڵ، چێژێکی زۆر وەر بگرێ.  «با واز لە دەمارگرژی بێنین، یاریی هەقلی مەقۆ بە قەدەر زانستو هونەری شیعر و مۆسیقا بەبایەخە.» لێرەدا وادیارە حیسابی چێژەکەی ناوبراو لەڕووی دەروونناسییەوە گونجاو بوو.

بەو حاڵەش میل ئاگاداری ئەم بابەتە بوو و تەنانەت کەڵکی لێوەرگرتو ڕیشەیەکی لیبراڵی لە سوودگەرایی زیاد کرد. بایەخی چێژ لەوەدایە کە ژیانی خەڵک خۆشتر دەکا. لە هەمانکاتدا بایەخدان بە خەڵک دەبێ لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بێت. نابێ بەزۆرەملێ بێ. ڕەزامەندی کاتێک لە کۆمەڵگەدا زیاتر بەرەو پەیدا دەکات کە هەرکەسێک ئازاد بێ لەوەی بە دوای ڕەزامەندیی خۆیدا بگەڕێ. تاکە مەرجی پێویستیش بۆ ئەمە، ئەوەیە کەوا ئەم بۆچوونە تایبەتانە لەمەڕ ڕەزامەندی، سنووری یەکتر یان هیی چاکەی گشتی نەبەزێنن. باسکردنی ئەم چەشنە سەرپشک کردنە لە لیبرالیزمدا بەسەر ئەو بەڵگەهێنانەوە زۆر دووپاتەکراوەیەی دژی «دابینکردنی ئەوپەڕی ڕەزامەندی بۆ زۆرینەی خەڵک» سەردەکەوێ. ئەم بەڵگەهێنانەوەیە، بەروونی و دواجار، سوودگەراییی بە ئاراستەیەکدا دەبرد کە دژی لە سێدارەدان لە پێش چاوی خەڵک دەگرت. لەهەر بارێکەوە لێبڕوانین، چێژی سادیستیی زۆرینە، بێگومان لەسەروو چارەڕەشیی تاکەوە دانرابوو. لەم خوێندنەوە دەستوەرنەدەرانەیەی میلدا بۆ سوودگەرایی، ئیدی تاک نەدەبووە قوربانیی چێژی سادیستییانەی زۆرینە.

شرۆڤەی لیبراڵی میل بۆ ڕەزامەندی ـ هەرکەس بە گوێرەی سەلیقەی خۆی ـ چەند شێوازێکی دیکەی لە حیسابکردنی ڕەزامەندی‌و پێوانی گشتیدا دروست کرد. ئێستا کاتی ئەوەیە ڕەزامەندی شرۆڤە بکرێ‌و بوار بدرێ بە هەموو چەشنە لێکدانەوەو بۆچوونێک لەسەری. لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بێژین لە کەشێکی وادا ئیدی  پێوانی ئاستی ڕەزامەندیی تاک نە دەست دەداو نە پێویستیشە. چۆن دەکرێ ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرینەی خەڵک مەزندە بکەین؟ بێگومان دەبێ پشت بە  پێوەرێکی ئەزموونیی باو ببەستین: ئەویش ڕێککەوتنی گشتییە.

ئەمە لەگەڵ لۆژیکی میل دێتەوەو ئەزموونگەرایی، لیبرالیزمو سوودگەراییەکەی تەبا دەکا. کاتێک هەرکەسێک ئازادە کەوا بەپێی حەزو سەلیقەی خۆی بەدوای ڕەزامەندیدا بگەڕێ، ئیدی دۆزینەوە و گەیشتن بە ڕەزامەندی دەبێتە بابەتێکی ئەزموونیو تەجرەبی. هەرچەشنە پێوانو هەڵسەنگاندنێکی ڕەزامەندی گشتیش لەمە بەدەر نابێ. هیچ وێناو چەمکێکی پێش وەخت یان باڵا، لە گۆڕێدا نابێو پێوانەی تەجرەبیی ڕەزامەندیی گشتیش لێکچوونێکی بەرچاوی لەگەڵ ئەنجامگیریی»استقرایی»دا دەبێ. ئەمەش بۆ خۆی هەڵەهەڵگرە، بەڵام دووپاتبوونەوە، کاربڕیو ڕاستبوونەکەی بەهێز دەکا. بە قسەی میل «تەنیا بەڵگەیەک کە دەکرێ بۆ شایانی ویستن بوونی شتێک بخرێتە بەرچاو، ئەوەیە کە خەڵک بە کردەکی ئەو شتەیان بوێ.» ئەمە ڕەنگە وا دەرکەوێ کە لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە، دوورە، بەڵام جارێکی دیکەش وا دێتەوە بەرچاو کە لایەنی دەروونناسییەکەی، بەسەر بۆچوونی «هەیە - دەبێ»ی هیومدا باز دەدا. هەروەک میل لە درێژەی قسەکانیدا تەئکید دەکاتەوە کە «ئەگەر ئەو ئامانجەی ڕێبازی سوودگەرایی بۆ خۆی دیاری دەکا، لە تیۆری و پراکتیکدا کرابایەتە ئامانجو قبووڵ نەکرابایە، هیچ شتێک نەیدەتوانی کەسێک ڕازی بکا کە وایە.»

بەڵام ئایا ئەمە تێکڕای وێنەکەیە؟ بێگومان هەندێ جار دەکرێ بەدوای شتێکی لە چێژ بەدەر بین. دەکرێ پابەندی مرۆڤدۆستیو ئەرکناسی بین. میل دان بەوەدا دەنێ کە دەکرێ بەپێچەوانەی ویستە کاتییەکان بجووڵینەوە. «بەڵام ئەنجامدانی کاری دروست»یش چێژو ڕەزامەندیی لێدەکەوێتەوە . وەک بەخۆنازین، چێژ وەرگرتن لە سەنگ و قیمەتی خۆت لە ناو کۆمەڵگەداو هتد... بەم شێوەیە پەروەردەکردنی فەزیلەت دەکرێ ڕەزامەندیی تاکو کۆمەڵگەی بەدواوە بێ. بەم شێوەیە شارەزاییەکی قووڵتر لەمەڕ ڕەزامەندی پەیدا دەکەین کە زیاتر لە «کەماڵی ڕۆحی» نزیکمان دەکاتەوە.

پێداگریی میل لەسەر گەڕانی تاک بەدوای ڕەزامەندیی خۆیدا وا دەکا کە تاک خۆی بەشێوەیەکی سوودمەندو گشت بینانە پەروەردە بکا. بەمجۆرە دەتوانێ کامڵ ببێو پەی بە تێکڕای تواناکانی خۆی بەرێ. ئەمەش هەر بۆ خۆی تۆزێک گەشبینانەیە. بێگومان خوێندنەوەکەی میل بواری بۆ ئەم خۆشبینییە خۆش کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ وا دەبێ یان نا، بابەتێکی دیکەیە. دەروونناسی ئێمە ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێ، هەمیشە بەرەو خۆشیو ڕووناکیمان نابا. هێندەی تەمەنی نەوەیەکی دیکە کاتی دەویست تاکوو فرۆید ئەو دەورە سەرەکییە شرۆڤە بکا کە دەروونپەژاری، نەست، پاڵنەرە خۆ وێرانکەرەکان لە ژیانی تایبەتی ئێمەدا دەیگێڕن. لە لایەکی دیکەوە، لیبرالیزمی میل ڕێی لە دەسوەردانی باوکسالارانە لە ژیانی کەسانی تردا دەگرت بەو بیانووەی کە گوایا زۆربەی

خەڵک مەسڵەحەتی خۆیان نازانن . لە سەردەمی میلدا، تەنانەت رۆشنگەرانەترین هەوڵەکان بۆ چاک کردنی باری کۆمەڵایەتی زۆرتر هەر لە ئەم بنەما باوکسالارانەیەوە سەرچاوەیان دەگرت: کە کەسانی ئاقڵو ژیر باشتر دەزانن. بێگومان بێنتامو باوکی میلیش هەر وا بیریان دەکردەوە. رەنگە جۆرە باوەڕێکیان بە ئازادیو دەسەڵات هەبوو بێت، بەڵام دواتر دەردەکەوت کە باوەڕێکی یەکجار ئایدیال و تیۆریکەو بابەتیانە نییە. جارێکی دیکە ئەزموونی راستەوخۆ، دەسکەوتی بۆ میل هەبوو. هەر تاکێک مافی خۆیەتی لە ئازادییەکەی کەڵک وەربگرێو بۆ خۆشی شرۆڤەی ئەو ئازادییە بکا.

لە ژمارە ٦١٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

رێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

------------------------

## ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

### بەشی حەوتەم

بۆچوونی فایدەگەرا لەمەڕ یەکسانی روونو ئاشکرایەو ئەزموون باوەڕیو هەروەها لیبرالیزمی میل پشتگیریی دەکەن. بەڵام هەموو بۆچوونەکانی لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆی زۆر بەکەڵکی ژنی ئەم سەردەمە نایەن. میل بەپێی پێوەندییە کەموێنەکەی لەگەڵ هەرییتدا، هەستی دەکرد کە دەبێ دان بەوەدا بنێ کە ژنان دژی «لایەنی ئاژەڵانە»ی جوتبوونن لەگەڵ پیاودا. پیاوان نەدەبوا هەوڵیان بۆ ئەوە دابا کە ئەم رەفتارە ناحەزەی خۆیان بەسەر «رەگەزی لاواز»دا بسەپێنن.

میل لە دواساڵانی تەمەنیدا، خەریکی نووسینەوەی ژیاننامەی خۆی بوو کە تێیدا بێ پێچ و پەنا باسی خۆیو بەتایبەت هەستی بەرامبەر بە باوکی دەکا. ئەم بەرهەمە یەکێک لە باشترین گێڕانەوەکانە لەمەڕ چۆنیەتیی گەورەبوونی وەک «بلیمەتێکی بەتۆپزی» و کاریگەرییەکانی لەسەر چێژ و زەوقە. میل کە باسی باوکە بە «سروشت تووڕە» مکەی دەکا، دەیکاتە ئاژەڵێکی سامناکی راستەقینەی ڤیکتۆریایی. لە یەکەم دەستنووسی ئەم

بەرهەمەدا، میل ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن باوک و دایکی «لەژێر بن میچێکدا، ژیانیان ئەوەندە لێک دوور بوو کە هەر دەتگوت یەکیان لە باکوری گۆی زەوییەو ئەویشیان لە باشوور». لەمەڕ ئەوەی کە دایکی هەرییت، هاوناوی دڵبەرەکەی بوو زۆر شت وتراوەو ئەم بابەتە دەروونناسەکانی گەیاندووەتە چەند ئامانجێکی کەم و زۆر بێ بنەما. حاشا لەوە ناکرێ کە میل تەنانەت بە منداڵی ئەوەی دەزانیو دەیگوت کە «خوێندنەکەم نەک لەدڵەوە نەبوو، بەڵکوو لە ترسانیش بوو.» بەڵام هەرئەوەی کە ناوبراو سەرکەوتوانە خوێندنەکەی بڕیو بوو بە پیاوێکی ئەوەندە لیبراڵو مرۆڤدۆست. بەبێ تووشبوون بە گرێیەکی دەروونیی ئەوتۆ، هەر بۆ خۆی لە پەرجوو دەچێ. تەنانەت هەندێ کەسیش کە تووشی کێشە سێکسییەکانی میل نەبوون، ڕەنگە لەم بارەوە لەگەڵی هاوڕا بن کە «هەتاکو ئەم غەریزە ئاژەڵانەیەی شەهوەت، لەخۆڕا بایەخێکی ئاوا زۆری لە ژیانی مرۆڤدا پێ بدرێ، نابێ چاوەڕێ گۆڕانێکی گەورە بین لە ژیانیدا.» مەخابن، تارمایی فرۆید لە ئاسۆوە دیار بوو . و ژیانی مرۆڤ، خەمساردانە، بەرەوپێشەوە دەچوو.

میل لە ساڵی ١٨٧٣دا لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا لە ئاوینیون کۆچی دوایی کرد. ئازادەبوون و جوامێریەکەی، لە بورژوازیی سەردەمی ڤیکتۆریادا کەس چارەی نەدەویست. هەروەها بۆچوونە تاکگەرایانەکانی لەگەڵ بیرکردنەوە شۆڕشگێڕانەکانی چەپدا یەکیان نەدەگرتەوە. بەو حاڵەش لە سەراسەری بەریتانیاو لە دەرەوەشی، واتە لەو شوێنانەی کە هێشتا مێهرەبانی و بەزەیی بەسەر فێڵوتەڵەکەدا باڵادەست بوو، لەو شوێنانەی کە باوەڕ بە ئازادی لەسەروو سەرەڕۆیی و قازانجی تایبەتەوە بوو، شینیان بۆ گێڕا.

**بنەتا**

میل لە لایەن نەوەکانی دوای خۆیەوە غەدری زۆری لێ کراوە. فەیلەسووفان بەو بیانووەی کە سوودگەراییەی هیی خۆی نییە، بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەداوە و پێیان وایە کە هیی بێنتامەو ئەم تەنیا پەرەی پێ داوە. ئەمەش بێ ئینسافییەکی تەواوە. ئەو پەرە و گەشە لیبراڵەی کە ناوبراو بەسوودگەرایی داو هەروەها ئەو داکۆکییە زۆرەی کە لێی کرد، بۆچوونە فەلسەفییەکانی بێنتامی کردە پرۆسەیەکی یەکپارچەی گەشانەوە لە هەردوو رووی فەلسەفەو ژیانی خەڵکدا. هەر بەم جۆرە، بیروباوەڕە لیبراڵو سیاسییەکانی میلیش غەدریان لێ کراوە، زیاتریش لەبەر ئەوە کە زۆر سەرکەوتوو بوون. ئەوەی میل سەرەڕای دژایەتیی ئاشکرای گشتی، داکۆکیی لێدەکرد، ئێستاکە لای ئێمە شتێکی زۆر ئاساییە. ئێمە لە رۆژگارێکی سوودگەرای لیبراڵیدا دەژین. یاساکانی کۆنگرە، بڕیارە هەمەجۆرە

سۆزدارانەکان، تەنانەت ئەخلاقی تایبەتی ئێمەش، هەموویان لە گرێوی بۆچوونگەلی سوودگەرایانەدان. ئێمە چ بزانین و چ نەزانین، بەپێی دروشمێکی سوودگەرا لە ناخماندا، بەشێکی زۆری کاروباری تایبەتی خۆمان بەرێوە دەبەینو بۆچوونەکانمان دادەرێژین.»دابینکردنی ئەوپەڕی قازانج بۆ زۆرینەی خەڵک» رۆڵێکی وەها دەبینێ کە لە دیموکراسییە ئازادەکانی رۆژئاوادا بۆتە پرەنیسپێکی سەرەکیی بێ ئەم لاوئەولا.

لەهەمان کاتدا راست ئەوە لیبرالیزمی میلە کە ئێستاکەش هەر وا ناکۆکیی لە سەرە. دیارە لە سەردەمێکی لیبراڵدا، لیبراڵبوون زۆر باشە، بەڵام بۆ چارەسەری لایەنە نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگە دەبێ چی بکرێ؟ میل هەر لەبەر ئەمە بوو کە هەموو ناخۆشییەکی قبووڵ دەکرد. تەنانەت لەمەڕ مەستی، زیاتر پابەندی بنەماگەلی لیبراڵ بوو تاکو بۆچوونی قەیم ئاسایانەی خۆی. کۆمەڵگە مافی ئەوەی نییە «پێوەرگەلی باوی کرداری ژیرانە» بەسەر تاکەکانیدا بسەپێنێ. ناوبراو پێی وابوو کۆمەڵگە هەر لە منداڵیڕا تاکو دەسپێکی مێرمنداڵی «دەسەڵاتێکی رەها»ی بەسەر تاکەوە هەیە. ئەگەر نەیتوانی لەو ماوەیەدا کرداری ژیرانە پەرە پێ بدا، ئەوا خەتای کۆمەڵگە بۆ خۆیەتی لەوەدا کە ئەندامانی ژیرانە ناجووڵێنەوە.

لەم سەردەمەدا، لە دوو رووەوە لەگەڵ ئەم جۆرە لیبرالیزمەدا تەبا نییە. یەکەم: کۆمەڵگەی ئێمە ئەمرۆ زیاتر لە مەستی گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانە. ئالوودە بوون بە مادە هۆشبەرەکان کارێکی نەزانانەو ماڵوێرانکەرە. لە لایەکی دیکەشەوە، میل رەنگە پێی وا بوو بێ ـ رەنگە مافی خۆشی بووبێ ـ کە مەستیش بۆ خۆی لە کەلاوەکانی سەردەمی ڤیکتۆریادا هەژاریو ماڵوێرانیی زۆری لێکەوتەوە. دووەم خاڵیش ئەوەیە کە: کۆمەڵگەی هاوچەرخ بە بێگومان «دەسەڵاتێکی رەها» بەسەر گەنجانەوە نییە. (ئەمەش زۆرتر بەرهەمی روانگەی لیبراڵە لەمەڕ پەروەردە، راهێنان و هتد...) بەو حاڵەش تەنانەت ئەگەر بشمانەوێ هەندێ لایەنی لیبرالیزمی میل پشتگوێ بخەین، ناوبراو هێشتا نەخشێکی سەرەکیی لە ئاراستەکردنی شێوەی بیر کردنەوەماندا هەیە. هەرچەند هەوڵیش بدەین تاکو کاریگەریی ئەم جۆرە لیبرالیزمە بسڕینەوە، بێ گومان هەر بەپێی بنەماکانی سوودگەرایی دەنرخێندرێ. رەنگە ئێمە هەمیشە بۆچوونەکانی میلمان بەدڵ نەبن، بەڵام ناوبراو هێشتا هەر قسەی یەکەم دەکا.

**لە بەرهەمە کانی میل**

*«پێکهێنانی ئەوپەڕی رەزامەندیی زۆرینەی خەڵک، بنەمای ئەخلاق و یاسادانانە. »*

**جیرمی بێنتام**

**سروشت مرۆڤایەتیی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی دوو سەروەری مەزنی وەک دەردو چێژەوە. تەنیا ئەوانن کە پێمان دەڵێن چ دەکەینو ئەوەشمان بۆ دیاری دەکەن کە چ دەبێ بکەین. لە لایەکەوە پێوەری چاکە و خراپە و لە لایەکی دیکەشەوە زنجیرەی هۆ و بەرهۆکانیش هەر لەدەست خۆیاندایە. لەوەی دەکەین، لەوەی دەیڵێین، لەوەی بیری لێدەکەینەوە، بەسەرماندا زاڵن. چەندی دەکەین تاکو لە کۆتی ئەم دوو چەمکە رزگار بین، هەر ئەرێ و تەئییدیان دەکەین. رەنگە کەسێک بەقسە نیشان بدا کە خۆی لە هەژموونیان دەرباز کردووە، بەڵام لەراستیدا هەروا کۆیلەیان دەبێ... ئەو سیستمانەش کە هەوڵ دەدەن بیخەنە ژێر پرسیارەوە، هەر قسەی لابەلا دەکەن و هیچیتر، هەر سۆزدارانە بیر دەکەنەوە و بە لای عەقڵدا ناچن و هەر چێو لە تاریکی دەکوتن.**

**جیرمی بێنتام**

**هەوڵدان بۆ شتێک و چێژلێ بینینی، بێزاری لێی و دڵقرچێنیی، کۆمەڵە دیاردەیەکی تێکچرژاون، یان خۆ با بێژین دوو پارچەی دیاردەیەکن... هەوڵدان بۆ شتێک، تەنیا کاتێک دەلوێ کە بیرلێکردنەوەی چێژبەخش بی، ئەگینا چ سروشتی بێ و چ نەبێ کارێکی ئەستەمە.**

**جۆن ستیوارت میل، سوودگەرایی**

**رەخنەگران رەنگە گومان لەوە بکەن کە ئەگەر مرۆڤ لەوە گەیشتووە تاکو رەزامەندی بکاتە ئامانجی ژیانی، بە بەشێکی باشی رازی بێ. بەڵام بەشێکی زۆری خەڵک بە کەمتر لەوەش رازی بوون. وادیارە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ژیانێکی خۆش دوو شت بن کە هەرکامیان بەتەنیا زۆرجار بۆ ئەمە بەسە: ئاسوودەیی‌و جۆش و خرۆش.**

**جۆن ستیوارت میل، سوودگەرایی**

**وا باشە مرۆڤێکی بەپەرۆش بی تاکو بەرازێکی بێ خەم. وا باشە وەکو سوقرات ناڕازی بی تاوەکو گەمژەیەکی بێ**

خەم. ئەگەر گەمژە یان بەراز باوەڕیان بە شتێکی ترە، لەبەر ئەوەیە کەوا هەر لە خەمی خۆیاندان.

### جۆن ستیوارت میل، سوودگەرایی

ئەم وتارە قسە لەسەر بابەتێکی زۆر سادە دەکا کە دەسەڵاتێکی رەهای بەسەر پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەو تاک، لەرێی هێز، زۆرو چاودێرییەوە هەیە، چ لەرێگای هێزی جەستەییەوە بەشێوەی سزای یاسایی بێ، یان لەرێگای گوشاری ئەخلاقیی رای گشتییەوە. پرەنسیپەکە لێرەدا ئەوەیە کە تاکە ئامانجی دەستەبەرکراو بۆ مرۆڤ، بە تاک یان بە گرووپ، بۆ دەستوەردان لە ئازادیی کرداری هەر کەسێک، پارێزگاری لە خودە. تاکە مەرجێک کە دەکرێ لەرێی یاساوە بەسەر تاکی ناو کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا، بەپێچەوانەی ویستی خۆی بسەپێنرێ، ئەوەیە کەوا نەهێڵرێ زیان بە دەورووبەرەکەی بگەیەنێ. دەستەبەرکردنی چاکە و قازانجەکەی، تەنیا لەرووی جەستەیی‌و ئەخلاقییەوە، بەس نییە. ناکرێ لە رێگای یاساوە بەوە ناچار بکرێ کە کارێک بکا یا نەیکا. هەر لەبەر ئەوە کەوا بەقازانجیەتی وا بکا، چونکە بەم جۆرە دڵخۆشتر دەبێ، یان چونکە لە روانگەی خەڵکی تر بەژیرانە و راستی دەزانن.

### جۆن ستیوارت میل، لەبارەی ئازادییەوە

تاک بەسەر خۆی، بەسەر لەشی خۆی و بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵە.

### جۆن ستیوارت میل، لەبارەی ئازادییەوە

ئەگەر هەموان جگە لە یەک کەس، یەک باوەڕیان هەبوایەو تەنیا ئەو یەک کەسەش جیاواز بیری کردبایەوە، ئەوان بۆیان نەبوو کە بێدەنگی بکەن، هەر بەهەمان شێوەش ئەگەر ئەو کەسەش دەسەڵاتی بوایە، بۆی نەبوو ئەوانی تر بێدەنگ بکا.

کاتێک بیرتەسکەکان خەریکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەبن، ئەنجامەکەشی هەر بیرتەسکانە دەبێ.

جۆن ستیوارت میل، ئۆگۆست کونت و پۆزەتیڤیسم

فەزیلەتی راستەقینەی مرۆڤەکان، لە توانای پێکەوەژیانی ئەوانەوە وەک تاکگەلی یەکسان سەرچاوە دەگرێ. واتە دەبێ هیچیان بۆ خۆیان نەوێت و بەڵکو شتێک ئازادانە بدەن بە کەسێکی تر، هەرجۆرە دەسەڵاتدارەتییەکیش وەک پێویستییەکی ریزپەڕ، و بەگشتی بە کاتی سەیر بکەن.

جۆن ستیوارت میل، کۆیلەتیی ژنان

بە دوای چێژی خۆتەوە بەو بەس، چونکە چێژ لە شتێکیتر نابینی.

جۆن ستیوارت میل، ژیاننامەی خۆنووس

رۆژمێری رووداوە گرنگە فەلسەفییەکان

سەدەی شەشەمی پێش زایین دەستپێکردنی فەلسەفەی رۆژئاوا بە تالسی مێلتی.

کۆتای سەدەی شەشەمی پێش زایین کۆچی دوایی فیساغۆرس

٣٩٩ی پێش زایین سوقرات لە ئەسینا سزای مەرگی بەسەردا سەپێنرا.

ح ٣٨٧ی پێش زایین ئەفلاتوون «ئەکادیمی»ی کە یەکەمین زانکۆی جیهانە لە ئەسینا دامەزراند.

٣٣٥ی پێش زایین ئەرەستۆ «لوکیون»ی لە بەرابەر «ئەکادیمی»دا لە ئەسینا دامەزراند.

٣٢٤ی زایینی ئیمپراتۆر کنستانتین پایتەختی ئیمپراتۆریای رۆمی بۆ بیزانس گواستەوە.

٤٠٠ قەشە ئۆگۆستین دانپێدانانەکانی نووسی. فەلسەفە دەبێتە بەشێک لە تیۆلۆژیای مەسیحیەتەوە.

٤١٠ تالانکردنی رۆم لە لایەن ویزیگۆتەکانەوە، بە مانای

دەستپێکردنی «سەردەمی تاریکی» دێ.
٥٢٩ داخستنی «ئەکادیمی» بە بڕیاری ئیمپراتۆر یوستی نیان کۆتایی بەهزری یۆنانی دێنێ.

ناوەڕاستی سەدەی ١٣

تۆماس ئەکویناس شرۆڤەکەی خۆی لەسەر ئەرەستۆ نووسی. سەردەمی فەلسەفەی سکۆلاستیکی.

١٤٥٣ بیزانس لە لایەن تورکەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا. کۆتای ئیمپراتۆریای بیزانس.

١٤٩٢ کۆلۆمبۆس گەیشتە ئەمریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس دەستی پێ کرد و زانستی یۆنانی بووژایەوە.

١٥٤٣ کۆپرنیک بە بڵاوکردنەوەی کتێبێک «لەمەڕ سووڕانی هەسارەکان» لەسەر بنەمای بیرکاری سەلماندی کە زەوی بە دەور خۆردا دەسووڕێ.

١٦٣٣ کلیسا گالیلەی ناچار کرد تیۆری تیشکی ناوەندیی جیهان ڕەت بکاتەوە.

١٦٤١ دیکارت «تێڕامانەکان» بڵاو دەکاتەوە کە بەدەستپێکی فەلسەفەی نوێ دادەنرێ.

١٦٧٧ کۆچی دوایی سپینۆزا ڕێگای بۆ بڵاو کردنەوە کتێبی

«ئەخلاقیات»ـەکەی خۆش کرد.

١٦٨٧ نیۆتۆن بە بڵاوکردنەوەی «بنەماکان» چەمکی هێزی ڕاکێشانی دۆزییەوە.

١٦٨٩ لاک «نامیلکەی لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤەوە»ی بڵاو کردەوە. سەرەتای ئەزموونیگەری.
١٧١٠ برکلی «بنەماکانی زانستی مرۆڤ»ی بڵاو کردەوە و

چەند ڕەهەندێکی نوێ بە ئەزموونیگەریی بەخشی.

١٧١٦ کۆچی دوایی لایب نیتس.

٤٠ - ١٧٣٩ هیوم نامیلکەی «لە سروشتی مرۆڤی»ی بڵاو کردەوە و ئەزموونیگەریی گەیاندە سنوورە لۆژیکییەکانی.

١٧٨١ کانت، بەیارمەتیی «خەوی دۆگماتیک»ی هیوم، «ڕەخنە لە عەقڵی پەتی»ی بڵاو کردەوە. سەردەمی گەورەی فەلسەفەی ئەڵمانی دەستی پێ کرد.

١٨٠٧ هێگل «دیاردەناسیی زەین»ی بڵاو کردەوە کە بە لووتکەی فەلسەفەی تیۆریکی ئاڵمانیا دەژمێررێ.

١٨١٨ شوپێنهاوەر «جیهانی وەک ئیرادە و وێناکردن»ی بڵاو کردەوە و فەلسەفەی هیندی هێنایە ناو فەلسەفەی تیۆریکی ئەڵمانیاوە.

١٨٨٩ نیچە کە رای گەیاندبوو کە «خودا مردووە». لە تورین شێت بوو.

١٩٢١ ڤیتگنشتاین نامیلکەی لۆژیکی ـ فەلسەفی بڵاو کردە

کە دەڵێ «دوا وەڵام» ی پرسگەلی فەلسەفییە.

دەیەی ١٩٢٠«ئاڵقەی ڤییەنا» پۆزۆتیڤیزمی لۆژیکی دێنێتە ئاراوە.

١٩٢٧ هایدگەر «بوون و کات»ی بڵاو کردەوە کە باسی پچڕانی نێوانی فەلسەفەی راڤەیی و ئەورووپی دەکا.
١٩٤٣ سارتەر «بوون و نەبوون»ی بڵاو کردەوە کە روانگە فەلسەفییەکانی هایدگەری پەرە پێ دا و «ئێگزیستانسیالیزم»ی رێک خست.

١٩٥٣ بڵاوبوونەوەی توێژینەوە فەلسەفییەکانی ڤیتگنشتاین پاش مردنی. لووتکەی خولی راڤەیی زمانی.

**ڕۆژمێری ژیان و سەردەمی میل**

**١٨٠٦ جۆن ستیوارت میل لە ٢٠ی مانگی مای لە لەندەن لە دایک بوو.**

**١٨٠٧ وۆردزۆرس دیوانی شێعرەکانی لە دوو بەرگدا بڵاو کردەوە. هێگل دیاردەناسیی ڕۆح بڵاو دەکاتەوە.**

**١٨١٧ میلی زووپێگەیشتوو لەژێر چاودێریی باوکیدا، واتە جیمز میل، دەستی کرد بە نووسینی مێژووی ڕۆم.**

**١٨٢٤ لە کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی دەست بەکار دەبێ.**

**١٨٢٦ تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێ.**

**١٨٣٠ عاشقی هەرییت تیلۆر دەبێ کە مێردی هەبوو و لەبەر چاوپۆشی مێردەکەی(جۆن تیلۆر)، پێوەندییەکی ئەفلاتوونیی لەگەڵیدا دەبەستێ.**

**١٨٣٢ یەکەم یاسای چاکسازی.**

**١٨٤٣ سیستمی لۆژیک بڵاو دەکاتەوە.**

**١٨٤٨ لە سەرتاسەری ئەورووپا زنجیرە شۆڕشێک دەست پێ دەکا. مارکس و ئەنگڵس مانیفێستی کۆمۆنیستی بڵاو دەکەنەوە. میل سیستمی ئابووری سیاسی بڵاو دەکاتەوە.**
**١٨٤٩ مێردەکەی هەرییت، واتە جۆن تیلۆر کۆچی دوایی دەکا.**

**١٨٥١ میل لەگەڵ هەرییت تیلۆر زەماوەند دەکا.**

**١٨٥٧ شۆڕشی هیند.**

١٨٥٨ کۆمپانیای هیندی رۆژهەلات هەڵدەوەشێتەوە. میل بە مووچەی مانگانەوە خانەنشین دەبێ و لەگەڵ هەرییت بەرەوە فەرەنسا کۆچ دەکەن. هەرییت لە ئاوینیون لە باشووری فەرەنسا تووشی ئازارەباریکە دەبێ و دەمرێ.

١٨٥٩ داروین بنەمای جۆرەکان(اصل انواع) بڵاو کردەوە. میلیش لەبارەی ئازادییەوە بڵاو دەکاتەوە.

١٨٦١ شەڕی ناوخۆ لە ئەمریکا: میل بە پێچەوانەی رای گشتی لە بەریتانیا هانی پشتیوانی لە باکوور دەدا. سوودگەرایی بڵاو کردەوە.

١٨٦٥ لە ڤێست مینستر بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا.

١٨٦٧ دووەمین یاسای چاکسازی

١٨٦٨ لە هەڵبژاردندا دۆڕا و کورسییەکەی پارلەمانی لە دەست چوو. گەڕایەوە بۆ ئاوینیون و زڕکچەکەی، واتە هلێن ئاگای لێ دەبوو.

١٨٦٩ کۆیلەتیی ژنانی بڵاو کردەوە. کرانەوە کانالی سویز.

١٨٧٣ میل لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا لە ئاوینیون کۆچی دوایی کرد.

لە ژمارە ٦٢١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# مائۆ و مائۆئیزم

## مائۆ کێ یە؟

«مائۆ تسی تۆنگ» (Mao Tse Tung) ناوی یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین کاراکتەرە سیاسییەکانی مێژووی وڵاتی چینە و بە دامەزرێنەری چینی نوێ ناسراوە. مائۆ لە مانگی دێسامبری ساڵی ١٨٩٣ لە «هۆنان» لە دایک بووە. مائۆ ئەگەرچی حەزی لە ئەدەبیات و شێعر کردوە، بەڵام هەر لە سەرەتای ژیانییەوە ئاڵوگۆڕەکانی دەوروبەری کاری تێدەکەن و بەرەو سیاسەتو خەبات دژی هەڵاواردن و نادادپەروەری هانی دەدەن. لە سەرەتادا هەستانەوەی ناسیۆنالیزمی چین و شۆڕش و چاکسازی سەرنجی مائۆیان بۆ لای خۆیان راکێشا. ئەو پرسیارانەی کە لەمەڕ شۆڕشی ساڵی ١٩١١ی چینی لای ئەو هاتنە ئاراوە، هاندەری بوون بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی رادیکاڵ. لەو کاتەدا بارودۆخی ناوخۆی چین ئاڵۆز بوو، شۆڕشی ئۆکتۆبری روسیا سەرنجی روناکبیران و چالاکوانانی چینی بۆ لای خۆی راکێشا بوو. مائۆ ئەو کات دژی رۆژئاواو دەستی لە رێنوێنییە کۆنفسیوسییەکان هەڵگرت و وردەوە وردە رووی کردە تیۆرییەکانی مارکس و لینین و بوو بە ئەندامی گرووپی کۆمۆنیستەکان.

مائۆ تا تەمەنی ٢٥ ساڵی هەر لە هۆنان مایە و نەچوو بووە دەرەوە. دوای ئەوەی پۆلی شەشەمی خوێندنی ئەکادیمی تێپەڕ کرد، درێژەی بە خوێندن دا و هەوڵی دا زمانی دیکە و کۆمەڵناسی و مێژووی چین بخوێنێ. ئەو کات هێشتا لە ژێر باندۆڕی روناکبیرانی پراگماتیستی هۆناندا بوو و لەم چوار چێوەیەدا هەوڵی دەدا کار بۆ وڵاتەکەی بکا. ساڵی ١٩١٨ چووە پەکین و ئەم سەفەرە بووە هۆی دروست بوونی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە روانگەکانیدا. ژیانی پڕ بوو لە کوێرەوەریو تەنگو چەڵەمە. لە کتێبخانەی زانکۆی پەیکیندا دەستی بەکار کرد و بەرپرسەکەی یەکێک لەو مامۆستایانە بوو کە شارەزاییەکی زۆر لە مارکسیزم دا هەبوو. لە هەمان ساڵدا گەڕایەوە بۆ هۆنانو ئیدی خۆی بە مارکسیست دەزانی. هەروەها وەک مامۆستای سەرەتایی دەستی بە وانە وتنەوە کردو لە لای ئەوەشدا لەگەڵ چەند گۆڤارێک کاری دەکرد، خەریکی رێکخستنو دامەزرانی یەکێتییە پیشەییەکان و پرۆپاگەندە کردن بۆ مارکسیزم بوو.

ساڵی ١٩٢١ لەگەڵ ٥٠ کەسی دیکە حیزبی کۆمۆنیستی چین (CCP)یان دامەزراند و لێرەوە بەدوا مائۆ بە شێوەیەکی شێلگیرانە دەستی بە چالاکی کرد. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٥دا بارودۆخی سیاسی چین تووشی ئاڵۆزی و قەیران بوو، مائۆ لە هاوڕێیەکانی جیابووەوە و بۆ نوێ کردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی گەڕایەوە هۆنان. ئەمەش بە یەکێک لە هەڵەکانی مائۆ دەژمێردرێ و زۆر کەس پێیانوایە مائۆ بە گەڕانەوەی بۆ هۆنان هەلێکی زێرینی لە دەست داوە. مائۆ لەو کاتەدا خۆی زیاتر بە تیۆری چینایەتییەوە سەرقاڵ کرد و پەرەی بەم تیۆرییەدا، هەروەها بەو پێیەی کە بەردەوام خوێندنەوەی نوێ بۆ بارودۆخی توێژی هەژار و کەم داهاتی کۆمەڵگا هەبوو و بەرگری لە مافەکانیان دەکرد خۆشی چووە ریزی ئەم چینەوە و بە کردەوە بوو بە ڕێبەری ئەم توێژە لە ناو هەر دوو حیزبی سەرەکی وڵاتی چین دا. بە پێی هەڵسانگاندنی خۆی بۆ بارودۆخەکە بۆی دەرکەوت کە توێژی هەژار و کەمداهاتی کۆمەڵگا گوێڕایەڵی قسەکانی دەبن. هەر بۆیەش لە ساڵی ١٩٢٧دا کتێبێکی بە ناوی «ڕاپۆرتێک لەمەڕ بزووتنەوەی هەژاران لە هۆنان» بڵاو کردەوە. ئەمەش تێکچوونی پێوەندی نێوان هەر دوو حیزبی سەرەکی چینی لێ کەوتەوەو کۆمۆنیستەکان بەشێکیان هەڵاتن و چەکیان هەڵگرت و ڕوویان لە شاخەکانی باکووری چین کرد و بەشێکیشیان مانەوە و وەک ڕێکخستنی نهێنی چالاکییان دەکرد. ئەوانەی کە ڕوویان لە شاخ کرد، دابەش بوون بە سەر چەند ئۆردووگادا و خەباتی خۆیان دژی دەوڵەت دەست پێ کرد. یەکێک لەو ئۆردووگاگەلە، ئۆردووگای مائۆ لە نزیکی هۆنان بوو. وردە وردە خەباتی چینی هەژاری کۆمەڵگا دژی دەوڵەت پەرەی گرتو کەوتە سەر پێو ئەمەش بوو بە دەسپێکی شۆڕشێکی نوێ. لە شانگهای پاشماوەی حیزبی کۆمۆنیست خەریکی خەبات بوونو ئەم خەباتە لە پەراوێزەوە بۆ ناوەندی شارە گەورەکان پەرەی پێدرا. یەکێک لەو کەسانەی کە زیاترین کاریگەری هەبوو لە پەرەگرتنی ئەم شۆڕشەدا مائۆ بوو کە ئەویش لە سێ قۆناغدا نەیتوانی بە باشی کەڵک لە دۆخەکە وەربگرێ. یەکەم کۆنترۆڵی ئەو هێزەی کە بۆ خۆی ڕێکی خستبوو لە دەست دا، دواتریش پلە حیزبییەکەی لە دەست چوو و پاشانیش لە حکوومەت دەسەڵاتی نەما. لە ململانێ نێوخۆیدا «چەنگ های شک» سەرکەوت و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بۆ خۆی باوەڕی پێ بوو ئەنجامی دا. لە کۆنفرانسی مێژوویی «تسیۆنی»دا لە ساڵی ١٩٣٥دا مائۆ لە وتارێکدا هۆکاری کەموکوڕییەکانی خستە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە داکۆکیان لە وەرگرتنی پشتیوانیو یارمەتی لە ڕوسیا دەکرد. بۆیە لە ئاکامدا مائۆ توانی سەرکەوتن بە دەست بێنێ. دوای ئەمە سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیست وردە وردە یەکی گرتەوەو لە ساڵی ١٩٣٧دا شەڕی نێوان چینو ژاپۆن دەستی پێکرد. ئەم شەڕە وەک قووڵترین شەڕی چین تا ئەمڕۆ ناسراوەو لەو شەڕدا خەڵکی چین یەکپارچە دژی ژاپۆن وەستانەوە. لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕەکە کێشەو ململانێ ناوخۆی لە چین دا دروست بووەوەو ساڵی ١٩٣٩ زیاتر پەرەی گرتو دەرکەوت. لە ساڵی ١٩٤٠ حیزبی کۆمۆنیست زیاتر بەرەوە لای نەتەوەیی بوون ڕۆیشتو بەو بۆنەوە کە ڕوسیا لەگەڵ هیتلێر لە شەڕدا بوو و

کاریگەریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی نێو چینو کەشوهەوای هزری ئەوێ کەم بووەوەو حیزبی کۆمۆنیست تا ڕادەیەک سەربەخۆ بوو. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٤ مائۆ پلانەکانی خۆی پێش خستو لە ساڵی ١٩٤٥دا یاسای بنەڕەتیی (قانون اساسی) دارشت. بە پێی پلانەکانی مائۆ حیزبی کۆمۆنیست چووە پێشەوە و لە ساڵی ١٩٤٩دا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. بۆیەش هەموو شتێکی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و پلانێکی پێنج ساڵەی پێشکەش کرد و لە لای ئەوەشدا ئاراستەی بە شۆڕشێکی کولتووری دەدا. مائۆ لە ساڵی ١٩٦٦ شۆڕشی کولتووری چینی بەرپا کرد کە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە(جیانگ چین) سەرۆکایەتی دەکرا. ئەم شۆڕە بە گەورەترین و قووڵترین ململانێ دەسەڵات لە حیزبی کۆمۆنیستی چیندا لە قەڵەم دەدرێ. مائۆ لە ساڵی ١٩٦٨دا بوو بە خاوەن نازناوی سەرکەوتووترین پیاوی چین.

مائۆ لە دەیەی ٧٠ی سەدەی ڕابردوودا زۆربەی پلان و بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ کرد و هێشتاش هەر لە دەسەڵاتدا بوو. بە هۆی کاری زۆرەوە تووشی نەخۆشی «پارکینسۆن» هات و لە مانگی سێپتامبری ساڵی 1976دا کۆچی دوایی کرد.

## مائۆئیزم چییە؟

مائۆئیزم (Maoism) واتە ئەو تێگەیشتنەی کە «مائۆ تسی تۆنگ» لەمەڕ ستراتیژی شەڕی شۆڕش و مارکسیزم ـ لینینیزم و هەروەها چۆنیەتی گونجاندنی مارکسیزم ـ لینینیزم لەگەڵ بارودۆخی چین دا هەیبوو. یەکێک لەو شتە سەرەکییانەی کە مائۆ و کۆمۆنیستەکانی چین لە کۆمۆنیستەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەوان ناوەندی خەباتیان لە شارەکانەوە بۆ گوندەکان گواستەوە و هەروەها بە پێچەوانەی وڵاتێکی وەک بەریتانیا کە خەباتی کۆمۆنیستی لە دەستی کرێکارانی شارنشیندا بوو، ئەمجارە لە چین و بە سەرکرایەتی مائۆ جووتیارانی گوندنشین خەباتەکەیان بە دەستەوە گرت. واتە ئەگەر لە وڵاتانی دیکە خەبات، خەباتی کرێکارانی کۆمۆنیستی شارنشین بوو، ئەوا لە چین خەبات، خەباتی جووتیارانی کۆمۆنیستی گوندنشین بوو. ئەمەش هەم جیاوازییەو هەم وەک خاڵێکیش دەستنیشان دەکرێ کە کۆمۆنیستەکانی چین بە شۆڕشی کۆمۆنیستییان زیاد کردوە. بۆیە شۆڕش لە وڵاتی چین بوو بە شۆڕشێکی پارتیزانی و مائۆ سەرکردایەتی ئەم شۆڕشەی کردو لە ساڵی ١٩٤٩دا سەرکەوت و سوپاکەی مائۆ کە سوپایەکی جووتیاری بوو یەکە یەکە لە هەمان ساڵدا شارەکانیان گرت. لە ئاستی سیاسەتی نێوخۆدا مائۆئیزم کۆمەڵێک گۆڕانکاری کرد کە لەو سەردەمەدا هەموویان جۆرێک لە تازەگەریی بوون لە وڵاتی چین دا. ئەم

گۆڕانکارییانەش چەند مەبەستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای نەریتی چین لە پشت بوو. گرنگترینی ئەو گۆڕانکارییانەش دەتوانین ئاماژە بە چاکسازی لە بواری کشتوکاڵ و زەوی و کۆکردنەوەی جووتیاران و هەروەها بەرنامەی «وەرسووڕانی گەورە بەرەو پێش» و «شۆڕشی کولتووری» بکەین.

بەو جۆرەی کە لینینیزم بە مارکسیزمدا دەچێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بگونجێ و لەوێ دا «پرۆلتاریای پیشەیی» لاوازە، کەڵک وەرگرتن لە هێزی شۆڕشی جووتیاران (پرۆلتاریای جووتیاری) وەک بازوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی مائۆئیزم، بە جۆرێک دیسان پێداچوونەوەیە بە مارکسیزم ـ لینینیزم دا. بە کار هێنانی پرۆلتاریای جووتیاران وەک ئایدۆلۆژیایەک بۆ ئەو وڵاتانەی کە تیاندا پرۆلتاریای پیشەیی لاواز بوو، هێزە ئەکتیڤەکەی لە لایەن جووتیارانەوە دابین دەکرا. لەم رووەوە مائۆئیزم خۆی وەک مێتۆدێکی شۆڕشگێڕانە، باشتر و گونجاوتر لە شۆڕشی روسیا بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم دەزانێ. بۆیەش لە بنەڕەتدا لە ناو سێ ئوردووگای «ئیمپریالیزم، سوسیال ئیمپریالیزم و جیهانی سێیەم» خۆی وەک چەکی شۆڕشی دەستی نەتەوە بندەستو هەژارەکان لە بەرامبەر دوو جەمسەری بەهێزدا دەزانی. گرنگی شێوازی خەباتی مائۆ تسی تۆنگ لەوەدایە کە بە جێ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمینترن، (کە شۆڕشی روسیا و سیاسەتی دەرەوە روسیای دەگەیاندە هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانو دەبوا پەیڕەویان لێ کردبایە) بە پێی ئەوەی پشتی بە پرۆلتاریای جووتیاران بەستبوو و هێزەکەی لە ناو جووتیارانەوە هەڵقوڵابوو هەر لە سەرەتاوە، واتە لە ساڵی ١٩٢٥ ەوە گوێ بە ئامۆژگارییەکانی سۆڤیەت نەدا و ئەو باڵانەی کە لە حیزبی کۆمۆنیستدا ئینتیمایان بەرەو لای مۆسکۆ هەبوو خرانە پەراوێزەوەو لە لایەن مائۆ و لایەنگرانییەوە وەلا نران. ئەم رووبەڕوو بوونەوەو ململانێیە وەک شەڕی نێوان چین و سۆڤیەت دادەنرا. ئەم شەڕە شاراوەیە لەگەڵ مۆسکۆ لە کاتی شۆڕش دا و هەروەها جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی ستالین، دوای ئەوەی مائۆ بە دەسەڵات گەیشت بووە هۆی شەڕی ئاشکرای نێوان چین و سۆڤیەت و لێرەوە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم جیهانی بوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم دا دروست کرا و وردە وردە بزووتنەوەی جیهانی کۆمۆنیزم بوو بە چەند پارچە. ئەمەش لە ئەنجام دا بووە هۆی دروست بوونی چەندین گرووپی «مائۆئیست». بە پێچەوانەی «تیتۆئیزم» مائۆئیزم لە باڵی چەپ دا قەیرانی دروست کرد و خۆشحاڵی چەپە نوێیەکانی لێ کەتەوە کە لە سیستمی بوروکراسی سۆڤیەت ناڕازی بوو و بە جۆرێک لە ژێر چەتری مائۆئیزمدا خۆیان داڵدەدا و سەرقاڵی پێداچوونەوە بە «ریۆیزیۆنیزم» و بارودۆخی سوسیال دێموکراتەکان بوون. مائۆئیزم رێنیشاندەرێک بوو کە بوو بە شۆڕش و هاوتەریب لەگەڵ «ترۆتسکیزم» و هاوکات لەگەڵ «کاسترۆئیزم» و «وارائیزم» بووە بە شەڕێکی شۆڕشگێڕانە و کۆمەڵێکی یەکسانی خواز و «شۆڕشی کولتووری» رێگا خۆشکەرێک بوو بۆ مائۆئیزم و ئامانجەکانی.

زەروورەتە زانسیتی و سیاسیی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگا چین، ئەو وڵاتەی لە شەڕێکی ئایدۆلۆژیک لەگەڵ «ئیمپریالیزم» و «سوسیال ئیمپریالیزم»(واتە سۆڤیەت) بەرەو ئەوە برد کە لە رۆژئاوا نزیک ببێتەوەو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەوێتە پەیوەندییەوە. ئەمەش تا رادەیەک بە زەرەری پێگە و خۆشەویستی مائۆئیستەکان لە چین بوو و پێچەوانەی باوەڕەکانی ئەوانیش بوو. سەردانی «نیکسۆن» بۆ وڵاتی چین و کۆبوونەوە لەگەڵ مائۆ، مائۆئیستەکانی خستە لەرزە. بێگومان بنەمای ئەم پەیوەندییە لە بەرژەوەندییەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام هاوکات ناکرێ نکۆڵی لە زیانەکان و کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی لە سەر پێگەی مائۆئیزم لە چین دا بکەین.

### سەرچاوەکان:


١- ویکی پیدیا

٢- http://www.mashal.org

٣- ئَشوری، داریوش. دانشنامه سیاسی، چاپ دهم، سال ١٣٨٣، تهران، انتشارات مروارید. ص ٢٨٦ و ٢٨٧


لە ژمارە ٦٢٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دیسەمبەری ٢٠١٣

## فرانسیس فۆکۆیاما: رووسیا پێی باشترە دراوسێیەکانی ئۆتۆریتەخواز بن



***ئاماژە: زیاتر لە دوو دەیە لەمەوبەر، ئەو کاتەی یەکیەتیی سۆڤیەتو ئابووریيە سوسیالیستییەکەی هەرەسی هێناو لە لایدا بازاڕی ئازاد و دیموکراسی سەرکەوتنی بەرچاویان تۆمار کرد، فرانسیس فۆکۆیاما پێش بینی ئەوەی کرد بوو کە لیبراڵیزم بە سەر ئایدۆلۆژیا رەکابەرەکانیدا زاڵ دەبێ. سەرەرای ئەمە فۆکۆیاما لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ رادیۆی «ئازاد»ی ئورووپای بلاڕووس ئەوە شی دەکاتەوە کە دیموکراتیزە بوون لە ئورووپای رۆژهەلاتیی رووسیا بە ئاسانی نایەتە دی.***

***پرسیار: ئێوە کام یەک لە پرۆسەی سیاسی - کۆمەلایەتییەکان لە داهاتووی ئورووپای رۆژهەلاتو رووسیا بە گرنگترین و چارەنووس سازترین دەزانن؟***

**فۆکۆیاما: پێم وایە زۆربەی ئەو رووداوانەی کە تا ئێستا روویانداوە ئەرێنی نەبوون. بەم پێیە لەو کاتەوە کە «ڤیلادمیر پوتین» لە رووسیا بووەتە سەرکۆمار بەردەوام خەریکین لە دیموکراسی دوور دەکەوینەوەو من لە سەر ئەو باوەڕەم کە بە تێپەڕینی کات رووسیا نادیموکراتیک تریش دەبێ. لەم وڵاتەدا دەرەتانی ململانێیەکی ئازاد بۆ هێزە سیاسییەکانی دیکە نییە. لە رووسیا ئازادیی رادەربڕین نابینینو پرۆسەی ئازادیی زانیاریی چ واتایەکی نییە.**

**«ئۆکرانیا»ش بێ هیوایی لێ دەباری، چونکە من پێم وایە ئەم وڵاتە ساڵی ٢٠٠٣ هەلێکی بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسی راستەقینە لە دەست دا. بەم حاڵەش لە کاتی دوایین هەڵبژاردن و سەرکەوتنی «ڤیکتۆر یانوکۆڤیچ»**

لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە، ناوبراو نەیشاردۆتەوە کە هێشتاش غەریزەی ئۆتۆریتەخوازی لە ناخی دایە.

***پرسیار: بۆ زۆربەی وڵاتانی دوای سۆڤیەت (پسا سۆڤیەت) لە بەردەم مەترسی دیکتاتۆری دان؟***

***فۆکۆیاما:*** پێم وایە چەند هۆکاری هەیە: یەکەم هۆکاری ئەوەیە تێکۆشان بۆ پێکهێنانی دیموکراسیو پرۆسەی پەرینەوە بۆ دیموکراسی بێ سەروبەرەییو تێکەو لێکەی زۆری پێوە دیار بووەو پێم وایە هێزە دیموکراتیکەکانیش بۆ خۆیان یەکگرتوو نەبوونو کۆمەڵێک هەڵەیان کردوە. بۆ وێنە لە ئۆکرانیا، هاوپەیمانی پرتەقاڵی لە ناو خۆیدا ناکۆکی تێکەوتو ئەرکی حکوومەت کردنی بە باشی بەڕێوە نەبرد.

سەرەڕای ئەوەش پێم وایە کێشەی سەرەکی، نەبوونی دامەزراوەگەلی بەهێزە لە سەردەمی کۆمۆنیستەکان و یەکیەتیی سۆڤیەتدا. بۆیە حیزبی سیاسی جۆراوجۆر لەوێ سەریان هەڵنەدا، کۆمەڵگایەکی مەدەنیی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا و ئەگەریش بووبێ زۆر لاواز بوو. ئێوە دەوڵەتێکی زۆر سەرکوتکارتان هەبوو، بەڵام توانای خزمەتگوزارییەکی باشی نەبوو و گەندەڵ بوو، بێ یاسا بوو. بەم پێیە ئەگەر دونیای کۆمۆنیزمی پێشوو لەگەڵ ئەمریکای لاتین لە دوو دەیەی ٦٠ و ٧٠ی سەدەی رابردوو بەراورد بکەین کە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا بوون جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ. دووریش نیە کە لە داهاتوودا شتی وا روو بدا بەڵام پێکهێنانی ئەم دامەزراوەگەلە زۆر ئەستەمە و کاتێکی زۆریشی دەوێ.

***پرسیار: هەڵەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا چ بوون؟***

***فۆکۆیاما:*** پێم وایە کۆمەڵێک هەڵە لە سیاسەت و بۆچوونەکانیدا هەبوون. زۆربەی ئەمریکییەکان لە بواری سیاسەتدا، پێیان وابوو، ئەگەر تەنیا لە چنگی دیکتاتۆری رزگار بن ئەوا دیموکراسی راستەقینە وەدی دێ. هەروەها پێم وایە وەک پێویست گرنگی بە پێکهێنانی رێکخراوە دیموکراتیکەکان نەدەدرا.

پێم وایە دەکرا ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا باشتر مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکا، بەتایبەتی لە رۆژانی سەرەتای دەیەی ١٩٩٠دا لە رووسیا دەیتوانی یارمەتی دانانی بناغەیەکی پتەوە بۆ دیمواسی بدا. و لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، پێم وایە زۆربەی رووسەکان بە هۆی پەرەگرتنی ناتۆ و... لە بەرامبەر ویلایەتە

یەکگرتووەکاندا راوەستان. ئێستا لەم بارەوە ناکۆکی هەیە، چونکە لە ئورووپای رۆژهەڵات ئەوە شتێکە کە تا ئاستێکی زۆر رچاو کرابوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە رووسەکانی لە مەڕ مەبەستەکانی رۆژئاوا و... تووشی دوو دڵی کرد.

***پرسیار:*** *باسی ئەوەتان کرد کە رووسیا خەریکە لە دیموکراسی دوور دەکەوێتەوە. ئەرێ ئەو راستییەش کە رووسیا لە لایەن وڵاتانی ئۆتۆریتەخوازەوە دەورە دراوە و پشتگیریان لێ دەکا، خزمەتی پتەوە کردنی مەیلی ئۆتۆریتەخوازەکان لەم وڵاتەدا دەکا؟*

***فۆکۆیاما:*** پێم وایە هەر وایە. بوونی جۆرەها دیموکراسی راستەقینە لە سنوورەکانی رووسیا بە قازانجی ئەو وڵاتە نییە، چونکە کۆمەڵێک سیگناڵی هەڵە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دەنێرێ. بۆیە پێم وایە ئەو ئەگەرە دروستە کە رووسیا پێ باشترە دراوسێیەکانی ئۆتۆریتەخواز بن.

من پێم وایە لە بواری هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ناوچەیەکی ئازادیی تیجاریو یان فەزای ئابووری و یەکگرتووی ئەو فەزایە، لە رێگای سیاسەتەکانی وزەو لە رێگای گواستنەوە و... هاوکاری نێوان رووسیا ئەم دیکتاتۆرییانە روو لە زیادبوونە.

***پرسیار:*** *ئێستا لە دەرەوە هەموو روانگەکان لە سەر رووسیا چڕ بووەتەوە. ئەرێ ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە ببێتە هۆی ئەوە کە رووسیا لە رووی خۆپارێزییەوە بە شێوەی سیستماتیک تر و بە وردبینییەکی زیاترەوە پشتگیری گۆڕانکارییە دیموکراتیکەکان لە وڵاتانی دراوسێی دا بکا؟*

***فۆکۆیاما:*** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵێک یارمەتی دیاری بۆ پشتگیری کردنی دیموکراسی تەرخان کردوە، بەڵام وەک دەزانن ئەمە کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، هەموو وڵاتان یاسایەکیان دانا کە وەرگرتنی پارەی بۆ گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی قەدەغە کرد. لە وڵاتگەلێکی وەک ئۆکرانیا و جۆرجیا تەنیا رێگا چارە ئەوە بووە کە ببنە ئەندامی ناتۆ. لە بنەمادا پێم وایە دەکرێ ئەمە بیرۆکەیەکی باش بێ.

بەڵام لە کردەوەدا، کارێکی وشیارانە نەبوو، چونکە لە راستیدا ناتۆ پەیمانێکی سەربازییە کە سەرجەم ئەندامانی

ناتۆ لە کاتێکدا کە یەکێک لە وڵاتانی ئەندام هێرشی بکرێتە سەر، لە سەریانە بۆ پشتگیری کردنی ئەم وڵاتە بچنە شەڕەوە، و من پێم وایە لە کردەوەدا نەدەکرا هیچ کام لەو وڵاتانە وەک ئەندامیی ناتۆ وەربگیردرێن. یەکیەتیی ئورووپا بابەتێکی جیاوازە، چونکە ئەو یەکیەتییە پەیمانێکی سەربازی نیە.

من پێم وایە کۆمەڵێک کار هەیە کە دەکرا ئورووپاییەکان بۆ هاندانی ئەو دامەزراوانە و بۆ ئەوەی (ئەو دامەزراوانە) رێچکەیەکی دیموکراتتر بگرنە بەر لە سەرجەم ئەو وڵاتگەلەدا (بەتایبەتی ئۆکرانیا) جێبەجێ بکەن. بەڵام لە کۆتاییدا لە سەر ئەو باوەڕەم کە کارتەکانی ئورووپا و ئەمریکا لەم بەشە لە جیهاندا سنووردارە.

***پرسیار: بۆ یەکیەتیی ئورووپا داوا لە ئۆکرانیا یان بلاڕووس ناکا کە ببنە ئەندامی ئەم یەکیەتییە؟***

***فۆکۆیاما:*** پێم وایە هۆکارەکەی بە تەواوەتی روونە. زۆربەی ئورووپاییەکان پێیان وایە کە ئەو یەکیەتییە بە خێراییەکی ئێجگار زۆرەوە پەرەی سەندووە. رەنگە نەدەبوو یۆنان وەک ئەندام وەربگرن، یان لانی کەم نەدەبوو ئەندامێتیی ئەو وڵاتە لە ناوچەی یۆرۆ پەسەند بکەن. ئێستاش زۆربەی خەڵک پێیان وایە کە بۆلگاریا و رۆمانیا زووتر لەو کاتەی کە دیاری کرابوو وەرگیران، چونکە کاتێک بوون بە ئەندامی ئەم یەکیەتییە، بە هۆی گەندەڵیو کرداری دامەزراوەکانی خۆیانەوە وەدواکەوتن.

بەو بۆنەوە کە ئورووپا بۆ مەبەستەکانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا پێویستی بە بازرگانی هەیە، باشتر وایە کە یەکیەتییەکی گەورەتری هەبێو خەڵکیی زیاتر هان بدا کە بچنە ریزی ئەو یەکیەتییەوە. بەڵام بۆ تەندروستی یەکیەتیی ئورووپا، ئاسانتر ئەوەیە کە بە بچووکی بیهێڵنەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا بەرز راگرتنی ستانداردەکانی ناو یەکیەتییەکە ئاسانترە. بەم پێیە ئەوان دەبێ هاوسەنگیی لە نێوان ئەم دوو خاڵەدا رابگرن.

***پرسیار: بە ئاماژە بە بۆچوونەکانی بەرێزتان لەمەڕ رۆڵی توێژی ناوەڕاست لە گۆڕانکارییە دیموکراتیکەکاندا، ئەرێ توێژی ناوەڕاست لەم ناوچەیەدا جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ هاوتا تورکو یان بەرازیلییەکانی خۆیان هەیە؟***

***فۆکۆیاما:*** توێژی ناوەڕاست لە بەشە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا زیاتر وەک یەک دەجووڵێنەوە، بۆیە پێم وانییە ئەم

توێژە لە بلاڕووس، رووسیا، چین، بەرازیل و تورکیا جیاوازیی بنەڕەتییان هەبێ. پێم وایە ئەو خەڵکەی کە ئاستی خوێندەوارییان بەرزە خاوەن داراییەکی زیاترن، بۆ وێنە خاوەنی خانوویەک، ئۆتۆمبیل و... هتدن. ئەوان لەمەڕ سیاسەت زیاتر نیگەرانن، چونکە بایەخی سامانەکانیان گۆڕانکاری بەسەردا دێ. بەو حاڵەش ئەم خاڵە زیاتر گرێدراوی ئەزموونە تایبەتەکانی ئەوانە.

خەڵکی زۆر لە توێژی ناوەڕاست لە رووسیا دەژین. ئەو خەڵکە سەردەمی «بوریس یلتسیین» یان لە دەیەی ۱۹۹۰ دا ئەزموون کردوەو ئاڵۆزیی ئابووریو لاوازیی دەرەکی ئەو کات وەبیر دێننەوە. ئەوان ئەزموونی تێکەڵکردنی ئەو هەلومەرجە تاڵەیان لەگەڵ دیموکراسی هەیە، بۆیە بەشێکیان وازیان لە پشتگیری کردنی پوتین هێنا.

بەڵام پێم وایە بەڵگەی زۆر لە بەردەست دایە کە نیشان دەدەن لە درێژماوەدا، ئەو کاتەی ئەم بیرەوەرییانە لە بیر بکرێن و خەڵک بتوانن هەست بە سەقامگیری وڵاتەکەیان بکەن و بارودۆخی ئابووری تارادەیەک باش بێ، ئەو کاتە بیر لە بابەتگەلی دیکەی وەک بەشداریی سیاسی، ئازادیی زیاتر، هەڵبژاردەکانی تاک زیاتر هیوا بە ژیان پەیەدا دەکەنو دوای ئەوە ئیدی بە ئاسانی دەوڵەتە ئۆتۆریتەخوازەکان قبووڵ ناکەن.

بەڵام وەک دەزانن ئەم رووداوانە بە شێوەی خۆبەخۆ روو نادەن. وا نیە کە ئێوە لە داهات و خوێندەواریدا خاوەن ئاستێکی دیاری کراو بنو دوای ئەوە بە شێوەی ئۆتۆماتیک ببنە لایەنگری دیموکراسی. کێشەکە زۆر ئاڵۆزترە.

***پرسیار: لەم پێوەندییەدا لە داهاتوودا چین بە چ شێوەیەک کاریگەریی لە سەر ئەم ئاڵوگۆڕانە دەبێ؟***

***فۆکۆیاما:*** پێم وایە چینو مۆدێلی چینی لە دە ساڵی داهاتوودا رۆژگەلێکی سەختیان لە بەردەم دایە. چونکە مۆدێلە ئابوورییەکەیان وەک رابردوو بە باشی چالاک نییە. رێژەی گەشە دادەبەزێ. ئێستا توێژی ناوەڕاستی خودی چین زۆرن. سەرەڕای ئەوە ئەوان زۆر پشتیوانی رێژیم بوون، بەڵام پێم وانییە بەم دابەزینە ئابوورییەی ئێستا، ئەم دۆخە زۆر بخایەنێ.

بۆیە پێم وانییە کە لە ماوەی ۱۰ ساڵی داهاتوودا چین ئاڵترناتیڤێکی باش بێ بۆ دیموکراسی رۆژئاوا.

**پرسیار**: *ئێوە لە لێکدانەوەکانتاندا زیاتر گەڕانەوە سەر پوتین و یانکوڤیچ، بەڵام قەت ئاماژەتان بە «لوکاشێنکۆ»، سەرکۆماری بلاڕووس نەکردو ئەمەش باوە. هۆکاری ئەم بابەتە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟*

**فۆکۆیاما**: بە باوەڕی من هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە رووسیا و ئۆکرانیا بەڕاستیی لە کاتێکی دیاری کراودا هیوایەکی زۆر بۆ پێکهێنانی دیموکراسی هەبوو. بۆیە ئەو کاتەی کە پوتین لە لایەن یلتسینەوە دانرا، زۆربەی خەڵک هیوایان بەوە بوو کە رەنگە ئەم پیاوە بتوانێ ئاڵوگۆڕ لە هەندێ لە جمگەکانی ئەو سیستمە لە رووسیا بکا و دیموکرات بمێنێتەوە. بە هەمان شێوە لە ئۆکرۆانیاش دوای شۆرشی پرتەقاڵی خەڵک هیوایەکی زۆریان هەبوو.

بەڵام بە داخەوە لە بلاڕووس پیاوێک دەسەڵاتی بە دەستەوەیە کە لە کاتی هەرەسهێنانی کۆمۆنیزمەوە، دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بە دەستەوەیە. بۆیە بەردەوام وەک وڵاتێک سەیر دەکرێ کە قەت سەرکەوتنێکی گەورەی وەک ئەوەی لە رووسیا و ئۆکرانیا رووی دا، ئەزموون نەکردوە.

من کۆمەڵێک خوێندکارم هەبوو کە خەڵکی بلاڕووس بوون و لەگەڵ خەڵکی بلاڕووس قسەم کردوە، هەوڵم ئەوە بوو بزانم کە بۆ ئەم وڵاتە رێگایەکی جیاواز لە رێگەی رووسیا و ئۆکرانیای گرتەبەر، بەڵام هێشتا هیچ وەڵامێک دەست نەکەوتووە.

سەرچاوە: دیپلۆماسی ئێرانی

لە ژمارە ٦٢٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانیۆیری ٢٠١٤

# نەورۆز بۆ ئێمە، نەورۆز بۆ ئەوان

**بەرایی**

نەورۆز بۆنەیەکی تایبەتی نەتەوەیەک نییەو هی زۆربەی میللەتانی ئاریاییە. ئەم بۆنەیە لە ڕێکەوتی ٢٤ فێوریەی ساڵی ٢٠١٠ دا، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک «ڕۆژێکی نێونەتەوەییو فەرهەنگی ئاشتی» لە جیهاندا بە فەرمی ناسی. نەورۆز کە ئێستا وارایەتییەکی جیهانیی هەیە، لە نێوان بەشێک لە میللەتانیو وڵاتانی جیهاندا بەشێوازی جوراوجۆر یاد دەکرێتەوە. لە کۆی ئەم یادکردنەوانەدا نەورۆز بە واتای نوێبوونەوەو دەست پێکردنی وەرزێکی نوێ دێ. لای ئەو وڵاتگەلەی کە بەپێی ڕۆژمێری هەتاوی کار دەکەن (وەک: ئێران و ئەفغانستان) نەورۆز بە واتای سەرەتای ساڵی نوێ دێ و لای ئەو وڵاتگەلەی کە بەپێی ڕۆژمێری زایینی کار دەکەن، ڕۆژی نەورۆز بە مانای دەسپێکی وەرزی بەهار دێ.

ئەوەی لەم وتارەدا مەبەستە، یەکەم، ڕوانینێکی گشتییە بۆ نەورۆزو چۆنیەتیی یادکردنەوەکەی، دووەم، ڕوانینێکی تایبەتە بۆ گرنگییەکەی لای کورد. ڕوانینی دووەم، کە تەوەری سەرەکیی وتارەکەیە، قسەکردنە لەسەر سنووربەندیی نێوان نەورۆزی ئێمە (وەک کورد) و نەورۆزی ئەوان (نەتەوە و وڵاتگەلی دیکە). بە واتایەکی دیکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە ئاخۆ نەورۆز لای ئێمە تەنیا بۆنەیەکی کولتووریو کۆمەڵایەتیی ڕووتە، یان بۆنەیەکی سیاسیشە؟ چەندە ئێمە لە نەورۆز بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی، بردنە سەرەوەی ئاستیو شیاریی نەتەوەیی، ڕێکخستنی سیاسیو مانۆڕی نەتەوەیی (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کەڵکمان وەرگرتووە؟ بێگومان قسەکردن لەسەر ئەم پرسیارگەلە، پێویستی بە ڕامانێکی نوێیەو وەڵامەکەشیان لەهەر کام لە پارچەکانی کوردستان جیاوازە.

## نەورۆز بۆ ئەوان

نەورۆز لای زۆربەی میللەتانی ناوچەکە تەنیا بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیو کولتوورییەو لەو چوارچێوەیەدا بە شێوازی

جیا جیا یاد دەکرێتەوە. هۆکاری ئەوە کە تەنیا جەژنێکی کۆمەڵایەتیو کولتوورییە، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ژیانو کێشەکانی ئەو میللەتانە. بەواتایەکی دیکە ئەوان خاکیان داگیر نەکراوە، کیانی سیاسیو سنووری خۆیان هەیە، زمانو کولتووریان مەترسیی لەناوچوونی لەسەر نییە، بۆیە نەورۆز لای ئەوان زتاتر وەک بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیو کولتوورییە.

لە نەورۆزدا، زۆربەی ئەو نەتەوەو وڵاتگەلەی کە ئەم بۆنەیە جەژن دەگرن، کۆمەڵێک نەریتیان هەیە کە ساڵانە لە نەورۆزدا ئەنجامی دەدەن. لەوانە: خاوێنکردنەوە ناوماڵ، سەردانی خزمو کەسو سەیرانو سەفەری ئەم لا و ئەو لا، رازاندنەوەی سفرەی حەوت سین، دروستکردنی خواردنی جۆراوجۆ، گۆرانیو هەڵپەڕکێ، ئاگرکردنەوە، ئەنجامدانی پێشبڕکێیو گەمەی جۆراوجۆر و... هەرکام لەم نەریتگەلە باکگراوندو ئەفسانەیەکیان هەیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، باکگراوندی ئەو نەریتگەلە نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئەو نەتەوە و وڵاتگەلە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیو کولتووریدا یادی نەورۆزیان کردووەتەوەو ئەم جەژنەیان ئاوێتەی سیاسەت نەکردووە. بەم جۆرە لە سەرماو کرێوەی زستانو تاریکی و... ماڵاواییان کردووە و بەرەو پیری بەهارو ساڵی نوێو داوێنی سروشتو ژیانێکی نوێ چوون.

## نەورۆز بۆ ئێمە

ئەگەر چاو لە چەند دەیەی رابردوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەپێچەوانەی نەتەوەو وڵاتانی دەوروبەر، نەورۆز بۆ کورد هەمیشە مانایەکی دیکەی هەبووەو هەیە. بەواتایەکی دیکە نەورۆز بۆ کورد جیا لەوەی بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیو کولتووری بووە، هەمیشەش تێکەڵاوی خەمی نەتەوەییو سیاسی کراوە. نەورۆز بۆ کورد دەرفەتێک بووە بۆ ئەوەی خۆی ببووژێنێتەوەو بەشێوازی جۆراجۆر ئەوە پەیامەی پێ دەربڕاوە کە کورد نەتەوەیەکە غەدری لێ کراوە، کوردستان نیشتمانی یەک نەتەوەیەو پارچە پارچە کراوە، زمانمان شێوێندراوەو هەوڵ بۆ ئاسیمیلەکردنمان و... دراوە. بەردەوام گۆرانیو شیعرە نەورۆزییەکان بە پەیامی سیاسیو خەمی نەتەوەیی بار کراون. واتە سروشتی راستەقینەی نەورۆز لای کورد لە فۆرمێکی کولتووریو کۆمەڵایەتییەوە، گۆڕدراوە بۆ فۆرمێکی سیاسی. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین بەردەوام داگیرکەرانی کوردستان بەرانبەر بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی نەورۆز لە کوردستان هەستیار بوونو زۆر جار لەبەرەبەری نەورۆزدا کوردستان میلیتاریزە کراوەو بۆنە نەورۆزییەکان لە زۆر شوێنی کوردستان تێک دراونو کوشتنو زیندانیان لێ کەوتووەتەوە. هەموومان نەورۆزەکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوومان لە باکووری

کوردستان لەبیر ماوە، کە بە چ شێوەیەک خەڵک سەرکوتو شەهیدو دەستگیر دەکران. «زەکیا ئەلکان» کە کچە خوێندکارێک بوو لە شاری ئامەد لە نەورۆز بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیو گەیاندنی پەیامی نەتەوەکەی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. نەورۆزی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی شاری سنەمان لەبیرماوە کە دەیان لاو لە سنە دەستگیر کرانو لە زۆر شوێن بە سەپاندنی کەشێکی میلیتاریستی ڕێگەیان نەدەدا ئاگریش بکرێتەوە.

لە ساڵانی ڕابردوودا لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان هەوڵ دراوە لە نەورۆز کەڵک وەربگیردرێ، لە باکوور، چەند ساڵە میتینگی ملیۆنی لە نەورۆزدا بەڕێوە دەچێو ئیرادەو ئیقتداری نەتەوەیەک نیشان دەدرێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای گوشارو زەختی زۆر چەند ساڵە لە هەندێ لە شارەکانو گوندەکان کۆبوونەوەی بەرین لە نەورۆزدا پێک دێو بە خوێندنەوەی شێعر و سروودی جۆراوجۆر، بۆنەکە بەرز ڕادەگیردرێ. لە ڕۆژاوای کوردستانیش بە کۆبوونەوەی بەرینی جەماوەری ئەم بۆنەیە یاد دەکرێتەوە. لە باشووری کوردستانیش جیاواز لە پارچەکانی دیکە بەڕێوە دەچێو حکوومەتو دەزگا پێوەندیدارەکانی سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی ساڵانەی نەورۆز لە شارەکان دەکەن.

## نەورۆز لە ڕۆژهەڵات

بەئاوڕدانەوەیەک لە بەڕێوەچوونی نەورۆز لە باکور لەم بەشدا لە ڕونگەیەکی ڕەخنەگرانەوە قسە لەسەر بەڕێوەچوونی نەورۆز لە ڕۆژهەڵات دەکەین. لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای سەدەی بیستویەک، بەڕێوەبردنی جەژنی نەورۆز لە باکووری کوردستان قوربانیو نرخێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناو ئێستاش ئەو ڤیدیۆانە ماون کە بە چ شێوەیەک سەربازی تورک خەڵکی کورد سەرکوت دەکەنو هەڵدەکوتنە سەر ڕێورەسمەکانیانو دەستگیریان دەکەن، لێیان دەدەنو لێشیان دەکوژن. سەرەڕای ئەو هەموو گوشارە خەڵک نەسڵەمینەوەو نەورۆز لە دوای نەورۆز بە گوڕوتینتر هاتنە مەیدانو لە ئەنجامی ئەو کۆڵنەدانەدا، کەشی سیاسی تورکیا بە قازانجی ئەوان گۆڕاو ئیستا نەورۆزی ملیۆنی لە ئامەد بەڕێوە دەچێ. ڕەنگە هەموومان بە بینینی وێنەو ڤیدیۆکانی ڕێورەسمە نەورۆزییە ملیۆنییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی باکووری کوردستان هەست بە شانازیو گەورەیی نەتەوەکەمان بکەین، واتە بە زەقی ئیقتدارو گەورەیی نەتەوەیەک نیشان دەدرێو نەورۆز لە باکوور بووەتە مانۆڕێکی سیاسی ـ نەتەوەیی گەورە.

ئەگەرچی ناکرێ، هەلومەرجی سیاسی زاڵ بەسەر باکورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ یەکتری بەراوەرد بکەین،

بەو حاڵەش چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان رەخنەی لەسەرو رەخنەکانیش بەرۆکی ڕێکخستنە سیاسییەکانی ئەو پارچەی وڵات دەگرێتەوە. ئەوەی دیارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە چەند حەرەکەتێکی لاوەکی، لەم چەند ساڵەدا نەتوانراوە لە نەورۆز وەک بۆنەیەک بۆ نیشاندانی ئێقتداری نەتەوەیی‌و گەیاندنی پەیامی سیاسی کەڵک وەربگیردرێ. ئەگەر سەیرێکی ناوەرۆکی پەیامی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتو ئاخاوتنی کاربەدەستانی حیزبی بەم بۆنەیەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە پەیامەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پەیامەکانی ساڵانی ڕابردوو نییەو بەجۆرێک چەند ساڵە کۆمەڵێک قسەی دیاری کراوە دووپات دەکرێتەوەو تەنیا ڕستەکانو وشەکان ئەملاو ئەو لایەکیان پێدەکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر سەیری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی کەناڵەکانی سەر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دەبین خۆیان داوەتە دەستی قەدەر و بێ پلانیان لێ دەبارێ. ناوەڕۆک تەنزەکان، گۆرانییەکانو هەڵپەڕکێ و... ئەوەندە لە ئاستێکی نزمدایە کە بە باوەڕی من نەتەنیا خەڵک بۆ خەباتو کوردایەتی هان نادەنو ئاستی وشیاری نەتەوەیی بەرز ناکەنەوە، بەڵکو کۆمەڵگا بەرەو جۆرێک لە سادەیی لە بیرکردنەوەدا دەبەن. تەنانەت لە کاتی وتاری جیدی کاربەدەستانی حیزبیدا (بە بۆنەی نەورۆزە) خەڵک بیر لەوە دەکەوە کە هەرچی زووترە وتارەکە کۆتایی بێ و هەڵپەڕکێ و گۆرانییە بێ ماناکان دەست پێ بکا. ئەمەش هەڵگری ئەو پەیامەیە کە خەڵک ماندوو بووەو نایەوێ هەموو ساڵێک گوێ لە یەک پەیام بێ. بەجۆرێک دەکرێ بێژین پەیامو بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانی سەربە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر خراپیش لە ژێر کاریگەری تەلەفزیۆنەکانی باشووری کوردستانو فەزای تەمبەڵ پەروەی باشووردایە.

بەکورتی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی نەورۆز ئاوێتەی سیاسەتو پەیامی نەتەوەیی بووە، بەڵام نەمانتوانیوە وەک پێویست ئەم هەلە بقۆزینەوە بۆ نیشاندانی ئیرادەی نەتەوەیی‌و بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی. هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کەمکاری حیزبەکانو نەبوونی جیدیەتێکی خەباتکارانەی مەدەنی بۆ ڕێکخستنی خەڵکو دروست کردنی ناڕەزایەتی. بەشێکیشی بۆ ئەو فەزایە دەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە و هەموو شتێک لە ڕوانگەیەکی ئەمنییەتییەوە لێک دەداتەوە.

## کۆتایی

پێم وایە نەورۆز بۆ نەتەوە و وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەدا دەکرێ لەم شێعرەی «حافظ»دا کورت بکەینەوە کە ئەیژێ :» نفس باد صبا مشک فشان خواهد شد - عالم پیر دگرباره جوان خواهد شد». ئەمە بەتەواوەتی ئەوەمان پێ دەسلمێنی کە نەورۆز بۆ ئەوان ئاوێتەی سیاسەت نەبووە و وەک سروشتی خۆی گرێدراوی بەهارو وەرزی نوێ‌و ساڵی نوێ‌و... بووە. بەپێچەوانەی گەلانی ناوچەکە نەورۆز بۆ کورد جیاواز بووەو ئەمەش رەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی کوردیدا رەنگی داوەتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە شیعری شاعیرانی کورددا گرنگی بە هاتنی وەرزی نوێ‌و نوێ بوونەوەی سروشت و... دراوە، ئەو لایەنەشی دیارە کە نەورۆز تێکەڵی سیاسەت‌و پرسی نەتەوەیی کراوە. بۆ وێنە پیرەمێرد ئەیژێ:» نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە - لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە - ئەوا رۆژهەلات، لە بەندەنی بەرزی ولاتەوە - خوێنی شەهیدە رەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە - تا ئێستە رووی نەداوە لە تاریخی میللەتا - قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا.»

هەروەها شاعیری گەورە «عەبدوڵا پەشێو» لە شێعری « ئەمساڵ بێ چیا، نەورۆز ناکەم « بە تەواوەتی دیوی سیاسی نەورۆز لای کورد زەق دەکاتەوە. بەگشتی دەتوانین بێژین کە نەورۆز بۆ کورد بۆنەیەکی گرنگەو ئەم بۆنەیە جگە لەوەی بۆنەیەکی کولتووری‌و کۆمەڵایەتییە، بۆنەیەکی سیاسییە. ئەمڕۆ لە باکوری کوردستان ئەم بۆنەیە بۆ نیشاندانی ئێقتداری نەتەوەیی‌و ئیرادەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کەڵکی لێوەرد دەگیردرێ‌و کاریگەریی خۆشی داناوە. بەداخەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەتوانراوە ئەم دەرفەتە کەڵکی لێوەربگیردرێ، هەرچەند کۆمەڵێک هەوڵ‌و چالاکیی خۆڕسک هەیە، بەڵام ئەوانە وەڵامدەر نین‌و پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێ.

لە ژمارە ٦٢٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٤

# ڕۆژنامەنووسی لە کوردستانو نەبوونی خوێندەواری میدیایی

**(بە بۆنەی ١١٦ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی)**

ئەگەرچی ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی بۆ کورد لە تاراوگەوە دەستی پێکرد، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە بەو ئەنجامە دەگەین کە دەسپێکێکی باش و وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی کوردو بزاڤیی ڕووناکبیری کورد دا. دەرکردنی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» (لەلایەن بنەماڵەی بدرخانییەکانەوە بە سەرنووسەری «مێقداد مەدحەت بدرخان») لە ٢٢ی ئاپریلی (٢٢ی نیسان) ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیری پایتەختی میسر، هەنگاوێکی پڕ مەزن بوو بۆ ئەو دەم. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو چەند ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە قاهیرە دەرچوو بە نهێنی ڕەوانەی ئەستەمبوڵو بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی کراوەتەوەو دابەش کراوە. ئەمەش دەکرێ وەک هەوڵێک بۆ ڕۆشنگەرییو ڕێکخستنو وشیار کردنەوەی ڕای گشتی بێتە ئەژمارو یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ڕۆژنامەی کوردستانە. خاڵێکی بەهێزی دیکەی ڕۆژنامەی کوردستان، ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا زۆر گرنگی بە هەواڵی شەڕو ڕووداوەکانی دەورووبەری دەدا.

ڕاستە ڕۆژنامەی کوردستان لە تاراوگەو لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی . سیاسی ئابنۆرماڵدا لەدایک بوو، بەو حاڵەش دەستپێکی ڕۆژنامەگەریی بۆ کورد بناغەیەکی باش بووەو بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە دەتوانین بێژین ڕۆژنامەگەریی کوردی، دەستپێکی کارامەو پرۆفیشناڵی هەبووە. بەپێچەوانەی ئەم دەستپێک باشە، ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو دۆخی ناسەقامگیر کوردستان دەبنە هۆی ئەوەی کە قەتاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان لە ڕەیل لابداو ئاراستەیەکی ناسروشتی بگرێتە بەر. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ناو پرۆسەیەکی سروشتیدا، هاوشانی نەتەوەکانی ناوچەکە گەشە نەکات. هۆکارەکانی ئەم گەشە نەکردنە بەپێی قۆناغەکان جیاوازنو بەشێکی زۆریشیان هاوبەشن. بێگومان قسەکردن لەسەر ئەو قۆناغگەلە بەدواداچوونی وردو کاتێکی زۆری دەوێ. ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستە، قسەکردنە لەسەر دۆخی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەرییو ڕاگەیاندن لە کوردستان کە بە دەستی کۆمەڵێک نەخۆشی کوشندەوە دەناڵێنێ.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، راگەیاندنو پیشەی رۆژنامەگەریی لە کوردستان، گەشەو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم گەشە کردنە لە رووی چەندایەتییەوە، زۆر زۆرەو گەیشتووەتە ئاستێک کە جۆرێک لە بێ سەروبەرییو پاشاگەردانی پێوە دیارە، بەپێچەوانەوە لە رووی چۆنایەتیی وەک پێویست گەشەی نەکردووەو ناتوانین بێژین ستاندارده جیهانیو پیشەییەکان رەچاو کراوە.

بەو پێیەی کە هێشتا لە کوردستان لە روانگەیەکی شکڵیو ئامرازییەوە سەیری میدیاو کەرەسەکانی راگەیاندن دەکرێ، بەردەوام ژمارەی میدیاکان زۆر دەبنو بەشێوەیەکی ناسروشتی ئەو رێژەیە رووی لە زیاد بوونە. وای لێهاتووە هەرکەس ئیماکاناتو توانایی دارایی هەبێ بێ گوێدانە پێوەرە پیشەییەکان، دەزگایەکی راگەیاندن دەکاتەوەو بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیو خۆناساندن بەکاری دێنێو بەگوێرەی ویستی خۆشی پەلاماری نەیارەکانی دەدات. ئەم کێشەگەلە (کە لە باشووری کوردستان بە زەقی دەبینرێ)، ریشەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەشتنە هەڵەی کە بەرانبەر بە ئەرکو رۆڵی میدیا لە کوردستاندا زاڵە. دەرکەوتەکانی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە وای کردووە کە بازرگان، سیاسەتوان، کەسانی ئاسایی و... ببنە رۆژنامەنووسو هەر کامەیان دەزگایەکی راگەیاندنی هەبێو کارتی رۆژنامەوانی لایەنێکی هەبێ. لە وەها حاڵەتێکدا سروشتییە کە گەشەی میدیایی لە رووی چۆنایەتییە وەڵامدەر نەبێ و ناستاندارد بێ. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنیو دەزگای راگەیاندن کرانەوەو تا ڕادەیەک شێوازێکی تازەیان لە میدیای کوردیدا هێنا ئاراوە، بەڵام بەو حاڵەش ژمارەیەک لەو میدیاگەلە هەر لە ژێر سێبەری ئەمو ئەودانو نەیانتوانیوە بە مانای راستەقینە، رۆڵی خۆیان وەک میدیایەکی پرۆفیشناڵ بگێڕن، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە هێشتا ستانداردی پیشەیی لە راگەیاندندا لە کوردستان ڕەچاو ناکرێ. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە بەرباس کە ئاخۆ گرفتەکە چییە؟

خەریک بوون بە وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوە، رامان دەکێشێ بۆ لای چەند گرفتی دیکە کە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ راگەیاندنی کوردی بە دەستییەوە دەناڵێنێ. یەکەم گرفت کە لێرەدا دێتە بەردەممان، دۆخی سیاسیو هەلومەرجی سیاسی زاڵ بەسەر هەموو بەشەکانی کوردستانەوە کە بەدرێژایی مێژوو رێگر بووە لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لە بوارە جیاوازەکاندا. ئەم هۆکارە رەنگدانەوەی بەسەر رەوتی گەشەی راگەیاندنو وشیاریی میدیایی لە کوردستاندا هەبووەو هەیەو لە ژێر کاریگەریی ئەم دۆخەدا زۆر گرفتی دیکە هاتوونەتە ئاراوە. گرفتی دووەم، قەیرانێکی تیۆریکە کە ریشەی لە رابردوو دایەو بووتە هۆی ئەوەی کورد خاوەن هێزی مرۆیی پرۆفیشناڵ لە بواری راگەیاندندا نەبێ. بەواتایەکی دیکە ئێمە بەو بۆنەوە کە خاوەن دەوڵەتو کیانی خۆمان نەبووین، نەمانتوانیوە

هاوشان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە خاوەن ناوەندیی ئاکادیمیو زانستی بەهێز بین لە بواری ڕاگەیاندندا، بۆیە بەردەوام لە قەیرانێکی تیۆریکدا ژیاوینو بەرهەمی نەتەوەکانی دیکەمان دەرخوارد دراوەو بە گوێرەی ستاندارد پیشەییەکان گەشەمان نەکردووە. گرفتێکی دیکەی بەردەم پیشەیی بوونی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا، حیزبەکانن.

ئێستا ئەگەر سەیر بکەین دەبین لە هەر چوار پارچەی کوردستان ژمارەیەکی زۆر حیزبو لایەنی سیاسی بوونیان هەیە، هەر کام لەم حیزبگەلە بە شێوەی فەرمی ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندنی هەیە (ماڵپەڕی ئێلکترۆنی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، گۆڤار، ڕۆژنامە و...)، بە شێوەی نافەرمیش هەر کامیان بە دەیان کەناڵی لاوەکیو سێبەریان هەیە بۆ گەیاندنی پەیامە نافەرمییەکانو هەندێ جار ئەزیەت کردنی ئەم و ئەو و بڵاو کردنەوەی تۆمەت و جوێن و... .

ئەمە وای کردووە جۆرێک لە قۆرغکاری لە پانتای کاری ڕاگەیاندن لە کوردستان دروست بێ. ئەم قۆرغکاریەش لەباتی ئەوەی ئاراستەی کاری میدیایی، بەرەو ئاراستەیەکی پرۆفیشناڵانە بەرێ، بەئاراستەی پێچەوانەدا هەنگاو دەنێو بێسەروبەرەییو بشێوی لەم بوارەدا بەرهەم هێناوە. هەروەها ڕێگرە لەبەردەم لاچوونی کاریگەریی ڕۆژنامەگەرییو گوتاری شاخ بەسەر ڕۆژنامەگەریی شارەوە. گرفتێکی دیکەی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان ئەوەیە کە هێشتا نەمانتوانیوە لە ژێر کاریگەریی ئەوە نەتەوانە دەرباز بین کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. لە باشووری کوردستان بە زەقی هەست بە کاریگەریی ڕۆژنامەگەرییو دونیای ڕاگەیاندنی عەرەب بەسەر میدیا کوردییەکانەوە دەکرێ. لە باکور کاریگەریی تورک بەسەر میدیای کوردییەوە دیارە. لە ڕۆژهەڵات کاریگەرییو شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنە فارسییەکانمان بەسەرەوەیەو لە ڕۆژاواش کاریگەریی عەرەبمان بەسەرەوەیە.

سەرەڕای ئەم کێشەگەلە، کێشەی سەرەکی ئەمڕۆی ئێمە لە کوردستان نەبوونی خوێندەواریی میدیایی ( Media Literacy)یە. تا بەشێوەیەکی قووڵ لەم لایەنەوە گەشە نەکەین، ناتوانین بگەینە ئاست کاروانی ڕۆژنامەگەرییو ڕاگەیاندنی وڵاتانی دیکەو لەو مەیدانەدا قسەی خۆمان هەبێ. خوێندەواریی میدیایی بە شێوەیەکی گشتی واتە:

«تێگەیشتنێکی پشت بەستوو بە لێهاتوویی کە بەو پێیە دەتوانرێ جۆرەکانی میدیاو جۆرەکانی بەرهەمیی میدیاکان لێک جیا بکرێتەوەو بناسرێ». (دکتر یونس شکرخواه، سواد رسانه ای چیست؟) خوێندەواریی میدیایی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە سۆنگەی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەوە کەڵک لە ئامرازە میدیاییەکان وەربگرینو بەکاریان بهێنین.

ئەگەر لە ژێر تیشکی ئەم خوێندنەوەیەدا چاو لە میدیای کوردی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بە هۆی تێنەگەیشتن لە میدیاو ئەرکو قازانجەکانی ئێستا ئێمە لەم بوارەدا بینەری بێسەروبەرەییەکی سەیرین. ئەم بێسەروبەرەییە ئەمڕۆ لە راگەیاندنو رۆژنامەگەریی کوردیدا بۆتە دیاردەیەک کە پێویستە پێشی پێ بگیرێ و هۆکارەکانی لێک بدرێتەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم بێسەروبەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کولتوورەی کە پێویستە لە نێوان کۆڕوکۆمەڵ و لایەنە کوردییەکانو تەنانەت تاکی کورددا بەرانبەر بە کاری راگەیاندنو رۆژنامەگەریی هەبێ، بوونی نییە. بە گوێرەی بەرژەوەندی رێکخراوەیی و گرووپی لەگەڵ ئامرازە میدیاییەکان دەجووڵێنەوە. لەم رووەوە راگەیاندن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە ئامرازێک لە خزمەت دەسەڵاتی تاکو حیزبەکان دا.

بەم پێیە ئەوەی کە لە گۆڕەپانی راگەیاندن لە کوردستاندا دەیبین، بە تایبەتی لە بواری راگەیاندنی نووسراودا، ناتوانین بە مانا پیشەییەکەی ناوی رۆژنامەگەریی لەسەر دابنێین. بە پێچەوانەی دەسپێکی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی کە لە رووی پیشەییەوە دەسپێکێکی باشە، ئێستاشی لەگەڵ بێ راگەیاندن لە کوردستان نەیتوانیوە رێچکەی پیشەیی خۆی بەمانای راستەقینە بگرێتەبەر. سەرەڕای کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ، کۆسپی سەرەکی بەردەم راگەیاندن لە کوردستاندا نەبوونی خوێندەواریی میدیاییە، بۆیەش باشترین چەمک کە بتوانێ دەربڕی ئەم دۆخە بێ، چەمکی «رەشنامەنووسی»یە. بە کورتی ئەوەی دەیبین کۆمەڵێک تایبەتمەندی باش و خراپی هەیەو دەکرێ بێژین ئەمە رۆژنامەگەریی نییە، بەڵکوو ئەم زۆر و بۆرییە، رەشنامەنووسییە.

لە ژمارە ٦٣٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤

# پێویستیی فەلسەفەی سیاسی لەچیدایە؟

**دەیڤید میلر**

**(بەشی یەکەم)**

ئەم باسە، باسێکی کورتە سەبارەت بە بابەتێکی گەورە، بەو بۆنەوە کە دەوترێ وێنایەکی روونترە لە هەزاران وشە، دەمەوێ بە چەند وتەیەک لەمەڕ وێنەکێشان دەست بە نووسینی ئەم باسە بکەم کە یارمەتیمان دەدا تێبگەین لەوەی فەلسەفەی سیاسیی بە گشتیی دەیەوێ لە سەر چ بابەتگەلێک بدوێ. ئەم وێنەیە «ئامبروجۆ لۆرنتستتی» لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٧ و ١٣٣٩ی زاینیی دا لە سەر سێ دیواری «سالا دی نووە»(ژووری ٩ کەسی) لە «پالاتسۆ پوبلیکۆ»ی سیەنا کێشاویە. وێنەکە وا لە قەڵەم دەدرێ کە تەعبیر لە حکوومەتی باش و خراپ دەکا. وێنە دیوارییەکانی لۆرنتستتی سەرەتا بە کێشانی ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێ دەسەڵاتداران هەیانبێ و ئەو تایبەتمەندییانەی کە نابێ هەیانبێ، هەروەها دواتر بە نیشاندانی کاریگەریی حکوومەتی چاک و خراپ لە سەر ژیانی خەڵکی ئاسایی، ناوەڕۆکی ئەم دوو جۆرە حکوومەتە دەکێشێ. کەوابوو لە حکوومەتێکی باشدا، حاکمی پایەبەرز بە عابایەکی شاهانەوە لەسەر تەخت دانیشتووە و بە وێنەگەلی ئازایەتی، دادپەروەری، دڵاوایی، ئاشتی، پاشەڕۆژبینی و میانەڕۆیی دەورە دراوە. لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا خەڵکێک راوەستاون کە پەتێکی بەرز هەموویان دەگرێتەوە و سەری پەتەکەش وەک نیشانەی دۆستایەتی و خۆشەویستی نێوان دەسەڵاتدار و خەڵک گرێ دراوە بە مەچەکی دەسەڵاتدارەوە. ئەگەر ئاوڕ لە لای راست بدەینەوە کاریگەری حکوومەتی باش سەرەتا لە ناوشاردا و دواتریش لە دەرەوەی شاردا دەبینین: شار رێکوپێک و دەوڵەمەند، کاسبکارەکان سەرقاڵی کاری خۆیانن، بازرگانەکان خەریکی کڕین و فرۆشتنن، خانەدانەکان سواری ئەسپە رازاوەکان و سەماکەرەکانیش دەستیان لە ناو دەستی یەکتردایە و هەڵدەپەڕن، لەوپەڕی دەروازەکەوە خاتوونێک جلوبەرگێکی جوانی لەبەردایە و بۆ ڕاو دەچێ ، لە سەر رێگاکەیدا بەرازێکی دابەستراوە رەوانەی بازاڕ دەکرێ و وەرزێڕەکانیش خەریکی چاندن و کارن. ئەگەر بینەرێک بەجوانی چاو لە وێنەکە نەکات و لە مەبەستی وێنەکێشەکەی نەگات، ئەو وێنەیەی کە نیشانەی تەناییە ئاڵایەکی بە دەستەوەیە کە لە سەریان نووسیوە:

مادام ئەم خەڵکە پارێزەری ئەم خاتوونە پایەبەرزە بن، هەمووان دەتوانن بە شێوەی ئازاد و بە بێ ترس بەم جادەگەلەدا سەفەر بکەن و بچێنن و درووێنە بکەن. چونکە ئەم خاتوونە پەستیی دەسەڵاتی بۆ ئێمە ئاشکرا کرد.

لایەکی دیکەی وێنە دیوارییەکانی لۆرنتستتی کە حکوومەتی خراپ وێنا دەکا، وەک ئەو لاکە نەپارێزراوە، بەڵام ئەوەندە دیارە کە پەیامەکەی دەڵێ: دەسەڵاتدارێکی ئەهریمەنی کۆمەڵێک پەستی وەک چاوچنۆکی و غەدر و فیز دەورەیان داوە، شارێک لە ژێر دەسەڵاتی پۆلیسیدا و زەوییە بێ کەڵکەکانی دەوروبەری شار سوپایەکی خەیاڵی لە ناویان بردوە. لێرەدا وێنەی ترس ئالایەکی هەڵکردوە کە لە سەری نووسراوە:

لەم شارەدا هەر کەس بە دوای بەرژەوەندی خۆیەوەیە و دادپەروەری دیلی دەستی زۆردارییە. ناو شار و دەرەوەی شار پڕە لە چەتە و ڕێگر و بەم پێیە کەسێک ناتوانێ بێ ترسی لە دەستدانی گیانی بچێتە ئەم جادەیەوە.

ڕەنگە بۆ ئەوەی تێبگەین کە فەلسەفەی سیاسیی چییە و بە کەڵکی چی دێ، ڕێگایەکی باشتر لە چاو لێکردن لە شاکارەکانی لۆرنتستتی هەبێ. دەتوانین بڵێین فەلسەفەی سیاسی لە ناوەرۆک و هۆ و بەرهۆکانی حکوومەتی چاک و خراپ دەکۆڵێتەوەو وێنەکانی لۆرنتستتی هەم بابەتی ئەم لێکۆڵینەوە لە خۆیدا بە کورتی دەردەبڕێ، هەم سێ بۆچوونی بنەڕەتی و ناوەندی فەلسەفەی سیاسی لە چوارچێوەیەکی دیتراودا کێشاوە. یەکەم ئەوە کە حکوومەتی باش و حکوومەتی خراپ زۆر بە قووڵی کاریگەرییان لە سەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە. لۆرنتستتی پێمان دەڵێ کە دەسەڵاتدارێتیی دادپەروەریی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی دیکە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئاسایی بتوانن کار بکەن، بازرگانی بکەن، بچن بۆ ڕاو، سەما بکەن و بەگشتیی سەرجەم ئەو کارانەی کە ژیان دەوڵەمەند دەکا، ئەنجام بدەن.

ئەمەش لە کاتێکدایە لەوبەرەوە دەبینین کە ستەمکاری، هەژاری و مەرگی لێدەکەوێتەوە. کەواتە بۆچوونی یەکەم ئەوەیە: حکوومەتی باش و خراپ، بێگومان کاریگەری لە سەرمان دەبێ. ئێمە ناتوانین کارمان بە سیاسەت نەبێ، پەنا بۆ ژیانی تایبەتی خۆمان بەرین و پێمانوابێ کە شێوەی ئەو حکوومەتەی کە لە سەرمانە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بەختەوەریی تایبەتیمان نابێ.

بۆچوونی دووهەم ئەوەیە کە دەڵێ ئەو فۆرمەی حکوومەت بە خۆیەوە دەگرێ لە پێشدا دیاری نەکراوە: ئێمە مافی

هەڵبژاردنمان هەیە. پێش هەموو شتێک دەبێ بپرسین لە بنەڕەدا بۆ ئەم وێنەیە کێشراوە؟ ئەم وێنە دیوارییانەی لە سالا دی نووە ـ ژووری نۆکەسی ـ دا کێشرا بوو کە مەبەست لە نۆ کەسیش، ئەنجومەنێکی نۆ کەسی بوو کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەی زایینیی دەسەڵاتداری شار بوون و ئەندامان ئەو ئەنجومەنەش بە شێوەی خولیی(دەورەیی) لە نێوان بازرگانە دەوڵەمەندەکانی شاردا هەڵدەبژێران. کەواتە ئەو وێنە هەم وەبیری ئەو بازرگانانەی دەهێناوە کە ئەرکییان بەرامبەر بە خەڵکی سیەنا چییە و هەم ڕێز گرتنێک بوو لە پێکهاتەی کۆماریی حکوومەت کە لە سەردەمێکدا زۆربەی شارەکانی ئیتالیا تووشی پشێوی سیاسیی هاتبوون، لەو شارەدا حکوومەتی کۆماری جێگر بوو. وێنەی حکوومەتی خراپیش تەنیا نموونەیەکی دارنراو(ئەبستراکت) نەبوو: ئەم وێنەیە ئەوەی وەبیر دەهێنایەوە کە ئەگەر دەسەڵاتدارانی شار ئەرکەکانیان بەرامبەر بە خەڵک جێبەجێ نەکەن، سەرەڕای ئەوەی خەڵک ئەرکی خۆیان، واتە چاودێری کردنی وردی نوێنەرەکانیان ئەنجام نەدەن، چ روو دەدات.

بۆچوونی سێیەم ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین دیاری بکەین کە چ شتێک حکوومەتی چاک لە خراپ جیا دەکاتەوە: ئێمە دەتوانین کاریگەرییەکانی جۆرەها حکوومەت تاوتوێ بکەین و بەو ئاکامە بگەین کە دەبێ چ تایبەتمەندییەکی باش لە ئارادا بێ بۆ ئەوەی باشترین جۆری حکوومەت دروست بێ. بە واتایەکی دیکە شتێک بە ناوی زانستی سیاسی هەیە. لە وێنەکانی لۆرنتستتی دەسەڵاتداری خۆپارێز کۆمەڵە تایبەتمەندییەک دەورەی داوە کە بەگوێرەی فەلسەفەی سیاسیی ئەو سەردەمە، وەک تایبەتمەندییە بەنرخەکانی حکوومەتی باش لە قەڵەم دراون. بڕیار بوو ئەم وێنە دیوارییانە شتمان فێر بکەن: بڕیار بوو ئەو وێنانە هەم دەسەڵاتداران و هەم خەڵک فێری ئەوە بکەن کە چۆن دەتوانن ژیانێک دابین بکەن کە جێی ڕەزامەندی بێ. ئەمە پێشەکی پێمان دەڵێ بۆ دابینکردنی ژیانێکی جێی ڕەزامەندی دەتوانرێ زانستێک فێر بی و مەبەستی «لۆرنتستتی»یش بێگومان هەر ئەمە بووە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم تایبەتمەندییانە، ئایا ئێمە دەبێ پەیامی ئەم وێنە دیوارییانە قبوولّ بکەین؟ لە ڕاستیدا ئایا بانگەشە ناڕاشکاوانەکانی ئەو وێنانە ڕاستییان لە جارەدا هەیە؟ لە ڕاستیدا ئایا ئەو جۆرە حکوومەتەی کە بە سەرمانەوە دەسەڵاتدارە کاریگەری لە سەر ژیانمان هەیە؟ ئایا ئێمە لەم بوارەدا مافی هەڵبژاردنمان هەیە، یان جۆری حکوومەتی ئێمە شتێکە کە دەستمان پێناگا و لە چوارچێوەی دەسەڵاتماندا نییە؟ و ئایا دەتوانین بزانین و دیاری بکەین کە چ تایبەتمەندیگەلێک جۆرێک لە حکوومەت لە چاو جۆرێکی دیکەی حکوومەت باشتر دەکا؟ ئەمانە ژمارەیەک پرسیاری گەورەن کە فەیلەسووفەکانی بواری سیاسەت هێناویاننە گۆڕێ؟

دیـاره کـۆمەڵە پرسـیارێکی بچـووک و گەورەی دیـکەش هەن. بەڵام پـێش ئەوەی هەوڵبـدەم وڵامـی ئەم پرسـیارانه بدەمەوە، دەبێ کەمێک زیاتر شی بکەمەوە.

ئەمن لێرەدا کاتێک قسه له سەر حکوومەت دەکەم مەبەستم بـابەتێکی گشتیتر لەو حکوومەتەیه که دەسـەڵاتی بەدەستەوەیه: مەبەستی مـن له حکـوومەت تەنیـا ئەو کەسـانه نین که تایبەتمەنـدییەکانی دەسـەڵاتداریەتیی و حوکمڕانییـان له هەر کۆمەڵگایەکدا له هەر کـاتێکی دیـاریکراودا هەیه. لەڕاستیدا مەبەستی من له چـاو دەوڵەت گشـتیتره و مەبەسـتی مـن له حکـوومەت تەنیـا دامەزراوه سیاسـییەکانی وەک ئەنجـومەنی وەزیـران، پـارلەمـان، دادگاکان، پۆلیس، هێزه چەکدارەکان و شتی لەو بـابەته نییه که دەسـەڵات و حـوکمڕانی له ڕێگایـانەوه جێبەجێ دەکرێ. مەبەستی من له دەسەڵات سەرجەم ئەو ڕێسـا، هێـزه و ڕواڵەت و دامەزراوانەیه که ئێمه لەژێر دەسـەڵاتی ئەواندا له کۆمەڵگادا پێکەوه دەژین. ڕەنگه بتوانین وای دابنێین که ئەوەی مرۆڤەکان پێویستیان به هاوکـاریکردنی یەکترییه سەلمێنراوه، دەیانەوێ بزانن که کێ دەتوانێ لەگەڵ کێ و چ کارێک بکا، کێ خاوەنی چییه لەم جیهـانه ماددییەدا و ئەگەر کەسێک یاساکان پێشێل بکا چ ڕوو دەدا و چەند شتی دیکەی لەو بـابەته. بەو حـاڵەش دیسان نـاتوانین بیسەلمێنین که مرۆڤەکـان بـۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشه و گرفتـانه بـێ ئەملا و ئەولا دەبـێ دەوڵەتیـان هەبێ. یەکێک له سـەرەکیترین بابەتەکـان له فەلسەفەی سیاسیدا ئەوەیه که له بنەڕەتدا ئێمه بـۆ پێویستمان به دەوڵەته، یان ئەگەر به شێوەیەکی گشتیتر بڵێین بۆ پێویستمان به دەسەڵاتداریەتیی سیاسییه. ئێمه پێش هەموو شتێک دەبێ وڵامی ئەو بانگەشەی ئانارشیستەکان بدەینەوە که دەڵێن کۆمەڵگاکان دەتوانن به بێ دەوڵەت و به بێ هیچ کێشەیەک خۆیان بەڕێوه ببەن. بەم پێیه من جارێ نامەوێ وڵامی یەکجارەکی بەو پرسیاره بدەمەوە که ئایـا «حکوومەتی باش» پێویستی بەوەیه دەوڵەتی هەبێ، یـان پێویستی بەوەیه که حکوومەتێکی له فۆرمی نەریتیـدا هەبـێ. پرسیارێکی دیکەش ئەوەیه که ئایـا دەبـێ یەک جۆر حکـوومەت هەبـێ یـان چەنـد جۆر؟ واته سیسـتمێکی یەکگرتوو بۆ هەموو مرۆڤەکان، یان سیستمگەلی جیاواز بۆ خەڵکانی جیاواز.

کاتێک لۆرنتسـتتی وێـنه دیوارییەکـانی دەکێشـا، له بـنەڕەتدا حکـوومەتی بـاش و خراپـی به پێـی تـایبەتمەنـدییه مرۆییەکـانی دوو جـۆر دەسـەڵاتدار و کـاریگەریی ئەو تـایبەتمەنـدییانه له سـەر ژیـانی هاووڵاتییەکانیـان پێناسـه دەکـرد. ڕەنگه پێناسه کردنـی حکوومەتی بـاش و خـراپ بەم شێوەیه، به ئـاماژه بەو ئـامرازەی که لۆرنتستتی بـۆ گەیاندنی پەیام هەڵیبژاردبوو نەدەکرا خۆی لـێبـبوێرێ. بەڵام بـێجگه لەمە، ئەم پێناسـەیه لەگەڵ فەزای فیکریـی ئەو سـەردەمەی ئەو دەگونجـا. لەو سـەردەمەدا حکـوومەتی بـاش زیـاتر لەگەڵ تـایبەتمەنـدیی ئەو کەسـانەی که

دەسەلاتیان بە دەستەوە بو - ئاوەزمەندی، ئازایەتی، دلاوایی و... - پێوەندی هەبوو تا لەگەڵ سیستمی حکوومەتی. دیارە بێگومان باس و گەنگەشە لەمەڕ سیستمی حکوومەتی لە ئارادا بوو: بۆ وێنە لەمەڕ لە سەرتربوونی حکوومەتی پاشایەتی لە چاو حکوومەتی کۆماری یان پێچەوانەکەی. بەڵام ئەمڕۆ شوێنی سەرەکیی باسەکە گۆڕاوە: ئەمڕۆ نیگەرانیی ئێمە زیاتر دامەزراوەکانی حکوومەتی باش دەگرێتەوەو ئەوەندە ئەو کەسانەی کە ئەم حکوومەتانە بەڕێوە دەبەن ناگرێتەوە. بێگومان ئێمە لەم بوارەدا زۆر پێشکەوتووین، بەڵام من پەیڕەوی لە شێوە مۆدێرنەکەی دەکەم و لە بەشەکانی دواتردا لە قۆناغی یەکەمدا لەمبارەوە قسە دەکەم کە حکوومەتی باش دەبێ چ سیستمێکی هەبێ نەک لە سەر ئەوە کە چۆن دەسەلاتدارەکانمان بکەینە دەسەلاتداری خۆپارێز.

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ لای بۆچوونێکی شاراوە لە وێنەکانی لۆرنتستتی دا. لە نێوان ئەم سێ بۆچوونەدا، داکۆکیکردن لە یەکیان لەوانی دیکە ئاسانترە. ئەو بۆچوونەی کە پێی‌وایە حکوومەت بەڕاستی کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی ژیانی ئێمە هەیە. ئەگەر ئەم بۆچوونە لای هەندێ کەس روون نییە، رەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە سایەی دەسەلاتێکی تا ڕادەیەک سەقامگیردا بژین کە ساڵ لە دوای ساڵ گۆڕانکاریی بنەڕەتی روو نادا. لە رۆژەکانی هەڵبژاردندا، حیزبێک جێگای حیزبێکی دیکە دەگرێتەوە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرییەکی لاوەکی لە سەر ژیانی زۆربەی خەڵک هەیە (ئەگەرچی سیاسەتوانەکان وادەنوێنن کە بەوشێوەیە نییە). بەڵام لەجێی ئەمە ژمارەیەک لەو رێژیمانەی کە لە سەدەی رابردوودا سەریان هەڵداوەو روخاون، وەبیر بێننەوە: رێژیمی نازییەکان لە ئەڵمانیا و ئەو شەش ملیۆن جوولەکەی کە کوشتیانن وەبیر بێننەوە، یان «چین»ی مائۆ و ئەو ٢٠ ملیۆن کەسە (یان تەنانەت زیاتر) وەبیر بێننەوە کە لە ئاکامی قاتوقڕیدا گیانیان لە دەست دا کە بەرهەمی «وەرسووڕانی گەورە» بوو. ئێستاش لەم سەردەمەدا ستانداردەکانی ژیانی هەموو خەڵک لە وڵاتانی دیکەدا بە نرخێکی بێوێنە بەرز بێتەوە. وادیارە مێژووی سەدەی بیستەم نوژەنکردنەوەی مووبەمووی ئەو پارادۆکسانەیە کە لە وێنە دیوارییەکانی لۆرنتستتیدا کێشراون.

بەم حاڵەش دەبێ لە ناو ئەو سێ بۆچوونەی وێنە دیوارییەکاندا بە دوای دووەمین بۆچووونددا بچین. تەنانەت ئەگەر پێشمانوابێ کە شێوە جیاوازەکانی حکوومەت راستەوخۆ هۆکاری خۆشبژیوی، یان هەژاری و ژیان و یان مەرگ بوون و هەن، دیسان تا چ رادەیەک دەتوانین کاریگەریمان لەسەر ئەو رێژیمانە هەبێ کە بەسەرمانەوە دەسەلاتدارن؟ یان نەکا حکوومەتەکان تەنیا ژمارەیەک ئاڵقەی زنجیرێکن کە خودی ئەو ئاڵقانە لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هۆ و بەرهۆی بنەڕەتیتردا، بە تەواوەتی لە دەرەوەی دەسەلاتی ئێمەدان؟ و ئەگەر وابێ، کەواتە

**فەلسەفەی سیاسی کە بانگەشەی ئەوە دەکا کە دەیەوێ لە هەڵبژاردنی باشترین شێوەی حکوومەتدا یارمەتیمان بدا، بە کەڵکی چی دێ؟**

**سەرچاوە:**

**میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی،چاپ دوم، سال ۱۳۹۰.**

**لە ژمارە ٦٢٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ۲۰۱٤**

------------------------------

## پێویستیی فەلسەفەی سیاسی لەچیدایە؟

**(بەشی دووهەم)**

**ئەو روانگەیە کە پێی وایە ئەوە قەدەر و چارەنووسە دیاری دەکا و ئێمە هەلی هەڵبژاردنی سیاسیی راستەقینەمان نییە، لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا بە شێوازی جۆراوجۆر سەریهەڵداوە. لە سەردەمێکدا کە لۆرنتستتی وێنە دیوارییەکانی دەکێشا، زۆر کەس پێیوابوو کە مێژوو سەردەمێکە دووپات دەبێتەوە: حکوومەتی باش ناتوانێ بەردەوام بێ و بە تێپەڕ بوونی کات بە ناچار تووشی گەندەڵی دەبێ، ستەمکاریی لێدەکەوێتەوە، و تەنیا بە لەسەرخۆیی و بە تێپەڕ کردنی قۆناغە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە سەر هەمان شێوازە باشەکەی کە لە سەرەتاوە هەیبوو. لە سەردەمەکانی دیکەدا - بەشێوەیەکی دیارتر لە هەموویان سەدەی ١٩ - ئەو باوەڕی کە زاڵ بوو، پێشکەوتنی مێژوو بوو: مێژوو لە سەر هێڵێکی راستەوخۆی ناشارستانیەتی سەرەتایی تا قۆناغە باڵاکانی شارستانیەت دەڕوا. بەڵام دیسان لەم بۆچوونەشدا ئاماژەی بۆ دەکرێ کە شێوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکان گرێدراوی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتییە کە ئەو هۆکارانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤەکاندان. کاریگەرترین شێوازی ئەم باوەڕ مارکسیزم بوو کە دەوترا پێکهێنانی کۆمەڵگاکان لە ئاکامدا گرێدراوی شێوەی بەرهەمهێنانی بەرهەمە**

مادديیەکان، تێکنۆلۆژیای باو و سیستمی هەڵبژێراوی ئابوورییە لەو کۆمەڵگایانەدا. مارکسیزم پێیوابوو سیاسەت بەشێکە لە بنیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگا و پەیڕەوی لە ویستەکانی شێوەی زاڵبوونی بەرهەمهێنــان دەکــات. بە پێــی بۆچــوونی مــارکس دەوڵەت لە کۆمەڵگــای ســەرمایەداریدا بە ناچــار لە خــزمەت بەرژەوەندییەکانی چینی بورژوا دایە و لە کۆمەڵگای سوسیالیستیدا دەوڵەت لە حزمەت بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار دا دەبێ و ئەوپەڕی لە سەردەمی کۆمۆنیزمدا، دەوڵەت بەتەواوەتی نامێنێ. لەم چوارچێوەیەدا قسەکردن لە سەر باشترین شێوەی حکوومەت بۆ کەڵکە: چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ئەستۆی مێژوودایە.

سەیر لەوە دایە کارنامەی کردەی خودی مارکسیزم پێمان دەڵێ کە ئەمجۆرە زۆرداریەتییە لە کوێ‌دا کێشەی هەیە. شۆڕشی سوسیالیستی لە ژێر کاریگەریی هزرەکانی مارکسیزمدا لە ژمارەیەک لە وڵاتــان سەریان هەڵدا کە بە پێی تیۆریی مارکس لە بنەڕەتدا نەدەبوو لەو وڵاتانەدا شۆڕش رووی بدایە. ئەم شۆڕشانە لە چەند کۆمەڵگایەکی وەک چین و رووسیا روویــان دا کە لە روانــگەی ئابووریناســانەوە ئەو وڵاتــانە تــاڕادەیەک گەشــەیان کردبــوو، بــۆیە هەلــومەرجێکی گونجــاو بــۆ ئەوەی لە بــواری بەرهەمهێنــاندا شــێوەی سوسیالیســتی لەو وڵاتــانەدا رەچــاو بکــرێ، نەڕەخســابوو. هەر لەو ســەردەمەدا لە هەنــدێ لەو کۆمەڵگــا بورژوازییــانەدا کە گەشــەی زیاتریــان کردبــوو، حکوومەتگەلێکی تــاڕادەیەک دیموکراتیک هاتنە سەر کار . ئەو شتەی کە مــارکس بە هــۆی نــاوەرۆکی چینــایەتی ئەو وڵاتــانەوە، پێیوابوو قەت ڕوونادات . و ژمارەیەکی دیکەی ئەو وڵاتانە تووشی حکوومەتی فاشیستی هــاتن. لێرەدا دەرکەوت کە سیاسەت تا ڕادەیەکی زۆر لە ئابووری و بەشێوەیەکی گشتیتر لە گەشەی کۆمەڵایەتی جیایە. ئەمەش بەو مانایە کە هێشتا خەڵک هەلی ئەوەیان لە بەردەمدایە کە بۆ خۆیان بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بــدەن، نەتەنیا لەمەڕ شێوازی حکوومەت، بەڵکوو لە ئاستێکی بەرفراوانتری کۆمەڵگایەکدا کە پێکدێنێ: لەمەڕ ئەوە کە دەبێ دەوڵەتی تاک حیزبیان هەبێ، یان دیموکراسییەکی لیبراڵ لەگەڵ هەڵبژاردنی ئازاد؟ ئایا ئــابووری دەبــێ بە پێــی پــلان چــڕبێتەوە یــان بە پێــی بــازاری ئــازاد؟ ئەمــانە کۆمەڵێــک لەو پرســیارانەن کە فەیلەســووفانی سیاســی هەوڵدەدەن وڵامیان بدەنەوە و ئەم پرسیارانە جارێکی دیکە هاتنە گۆڕێ.

ئەگەرچــی ئەوەی لە ســەدەی بیســتەمدا رووی دا کۆتــایی بەو قەدەرگەرێتییــە(دیتێرمینیــزم) مێــژووییە هێنــا کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا زاڵ بوو، بەڵام وردە وردە کە گەیشتینە سەدەی بیست و یەکەم شێوەیەکی نوێ لە قەدەرگەرێتی سەری هەڵدا. ئەم قەدەرگەرێتییە نوێیە لە ژێرکاریگەری گەشەی جۆرێک لە ئــابووریی جیهــانی نــوێ و ئەو بــاوەڕە دابوو کە ئەگەر دەوڵەتان بیانەوێ، خەڵکەکانیان لە قازانجەکانی ئەم ئــابوورییە نــوێیە سوودمەند بن، ئەوا رۆژ

لە دوای رۆژ گۆڕەپـانی کردەوەیـان بەرتەسـک دەبێـتەوە. هەر دەوڵەتێـک بیهەوێ کـۆڵبـدات بە پێداویسـتییەکانی بـازاڕ، تووشـی وەسـتانی ئـابووری دەبـێ. ئەو وڵاتـانەش کە رەنـگە بیانتوانیبـایە لە ململانێـی جیهـانی نـوێدا سـەرکەون، تەنیـا لیبـراڵ دیموکراسـییەکان بـوون. بەم پێیە ئەگەرچـی ئەو هەلە لە بەردەم وڵاتـاندا بـوو کە حکوومەتی جیا لە دیموکراسیی لیبراڵیـان هەبێ . بۆ وێنە رێژیمی ئیسلامییان هەبێ . بەڵام ئەو تێچوانەی کە کۆمەڵگـایەک بـۆ ئەم کـارە پێویست بـوو بیدا، دابەزینـی رێژەیـی ئـابووری بـوو: ئەو تێچـوانەی کە پێنـاچێ هیچ کۆمەڵگایەک ئامادە بێ کە بیدا. ئەمە هەمان تێزی بە ناو»کۆتایی مێژوو». ە و کاکڵەی قسەکەی ئەوەیە کە هێزە ئابوورییەکان هەموو کۆمەڵگاکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبەن کە شێوازی حکومەتەکانیـان کەم تـا کورت وەک یەک بچێ.

گومان لەوەدا نیە کە ئەو رووداوانەی لە جیهـاندا روو دەدەن، ئەمجۆرە قەدەرگەرێتییەش وەک پێشینیان پـووچەڵ دەکەنەوە. ئێستاش دەتوانین ببینین کە بزووتنەوە سیاسییەکان بەرەنگاری پرۆژەی بەجیهانیبوون بـوونەتەوە. ئەو بزووتنەوانەی کە بەرامبەر بە ژینگە، کاریگەریی بـازاڕە جیهانییەکـان لە سەر وڵاتـانی لە قۆنـاحی گەشەدا، یـان یەکدەستکردنی ئاستی چۆنایەتیی کولتووری جیهانی نیگەرانن. ئەم بزووتنەوانە دژی ئەم بۆچوونانە وەستانەوە کە پێیانوابوو گەشەی ئـابووری بەرزترین ئـامانجە و لەم بـارەوە ئەو پرسیارانەیان هێنـا ئـاراوە کە بـایەخی کۆتـایی ژیـان چییە و چۆن دەتوانی ئەم بایەخە وەدەست بێنـی. ئەم پرسیارانە هەمـان پرسیارە تەوەرییەکـانی فەلسـەفەی سیاسـین. تەنـانەت ئەگەر خۆشـمان بەو بـابەتە سـەرەکییانەوە ببەسـتینەوە کە لە مشـتومڕە سیاسـییەکاندا گەنگەشەیان لەسەر دەکرێ، دیسان چوارچێوەی ئەم باسە لەسەر ئەوە کە چەندە دەتوانین ئازادیی ئابووری بکەینە قوربـانی بـۆ بەرابەریـی زیـاتر فراوانتـر دەبـێ، یـان چەنـدە دەتـوانین ئـازادییە تایبەتییەکـان بـۆ بەهێـز کردنـی هاوپێوەنـدیی کـۆمەڵایەتی سـنووردار بکەیـنەوە؟ ئەمـڕۆ کە ئەم بـابەتە دەنووسـین، باسـێکی گەرموگـوڕ لەمەڕ تیرۆریـزم، مـافی تاکەکـان و ئەو بنەمـایە کە شێوازی حکـوومەتی وڵاتـانی دیکە هەرچـی بـێ ئـێمە نـاتوانین لە کاروبـاری نێوخـۆیی ئەوانەدا دەستێوەردان بکەیـن لە ئـارادایە. ئەمـانەش کـۆمەڵە بـابەتێکن کە دەبـێ بە کـۆ لە سەریان بڕیار بدرێ. دیارە بابەتی سەرەکیی فەلسەفەی سیاسیشن.

تا ئێرە دەمویست ئەوە بسەلمێنم کە فەلسـەفەی سیاسی خۆی بە کۆمەڵە بـابەتێکەوە خەریک دەکـا کە بـۆ ژیـانی هەموومان گرنگە و خۆشی بەو بابەتـانەوە سەرقـاڵ دەکا کە لە لای بابەتی هەڵبژاردندا، بۆ ئێمە واقیعی سیاسین. ئێسـتا دەمەوێ بەدوای هۆکـاری دیکەدا بگەڕێـم کە دەسـتەیەک بـۆ دورخسـتنەوەی تەواوەتـی فەلسـەفەی سیاسـی

دەستەوداوێنی دەبن، واتە ئەو دەستەی کە پێیانوایە سیاسەت واتە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵات و کەسە دەسەڵاتدارەکان . بە تایبەت سیاسەتوانان . هیچ گرنگی بە فەلسەفەی سیاسی نادەن. بە پێی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە، ئەگەر دەتانەوێ شتێک بگۆڕن دەبێ بچنە سەر شەقام، خۆپێشاندان بکەن و ئاژاوە بنێنەوە، یان رەنگە بە پێچەوانەوە، سیاسەتوانێک بدۆزنەوە و بەرتیلی پێبدەن یان باجی لێ بستێنن، نا ئەوە کە سەری خۆتان بە خوێندنەوەی چەند نامیلکەیەکی پڕ هەراوهوریا لەمەڕ کۆمەڵگای باش کە هیچ کەسیش نایانخوێنێتەوە، بهێننە ئێش.

دیارە ئەوە راستە کە هەر کات فەیلەسووفانی سیاسی هەوڵیانداوە راستەوخۆ دەست لە ژیان وەربدەن، زۆرتر کارێکیان بۆ نەکراوە. ئەوانە کۆمەڵە پەندێکیان بە دەسەڵاتداران دا۔ ئەرەستو مامۆستای ئێسکەندەری مەزن بوو، ماکیاڤیلی راوێژی دەدا بە بنەماڵەی مدیچی لە فلۆرانس و کاترینی مەزن دیدرۆی بانگ کرد بۆ سن پێتێرز بۆرگ، تا رێگایەکی بۆ مۆدێرنیزەکردنی روسیا نیشان بدا . بەڵام ئەوە کە ئەم دەستێوەردانانە بەکەڵک بوون یا نا، باسێکی دیکەیە. ئەو نامیلکانەی کە لە رۆژگاری ململانێیە توندە سیاسییەکاندا نووسراون، تەنیا بوونەتە هۆی زیاتر توڕەبوونی هەر دوو لایەنی ململانێیەکە. نموونەی دیاری ئەم کارەش «لڤیاتان»ی «تۆماس هۆبز»۔ە. لڤیاتان شاکارێکی فەلسەفەی سیاسییە و لە رۆژگارێکدا نووسراوە کە هێشتا ئاگری شەڕی ناوخۆ لە بەریتانیا بڵێسەدار بوو. بەڵگەهێنانەوەکانی هۆبز بۆ داکۆکی لە حکوومەتی رەها، نە لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی پێیانخۆش بوو و نە لایەنگرانی سیستمی پارلەمانی. لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی پێیانوابوو کە پاشاکان لە لایەن خوداوە بۆ دەسەڵاتدارێتی دانراون. لایەنگرانی سیستمی پارلەمانی پێیانوابوو کە رەوایی حکوومەت بەستراوەتەوە بە رەزامەندیی هاووڵاتیانەوە. وێنەی لێڵ و ناڕوونی هۆبز لەمەڕ دۆخی مرۆڤایەتی ئەوی بەو ئاکامە گەیاند کە ئێمە دەبێ بە بێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی پەیڕەوی لە دەسەڵاتێکی سەقامگرتوو و کارامە بکەین. دەرکەوتە سروشتییەکەی بۆچوونەکەی هۆبز دەبووە ئەوە کە «چارڵزی یەکەم» هەتا کاتێک لە دەسەڵاتدا بوو، مافی حوکمڕانی هەبووە، بەڵام «کرامۆل»یش دوای ئەوە کە توانی چارڵز بڕوخێنێ، دەیتوانی هەمان مافی هەبێ. ئەم وتە لە لایەن هیچکام لە دوو لایەنی کێشەکەوە وەرنەدەگیرا.

نموونەی هۆبز دەتوانێ تا ڕادەیەک ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە کە بۆ فەیلەسووفانی سیاسی قەت نەیانتوانیوە کاریگەری راستەوخۆیان لە سەر رووداوە سیاسییەکان هەبێ. ئەوان بەو بۆنەوە کە لە روانگەیەکی فەلسەفییەوە چاو لە سیاسەت دەکەن، ناچارن کە رەخنە لە زۆربەی باوەڕە باوەکانی سیاسەتوانان و بەگشتی خەڵک بگرن.

فەیلەسووفانی سیاسی لەو باوەڕانە دەکۆڵنەوە و پرسیار دەکەن کە مەبەست لە فلان قسە بە وردی چییە، چ بەڵگەیەک بۆ ئەم بانگەشەیە هەیە، ئەگەر کەسێک رەخنە لەم بۆچوونە بگرێ، بە چ شێوەیەک دەبێ پاساوی بۆ بێنیتەوە. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم بەدواداچوونە وردە ئەوەیە کە کاتێک فەیلەسووفانی سیاسی بۆچوون و پێشنیازەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو، ئەم بۆچوونانە لای ئەو کەسانەی کە زیاتر راهاتوون بەو باوەڕانەی باون، سەرسوڕهێنەر و ناخۆشە. بۆچوونەکانی هۆبزیش ئەم کاریگەری لە سەر هەر دوو لایەنی شەڕی ناوخۆی بەریتانیا هەبوو.

بەڵام ئەم بابەتە نەبۆتە کۆسپ لە بەردەم ئەوە کە فەلسەفەی سیاسی لە رەوتی زەمەندا کاریگەریی هەبێ، واتە کاریگەرییەک کە دواتر زۆر بەرچاوە. کاتێ بیر لە سیاسەت دەکەینەوە کۆمەڵێک ئەرکمان لە ئەستۆدایە کە زۆرتر ئاگاداریان نین ـ کۆمەڵە ئەرکێکی شاراوە کە لە هەر لایەکەوە لە ماوەی مێژوودا لە ریشەوە دەگۆڕدرێن. بۆ وێنە کاتێک هۆبز کتێبەکەی دەنووسی، پشت ئەستوور بوون بە بنەما ئاینیەکان و بە تایبەت سەرچاوەبوونی ئینجیل لە باسە سیاسییەکاندا باو بوو. یەکێک لە میراتە نەمرەکانی هۆبز ئەوە بوو کە ئەو هەلەی بۆ بیرکردنەوە لەمەڕ سیاسەت لە فەزایەکی بەتەواوەتی سکۆلاردا پێکهێنا. ئەگەرچی خودی هۆبز زۆر نیگەرانی پرسیارە دینیەکان بوو، بەڵام تێڕوانینی بەتەواوەتی نوێ ئەو بەرامبەر بە دەسەڵاتدارێتی سیاسیی ئەو دەرفەتەی بۆ جیا کردنەوەی سیاسەت و ئایین دروست کرد و بووە هۆی ئەوەی بە پێوەری جیا لە سەر سیاسەت و ئایین قسە بکرێ. یا وای دابنێن لە سەردەمی هۆبزدا گرووپێکی رادیکاڵی بیرتەسک، دیموکراسییان وەک شێوەی باوی حکوومەت زانیبایە (لە ڕاستیدا خودی هۆبز دیموکراسی بەتەواوەتی رەت نەدەکردەوە، بەڵام پێیوایە بەگشتی خراپترە لە حکوومەتی پاشایەتی). دیارە ئەمڕۆ دیموکراسی بۆ ئێمە بە شێوەیەک بۆتە بابەتێکی بەڵگەنەویست کە ئەستەمە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن جۆرێکی دیکەی حکوومەت دەتوانێ رەوایی پێبدرێ؟ ئەم گۆڕانکارییە چۆن رووی داوە؟ سەربردەی ئەم گۆڕانکارییە، سەربردەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام ئەوەی روونە ئەو دەستە لە فەیلەسووفان کە بە لایەنگری لە دێموکراسی قسەیان دەکرد، ئەو فەیلەسوفانەی کە ئەندێشەکانیان ناسراوە، برەوی پەیدا کردوە و جێگای رەوتی سەرەکیی سیاسەتی گرتۆتەوە، رۆڵێکی گرنگیان لەم پرۆسەیەدا گێڕا. رەنگە ناسراوترینیشیان «ژان ژاک رۆسۆ» بێ کە کاریگەرییەکانی لە سەر شۆڕشی فەرەنسا بە کتێبی «گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان» نکۆڵی لێناکرێ. (لانیکەم تۆماس کارلایل لەم رووەوە هیچ گومانی نەبوو. ئەیژن کاتێک لەمەڕ گرنگیی بەکارهێنانی ئەندێشە دەرهەستەکان پرسیاریان لە کارلایل کرد، وڵامی دایەوە: «رۆژگارێک پیاوێک بە ناوی رۆسۆ هەبوو، کتێبێکی نووسی کە جگە لە [ئەندێشە دەرهەستەکان] هیچ دیکەی تێدا نەبوو. چاپی دووهەمی ئەم کتێبەیان بە پێستی

ئەوانەی کە بە چاپی یەکەمی پێدەکەنین، بەرگ گرت.»)

هیچ کەسێک نەیدەتوانی پێشەکی بێژێ کە ئایا فڵانە بەرهەم لە ئەندێشەی سیاسیدا بە قەدەر لڤیاتان ی هۆبز، یان گرێبەستی کۆمەڵایەتی ی رۆسۆ، یان مانیفێستی کۆمۆنیست ی مارکس و ئێنگڵس کاریگەر دەبێ یا نا. ئەم کاریگەری دانانە بە تەواوەتی بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئەو گۆڕانکارییە فیکرییەی کە فەیلسووفەکان پێشنیاری دەکەن ئەوەندە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بگونجێ کە ئەم ئەندێشە نوێیانە ببنە ئەندێشە سروشتییەکانی نەوەی دواتر. پاشماوەی ئەو بەرهەمانەی کە لەمەڕ فەلسەفەی سیاسین و تا ڕادەیەک سەرکەتوو بوون، ئەگەر چاو لێبکەین دەبینین بە بێ ئەوەی شوێن پێیان بمێنێتەوە، نەماون. بەڵام پێویستیی فەلسەفەی سیاسی پێویستییەکی بەردەوامە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە لەگەڵ کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی نوێ بەرەوڕوو دەبینەوە کە بە پێی تێگەیشتنی سیاسی باوی رۆژ ناتوانین چارەسەریان بکەین. لە وەها رۆژگارێکدا دەبێ قووڵتر بینەوە، بگەینە بنەڕەتی باوەڕە سیاسییەکانمان و لێرەدایە کە دەگەینە فەلسەفەی سیاسی. دیارە بەو مانایە نیە کە بە پێی پێویست گەیشتووین بە سەرچاوەکەی، بەڵکوو واتە رەنگدانەوەی هەبووە لە سەر نامیلکە سیاسییەکان، گۆڤارەکان، رۆژنامەکان و...هتد. هەموو فەیلەسووفە سیاسییە سەرکەوتووەکان پشت ئەستوور بوون بەو لایەنگرانەیان کە دەستیان لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەو پرۆپاگەندەدا رۆیشتووە.

سەرچاوە:

میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی،چاپ دوم، سال ۱۳۹۰.

لە ژمارە ٦٢٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ۱۹ی فێبریوێری ۲۰۱٤

-----------------------------

# پێویستیی فەلسەفەی سیاسی لەچیدایە؟

## بەشی سێیەم و کۆتایی

ئەگەر فەلسەفەی سیاسی بۆ پێداویستییە رەسەنەکان وڵامدەر بێ، دیسان ئەم پرسیارە وەک خۆی دەمێنێ کە ئایا بانگەشەکانیشی رەسەنن؟ (فاڵگرەکان وڵامدەری پێویستییەکی زۆر شێلگیری مرۆیین . مرۆڤەکان دەیانەوێ بزانن لە داهاتوودا چیان بە سەر دێ . لە هەمانکاتدا زۆربەی خەڵک فاڵگرەکان بە کەسانێکی بە تەواوەتی قەلاش و مفتەخۆر دەزانن). فەلسەفەی سیاسی بانگەشەی ئەوە دەکا کە راستییەک لەمەڕ سیاسەت بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو، واتە راستییەک کە جیاوازە لەو بیروباوەڕەی کە رۆژانە لەگەڵی دەژین. زەقترین شێوەی هێنانە ئارای ئەم بانگەشەیە نموونەی ئەشکەوتە لە کتێبی کۆماری ئەفلاتوون دا، کە زیاتر بە باوکی فەلسەفەی سیاسی ناسراوە. ئەفلاتوون تاکە ئاساییەکان وەک کۆمەڵە زیندانیەک کە لە ناو ئەشکەتێکی داخراودان لەقەڵەم دەدا. بە جۆرێک کە تەنیا دەتوانن سێبەری شتەکان لە سەر پەردەکانی رووبەڕوویان ببینن. ئەفلاتوون دەڵێ ئەوان گومانیان هەیە کە تەنیا شتە راستەقینەکان هەر ئەو سێبەرانەن. ئێستا گریمان یەکێک لەو زیندانییانە ئازاد بوو و هاتە ناو رووناکیی سەرسوڕهێنەری دەرەوە. وردە وردە ئەو شتە واقعیەکانی جیهان دەبینێو دەزانێ ئەوەی پێشتر بینیویە، جگە لە سێبەرێک هیچی دیکە نەبووە. بەڵام ئەگەر ئەو بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکەو هەوڵبدا هاوڕێیەکانی رازی بکا کە لە هەڵەدان، ئەستەمە ئەوان باوەڕ بە قسەکانی بکەن. بە باوەڕی ئەفلاتوون بارودۆخی فەیلەسووفێکیش ئاوایە: فەیلەسووف لە کاتێکدا دەورووبەری خاوەن بیروباوەڕی خوار و خێچە، ئەو خاوەن لۆژیکێکی رەسەنە. بەڵام بەو بۆنەوە کە رێگای گەیشتن بە لۆژیکی فەلسەفی درێژ و دژوارە، ژمارەیەکی زۆر کەم ئامادەن ئەم رێگایە بپێون.

بەڵام ئایا ئەفلاتون مافی ئەوەی هەبوو کە بە وەها پارادۆکسێکی قووڵ لە نێوان لۆژیکی فەلسەفیو باوەڕە باوەکاندا رازی بێ؟ لێرەدا ناکرێ لە سەر بناغە فەلسەفییەکانی ئەم جیاوازییە قسە بکەم، بۆیە ئیزنی ئەوەم پێبدەن کە تەنیا بڵێم تێگەیشتنی من لە فەلسەفەی سیاسی، ئەو فەیلەسووفانە ناگرێتەوە کە خاوەن وەها لۆژیکێکی تایبەتن کە گەیشتن بەو لۆژیکە بۆ خەڵکی دیکە ئەستەمە. لە بەرامبەردا شێوەی بیرکردنەوەو بەڵگە هێنانەوەی ئەو فەیلەسووفانەی کە ئەمن مەبەستمە، رێک وەکوو هەر کەسێکی دیکەیە، تەنیا جیاوازییان ئەوەیە

کە رەخنەگرانەتر و سیستماتیکتر بیر دەکەنەوە. ئەوان کەم و زۆر لە سەر هەموو شتێک پرسیار دەکەن: بە تایبەتی دەپرسن کە ئایا باوەڕەکانی ئێمە لەگەڵ یەک دەگونجێن یا نا، ئایا ئەم باوەڕانە بەڵگەمەندو جێ متمانەن یا نا، یان ئایا لە بنەڕەتدا دەکرێ ئەم باوەڕانە لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی گەورەدا پێکەوە بگونجێنی؟ بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک بابەتەکە روونتر دەبێتەوە.

گریمان لە سیاسەتوانێکمان پرسی کە ئامانجەکانی چین. پاڵنەرە سیاسییەکانی ئەو بە دوای چ ئامانج و بایەخێکدا دەگەڕێ. ئەگەر ئەم سیاسەتوانە لە کۆمەڵگایەکی هاوچەرخی رۆژئاوایدا بێ، رەنگە ژمارەیەک ئامانجو بایەخ ریز بکا کە کەم تا زۆر پێشبینی دەکرێ: یاساو دیسیپلین، ئازادیی تاک، گەشەی ئابووری، رەخساندنی تەواوی هەلی کارو یەک دوو شتی دیکە. فەیلەسووفێکی سیاسی بە چ شێوەیەک وڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە؟ ئەو یەکەم شت کە تیشک دەخاتە سەری خودی ئامانجەکانو پرسیاری ئەوە دەکا کە لە ڕاستیدا کامیان ئامانجی کۆتاییە. بۆ وێنە گەشەی ئابووری لە بەرچاو بگرن. ئایا گەشەی ئابووری لە خۆیدا باشە، یان لە بەر ئەوە باشە چونکە هەلی هەڵبژاردنی زیاتر بۆ خەڵک دەرەخسێنێ، یان ژیانیان شادتر و تەندروستتر دەکا؟ ئایا دەتوانین وای دابنێین کە گەشەکردنی زیاتر هەمیشە جێی پەسندە، یان کاتێک دێ کە گەشەی زیاتر ئیدی ناکەوێتە خزمەت کۆمەڵێک شتەوە کە بەراستی لای ئێمە گرنگن؟ پرسیارێکی هاوشێوەش دەتوانین لەمەڕ رەخساندنی تەواوی هەلی کار بێنینە گۆڕێ. ئایا ئێمە لە بەر ئەو هۆکارە رەخساندنی تەواوی هەلی کارمان لا پڕ بایەخە کە پێمانوایە سەرقاڵبوون بە کارێکەوەو وەرگرتنی مووچە لە بەرامبەریدا ، لە خۆیدا بۆ مرۆڤەکان پڕ بایەخە، سەرەڕای ئەوەی هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەگەر خەڵک کار نەکەن، ژیانیان ئاستێکی باشی نابێ؟ ئەگەر دووەمەکەیان دروست بێ، بۆچی بۆ هەر کەسێک بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کار دەکا، یان نا مووچە نەدەینو کار کردن وەک چالاکییەکی خۆویستانە لێبکەین بۆ ئەوانەی دەیانەوێ چێژی لێوەربگرن؟

فەیلەسووفی سیاسیی ئێمە لەمەڕ ئەو ئامانجە جۆراوجۆرانەی کە سیاسەتوانان دەیانهێننە گۆڕێ، پرسیار دەکا. سیاسەتوانان قەت دان بەوەدا نانێن کە رەنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، ئامانجێکی دیکە لەبەرچاو نەگرن، ئەگەرچی رەنگە لە واقیعدا ئەو کارە بکەن. بۆ وێنە دیسیپلین و یاسا لە بەرابەر ئازادیدا دابنێن. ئایا ئێمە نابێ بە سنووردار کردنەوەی ئازادی تاکەکان، ئاسایش لە شەقامەکانماندا جێگیرتر بکەین - بۆ وێنە بە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە پۆلیسەکان بۆ دەستگیر کردنی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ تاوانێک ئەنجام بدەن؟ کام بایەخ گرنگایەتیی زیاتری هەیە؟ بێگومان فەیلەسووفی سیاسی بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ کەمێک وردتر بێژێ کە

ئازادیی تاک چ مانایەکی هەیە. ئایا ئازادیی تاک تەنیا بەو مانایە دێ کە هەر کارێکمان پێخۆش بوو ئەنجامی بدەین، بەڵام بەو مەرجەی زیان بە کەسێکی دیکە نەگەیەنین؟ ئەم وڵامە جیاوازە، بەرەنجامی زانستیی زۆر جیاوازی هەیە.

فەیلەسووفانی سیاسی بۆ هێنانە ئارای ئەم پرسیارانەو پێشنیار کردنی کۆمەڵە وڵامێک بۆ ئەو پرسیارانە، پێویستە پشت بە چەند زانستێکی سەیرو سەمەرە ببەستن. ئەوان داوا لە بەرێزژ(موخاتەب)ەکانیان دەکەن کە بیر لە بایەخە سیاسییەکانی خۆیان بکەنەوەو بزانن لە ئاکامدا گرنگیی زیاتر بە کام لە بایەخەکان دەدرێ. ڕەنگە ئەو فەیلەسووفانە لە لای ئەمەشدا کۆمەڵێک زانیاری بە بەردەنگەکانیان بدەن. بۆ وێنە لە کاتی بیر کردنەوە لە بایەخی گەشەی ئابووری، لە جێی خۆیدایە بزانین کە  ئەو کەسانەی ئاستی ژیانیان لە رووی ماددییەوە لەگەڵ یەکتری زۆر جیاوازە، چ پلەیەک بە تیرەگە بینراوەکانی وەک تەندروستیو مەرگو نەمانو تیرەگە دەروونیەکانی وەک ئاستی رەزامەندی بەرامبەر بە ژیان، دەدەن. بەم پێیە فەیلەسووفانی سیاسی دەبێ تێگەیشتنێکی قووڵیان لە زانستە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان هەبێ. بۆ گەیشتن بەم تێگەیشتنە لە رابردوودا فەیلەسووفەکان هەوڵیان دەدا بەڵگەی مێژوویی لەمەڕ تویژێکی بەربڵاو لە کۆمەڵگا مرۆییەکانو سیستمە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتدارێتی ئەو کۆمەڵانە کۆ بکەنەوە. ئەو بەڵگە و داکیومێنتانە تا ڕادەیەک پشت ئەستوور بوون بە تێگەیشتنی تایبەتی تاک و زۆرتر جێی متمانە نەبوون. بەڵام ئەمرۆ بە هۆی پێشکەوتنی بەرچاوی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی بیستەمدا، فەیلەسووفانی سیاسی دەتوانن بۆچوونەکانیان بە پشتبەستن بەو دەستکەوتە ئەزموونییانەی کە زیاتر جێی متمانەن جێگر بکەن. بەڵام ناوەرۆکی سەرەکیی کارەکەیان هەر ئەوەیە کە پێشتر بووە. ئەوەی ئێمە لەمەڕ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو چۆنیەتی بەرێوەبردنیان دەیزانین، ئەوان(فەیلەسووفانی سیاسی) وەریدەگرنو بە ئاماژە بەو ئامانجو بایەخانەی کە پێیانوایە بەرێزژەکانیشیان قبووڵیانە، دەپرسن باشترین شێوەی حکوومەت چیە. هەندێ جار بابەتی باشترین جۆری حکوومەت لە حکوومەتی هەنووکەیی زۆر نزیکە، هەندێ جاریش لە رەگو ریشەوە لەگەڵی جیاوازە.

لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا، هەوڵی من ئەوە بوو روونی بکەمەوە کە چۆن فەلسەفەی سیاسی دەتوانێ بەرچاوڕوونی زیاتر بدا بە بیرکردنەوەکانمان لەمەڕ سیاسەت، بێ ئەوەی بانگەشە بکەم کە دەستم بە جۆرێکی تایبەتی هەقیقەت ڕاگەیشتووە کە لە توانایی کەسێکی ئاساییدا نیە. لە درێژەی ئەم باسەدا ئەم پرسیارەش دێتە گۆڕێ کە ئەو هەقیقەتەی فەلسەفەی سیاسی پێشکەشی دەکا، تا چ ڕادەیەک هەقیقەتێکی جیهانی یا گشتگیرە. واتە ئەو

هەقیقەتە تا چ ئاستێک دەکرێ بۆ سەرجەم کۆمەڵگاکان لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا بە کار ببرێ. یا ئەوە کە ئەو پەڕی دەتوانین چاوەڕوانی لۆژیکێکی پێوەندیدار بە ناوچەیەکی دیاری کراومان لە فەلسەفەی سیاسی هەبێ. لۆژیکێک کە تەنیا پێوەندی بە جۆرێکی تایبەت لە کۆمەڵگا هەبێ کە ئێمە ئەمڕۆ تێدا دەژین.

وەڵامی من ئەمەیە: خشتەی کاری فەلسەفەی سیاسی لەگەڵ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا و حکوومەتدا، دەگۆڕدرێ. هەر چەند، باتگەلێکی دیکە هەن کە هەر چەند بگەڕێنە دواوە و بۆ دواتریش بچین، دیسان دەبینین لە خشتەی کار دا بوون. بە تایبەت ئەم پرسیارە نەمرانە، پرسیارگەلێکی سەرەتایین لەمەڕ سیاسەت و دەسەڵاتدارێتیی سیاسی کە من لە بەشی دواتردا باسیان دەکەم. یەکەم و لە بنەڕەتدا بۆ ئێمە پێویستمان بە سیاسەتە؟ کەسێک چ مافێکی هەیە کە کەسێکی دیکە ناچار بکا بە پێچەوانەی ویستی ئەو کارێک ئەنجام بدا؟ بەڵام لە نموونەکانی دیکەدا، پرسیارەکان، یان وەڵامەکانیان و یان هەردووکیان لە ماوەی مێژوودا گۆڕاونو ئێمە دەبێ برانین بۆ وایە. یەکێک لە هۆکارەکان، ئەو گۆڕانکارییانەن کە لە کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن و کۆمەڵێک توانایی و دەرفەت پێکدێنن کە پێشتر نەبوون و یان کۆمەڵێک تواناییو دەرفەت لە ناو دەبەن. بۆ وێنە دیموکراسی وەک جۆرێک لە دەسەڵات لە بەرچاو بگرن. ئەمڕۆ کەم و زۆر لای هەموو فەیلسووفانی سیاسی ـ لانیکەم لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دا ـ ڕوونە کە حکوومەتی باش دەبێ جۆرێک لە دیموکراسی بێو بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێ حکوومەت لە دەستی خەڵکدا بێ. چەندین سەدە پێش سەدەی بیستەم، ڕوانگەی بەرامبەر زاڵ بوو: حکوومەتی باش حکوومەتی سوڵتانێکی ئاقڵ، یان ئاریستۆکراسی ڕووناکبیر، یان پیاوانی بەدەسەڵات و دەوڵەمەند، یان کۆیەک لەمانە بوو. ئایا ئێمە ڕاست دەکەین و پێشینیان بەهەڵەداچووبوون؟ نا، چون وادیارە دیموکراسی بۆ ئەو کەسەی کە توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکەی هەیە پێویستی بە کۆمەڵێک پێشمەرجە: جەماوەرێکی دەوڵەمەند و خوێندەوار، میدیا بۆ ئەوەی بۆچوون و ئەندێشەکان بەشێوەیەکی ئازاد بگوازرێنەوە، سیستمێکی دادوەری کارا کە خەڵک ڕێزی لێبگرن و کۆمەڵێک شتی لەو بابەتە. ئەم هەلومەرجە تا ئەم دواییانە لە هیچ شوێنێک پێکنەهاتووە و لە ماوەی یەک شەویشدا پێکنایەت (زیاتر ئاتێنی کۆن وەک نموونەیەکی دەگمەن دادەنێن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەبیرمان بێ کە دێموکراسی ئاتێنی تەنیا کەمایەتییەکی جەماوەری ئاتێنی دەگرتەوەو بە هەمان شێوە کە خودی یۆنانییەکان باوەڕیان پێی هەبوو، لە سەر کاری ژنان، کۆیلەکان و بیانییەکان بنیاتنرا بوو). کەواتە فەیلەسووفانی کۆنتر لە هەڵەدا نەبوون کە دیموکراسییان بە شێوازێکی باش بۆ حکوومەت نەدەزانی. تەنانەت ڕۆسۆ کە پێشتریش بینیمان لە یەکەمین کەسانی کاریگەر بوو کە پەرەی بە ئەندێشە دێموکراتیکەکان دەدا، دەیوت کە دیموکراسی تەنیا بۆ خواکان باشە، نەک مرۆڤەکان. بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ئەوسا، دیموکراسی بەو شێوەی کە ئەمڕۆ ئێمە لێی تێدەگەین، شێوازێک

لە حکوومەت نەبووە کە قبووڵ بکرێ و ئەگەری جێگیرکردنی هەبێ.

نموونەیەکی دیکە لە گۆڕینی خشتەی کاری فەلسەفەی سیاسی، ئەو بایەخەیە کە ئەمڕۆ ئێمە بۆ هەڵبژاردنی تاک دایدەنێین. ئەمڕۆ ئێمە پێمانوایە کە تاکەکان دەبێ لە هەڵبژاردنی کار، هاوسەری ژیان، باوەڕە دینیەکان، ئەو جلوبەرگانە لەبەری دەکەن، ئەو مۆسیقایەی کە گوێی بۆ شل دەکەن و کۆمەڵێک شتی لەو بابەتە ئازاد بن: ئێمە پێمانوایە زۆر گرنگە هەر تاکێک شێوازێک لە ژیان کە زیاتر بۆ ئەو گونجاوە، بدۆزێتەوە یان دروستی بکا. بەڵام ئەم قسانە لە کۆمەڵگایەکدا کە خەڵکەکەی بۆ مانەوە ناچارن ڕێگای باو و باپیرانیان بگرنەبەر، مافی ئەوەی بۆ خۆیان کار هەڵبژێرن زۆر کەمە، گەشتو سەیرانی کەمیان هەیە، دینییان یەکێکە و شتی لەو بابەتە چ گرنگییەکیان هەیە؟ لە وەها کۆمەڵگایەکدا چەند بایەخێکی دیکە زۆر گرنگترە. بە درێژایی مێژوو، کۆمەڵگەکان زیاتر وا بوون. کەواتە هیچ جێی سەرسووڕمان نیە کە ئێمە تەنیا لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو فەلسەفە سیاسییانە بەرەوڕوو دەبینەوە کە لەسەر بایەخە باڵاکانی هەڵبژاردنی تاک بنیاتنراون، کە نموونەی ئەوە کتێبی ئازادی ی جۆن ستیوارت میلە.

لەم بابەتەدا هەوڵی من ئەوە بووە کە هاوسەنگییەک لە نێوان پرسیارە نەمرەکانی فەلسەفەی سیاسی و ئەو پرسیارانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە خشتەی کاردا بوون، وەک باسەکانی ژنان و کەمایەتییە کولتوورییەکان دروست بکەم. دروستکردنی ئەم هاوسەنگییە ڕەنگە دژوار بێ: بە ئاسانی دەتوانی بچیتە قووڵایی بابەتەکانی ڕۆژەوە ئەو بابەتە بنەڕەتییانەی کە لە هەموو شوێنێک بناغەی سیاسەت پێکدێنن لە بیر بکەین. ڕێگا چارەیەکی دیکەش ئەوەیە کە بچین بە دوای سینەما و وێنە دیوارییەکانی لۆرنتستتی دا و دووبارە وەبیری بێنینەوە کە بە چ شێوەیەک جێگیر کردنی دەسەڵاتدارێتیی سیاسی دەتوانێ ئاکامی جیاوازی هەبێ، لە خۆشبژێوی(رفاه)یەوە بگرە تا هەژاری، لە ژیانەوە بگرە تا مەرگ.

هەروەها هەوڵمداوە لە نێوان دەربڕینی ئەو هەڵوێستە دژانەی کە لەمەڕ ئەم بابەتانە لە ئارادان و دەربڕینی بۆچوونەکانی خۆم هاوسەنگییەک دروست بکەم. مەبەستی من ئەوەیە کە شی بکەمەوە کە کاتێک ئانارشیستەکان لە گەڵ لایەنگرانی دەوڵەت، دیموکراتەکان لەگەڵ بژاردەگەراکان، لیبراڵەکان لەگەڵ دەسەڵاتحوازان، ناسیونالیستەکان لەگەڵ ئەوانەی کە جیهان بە نیشتمانی خۆیان دەزانن باس دەکەن، باسەکەیان لەمەڕ چییە. بەڵام ئەوە کە بڵێین من ئەم باسانە لە سۆنگەی هەڵوێستێکی خودائاسا و بێلایەنانەوە تاوتوێ دەکەم، درۆیە.

نووسین لەمەڕ فەلسەفەی سیاسی خۆی جۆرێک گەمەی فەلسەفەیە. بەم پێیە هەوڵم نەداوە کە بە فەلسەفەی سیاسی خوێنەر بە زۆر ناچار بکەم کە هەندێ لە پڕکێشەترین پرسیارەکانی ئەم سەردەمە تەنیا یەک وڵامی جێگای پەسندیان هەیە، هەوڵیشم نەداوە کە دڵدانەوەکانیش بشارمەوە. هیوادارم لە هەر شوێنێک لەگەڵ بۆچوونەکەی من نەبوون، لانیکەم پشتڕاستی بکەنەوە ئەو بەڵگانەی کە بۆچوونەکانی ئێوەش دەسەلمێنی بێلایەنانە هاتوونەتە ئاراوە. دیارە زۆر هیوادارم کە بتوانم ئێوە بە وەرگرتنی بۆچوونەکانی خۆم رازی بکەم.

سەرچاوە:

میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی،چاپ دوم، سال ۱۳۹۰.

له ژماره ٦٢٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٤

---

# میتینگی ١١ی رەشەممە، هەڵەیەکی مێژوویی

## بەرایی

رۆژی ١١ی رەشەممە لە مێژووی جووڵانەوەی رزگاری خوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا، رۆژێکی پڕ گرنگە. ئەگەر لە روانگەیەکی گشتییەوە سەیر گرنگیی ئەم پرسە بکەین، ئەوا یەکەم هۆکاری گرنگییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دوای ساڵانێکی زۆر دابڕان و تێکۆشانی نهێنی، حیزبی دیموکرات بە رێبەرایەتیی، "دکتور قاسملوو"ی مەزن دەگەڕێتەوە ناوخۆی وڵات و لە رۆژی ١١ی رەشەممەی ١٣٥٧ (٢ - ٣ - ١٩٧٩) لە میتینگێکی جەماوەریدا لە شاری مەهاباد تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات رادەگەیەنێ.

لە ڕاستیدا ئەمە دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ژیانی حیزبی دێموکراتدا. دوای ڕووخانی کۆمار، ئەندامانی حیزبی دیموکرات پەڕیوەی باشووری کوردستانو عێراق دەبنو لە تاراوگە حیزب ساغ دەکەنەوە. جگە لە بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵانی ٤٧ - ٤٦ (٦٨ - ٦٧)، (کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات)، حیزب تا کاتی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، چالاکییەکی ئەوتۆی نەبووەو تاڕادەیەکی زۆر لە خەڵکەکەی دابڕاوەو تەنیا لە کەناڵی شانەکانی ڕێکخستنی نهێنییەوە توانیویەتی پێوەندی بە خەڵکەوە بگرێ. ١٩ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، واتە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممە دکتۆر قاسملوو تێکۆشانی ئاشکرای حیزب ڕادەگەیەنێ و بە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان لە دەوری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆ دەبنەوە سەرەڕای دروست بوونی گرووپو ڕێکخراوی چەکداریی دیکە، بەڵام حیزبی دیموکرات لایەنی سەرەکیی گۆڕەپانەکەیەو مەودایەکی زۆری لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هەیە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر یادی ئەم ڕۆژە کراوەتەو کەمتر هەڵکەوتووە کە ڕەخنە لەم ڕۆژە بگیردرێ. ئەوەی لەم وتارەدا مەبەستە، ئەوەیە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ڕۆژی بەڕێوەچوونی میتینگی ١١ی ڕەشەمە لە مەهاباد بکەین. واتە لایەنێکی دیکەی گرنگیی میتینگی ١١ی ڕەشەممە، تاوتوێ کردنی ئەو پرسیارەیە کە بۆ ئەم میتینگە لە مەهاباد بەڕێوە چوو؟ کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بەڕێوەچوونی میتینگی ١١ی ڕەشە لە مەهاباد، لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟ ئایا دیاری کردنی مەهاباد وەک شوێنی میتینگەکە بۆ ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، بەرهەمی بڕیارێکی سیاسیو خوێندنەوەیەکی سیاسی بوو، یان بەرهەمی هەستو سۆزی شۆڕشو عاتیفە و ناوچەگەریی بوو و خوێندنەوەیەکی هەڵە بوو؟

### تایبەتمەندیی ناوەند

ناوەند لە هەموو شوێنێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوری کۆکەرەوە بگێڕێ. بۆ وێنە لە پێوەندی لەگەڵ دیاریکردنی شارێک وەک ناوەندو پایتەخت، لە ئێستادا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە دەبێ ئەو شارە خاوەن تایبەتمەندییەکانی شارێکی مۆدێرن بێ. چەند تایبەتمەندییەکی گرنگیی شارێک کە دەبێتە ناوەند بریتییە لە:

١- لە رووی شارسازییەوە پێشکەوتوو بێو دەرەتانی پەرەسەندنی هەبێ،

٢- لە رووی ئابوورییەوە پێگەیەکی بەهێزی هەبێ،

٣- ناوەندی ئاکادێمیو زانستیی ستاندارد و پێشکەوتووی تێدابێ،

٤- لە رووی جوگرافییەوە وا هەڵکەوتبێ کە بتوانێ دەوری ناوەند بگێڕێ، ٥- لە رووی توریستییەوە سەرنجڕاکێش بێو...

لە میتینگێکی جەماوەریدا لە شاری مەهاباد تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات رادەگەیەنێ. لە راستیدا ئەمە دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ژیانی حیزبی دێموکراتدا. دوای رووخانی کۆمار، ئەندامانی حیزبی دیموکرات پەرِیوەی باشووری کوردستانو عێراق دەبنو لە تاراوگە حیزب ساغ دەکەنەوە. جگە لە بزووتنەوەی چەکدارانەی سالآنی ٤٧ـ٤٦ (٦٧ـ٦٨)، (کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات)، حیزب تا کاتی رووخانی رێژیمی پاشایەتیو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، چالاکییەکی ئەوتۆی نەبووەو تارادەیەکی زۆر لە خەڵکەکەی دابڕاوەو تەنیا لە کەناڵی شانەکانی رێکخستنی نهێنییەوە توانیویەتی پێوەندی بە خەڵکەوە بگرێ.

ناوەند، یان شاری سەرەکی، زیاتر شارێکە کە لە چاو شارەکانی دیکە گەورەترەو رێژەی دانیشتوانی زیاترە. ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو شارە ببێتە ناوەندو دامودەزگای حکوومەتی لێ دادەمەزرێ. نوێنەرایەتیی سیاسی وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان لە ناوەند دادەنرێو ناوەند لەگەڵ دەرەوەدا لە پێوەندی دایەو وەک نوێنەری شارو ناوچەکانی دیکە چاوی لێ دەکرێ. واتە هەر ناوەندێک، تەعبیر لە هەرێمێک، پارێزگایەک، یان وڵاتێک دەکات. (١) بۆ وێنە کاتێک دەوترێ "هەولێر"، تەعبیر لە هەرێمی کوردستان دەکات. کاتێک دەوترێ "واشنگتون"، تەعبیر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات. کاتێک دەوترێ "ئەنکارا"، تەعبیر لە تورکیاو دەوڵەتو سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتە دەکات. بەو پێیەی کە دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکوومەت، یان سیتسمێکی سیاسی لە ناوەنددا کۆ دەبێتەوە، دەبێ ئەو ناوەندە، کەمترین مەترسیی شەڕو هەڕەشەی لەسەر بێ.

## پێگەی مەهاباد

بەو پێیەی مەهاباد شوێنێ لەدایکبوونی حیزبی دیموکراتو پایتەختی کۆماری کوردستان بووە، پێگەیەکی تایبەتی لە بزووتنەوەی کورددا هەبووە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو شارە لە چاو شارە بووچکەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی

کوردستان، زیاتر بناسرێ. هەروەها یەکەم سەرکۆماری کوردو پێشەوای حیزبی دیموکرات (قازی محەممەد) خەڵکی ئەو شارە بووەو لەوێش لە سێدارە دراوەو شەهید بووە. ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوە کە مەهاباد پێگەیەکی سیمبۆلیکو مێژوویی لە ناو کورددا هەبێ. سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییانە، مەهاباد لە رووی هەڵکەوتەیی جوگرافییەوە، پۆزیشنێکی باشی نییەو ناتوانێ دەوری سەنتەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بگێڕێ. جوگرافیای رۆژهەلاتی کوردستان درێژو باریکە لە ماکوو خۆییەوە دەست پێدەکاو شۆڕ دەبێتەوە بۆ خوارەوە بەرەوە ئیلامو لوڕستانو خوارتر. لەم هێڵە جوگرافییەدا فرەچەشنییەک دەبینرێ کە پێکهاتووە لە زاراوە و بن زاراوەو ئایین و وردە کولتووری جۆراوجۆر. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم تایبەتمەندییانە بۆمان دەردەکەوێ کە رووی زانستییەوە، مەهاباد ناتوانێ دەوری سەنتەری لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێڕێو ببێتە ناوەندێک بۆ شکاک، (کورمانج) ئەردەڵان، کەلهوڕ، لوڕ، یارسانو کوردی شیعەو کوردی سوننە، بەڵام هەروەک باس کرا ئەم شارە پێگەیەکی گرنگی مێژوویی لە بزووتنەوەی کورددا هەیەو بەوەش ناسراوەتەوە. هەروەها پێگەیەکی ئابووری ئەوتۆی نییە، مەترسیی لەسەرە و هاوسنوورە لەگەڵ ئازەرییەکانو...، بە واتایەکی گشتی مەهاباد خاوەن پێگەیەکی مێژووییە، بەدەر لەمە، چ ئەوکاتو چ ئێستاش تایبەتمەندییەکانی شارێکی تێدا نییە کە بتوانێ ببێتە ناوەندیی سیستمێکی سیاسی.

## کاریگەرییە نێگەتیڤەکان

بە بۆنەوە کە کۆماری کوردستان لە ناوچەیەکی بووچکی چەند هەزار کەسیدا راگەیەندرا، بازنەی گەشەی هەستی نەتەوەییو ناسیۆنالیزمی کورد لە رۆژهەڵات زۆر سنووردار بووەو بە گوێرەی پێویست لە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمار گەشەی نەکردووە. بەو بۆنەوە کە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتدا بوو، زۆر جێ گلەیی نییە کە بێژین بۆ کۆمار لەو کاتەدا، پەلی نەهاویشتووەتە ناوچەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی کوردستانو یان بۆ لە سنە و کرماشان رانەگەیێندرا، چونکە ئەوکات ئەو هەلە نەرەخسابوو. دوای رووخانی رێژیمی شاو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەلێکی زێڕین بۆ حیزبی دیموکرات هەڵکەوت کە بتوانێ ئەم بازنەیە بەرینتر بکاتەوە و بگاتە قووڵایی ستراتیژێکی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام بەداخەوە لە ئەنجامی بڕیارێکی هەڵەدا حیزب ئەم هەلە لەکیس ئەداو تا ئێستاش ئاسەوارەکانی بەسەر پێگەی جەماوەریی حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات هەست پێدەکرێ.

مەهاباد شوێنێ لەدایکبوونی حیزبی دیموکراتو پایتەختی کۆماری کوردستان بووە، پێگەیەکی تایبەتی لە بزووتنەوەی کورددا هەبووە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو شارە لە چاو شارە بووچکەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر بناسرێ. هەروەها یەکەم سەرکۆماری کوردو پێشەوای حیزبی دیموکرات (قازی محەممەد) خەڵکی ئەو شارە بووەو لەوێش لە سێدارە دراوەو شەهید بووە. ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوە کە مەهاباد پێگەیەکی سیمبۆلیکو مێژوویی لە ناو کورددا هەبێ. سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییانە، مەهاباد لە رووی هەڵکەوتەیی جوگرافییەوە، پۆزیشنێکی باشی نییەو ناتوانێ دەوری سەنتەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بگێڕێ.

ئەگەر حیزبی دیموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی، یان یەکەم میتینگیی جەماوەری خۆی لە شارەکانی سنەو کرماشان راگەیاندبایە، ئێستا ئاستی گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردو هەستی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان پێگەیەکی دیکەی هەبوو. واتە ئەو سەرنجو ئینتیمایەی کە لەو ناوچانە (بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە کوردی شیعەن) بەرەو ناوەند (تاران)و لایەنە ریفۆرمیستەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەبووەو هەیە، هەڵدەگەڕایەوە بەرەو لای بزووتنەوەی کوردو حیزبی دیموکرات. حیزبی دیموکرات بەم هەڵەیە تواناو قورسایی بزووتنەوەی کوردی لە رۆژهەلات تا ڕادەیەکی زۆر دابەزاندو ئەمەش وایکرد، دوای چەند ساڵ بەرگریی چەکدارانە، دیسان بخرێتەوە دەرەوەی گۆڕەپانی سەرەکی خەبات. ئەگەر حیزب تووشی ئەم هەڵەیە نەبوایە، خستنە دەرەوەی لە سنوورەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئەستەم دبوو و رەنگە بەشێکی زۆر هاوکێشەکانی نێوان تارانو کوردستان، بە قازانجی کوردستان گۆڕانکاریی جیدی بەسەردا هاتبایە.

یەکێکی دیکە لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم بڕیارەی حیزب ئەوەیە کە ئەم بڕیارە، جۆرێک لە سنووربەندیی لە نێوان ناوچەکانی موکریان و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست کردووە کە خەڵکی ئەو ناوچانە لە چاو ناوچەکانی سەرەوە، کەمتر روویان لە پێشمەرگایەتیو ریزەکانی حیزبی دیموکرات کردووەو ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو سنووربەندییە ماوە. تەنانەت لە ناو ریزەکانی حیزبدا هەست پێدەکرێ و ئەمە لە جەناحبازیو ململانێیەکاندا رەنگی داوەتەوەو تا ئاستی ناوچەگەرایی چووەو زیانی زۆریشی بە حیزب گەیاندووە.

ئێستا زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ کە ئەگەر گۆڕانکارییەک لە رۆژهەڵاتی کوردستان روو بدا، مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە ناوچەکانی کرماشانو ئیلامو خوارتر بەرەو لای هێزە سەراسەرییەکانی بچنو لەدەستمان بچێ، یان کێشەی کەرکووکو ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی باشووری کوردستان بە جۆرێکی دی لەوێ دووبارە ببێتەوە. ئەگەر

حیزبی دیموکرات کاتی خۆی تووشی ئەم هەڵە مێژووییە نەهاتبایەو هەوڵی بۆ گۆڕینی واقیعەکە دابایە، ئەوا ئێستا ئەو مەترسییانە لە ئاردا نەبوون.

ئەم بڕیارە دواتر لە زۆر رووەوە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات داناوەو لە حیزبی دیموکراتدا خوێندنەوەو دابەشکاری هەڵەی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە. بۆ وێنە حیزبی دیموکرات هاتووە، رۆژهەڵاتی کوردستانی بەسەر سێ ناوچەی باکور، ناوەند و باشوور دابەش کردووە. ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، ورمێو... باکوری رۆژهەڵاتی کوردستان بوون. ناوچەکانی مەهاباد، سەردەشت، بۆکان، سەردەشتو... ناوەندیی رۆژهەلاتی کوردستان بوونو لە سەقزیش بەرەوە خوار (سێ پارێزگاو...) باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. ئەمە رەنگە بەرهەمی یەکێک لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بەڕێوەبردنی میتینگی ١١ی رەشەممە لە مەهاباد بووبێ.

## هۆکارەکانی ئەم هەڵەیە

ئەگەر لە روانگەیەکی گشتییەوە سەیری ئەم بڕیارە بکەین، بەو ئەنجامە دەگەین کە خوێندنەوەکە بۆ بارودۆخی ئەوکات دروست نەبووەو لە ئەنجامی ئەو خوێندەوەدا، حیزب تووشی هەڵە دەبێ، چونکە لەو روانگەیەوە خوێندەوەی بۆ بابەتەکە نەکردووە کە واقیعەکە بە قازانجی خۆی بگۆڕێ. بۆیە هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم بڕیارە هەڵەیە دەکرێ بەم شێوەیە دەست نیشان بکەین:

١- هەروەک ئاماژەی پێکرا، حیزبی دیموکرات لە مەهاباد لەدایکبووەو مەهاباد پایتەختی کۆماری کوردستان بووەو شاری پێشەوا قازی محەممەدو شوێنی لە سێدارەدانی پێشەواو هاوڕێیانی بووە. بۆیە بەشێوەی سیمبۆلیک ئەمە کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەوەی کە حیزبی دیموکرات میتینگی ١١ رەشەممە لە مەهاباد بەڕێوە بباو دوای سالانێک دابڕان، لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی رابگەیەنێ.

هەلێکی زێڕین بۆ حیزبی دیموکرات هەڵکەوت کە بتوانێ ئەم بازنەیە بەرینتر بکاتەوە و بگاتە قووڵایی ستراتیژیکی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەلام بەداخەوە لە ئەنجامی بڕیارێکی هەڵەدا حیزب ئەم هەلە لەکیس ئەداو تا ئێستاش ئاسەوارەکانی بەسەر پێگەی جەماوەریی حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات هەست

پێدەکرێ.

٢- حیزبی دیموکرات لە مەهاباد پێگەی جەماوەری بەهێزە بووە، لەڕووی ئەمنی و هەروەها ئاستی بەشداریی بەرینی جەماوەری خەڵک لە میتینگەکەدا، وا بە باش زانراوە کە حیزب لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی رابگەیەنێ. واتە لە مەهاباد بوارەکە لەبار بووە (٢)و هەوڵ بۆ ئەوە نەدراوە کە ئەو بوارە لە کرماشان و سنە بڕەخسێنن.

٣- کومیتەی زاگرۆس کە سەرەتا شەش کەس بوون (دواتر بوون بە ٧ کەس و دوای ئەویش ٨ کەس) و چەند مانگ پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بە نهێنی گەڕابوونەوە ناوخۆ، هەموویان خەڵکی ناوچەکانی موکریان و سەرەوەی رۆژهەلاتی کوردستان بوون. بێگومان ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەو بڕیارە، چونکە خەڵکی ناوچەکانی خوارەوەی رۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا بەشدار نەبوون و تەنانەت ئەو کەسانەش کە بۆ شاری سنە و کرماشان لەلایەن کومیتەی زاگرۆسە دەنێردرێنەوە خەڵکی موکریان بوون. ئەندامانی کومیتەی زاگرۆس بریتین لە: دوکتور قاسملوو بۆ تاران (خەڵکی ورمێ)، حەسەن شیوەسەڵێ بۆ ناوچەی ورمێ (خەڵکی سەردەشت)، سەید رەسووڵی دێهقان (بابی گەورە) بۆ ناوچەی نەغەدە و پیرانشار(خەڵکی پیرانشار)، عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ مەهاباد (خەڵکی سەردەشت)، ئەمیر قازی بۆ کرماشان (خەڵکی مەهاباد)، هاشم کەریمی بۆ سنە (خەڵکی بانە)، دواتر حەمەدەمین سیراجی دێتەوە و دەچێتە سەقز (خەڵکی مەهاباد)، دوای ئەویش سەلیم بابانزادە (خەڵکی بۆکان) لە دەرەوە هاتبووەوە بۆ بۆکان. بۆیە ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەوە کە مەهاباد وەک شوێنی بەڕێوەچوونی مێتینگەکە دیاری کراوە، هەبووە. (٣) (٤).

هەڵبژاردنی مەهاباد بۆ مێتینگی ١١ی رەشەممە و راگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب کارێکی زۆر هەڵە بووەو تا ئێستاش ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات و پێگەی جەماوەریی حیزبی دیموکرات لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەلاتی کوردستانو ناوخۆی حیزبی دیموکراتدا بەرچاوە، چونکە مەهاباد خاوەن ئەو تایبەتمەندییانە نەبووە کە بۆ ناوەندی سیاسی پێویستە، بۆیە حیزبی دیموکرات دەبوو لە جیاتیی مەهاباد، سنە یان کرماشانی هەڵبژاردبایە و زەمینەسازی پێویستی کردبایە و بارەگای سەرەکی لە یەکێک لەو دوو شارە دانابایە.

**کۆتایی**

بە پێی ئەو باسەی سەرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە هەڵبژاردنی مەهاباد بۆ مێتینگی ١١ی رەشەممە و راگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب کارێکی زۆر هەڵە بووەو تا ئێستاش ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات و پێگەی جەماوەریی حیزبی دیموکرات لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەلاتی کوردستانو ناوخۆی حیزبی دیموکراتدا بەرچاوە، چونکە مەهاباد خاوەن ئەو تایبەتمەندییانە نەبووە کە بۆ ناوەندی سیاسی پێویستە، بۆیە حیزبی دیموکرات دەبوو لە جیاتیی مەهاباد، سنە یان کرماشانی هەڵبژاردبایە و زەمینەسازی پێویستی کردبایە و بارەگای سەرەکی لە یەکێک لەو دوو شارە دانابایە.

دەبوو دکتۆر قاسملوو، لە باتی تاران، وەک کەسی یەکەمی حیزب چووبایەتەوە سنە یان کرماشان و لەوێ کاری کردبایە و بوارەکەی خۆش کردبایە. بەداخەوە ئەوکات ئەوەندە گرنگی بەم بابەتە نەدراوەو دوو کەس لەلایەن کومیتەی زاگرۆسە بۆ کرماشانو سنە دەنێردرێنەوە کە رەنگە بەهۆی هەلومەرجەکەوە، پێشتر قەت نەچووبێتنە سنە و کرماشانو شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو شارەو خەڵکی ئەو ناوچانە نەبووبێ. بە واتایاکی دیکە لە هەڵبژاردنی شوێنی مێتینگەکەدا، ئەوەندەی پێوەری ناوچەیی‌و سۆز و عاتیفە و پێگەی سیمبۆلیکی مەهاباد دەوریان هەبووە، ئەوەندە واقیعە جوگرافی‌و نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کاریگەرییان نەبووە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بێژین، لە ئەنجامی ئەم بڕیارەدا پڕۆسەی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی‌و ناسیونالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئاستی بەشداریی ئەو ناوچانە لە خەباتدا، چەند دەیە کەوتە دواوە. ئەگەر حیزبی دیموکرات بنکەی سەرەکی لە سنە یان کرماشان دانابایە، رەنگە هاوکێشەکان جۆرێکی دیکەیان لێ هاتبایەو چارەنووسی رۆژهەلاتی کوردستان جۆرێکی دیکە بوایە.

*سەرچاوە و پەراوێز:*

١- ویکی پیدیا

٢- گۆڤاری "دیپلۆماتیک، وتوویژ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ژمارە٨ ، ئابی ٢٠١٣
٣- ئەزموونی خەبات، وتوویژی هەیاس کاردۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، چ یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، ساڵی ٢٠١١
٤- کورتەی ژیانی سیاسیی رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئا: سەید رەزا درووودگەر، چ یەکەم، ساڵی ١٣٨٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٤

## سیاسەتی حیزبی دێموکرات و دانووستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی

لایەنەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بەگشتیو هەر دوو لای دێموکرات بەتایبەتی پێویستە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەنو ئەگەر بڕیار بێ دانووستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن، ئەوا دەبێ نوێنەرایەتییەکی هاوبەش پێکبێنن کە تەعبیر لە رۆژهەلاتی کوردستان بکا.

مادح ئەحمەدی: یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی حیزبی دێموکرات بۆ چارەسەری پرسی کورد، وتوویژە. حیزبی دێموکرات لە لای ئەوەدا کە بۆ چارەسەری ئاشیخوازانەی پرسی کورد، باوەڕی بە وتوویژ هەیە، هیچ کام لە شێوازەکانی خەباتیشی رەت نەکردۆتەوە.

هەروەک لە وتارو ئاخاوتنەکانی رێبەری مەزن "دوکتور قاسملوو"دا و هەروەها کاربەدەستانی دیکەی حیزبدا زۆر جار باس کراوە، حیزبی دێموکرات شێوازەکانی دیکەی خەباتی بۆ دروست کردنی گوشارو رەخساندنی هەلێک بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد بەکار هێناوە. بەواتایەکی دیکە دانوستانو چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، کۆڵەکەیەکی سیاسەتی حیزبی دێموکرات بووەو لەگەڵ ئەوەی حیزب مەرجو تێبینی خۆی هەبووە، لە هیچ قۆناغێکیشدا وتوویژی رەت نەکردووەتەوە. پێداگریی لەسەر ئەم سیاسەتە لۆژیکییە دەبێتە هۆی ئەوەی حیزب دێموکرات لە "شورای ملی مقاومت" بێتە دەرەوە. حیزبی دێموکرات لەم پێناوەدا ٢٥ ساڵ

لەمەوبەر لەسەر مێزی وتووێژ ڕێبەرێکی لێوەشاوەی وەک "دوکتور قاسملوو"ی لە دەست دا. دواتر حیزب بڕیاری دا کە دانووستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری پرسی کورد دەبێ ئاشکرا بێ و بە ئاوبژیوانی لایەنی سێیەم بێ.

ئەگەر لەم هەلومەرجەدا کەسێک، یان لایەنێک بیەوێ وتووێژ لەسەر لانی کەمی داخوازییەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکات و لە ئاکامدا نیمچە ڕێککەوتنێک دروست بێ!!!، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا تووشی چارەنووسی حیزبی "توده"و کەسانی سەر بەو حیزب دەبێ. بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا هەر چەشنە دانیشتنێک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی (هەر لایەنێک بیکا) بە زیانی خودی ئەو لایەنەو بزووتنەوەی کورد تەواو دەبێ و دەبێ مەحکووم بکرێ.

هەنووکە باسی دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاتووەتە ئاراوە. وردەکاریی ئەم بابەتە هیچ دیارە نییەو هێشتا بەفەرمی لایەنی پێوەندیدار ئەم بابەتەی پشت ڕاست نەکردۆتەوە. بەگشتی لەم کورتە نووسینەدا دەمەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەم کە ئایا لە ئێستادا دۆخی بزووتنەوەی کوردو حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەڵگری ئەوەیە کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەونە وتووێژەوە؟ هەروەها ئایا بۆ پاساودانی ئەم پرسە، دروستە هەلومەرجی ئێستا لەگەڵ سەردەمی دوکتور قاسملوو بەراوەرد بکەین؟ بەم پێیە، لە چەند خاڵدا هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر باسەکە:

١- هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وتووێژ نابێ و کۆماری ئیسلامی پێویستی بەوە نییە وتووێژ لەگەڵ هێزە کوردییەکان ئەو پارچەیە بکات. بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە پێچەوانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە کەوتووەتە دۆخێکەوە کە ناتوانێ وەک فاکتۆرێکی کاریگەر دەور بگێڕێ و سەرئێشەو نائەمنی بۆ کۆماری ئیسلامی دروست بکا. ئەم دۆخە کە دەتوانین ناوی "قۆناغی بێ هێزی" لەسەر دابنێین، دۆخێک نییە بۆ ئەوەی کە کەسێک، یان لایەنێک، یان دوو لایەن لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچن بکەونە دانووستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.

کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە ئێستادا بیەوێ وتووێژ لەگەڵ لایەنێک یان کەسێک بکا، بەدڵنیاییەوە لە مەبەستی خۆی دەگەڕێ و نایەوێ ئیمتیازێک بە کورد بدا، بۆیە هەڵەیەکی کوشندەیە (بۆ سواڵی موحیبەتی ئەملاو ئەولاو یان هەر مەبەستێکی دیکە) بکەویتە گەمەیەکەوە کە هەر لە سەرەتاوە دیارە کە دەیدۆڕێنی

٢. کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە ئێستادا بیەوێ وتوویژ لەگەڵ لایەنێک یان کەسێک بکا، بەدڵنیاییەوە لە مەبەستی خۆی دەگەڕێو نایەوێ ئیمتیازێک بە کورد بدا، بۆیە هەڵەیەکی کوشندەیە (بۆ سواڵی موحیبەتی ئەملاو ئەولاو یان هەر مەبەستێکی دیکە) بکەویتە گەمەیەکەوە کە هەر لە سەرەتاوە دیارە کە دەیدۆڕێنی.

٣. ئەولەویت بۆ هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ رێکخستنی ناو ماڵی خۆیان بێ، ئەوجار بیر لەوە بکەنەوە کە بە یەکگرتوویی مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن. لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتیو هەر دوو لای دێموکرات بەتایبەتی پێویستە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەنو ئەگەر بڕیار بێ دانووستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن، ئەوا دەبێ نوێنەرایەتییەکی هاوبەش پێکبێنن کە تەعبیر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکاو ئەو نوێنەرایەتییە هاوبەشە بەئاشکرا لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا دانیشتن بکا.

٤. پێویستە لانی کەم و لانی زۆر داخوازییەکانی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان (لەلایەن نوێنەرایەتییە هاوبەشەکەوە) پۆلێن بەندی بکرێ و دیار بێ لەسەر چ بنەمایەک و بۆ چی، دانوستان دەکەی.

دانوستانو چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆڵەکەیەکی سیاسەتی حیزبی دیموکرات بووەو لەگەڵ ئەوەی حیزب مەرج و تێبینی خۆی هەبووە، لە هیچ قۆناغێکیشدا وتووێژی رەت نەکردووەتەوە.

٥. لە ئێستادا هەر چەشنە وتووێژو دانیشتنێک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی (بەتەنیاو بەنهێنی) حیزبەکانی رۆژهەڵات لەیەکتری دوور دەخاتەوەو ئەمەش دژی پرۆسەی لێکنزیک بوونەوەی هێزەکانە. ئەگەر باوەڕێک بۆ لێکنزیک بوونەوەو یەکگرتوویی هەبێ، پێویستە هەموو لایەک بەرپرسیارانە مامەڵە بکەنو خۆیان لەو فاکتۆرانە بەدوور بگرن کە لایەنەکان لە یەکتری دوور دەخاتەوە.

٦. زۆر کەس بۆ پاساودانی هەڵەیەکی ئێستا، پەنا دەبەنە بەر ئەوە کە کاتی خۆی دوکتور قاسملووش دانیشتنی کردووەو لەسەر مێزی وتووێژ شەهید کراوە. سەنگەر گرتن لە پشت دوکتور قاسملووە بۆ پاساودانی هەڵەیەک، کارێکی باش نییە، چونکە ئێستا هەلومەرجەکە جیاوازە. ئەوکات شەڕی ئێرانو عێراق تازە کۆتایی پێهاتبوو، دوکتور قاسملوو نیگەرانی ئەوە بووە کە هاوکێشەکان بە زەرەری کورد بگۆڕدرێ بۆیە ئەو وتووێژەی کرد. لە لایەکی

دیکەوە ئەو کات کۆماری ئیسلامی بەهۆی شەڕەوە لەوپەڕی بێ هێزیدا بوو و حیزبی دێموکرات لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا بوو و هێز بوو و ڕێبەرێکی هەڵکەوتەی وەک دوکتور قاسملووی هەبوو. بە پێچەوانەوە ئێستا کۆماری ئیسلامی لەو پەڕی هێزدایە و حیزبی دێموکرات لەوپەڕی بێهێزی دایەو ڕێبەرێکی وەکوو دوکتور قاسملووشی نییە. بۆیە ناکرێ لە پشت دوکتور قاسملووەوە سەنگەر بگرینو هەڵەکان پاساو بدینو هەلومەرجەکەی ئەو کاتو ئێستا بەشێوەیەکە کە قەت ناکرێ لەگەڵ یەکتری بەراوەردی بکەین.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بێژم کە ئەوە مەرجگەلەی کە حیزبی دێموکرات بۆ وتووێژ باسی لێدەکات و بۆتە سیاسەتی ئەو حیزبە (وتووێژ بەئاشکرا و بە ناوبژیوانی لایەنی سێیەم بێ)، زۆر گونجاوەو پێویستە هەموو لایەک ئەو بنەماگەلە لەبەرچاو بگرێت. ئەگەر لەم هەلومەرجەدا کەسێک، یان لایەنێک بیەوێ وتووێژ لەسەر لانی کەمی داخوازییەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکاتو لە ئاکامدا نیمچە ڕێککەوتنێک دروست بێ!!!، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا تووشی چارەنووسی حیزبی "تودە"و کەسانی سەر بەو حیزب دەبێ. بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا هەر چەشنە دانیشتنێک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی (هەر لایەنێک بیکا) بە زیانی خودی ئەو لایەنەو بزووتنەوەی کورد تەواو دەبێو دەبێ مەحکووم بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٤

---

## فەلسەفەی دەسەڵاتدارێتیی سیاسی

**دەیڤید میلر**

**(بەشی یەکەم)**

ئەگەر یەکێک بپرسێ کە ئێمە ئەمڕۆکە چۆن خۆمان بەڕێوە دەبەین . چ بەرنامەیەکمان بۆ پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگادا هەیە . وەڵامی ئێمە دەبێ ئەوە بێ کە ئەمڕۆکە ئێمە لە لایەن دەوڵەتانەوە بەڕێوە دەچین کە

دەسەڵاتێکی بێ وێنەیان بۆ کاریگەری دانان لە سەر ژیانی ئێمە هەیە. دەوڵەتان هەم لە بەرابەر هەرچەشنە هێرشێکدا کە بکرێتە سەر گیانو ماڵمان دەمانپارێزنو هەم بە شێوازی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکاندا ڕێکمان دەخەنو هەم ئەو پێوەرانەش کە دەبنە هۆی ئەوەی ئێمە بژیوی ژیانمان دابین بکەین، لەگەڵ یەکتری پێوەندی دەگرین، سەفەر دەکەین، منداڵەکانمان گەورە دەکەینو چەند شتکی دیکە لەو بابەتە دیاری دەکەن. لە هەمان کاتدا دەوڵەتان کۆمەڵک خزمەتگوزاری بۆ ئێمە پێک دێنن. لە چاودێری تەندروستیو پەروەردەوە بگرە تا دەگاتە ڕێگاوبان، خانوبەرە، پارکەکان، مۆزەخانەکان، یاریگاکانو شتگەلێک لەو چەشنە. خراپمان نەوتووە کە ئەگەر بێژین ئەمڕۆ ئێمە ئافرێنراوی دەوڵەتانین. بێگومان هەموو دەوڵەتان لە ئاست جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکانەدا وەک یەک نین، بەڵام هیچ کەس پێی خۆش نیە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکدا بێ کە نەتوانێ ئەرکەکانی ڕا پەڕێنێ.

ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووی مرۆڤایەتییەوە چاو لە بابەتەکە بکەین، دەوڵەت دیاردەیەکی زۆر نوێیە. بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زیاتر لە پانتایەکی بچووکتردا بووە. لە کۆمەڵگا خێڵەکییەکاندا فەرمانڕوایی لە دەستی ڕیش سپییەکانی هۆزەکاندا بوو کە لە کۆبوونەوەکانیاندا هەر کێشەیەک لە نێوان ئەندامانی هۆزدا سەری هەڵدابایە چارەسەریان دەکرد، یان یاسای خێڵەکەیان شی دەکردەوە. کاتێک کۆمەڵگاگەلێگی دیکە لە پانتایەکی بەربڵاوتردا سەریان هەڵدا، بۆ وێنە چینی سەردەمی خانەدانی «هان» یان ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست، هێشتا شتێک کە پێی بوترێ دەوڵەت لە ئارادا نەبوو. سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی باڵا لە دەستی شا یان ئیمپراتۆردا بوو، بەڵام ئەوە گەروە پیاوانی خۆجێییو بەردەستەکانیان بوون کە کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵگایان بەڕێوە دەبرد. کاریگەری پاشاکانیش لە سەر ژیانی خەڵک زۆر سنووردارتر بوو، چونکە پاشاکان نە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئەوەندە لە نزیکەوە چاودێری خەڵک بکەن (ڕەنگە ئەمە بواری ئاینیی نەگرێتەوە)و نە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئەو داخوازیو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەتە نوێیەکان پێشکەشی خەڵکیان دەکرد، پێک بێنن. فەرمانڕەوایی سیاسی وەها تێکەڵی تانو پۆی کۆمەڵ ببوو کە کێشەی لە سەر نەدەکرا. باسی ئەوە دەکرا کە دەبێ دەسەڵات بە دەستی چ کەسێکەوە بێ (پاشاکان بە پێی چ مافێک دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە؟)و ئایا دەبێ ئەم دەسەڵاتە لە نێوان کەسانی جیاوازدا وەک: پاشاکانو پیاوانی ئاینیی، دابەش بکرێ یان نا؟

بەڵام سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن، سەرەتا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و دواتر دەکرێ بێژین لە هەموو شوێنەکانی جیهان، کێشەی فەرمانڕەوایی سیاسی لای فەیلەسووفانی سیاسی لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا کردە کێشەی

سەرەکی. دامەزراوەیەک سەری هەڵدابوو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد بە شێوازی جۆراوجۆر ژیانی خەڵک بەڕێوە ببات و ڕێوشوێنی بۆ دیاری بکا. ئەم بانگەشەیە چ پاساوێکی هەیە؟ لە چ هەلومەرجێکدا دەوڵەتان دەسەڵاتی سیاسی ڕەوایان هەیە . و ئایا لە بنەڕەتدا وەها هەلومەرجێک لە ئارادایە؟ ئێمە وەک هاووڵاتیانی ئاسایی تا چ ئاستێک لە سەرمانە پەیڕەوی لەو یاساو بڕیارانە بکەین کە دەوڵەتان پەسەندو دەری دەکەن. پێویستە ئێمە لە سەرەتادا وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییانە بدەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە بەشەکانی دواتردا زیاتر بچینە پێشەوەو پرسیاری ئەوە بکەین کە باشترین شێوەی دامەزرانی دەوڵەت چییە . پێکهاتەی حکوومەت دەبێ چ بێ . و چ سنوورگەلێک دەبێ بۆ دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی دابنرێ.

کاتێک دەڵێین فەرمانڕەوایی سیاسی لە دەستی دەوڵەت دایەو بەکاری دێنی مەبەستمان چیە؟ فەرمانڕەوایی سیاسی دوو لایەنی هەیە. لایەنێکی ئەوەیە کە خەڵک بە گشتی ڕەوایی دەدەن بە بڕیارەکانی، واتا قبووڵی دەکەن کە دەسەڵاتدار مافی ئەوەی هەیە پێیان بڵێ بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن. بۆ وێنە کاتێک خەڵک پەیڕەوی لە یاسا دەکەن، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیانوایە ئەو کەسەی یان ئەو لیژنەی ئەو یاسایەی دەرکردوە مافی خۆیەتی ئەو کارە ئەنجام بداو لە بەرانبەریشدا ئەرکی سەرشانی خەڵکە کە پەیڕەوی لە یاسا بکەن. لایەنێکی دیکەی فەرمانڕەوایی سیاسیی ئەوەیە ئەو کەسانەی کە سەرپێچی لە یاسا دەکەن، بەوە کە هەڕەشەی سزادانیان لێ بکرێ ناچارن ملکەچی یاسا بن . ئەوانەی یاسا پێشێل دەکەن دەستگیر دەکرێنو سزا دەدرێن. ئەم دوو لایەنەش تەواوکەری یەکترین. ئەگەر پەیڕەوی کردنی زۆرینەی خەڵک لە یاسا، زۆر جار بە بۆنەی ئەوەوە نەبێ کە باوەڕیان بە ڕەوایی یاسا هەیە، دەسەڵاتی سیاسی هەڵناسووڕێ: لە قۆناغی یەکەمدا پێویستمان بە کۆمەڵێک کەسە کە یاسا جێبەجێ بکەنو بێدەرەنگیش ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چ کەسێک یاسا لە سەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەکا؟ بەم شێوە ئەو کەسانەی کە لە ڕووی هەست بە بەرپرسیارەتییەوە پەیڕەوی لە یاسا دەکەن، بە زانینی ئەوەی کە ئەو کەسانەی یاسا پێشێل دەکەن سزا دەدرێن، زیاتر بەرەوە ئەوە پاڵدەنرێن کە پەیڕەوی لە یاسا بکەن. من دزی لە ماڵی دراوسێیەکەمان ناکەم چونکە ڕێز لە مافی خاوەنداریەتیی ئەو دەگرمو چاوەڕوانی ئەوەم هەیە کە ئەویش ڕێز لە مافی خاوەنداریەتیی من بگرێ، بەڵام ئەوەش دەزانم کە ئەگەر ئەو ڕێزی ئەم مافەی من نەگرێ، دەتوانم بەڕێوەبەرانی یاسا ئاگادار بکەمەوەو ماڵە دزراوەکەم وەربگرمەوە. کەواتە ئەو کەسانەی کە لە سەر ویستی خۆیان پەیڕەوی لە دەسەڵاتی سیاسی دەکەن، دەزانن کە لە بەرانبەر دەستدرێژی کەسانی ناڕاستدا پشتگیریان لێدەکرێ.

کەواتە فەرمانڕەوایی سیاسی بریتییە لە فەرمانڕەوایی تەواو و شوێنکەوتنی زۆرەملێ. فەرمانڕەوایی سیاسی تەنیا شتێکیی ڕەوا نیە، وەک دەسەڵاتدارێتیی پیری تەریقەتێک کە لایەنگرانی بە بێ هیچ زۆرێک ڕێنوێنییەکانی جێبەجێ دەکەن نیە، و وەک ئەو کاتەی کە پیاوێکی چەکدار بە زۆر پارەکەت لێوەردەگرێ، تەنیا فەرمان نیە، بەڵکوو تێکڵاوییەکە لە هەر دووکیان. پرسیارەکەی ئێمە هێشتا هەر لە جێی خۆی دایە. ئەویش ئەوەیە کە بۆ فەرمانڕەوایی سیاسیمان پێویستە؟ هەرچی بێ فەرمانڕەوایی سیاسیی بە تایبەتی ئەو کاتەی لە کۆنترۆڵی دامەزراوەیەکی بەهێزی وەک دەوڵەتی مۆدێرن دایە، بە پێچەوانەی ویستی خۆمان ناچارمان دەکات پەیڕەوی لە کۆمەڵێک یاساو ڕێسا بکەین کە ژمارەیەکیان (وەک ماڵیات/ باج) لە ڕووی دارییەوە زیانمان پێدەگەیێنن و ژمارەکیشیان ناچارمان دەکەن پەنا برینە بەر ئەنجامدانی کارگەلێک کە لە لایەنی ئەخلاقییەوە دژی ئەو کارانەین (وەک بەشداری لە جەگێکدا کە پێمان ناخۆشە). لە وەڵامی ئەو ئانارشیزمەی کە پێی وایە کۆمەڵگاکان بە بێ فەرمانڕەوایی سیاسی، دوور لە هەر چەشنە کێشەیەک خۆیان بەڕێوە دەبەنو دەوڵەت لە ناخی خۆیدا جیا لە کۆمەڵێک دامەزراوە کە دانوستان بە قازانجی دەسەڵاتدارەکان دەکەن، چمان بۆ وتن هەیە؟

لەم بەشەدا دەبێ بگەڕێمەوە سەر جێگرەوەکانی ئانارشیستیی دەوڵەت، بەڵام سەرەتا وەک کەسانی پێش خۆم دەمەوێ بۆ داکۆکی لە فەرمانڕەوایی سیاسی، داوا لە خوێنەر بکەم کە لای خۆی لێکی بداتەوە کە ژیان لە کۆمەڵگایەکی بە بێ دەوڵەتدا چۆناوچۆن دەبێ. واتە لە کۆمەڵگایەکدا کە تێیدا هیچ هەواڵێک لە بوونی پۆلیس، سوپا، سیستمی دادوەری، خزمەتگوزاری گشتییو بەشەکانی دیکەی دەوڵەت نیە. لەم حاڵەتەدا چ دەقەومێ؟

ڕەنگە بتوانین بەناوبانگترین بیرکردنەوەی خەیاڵی لەم بوارەدا لە «لڤیاتان»ی «تۆماس هۆبز» بدۆزینەوە کە ساڵی ١٦٥١ بڵاوی کردەوە. هۆبز لە پرۆسەی شەڕی ناوخۆی بریتانیا، ڕووخانی بەشێکی بچووکی دەسەڵاتی سیاسیی ئەزموون کردبوو و ئەو وێنەی کە لە مەڕ ژیان دەیخستە ڕوو بە تەواوەتی لێڵو نارۆون بوو. هۆبز دەبێژێ: «دۆخی سروشتی مرۆڤ» لە نەبوونی دەسەڵاتی سیاسیدا، ململانێیەکی دڕندانەیە لە سەر پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان. خەڵک بەردەوام لە ژێر سێبەری ترسی هێرشو دزیدا بەسەر دەبەن، بۆیە بەردەوام دنە دەدرێن بۆ ئەوە دەستی خۆیان بخەنە بەرەوە. دەرئەنجامی ئەم هەلومەرجە لە بەشێکی لڤیاتانی هۆبزدا (کە زۆر دەگێڕدرێتەوە) ئاوا کۆکراوەتەوە:

لە وەها هەلومەرجێکدا هیچ چەشنە هەلێک بۆ کارو چالاکی نیە، چونکە هیچ دڵنیاییەک بەرامبەر بە دەرئەنجامی وەها کار و چالاکییەک نیە. بۆیە لە ئاکامدا نە وەرزێری، نە گەمییەوانی، نە کاڵاکانو ئەو شمکگەلەی کە لە ڕێگای دەریاوە هاوردە دەکران، نە بیناگەلی گەورەو جێدار، نە ئامێری گواستنەوەی کەلوپەلی قورسو گران، نە زانستو مەعریفەیەک لەمەڕ گۆی زەوی، نە لێکدانەوە و ڕاپۆرتێک لەمەڕ مێژوو، نەهیچ چەشنە زانستو هونەرو ئەدەبیاتو یان کۆمەڵو ئەنجوومەنێک (هیچ کامیان مەیسر نابن)و لە هەمووش خراپتر ترسی بەردەوام و مەترسی مەرگێک کە توندوتیژی لێبکەوێتەوە (هەیە)، و ژیانی مرۆڤ لێک دابڕاو، هەژاریو نەدار، ناحەز، بێبەزەییانەوە و کورتە. (لڤیاتان، تۆماس هۆبز،)

دواتر دەبێژن هۆی ئەوە کە هۆبز گەیشتووەتە وەها ئەنجامێکی ڕەشبینانە، ئەوەیە کە هۆبز پێی وایە بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤەکان خۆویستو چاوچنۆکنو لە ئەنجامدا ئەگەر دەسەڵاتیی سیاسیی سنوورێکیان بۆ دیاری نەکا، تا ئەو جێگەی بۆیان دەلوێ هەوڵی وەدەست هێنانی بەشی زۆرتر دەدەن. بەڵام لەم تێگەیشتنە لە بۆچوونەکانی هۆبزدا، ئەو خاڵە واقیعیەی کە مەبەستییەتی لە بەرچاو نەدەگیردرا. هۆبز پێی وایە لە نەبوونی متمانەدا، هاوئاهەنگیی نێوان مرۆڤەکان ئەستەمەو ئەگەر دەسەڵاتێکی سەرووتر بۆ جێبەجێ کردنی یاساکان نەبێ، متمانە چێ نابێ. ئەو شتگەلەی کە بە وتەی هۆبز لە «دۆخی سروشتی»دا بوونیان نیە، لە چاو ئەو شتگەلەی کە دروست بوونیان پێویستی بەوەیە کە کۆمەڵێک مرۆڤ پێکەوە هەوڵی بۆ دەدەنو چاوەڕوانیان ئەوەیە کە خەڵکی دیکەش بەشداری تێدا بکەن فراوانتر و لە پێشەوەترن. ئێستا لە نەبوونی دەسەڵاتی سیاسیدا بۆ جێبەجێ بوونی ئەم چاوەڕوانییە چ دەستەبەرێک هەیە. وای دابنێین من لە تەک کەسێکدا گفتو بەڵێن بە یەکتری دەدەین. ئەگەر یاسایەک بۆ جێبەجێ کردنی ئەو گفتو بەڵێنانە نەبێ، بۆ دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بم کە لایەنی بەرامبەرم گفت و بەڵێنەکەمان بباتە سەرو تەنانەت ئەگەر ئەو بیەوێ پابەند بێ بە بەڵێنەکەوە، ڕەنگە بەهەمان شێوە لەمەڕ من بیر بکاتەوەو بەو ئەنجام بگا کە لە بەرامبەر بردنەسەری بەڵێنەکەدا، ئەگەری ئەوەی زیانبار بێ زۆرە. هۆبز پێ وایە لە وەها هەلومەرجێکدا تەواو ئاوەزمەندانەیە کە خراپترین دۆخ لە بەرچاو بگری و بۆ پاراستنی گیانی خۆت دەست بۆ هەر کارێک بەری. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ تۆ لە چاو خەڵکی دیکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆت بدەی بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵاتی زیاتر. لە ڕاستیدا ئەم ترسە بەرامبەر بە خەڵکی دیکە بەرهەمی بێمتمانەییە کە ژیان بە بێ دەسەڵاتی سیاسی ئەکاتە «شەڕی بەردەوامی هەر تاکێک لەگەڵ دراوسێیەکەی».

گەلۆ ڕەشبینییەکانی هۆبز بەجێین؟ ڕخنەگرانی هۆبز پێیان وایە کە ئەگەر سەیرێکی دەورووبەری خۆمان بکەین

نموونەگەلێک دەبینین کە خەڵک متمانەیان بە یەکدی هەیە، هاوکاری یەکتری دەکەن و تەنانەت بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک یارمەتی یەکتری دەدەن، ئەمەش لەکاتێکدا کە نە دەوڵەتو نە دامەزراوەکانی هیچ چەشنە دەستێوەردانێک ناکەن. بۆ وێنە ڕەنگە چەند دراوسێیەک بڕیار بدەن کە یاریگای وێرانەکەی گەڕەکەکەیان نۆژەن بکەنەوە. ئەوان گرووپێک پێکدێنن‌و کارەکان دابەش دەکەن. بە بێ ئەوەی پێویست بە گرێبەستێکی یاسایی یا هەر چەشنە زۆرێک بکا، هەرکەس لە لایەن خۆیەوە دڵنیایە کە ئەوانی دیکە کە کارێکیان لە ئەستۆ دایە، جێبەجێ دەکەن. سروشتی مرۆڤ بەو شێوەیە نییە کە هۆبز باسی دەکا. بەڵام لەم بەڵگە هێنانەوەیەدا خاڵی سەرەکی لەبیر کراوە. ڕاستە کە هۆبز بەرامبەر بە سروشتی مرۆڤ تا ڕادەیەک نەرێنیانە بیری دەکردەوە (جارێک هۆبز- یان لە کاتی یارمەتی کردنی گەدایەکدا بینی، ئەو ڕوونی کردەوە کە بە بینی ئەو گەدایە خەمبار بووە و دەیەوێ بەو یارمەتییە خەمی خۆی کەم بکاتەوە)، بەڵام قسەی ئەو ئەوەیە کە لە کەشێکی پڕ ترسدا کە بەرهەمی رووخانی دەسەڵاتیی سیاسییە، دیوی دلۆڤانتر و متمانەدارتر بوونی سروشتی مرۆڤ نامێنێ. بە سەرنجدان بەو شتانەی کە ئێمە لەمەڕ هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە شەڕە ناوخۆییەکانو یان لە هەر کاتێکی دیکەدا کە مانەوەیان کەوتبێتە مەترسییەوە بینیومانە، وا دیار هۆبز ڕاست دەکا.

سەرچاوە:

میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی،چاپ دوم، سال ۱۳۹۰

لە ژمارە ٦٣٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠١٤

--------------------------

## فەلسەفەی دەسەڵاتدارێتیی سیاسی

(بەشی دووهەم)

ئانارشیستەکان پێیان وایە ئەم کارە سەر دەگرێ‌و سەرەڕای ئەوەی ئانارشیستەکان بەردەوام کەمینە بوون، ئێمە

دەبێ گوێیان لێ بگرین: ئێمە وەک فەیلەسوفانی سیاسی ئەرکمان ئەوەیە کە دەسەڵاتی باو بخەینە بەردەم تاقی کردنەوەوە، کەواتە ناتوانین دەسەڵاتی سیاسیی بە بێ لێکدانەوەی ئەو جێگرەوانەی کە لە ئارادان، سەلمێنراو لە قەڵەم بدەین. لێرەدا دەتوانین دوو ڕێگای جیاواز هەڵبژێرین: خودی ئانارشیستەکانیش دەبنە دوو گرووپی تەواو لێک جیاواز. گرووپێکیان بەرەو لای کۆمەڵەکان دەچن و ئەوی دیکەشیان بەرەو لای بازار.

جێگرەوەی کۆمەڵەخوازانی دەسەڵاتیی سیاسی، ئەو کۆمەڵانەیە کە ئەندامەکانیان ڕاستەوخۆ پێوەندییان پێکەوە هەیە. ئەم کۆمەڵانە بۆ دروست کردنی متمانە لە نێوان تاکەکاندا بنەڕەتیترین تۆخمن‌و دەبنە هۆی سەرگرتنی هاوکارییەکانی نێوانیان. لە کۆمەڵەیەکی بچووکدا کە خەڵکەکەی هەموو ڕۆژێک لەگەڵ یەکتری بەرەوڕوو دەبنەوە و هەمووان ئەندامانی کۆمەڵەکە دەناسن و دەزانن کێگەلیش ئەندام نین، پاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک ئاسانە. هەر کەسێک هێرش بکاتە سەر کەسێکی دیکە، دەست بە سەر ماڵ و سامانی خەڵکی دیکەدا بگرێ، یان ئەو کارانەی کە ئەرکیەتیی‌و لە کۆمەڵەکەدا بەو سپێراوە ئەنجام نەدات، لەگەڵ سزای دیاری کراو بەرەوڕوو دەبێتەوە. چۆنکە هەواڵی هەڵسووکەوتە نەشیاوەکانی بڵاو دەبێتەوەو خەڵکی دیکە لۆمەی دەکەن و ڕەنگە لە داهاتووشدا کاری لەگەڵ نەکەن. لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەکەدا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ‌و ڕەنگە داوی لێبکەن کە کۆمەڵەکەیان بەجێ بهێڵێ. هەموو ئەمانە بە بێ ئەوەی تاکی خراپەکار ناچار بە ئەنجامدانی کارێک بکرێ، دەتوانێ ڕووبدا. یا بە شێوەیەکی فەرمی سزاش بدرێ . لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئێمە دەتوانین کۆمەڵەخوازی وەک جێگرەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەقەڵەم بدەین، نەک شێوازێک لە کۆمەڵەگەرایی. یەکێک لە گرنگترین حەزەکانی مرۆڤ، ئەوەیە کە حەزی لێیە قبووڵ بکرێ‌و لە لایەن دەورووبەرەکەیەوە ڕێزی لێ بگیردرێ. تەنانەت سەرەڕای ئەوە کە مرۆڤەکان بێ تاوان و پاک نین ئەم حەزە دەبێتە هۆی ئەوەی لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی بچووکدا هاوکاری بکەن.

ئانارشیستە کۆمەڵەخوازەکان پێیان وایە لە کۆمەڵگایەکدا کە هەڵقوڵاوی ئەم جۆرە کۆمەڵانە بێ، لە پانتایەکی بەربڵاوتردا هەلی هاوکاری دەڕەخسێ. لە بنەڕەتدا کۆمەڵەکان لەگەڵ یەکتری ڕێک دەکەون کە خزمەتگوزارییەکانیان بگۆڕنەوە - بۆ وێنە ڕەنگە هەر کامیان لە بەرهەمهێنانی کاڵا جیاوازەکاندا شارەزایی پەیدا بکەن - و لەو پرۆژانەدا کە ڕەهەندێکی گەورەتریان، وەک دامەزراندنی سیستمی گواستنەوە و یان گەیاندن، لەگەڵ یەکدی هاوکاری بکەن. هەموو کۆمەڵەیەک قازانجی لەوەدایە کە بەشداری لەم ڕێککەوتنانەدا بکا و ئەگەر کۆمەڵێک ڕێککەوتنەکە بەڕێوە نەبا و دەربکەوێ کە جێ متمانە نییە، سزاکەی ئەوەیە کە لە داهاتوودا لە

هاوکاری کۆمەڵەکانی دیکە بێ بەش دەبێ. کەواتە لێرەدا دەسەڵاتێکی ناوەندیی بۆ ئەوەی بە هەموو لایەک ڕابگەیەنێ کە چ بکەن، پێویست ناکا و پێویستیش نییە لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە کۆمەڵەکان ناچار بکرێن هاوکاری یەکدی بکەن ـ خودی سیستمەکە لە ڕووی کارامەییەوە کارەکانی رایی دەکا و ڕێوشوێنیان بۆ دادەنێ.

کێشەی ئەم وێنە جوانە کە بە نیسبەت ژیانی بێ دەوڵەتەوە پێشکەش دەکرێ، لە چی دایە؟ لێرەدا کێشەی گەورە ئەوەیە کە ئەم وێنەیە لە سەر ئەو کۆمەڵە بچووکە لێک ئاڵاوانەی کە بنەمای سەقامگیری کۆمەڵایەتین، دانراوە. ئەگەرچی لە رابردوودا گریمانەی بوونی ئەم کۆمەڵانە لۆژیکی بوو، بەڵام ئەمڕۆ چیتر بەو شێوەیە نییە. ئێمە لە کۆمەڵگاگەلێکدا دەژین کە زۆر بزۆکن، چ بەو واتایە کە تاکەکان بە ئاسانی شوێنگۆڕکێ دەکەن و چ بەو واتایە کە تاکێک هەمیشە تاکگەلێکی نوێ بۆ یارمەتیدانو هەروەها بەداخەوە بۆ کڵاو لەسەرنان، دەدۆزێتەوە. ئەم وێنە ئانارشیستییە بێ مانا نییە، بەڵام تەنیا بەو مەرجە چارەسەرە کە ئێمە لە ماوەی زەمەندا لەگەڵ گرووپێکی دیاری کراوە کار بکەینو بەم پێیە شێوەی هەڵسوکەوتی ئێمە لە ناو گرووپەکەدا چوارچێوەو تێگەیشتنی هاوبەشی لێ بکەوێتەوە. پێش مەرجێکی دیکەی ئەم وێنەیە ئەوەیە کە ئەگەری دورخستنەوە لە گرووپەکە ببێتە کۆسپێکی بەهێز لە بەرابەر هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵاتیی دا. بەڵام ئەم مەرجە لە کۆمەڵگایەکی بەربڵاوی بزۆکدا نایێتە دی. بەم پێیە ئێمە پێویستمان بە سیستمێکی دادوەرییە بۆ ئەوەی ئەوانەی زیان بە ئەوانی دی دەگەێنن چاودێری و دەستگیر بکاو دواتر سزایان بدا. پێک هێنانی ئەم سیستمە دادوەرییە ئەو هەلەمان بۆ دەڕەخسێنێ کە گرێبەستگەلێکی پێویست لەگەڵ یەکدی ببەستین کە لادان لەو گرێبەستانە ببێتە هۆی سزادانمان.

هاوکاری نێوان کۆمەڵەکان بەو شێوە کە ئانارشیستەکان باسی دەکەن بێ کەموکوڕی نییە. چونکە ئەمەگداریێتی بەرامبەر بە کۆمەڵەکەت، بە گشتی بێ متمانەیی بەرامبەر بە ئەوانی دی لێدەکەوێتەوە و هەر ئەم هەستە دەتوانێ هەموو ڕێککەوتنەکان هەڵبوەشێنێتەوە. چونکە ئێمە ـ کە لایەنێکی ڕێککەوتنەکەین - ناتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ئێوە ـ کە لایەنی دیکەی ڕێککەوتنەکەن - لە پرۆژەیەکەدا کە بە هاوبەش کاری لە سەر دەکەین، نیوە بە نیوە ئەنجامی بدەن. تەنانەت ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە ڕێککەوتنێک لەمەڕ ویستەکانی دادپەروەری لە نێوانماندا نەبێ. وای دابنێن کە دەمانەوێ لە نەبوونی دەسەڵاتدارێکی ناوەندیی‌دا، رایەڵەیەکی ڕێگای ئاسن لە ئاستی سەراسەری‌دا دروست بکەین. هەر کۆمەڵەیەک دەبێ تا چ رادەیەک سەرچاوە پێویستەکان دابین بکا؟ ئایا هەر کۆمەڵەیەک دەبێ بە پێی ڕێژەی جەماوەرەکەی سەرمایە دابنێ، یان کۆمەڵە دەوڵەمەندەکان دەبێ بە پێی ماڵو سامانیان بەشی زیاتر بدەن؟ ئەگەر کۆمەڵەکەی من لە ناوچەیەکی دوورە دەست بێ کە راکێشانی ڕێگای ئاسن بۆ ئەوێ تێچوویەکی

زۆر زیاتری بوێ، ئایا کۆمەڵەکەم دەبێ بە تەنیا ئەو تێچوویە بدا، یان نا ئەم تێچوویە دەبێ وەک یەک لە نێوان کۆمەڵەکاندا دابەش بکرێ؟ وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە ئامادە نین، و هیچ هۆکارێکیش بۆ ئەوە کە پێمان وابێ کۆمەڵە ناوچەییەکان دەتوانن لەمەڕ ئەم بابەتگەلە بگەنە ڕێککەوتنێکی خۆویستانە، نییە. لە بەرامبەردا دەوڵەت دەتوانێ ڕێگا چارەیەک بسەپێنێ: دەوڵەت دەتوانێ، بۆ وێنە بە وەرگرتنی باج، هەر تاکێکو یان کۆمەڵەیەک ناچار بکا کە بڕێکی دیاری کراو لە تێچووەکان بدا.

ئێستا وەرن با جێگرەوەیەکی ئانارشیستی دیکە بۆ فەرمانڕەوایی سیاسی لێکبدەینەوە. جێگرەوەیەک کە لە سەر بنەمای بازاڕی ئابووری دانراوە. بێگومان ئەم جێگرەوەیە لەگەڵ دونیای مۆدێڕن باشتر دەسازێ، چونکە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک لە لای یەکتر کار بکەن، بازاڕ باشترین ئامێرەو ئەمەش لە ساڵانی ڕابردوودا دەرکەوتووە. لە ئێستادا زۆربەی شمەک و خزمەتگوزارییە پێویستەکانی ئێمە بازاڕ پێکی دێنێ. بەڵام ئایا بازاڕ دەتوانێ جێگرەوەی دەوڵەت بێ؟

ئەو ئاناراشیستانەی کە لایەنگری بازاڕن - کە جاروبار لیبرتێریەن (Libertarian) (لایەنگرانی ئازادی تاک)یان پێ دەوترێ - ئێژن ئێمە دەتوانین بۆ وەرگرتنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەت پێشکەشی دەکا، وەک تاک گرێبەست ببەستینو تێچووەکەشی بۆ خۆمان بیدەین. گرنگترینی ئەو خزمەتگوزارییانەش، پارێزگاری کردنە لە گیانو ماڵ و سامانی تاکەکان. لە نەبوونی دەوڵەتدا کۆمەڵێک کۆمپیا دادەمەزرێن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کڕیارەکانو ماڵو سامانیان بکەن. بەم پێیە وەرگرتنەوەی ماڵو سامانی دزراو، جێبەجێ کردنی گرێبەستەکان، وەرگرتن غەرامە لە بەرابەر ئەو زیانەی کە تاک بەری کەوتووە، لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیاگەلە دایە. کەواتە ئەگەر دراوسێیەکەم شتێکی من بدزێ، بە جێی ئەوەی پێوەندی بە پۆلیس (دەوڵەتی) ـەوە بکەم، پێوەندی بە جێبەجێکارەکەی خۆمەوە دەکەم و ئەویش لە لایەن منەوە دژی دراوسێیە دزەکەم ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر.

بەڵام ئەگەر دراوسێیەکەی من ڕەتی بکاتەوە کە دزی کردووە جێبەجێکارەکەی خۆی (کە ڕەنگە لەگەڵ جێبەجێکارەکەی من جیاواز بێ) ئاگادار بکاتەوە، چ ڕوو دەدات؟ لیبرتێریەنەکان دەڵێن ئەگەر دوو جێبەجێکار نەتوانن ڕێک بکەون، پە نا دەبنە بەر بڕیارێک کە ئەویش بۆ ئەو کارەی کە کردویانە هیچ پاداشتێک وەرناگرن. هەر چی بێ هیچ کام لە جێبەجێکارەکان قازانجیان لەوەدا نییە کە بکەونە کێشەوە لەگەڵ یەکتری. بەم پێیە بازاڕێکی سەرەتایی بۆ خزمەتگوزاری پارێزگاری کردنو بازارێکی دیکەش بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییەکان هەیە -

مەگەر ئەوە کە هەمووان لەگەڵ یەک جێبەجێکار رێک بکەون (بەڵام بۆ دەبێ وا بێ؟). ئەو خزمەتگوزارییانەی دیکەش کە دەوڵەت پێشکەشی دەکات دەکەوێتە ئەستۆی بازاڕیش - تاکەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی دڵنیایی تەندروستی گرێبەست واژۆ دەکەن، بۆ خوێندنی منداڵەکانیان پارە دەدەن، بۆ سەفەر بە جادەکاندا باج دەدەن، و ... هتد.

بەڕاستی ئایا ئەم سیستمە فەرمانڕەوایی سیاسی لە ناو دەبات؟ کۆمپانیاکانی پارێزگاری کردن بۆ بەرگریکردن لە خوازیارەکانیان پێویستیان بەوەیە لە زۆر کەڵک وەربگرن. ئەگەر دراوسێیەکەی من ئەو ماڵو سامانەی کە بەهەق سەلمێنراوە هی منە، نەیگەڕێنێتەوە، ئەو کات جێبەجێکارەکەی من ئایا پیاوە بەهێزەکانی دەنێرێ بۆ ئەوەی ماڵو سامانەکەمی لێ وەربگرێتەوە. بەڵام هێشتا دەسەڵاتدارێتیی بە مانای واقیعی وشە لە گۆڕێدا نییە، چونکە دراوسێیەکەی من لە سەری نییە جێبەجێکارەکەم بە فەرمی بناسێ - ئەو هەمیشە دەتوانێ لە بەرابەردا وەک خۆی ئەنجام بداتەوە - و منیش ئەگەر لە کردەوەکانی جێبەجێکارەکەم رازی نەبم، دەتوانم گرێبەست لەگەڵ جێبەجێکارێکی دیکە واژۆ بکەم. لە راستیدا ئەمە جێگرەوەیەکی ئانارشیستییە بۆ دەوڵەت. بەڵام ئایا ئەمە جێگرەوەیەکی باشە؟

ئەو گریمانەیە کە جێبەجێکارە جیاوازەکان بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە دارییەکان و کێشەکانی دیکەی نێوان خوازیارەکانیان لە یەک رێسا پەیڕەوی بکەن و لەکاتی ناکۆکیدا هەموویان ملکەچی بڕیاری دادوەری سەربەخۆ بن، گریمانەیەکی سەرنج راکێشە. بەڵام بۆ دەبێ ئەوان وا بکەن؟ رەنگە جێبەجێکارێک بەو هیوایە کە خوازیاری زیاتر بۆ خۆی بەدەست بێنێ، بەڵێنی ئەوە بە خەڵک بدات کە لە هەموو دۆخێکدا شەڕیان بۆ دەکا . تەنانەت ئەگەر بە پێی ئەو پێوەرانەش کە زۆرینەی خەڵک پەسەندیان کردوە، داوای خوازیارەکانیان رەوا نەبێ. ئەگەر چەند کەس لەم جێبەجێکارانە بچنە ناو بازاڕەکەوە، ئەوانی دیکەش ناچار دەبن بە هەمان شێوە کۆمەڵێک رێگای هێرشبەرانە بگرنە بەر. واتە جێبەجێکارەکان بۆ چارەسەکردنی ناکۆکییە روو لە زیاد بوونەکانی خۆیان پەنا دەبەنە بەر زۆری فیزیکی. لێرەدا ئەو مەترسییەش لە سەر خەڵکی ئاسایی هەیە کە لە ناو کێشەکەدا گیر بکەن. بەم جۆرە وردە وردە دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو دۆخەی کە هۆبز باسی دەکرد:» جەنگ، ئەو شوێنەی کە هەر مرۆڤێک دوژمنی ئەوی دیکەیە». لە وەها دۆخێکدا تەنیا هەڵبژاردنیی ئاوەزمەندانەی هەر تاکێک ئەوەیە کە لەگەڵ جێبەجێکارێک رێک بکەون کە ئەگەری سەرکەوتنی زیاتری لە شەڕەکاندا هەیە. بەڵام ئاکامەکەی ئافراندنی تاکێک (یان لێژنەیەک)ـە کە دەسەڵاتو هێزی ئەوەی هەیە کۆمەڵە یاسایەک بسەپێنێ بە سەر تاکەکاندا . بە واتایەکی دیکە ئێمە

(نەخوازراو) دیسان دەوڵەتمان ئافراندوە.

پشت بەستن بە بازاڕ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کردارانەی کە دەوڵەت لە ئێستادا لە ئەستۆیە، کێشەی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. یەکێک لەو کردەوانە ڕێخۆش کردنو ئامادە کردنی ئەو شتانەیە کە «ویستی گشتی» ( Public goods)یان پێ دەوترێ - کۆمەڵە قازانجێک کە هەمووان سوودی لێوەردەگرنو ناتوانرێ کەسی لێ بێ بەش بکرێ. ئەم قازانجانە جۆراوجۆرن - بۆ وێنە هەوا و ئاوی خاوێن، بەرگری لە بەرامبەر دەستدرێژی دەرکیدا، دەست ڕاگەیشتن بە ڕێگاو بان، پارکەکان، کەوپەلی کەلتووری، میدیاکان و کۆڵێک شتی لەو بابەتە. ئەم داواکارییانە یان بە سەپاندنی کۆمەڵێک سنوور بە سەر تاکەکان دا دابین دەکرێ - بۆ وێنە کاتێک حکوومەتەکان داوا لە کارخانەدارەکان دەکەن کە ڕێژەی بڵاوبوونەوە گازە ژەهراوییەکان لە هەوا کۆنترۆڵ بکەن - یان بە زیاد کردنی باج و کەڵک وەرگرتن لەم داهاتە بۆ دابین کردنی تێچووی میدیا گشتییەکان، سیستمی گواستنەوە، پاراستنی ژینگە و شتی لەو بابەتە. ئایا دەرەتانی ئەوە هەیە کە ئەم داواکارییانە لە بازاڕی ئابووریشدا جێبەجێ بکرێ؟ کاری بازاڕ لە سەر ئەو بنەمایە راوەستاوە کە خەڵک لە بەرابەر کاڵاکان (داواکارییەکانیان)و سەرجەم ئەو خزمەتگوازییانەی کە کەڵکی لێوەردەگرن، پارە دەدەن. لەمەڕ داوکارییە گشتییەکان کێشەکە راست ئەوەیە کە ئەم دواکارییانە بۆ هەر تاکێک، چ پارەی بۆ بداو چ پارە نەدا، دابین کراون. دیارە بە پێی تێگەیشتنی تاکەکان لە بایەخی ئەو داواکارییانەی کە بۆیان پێک هاتووە، دەکرێ خۆویستانە بەشداری لە دابین کردنی تێچووەکانیاندا بکەن: نۆژەن کردنەوەی کلیسا کۆنەکان کە تێچووی زۆری دەوێ، تا ئاستێک چاویان لە دەستی ئەو کەسانەی کە سەردانی کلیسا دەکەن و چێژ لە سەردانەکەیان وەردەگرن و دواتر رەنگە پارەیەک بخەنە ناو سندوقی لای دەرگاکەوە. بەڵام مفتەخۆری مرۆڤ بەدخو دەکا و زۆربەی حزمەتگوزاییە گشتییەکان بە شێوەیەکن کە بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، کەڵکیان لێ وەردەگرین (بۆ وێنە کاتێک بەیانیان لە خەوە هەڵدەستین، قەت بیر لەوە ناکەینەوە کە هەڵمژینی هەوای خاوێن و دوور بوون لە هێرشی دەرکی چ نیعمەتێکە: وەک ئەوە وایە کە ئەو شتانە هەن و دەبێ هەبن، تەنیا کاتێک دەزانین کە وا نییە کە کێشە لە شوێنێک دروست ببێ). بەم پێیە بەو ئەنجامە دەگەین کە بۆ دڵنیا بوون لە دابین کردنی ئەو خزمەتگوزاییانە، دەسەڵاتێکی سیاسیی بەهێزمان پێویستە.

لە ژمارە ٦٣٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٤

# فەلسەفەی دەسەڵاتدارێتیی سیاسی

**(بەشی سێیەم و کۆتایی)**

**ڕەنگە پێتان وابێ کە پێش ئەمە و بە نیشان دانی ئەوە کە بۆ دەسەڵاتدارێتی سیاسیمان پێویستە، وەڵامی ئەم پرسیارەشمان داوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا لە نێوان ئەوەدا کە دەوڵەتی بەریتانیا مافی جێبەجێ کردنی یاسا و وەرگرتنی باجی هەیە و ئەوە کە من وەک خۆم پێم وابێ لە سەرمە ملکەچی ئەو یاسا و ڕێساگەلە بم و باجەکەشم بدەم، هێشتا مەودایەک هەیە. مل نەدانی من لە بەرابەر یاسادا نابێتە هۆی ڕوخانی حکوومەت و یان نابێتە کۆسپێکی جیددی لە بەردەم دابین کردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی دا. سەرجەم دەوڵەتان تا ئاستێکی دیار توانای ئەوەیان هەیە ڕێگا لە پێشێل کردنی یاسا و باج نەدان بگرن. ئەگەر من تەنیا دەرکەوتەکانی کردەوەکەم لە بەرچاوە بگرم، ڕەنگە بەو ئەنجام بگەم کە پێشێل کردنی یاسا قازانجی زیاتری تێدایە - بۆ وێنە خۆم بە دەروازەی بینایەکی کۆنەوە کە بەرپرسانی ناوچەکە دەیانەوێ تێکی بدەن ببەستمەوە و ڕێگا لە بۆڵدێزرەکان بگرم - یان ئەو باجەی کە دەبێ بیدەم بە دەوڵەت، بیخەمە حیسابی «ئاکسفام»(Oxfam)ـەوە. (ئاکسفام ناوی یەکێک لە گەورەترین گرووپە نێودەوڵەتییەکانی یارمەتیدانە. ئەم گرووپە ساڵی ١٩٤٢ دامەزراوە و بۆ بنەبڕ کردنی هەژاری، برسێتیی و نادادوەری کار دەکا و لە ١٥ ڕێکخراو و ٩٨ دەوڵەت پێک هاتووە. ئەم دامەزراوەیە ساڵی ١٩٤٢ لە زانستگای ئۆکسفۆرد دا لە چوارچێوەی کومیتەیەکی فریاکەوتن دا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قات و قڕی لە لایەن چالاکوانانی کۆمەڵایەتی و خوێندکاران و مامۆستایانی ئۆکسفۆردەوە دامەزرا و لە ساڵی ١٩٦٣دا یەکەم لقەکانی لە کەنەدا کرایەوە.. و) باشە، کەواتە بۆ دەبێ ملکەچی یاسا بم؟**

**بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێمان وایە ئەگەر وا نەکەین، ئەوا ڕووبەڕووی غەرامە و سزا دەبینەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا لەمەڕ پەیڕەوی کردن لە یاسا، بە دوای هۆیەکی بنەڕەتیتردا دەگەڕێن. ژمارەیەک لە فەیلەسووفانی سیاسی پێیان وایە ئەم کێشەیە چارەسەر ناکرێ. ئەوان پێیان وایە کە ئێمە کاتێک ملکەچی یاسا دەبین کە چەند هۆکاری تایبەتمان بۆ ئەو کارە هەبێ. واتە کۆمەڵێک هۆکار کە جیا بێ لەوە کە ئەو یاسایە لە لایەن دەسەڵاتێکی ڕەواوە دەر کراوە. بەڵام ژمارەیەکی دیکە هەوڵیان داوە کۆمەڵێک ڕێگا چارەی ئەرێنی**

پێشکەش بکەن . لە راستیدا ئەو رێگا چارانە ئەوەندە فرەن کە ناکرێ لێرەدا باسی هەموویان بکەین. من تەنیا باسی دوو دانەیان دەکەم، یەکەمیان بەوە بۆنەوە کە بە درێژایی مێژوو زۆرترین لایەنگری هەبووە و دووەم دانەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بۆ خۆم پێم وایە رێگا چارەیەکی دروستە.

رێگا چارەی یەکەم باسی ئەوە دەکا کە ئێمە لە سەرمانە ملکەچی یاسا بین، چونکە قبووڵمان کردوە و رازی بووین کە وا بێ. روونە کە بۆ ئەم بۆچوونە سەرنج راکێشە. وای دابنێن من سەردانی یاریگای فووتباڵی گەڕەکی خۆمان دەکەم و داوای ئەندامێتیی دەکەم. رۆژی شەممە، من لە زەوی یارییدا دەردەکەوم، بەڵام بە جێ ئەوەی پەیڕەوی لە یاساکانی یاری فووتباڵ بکەم، بەردەوام تۆپەکە بە دەست هەڵدەگرم و هەڵدێم. گومان لەوەدا نییە کە ئەندامانی یاریگاکە بە دەستمەوە شێت دەبم. ئەوان پێیان وایە کە من بەوەی بووم بە ئەندامی یاریگاکەیان ملکەچی ئەوەم کە یاسا باوەکانی فوتباڵ رچاو بکەم، ئەمەش لە کاتێکدایە من بۆ راچاوکرتنی ئەو یاساگەلە هیچ رێککەوتنێکم لەگەڵیان واژۆ نەکردوە کە بە روونی باسی ئەم بابەتەی کردبێ. سەرجەمی ئەم بۆچوونەی من کە ئەگەر هەموو یاریزانەکان رێگەیان پێ بدرێ تۆپەکە بە دەست بگرن و هەڵبێن، زیاتر خۆشە، بەڕاستی دەبێتە گاڵتەجاڕیی. ئەوان دەڵێن ئێرە یاریگای فووتباڵە: هەر کەس دەبێتە ئەندامی ناڕاشکاوانە یاسا باوەکان بەڕێوە دەبا.

کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکا کە ئەگەر بمانەوێ ئەم بۆچوونە لە یاریگایەکی فووتباڵەوە بگوازینەوە بۆ ناو دەوڵەت. چونکە ئەگەر بمانەوێ هەر چی بێژین تاکەکان بە پێی ویستی خۆیان، خۆیان پەیوەستی دەوڵەتان (وڵاتان) نابن: چ بیانەوێ و چ نەیانەوێ، ناچارن ملکەچی دەوڵەتان بن. کەواتە لێرەدا رەزامەندی چ واتایەکی هەیە؟ هۆبز دەیوت: ئێمە لە بەر ئەوە دەبینە هاووڵاتی دەوڵەتێک کە ئەم دۆخە لە چاو دۆخی سروشتی (هەر وەک بینیمان، تێدا ژیان «ناحەز، بێبەزەییانە و کورت»ـە)، سەرووەری هەیە و هیچ جیاوازی نییە کە ئەو دەوڵەتە لە کوێوە هاتووە. تەنانەت ئەگەر ئێمە بە زەبری شمشێر بچینە ژێر دەسەڵاتی رێبەریی سەرکەوتوو، دیسانیش رازین بە دەسەڵاتداریتیی ئەو، چونکە دەمانەوێ لە دەستی چارەنووسی خراپتر قوتار بین. بەڵام لێکدانەوەیەکی ئاوا پان و بەرین بە نیسبەت چەمکی رەزامەندی، هەموو مانایەکی لێ وەردەگرێتەوە. ئەوەی بووە هۆی ئەوە کە نموونەی یاریگای فووتباڵ، نموونەیەکی پەسەند بێ، ئەو راستییە بوو کە من ئازادانە بووم بە ئەندامی ئەو یاریگایە.

بیرمەندانی دوای هۆبز، بۆچوونەکەی ئەویان لەمەڕ ئەرک و رەزامەندی رەد کردەوە و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە

کۆمەڵێک شت بدۆزنەوە کە بیسەلمێنی ئێمە بە ڕاستی ڕەزامەندیمان بەرامبەر بە یاسا دەربڕیوە، واتە بێجگە لەم ڕاستییە، شتێک کە بیسەلمێنی ئێمە هاووڵاتی دەوڵەتانین. بۆ وێنە «جۆن لاک» لە نامیلکەی دووەمی خۆیدا «لەمەڕ حکوومەت»(١٦٨٩) ئەو خاڵمان وەبیر دێنێتەوە کە هەموومان ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەت پێکی هێناوە، وەردەگرین و ئەو وەرگرتنەش دەتوانێ شێوەیەک لە ڕەزامەندی بێ. بە تایبەت، یەکێک لە کردارە سەرەکییەکانی دەوڵەت پارێزگاری کردنە لە ماڵ و سامانی ئێمە، چ ئەو ماڵ و سامانەی بەدەستمان هێناوە و چ ئەو ماڵ و سامانەی بە میرات بۆمان ماوەتەوە. ئێمەیش ناڕاشکاوانە ڕەزامەندی خۆمان بەرامبەر بە دەسەڵاتی دادوەریی دەوڵەت لە سەر ماڵ و سامانەکەمان و لە ئاکامدا بەرامبەر بە یاساکانی دەوڵەت دەربڕیوە. هەروەها بە باوەڕی لاک ئەم بۆچوونە لەمەڕ کەسێک کە بۆ تەنیا ماوەی حەوتوویەک لە جێگایەک ژوورێک بەکرێ دەگرێ، یان بۆ سەفەر بە جادەیەکدا تێدەپەڕێ، ڕاستە. بەڵام ئەم بۆچوونەش ئەو کێشەی هەیە کە ئێمە(بەشێوەی ڕێژەیی) جگە لە وەرگرتنی ئەو حزمەتگوزارییانە هیچ ڕێگایەکی دیکەمان لە بەردەمدا نەبووە: لە کۆتایی دا ئێمە بۆ ئەوەی بژین، دەبێ ماڵ و سامانێکمان هەبێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ماڵ و سامانە تەنیا خواردن و جلوبەرگ بێ، تەنانەت ئەگەر گەرەکمان بێ لە دەستی دەوڵەت ڕا بکەین دیسان بۆ ئەوەی خۆمان بگەیێنینە سەر سنوور دەبێ بە جادەکاندا تێپەڕین. کەواتە وا دیارە لەم بۆچوونەشدا چەمکی ڕەزامەندی ئەوەندە پان و بەرینە کە هەر کەس کەڵک لە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت وەربگرێ، واتا ڕەزامەندی دەربڕیوە و خۆی ئەرکی پەیڕەوی کردنی یاسای وەئەستۆ گرتووە.

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەک لە فەیلەسووفان ئەو بۆچوونەیان هێنا ئاراوە کە مادام ئێمە لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەین، واتە قبووڵیشی دەکەین لەو حکوومەتی کە لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا هاتووەتە سەرکار و لەو یاساگەلەی ئەو حکوومەت دەری دەکا پەیڕەوی بکەین. ئەم بۆچوونە چارەسازترە: لانیکەم ئازادین کە دەنگ بدەین، یان دەنگ نەدەین. ئەگەر حکوومەتێک کە لە ئەنجامی هەڵبژاردندا دێتە سەر کار، لای خەڵک ڕەوایی نەبێ، ئیدی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن واتایەکی نامێنێ. بەڵام بەداخەوە هێشتا وادیارە لە نێوان دەنگ دان و ڕەزامەندیدا مەودایەک هەیە. ڕەنگە ئێوە زۆر بە توندی دژی هەر دوو حیزبەکە بن، بەڵام دەنگی ئێوە تەنیا بۆ هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر دا بێ. ئەو کاتە چی؟ یان ئەوە کە ڕەنگە ئێوە کۆمەڵێک لە سیاسیەتە ڕاگەێندراوەکانی ئەو حیزبەی کە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە لا پەسەند بێ، بەڵام چەند خاڵ لە سیاسەتەکانی ئەم حیزبەتان پێ خراپ بێ . لە هەمانکاتیشدا ئەو دەرەتانە نەبێ کە بە جیا دەنگ بە چەند بەشێکی ئەو سیاسەتانە بدەی، ئەو کاتە چی؟ ڕەنگە ڕەزامەندی دەنگدەران بتوانێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە بۆ ئەو

حکوومەتانەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا هاتوونەتە سەر کار رەواییان هەیە، بەڵام ناتوانێ ئەوە روون بکاتەوە کە بۆچی تاک تاکی هاووڵاتییان لە سەریانە ملکەچی یاسا بن.

بەگشتی ئەگەر واز لە قازانجەکانی رەزامەندی بێنین، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین وەها ئەرکێک لە راستیدا هەیە، رێگا چارەی باشتر ئەوەیە پشت بە چەمکی ویژدان و «گەمەی جوامێرانە» ببەستین. دیسان باس کردنی نموونەیەک رێگایەکی باشترە بۆ گەیاندنی بۆچوونە سەرەکییەکە. وای دابنێین کە گرووپێک لە ئێمە لە ماڵێکدا دەژیین کە چێشتخانەکەی هاوبەشە. هەفتەی جارێ، یەکێک لە ئێمە چێشتخانەکە خاوێن دەکاتەوە و تاواکان و ناو چێشتخانە وەک ئاوێنە لێ دەکات. ئێستا هەموویان سەرو یەک جار چێشتخانەکەیان خاوێن کردووەتەوە و نۆرەی منە کە نێو کاتژمێری بۆ تەرخان بکەم و قابلەمەکان بسووم و بەر چێشتخانەکە خاوێن بکەمەوە. بۆ دەبێ ئەم کارە بکەم؟ من کەڵکم لە بەرهەمی کاری ئەوانی دی وەرگرتووە . بۆ لێنانی چێشت کەڵکم لە چێشتخانەیەکی خاوێن وەرگرتووە . بۆیە دەبێ لە نۆرەی خۆمدا منیش کاری خۆم ئەنجام بدەم، لەم حاڵەتانەشدا کاری من تاڕادەیەک بە دەست ئەنجام دەدرێ. ئەگەر لە نۆرەی خۆمدا کارەکەم نەکەم، فێڵم لە هاوماڵەکانی خۆم کردوە و ئەمەش نادادوەرانەیە. سەرنج بدەن لەم بۆچوونەدا پێویست ناکا وای دابنێن کە من قبوولم کردوە، یان رەزامەندیم دەربڕیوە لە ئەنجامدانی پاک و خاوێنیدا بەشداری بکەم: دەرووست بوونی من راستەوخۆ ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە من لە لایەنێکەوە قازانجم کردوە کە پێویستە هەموو تاکەکان لە نۆرەی خۆیاندا بەشدار تێدا بکەن.

چۆن ئەتوانین ئەم بۆچوونە بۆ ناو ئەرکی سیاسی بگوازینەوە؟ رێزگرتن لە یاسا و بەگشتیی ملکەچ بوون لە بەرابەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، واتە گوێ نەدان بەو دەرفەتانەی کە بەدەر لەمە بۆ ئێمە دەخۆڵێقن. بەدەر لە کۆت و بەندەکانی رێز دانان بۆ مافی خەڵک، دانی باج و لەبەرچاو گرتنی یاساکانی هاتوچوو، هەر کام لە ئێمە پێمان خۆشە کارێک ئەنجام بدەین کە بەدڵمانە. جگە لەمە ملکەچی ئێمە لە بەرابەر یاسادا قازانجی بۆ خەڵکی دیکەیش هەیە. کاتێک ئێو باج دەدەن، خەڵکی دیکە لەو جادە و خوێندگا و نەخۆشخانانەی کە بە پارەی باجەکانی ئێوە دروست کراوە، کەڵک وەردەگرن. کاتێک ئێوە لە ترافیک لایت رادەوەستن، مەترسی رۆیشتنی ئامێری گواستنەوەی دیکە لە کاتێکدا لایتەکە سەوزە کەمتر دەبێتەوە. کەواتە وادیارە ئەو کەسەی کە یاسا پێشێل دەکا و کەڵک لە پەیڕەوی کردنی یاسا لە لایەن خەڵکی دیکەوە وەردەگرێ، بێ ویژدانانە مامەڵە دەکات. رێک وەک ئەو کەسەی کە کەڵک لە چێشتخانە وەردەگرێ، بەڵام لە نۆرەکەی خۆیدا خۆی لە خاوێن کردنەوەی دەشارێتەوە.

دیارە رەواڵەتی بابەتەکە دەتوانێ سەرمان لێ بشێوێنێ. بۆ ئەوەی بۆچوونی مامەڵەی دادپەروەرانە بتوانێ پاساوی ئەرکی سیاسی بدا، لانیکەم دەبێ دوو کێشە چارەسەر بکەین. یەکەم دەبێ بیسەلمێنین کە ئەو خزمەتگوزاریانەی دەوڵەت پێشکەشیان دەکا، لە راستیدا بۆ هەمووانە. بۆ وێنە ئەگەر یاسای پارێزگاری کردن لە خاوەنداریتی بێ، بەڵام تەنیا ژمارەیەک لە خەڵک خاوەندار بن، چی؟ یان ئەگەر لە پارەی باج یارمەتی پێشانگای نیگارکێشی بدرێ و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک هونەر بەلایانەوە گرنگ نەبێ، چی؟ بۆچوونی پشت ئەستوور بە مامەڵەی دادپەروەرانە تەنیا ئەو کاتە بڕ ئەکا کە کۆی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەت پێشکەشیان دەکا، بە قازانجی هەمووان بێ و ئەم خزمەتگوزارییانە بە شێوەی گونجاو و دادپەروەرانە بەسەر هەموو هاوولاتییاندا دابەش بکرێ، واتە دابەش بکرێ بە سەر ئەو هاوولاتییانەدا کە ملکەچ بوونیان بووەتە هۆی دروست بوونی دەسەڵاتی سیاسی. رەنگە من قەت سەردانی پێشانگای نیگارکێشی نەکەم، بەڵام لە بەرامبەردا کەڵک لەو یاریگا فووتباڵە وەردەگەرم کە لە پارکی گەڕەکەکماندا ساز کراوە.

هاتنە ئارای ویژدان لەم باسەدا، کێشەی دووەمان بۆ دروست دەکا. لە نموونەی چێشتخانەکەدا من وام وێنا کرد کە هەموو هاوماڵەکانم بە شێوەی رێژەیی بە یەک ئەندازە کەڵک لە چێشتخانەکە وەردەگرن و بەم پێیە دەبێ بە یەک ئەندازەش لە خاوێن کردنەوەیدا بەشدار بن. بەڵام ئەگەر یەکێک لە ماوەی دوو هەفتەدا تەنیا یەک جار چێشتێک لە چێشتخانەکە لێبنێ، چی؟ گەلۆ ئەویش بە قەدەر ئەوانی دیکە دەبێ لە خاوێن کردنەوەدا بەشدار بێ؟ گەلۆ ئێمە دەبێ بێژین «بەڵێ» ئەویش دەبێ بە قەدەر ئەوانی دیکە لە خاوێن کردنەوەدا بەشدار بێ، چونکە ئەگەر ویستبای، دەیتوانی زیاتر کەڵک لە چێشتخانەکە وەربگرێ و هەر کات پێویستی بێ چێشتخانەکە ئامادەیە؟ یان دەبێ ئێمە وا بکەین ئاستی بەشداری کردنی ئەو لە خاوێن کردنەوەکەدا جۆرێک بێ کە لەگەڵ ئەندازەی کەڵک وەرگرتنی لە چێشتخانەکە بێتەوە؟ دەتوانین ئەم پرسیارانە ناو بنێن کۆمەڵە پرسیارێک لەمەڕ سروشتی ویژدان. وادیارە بۆچوونی پشت ئەستوور بە ویژدان، تەنیا لە کاتێکدا بە تەواوەتی وڵامدەرە کە لەو شوێنانە بەکار ببرێ کە بە شێوەی سروشتی ویژدانین، واتە دەتوانرێ تێچووەکان و قازانجەکانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان بەشدار بووەکاندا دابەش بکرێ. بەڵام ئەگەر بمانەوێ نموونەی سادەی چێشتخانەکە بگوازینەوە بۆ ئاستی گشتیی کۆمەڵگا، تووشی کۆمەڵێک کێشە دەبین. بە ئاماژە بەوەی خەڵک کەمایەسی و توانایی و سەروەریی زۆر جیاوازیان هەیە، دابەش کردنی دادپەروەرانەی تێچووەکان و قازانجە کۆمەڵایەتییەکان، چۆن دابەش کردنێکە؟ ئەگەر شێوەی ئێستای دابەشکردنی تێچووەکان و قازانجەکان لە کۆمەڵگاکاندا مەودای زۆر بێ لەگەڵ ئەم ئاستە تەواوە و جێ پەسەندە(کە ئەگەری زۆرە وا بێ)، ئایا دیسان دەتوانین بێژین بۆ راگرتنی ویژدان ئەرکی هەمووانە ملکەچی یاسا

بن؟

کەواتە وادیار ئەو ڕێگا چارەی کە من بۆ کێشەی ئەرکی سیاسی دامناوە، پێویستی بە لێکدانەوەی کێشەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە. بەڵام ئێستا با وای دابنێین ئێمە دەتوانین بیسەلمێن کە کۆمەڵگای ئێمە ئەوەندە دادپەروەرانە بەڕێوە دەچێ کە خەڵکەکەی دەروەستن بەرامبەر بە جێبەجێ کردنی یاسا. ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە ئەوان هیچ کات پاساوێکی جێ پەسەندیان بۆ پێشێل کردنی یاسا نییە؟ یان ئەوە کە کۆمەڵێک بنەمای دیکە لە ئارادان کە لە چاو ئەرکی سیاسی گرنگایەتییان زیاترە؟ زۆربە فەیلەسووفانی سیاسی، (بەتایبەت هۆبز) پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە دەسەڵاتی سیاسی بە بێ پەیڕەوی کردنی قایمی هاووڵاتییان دەبێتە دووکەڵ و دەچێتە ئاسمان. بەڵام لە پراکتیکدا وادیارە دەوڵەتان و شێوازەکانی دیکەی دەسەڵاتداریی سیاسی، بەو مەرجەی کە خەڵک بە گشتی (نە هەموویان) بیانەوێ ملکەچی یاسا بن، دەتوان بەردەوام و کارمە بن. ئەم ڕێگەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ لە شێوازەکانی نافەرمانی، بە تایبەتی «نافەرمانی مەدەنی» . واتە شێوازگەلێک لە ناڕەزایەتیی سیاسی کە نایاسایین، بەڵام توندوتیژاوی نین و مەبەستیان ئەوەیە پەستان بخەنە سەر حکوومەت بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ لە سیاسیەتەکانیدا پێک بێنێ. بۆچوونی لایەنگری نافەرمانی مەدەنی ئەوەیە کە ئەگەر بەڕاستی یاسایەکی تایبەت نادادوەرانە و ستمکارانە بێ، یان ئەگەر دەوڵەت لە بڕیاردانیدا نیگەرانییەکانی کەمایەتییەک ڕچاو نەکات، ئەوجا پێشێل کردنی یاسا، پاساو هەڵگرە. دیارە پێشێل کردنی یاسا دوای ئەوە پاساو هەڵگرە کە شێوازە یاساییەکانی ناڕەزایەتیی وڵامدەر نەبێ. بە واتایەکی دیکە لە هەموو شتێکدا پابەند بوون بە ئەرکی سیاسییەوە پێویست نییە. ڕەنگە ئێمە بە گشتی لە سەرمان بێ کە ملکەچی یاسا بین، بەڵام دیسان هۆکاری پاساو هەڵگرمان بۆ ئەوە هەبێ کە لە دۆخی مەترسیداردا، دەست بۆ کاری نایاسایی بەرین.

لەم نێوانە جێگە و پێگەی دێموکراسی لە کوێدایە؟ بۆچوونی باوە ئەوەیە کە پێ وایە نافەرمانیی مەنەدنی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی دژی حکوومەتێکی سەرەڕۆ، شێوازێکی جێ پەسەندە، بەڵام لە دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا کە مافی ئازادیی رادەربڕین و ناڕەزایەتیی هێمنانە بە فەرمی ناسراوە، نافەرمانیی مەندەنی هیچ پاساوێک هەڵناگرێ ـ ئەرکیی سیاسی لەم کۆمەڵگەدا پتەوترە. بەڵام ئەم بۆچوونە ناڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکا کە فەرمانڕەوایی سیاسی ی دێموکراتیک کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە لە شێوازەکانی دیکەی حکوومەت جیای دەکاتەوە.

سەرچاوە:

میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی،چاپ دوم، سال ۱۳۹۰.

له ژماره ٦٣٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوه

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۱ی جوونی ۲۰۱٤

---

## چەمکەکانی دەسەلات و زەبروزەنگ لە فەلسەفەی سیاسی هانا ئارێنت

**بەهرام محیی**

هانا ئارێنت"(Hannah Arendt) بیرمەندی ئەڵمانی، ساڵی ۱۹۰٦ لە شاری "هانۆفێر"ی ئەو وڵاتەدا لە دایک بوو. له ژێر ڕێنوێنی مامۆستاکانی (مارتین هایدگر و کارۆل یاسپرس)دا له زانستگاکانی "ماربۆرگ" و "فرایبۆرگ"دا فێری فەلسەفە بوو و گەیشتە پلەی دکتۆرا. دوای ئەوەی فاشیزم لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا، سەردەمی چاودێری کردن و ئاوارەیی دەستی پێ کرد و ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی هانا ئارێنت لە وڵاتەکەی دوور بکەوێتەوە. سەرەتا چووە پاریس و دواتر لەوێوە بەرەوە ئەمریکا کۆچی کرد. لە زۆربەی زانستگاکانی ئەمریکا سەرقاڵی وتنەوەی فەلسەفە بووە و کۆمەڵێک بەرهەمی پڕ بایەخی لە بواری فەلسەفی ـ سیاسی دا ئافراند. لە ناو کتێبە گرنگەکانیدا دەتوانین ئاماژە بە "توخمەکان و ئاخێزگەکانی دەسەڵاتی تەواو"، "هەقیقەت و درۆ لە سیاسەتدا"، "لەمەڕ شۆڕش" و "دەسەڵات و زەبروزەنگ" بکەین. ئارێنت ساڵی ۱۹۷٥ لە شاری نیۆیۆرک بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ئارێنت لە بەناوبانگترین بەرهەمی فەلسەفیی - سیاسی خۆیدا کە دەکاتە "دەسەڵات و زەبروزەنگ"، بە

وردبینییەکی بێ وێنەوە، ئەم دوو دیاردەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا شی دەکاتەوە. خۆی هۆکاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ناڕوونی چەمکەکانی "دەسەڵات" و بە تایبەتی "زەبروزەنگ" دەگەڕێنێتەوە کە ناوەرۆکەیان لە فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخدا لە ناڕوونیدا ماوەتەوە. ئارێنت دووپاتی دەکردوەتەوە کە لە لێکدانەوە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکاندا بابەتی زەبروزەنگ، بەدەگمەن وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ باسی لێ کراوە. ئارێنت پێ وایە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وەک یەک چاو لە دیاردەکانی دەسەڵات و زەبرووزەنگ دەکرێ و هەروەها لە سەر ئەو باوەڕەیە کە دەسەڵات و زەبرووزەنگ دوو چەمکی تەواو لێک جیاوازن و تەنانەت لە بەرابەر یەکتریدا وەستاون.

ئارێنت نووسیویەتی:" کاتێک بە وردی سەرنجی ئەو هەموو نووسراوە دەدەم کە لەمەڕ دیاردەی دەسەڵات نووسراون، خێرا بەو ئەنجام دەگەم کە ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی بابەتی زەبرووزەنگ ڕچاو نەکرێ، چونکە سەرجەم خاوەن ڕایان لە چەپەوە بۆ ڕاست کۆکن لە سەر ئەوەی دەسەڵات و زەبرووزەنگ دوو چەمکی هاوتان. یان بە واتایەکی دیکە زەبرووزەنگ بێجگە لە دیارترین شێوەی دەرکەوتنی دەسەڵات، شتێکی دیکە نییە"(١)

ئارێنت بۆ پتەو کردنی گریمانەکەی خۆی، ئاماژە بە وتەیەکی "رایت میلز" دەکا کە لە زانستیی سیاسیدا خاوەن ڕا بووە. وتەکەی ڕایت ئەوەیە:" سیاسەت بریتییە لە شەڕ لە پێناوی وەدەست هێنانی دەسەڵاتدا و ئەوپەڕی دەسەڵاتیش بێجگە لە بەڕێوەبردنی زەبرووزەنگ، شتێکی دیکە نییە". ئارێنت ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە ئەم بۆچوونەی "میلز" لە ڕاستیدا درێژکراوەی "ماکس وێبر" و پێناسە بە ناوبانگەکەیەتیی لەمەڕ دەوڵەت. وێبر ئاوا پێناسەی دەوڵەت دەکا: "دەوڵەت واتە پێوەندییە دەسەڵاتخوازانەکانی مرۆڤەکان لە سەر مرۆڤەکان کە لە سەر بنەمای ئامرازی ڕەوای (یان لە ڕەواڵەتدا ڕەوان) توندوتیژاوی دانراوە". ئارێنت هەروەها دەیژی کە ماکس وێبریش لەم بوارەدا ڕێک بۆچوونەکەی "ترۆتسکی" پشت ڕاست دەکاتەوە کە لە وتووێژەکانی ئاشتیی "برست لیتۆفسک"دا وتبووی:" کۆڵەکەی هەر دەوڵەتێک زەبرووزەنگە".

بە باوەڕی هانا ئارێنت، ئەم لێکچوونە هزرییە لەمەڕ کێشەی زەبرووزەنگ سەرسووڕ هێنەرە. چونکە وەک یەک چاو لێکردنی دەسەڵاتی سیاسی و زەبرووزەنگی ڕێکخراوی دەوڵەتیی، تەنیا کاتێک وایە کە مرۆڤ وەک ماکس وێبر پێ وابێ کە:" دەوڵەت، ئامرازی سەرکوتە و لە دەستی تویژی دەسەڵاتدارایە". بەڵام سەیرتر ئەوەیە کە ئەم تێگەیشتنە لە نێوان زۆربەی ئەو خاوەنڕایانەی کە باوەڕیان بە مارکسیسزم نەبوو و لە نێوان ئەوانەشدا کە پێیان وایە دەوڵەت تەنیا بریتیی نییە لە بنیاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا، دەردەکەوت. ئارێنت

لەم بوارەدا باسی کۆمەڵێک نموونەی سەرنج ڕاکێش دەکا. بۆ وێنە "بێرتراند دوژوونێل" پێ وایە شەڕ کردەوەیەکە کە "بۆ سروشتی دەوڵەت دەگەڕێتەوە". ماکس وێبر زیاتر چووەتە پێش و باسی ئەوە دەکا کە "پێوەری تایبەتی دەوڵەت، ئەوەیە کە دەسەڵاتی تەواوی بۆ بەڕێوەبردنی زەبروزەنگی ڕەوای فیزیکی هەیە". لێرەدایە کە هانا ئارێنت دەپرسی:" کەواتە ئایا کۆتایی زەبرووزەنگی سەربازی کۆتایی دەوڵەتە؟ و ئایا کۆتایی هاتنی شەڕی سەربازی نێوان دەوڵەتەکان، واتای کۆتایی هاتنی ئەو دەوڵەتانە ناگەیەنێ؟"(٢)

سەردەمێک "ڤۆڵتێر" بۆ پێناسەی چەمکی دەسەڵات وتبووی:" دەسەڵات واتا ناچارکردنی ئەوانی دی بۆ ئەنجامدانی کارێکی کە من پێم خۆشە" و ماکس وێبر بەم شێوەیە ئەم پێناسەیە تەواو دەکا کە: "دەسەڵات واتە ئەو دەرەتانانەی کە سەرەڕای خۆڕاگری ئەوانی دی بتوانی لە چوارچێوەی پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا ئیرادەی خۆت بسەپێنی" و دیسان ژوونێل وتبووی:" بێ بڕیاردان و جێبەجێ کردنی بڕیار، دەسەڵات مانایەکی نییە". ئێستا بە بۆچوونی هانا ئارێنت ئەرگەر پێمان وابێ سروشتی دەسەڵات لە کاریگەریی بڕیار دایە، لە ڕووی لۆژیکییەوە دەبێ وەک "ماو تسی تۆنگ" (Mao Tse Tung) بەو ئاکامە بگەین کە:" بە هێزترین دەسەڵات لە لوولە تفەنگەوە دێتە دەرێ". لێرەدایە کە ئارێنت لێمان دەپرسێ کە :" کەواتە لە نێوان بڕیاری پۆلیسێک و تاونکارێکی چەکداردا، چ جیاوازییەک هەیە؟".

هانا ئارێنت دوای ئەوەی بە دواداچوونی قووڵ بۆ دیاردەکانی دەسەڵات و زەبرووزەنگ دەکات بەو ئەنجامە دەگا کە :" سەرەڕای ئەوەی ئاستی زانستیی سیاسی ئەمڕۆ بەرز بووەتەوە، زمانی زانستیی ئێمە سەرقاڵی جیاکردنەوەی کۆمەڵێک چەمکی بنەڕەتی وەک "دەسەڵات"، "گوشار"، "هێز"، "ئۆتۆریتە" و "زەبرووزەنگ" لە یەکدی نابێ کە هەموویان کۆمەڵێک دیاردەی جیاوازن".(٣) ئەوەی لەم بوارەدا هانا ئارێنت بە چاوی ڕەخنەوە سەیری دەکا ئەوەیە کە تەنانەت ئەم ناڕوونییە لە چەمکەکاندا، لە تیۆرییە سیاسییەکانیشدا دەبینرێ، ئەگینا تێکەڵ کردنی واتاکان و بە کارهێنانی ئەم چەمکانە لە باتی یەکتری لە زمانی ڕۆژانەدا کارێک نییە کە پێشتر نەکرا بێ.

دواتر هانا ئارێنت خۆی بە دابەشکاری ئەم چەمکە کلیدییانەوە سەرقاڵ دەکا و بە وردی هەر کامیان ڕوون دەکاتەوە. لە ڕوانگە ئارێنتەوە:

"دەسەڵات" (Macht) لێهاتوویەکی مرۆییە، نە تەنیا بۆ جێبەجێ کردنی کارێک، بەڵکوو بۆ ڕێککەوتنی نێوان

مرۆڤەکان و هەنگاوی هاوبەش لە نێوانیاندا. بە پێی ئەم پێناسەیە، هیچ کاتێک ناتوانین بێژین دەسەڵات هی یەک کەسە، چونکە دەسەڵات بەردەوام سروشتێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و لە دەستی کۆمەڵێک لە مرۆڤەکاندایە. مادام ئەو گرووپە یەکگرتوویە، دەسەڵاتەکەشیان بەردەوامە. بۆ وێنە کاتێک دەێژین فلان کەسە دەسەڵاتی هەیە، واتە ئەو لە لایەن گرووپێکەوە ئەو بەرپرسیارییەتییەی خراوەتە ئەستۆ، تا لە لایەن گرووپەکەوە کارێک بکا و بە بێ پشتگیری ئەو گرووپە، دەسەڵاتی ئەویش مانایەکی نییە. بۆیە ئەگەر لە زمانی ئاسایی رۆژانەدا باسی کەسایەتییەکی بەدەسەڵات دەکەین، زیاتر مەبەستمان کەسایەتییەکی زۆردارە، نەک کەسایەتییەکی بەدەسەڵات، چونکە:

"زۆر"(Strke) بە پێچەوانەی دەسەڵات هەمیشە تایبەتمەندییەکی تاکییە و دەتوانرێ بە چۆنایەتییەکیی هاوشێوەوە لە تاک یان شەمەکی دیکەدا تاقی بکرێتەوە. زۆری تاک هیچ کاتێک توانای خۆڕاگری لە بەرابەر دەسەڵاتی کۆیەکدا نییە.

"هێز"(Kraft) کە زۆرتر وەک زۆر چاوی لێدەکرێ، لە ڕوانگەی ئارێنتەوە دەچێتە خانەی تایبەتمەندییەکانی سروشت (هێزی سروشتی)ـەوە.

هانا ئارێنت "ئۆتۆریتە" (Autoritt) لە روانگەی واتاییەوە، بە دژوارترین چەمک دەزانێ و پێ وایە لە چاو چەمکەکانی دیکە ئەگەری ئەوە کە خراپ بەکار بهێنرێ زیاترە. بە باوەڕی ئارێنت، ئۆتۆریتە هەم دەتوانێ بچێتە خانەی تایبەتمەندی تاکەوە و هەم دەتوانێ بچێتە خانەی تایبەتمەندی دامەزراوەیەکەوە. بۆ وێنە ئۆتۆریتەی تاک دەتوانرێ لە پێوەندییەکانی نێوان دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان، یان پێوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی خۆی دەربخا. ئۆتۆریتە وەک دامەزراوەیەک دەتوانین لە هیرارکییەتی دامەزراوە ئایینییەکان (وەک کلیسای کاتۆلیک)، یان لە پێکهاتەیەکی سەربازییدا ببینین.

تایبەتمەندی ئۆتۆریتە ئەوەیە کە دەبێ بێ ئەملا و ئەو لا لە لایەن ئەو کەسانەوە کە چاوەڕوانی گوێڕایەڵیان لێ دەکرێ، بە فەرمی بناسرێ. دەسەڵات پێویستی بە زۆر و یان وەدەست هێنانی رەزامەندی نییە. بۆ وێنە، ئەگەر باوکێک لە کوڕەکەی بدا، یان بۆ رازی کردنی هەوڵ بدا بەڵگەی بۆ بێنێتەوە، لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ئۆتۆریتەی خۆی بەکار نەهێناوە. هەڵسوکەوتی وەها باوکێک لە خاڵی یەکەمدا دیکتاتۆر ئاسایە و لە خاڵی دووەمیشدا

دیموکرات ئاسایە و هەر دوو میتۆدەکە ئۆتۆریتە پێشێل دەکەن. ئارێنت پێ وایە، دابین کردن و بەردەوامی ئۆتۆریتە، پێویستی بەوەیە کە بە بێ ئەملا و ئەو لا رێز لە تاکێک، یان دامەزراوەیەک بگیردرێ. بەم پێیە مەترسیدارترین شێوەی دوژمنایەتی لەگەڵ ئۆتۆریتە، دژایەتی کردنی نییە، بەڵکوو لە بەرچاو نەگرتن و بایەخ پێندانە بە ئۆتۆریتە.

لە ئاکامدا چەمکی "زەبرووزەنگ"(Gewalt) دایە کە ئارێنت پێ وایە بەکارهێنانی پێویستی بە ئامراز هەیە. رەنگە بتوانین بێژین کە نزیکترین چەمکە لە زەبرووزەنگ، چەمکی زۆرە. چونکە ئامرازەکانی بەکارهێنانی زەبرووزەنگ وەک ئامرازەکانی دیکە لە خزمەتی ئەوە دایە کە زۆری بەکارهێنەرەکەی زیاد بکەی. لە ئاکامدا، ئامرازەکانی بەکارهێنانی زەبرووزەنگ شتێک بێجگە ئامرازگەلێک بۆ بەکارهێنانی زۆر نییە. بۆ وێنە، کەسێک دەتوانێ بە رەشاشە دەستییەکەی گرووپێکی تا ڕادەیەک گەورە گرفتار بکا و ئەگەر لە باتی رەشاش، ئامرازێکی جەنگیی دیکەی وەک بۆمبی ئەتۆمی لە بەرچاو بگرین، دەتوانێ ملیۆنان خەڵکی پێ بترسێنی و لەگەڵیان بە زمانی زۆر قسە بکا و بەم جۆرە زەبرووزەنگ بەکار بێنێ.(٤)

هانا ئارێنت لە تێزەکەیدا دوای ئەوەی ئەو چەمکانە ڕوون دەکاتەوە، دەچێتە قووڵایی دوو چەمکی دەسەڵات و زەبرووزەنگەوە و لێکیان جیا دەکاتەوە. هەر وەک باس کرا، لای زۆربەی بیردۆزان تێکەڵاوی واتایی لەمەڕ دوو چەمکی دەسەڵات و زەبرووزەنگ دەبینرێ و زۆربەیان لەگەڵ ئەوە کۆکن کە زەبرووزەنگ بێجگە لە دیارترین شێوەی دەرکەوتنی دەسەڵات، شتێکی دیکە نییە. بەڵام لای هانا ئارێنت ئەم دوو چەمکە جیاوازییەکی بنچینەییان هەیە:" یەکێک لە جیاوازییە چارەنووس سازەکانی نێوان زەبرووزەنگ و دەسەڵات ئەوەیە کە دەسەڵات بەردەوام گرێدراوی ژمارەیە، لە کاتێکدا زەبرووزەنگ تا ئاستێکی دیاری کراو جیایە لە ژمارە، چونکە پشت ئەستوورە بە ئامراز".(٥)

ئارێنت ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر توندڕەوانترین حاڵەتی هەر دوو چەمکەکە ڕچاو بکەین، جیاوازییەکانی نێوانیان زیاتر ڕوون دەبنەوە: توندڕەوانەترین حاڵەتی دەسەڵات دەتوانێ دۆخی "هەمووان لە بەرابەر یەک کەس"دا بێ و توندڕەوانەترین شێوەی دەرکەوتنی زەبرووزەنگیش لە پێکهاتەی "یەک کەس لە بەرامبەر هەمووان"دا خۆی دەنوێنێ و دووەمییەکەیان هیچ کات بە بێ ئامراز و کەلوپەلی بەڕێوەبردنی زەبرووزەنگ نایێتە دی. دیارە وەها نموونەیەک زیاتر تایبەتمەندییەکی سمبولیکی هەیە و وەک خۆی لێکدانەوەیەکی ڕوونمان لەمەڕ جیاوازییەکانی ناوەرۆکیی دەسەڵات و زەبرووزەنگ بە دەستەوە نادات. هانا ئارێنت بە لێکدانەوەی

پێوەندییەکانی نێوان "ئامانج و ئامراز" تیشک دەخاتە سەر ئەم ناڕوونییە:" زەبرووزەنگ سروشتێکی ئامراز ئاسای هەیە و وەک هەموو ئامراز و کەلوپەلەکان، بەردەوام پێویستی بە ئامانجێکە بۆ ئەوەی ڕێنوێنی بکا و بەکارهێنانیشی پاساو بدا. ئەوەی بۆ پاساودانی پێویستی بە شتی دیکەیە، دیوێکی کردەیی هەیە، بەڵام قەت دیاری کەر نەبووە".(٦)

بە پێی ئەم وتەی هانا ئارێنت بەو ئەنجامە دەگەین کە ناتوانین بە دیاردەی زەبرووزەنگ باسی ناوەرۆکی دەسەڵات بکەین. بە پێچەوانەی دەسەڵات، زەبرووزەنگ سروشتێکی کاولکاریی هەیە نەک سروشتێکی ئاوەدانکەر. ئەو ئامانجەی کە لە ڕێگای زەبرووزەنگەوە وەدی دێ، پێویستی بە کۆمەڵێک ئامرازە کە سروشتێکی وێرانکەر، ترسێنەر و زۆردارانەیان هەیە. بەڵام بە نیسبەت دەسەڵاتەوە بابەتەکە وا نییە. دەسەڵات، تایبەتمەندی تاک نییە و تەنیا کاتێک دروست دەبێ کە مرۆڤەکان یەکبگرن. دەسەڵات بەردەوام پێویستی بە کەشێکی پڕ لە ئاشتی و متمانەی دوو لایەنە هەیە، لە کاتێکدا ئەو کەشەی کە لە ڕێگای ئامرازەکانی زەبرووزەنگەوە پێکدێ، پڕە لە ترس و دڵە ڕاوکێ و بێ متمانەیی. هانا ئارێنت، بەم جۆرە باسی ئەو جیاوازییە دەکا:" لە قامووسی سیاسیدا ئەگەر بێژین دەسەڵات و زەبرووزەنگ جیاوازن، تەنیا ئەمە تەواو نییە، بەڵکوو دەبێ بوترێ دەسەڵات و زەبرووزەنگ خاڵی بەرامبەری یەکترن. لە شوێنێک کە یەکیان بە تەواوەتی زاڵ بێ، ئەوی دیکەیان بوونی نییە. زەبرووزەنگ کاتێک بەکار دێ کە دەسەڵات بکەوێتە مەترسییەوە. ئەگەر چارەنووسی دەسەڵات ببەستینەوە بە زەبرووزەنگەوە، بەشێوەی هاوکات لە ئەنجامدا دەسەڵات کۆتایی دێ و نامێنێ. بەم پێیە بێ گومان ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە خاڵی بەرامبەری زەبرووزەنگ، ناتوندوتیژییە و بێ گومان قسە کردن لەمەڕ "دەسەڵاتی "بێ زەبرووزەنگ" مانایەکی نییە... زەبرووزەنگ دەتوانێ دەسەڵات لە ناو ببات، بەڵام هیچ کات ناتوانێ دەسەڵات پێک بێنێ. ئەوەی لە لوولەی تفەنگەوە دێتە دەرێ، دەتوانێ بڕیارێکی کاریگەر بێ کە پێویستی بە ملکەچی بوونی بێ ئەملا و ئەولا هەیە، بەڵام لە لوولەی تفەنگەوە قەت دەسەڵات نایێتە دەرە".(٧)

بە ئاماژە بەو ڕاڤەگەلەی کە لە سەرەوە باسیان کرا، دەتوانین بێژین دەسەڵات لە هزری سیاسیی هانا ئارێنتدا، جەوهەرێکی کۆمەڵایەتیی هەیە کە بەرهەمی هاوپێوەندی و یەکگرتوویی خۆویستانەی هێزە مرۆییەکانە. توخمە پێکهێنەرەکانی دەسەڵات، خەڵک و ئیرادە و هەنگاوی هاوبەشیی خەڵکە. تاک، یان تەنانەت گرووپێکی ناسەرکەوتوو و پرش و بڵاو، دەسەڵاتیان نییە. چونکە سەرچاوەی سەرهەڵدان و بزووتنی دەسەڵات، بۆ پێوەندی و هاتوچووی ئازادانەی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتری و ڕێککەوتن و هەنگاوی هاوبەشی نێوانیان دەگەڕێتەوە.

لە لای ئەمەشدا، هانا ئارێنت لە کتێبی "دەسەڵات و زەبرووزەنگ"دا باسی یەکێک لە پێویستییەکانی دەسەڵات کە ئەویش بریتییە لە "ڕەوایی" دەکا و دەنووسێ:" دەسەڵات پێویستی بەوە نییە خۆی پاساو بدا، چونکە بابەتێکە لە خۆیدا و لە سروشتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەیە. بەڵام دەسەڵات پێویستی بە ڕەوایی هەیە. دیارە ڕەوایی دەسەڵات لە سەر بنەمای ئەو ئامانج و ئامرازانە نییە کە گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەکاری دێنن، بەڵکوو بەرهەمی سەرچاوەی دەسەڵاتە کە بە پێکهێنانی گرووپێک دروست دەبێ. لە کاتێکدا ئەو ئامانجەی پاساوی ئامراز دەدا، بابەتێکە کە پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە، دەسەڵات بۆ ڕەوایی بەخشین بە خۆی پشت بە رابردوو دەبەستێ. دەتوانین زەبرووزەنگ پاساو بدەین، بەڵام قەت ناتوانین ڕەوایی پێ بدەین".(٨)

هانا ئارێنت لە بەشێکی دیکەی تێزەکەیدا باسی بابەتی "لە خۆ نامۆیی دەسەڵاتی دەوڵەتی" دەکا. بە باوەڕی ئارێنت ئەم شتە کاتێک ڕوو دەدا کە دەوڵەتی یاسایی، وەک دامەزراوەیەک کە بەڕێوەبەری ویستی خەڵکە، لە هێلێ ئەرکە سەرەکییەکانی لا بدا و کارگێڕانی دەوڵەت بو پاراستنی دەسەڵاتە بێ پشتیوانەکەیان، وردە وردە زەبرووزەنگ لە باتی دەسەڵات بەکار بێنن. ئارێنت دەیژێ:" ئەوەی دەسەڵات دەبەخشێ بە دامەزراوەکان و یاساکانی وڵاتێک، پشتیوانی خەڵکە کە لە ڕاستی دا بۆ خۆی درێژەی پەیمانێکی سەرەتاییە کە ئەم دامەزراوە و یاساگەلەی پێک هێناوە. لە دەوڵەتێکی یاسایی دا کە خاوەن نوێنەرانی پارلەمان بێ، خەڵک دەسەڵاتداری ڕاستەقینەن و زاڵن بەسەر ئەو کەسانەدا کە لە حکوومەتدان. سەرجەم ئەو دامەزراوە سیاسیانەی کە سەرچاوە و چۆڕاوەی دەسەڵاتن، لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی کۆمەلانی خەڵک لە دەست بدەن، بەرەو ڕچان و لە ناو چوون دەچن".(٩).

بە واتایەکی دیکە، کاتێک دامەزراوەیەکی بەڕێوەبەری، بگرە سەرکردایەتی حیزبێک یان دەسەڵاتێک بێ، چی دیکە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دەنگیان پێیان داوە متمانەیان پێ نەکرێ، بە شێوەی یاسایی دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەم دەسەڵاتە لە دەست رۆیشتووە بە هیچ ئامرازێکی دیکە ناتوانرێ قەرەبوو بکرێتەوە، مەرگەر ئەوە کە بگەڕیتەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵات کە دەکات خەڵک و دووبارە هەوڵ بدەی کە متمانەیان بە دەست بێنیتەوە. لە ڕاستیدا ئەمەش بنەمایەکی سەرەکی سەرجەم سیستمە دیموکراتیکەکانە: ژیانەوەی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردن و دەنگی خەڵکەوە. لە ڕوانگەی هانا ئارێنتەوە ئێستا ئەگەر حکوومەتێک ملکەچی هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک نەبێ، بۆ پاراستی پێگەی خۆی ناچارە پەنا بباتە بەر ئامرازی دیکە و لە ڕاستیدا زەبرووزەنگ وەک جێگرەوەی دەسەڵاتە لە دەسچووەکەی بەکار بێنێ. لە کاتی سەرهەڵدانی وەها ڕووداوێکدا، یەکەم هەنگاو بۆ

ئەوەی بە تەواوەتی دەسەڵات لە ناو ببرێ هەڵدەگیردرێ. هەنگاوی دواتر کە دەکاتە سنووربەندی کردنی ئازادی، گرتنی ڕووناکبیران و داخستنی ژیانی ئاشتیانەی کۆمەڵایەتییە، بێ دەربازبوون بە دوای هەنگاوی یەکەمدا دەست پێ دەکا. بەم جۆرە سەرجەم کۆمەڵگا دەکەوێتە ناو کێچەڵی قەیرانێکی قووڵەوە و بە تەواوەتی ماناوە شەڕی زەبرووزەنگ دژی دەسەڵات و خراپ گۆڕان و ناو خاڵی کردنی سەرجەم دامەزراوەکانی دەسەڵات دەست پێ دەکا. بە وتەی ئارێنت لە وەها دۆخێکدا:" دەتوانرێ زەبرووزەنگ بکرێ بە جێگرەوەی دەسەڵات و تەنانەت سەرکەوتنێکی بەرچاویش بە دەست بێنێ، بەڵام تێچووی ئەم جۆرە سەرکەوتنە زۆرە، چونکە لەم حاڵەتەدا، نەتەنیا خەڵک ڕووبەڕووی تێچوویکی قورس دەبنەوە، بەڵکوو دەسەڵاتدارنیش لە سەرمایەی مەعنەوی دەسەڵاتەکەیان تێچوو دەدەن و لە ڕاستیدا هەر دوو لا دۆڕاون... . ئەوەی لە دوای دامەزراوەی دەسەڵات دەمێنێتەوە، جگە لە بەڕێوەبردنی توندوتیژی شتێکی دیکە نییە."(١٠)

قووڵایی ڕوانینی هانا ئارێنت لەمەڕ پرۆسەی "لە خۆ نامۆیی دەسەڵات" و ئاکامەکانی ئەوەیە کە پێ وایە لە ئاکامی ئەم پرۆسەیەدا حکوومەتی زەبرووزەنگ دەگوێزرێتەوە بۆ حکوومەتی تیرۆر و ترس و لە درێژەدا ڕوونی دەکاتەوە کە :" توخمی وێرانکەر سەرکەوتنی زەبرووزەنگ لە بەرابەر دەسەڵاتەوە، لە هیچ شوێنێکدا بە قەدەر حکوومەتی تیرۆر بە ڕوونی خۆی دەرناخا. دیارە تیرۆر هەمان زەبرووزەنگ نییە، چونکە حکوومەتی تیرۆر کاتێک دەبێتە جێگرەوەی حکوومەتی زەبرووزەنگ کە دووەمییەکەیان(حکوومەتی زەبرووزەنگ) دوای ڕووخانی هەموو دامەزراوەکانی دەسەڵات، پاشەکشە ناکا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، کۆنترۆڵی چەقی دەزگای دەوڵەتیی بە دەستەوە دەگرێ."(١١).

بەم پێیە لە ڕوانگەی هانا ئارێنتەوە، قەت دەوڵەتێک نەبووە کە بتوانێ بە تەواوەتی پشت ئەستوور بێ بە ئامرازەکانی زەبرووزەنگەوە. چونکە تەنانەت حکوومەت توتالیتێرەکانیش (کە گرنگترین ئامرازی دەسەڵاتدارییان زیندان، تیرۆری پۆلیسی و ئەشکەنجەیە) پێویستی بە بناغەی دەسەڵاتێک هەیە. لە وەها حاڵەتێکیشدا ئەم حکوومەتە لە پۆلیسی نهێنی و بەکرێگیراوە هەواڵگرییەکانی پێک دێ.

هانا ئارێنت پێ وایە ژیانی مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان دایە و ناوەندیی هەموو ئەو ڕووداوانەش دەسەڵاتی سیاسییە. لەم ڕووەوە، ڕاڤەی دەسەڵاتیی سیاسی، دەبێتە بابەتی توێژینەوەی ئارێنت. بە باوەڕی ئارێنت، دەسەڵاتی سیاسی دیاردەیەکە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤەکان و پێوەندییە ئازادانە و

خۆویستانەکانی نێوانیان. کاتێک دەسەڵاتی سیاسی بەرهەمی ئیرادەی خەڵک بێ، زیندووە و دەمێنێتەوە، بەڵام هەر ئان ئەگەری ئەوە هەیە ئەم حکوومەت بکەوێتە دەستی گرووپێکی سەرکوتکەر و پاوانخواز و بسڕدرێتەوە و لە ناو بچێ.

Hannah Arendt, Macht und Gewalt, Mnchen 1987, S. 36 1)

H. Arendt, a.a.O., S. 37 2)

H. Arendt, a.a.O., S. 44 3)

47-٤٥H. Arendt, a.a.O.; S. 4)

H. Arendt, a.a.O., S. 50 5)

H. Arendt, a.a.O., S. 52 6)

H. Arendt, a.a.O., S. 54 7)

H. Arendt, a.a.O., S. 53 8)

H. Arendt, a.a.O., S. 57 9)

H. Arendt, a.a.O., S. 55 10)

H. Arendt, a.a.O., S. 51 11)

لە ژمارە ٦٣٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

# کورد و ئیسلام و بیری ئیخوان لە کوردستان (وتووێژێک لەگەڵ حەکیم کاکەوەیس)



بەشی یەکەم

***پرسیار:** بەڕێزتان لەمەڕ ئیسلام و کورد و هەندی ڕای تایبەتتان هەیە. بۆ وێنە باسی ئەوە دەکەن کە کورد تەنیا نەتەوەیەکە کە ڕوو ڕاستانە خزمەتی ئیسلامی کردوە و بۆ بەرژەوەندیی خۆی سوودی لە ئیسلام وەرنەگرتوە. کەچی عەرەب ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی خۆی بە کار دێنێ. شیعە بە هەمان شێوە کەڵکی لێ وەردەگرێ. ئەم ڕوانگەیە بەرهەمی چ جۆرە خوێندنەوەو تێگەیشتنێکە بۆ پێوەندیی نێوان کوردو ئیسلام؟*

**حەکیم کاکەوەیس:** خوێندنەوەی مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێ. مێژووی خۆمان ئەوە دەڵێ. سەلاحەددینی ئەییوبی کورد بوو و دیتوانی کارێ بکا ئێستاش کورد حەساوە بوایە، بەڵام نەیکرد. پیاوانی ئایین لەو مەسەلەیەدا بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە ئەو سەردەمە هەستی نەتەوایەتی نەبوو. بەڵام ئەم بیانووە ڕاست نیە و ناڕاستیی ئەوەش بەشی ئەوە دەکا گلەیی لە سەلاحەددین بکەین. هەستی قەومایەتی هەبووە، بەڵام ئەگەر ئێستا ئەو هەستە لە ناو کورددا نەبێ، گلەییی چی لە سەلاحەددین بکەین؟! ئەگەر ئێستا سەرکردەی کورد هەستی نەتەوایەتی نەبێ سەلاحەددین چۆن هەیبووبێ؟ بەڵام قەومەکانیتر هەستی نەتەوایەتییان بووە. عومەری کوڕی خەتتاب کە بە دادپەروەری بەناوبانگەو پتر لە پێنج سەد ساڵ پێش سەلاحەددین بووە، ئەوپەڕی قەومی بووە. ئەوە کورد بووە کە هەستی نەتەوایەتی نەبووەو ئێستاش، بە داخەوە نییەتی!

هەر ئەوە بەسە بڵێین عومەر ژنە دیلە عەرەبە ناموسوڵمانەکانی ئازاد دەکرد و دەیوت: فیهن عز العرب! بەڵام ژنی ناعەرەبی موسوڵمانی ئازاد نەدەکرد. هەر ئەوە بەسە کە حەسەن عەلەوی باسی دەکا و عومەر یەکەم عەشرەتی عەرەبی لە بەسرا نیشتجێ کرد و لەوەوە عێراق بوو بە خاکی عەرەب. ئەدی ئەبو لوئلوئە قەومی نەبووە کە عومەری لە تۆڵەی ژنە ئێرانی کوشت؟ نەخێر، ئەوە تەنیا کورد بوو ئەو هەستەی نەبوو و ئێستاش هەر کوردە ئەو هەستەی نییە دەنا چ نهێنییەک لەوەدایە دوای یەکەم جەنگی جیهانی، چەندین دەوڵەت دروست بوونو خاکی کەس دابەش نەکرا هی کورد نەبێ؟! کورد خۆی هی دابەشکردن بوو دەنا دەبوو ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن تورکیا دابەش کرابا، چونکە قەومێکی دۆڕاوی جەنگ بوون. ئێمە مێژوو دەنووسین و دەخوێنینەوە بەڵام لێکدانەوە و شیکردنەوەی مێژووییمان نییە. مامۆستا کەمال مەزهەر باسی شێخ مەحموود و حەمە سلێمان دەکا، بەڵام لەبەر ئەوەی شیکردنەوەی بۆ هەڵوێستی حەمە سلێمان نییە، لێی پاشگەز دەبێتەوە! حەمەی سلێمان، خیانەتی کرد بەڵام کەس نازانێ بۆ چی کردی؟! کێشەی عەشرەتی بوو یا چی؟

***پرسیار: لە شوێنێکدا دەڵێی «لە ئیسلامدا باوەڕدار لە یەک کونەوە دوو جار پێوەی نادرێ... کورد قەت سوودی لەمە وەرنەگرتوە». ئەمە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** ئەوە فەرموودەیەکی بەرزی پەیامبەری ئیسلامە. ئەی ئەگەر ئێمە موسوڵمانین بۆچی سوودمان لەو فەرموودەیە وەرنەگرتوە؟! هەر ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین چی لە زەرەری خۆمانە وەریدەگرینو چی لە قازانجی خۆمانە وەلای دەنێین. ئەگەر پەیڕەوی ئەو حەدیسەمان بکردایە، لە یەک جار زیاتر گفتوگۆمان لەگەڵ بەعسدا نەدەکرد! لە یەک جار زیاتر تورکیا دەستی نەدەبڕین!

***پرسیار: کورد بە چ شێوەیەک دەتوانێ ئیسلام بە قازانجی مافە ڕەواکانی بە کار بێنێ؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** ئیسلام، دەقی هەیە لە سوودی کورددا بێو ڕێمان بدا داوای مافی ڕەوای خۆمان بکەین. بەڵام کە لایەنە ئیسلامییەکان ئەو دەقانە بەکار ناهێنن، ئیتر من دەستیان لێ دەشۆم و هیوام پێیان نامێنێ. نەک هەر ئەوە، وەک بۆمبێکی چێندراوی سعوودیە لێیان دەڕوانمو دەشزانم سعوودییە کێ دەیبزوێنێ و هاوکاری کێیە. ئێ ئاخر کاک مەلا، کە دەق هەیە پشتم بگرێ، بۆچی لێمی دەشاریتەوە؟! ئەم کاک مەلایانە، دەق دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی گەنجی کورد بۆ غەزا لە دژی کوردی ڕۆژاوا هان بدەن، بەڵام لە ئاستی ئەو دەقانەدا کوێرن کە مافی

سەرچاوە
Serchawe

چارەنووس بە کورد دەدا. بە ڕاستی کارێکیان کردوە جێی گومان بێ‌و هیوادارم ژیانی «شێخ مەعشووق خەزنەوی» بخوێننەوە تا بزانن موسوڵمانی ڕاست چۆنە.

***پرسیار: بەڕێزتان زۆر جار باسی ئەوە دەکەن کە «مەلاکانی کورد کار بۆ ئەوە دەکەن لە ڕێگەی دینەوە کورد موالی‌و بچووکی عەرەب بێ‌و بیانووشی بۆ دێننەوە». ئەمە بۆ چی ئەگەڕێتەوە؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** لە ڕاستی‌دا، ئیسلام وەک دینێک بە سەردەمێکی زۆر چارەنووسسازدا تێدەپەڕێ و مەلاکان خستوویانەتە بوارێکەوە، مەترسی پاشەکشە و تێکشکانی لە سەر بێ. ئیسلام ئایینێکی تەڵقینییە... مەلا قسە دەکا و خەڵک دەڵێن: «ئامین». مەلایەکی گەورە و زانای وەک قەرەزاوی، ئەگەر ویژدانی خۆی بفرۆشێ، دەتوانێ ئایینەکە تەفروتونا بکا. فەتوای جیهادی نیکاح‌و پشتگیریی کوردکوژەکانی سووریا وایان کردوە خەڵکێکی زۆر دژی ئیسلام بوەستنەوە. ئەو کارەساتانەی کە داعش دەیخولقێنێ، وای کردوە کە خەڵکێکی زۆر دژی ئەم جۆرە لە ئیسلام بوەستنەوە. جا تۆ بۆ خۆت هەر بڵێ، «خوا دەیپارێزێ». ئەو کارە سووکانەی جیهادییەکان دژی کورد دەیکەن، تەنیا ڕۆحی کۆیلە دەستەمۆ دەکەن.

***پرسیار: دەکرێ بێژین ئیسلامی وەک دینێک بە نیسبەت کوردەوە ڕۆڵی داگیرکەری گێڕاوە؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** نا، بە هیچ جۆرێ ڕۆڵی داگیرکەری نەگێڕاوە، بەڵام خۆمان کردوومانەتە کەرەسەی کۆیلایەتی و ژێردەستەیی خۆمان. من دڵنیام لە سەرەتای هاتنی لەشکری عەرەبدا بۆ کوردستان زوڵمی زۆر کراوە و ئەوانەی بە شمشێرەوە بە دیار سەرمانەوە دەوەستان و دەیانقیژاند: اسلم تسلم! خۆیان تازە لە شەوەزەنگی بتپەرستییەوە هاتوونەتە دەرێ و هیچیان لە ئیسلام نەزانیوەو هێندەی کوردیش خواپەرست نەبوونە... خۆ ئاشکرایە قورئان لە سەردەمی عوسماندا کۆ کرایەوە و کورد لە سەردەمی عومەردا، کە پێش سەردەمی عوسمان بوو، کرا بە موسوڵمان. واتە ئیسلام وەک ئایینێک هێشتا جێگیر نەببوو هاتنە سەرمان و کەوتنە کوشتنی خەڵک و تاڵانوبڕۆ و تاڵانکردنی ئافرەتی کورد. کێشەکە لەوەدایە کوردی وابەستە بە ئیسلامەوە ناتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو سەربازانەی هاتنە کوردستان، سەربار بوون... کاریان کوشتن‌و بڕین‌و تاڵانکردن بوو. کێشە ئەوەیە ئەو سەربازانەیان بە لاوە پیرۆز و پاکژ و بێ هەڵەن. ئەوە ئیسلام نییە ئەوەی بە سەر کورددا سەپاندوە، بەڵکە کورد خۆیەتی وای داناوە.

عومەری کوڕی خەتاب گلەیی لە خالیدی کوڕی وەلید دەکاو بە ژنباز و پیاوکوژ ناوی دەبا، بەڵام کورد زاتی ئەوە ناکا قسەکانی عومەریش بڵێتەوە!

***پرسیار:*** *ئەگەر ئیسلام بە هەق بزانین پێویستە هەقگۆو ڕاستگۆ بین. هەندێ لە ئیسلامییەکان وای بۆ دەچن کە کورد بە ئارەزووی خۆی بووەتە موسوڵمان. بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە عەرەب خۆیان بە چ شەڕەشەقێ بوون بە موسوڵمان! بیر لەوە ناکەنەوە کە محەممەد، دروودی خوای لێ بێ، چەند شەڕی لە دژی خزمەکانی خۆی کرد تا سەرکەوتنی بە دەست هێنا! چ عەقڵێک قەبووڵ دەکا مامی بتپەرستی پێغەمبەر دژی ئیسلام بێ، بەڵام میرێکی کورد کە خوای ناسیوەو ئاگری پێ پیرۆز بووە، لە شاخەکانی کوردستان بە کەیفی خۆی بووبێتە موسوڵمان؟!*

***حەکیم کاکەوەیس:*** بە باوەڕی من، ئیسلام چەکێکە و لەو گۆڕە کەوتوە و هەر کەسێ پێویستی بێ دەستی دەداتێ. هەموو میللەتان، عەرەب و فارس تورک، کە نزیکمانن، دەستیان دایە ئەو چەکە و سوودیان لێ بینی، کەچی کورد یا دەستی بۆی نەبروە، یا بۆ ئەوەی هەڵگرتووە خۆی پێ بکوژێ. با لە بیرمان نەچێ کورد بۆ باوەڕی ئیسلام چۆن بووە و چۆنە، بۆ مارکسیش هەمان شێوە بوو. ئێستاش بۆ نیچە و فیختە و برێخت هەمان شتە. دەبێ دەستی تەسلیمبوون بەرز بکەینەوە و بڵێین: هەڵە لە ئیسلام نییە، بەڵکو لە خۆمانە! کە باسی خەتەنەکردنی کچ لە قورئاندا نییە، بۆچی لە ئەفریقاوە، بە سەر سکەی ئیسلامدا خۆمان هێناومانە؟! کێ پێی گوتین ئەوە بکەین؟!

***پرسیار:*** *هەندێ لایەن لە کوردستان باوەڕیان بە حکوومەتی ئیسلامی هەیە. واتە تێکەڵ کردنی دین و سیاسەت. ئایا ئەمە مەترسیی نییە بۆ سەر داهاتووی کورد؟*

***حەکیم کاکەوەیس:*** ئەگەر شێخ مەعشووق خەزنەوییەک هەبێ حوکمی هەموو کوردستان بە ناوی ئیسلامەوە بکا، من ڕازیم، چونکە ئەو شەهیدە گەورەیە کوردستانی بوو. بەڵام پیاوی سعوودیە یا تورکیا یا ئێران، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کوردێک کە پیاوی ئیسرائیل یا ئەمەریکا بێ یا پیاوی سۆڤیەتی جاران بووبێ. مەسەلەکە ئەوەیە: تۆ کوردستانیت یان نا؟! دەتەوێ نەتەوەکەت کە پەنجا ملیۆن مرۆڤی زیندووە، ئازاد بێ یان نا! جیاوازی لە نێوان کۆمۆنستێکو ئیسلامییەکدا نابینم کە ئەویان کورد بخاتە پەراوێزی دەوڵەتێکی ئیشتراکییەوەو ئەمیان بیخاتە پەراوێزی سوڵتان ئۆردوغانەوە. بەڵام چۆن حیزبێکی مەسیحی مافی سیاسەتکردنی هەیە، ئەگەر کوردی ئیسلامی کوردستانی بێ، مافی کاری سیاسی هەیە. کێشەکە ئیسلامیبوون نییە بەڵکو گرێدانی کوردە بە دەوڵەتێکی وەک

سعوودییەوە لە کاتێکدا لە هەموو مێژوودا نەمانبیست سعوودییە یەک هەڵوێستی ئەرێنی بەرانبەر کورد هەبووبێ.

***پرسیار: لە دوو ـ سێ ساڵی رابردوودا وڵاتانی عەرەبی تووشی گۆڕانکاری هاتن. لەم ڕووەشەوە بیری «اخوان المسلمین» بەشێوەیەکی بەرچاو هاتەکایەو دەوری بینیو ئێستاش دەور دەبینێ. ئەم گۆڕانکارییانە چۆن دەبینی؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** هەموو جیهان لە گۆڕانکاریی دایە. ئەمەریکا دەیەوێ جەمسەرێک، بۆ تەفرەتکردن، بەرانبەری هەبێ و ئەوەشی لە ئیسلامی توندڕەودا دۆزییەوە و دەکرێ بڵێم، بە هاوکاریی سعوودییە، هەر بە خولقاندن خولقاندی. ئەمەریکا نەیارێکی ئابووریی بەهێزی لە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیاش لێ پەیدا بووە. سەرجەمی گۆی زەوی، دەڵێی لە بەرەژاندایە بۆ لەدایکبوونی دەوڵەتی نوێو زیندووبوونەوەی قەومی مەیلەومردوو و مردنی قەومی تری تا ئێستا بەهێز و زیندوو. ئێستا لە میسر و لە هەموو باکووری ئەفریقیا دیاردەی دژە عەرەب، لە قاڵبی قیپتی و ئەمازیغی پەیدا بووە و دیانەوێ عەرەبایەتی بگەڕێننەوە نیوەدوورگەی عەرەبی. پێم وایە سایکس پیکۆیەکیتر، بە شێوەیەکیتر بەڕێوەیە. ئەمجارەیان دنیا چۆن دابەش دەکرێ؟ دیارە لە بەرژەوەندیی ئەمەریکا و ئیسرائیل دەبێ. سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی گوتوویەتی: دەبێ میسرییەکان لە ئیسرائیل بپارێنەوە تا بچن حوکمیان بکەن... چۆن کاتی خۆی لە میسر دەرکران، ئێستا دەبێ بگەڕێنەوە!

کاتێ قەززافی ڕووخا، مرۆڤ تێگەیشت ئەو میللەتە، هەر پێویستی بە کەسێکی وەک قەززافی دەبێ تا ڕێی پیشان بداو ئاراستەی دیاری بکا. ئەو میللەتە ناتوانێ خۆی بە ئاسایی بەڕێوەبەرێ. میسریش بە هەمان شێوە. ڕاستە دوای لابردنی حوسنی موبارەک، ئیخوانییەکان زۆرینەی دەنگیان هێنا، بەڵام ئەوەی لە ماوەی ئەو ساڵەدا کردیان کاری کردەیی نەبوو! ئەگەر ئیخوان لە هەموو شوێنێ ئاوها وڵات بەڕێوە بەرێ، بەڕێوەی نەبا باشترە!

من پێم وایە پیلانێکی گەورە لە ئیسلام وەک ئایین لە ئارادایە. بیهێنە پێش چاوی خۆت، سێ کەس گوللەباران بکەن لە سەر ئەوەی نوێژ نازانن. دیارە ئەو سێ کەسە موسوڵمان نەبوون دەنا دەیانزانی نوێژی بەیانی سێ ڕکات و چوار نییە. هەر وا بە خوێنساردی کوژران! ئەی ئەو (تەساموح)ەی باسیان دەکرد چی لێ هات؟ ئەی چۆن هەتا ئێستا کوردی ئێزدی و ئەهلی هەق لە ناو کورددا ماون؟!

***پرسیار: پێت وایە بیری «اخوان المسلمین» بتوانێ سەردەمێکی نوێ دەست پێ بکا و دەسەڵات لە ناوچەکەدا***

***بگرێتە دەستەوە؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** باوەڕ دەکەم قەتارەکە جێی هێشتبن. دۆستی هەرە نزیکی ئیخوان تورکیایە بەڵام ئاگایان لەوە نییە کورد ببێ بە ئەسحابەش لای تورک بێ کەڵکە! لە هیچ حیزبێکی دینی و نادینیدا تورک قەبووڵ ناکا کورد لەگەڵیدا یەکسان بێ. کوردی ئیخوانیش لەگەڵیاندا یەکسان نییە. ئەگەر ئیخوانی کورد بتوانن دڵی تورکیامان بۆ نەرم بکەن، من دەستخۆشییان لێ دەکەم. بەڵام لێشاوی نەوت و دۆلار دڵیان نەرم نەکا بە دوو بیسمیللاش دڵیان نەرم نابێ. ئیخوانی عەرەبیش هەر وا... سەیرە! هیچ قەومێک وەک کورد بە هۆی بیروباوەڕەوە دەست لە مافی (هەندێ جار) ناڕەوای خۆشی هەڵناگرێ!! ئەوان دەستبەرداری داگیرکاری و زۆرداری خۆیان نابن کەچی ئێمە ئازادیی خۆمان دەکەینە قوربانیان، هەر لەبەر ئەوەی ئیخوانین!

***پرسیار: لە کوردستانیش لایەنگری بیری «اخوان المسلمین» هەیە. ئەم لایەنگریە چۆن دەبینی. پێت وایە لایەنگرانی ئیخوان ئەوەندەی بۆ ئیخوان المسلمین دڵسۆز بن، ئەوەندەش بۆ نەتەوەکەیان دڵسۆز بن؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** ئەگەر ئەو دڵسۆزییەی بۆ ئیخوان هەیانە بۆ کورد هەیانبوایە، ئێستا کورد لە بارێکی تردا دەبوو. ئیسلامی بەرگری لە میللەتی خۆی بکا و کۆمۆنیست بەرگری لێ بکا و دیموکرات بیکا، کەواتە کێشەمان نییە. بەڵام هەموو ئەوانە میللەتی خۆیان خستووەتە پەراوێزی بەرژەوەندیی میللەتانی ترەوە و کە لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆ دەکەن یا ڕێککەوتن مۆر دەکەن، بە ڕاستی، وەک نوێنەرانی تورکیاو ئێرانو سعوودیە و... دادەنیشنو قسە دەکەن نەک وەک خەمخۆرانی کورد. ئا لەم بارودۆخەدا هەست و بیری نەتەوایەتی لە هەوا پێویستترن بەڵام دیسان لە لایەن حیزبەکانەوە، یا گرنگی پێ نادرێ یا پیلانیشی لێدەکرێ و وەک تلیاک قاچاخ دەکرێ!

لە ژمارە ٦٣٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------

# کورد و ئیسلام و بیری ئیخوان لە کوردستان (وتووێژێک لەگەڵ حەکیم کاکەوەیس)

## بەشی دووهەمو کۆتایی

***پرسیار: ئایا بیری «اخوان المسلمین» لە کوردستان ڕۆڵی داگیرکەر دەبینێ یان نا؟***

**حەکیم کاکەوەیس:** بە داخەوە دەڵێم، ئیخوانی کورد، هەتا ئێستا پیشانیان نەداوە کە کورد بوون دەخەنە پێشەوە و یەکەم ئەرکیان سەرفرازی کوردە. ئەوان دەیانەوێ ئیمام بن و ئیمامەتی لە بەندیخانەشدا دەکرێ و لە ناو کۆیلەستانیشدا دەکرێ. پێ دەچێ بە لایانەوە گرنگ نەبێ کورد ژێردەستە بێ یا ئازاد. گرنگ ئەوەیە کورد مەئموم و گوێڕایەڵ بێ. خۆ کۆمۆنیستەکانیش هەر ئەوەیان دەویست: گرنگ نەبوو کورد سەرفراز بێ، بەڵکو گرنگ ئەوە بوو تابعی ئیمامی مۆسکۆ بێ!!

ئیخوانی میسر یا تورکیا یا هەر شوێنێکی تر وڵاتی سەربەخۆی خۆیان هەیە و هەرچی دەکەن لە ناو سنووری وڵاتی خۆیاندا ئازادن، بەڵام کورد خاوەنی وڵات نییە تا ئیخوانی ئیداری و بەڕێوەبردنی هەبێ. بەڵام ئەوەش وا ناکا کردەوەی حیزبەکانی تر لە بیر بکەین.

کاتێک کە لە میسر محەمەد مورسی لابرا و کۆمەڵێک خۆپێشاندان کرا و ڕووداوی خوێناوی لێ کەوەتوە، لە کوردستان ئیسلامییەکان فرمێسکی تیمساحی بۆ ئیخوانەکانی میسر دەڕشت و خۆپێشاندانیان وەڕێ خست و وێنەی مورسیان بەرز کردەوە. ئەمانە چۆن ئەبینی؟

**حەکیم کاکەوەیس:** ئیسلامییەکان، کاتێ چوار پەنجەیان بەرز دەکردەوە، خورپەیەکم بە دڵدا هات! تۆ بڵێی مەبەستیان چوار پارچە بێ! بەڵام دەرکەوت ئەوە شتێکی ترە. ئەوە مەبەستیان ڕابیعەی عەدەوییەیە! ئێمە لە کوردستانێکی داگیرکراوەوە چیمان بۆ مورسی پێ دەکرێ تا قوڕی بۆ بپێوین؟ مورسی چی بۆ کورد کردووە تا پێمان خۆش بێ لە دەسەڵاتدا بێ؟ خۆ تورکیا ئۆردوغانێکی وەک مورسیی هەیە، بەڵام دەستی بە خوێنی کورد سوورە.

ئیسلامییەکانی کوردستان ئێستا لەم کاتەدا، ئەوەندەی میسرین کوردستانی نین، ڕێک وەک ئەو کوردە چەپانەی کە ئەوەندەی فەلەستینی بوون کورد نەبوون و هیچیشیان بۆ فەلەستین پێ نەدەکرا. کە مورسییان لابرد، من هەموو خەیاڵم لای ئەو کچە کوردانە بوو کە بەرەنگاری نوسرە دەبوونەوە. بیرم لای دەروازە داخراوەکەی سنوور بوو. ئاواتم دەخواست لایەنە کوردییەکانی ڕۆژاوای کوردستان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو پێک بێن. حیزبە ئیسلامییەکانیش بیریان لای مورسیی بوو. کراسەکەی عوسمانیان بیر کەوتەوە و کوردیان لە بیر نەما چی بە سەر دێ. جگە لە هەموو ئەوانە، سەدان ساڵ عوسمانلی بە ناوی ئیسلامەوە حوکمی کرد و ئێمە ژێردەستەیان بووین! چیمان کرد؟! جاروبارێ نەفەرێکی کورد دەبوو بە موفتی دەوڵەتەکە بەڵام فەتوای بۆ قڕکردنی ئێزدییەکان دەدا و بەرانبەر کەنیزە و ژنە تاڵانکراوەکانی ئورووپا فزەیان نەدەکرد!

***پرسیار: ڕات لەسەر داعش چییە؟ ئەو کارانەی کە داعش دەیکا چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ڕوانگەی خەڵکی کورد بەرانبەر بە ئیسلام؟ بۆ داعش هێرشی بۆ سەر کورد هێنا؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** وا دەزانم دەوڵەتی ئیسلامی، کە بە داعش ناوی دەرچووە، عەقڵێکی دەرەکی بەڕێوەی دەبا و بە باشی لە دەروونی مرۆڤ تێدەگەن و دەیترسێنن و هەنگاوی بە پەلەی چاوەڕواننەکراو دەنێن، ئەگەرچی مەرجی بەردەوامبوونیشی زۆر لاوازە و ئەوەشی کە دەیکەن، ئامانجە، نەک ڕێبازێک بەرەو شتێکی تر. ناوچەیەکی فرەوانیان داگیر کرد و چاوەڕوانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە زلهێزەکان نەبوون ئاخۆ چ دەڵێن یا چ ناڵێن. ئەمانیش وەک ئەلقاعیدە، کە ڕۆژاوا لە دژی سۆڤیەت پشتی گرت و دوایی بە خۆیەوە دا، ئامانی نییە و بەو کەسەشەوە دەدا کە پشتی دەگرێ. ڕۆژاواییەکان باش لەمە حاڵین.

«داعش» دووبارەبوونەوەی هەندێ لە سەردەمی غەزاکانە، بەڵام ئەو شێوازە لە سەردەمی ئەتۆمدا سەرکەوتوو نابێ. وا دەزانم خالیدی کوڕی وەلید و یەزیدی کوڕی ئەبوو سوفیان چییان کردووە، ئەمانیش لەم سەردەمەدا دووبارەی دەکەنەوە. ئەوجا کاریگەریی داعش لە سەر ڕوانگەی کورد و ناکورد بەرانبەر بە ئیسلام، هەتا بڵێی نێگەتیڤە و هەتا ئێستا هیچ دوژمنێکی ئیسلام ئەوەندە ئیسلامی ناشرین نەکردووە. تا ئێستا هەندێ بۆچوون هەبوو گوایە کورد بە خۆشی خۆی ئاینی ئیسلامی هەڵبژاردووە، بەڵام ئێستا ئو بۆچوونە بە تەواوەتی ئیفلاسی کرد. کەس گوێی لەوە نەدەگرت ئاخۆ عارەب خۆیان بە بێ شەڕ بوونەتە ئیسلام تا کورد بە بێ شەڕ بووبێ، بەڵام ئێستا دەردەکەوێ کورد چۆن بووەتە ئیسلام و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی ئەمڕۆ دەتوانن ئەم شەڕەی کە داعش

دەیکات، بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی غەزاکان: سەربڕین و ژنرفاندن و تالآنکردن و خوێن و سووتاندن و تۆقاندن. بەڵێ کورد ئاوها بووە بە موسوڵمان، بەڵام لەبەر ئەوەی لە باسی مێژوودا یەکەم درۆزنی دنیاین، بە جۆرێکی دی باسی دەکەین.

پێم وایە شانەی نوستووی داعش لە ناو کوردستاندا زۆر بێ و لەگەڵ ئەو عارەبە داعشییانەدا لە دەرفەتی ڕەخساودا بەئاگا بهێندرێنەوە و هەرچی هەیە بەسەر سەرانی کورد و خەڵکی غەدرلێکراوی کوردستانیدا بڕمێنن. هیوادارم سەرانی کورد، ئەگەر خەمی خاک و خەڵکیشیان نییە و وەک هەمیشە بە گورگانخواردی دەدەن، بە لای کەمەوە خەمێک لە خۆیان و سەروەتەکەی خۆیان بخۆن و مەودای چالاکبوونی داعش، لە ناو ماڵی کوردەوە نەدەن!

بە کورتییەکەی، داعش خەریکی جێبەجێکردنی کارێکە کە غەیری خۆی دایڕشتووە و هەمان ئەو کارەیە کە ڕۆبەرت وۆڵسی، کە لە سەرەتای نەوەتەکاندا بەرپرسی سی ئای ئەی بووە وتوویەتی: ئیسلامێکیان بۆ دروست دەکەین بۆ ئێمە بگونجێ. وایان لێ دەکەین شۆڕش بکەن. ئەوجا بە پێی هەندێ ململانێی مەزەبی بە سەر یەکدا دابەشیان دەکەین. دوای ئەوە پەلاماریان دەدەین و سەرکەوتوو دەبین. لە کۆتاییدا ئێمە سەردەکەوین، وەک لە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و شەڕی ساردی دژی سۆڤیەتدا سەرکەوتین. وایان لێ دەکەین بشڵەژێن!

***پرسیار: ئایا لە کوردستان هێزە سیکۆلارەکان بەو شێوەی کە پێویستە توانیویانە کار بۆ لاواز کردنی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی بکەن؟ کەموکۆڕییەکانی ئەو لایەنانە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی دا لە چی دایە؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** بە پێچەوانەوە، ئەوان هۆکارن بۆ گەشەکردنی حیزبی ئیسلامی. ئەوان خۆیان چەقی کێشەکانن! ئەگەر حیزبە ئیسلامییەکان پەیوەندیی ژێراوژێر یا ئاشکراشیان لەگەڵ داگیرکەراندا هەبێ، هەر بە قەدەر حیزبە سیکولارەکان نیانە! گومان دەکرێ لایەنی ئیسلامی هەبێ گەنجی کورد هەڵخڕێنێ و بۆ غەزا بیانێرێتە سووریا. بەڵام عیلمانییەکان چییان کردووە؟! من باسی خەڵکی باشووری کوردستان ناکەم کە بۆ ڕۆژاواییەکان بە خەمن، بەڵکو باسی دەسەلات دەکەم. ڕەفتاری حیزبە سیکۆلارەکان وا دەکا خەڵک زیاتر پەنا بۆ ئیسلامییەکان بەرن. ئەو گەندەڵی و ناهەقییەی لە کوردستان دەکرێ، وا دەکا ئەو خەڵکە پەنا بۆ هەموو لایەنێ بەرن، بەڵام لەوان ڕزگاریان بێ. نازانم ئەو حیزبانە کەی لەوە تێدەگەن کە خەڵکی کوردستان لە دەست بەعس پەنای بۆ هەموو شتێک دەبرد؟! بەڵێ، ئێستاش لە دەست زوڵم پەنا بۆ هەموو لایەک دەبا. من لەم قسەیەم

مەبەستم ڕووشاندن نییە، بەڵکو مەبەستم ئاگادارکردنەوەیە.

***پرسیار: پێت وانییە کە باشتر وایە ئێمە لە بنەڕەوەتەوە، واتە لە پەروەردەوە کار بۆ لاواز کردنی ئیسلامی سیاسی بکەین. بە واتایەکی دیکە لە ڕێگای سیستمێکی پەروەردەیی سیکۆلاری بەهێزەوە بەرەوڕووی ئیسلامی سیاسی ببینەوە؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** بە باوەڕی من بوونی حیزبی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا کێشە نییە و نابێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە بەربەست لە بەردەم ئیسلامی سیاسیدا دانێین. باوەڕی دینی بوارێکە و خەڵکێکی زۆر لە خۆ دەگرێ و مافی دەربڕینی بۆچوونی خۆیان هەیە. بۆچی لە ئورووپا مەسیحی سیاسی هەیە و وڵات بەرێوە دەبەن و هیچ کێشەیەکیش دروست نەبووە؟ کام حیزبی کوردستان لە حیزبە ئیسلامییەکان کوردستانیتر و نەتەوەییتر و نیشتیمانپەروەرترە؟! ئەی کامەیان ئازادیخوازترە؟ چ کاتێ حیزبی عەلمانی کوردستان ئاڵای سەربەخۆیی بەرز کردووەتەوە و ئیسلامییەکان بەربەست بوونە؟! لە ڕاستیدا، کێشەی من ئەوە نییە بنەما فکرییە ئایدۆلۆژییەکە چییە، بەڵکو ئەوەیە لە باسی سەربەخۆیی کوردستاندا چ هەڵوێستێکی هەیە. گرنگ جۆری حیزبە سیاسییەکەیە کە چۆن کار دەکا و ئامانجی چییە. بە لای منەوە حیزبی ئیسلامی کوردستانی، ئەگەر وەکو من و تۆ لە خەمی ئازادی کوردستاندا نەبێ، پێویستە قەدەغە بکرێ! حیزبی کۆمۆنستیش بە هەمان شێوە. ئەگەر بمانەوێ سستەمی دیموکراسی پەیڕەو بکەین، پێویستە مەودای هەموو کەس بدرێ ڕا و بۆچوونی خۆی دەربڕێ. بەڵام حیزبایەتییەک لە بەرژەوەندیی لایەنی دەرەکی بێ یا خەمی ئازادی نیشتمانەکەمانی نەبێ، ئەوە دەچێتە خانەی جاسووسی و خیانەتکارییەوە، جا ئیسلامی بێ یا نائیسلامی و حیزبی وا لە هەر وڵاتێکی دنیادا بێ یاسا سنووری بۆ دادەنێ و بیانووی بیروباوەڕیش چ دادی نادا. بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەی یاسا دادەنێ خۆی یاساشکێنە و خۆی پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە.

ئیسلام لە ئێمە غەریب نییە و لە بەرژەوەندیی کوردیشدا نییە بەرەیەکی تری شەڕ بەرەوڕووی دین بکاتەوە. نازانم بۆچی ئیسلام لە زۆر کەس بووەتە بڤە!! ئیسلام تورکیایەکی بۆ تورک دروست کرد کە یەک بستی هی خۆیان نەبوو. ئیسلام ئێرانێکی گەورەوگرانی لە ژێردەستەیی عارەب پاراست و کردی بە خاوەنی وزەی ئەتۆم! ئەی ئیسلام بۆچی لە کورد بووە بەڵا؟! نا باوەڕ ناکەم ئیسلام بیەوێ کورد کۆیلە بێ. ئەوە خۆمانین ئیسلاممان کردووەتە کەرەسەی کۆیلایەتی خۆمان. چما تەنیا ئیسلاممان بۆ کۆیلەبوونی خۆمان بەکار هێناوە؟! کۆمۆنیزممان بۆ کۆیلایەتی بەکار

نەهێنا؟ تەنانەت ئەو حیزبانەش کە ئێستا لە کوردستاندا دەسەڵاتیان هەیە، یەکەم حیزبن لە مێژووی کورددا کە دانیان بە دەوڵەتی عێراقدا ناوە و خۆیان وەک عێراقی خستبێتە ڕوو!. خۆ ئەوان ئیسلامی نەبوون!

کورد دەڵێ: تەشیرێس تەشیرێس بێ، بە کلکی کەریش بێ دەیرێسێ! ئێمەش ئەگەر خۆمان میللەتێکی ئازادیخواز بین، ئیسلامی بین یا کۆمۆنست یا دیموکرات، ناکرێ لە ئامانجی سەربەخۆیی بێینە خوارێ. خۆ ئیسلام پڕە لە ڕێنمایی بۆ ئازادیمان، کۆمۆنیزمیش پڕە، سۆسیالیزمیش پڕە، بەڵام سوودمان لە هیچیان نەدیوە. ئێمە دەبین بە ئیسلامی نەک ئازادیخواز! دەبین بە کۆمۆنیست نەک ئازادیخواز! دەبین بە دیموکرات نەک ئازادیخواز! دەبین و دەبین بە هەموو شتێک ئازادیخواز نەبێ! ئیتر ئەم ئایدۆلۆژیا یا ئەوی تر بڵێ چی؟! جگە لە هەموو ئەوانە، وەک لە جێی تریشدا گوتوومە، بە چ مەسرەف و هێزێ دەتوانین باوەڕی ئیسلامی لە ناو کورددا نەهێڵێن؟! ئەوەی بۆ نەهێشتنی ئیسلام لە ناو کورددا سەرفی دەکەین، حەوت جار بەشی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکا بە پارچەی پێنجەمیشەوە و ئیسلامیش بنەبڕ نابێ! چۆن لە دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان خەڵک هەن خۆیان بۆ کەنیسە تەرخان کردووە و ڕێزیشیان لێ دەگیرێ، با کوردیش هەبێ خۆی بۆ مزگەوت تەرخان بکا و ڕێزێشی لێ بگیرێ. بەڵام حیزبە بە ناو عەلمانییەکان کەی باسی سەربەخۆییان کردووە و ئەوان بەربەست بوون؟! کەی پەیوەندیی ئەوان بە تورکیا و ئێران و بەغداوە لە پەیوەندیی حیزبەکانی تر زیاتر بووە؟! ئەگەر هەموو خەتاکان بخەینە سەر ئیسلامییەکان، لە ڕاستیدا نەخۆشییەکانی خۆمان نادۆزینەوە! ئەگەرچی شێخی نەمر هەڵەشی هەبووە، بەڵام خۆزگە بە هەموو حیزبە عەلمانی و عیلمانی و ئیسلامییەکان نیوەی ئەو ئازادیخواز دەبوون!

***پرسیار: وەک دوا پرسیار داهاتووی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و ناوچەکە چۆن دەبینی؟***

***حەکیم کاکەوەیس:*** من پێم وایە پیلانێکی یەکجار گەورە لە دژی ئایینی ئیسلام بە گشتی لە ئارادایە و جێبەجێکەرانی ئەو پیلانەش لە ناوخۆی موسوڵماناندا، لە ناو حیزبە ئیسلامییە سیاسییەکان و مزگەوتەکان دایە، بەتایبەتی لە ناو سەلەفییەکاندان. فەتوای وەها سەیر و مەترسیدار لەم سەردەمەدا دەدرێ، مرۆ لە خۆڕا دەکەوێتە گومانەوە! تۆ بڵێی شتی وەها لە ئیسلامدا هەبێ؟! شەڕکردنی گەنجی کورد لە دژی لێقەوماوانی کوردی ڕۆژاوا لە ئیسلامەتیدا جێی نابینمەوە، چوونە ریزەکانی داعش و شەڕکردن لە دژی پێشمەرگە لە ئیسلامدا جێی نابێتەوە. ڕاوەستانی ئیسلامییەکان وەک بەردی ڕەق بەرانبەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهاندا ڕوودەدەن لە بەرژەوەندیی ئیسلامدا نییە. دەزانین ئەمریکا، لە دوای داتەپینی یەکیەتیی سۆڤیەت بە دوای نێچیرێکدا دەگەڕا

بیخاتە سەنگەری بەرانبەر تا هەم جێی کۆمۆنیزمی بۆ بگرێتەوە و هەم بیانووی دەستێوەردانی بە دەستەوە بدا. ئیسلامییەکانیش، بەتایبەتی سەلەفی، بە ویستی خۆیان و بە ئانقەست ئەو جێیەیان پڕ کردەوە و بەدڵنیاییەوە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا دایە. گەنجی خوێنگەرمی موسوڵمان ئاگایان لەو گەمە و لەو قومارە نییە و ساکارانە پێوە دەبن. یەکێ لە واشنگتۆن گەمەیان پێ دەکا و یەکێ لە سعوودییە و قەتەر داش بە داشیان پێ دەکا. ئەمریکا خۆی هاوکارییان دەکا و خۆشی بە تیرۆرست ناویان دەبا و هەر لە عێراقدا، چەندین جار خەڵکیان بە تاوانی تیرۆرەوە گرت و دوای ماوەیەک ئازادیان کردن. خۆ لە ناو ئەوانەدا کوردیش هەبوو کە دەستگیر کرا و دوایی ئازاد کرا.

حیزبە ئیسلامییەکان خەریکە کۆمەڵگەی کوردی دەکەنە دوو بەرەوە: بڕێکی خۆیان و ئەوی تر دژی خۆیان. کارەساتیش ئەوەیە خۆیان بە ناوی خواوە قسە دەکەن و دەسەڵاتیان هەبێ دەرەوەی خۆیان بە مورتەد لە قەڵەم دەدەن. بەڵام با جارێ کێشەی ناوخۆیان چارەسەر بکەن ئەوجا بچنە سەروکۆکڵی دەرەوەی خۆیان. کەسێکی ئاینپەروەر، بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە، لە فەیسبووکدا باسی ئەوە دەکا کۆمەڵێ لە پیاوانی ئاین، دوای بەربانگ چوونەتە مزگەوت بۆ نوێژ، کەچی هەر دەستەیە و بە جیا نوێژی دابەستووە! پیاو نازانێ گوێ لە کام دەستەی ناو ئیسلام بگرێ!! مەزهەبەکانمان لێ بەڵا بوون حیزب و ڕێکخراویشیان هاتە سەر!

باوەڕ دەکەم کۆمەڵگەی کوردی کاردانەوەیەکی خراپی بەرانبەر ئەم شێوازە ئیسلامییە هەبێ. خۆ سەلەفییەکان هەر بە جارێ ناخۆشیان کردووە. خۆیان سەر بە سعوودییەن و سعوودییەش لە سێبەری ئەمریکادا دەژیی و ماوە. کەچی خەڵکی ناموسوڵمان دەکوژن. خۆ ئەگەر ڕەوتێکی توندڕەوی مەسیحی بەرانبەر بە موسوڵمان پەیدا بێ، لە ٢٤ سەعاتدا خاکمان دەبێژن!

من دڵنیام کلکی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناو حیزبە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە ناو سەلەفییەکاندا تۆز دەکا، بەڵام باوەڕ ناکەم گەنجی بێ ئاگا کە خۆی دەتەقێنێتەوە ئاگای لە گەمەکان بێ. هەر لە کۆنەوە یەک مەلایان بە لای خۆیاندا ڕاکێشابێ، ئیتر حەساونەتەوە و یاری خۆیان بە دڵی خۆیان ئەنجامداوە.

لە ژمارە ٦٤٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## سنەو ترسو نیگەرانییەکانی حکوومەت

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی خەزەڵوەر (١ - ١١ - ٢٠١٤) کە وەک ڕۆژی جیهانی کۆبانێ دیاری کرا بوو، خۆپێشاندانی خەڵکی شاری سنە بۆ پشتیوانی لە خۆڕاگریی قارەمانانەی کۆبانێ سەرکوت کرا و دەیان هاووڵاتیی دەستبەسەر کران و یان لە لایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانەوە بانگکران و هەڕەشەیان لێ کرا.

بە پێی زانیارییەکان خۆپێشاندانەکە ئاراستەیەکی مەدەنی و هێمنانەی هەبووە و بە دەستێوەردانی دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئاراستەکەی گۆڕدراوە و تێک دراوە. بەر لەوەی خۆپێشاندانەکە دەست پێ بکا، دەزگای سەرکوتکەری ئیتلاعات لە سنە ژمارەیەک لە چالاکوانانی ئەو شارەی بانگ کردووە و پێیان ڕاگەیاندوون کە نابێ بەشداریی خۆپێشاندانەکە بکەن. لە کاتی خۆپێشاندانەکەشدا هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت پەلاماری خۆپێشاندرانیان دا و ژمارەیەک لە هاوڵاتییان و چالاکوانانی شارەکەیان دەستگیر کرد کە تا ئێستاش چارەنووسیان ناڕوونە. ئەوەی لێرە جێی پرسیارە ئەوەیە بۆ حکوومەت ڕێگای داوە خۆپێشاندان بۆ پشتگیری لە خۆڕاگریی کۆبانێ بکرێ و بۆ ترسی لە خۆپێشاندانەکان لە شاری سنە هەیە و پەنا بۆ سەرکوت دەبا؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە. دوای ئەوەی بەڕێز «عەبدوڵڵا ئۆجەلان» لە ساڵی ١٣٧٧ی هەتاویدا دەستگیر کرا، کۆمەڵێک کاردانەوە و نارەزایەتی گەورەی لێکەوتەوە. ڕۆژی سێ ڕەشەممە بۆ ئەم مەبەستە خۆپێشاندانێک لە سنە ڕێکخرا. ئەم خۆپێشاندانە کە سەرەتا لە لایەن پارێزگاری ئەو کاتی سنەوە مۆڵەتی پێدرا بوو، بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت کرا و لە ئەنجامدا ٣٣ کەس شەهید بوون و دەیان کەسی دیکەش بریندار بوو و خەڵکێکی زۆریش دەستگیر کرا و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ کەشێکی میلیتاریستی توند باڵی بەسەر شاردا کێشابوو و فڕۆکە سەربازییەکان بەسەر ئاسمانی شاردا دەسووڕانەوە.

ساڵی ١٣٨٤ دوای ڕووداوی شەهید کردنی «شوانە سەید قادر» لە مەهاباد، نارەزایەتییەکی گەورە زۆربەی شار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە. لە مەهاباد، سەقز، بۆکان، پیرانشار، بانە، مەریوان، جوانرۆ، شنۆ، کامیاران، سنە و... دژی ئەم تاوانە خۆپێشاندان کرا و خەڵک نارەزایەتییان دەربڕێ. هەموو

خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان لەگەڵ سەرکوت بەرەورووبوونەوە و ژمارەیەک خەڵک شەهید و بریندار بوون و خەڵکێکی زۆریش دەستگیر کرا. رۆژی ٨ی گەلاوێژی ١٣٨٤ لەبەردەم پارێزگاری سنە مانگرتنێک بەرێوەچوو کە دواتر رێکخەرانی دەستیگیر کران. رۆژی ١٠ی گەلاوێژ خۆپێشاندانێکی گەورە شاری سنەی گرتەوە و خۆپێشاندانەکەش بە توندترین شێوە سەرکوت کرا. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان زیاتر لە ٦ کەس لە خۆپێشاندەران کەوتنە بەردەستڕێژی هێزەکانی رێژیم و شەهید بوون و خەڵکێکی زۆریش بریندار بوون و زیاتر لە ٢٠٠ کەسیش دەستگیر کران. دوای ئەم رووداوە فەزاری شاری سنە بەتەواوەتی میلیتاریزە کرا و بۆ ماوەی چەند رۆژ دۆخی شار نائاسایی بۆ بوو و هێزێکی زۆر لە ناو شاردا بڵاوەیان پێ کرا و ناوە ناوەش فرۆکە سەربازییەکان بەسەر ئاسمانی شاردا دەسووڕانەوە.

دوای رووداوی ٣ی رەشەممەی ١٣٧٧ و خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٤، خۆپێشاندانی خەڵکی سنە بۆ پشتگیری لە خۆراگری کۆبانێ لە رۆژی جیهانی کۆبانێ دا، گەورەترین دەرکەوتنی خەڵکی ئەوە شارە (لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا) بووە کە لەگەڵ سەرکوت و پەلاماری هێزەکانی حکوومەت بەرەورووبوووە. ساڵی ١٣٧٧ بە بۆنەوە کە خۆپێشاندانە بۆ مەحکووم کردنی دەستگیر کردنی بەرێز «عەبدوڵلا ئۆجەلان» بوو و رووی نارەزایەتییەکان لە تورکیا و هاوپەیمانەکانی بوو، پارێزگاری ئەو کاتی سنە (کە سەر بە ریفۆرمخوازان بوو) مۆڵەتی بە خۆپێشاندانەکەدا و دواتر لەگەڵ ناوەندە ئەمنییەتییەکان تووشی کێشە هاتن و دوای ئەوەی هەموو ئامادەکارییەک کرابوو دەست پێکرا، مۆڵەتەکە هەڵوەشێنرایەوە. هەروەها بەو بۆنەوە کە ئاراستەی خۆپێشاندانە تەنیا دژی تورکیا نەبوو و دروشمی نەتەوەیی و مافخوازانەی تێدا دەوترایە، خۆپێشاندەران کەوتنە بە پەلاماری درندانە هێزەکانی رێژیم. خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٤ خۆرسک بوون و مۆڵەتیان پێ نەدرا بوو و زیاتر لە لایەن چالاکوانەوە سەرپەرەشتی دەکران. خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییەی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ پشتگیریی لە خەڵکی کۆبانێ زۆربەیان رێگە پێدراو بوون. بەو بۆنە کە تورکیا پشتگیری لە داعش دەکا و سەرەکیترین پشتیوانی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران هاوشێوەی خۆپێشاندانەکانی ساڵی١٣٧٧ ویستی لەو خۆپێشاندانە دژی تورکیا و ئەمریکا کەڵک وەربگرێ و بۆ ئەم مەبەستەش ئەو پەڕی هەوڵی خۆی داوە کە دروشمەکان دژی تورکیا و ئەمریکا بێ و دوور لە ناوەرۆکی نەتەوەیی و مافخوازانە بن. بەو بۆنە کە ئەم مەبەستەی حکوومەت جێبەجێ نەبووە و خەڵک لە خۆپێشاندانەکاندا بۆ پشتگیری لە کۆبانێ دروشمی مافخوازانە و نەتەوەییان بەرز کردووەتەوە، تووڕەیی هێزە ئەمنییەتییەکان گەیشتووەتە ئەو جێگەی کە بە درندانەترین شێوە پەلاماری خەڵک بدەن و خۆپێشاندانەکان سەرکوت بکەن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە پەیامی ئەو سەرکوت و پەلامارانەیە کە دەبێ وشیارانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین. ئامانجی حکوومەت لەم سەرکوتە ئەوەیە کە خەڵک بنێرێتەوە ماڵەکانیان و ڕێگا نەدا کە ئەو فۆرمە لە ناڕەزایەتیی دەربڕین پەرەبستێنێ و ببێ بە باو. حکوومەت لە ڕێگای سەرکوتەوە توانی لە ساڵی ١٣٧٧ ەوە تا ساڵی ١٣٨٤ خەڵک لە ماڵەکانیان رابگرێ و ناڕەزایەتییەکان کپ بکا و بە کەڵک وەرگرتن لە زەبروزەنگ ڕێگا نەدا خەڵک راشکاوانە هاوار بکا و داوای مافی خۆی بکا. دوای ساڵی ١٣٨٤ پرسی کۆبانێ دەرفەتێکی دیکەی رەخساند کە خەڵک راشکاوانە هاوار بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن. حکوومەت ترسی لەم هاوارە راشکاوانەیە و لە ڕێگای سەرکوت و زەبروزەنگەوە دەیەوێ ڕێگا لەوە بگرێ کە ئەم هاوارانە ببێ بە لافاوێکی گەورە. بۆیە پێویستە بە وشیارییەوە چاو لەم پرسە بکەین و سەرکوتی حکوومەت نەبێتە هۆی ئەوەی بۆ ساڵانێکی دیکە بخزێینەوە ناو ماڵەکانمان و دەنگی مافخوازانە و ناڕەزایەتیمان کپ بکەن.

خاڵێکی دیکە کە جێگای سەرنجە، ئەوەیە شاری سنە بووەتە چەقی ئەم سەرکوتانە و حکوومەت زۆر بێ بەزەییانە و دڕندانە لە ڕووداوەکانی ٣ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٧٧ و خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٤ و خۆپێشاندانی ١٠ی خەزەڵوەری ئەمساڵ بۆ پشتگیری لە کۆبانێ، دژی خەڵکی ناڕازی و خۆپێشاندەر پەنای بردووەتە بەر توندتیژی و سەرکوت. شاری سنە بەو بۆنەوە کە دەوری ناوەندە دەبینێ و چەقی ڕووداوکانی چەند ساڵی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، حکوومەت زۆر لێ نیگەرانە و دەیەوێ لە ڕێگای سەرکوتەوە ڕێگا لە هەر چەشنە جموجووڵێک کە یارمەتی بە گەشەی بیر و ویستی نەتەوەیی بکا، بگرێ. بە لەبەرچاو گرتنی پێگەی گرنگیی سنە، بێگومان هەر ڕووداوو خۆپێشاندانێک لەو شارە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر شارەکانی دیکە و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ. بە پێچەوانەش سەرکوتکردنی خۆپێشاندان و ناڕەزانەیتییەکانیش لەو شارە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە، پەیامە بۆ شار و ناوچەکانی دیکەش و کاریگەریی لەسەر کۆێ جموجووڵەکان دەبێ.

بۆیە ترس و نیگەرانییەکانی حکوومەت دەتوانین لە خانەی گرنگیی ئەم شارەدا لە هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لێک بدەینەوە. سنە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا شارێک بووە کە توانیویەتی کاریگەریی لەسەر گەشەی وشیاریی رۆشنبیری و سیاسی و نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای شوێن دانانەوە ئاراستەی ڕووداوەکان بکا. حکوومەت لەم پێگەیە دەترسێ، بۆیە لە ڕێگای هاوردنی خەڵکێکی غەیرە کوردەوە بۆ شارەکە هەوڵێ شێواندنی دێمۆگرافیای شارەکە دەدا، لە ڕێگای دانانی تەلەفزیۆن و... هەوڵی ئەوە دەدا کە زمانی خەڵک بشێوێنی و لە پرسە جیددییەکان دووریان بخاتەوە. لە ڕێگای سەرکوتیشەوە دەیەوێ دەنگی

خەڵکی ئەو شارە کپ بکا و هاواری مافخوازانەی خەڵک دابمرکێنێ و بە ترس و تۆقاندن ویست و داخوازییەکانی خەڵک بخزێنێتەوە گۆشەی ماڵەکانیان.

له ژماره ٦٤٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## د.ئەحمەد ئابڵاخی: زمانی کوردی زمانێکی پاراوە بۆ وەرگێڕان و دەتوانێ خۆی لەبەکار هێنانی وشەی نامۆ بپارێزرێت



(بەشی یەکەم)

ئاماژە: ئەزموونی وەرگێڕان لە کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک کەندوکۆسپ بەرەوڕووبە. هەر کەس لە روانگەیەکەوە دەڕوانێتە کەندوکۆسپەکان و خوێندنەوەیان بۆ دەکات. رەنگە کۆی روانگەکان بتوانن یارمەتیدەر بن لە دۆزینەوەی رێگا چارەی پێویست بۆ کەمکردنەوەی کەموکۆڕییەکان. ئەوەی لە کوردستان لە پانتای وەرگێڕان و زماندا دەبینرێ لە ڕووی مەعریفییەوە کاریگەری نەرێنیی داناوە و ئاڵۆزییەکی دروست کردوە کە زۆر کەس پێیان وایە ئەم ئاڵۆزییە سروشتییە و بێژنگی رۆژگار بەرهەمە خراپەکان ئەخاتە لاوە و بەرهەمە ناوازە و باشەکانیش بۆ هەمیشە ئەمێننەوە. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە کەسانێکیش پێیان وایە ئەم دۆخە بەرهەمی بێسەروبەرەیی و بێ پلانییە و

لایەنە پێوەندیدارەکان بە بەرپرسیار دەزانن. لە پێوەندیی لەگەڵ گرفتەکانی بواری زمان و وەرگێڕان لە کوردستان پێویستە ئەو کەسانەی لەو مەیدانەدا ئەزموونێکیان هەیە، قسەیان لەگەڵ بکرێ و لە ئەنجامی ئەم قسەو باسانەدا بەرەو ئەو ئاراستەیە بچین کە کەموکۆڕییەکان و گرفتەکان زیاتر بناسین و بە بەرچاڕوونی زیاترەوە هەوڵ بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنیان بدەین. دوکتۆر ئەحمەد ئابلاخی جگە لە ئەزموونی نووسین لە بواری وەرگێڕانیشدا ئەزموونی هەیە و چەند بەرهەمێکی کردووە بە کوردی کە شانۆنامە و چیرۆک و هەروەها چەند بەرهەمێکی دیکە لە بواری هزری چەپدا، لە خۆ دەگرێ. بۆیە لە پێوەندیی لەگەڵ زمان و وەرگێڕان و ئەزموونی وەرگێڕان، ناوبراومان دواندووە.

«ئەحمەد محەممەد ئابلاخی» ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە و دواتر چووتە بەغدا و لە زانکۆی ئەوێ درێژەی بە خوێندن داوە. هەروەها لە لۆبنان لە ژمێریاریدا دوکتۆرای وەرگرتووە. د.ئەحمەد ئابلاخی جگە لە زمانی کوردی، شارەزایی لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیشدا هەیە و چەند بەرهەمێکی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و وەک نووسینیش خاوەن چەند کتێبە. سەرجەم بەرهەمە نووسراو و وەرگێڕاوەکانی ناوبراو بریتین لە: وەرگێڕان:

١- لە چاوەڕوانی گۆدۆدا - شانۆگەری - نووسینی: سامویل بکێت،
٢- مرۆڤە ترسناکەکان، کۆمەڵەی چیرۆک، نووسینی: چیرۆک نووسی سووری « یاسین روفاعیە «،
٣- نامەیەک بۆ هاوڕێ، نووسینی: لینین،
٤- رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵدا، نووسینی: لینین،
٥- ئەلف و بێ کۆمۆنیستی، نووسینی: برژنسکی،
٦- بەرەو هەڵسانەوەیەکی سەرلەنوێ چەپ، نووسینی: کەریم مروە. نووسین:
١- بەهار و نێرگز و چاوەکانت ـ کۆمەڵە شێعر،
٢- لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی خیام ـ لێکۆڵینەوە،
٣- تەبایی، شانۆنامە

***پرسیار: بەڕێزت چەند بەرهەمێکت لە بواری جیا جیادا کردووە بە کوردی. وەک دەسپێکی باسەکە، بۆ دەست دایە وەرگێڕانی ئەو دەقگەلە؟ یان بۆ ڕووت لە وەرگێڕان کرد؟***

***د.ئەحمەد ئابڵاخی:*** **من لە سەرەتای گەنجییەوە دەستم بە خوێندنەوە کردووە. هەستم بەوە کردووە کە عەرەب ئەرشیڤێکی زۆر دەوڵەمەندیان هەیە. هەندێک سەرچاوە هەن کە بە ئاسانی دەست خوێنەری کورد ناکەون. لە لایەک ویستوومە سوود بە خوێنەری کورد بگەیەنم کە هەندێکیان لە خوێندنەوەی عەرەبیدا سوود وەرناگرن و لە لایەکی تریشەوە ویستوومە کتێبخانەی کوردی بەو بابەتانە دەوڵەمەند بکەم. ئەمەش ئەرکێکی گەورەی سەرشانی هەر نووسەرێکە کە خەمخۆری ڕۆشنبیری میلەتەکەی بێت. من تەنیا ئەتوانم لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕان بکەم. هیوادارم ئەو نووسەرانەی کە زمانەکانی دیکە (وەک: فارسی، ئینگلیزی و ...) ئەزانن و ئەو لێکۆڵینەوە و بەرهەمە فکریی و ئەدەبییانەی بەلایانەوە ناوازەیە و خزمەت بە خوێنەری کوردی و کتێبخانەی کوردی ئەکات بیگۆڕن بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی،**

***پرسیار: بۆ وەرگێڕان نەبووە کاری سەرەکی بەڕێزت؟ واتە لە باتی ئەوەی لەلای کارەکانی دیکەتدا ( لە بوارەکانی دیکەدا)، ناوە ناوە بە کاری وەرگێڕانەوە سەرقاڵ بیت، لە لای وەرگێڕاندا جاروبار کاری دیکەت کردبایە؟***

***د.ئەحمەد ئابڵاخی:*** **من سەرەتا بە وەرگێڕان دەستم پێ نەکردووە، سەرەتای لاویم وەک هەر لاوێک کە موراهیقانە عاشق ئەبێ و موراهیقانە سیاسی ئەبێ و لە ژێر کاریگەریی ئەو شێعرانەدا ئەبێ کە ئەیخوێنێتەوە و ئەبێ بە شاعیر، منیش وا دەستم پێ کردووە و شێعرم ئەنووسی، بەڵام بڵاوم نەئەکردنەوە. دواتر یەکەم بەرهەمم لە یەکێک لە ژمارەکانی ساڵی یەکەمی «هاوکاری»دا بڵاوبووە، واتە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو کە نووسینێکی سیاسی و هزری بوو. ئەو کات وەک چەپێکی تووڕە و هەڵچوو ئەمنووسی. دواتر کۆمەڵێک لە شێعرەکانم لە ساڵی ١٩٧٦ بە ناوی «بەهار و نێرگز و چاوەکانت» بەچاپ گەیاند. لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵی لێکۆڵینەوەم ئەدا و دەستم بۆ شتی گران ئەبرد. کتێبێکم چاپ کرد بە ناوی «لێکۆڵینەوەیەک لەسەر خیام لەبەر ڕۆشنایی هۆنراوەکانیدا»، کە لێکۆڵینەوەیەک بو دەربارەی فکریی خیام و هونەری خیام لە بەر ڕۆشنایی شێعرەکانیدا. ئەمە کاتێک بوو کە من هێشتا قوتابی بووم. ئەو سەردەمە لێکۆڵینەوە و دەم کوتان لە بونیادگەریی و فەلسەفەی بێ هوودەیی لە ئارادا بوو، منیش «لە چاوەڕوانی گۆدۆدا»م خوێندبووەوە کە شانۆنامەیەکی بێ هوودەیی بوو لە ڕوانگەی ناماقوڵەوە سەرچاوەی ئەگرت، بۆیە بە پێویستم زانی وەریگێڕمەوە بۆ سەر زمانی کوردی. ئەو شانۆنامەیە دەقێکی زۆر نایاب بوو، هەروەها لە پێشەکییەکەیدا بیروڕای خۆم دەربڕی و هەندێک تیشکیشم خستە سەر دەقەکە و بیروباوەڕی نووسەرەکەی(سامۆئێل بێکت). هەر ئەو دەمە کۆڕێکم دەربارەی ئەدەب و فەلسەفە گرت و لەوێدا پێوەندییەکانی ئەدەب بە فەلسەفەوە و ئاماژە کردن بە ئەدەبێکی دروست و فەلسەفەیەکی دروست بە گوێرەی فکری**

خـۆم وەک مارکسیسـتێک، بۆچـونی خـۆم دەربـڕی کە لەو کـۆڕەدا مارکسیسـتەکان زۆر لەسـەرم بە وەڵام هـاتن لە بەرانبەر ئەو بەرپەرچـانەی کە تووشـی بـووم لە لایەن ئەوانەوە کە خـاوەنی فکریـی بونیـادگەرایی بـوون. لەوانە «محەمەد کمال» (ئێستا دکتورای هەیە) و «فوئـاد عەبـدوالرەحمان» و «ئەمجەد» کە تەنیـا سێ کەسی شـارەزا بوون لەو دەمە لەو بوارەدا. دواتر هەر لە بواری ڕەخنە گرتن و لێکۆڵینەوەدا زۆر نووسینم بڵاو کـردەوە دەربـارەی چیرۆک و شانۆ و شێعر کە ئەو دەمانە هەموویان بایەخی تایبەتی خۆیان هەبوو. هەر ئەو نووسینانەش زیاتر منی وەک چەپێک ناساند. لە پاڵ ئەمانەشدا ئەو دەقانەی کە سەرنجی ڕائەکێشام لە عەرەبییەوە ئەمگۆڕی بـۆ کـوردی، لەبەر ئەوە وەرگێڕان بووە کاری دووەمم نەک یەکەم.

***پرسیار: ئەو چەند دەقەی کە کردووتـانە بە کوردی، بوارەکانیان جیاوازن. دەقی شانۆیی، چیرۆک و هـزری چەپی تێ دایە. بۆ لەسەر یەک بواری دیاری کراو کارت نەکردووە؟ پێت وانییە بەو شێوەیە دەتوانی سەرکەوتوو تـربی؟***

***د.ئەحمەد ئـابلاخی:*** هەمـوو نووسـەرێک لە پـاڵ نووسیندا بێگومـان ئەبـێ خـوێنەرێکی باشیش بێت، دەنـا نـابێتە نووسـەرێکی خـاوەن زەمینەیەکـی فکریـی و ئەرشیڤێکی ڕۆشنبیری. هەر لەو کـاتی خوێنـدنەوەیەدا هەنـدێک بەرهەم سەرنج ڕائەکێشێ وەهست ئەکەیت کە خوێنەرانی تریش پێویستە لێی ئاگـادار بـن و کتێبخـانەی کـوردی لـێ بێبەش نەبێت، بۆیە هەوڵ ئەدات بیگۆڕێ بۆ سەر زمانەکەی خۆی، لەبەر ئەوە (وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئـاماژەم پێ دا) من بە پلەی یەک وەرگێڕ نیم، بەڵکو نووسەرم، بەڵام ئەو بەرهەمانەی کە سەرنجیان ڕاکێشاوم هەوڵم داوە بیانگۆڕم بۆ سەر زمـانەکەی خـۆم. هەرچەنـدە ئەوەی کە گۆڕیـومە یەک لەسـەر سـەدی ئەو بەرهەمـانە نین کە خـۆم پێیـان سـەر سـام بـووم و حەزم کـردووە بیـانگۆڕم بـۆ کـوردی. ئەمەش ئەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی وەرگێـڕان وەک تایبەتمەندی ئەدەبی و پیشە کـاری سەرەکیم نەبـووە. بـۆ نموونە یەکێک لەو بەرهەمـانەی کە نـزیکەی 25 سـاڵ لەمەو بەر خوێندوومەتەوە و ئاواتم وابوو بیکەم بە کووردی « ذكريـات فـي منـزل الأموات »ی «داستیوفسکی»یە کە پێی نەوێرام، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە مامۆستا «حەمە کەریم عـارف» کردی بە کوردی. دیـارە ئەویش وەک من کـاری وەرگێـڕان تایبەتمەنـدی یەکەمـی نییە و چیـرۆک نووسێکی دیـارە. بێگومـان ئەویش ئەو شـاکارە سـەرنجی ڕاکێشاوە، بۆیە خۆی لەگەڵیدا ماندوو کردووە و کردوویەتـی بە کوردی. ئەمـانە نموونەیەکی کەمن و دەیـان کەس لەم بوارەی ئێمەدا پەل بۆ چەند بواری جیاواز ئەکێشن. هەیە شاعیریشە و چیـرۆک نووسیشە. «شێرکۆ بێکەس» وەک شاعیر ناسراوە، بەڵام وەرگێڕانیشی هەیە و شانۆنامەشی نووسیوە و دەیان نموونەی دیکە. من بـۆ خـۆم شێعرم نووسیوە و ڕەخنەی شێعریشم گرتووە، چیرۆکم نووسیوە و چیرۆکیشم وەرگێڕاوەتەوە. لەسەر شانۆگەریشم نووسیوە و

شانۆنامەشم نووسیوە و شانۆنامەشم وەرگێڕاوەتەوە. لێکۆڵینەوەی سیاسیم نووسیوە و باسی سیاسیشم وەرگێڕاوەتەوە. وەک وتم ئێمە وەک کورد کەسی تایبەتمەندمان زۆر کەمە کە تەنیا لە یەک بواردا خەریک بێت.

**پرسیار**: *هەم چیرۆک و هەم شانۆنامە تان وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. ئایا وەرگێڕانی دەقێکی شانۆیی جیاوازی هەیە لەگەڵ وەرگێڕانی چیرۆکێکدا؟*

**د.ئەحمەد ئابڵاخی**: وەرگێڕ ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە زمانەکەیدا چ ئەو زمانەی لێوەی وەرئەگێڕێ و چ ئەو زمانەی بۆی وەرئەگێڕێ، ئەو جیاوازیە زۆر گەورە نابێت، بەڵام بە ڕای من وەرگێڕێکی باش ئەگەر خۆی باکگراوندی شێعری هەبێ، واتە شاعیر بێ، شێعرێک باشتر وەرئەگێڕێت لە وەرگێڕێکی دیکە کە شاعیر نییە، چونکە شێعریەت و بنەماکانی شێعر لە وەرگێڕانەکەیدا پەیڕەو ئەکات. من بۆ خۆم کە چیرۆکم نووسیوە و شانۆنامەشم نووسیوە هەرچەند زۆر بە کەمی و لەیەک دوو یەک تێپەڕ ناکات، بەڵام کە چیرۆکێکم وەرگێڕاوە، یا شانۆنامەیەکم وەرگێڕاوە هەندێک جیاوازم کردووە. لەوانە، دیالۆگەکان و بەرەورووو کردنەوەی قسەکان لە شانۆنامەیەکدا جیاوازی هەیە لە دیالۆگەکانی ناو چیرۆکێک. خۆت ئەزانی زمانی ئاخاوتن و نووسین لە کوردیشدا وەک زمانەکانی دیکە هەندێک جیاوازی هەیە. دیالۆگی ناو چیرۆک بە زمانی نووسین ئەنووسرێ و سەد لە سەد زمانێکی ئەدەبی هەیە، بەڵام شانۆنامە زیاتر بە زمانی ئاخاوتن و شەعبی ئەنووسرێت. جگە لەوەش هەندێک ئیمائات هەیە کە دەکرێ لە چیرۆکێکدا بە نووسین دەربڕێ، بەڵام لەشانۆدا بە جووڵە و دەموچاو دەرئەبڕێت.

**پرسیار**: *چەند بەرهەمتان لە بواری هزری چەپدا وەرگێڕاوەتەوە. ئایا وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە پەیوەندی بەوەوە نییە کە بۆ خۆتان باکگراوندێکی چەپتان هەیە و ئێستاش هەر باوەڕتان بە هزری چەپ و مارکسیزم ـ لینینیزم هەیە؟*

**د.ئەحمەد ئابڵاخی**: مارکسیزم و لینینزم ئەو سەرچاوانەن کە لە سەرەتاوە منی پەلکێش کردووە بۆ گەڕانی زیاتر و قوڵبونەوەی زیاتر و پەروەردە بوونیش بەو فەلسەفە و ڕێبازە. مارکسیزم و لینینزم لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە مرۆڤ دەوڵەمەندتر ئەکات و ئەیکاتە خاوەنی باکگراوندێکی باش بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆنپارێزی و مەزهەبی و سەلەفیەت. ئەگەر کەسێک وا دەستی پێکرد بێگومان مەگەر لێی حاڵی نەبووبێ، ئەگینا وەرناگێڕێتەوە. هەر ئەمەش وات لێ ئەکات کە چەپ هەڵبژێری، چەپ بوون پێوەندیی بە باری دارایی تاکەوە نییە، بەڵکو بەڕای من

هەر وەک لە پێشەکی دوا وەرگێڕانمدا (کتێبی «بەرەو هەستانەوەیەکی سەر لە نوێی چەپ») ئاماژەم پێ کردووە، هەرکەسێک هەست بە چەوساندنەوە بکات لە ڕووی فکری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و هەرشێوازێکی دیکەی چەوساندنەوە، هەستێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ گۆڕین و نوێ بوونەوە و وەستانەوە دژی چەقبەستوویی کۆمەڵایەتی و شارستانی تێدا خولقا بوو، ئەوا ئەو کەسە چەپە، بۆیە هەر چەپم و هەر چەپیش ئەبم و دەستبردنم بۆ وەرگێڕان یان نووسینی هەر بابەتێکیش هەر لەوەوە سەرچاوە ئەگرێت. ئەو بەرهەمانەش کە لە بواری هزری چەپدا وەرمگێڕاون بریتین:

١- نامەیەک بۆ هاوڕێ ـ نووسینی: لینین،
٢- ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵدا ـ نووسینی: لینین،
٣- ئەلف و بێ ی کۆمۆنیستی ـ نووسینی: برژنسکی و
٤- بەرەو هەستانەوەیەکی سەر لە نوێی چەپ ـ نووسینی: کەریم مروە

هەندێک کتێبی تریشم وەرگێڕاوە کە بابەتی ئەدەبین، بەڵام ئەوانیش هەر لە خزمەتی ئەو هێڵە فکرییەی خۆمدان.

***پرسیار: بیری چەپ لە کوردستان ڕابردوویەکی هەیە و بەتایبەتی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەر کەسایەتییەکی سیاسی و چالاکوانێک و... چەپ نەبوایە و باوەڕی بە مارکسیزم و لینیزم نەبووایە، ئەوا وەک کەسێکی دواکەوتوو سەیر دەکرا، کاریگەریی ئەم فەزایە لەسەر زمان و نووسین و ئەدەبی کوردی بەتەواوەتی دیارە، بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پێشینەیە، زمانی کوردی چەندە بە دەستەوەیە بۆ وەرگێڕانی دەقێک لە بواری بیری چەپدا؟ ئایا لە وەرگێڕانی تێرم و زاراوەکاندا هیچ تووشی گرفت نەبوون و هاوتاکانی هەندێ تێرم و زاراوە بە ئاسانی لە زمانی کوردیدا دەست دەکەون؟***

***د.ئەحمەد ئابڵاخی:*** ڕاستە بیری چەپ لە کوردستان ڕابردوویەکی باشی هەیە و ئەگەرچی ئێوە بە نموونە باسی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووتان کرد، بەڵام من ئەڵێم لەوەو پێشتریش گوتاری چەپ لە کوردستاندا هەبووە و لە حەفتاکاندا زیاتر جووڵایەوە و بەداخەوە بە هیچ نەبوو و گەشەی نەکرد. ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبە نەتەوەییەکان ڕۆڵێکی کاریگەر و جەرگبڕیان بینی بۆ داپڵۆسینی بیری مارکسیزم ـ لینینیزم لە کوردستاندا. ئەگەر

چەمکی چەپ و شۆڕشگێڕیی چەوساوەکان پێوەر بێ، ئەبوو ئەوان لە دژی بیری چەپ وایان نەکردبایە، چونکە خۆشیان لە حساباتی چەپدان و چەوساوەن ومافە نەتەوایەتی و چینایەتی و شارستانی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانیان هەمووی لە لایەن شۆڤینزمی عەرەبەوە زەوت کرا بوو. دەبوو وەک هاوپەیمان و دۆست و هاو خەبات لەو حیزب و گروپە مارکسی و چەپانە بڕوانن. بەداخەوە وا نەبوو، دژایەتییەکەیان هەر بەوەوە نەوەستا کە لە کوردستاندا پڕوپاگەندەی ئەوەیان بۆ بکەن کە ئەمانە باوەڕیان بە خوا نییە و کافرن و سێکس و ئەو شتانە لایان موباحە، تا گەشتنە ئەوەی وایان بۆ بڵاوکردنەوە کە گوایە لە خوشکی خۆشیان لانادەن چونکە بێ دینن و ئەو شتانەیان بەلاوە ئاساییە. هەر وەک دەزانن لە گۆمەڵگەی کوردیدا کە کۆمەڵگایەکی موسڵمانە (لە ئاستێکی ڕۆشنبیری دیاری کراودا) زوو باوەڕ بەو شتانە ئەکەن و ئەمەش گورزێکی جەرگبڕی لە بیری چەپدا و بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین سەیری چەپ بکەن. تەنیا بەوەش نەوەستان و کوشت و بڕی چەپەکانیان کردن و بە چەک بەرەنگاریان ئەبوونەوە و لێیانیان ئەدان و سەرکوتیان ئەکردن. چەپەکان و گروپە مارکسیستەکانیش نە لەڕووی سەربازیەوە توانای بەرەنگاریان هەبوو و نە لەڕووی تیۆریشەوە. نە ئەوەندە بە دەست بوون و نە خاوەن جەماوەرێکی وابوون کە بتوانن بە پراکتیک و هەڵمەتی فراوان بەرپەرچی ئەو پڕوپاگەندانەی دژیان ئەکرا، بدەنەوە. ئەمە لەناو رای گشتی خەڵک و لادێیەکانی لانکەی شۆڕش و بەرگریدا وا بوو. لە شارەکانیشدا ڕێژێم دژی ئەو بیر و باوەڕە بوو. جاری وابووە لەسەر کتێبێکی مارکسی خەڵک گیراوە و ئەشکەنجە دراوە و سزای بۆ بڕاوەتەوە، بەڵام بەخۆشییەوە لەناو ڕۆشنبیراندا کەسانی مارکسی بە ڕۆشنبیر و قسەزان ناسراو بوون و قسەیان بڕەوی بوو.

بەشی دووەمی ئەم پرسیارە کە باسی بیری چەپ و مارکسیزم بوو، ڕنگە ئەوەندە پێوەندیی بە بەشی یەکەمەوە نەبێت. بەشی دووەم پێوەندیی بە زمانەوە هەیە. کۆمەڵێک زمانزان و وەرگێڕی زۆر باشمان هەیە کە مارکسیست و یان چەپیش نین. زمانی کوردی زمانێکی پاراوە بۆ وەرگێڕان و دەتوانێ خۆی لەبەکار هێنانی وشەی نامۆی وەک عەرەبی و فارسی بپارێزرێت. بێگومان نەک هەر زمانی کوردی، بەڵکو زمانەکانی دیکەش خاوەنی ئەو زاراوە تازانە نین کە بە زمانی میلەتی داهێنەر هاتوونەتە کایەوە. بۆ وێنە بوارەکانی تەکنەلۆژیا و فەلسەفە، زاراوەیەکی وەک ئەوەی من ئێستا بەکارم هێنا (تەکنەلۆژیا) یان زاراوەی «هێرمۆنیکا» و زۆری تر لەو بابەتانە. دەکرێ هاو واتا بۆ ئەم وشانە دابنرێ و زۆر جاریش ڕوویداوە بەرانبەر ئەو چەمکگەلە وشەیەک داتاشراوە یا بەچەند وشەیەک گوزارشتی لێ کراوە، بەڵام ڕەنگە هەر پڕاوپڕی زاراوە بیانییەکەی نەگرتبێتەوە. ئەمەش عەیب نییە بۆ زمانەکە و بۆ نووسەرە وەرگێڕەکانیش، چونکە کانگای سەرهەڵدانی ئەو زاراوانە پێوەندیی بە وڵات و زمان و گەلێکەوە هەیە

که داهێنەری ئەو بابەتەن و هێشتا لای ئێمە نامۆیە.

لە ژمارە ٦٤٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

-------------------------------------------

## د.ئەحمەد ئابڵاخی: زمانی کوردی زمانێکی پاراوە بۆ وەرگێڕان و دەتوانێ خۆی لەبەکار هێنانی وشەی نامۆ بپارێزرێت

### بەشی دووهەمو کۆتایی

***پرسیار**: جیاوازی نێوان وەرگێڕانی دەقێکی شانۆیی و چیرۆک (کە هەردووکیان دەقی ئەدەبین) لەگەڵ وەرگێڕانی دەقێک لە بواری بیری چەپدا کە بەڕێزت کارت لەسەر کردووە، لە چی دایە؟ وەرگێڕانی کامیان بە دەستەوەتر و ئاسانترە؟*

***د.ئەحمەد ئابڵاخی**:* پرسیارێکی زۆر بە جێیە، ئەو بوارەی کە کاری وەرگێڕانی تێدا ئەکەیت، جگە لە شارەزایی لە هەردوو زمانەکەدا لە بابەتەکەشدا پێویستی بە شارەزایی هەیە. کەسێک شیعرێک وەرئەگێڕێت، ئەبێ بزانێ پرەنسیپەکانی شێعر نووسین چییە؟ (وەک وێنەی شێعری و مۆسیقای شێعری و زمان پاراوی). چیرۆک و شانۆنامە هەرچەندە دوو بابەتی ئەدەبین، بەڵام کارکردن تیاندا جیاوازە، بۆ نموونە شانۆنامە بریتیە لە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان کە زۆر جار زمانی گفتوگۆ جیاوازە لە زمانی نووسین، هەروەها پێویستە کۆتایی هێنانی قسەی کەسێک، وەرگرتنەوە، یان وەڵامدانەوەی کارەکتەری بەرانبەر ڕەچاو بکرێ. چیرۆکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەک دیالۆگە ناوخۆییەکان و سەردێڕی ڕووداوەکان و زۆر شتی تر، بۆ نموونە ڕەنگە لە چیرۆکێکدا هاتبێت: (... لەبەر خۆیەوە ئەدوا و بیری لە ڕابردووی خۆی و خێزانەکەی ئەکردەوە ...). ئەم دێڕە لە شانۆدا نانووسرێ، چونکە کاراکتەر ناتوانێ لەسەر شانۆ ئەوە جێبەجێ بکات. لەبەر خۆیەوە ئەدوێ و بینەر گوێی لێ نابێ یا بینەر چۆن و بە چیا بزانێ ئەو بیری لە ڕابردووی خۆی و خێزانەکەی ئەکاتەوە. بەشی دووەمی پرسیارەکەت کە جیاوازی

ئەمانە لەگەڵ بابەتی سیاسیدا چییە؟ زۆر دەستەواژە و زاراوە هەیە کە لە بابەتی سیاسیدا بەکاردێ ولە بابەتی ئەدەبیدا نییە و وەرگێڕ پێویستی بەو زانیارانە هەیە. دەنا وەرگێڕ زۆر بە ئاسانی ئەکەوێتە هەڵەوە و ناتوانێ پەیامەکە بە دروستی لە زمانی سەرچاوە بۆ زمانی مەبەست بگوازێتەوە. بەم پێیە هەموو ئەو بوارانەی کە کاری وەرگێڕانی تێدا ئەکرێ، پێویستە وەرگێڕ شارەزایی تێدا هەبێت. بۆ نموونە من ناتوانم بابەتێک لەسەر کیمیا یان ماتماتیک وەربگێڕم، چونکە شارەزایم لەو بوارانەدا لەو ئاستەدا نییە کە دەقێکی پێ بکەم بە کوردی.

***پرسیار: جیا لە وەرگێڕان بۆ خۆشتان کۆمەڵێک بەرهەمتان هەیە. یەکێک لەو بەرهەمانە کۆمەڵە شێعری « بەهار و نێرگز و چاوەکانت « ە، دەمەوێ بپرسم جەنابت کە شێعریشت هەیە، ئەی بۆ شێعرت وەرنەگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی؟ یان لە بنەڕەتدا ئێوەش وەک ژمارەیەک خاوەن ڕای دیکە لەگەڵ وەرگێڕانی شێعردا نین؟***

***د.ئەحمەد ئابڵاخی:*** دەقاو دەق وایە، من لەگەڵ وەرگێڕانی شێعردا نیم. هەرچەندە هەندێک شێعریشم وەرگێڕاوە و بڵاویشم کردووەتەوە. بۆ وێنە سێ تا چوار شێعری «نزار قەبانی»م کردووە بە کوردی. شێعر خەیاڵێکی چڕی شاعیرە کە ناکرێ سەد لە سەد خەیاڵەکەی من وەک شاعیرەکە بێت. من بۆ خۆم لە نووسینی شێعردا سەرکەوتوو نیم و ڕازی نیم لەو شێعرانەی کە نووسیومن، بەڕای من کەسێکیش شاعیر نەبێ ناتوانێ شێعر وەربگێڕێت. دەبێ ئەوەی شێعر وەرئەگێڕێتەوە پارێزگاری لە تام و چێژی دەقە شێعرییە وەرگیراوەکە بکا. زۆر جار لەگەڵ هاوڕێ ڕەخنەگرەکانم کە شێعرێکی بێ تام و چێژ ئەخوێنینەوە ئەڵێین:»ئەڵێی شێعری وەرگێڕراوە». ڕاستە کە شێعر وەرئەگێڕیت بە ئامانەتەوە پارێزگاری لە گەیاندنی ئایدیای شاعیرەکە ئەکەیت، بەڵام زەحمەتە بتوانی پارێزگاری لە تام و چێژەکەی بکەیت.

***پرسیار: هەست دەکرێ لە وەرگێڕاندا زیاتر شێوازی وەرگێڕانی « وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستە « بەکار دێنن و خۆتان لەو شێوازە وەرگێڕانە بە دوور دەگرن کە ناوەڕۆکی دەق لە زمانی سەرچاوە وەردەگرێ و بە زمانی مەبەست دایدەڕێژێتەوە. ئایا ئەم تێڕوانینەتان بەرانبەر بە وەرگێڕانەکانت قبووڵە؟ ئەگەر وایە هۆکارەکەی چیە؟***

***د.ئەحمەد ئابڵاخی:*** کاری وەرگێڕانی وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستە مەگەر هەر بۆ فەرهەنگ دەست بدات. من بۆ خۆم لە وەرگێڕاندا مەبەستم ئەوەیە بیر و باوەڕی نووسەرەکە بگەیەنم بەتایبەتی لە بابەتی سیاسیدا، لەبەر ئەوە چ کارم بەسەر وشە و ڕستەوە نییە، تەنانەت خاڵ بەندیەکانیش ئەگۆڕێت، جاری وا هەیە من لەکاری وەرگێڕاندا

تووشی ئەوە بووم تەنیا وشەیەکی سەرەکی بە دێڕێ دوو دێڕ گوزارشتی لێ بکەم تا بتوانم خوێنەر بەباشی لێم تێ بگات و لە مەبەستی نووسەرەکەش بگات. ئەمە بۆ خۆی ئامانجی کاری وەرگێڕانە. هەر ئەمەش وای کردووە جاری وا هەیە پەرەگرافێکی نیو لاپەڕیی وەرئەگێڕیت کەچی لاپەڕەیەک یا زیاتر ئەگرێتەوە. ئەو جۆرە وەرگێڕانە (واتە وشە بە وشە یا ڕستە بۆ ڕستە) تەنانەت بۆ تابلۆی ناونیشانی فەرمانگەیەک یا کۆمپانیایەکیش نابێ. هەر بۆ نموونە هەندێک لەو وەرگێڕانانە وەرئەگێڕدرین زیاتر بۆ پێکەنین وەک ئەوەی «مصلحه المبیعات الحکومیه» کراوە بە «بەرژەوەندیی فرۆشتنی میری». ئەمە نازانم یانی چی؟ «میری» ئەفرۆشرێت؟ ئەبوایە بکرایە بە «دەزگای فرۆشتنی سەر بە میری»، یان «دەزگای فرۆشتن تایبەت بە میری»، یا بەهەر شێوەیەکی تر گوزارشتی لێ بکرایە، یان لە نەخۆشخانەکان «وحده الباگنیه الاولی» کراوە بە «یەکەی هەناوی یەک» کە دەبوو بە کوردییەکی جوان بنووسرابایە. بۆ نموونە بکرابایەتە «بەشی هەناو ژووری یەک»، یان «بەشی یەکەم بۆ نەخۆشییەکانی هەناو». بەم جۆرە ئەمە جیاوازی وەرگێڕانی وشە بە وشە، یان ڕستە بە ڕستەیە کە لە مەبەست دوورت ئەخاتەوە و وەک پێویست نایەت بە دەستەوە.

***پرسیار: بەڕێزتان دوکتۆراتان لە بواری ژمێریاریدا وەرگرتووە. ئەم بوارەش یەکێک لەو بوارانەیە کە کورد کاری تێدا نەکردووە و تەنیا چەند کەسێک هەوڵیان داوە کە تێرم و زاراوەکانی ئەو بووارانە بکەن بە کوردی، ئەوەندەی دەبینرێ زۆربەی ئەو تێرم و زاراوەگەلەی کە لەو بوارەدا بەکار دەبرێن وشەی داتاشراوی کوردی نین و لە زمانەکانی دیکە وەرگیراون. دەمەوێ بپرسم بۆ بەڕێزتان لە بوارەکەی خۆتاندا وەرگێڕانتان نەکردووە کە کورد زۆری پێویست پێیەتی؟***

***د.ئەحمەد ئابلاخی:*** زمانە زانستییەکان وەک ژمێریاری، کیمیا، ئەندازیاری و پزیشکی ئاسان نین بکرێن بە کوردی. هەر چەندە مامۆستای بەڕێز «جەمال عەبدول» فەرهەنگێکی کیمیایی داناوە، بەڵام لە کتێبەکاندا زۆر دەستەواژە و زاراوە هەیە کە زانستین و هێشتا لە بەرانبەریاندا لە زمانی کوردیدا وشەمان نییە، بۆیە ئەبێ وەرگێڕ خۆی وشەی بۆ دابتاشێ، کە ئەمەش ئاشنا نابێت بە ژمێریاران یا پزیشکان یا ئەندازیاران. هەر وەک نموونەیەکی بچووک لە زمانی ژمێریاریدا لای ڕاستی حسابێکی ژمێریاری پێی ئەوترێ »من» یا»مدین» و لای چەپیشی پێی ئەوترێ »الی» یا «دائن» کە ئەم مەدین و دائنە قەرزار و قەرز دەر نین بەمانای ژمێریاری تاکو بە کوردی لە بەرانبەریان دابنرێت. دەتوانین دەیان نموونەیەی لەم چەشنە باس بکەین. ئەمانە هەموو گرفتن و پێویستە دەزگایەکی زمانەوانی بە هاوئاهەنگی و کۆدەنگی ئەو زاراوە زانستیانە بکەن بە کوردی و بانگەشەی بۆ بکەن و بە

گوێی خەڵکی ئاشنا بکەن. لێرەدا مەبەستم لە خەڵک، خەڵکی زانکۆکان وخوێندکارانە. ئەوجا دوای ئەوە وەرگێڕەکان ئەتوانن کاری لەسەر بکەن و پشت بەو بڕیارەی ئەو دەستە زمانەوانییە ببەستن، چونکە ناکرێ هەر کەسە و یا هەر وەرگێڕەو بە ئارەزووی خۆی وشە بۆ ئەو زاراوانە داتاشێ و گێژاوێکی زمانەوانی و لێک حاڵی نەبوون دروست ببێت.

***پرسیار: ژمارەیەک لە وەرگێڕەکان گلەیی و ڕەخنەیان لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی دەزگاکانی وەرگێڕان و چاپ و بڵاوکردنەوە هەیە، ئێوە چۆن دەڕواننە چۆنیەتی مامەڵە کردنی ئەو ناوەندانە لەگەڵ وەرگێڕەکان و دەقەکانیان؟***

***د.ئەحمەد ئابڵاخی:*** ئەو دەزگایانەی کەسانی فەرمانبەری تێدایە، نەک پسپۆڕی وەرگێڕان کە هیچ کاری تریان نەبێت و بە بەرنامە خەریکی وەرگێڕان بن. ئێستا وای لێ هاتووە کە خەڵکی بۆ خۆیان و بە ئارەزوی خۆیان بابەت وەرئەگێڕنەوە و ئەدرێت بەو دەزگا و ناوەندانە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ئیتر یا پێدا ئەچنەوە، یا ئەیدەنە کەسێکی دەرەوەی دەزگاکەیان بۆیان پێدا بچێتەوە، ئەوە بابەتێکی دیکەیە. دیارە لە لایەکیشەوە ئەوانیش ناهەقیان نییە و کەموکورتی زۆرە و نە پلانێکی ڕوون و ئاشکرایان لەبەردەمایە و نە بوودجە ودەرماڵەیەکی وایان هەیە کە وەڵامدەر بێ. کەموکورتیش لەوانەدا بە دوای خۆیدا تەگەرە و ئاستەنگ دروست ئەکات، ئەگەر من بەرپرسی دەزگایەکی وابم و دەستەڵاتم هەبێ و خۆم بەرنامەڕێژی بکەم و خۆم خەڵکی بۆ دابمەزرێنم و پارەشم لەبەردەستدا بێت، ئەو کاتە کۆمەڵێک وەرگێڕی باش بە مووچە و دەرماڵەی باش دائەمەزرێنم کە جگە لە وەرگێڕان کاری دیکە نەکەن. ئەوسا بە پێی پلانێکی باش و بە ڕاپرسی کەسانی شارەزا دەیان کتێبی دانسقە و نایابم لە زمانەکانی دیکەوە وەک ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، ئەڵمانی، تورکی و... هەڵئەبژارد و بە پێی تایبەتمەندی وەرگێڕەکە لە زمانەکاندا دابەشم ئەکرد بە سەریاندا و ماوەم بۆ دیاری ئەکردن کەلە ماوەی ئەوەندەدا وەک ئەرکێکی فەرمی ئەبێ تەواوی بکەن و چاپخانەی باشم دا ئەنا و بە دیزاین و نەخشەسازی و تایپێست و هەموو پێداویستییەکانی ترەوە باشترین کارم دەکرد و لە ساڵێکدا لایەنی کەم پەنجا کتێبی باشم ئەخستە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردیم پێ دەوڵەمەند ئەکرد. ئەمەی من ئەیڵێم تانە نییە بۆ بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی ئەو دەزگا و ناوەندانەی وەرگێڕان وچاپ و بڵاوکردنەوە و لەو ڕوانگەوە قسە ناکەم کە ئەوان وەک منیان پێ ناکرێ. ئەو دەسەڵات و داراییەی کە باسی ئەکەم بخرێتە بەردەستی ئەوانیش لەو بڕوایەدام ئەوانیش ئەوەیان پێ ئەکرێت. ئەمە لە ڕوویەکەوە، لە ڕوویەکی ترەوە ئەوانیش ستانداردێکی ڕێزمان و ئیملای کوردیان لەبەر دەستا نییە کە هەموو دەزگاکان لەسەری ڕێکەوتبێتن و پێڕەوی بکەن، لەبەر ئەوە هەرچەندە گلەیی

هەبێت، ئەوانیش لە وەڵامدا بیانووی خۆیان هەیە.

***پرسیار: بە گشتی چۆن دەڕواننە بازاڕی وەرگێڕان لە کوردستان دا، هەندێ کەس پێیان وایە جۆرێک لە پاشا گەردانی و بێسەر وبەریی باڵی بەسەر ئەم مژارەدا کێشاوە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم بۆچوونە؟***

***د.ئەحمەد ئابڵاخی:*** **پێم وایە لە وەڵامەکانی پێشوودا تیشکم خستە سەر ئەو پاشا گەردانییە. بەدەر لە دەزگاکانی وەرگێڕانیش ئەو پاشاگەردانی و شپرزەیی و بێسەروبەرییەی بە وەرگێڕانەوە هەیە، پێوەندیی بە وەرگێڕەکانەوە هەیە، وەرگێڕی زمانی فارسی، ئینگلیزی و عەرەبی ئەناسم بۆ ماوەی پانزە دەقیقە ناتوانێ لەگەڵ فارسێک، یان ئینگلیزێک و یان عەرەبێکدا قسە بکا، واتە زمانی بەرانبەر شارەزا نییە، کەچی کتێب لەو زمانانەوە وەرئەگێڕێتەوە سەر کوردی. زمانی هەر گەلێک دەیان و سەدان ئیدیۆم و کنایەی تێدایە و ناکرێ وەرگێڕانی وشە بۆ وشە، واتە تەرجەمەی حەرفی بۆ بکرێت، کەچی ئەبینی کاری وەرگێڕان ئەکەن و زۆریش لەو وەرگێڕانە کەوتوونەتە هەڵەی واوە کە بووەتە مایەی گاڵتە جاڕی و دەماودەم خەڵکی بۆ یەکتری ئەگێڕنەوە کە فڵان وەرگێڕ بەرانبەر فڵان ڕستە یان فڵان وشە بە کوردی وای نووسیوە. نموونەی زۆرم لایە گەر بیانڵێم وەرگێڕەکان کاری خۆیان ئەناسنەوەو لێمان زویر ئەبن، بۆیە وەرگێڕ ئەبێ بە تەواوی بەسەر هەردوو زمانەکەدا زاڵ بێ، ئەوسا ئەتوانێ کاری وەرگێڕان بکات.**

***پرسیار: چ پێشنیازێکتان هەیە بۆ ئەوەی دۆخی وەرگێڕان لە کوردستان گەشە بکات و کەموکوڕییەکانی کەمتر بێتەوە؟***

***د.ئەحمەد ئابڵاخی:*** **پێشنیاری من ئەوەیە حکوومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەزگای تایبەت بە وەرگێڕان دروست بکات و کەسانی کارامە و بە توانای تێدا دابمەزرێنن و ئەوانەشی کە لە دەرەوەی ئەو دەزگایە، کاری وەرگێڕان ئەنجام ئەدەن بەرهەمەکانیان لێ وەربگیرێت و بدرێتە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا تا لەلایەک بە زمانەکەیدا بچنەوە و لە لایەکی تریش بەراورد بکرێ لەگەڵ دەقە وەرگێڕاوەکەدا و ئەگەر پەسەند بوو بۆیان چاپکرێ و پاداشت بکرێن و زیاتر هان بدرێن. پێویستە ڕێگاش نەدەن بەرهەمی سەقەت وەرگێڕاو تێپەڕ ببێ و لە هەمان کاتیشدا دەستورێک و ڕێزمانێک و ئیملایەکی ستاندار و یەکگرتوو هەبێ و پێڕەوی بکەن و کارەکان هەمووی بە بەرنامە بکرێت.**

له ژماره ٦٤٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## ناڕەزاییەکان بەرانبەر بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ پەرە دەستێنێت

پاش لێدوانەکەی دوێنێ چوارشەممە ٩ ڕەزبەری ئەنوەر محەممەدی نوێنەری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ سەبارەت بە کۆبوونەوەی ٥ قۆڵی حیزبە ڕۆژهەڵاتیەکان، فەریبا محەممەدی نوێنەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەوبارەوە بڵاو کردەوە.

له درێژەی ناڕەزاییەکان بە وتەکانی ئەنوەر محەممەدی و بێ دەنگی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بەرانبەر بەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی خۆیان، دەنگۆکان باس لەوە دەکەن کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و حیزبی دێمۆکرات لەوبارەوە زۆر گلەییان هەیە و بە پێی وتەی سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراو, دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەڵامێکی ناڕازییانەی چەند لاپەڕەیی ئاراستەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو چوار حیزبەکەی دیکە کردووە.

هەروەها ئەندامێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە ناوی مادح ئەحمەدی لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەڵامێکی ئاراستەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ کردووە کە لە خوارەوە دەقی وەڵامەکەی ناوبراو دەتوانن بخوێننەوە:

### وەڵامێک بۆ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

لەمەڕ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆبوونەوەی پێنج حیزبەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاک "ئەنوەر محەممەدی"، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەوە

تاوانبار دەکا کە هەواڵەکەیان بڵاو کردووەتەوە و بۆ پڕۆپاگەندا و بەرژەوەندیی حیزبی بەکاریان هێناوە. هاوکات باسی ئەوە دەکا کە بڕیاریان وابووە کۆبوونەوەکان بە میدیایی ناکرێن.

**یەکەم**: کاک ئەنوەر بەم لێدوانە، بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە دەبێژێ"لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارماندا ئەم دانیشتنە ڕاگەیاندنی نەکرێتەوە بە کۆمەڵێک هۆکاری دیاریکراو"، بۆ خۆی بڕیارەکەی پێشێل کردووە و باسی کۆبوونەوەکەی کردووە.

**دووەم**: بۆ ئەوەی ئەم کۆبوونەوانە بەردەوام بن و ئەنجامێکی دڵخۆشکەری لێ بکەوێتەوە، پێویستە هەموو لایەنەکان خۆیان لەم جۆرە لێدوانانە بە دوور بگرن. ئەوی کە کاک "ئەنوەر محەممەدی" وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هاتووە دوو لایەنی دیکە تۆمەتبار دەکا و دەیبژێ :" دوو لایەنی بەشدار لە کۆبوونەوەکان بەرپرسیارانە ناجوڵێنەوە و بۆ پڕوپاگەندەی حیزبی هەواڵی کۆبوونەوەکان بڵاو دەکەنەوە"، کۆسپ دروست کردنە بۆ بەردەوامی کۆبوونەوەکان. پێم وایە ئەگەر هاوڕێیانی " کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" لەسەر ئەو باوەڕن کە کۆبوونەوەکان بەردەوام بێ، دەبێ بەرپرسیارانە قسە بکەن و بەو ئاراستەیەدا نەبێ کە ئەوی دیکە تۆمەتبار بکەن و تەگەرە بخەنە بەردەم بەردەوامی کۆبوونەوەکان.

**سێیەم**: کاک ئەنوەر گومانێکی هەیە و هیچ بەڵگەیەکی فەرمیی بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی ناخاتە ڕوو. ئەوەی کە گومانەکەی کاک ئەنوەر و حیزبەکەی چەندە لە جێی خۆی دایە، یان ڕاستە، یان ناڕاستە، بابەتێکی دیکەیە من قەزاوەتی لەسەر ناکەم. بە باوەڕی من دەبوو کاک ئەنوەر و حیزبەکەی لە کەناڵی فەرمییەوە پێوەندیی بەو لایەنانەوە بگرن (کە کاک ئەنوەر تۆمەتباری کردوون و پێی وایە " بەرپرسیارانە ناجوڵێنەوەو بۆ پڕوپاگەندەی حیزبی هەواڵی کۆبوونەوەکان بڵاو دەکەنەوە") و داوای ڕوونکردنەوەیان لێ بکەن. یان دەکرا لە کۆبوونەوەی داهاتوودا، بە بەڵگەوە بابەتەکەیان باس کردبایە و داوای ڕوونکردنەوەیان لەو لایەنانە کردبایە.

ئەگەر لایەنەکانی بەشداری ئەو کۆبوونەوانە گەرەکیان بێ کۆبوونەوەکان بەردەوام بێ، پێویستە خۆیان لەم جۆرە لێدوانانە بەدوور بگرن و هەر وردە کێشە و گومانێکیش کە دروست بێ، دەکرێ لە ناو خۆیاندا قسەی لەسەر بکەن و چارەسەری بکەن.

لەگەڵ ڕێزدا

مادح ئەحمەدی

تشرینی یەکەم 2014

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## بەفەرمی ناسینی بەشداریی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا مافی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی رووماڵکردنی ڕووداوەکانی بەرەکانی شەڕ

ڕۆژنامەنووسان و جەنگ مافی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی رووماڵکردنی ڕوودواوەکانی بەرەکانی شەڕ (بەشی یەکەم)




ڕەزا موعینی

بەشێکی زۆری مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهان (بەتایبەت لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا) لە ژێر کاریگەریی جەنگ

دایە. ئەم پێوەندییە و کاریگەریی دوو لایەنەی میدیا و جەنگ، پاردۆکسێکە کە ئێستاش مشتومڕی لەسەرە. (١) هەواڵنێران لە چەقی ئەم «پێوندیی»یە دان، واتە ئەو پێوەندییەی کە ئەمڕۆ بووەتە تەوەری زانیارییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر جەنگ.

لە راستیدا سەرەکیترین گۆڕانکارییە میدیاییەکان، لە بەرەو پەیدا کردنی ئاژانسە هەواڵدەرییەکانەوە تا سەرهەڵدانی رادیۆ، لە کۆبوونەوەی چاپەمەنییەکان لە کۆنسرسیۆمەکاندا تا پێکهاتنی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسی و داڕشتنی جاڕنامەکانی ئەخلاقی پیشەیی، هەموویان لە دوای دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە سەریان هەڵ دا. میدیاکانیش بێ بەش نەبوون لەو کاولکاریانەی کە لە ئەنجامی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە روویاندا. لە سەرەتاوە لە ژمارەیەک لە وڵاتاندا (بەتایبەتی بریتانیای مەزن و ئەمریکا) جەنگ بووە هۆی بەرز بوونەوەی تیراژی رۆژنامەکان. لانیکەم لە ساڵەکانی سەرەتاوە ئەو سانسۆرە هەمە لایەنەی کە سەپا بوو، خوێنەری لە خوێندنەوەی ئەوە هەواڵانەی کە راشکاوانە دوور بوون لە راستیی رووداوەکانی جەنگ، دوور نەخستەوە. بە پێچەوانەی ئەو دۆخە کە تیراژی رۆژنامەکان بەرز ببووەوە و رێژەی خوێنەر زیادی کردبوو، هەر لە ساڵی دەستپێکی جەنگەوە، ئەو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە بەهۆی جەنگەوە سەری هەڵ دابوو، کەمی و گرانبوونی کاغەز و پێداویستییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، بڕینی سەرجەم ریکلامە بازرگانییەکان و نەبوونی هێزی مرۆیی، بووە هۆی مایەپووچ بوونی زۆربەی رۆژنامەکان. لە فەرەنسا و بریتانیا لە ماوەی چەند مانگدا دەیان رۆژنامە داخران. لەو وڵاتگەلەی کە بەشداری شەڕەکە بوون و لەو نێوەدا لە فەرەنسا، ئەڵمانیا و بریتانیا نوێنەرانی دەوڵەت و کەسانی سەربازیی دەچوونە نووسینگەی رۆژنامەکان و چاودێریی چۆنییەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی جەنگیان دەکرد و سنوورییان دیاری کردبوو کە خەڵک تاچەند بزانن و چ زانیارییگەلێکیان پێ بدەرێ. بەهۆی زاڵبوونی هەستی ناسیۆنالیستی و جۆش و خرۆشی گشتی بۆ لایەنگری لە شەڕ، راگەیاندنەکان خۆیان دابەدەستەوە و بە پێی ویستی دەوڵەت دەجووڵانەوە و لەهەمبەر پرۆپاگاندا و «مێشک شۆردنەوە»دا، نەیانتوانی ئەرک پیشەییەکان جێبەجێ بکەن. (٢) لە ئەنجامی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەدا، جەنگ قورسترین زیانی بە چاپەمەنییەکان گەیاند و متمانەی رۆژنامەنووسی ئەوانی تێک شکاند.

### هەواڵنێرانی چاپەمەنییەکان، هەواڵنێرانی جەنگی، رۆژنامەنووسان

بە پێچەوانەی رامانی باو، رۆژنامەنووسان لەو ناوچەگەلەی کە جەنگی لێیە، مافێکی تایبەتیان نییە. بە پێی

تەعبیرێــک لە نــاکۆکییە نێودەوڵەتییەکانــدا و بەپێــی تەعبیرێکــی دیــکە لە هەمــوو نــاکۆکییە نــاوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانـدا، مـافی نێـونەتەوەیی مرۆڤدۆسـتانە بـۆ رۆژنامەنووسـان تەنیـا ئەو مـافەیە کە بـۆ «هـاوڵاتی مەدەنی» رچاو دەکرێ. ئەو پرسە کە ئاخۆ دەبێ رۆژنامەنووسان مافی تـایبەتیان هەبێ، بـابەتێکە کە هەنووکەش بەردەوامە. گەڵاڵە پێشنیارەییە سەرەتاییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەسەر ئەوە بنەمایە دانرا بـوو کە رۆژنامەنووسانیش وەک کارمەندانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و تیمە پزیشکییەکان بە هێمایەک پێناسە بکرێن کە جیا بکرێنەوە لەوانی دیکە. لەراستیدا شێوازی کـار و بەدواداچوونی رۆژنامەنووسـانی بـۆ وەدەستهێنـانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی لەگەڵ کاری تیمەکانی فریاکەوتن جیاوازی هەیە. هێمادار بوون سەرەتا بـۆ رۆژنـامەنووس (کە دەتوانرێ بکرێتە ئامانج) و دواتر بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی مەترسی هەیە. هەروەها بە جۆرێکیش ئازادییەکانی رۆژنامەنووس لە وەدستهێنانی زانیاریدا سنووردار دەکاتەوە.(٣)

سەرەرای ئەوەی لە مێژووی دارشتنی مافی مرۆڤدا، پێداگری لەسەر گرنگایەتیی ئازادیی رادەربـرین و بڵاوبـوونەوەی ئازادانەی زانیاری کراوە و لەم چوارچێوەیەدا داکۆکی لە پیشە و پێگەی رۆژنامەنووسـان کـراوە و وەک جمکی ئەم مافە دێتە ئەژمار، بەڵام لە مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکاندا کە نـاوی مـافی مرۆڤـی وەختـی شـەریان لەسـەر داناوە و لەچاو پێشینەی ئەم مافە، رۆژنامەنووس رۆژ درەنگتر بە مافی رەوای خۆی گەیشت. یەکەم جـار لە مـادەی ٧٩ی پرۆتــۆکی هــاوپێچی کۆنڤانســیۆنی ژنێــڤ دا لە ســاڵی ١٩٧٧ لە بەڵگەکــانی مــافە نێــونەتەوەییە مرۆڤدۆسـتانەکاندا باسـی هەواڵنێـر کـراوە.(٤) ئەم پرۆتۆکـۆلە و بەشـێک لە بریارەکـانی دادگاکـانی تـاوانی نێونەتەوەیی، لەوانە: دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی یوگوسلاڤیای پێشوو و دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسـی رەوانـدا، وەک پرۆسـە دادوەرییەکـان و بریارنـامەی ١٧٣٨ی ئەنجـوومەنی ئاسایشـی رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٣ی دێسامبری ٢٠٠٦)، یەکەمین بریارنـامەی کـۆری گشـتیی رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان لە ٢٦ی نوامبری ٢٠١٣، سەرەکیترین بنـاغەکانی داکۆکی کردن لە مافی رۆژنامەنووسان لە جەنـگ و ئەو نـاوچەگەلەی جەنگی لێیە، پێک دێنن.

پێشتر مـادەی ١٣ رێسـا باوەکـانی تـایبەت بە جەنـگ، هـاوپێچی کۆنڤانسیۆنی لاهە لە سـاڵی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ لەو بەشـەیدا کە پێوەنـدیی بە دیلەکـانی شـەرەوە هەیە باسـی «هەواڵنێرانـی چاپەمەنییەکـان»یـش دەکـا، بەڵام لە جەنگی یەکەمـی جیهانیـدا رۆژنامەنووسـان و هەواڵنێـران بۆیـان نەبـوو بچنە بەرەکـانی شـەرەوە و لە هەنـدێ لە وڵاتانـدا جیـا لەو زانیاریيـانەی کە لە «بەیاننــامە فەرمییەکــانی دەوڵەت و نـاوەنـدە سـەربازییەکان»دا بـڵاو

دەکرانەوە، باسی هەر زانیارییەکی دیکەت کردبایە، وەک سیخوڕی لە قەڵەم دەدرا و سزاکەی لەسێدارەدان بوو. بەم جۆرە پرسی پاراستنی ئاسایشی هەواڵنێر لە ناوچە جەنگییەکاندا نەبووە ڕۆژەڤ و بەگشتی تا ڕۆژەکانی کۆتایی شەڕ هیچ هەواڵنێرێکی سەربەخۆ نەیتوانی بچێتە ئەو شوێنانەی کە شەڕی لێ بوو.(٥)

دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو کە بەشداریی «ڕیپۆرتێری جەنگ» لە بەرەکانی شەڕدا بەفەرمی ناسێنرا. یەکەم، تێبینیی چوارەمی مادەی ٤ی سێیەمین کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ لە ساڵی ١٩٤٦دا، لەچاو پەسەندکراوی ساڵی ١٩٢٩ی ئەو کۆنڤانسیۆنە، بەشێوەیەکی ڕوونتر مافی «دیلی جەنگ»ی بۆ «هەواڵنێرانی جەنگ»، بە فەرمیی ناسی. بەپێی ئەو کۆنڤانسیۆنە ڕیپۆرتێری جەنگ بە کەسانێک دەوترا کە لە جەنگی دووەمی جیهانی و یان جەنگی کۆریا، لە ژێر ئەو ناوەدا لە لای هێزەکاندا ڕاپۆرتیان لەمەڕ جەنگەکە ئامادە دەکرد. «ڕیپۆرتێری جەنگ وەک ئەفسەرەکان یونیفۆرمی لەبەردا بوو و بەپێی بڕیارەکانی فەرماندەری ئەو یەکەیە دەجووڵایەوە کە تێدا بوو» (٦) فەرهەنگیی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، بەم شێوە هەواڵنێرانی جەنگ پێناسە دەکا:» ڕۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵە کە لە لایەن هێزە سەربازییەکانی لایەنێکی جەنگەکەوە ڕێگەی پێ دراوە و پارێزگاری لێ دەکەن و بەشداریی بەرەکانی شەڕ دەبێ و ئەرکی ئەوەیە هەواڵی ڕووداوەکانی جەنگ بگوازێتەوە و بڵاوی بکاتەوە» (٧)

گرنگایەتیی بەشداریی کردنی «هەواڵنێرانی جەنگ» لە بەرەکانی شەڕدا، لە جەنگی ڤێتنامدا بۆ جیهان ڕوون بووەوە. سەرجەم توانایی پێوەندییەکانی زلهێزێکی گەورەی جیهان لە پرۆپاگەندا، نەیتوانی وێنەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە هەواڵنێران لە تراژیدیای شەڕ و کوشتنی خەڵکی سڤیل بڵاویان دەکردوە، لەبیر خەڵک بباتەوە. «فیلیپ ڕۆشۆ». هەواڵنێری بەرەکانی جەنگ بەم جۆرە باسی ئەو ڕووداوە دەکا:» سەردەمێک لە ڕێگەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەمریکاوە دەمانتوانی سەردانی هەموو شوێنێک بکەین و ئازادنە چمان پێ خۆش بێ وێنەی لێ هەڵبگرین، ئەمە بۆ ئێمە باش بوو، بەڵام هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە سوپای ئەمریکا جەنگەکە بدۆڕێنێ!» (٨)

## بەفەرمیی ناسینی بەشداریی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا

٢٨ ساڵ دوای کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ ١٣٤٩، مادەی ٧٩ پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ (پەسەندکراوی ٨ی ژوئەنی ١٩٧٧) بۆ یەکەمین جار لە بەڵگەی فەرمیی مافە نێودەوڵەتییەکاندا باسی «ژۆرنالیست»ی کرد و ئەو کەسانەی «کە لە بەرەکانی شەڕدا سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی گرنگ و پیشەیی خۆیانن»، وەک کەسانی «مەدەنی» دەناسێنێ.

ئەو کەسانە سەرجەم ئەو مافانەی کە بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی لە لایەن کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤەوە دانیان پێدا نراوە، دەیانگرێتەوە. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە بەرەکانی شەڕدا سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی گرنگیی پیشەیی خۆیانن، بەو مەرجەی خۆیان لە ئەنجامدانی هەر چەشنە کردەوەیەکی سەربازیی راستەوخۆ ببوێرن، وەک کەسانی سڤیل چاویان لێ دەکرێ».

ئەم پرۆتۆکۆلە ئاوا پێناسەی ئەرکی گران دەکا:» ئەنجامدانی هەرچەشنە چالاکییەکی پیشەیی (میدیایی) لە ناوچەیەکدا کە جەنگی لێیە و یان لەژێر کاریگەریی جەنگ دایە، لە بنەڕەتدا گرانە». پێناسەی ڕۆژنامەنووس لە مادەی دووەمی گەڵاڵەی کۆنڤانسیۆنی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی گراندا کە بووەتە بنەمای پێناسەی ڕۆژنامەنووس لەم هاوپێچکراوە و بەڵگەنامەکانی دیکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەم شێوەیە:» ڕۆژنامەنووس بەو کەسانە دەوترێ کە بەدوایی زانیارییەکاندا دەچن و زانیاری دەست دەخەن و بڵاوی دەکەنەوە و یان ئەو زانیارییگەلە شی دەکەنەوە و بەکاریان دێنن». ئەم پێناسە هەموو «نێردراوە تایبەتەکان، هەواڵنێران، وێنەگران، وێنەهەڵگران، یاریدەدەرانی کاروباری تەکنیکی» کە ئەم کارە پیشەی سەرەکییانە، دەگرێتەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ١ - ٨ - ١٩٧٥ ئەم پرۆتۆکۆلەی پەسەند کردووە.

پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١، مەدەنی بوونی هەواڵنێران لە بەرەکانی شەڕدا تەنیا بۆچوونێک نییە. «بەپێی ئەو پێناسەی کە لە مادەی ٥٠ی بەشی یەکەمی ئەو پرۆتۆکۆلەدا هاتووە، هەواڵنێر کەسێکی مەدەنییە» و سەرجەم ئەو مافگەلەی کە لەم کۆنڤانسیۆنگەلەدا بۆ هاوڵاتییانی مەدەنی ڕەچاو کراوە، ئەویش دەگرێتەوە و لەبەرانبەر هەرچەشنە هێرشێکی چەکداراندا دەپارێزرێ.

ڕۆژنامەنووسی «ئازاد» و ڕیپۆرتێری جەنگ، هەر دووکیان وەک کەسانی مەدەنی دێنە ئەژمار، بەڵام جیاوازییان لەوە دایە کە ڕیپۆرتێری جەنگ لە لایەن لایەنێکی شەڕەکەوە ڕێگەی پێ دراوە و ئەگەر بە دیل بگیردرێ، لایەنی بەرانبەر وەک دیلی شەڕ چاوی لێ دەکا. ئەگەر هەواڵنێر راستەوخۆ دەست بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی سەربازیی نەبات، سەرجەم ئەو مافگەلەی کە بۆ هاوڵاتییانی مەدەنی لە کۆنڤانسیۆنەکاندا ڕەچاو کراوە، دەیگرێتەوە. پێویستە بوترێ ئەو هەواڵنێرگەلەی کە ئەرکی خۆیان لەپێناو خزمەت کردن بە لایەنێکی شەڕەکەدا جێبەجێ دەکەن، وەک سەرباز و شەڕکەر دێنە ئەژمار.

گرنگایەتیی ئەوەی کە هەواڵنێران لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە، وەک تاکی مەدەنی بناسرێن، لەو مافە دایە کە وایان لێ دەکا تایبەت بن. بەم بۆنەوە، سەرجەم کەلوپەلە مەدەنییەکانی رۆژنامەنووس پارێزگارییان لێ دەکرێ (مادەی ٥١ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی١)، لە بەرانبەر هەر چەشنە هێرش و بە ئامانج گرتنێکی راستەوخۆ پارێزگاریی لێ دەکرێ (تێبینی دووەمی مادەی ٥١ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچکراو) و بەپێی تێبینی سێیەمی مادەی ٨٥ لە کاتێکدا «بە ئەنقسەت هێرشی بکرێتە سەر و لە ئەنجامدا گیان لەدەست بدا، یان بریندار بێ، ئەم بابەتە وەک جەنایەتی جەنگی ئەژمار دەکرێ».

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەواڵنێران بە دوو شێوە دەبنە قوربانی. یەکەم: قوربانی جەنگ، واتە ئەو کاتەی کە بەهۆی مەترسییەکانی جەنگەوە زیانی پێ دەگا. بۆ وێنە لە رووداوی بۆردومان کردنی شوێنێکدا لە لای هاوڵاتییانی مەدەنیی دیکەدا ئەویش زیانی پێ دەگا. دووەم: قوربانی جەنایەت، لێرەدا کەسەی لە شەڕدا بووتە قربانی جەنایەت، واتە ئەو هەواڵنێرە لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکە پیشەیی و گرانەکەیدا بووە و راستەوخۆ هەوالنێر بوونەکەی بووەتە هۆی ئەوەی بکرێتە ئامانج.

(*) بەرپرسی بەشی ئێران، ئەفغانسان، تاجیکستان و چاودێری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان لە رێکخراوی نێونەتەوەیی هەواڵنێرانی بێ سنوور (RSF)

### پەراوێزەکان:

١- هەواڵنێری لە بەرەکانی شەڕدا رابردوویەکی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەیە. لە تەورات و ئینجیلەوە تا دەگاتە ئیلیاد و لە مێژووی هێرۆدۆتەوە تا قورئان و شانامە باسی جەنگ دەکەن. ژمارەیەک لە خاوەنڕایان پێیان وایە سەرهەڵدانی هەندێ لە پێکهاتە میدیاییەکان لە ژێر کاریگەریی جەنگدا بووە. بۆ وێنە Christoph Chamboust لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرەتای هەوالنێری مەیدانی، دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی ناوخۆی ئەمریکا. (La presse anglo-saxonne et la predominance des faits : un constat toujours dactualite? », Cahiers de lAPLIUT,)

و یان Michael Schudson پێ وایە کە یەکەمین رێپۆرتێرە تایبەتەکانی جەنگ لە جەنگی کرمیە لە ساڵەکانی ١٨٥٤ - ١٨٥٥ سەری هەڵدا و دوای ئەوە لە جەنگی ناوخۆی ئەمریکا کەڵکی لێ وەرگیرا.

Schudson, M. 1978. Discovering the News, A Social History of American Newspapers. New York : Basic Books)

(

هەر لەم سەروبەندەدا لە ئوروپا یەکەمین ئاژانسەکانی هەواڵ لە دایک بوون. رۆیتێرز و هاواس لە ساڵەکانی ١٨٥١ و ١٨٧٧ (کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو بە نەتەوەیی و ناوی خۆی گۆڕی بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا) هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی ئەم دوو هەواڵدەرییە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەواڵانەی کە لەسەر شەڕەکان بەدەستیان دەهێنان و بڵاویان دەکردنەوە. مارک کراوتیز (Marc Kravetz) ڕیپۆرتێری بەناوبانگی جەنگ لە وتارێکدا بە ناوی بەرز نرخاندنی ڕیپۆرتێرە گەورەکان (Eloge du garnd reporter) باسی ئۆلیڤێر پان (Olivier Pain)، ڕۆژنامەنووس و یەکێک لە کۆمۆناردەکانی پاریس دەکا کە هاوکات راپۆرتیان لەمەڕ ڕووداوەکانی جەنگی پرۆس و فەرەنسا ئامادە دەکرد.

٢- مێژووی چاپەمەنییەکان، پیر ئالبێرت، ناوەندیی بڵاوکردنەوەی زانکۆیی فەرەنسا (- PUF- Histoire de la presse – Pierre albert)

٣- یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٠ کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ٢٦٧٣دا داوای لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کومیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە گەڵاڵەیەک بۆ پارێزگاریی کردن لە ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ناوچە پڕمەترسییەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی پیشەییان، ئامادە بکرێ. کۆی ئەم باسگەلە تا ساڵی ١٩٧٥ درێژەی هەبوو و لە ئەنجامی ئەم باسانەدا گەڵاڵەیک ئامادە کرا و بەشێک لەم بابەت و پێشنیارگەلەیان لە پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ دا گونجاند.

Actualisation de la protection des journalistes en mission perilleuse dans les zones de confit- Jean pilippe Petit

٤- پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ (١٩٧٧) کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ . ڕوونکردنەوە: وەرگێڕدراوی گشتی کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤم (لانیکەم بەشێوەی ئانلاین) بە زمانی فارسی نەدۆزیەوە . چەند بەشێک لەم کۆنڤانسیۆنە لە کۆمەڵێک بەڵگەی نێونەتەوەیی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ لە ژێر چاودێری ئەردەشێر ئەمیرئەرجمەند دا لە لایەن زانکۆی شەهید بەهشتییەوە بڵاو کراونەتەوە. بەڵام بۆ ئەم وتارە ماڵپەڕی خاچی سوور وەک سەرچاوەی ئەو بابەتگەلەی کە پێوەندییان بە کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤ و ئەم پرۆتۆکۆلەوە هەیە بەکار هاتووە.

/http://www.icrc.org/fre/war-and-law/treaties-customary-law/geneva-conventions

و یان http://www.icrc.org/fre/assets/files/other/icrc_001_0321.pdf

٥ - چاو لە پەراوێزی دووەم بکە.

٦- Les Rre des mdias et L›acces des journalistes sur le terreain Hostilites Aexander Balguy-Galois

٧- Jean Salmon (dir.), Dictionnaire de droit international public , Bruylant, Bruxelles, 2001, p. 275.

٨ ـ وتاری La croix – Risque et derives du journalisme de guerre 11,10,2013

پێویستە بوترێ کە لە جەنگی کەنداودا دەستەواژەیەکی نوێ بۆ هەواڵنێرانی بەرەکانی شەڕ بە ناوی هەواڵنێری هاوڕێ بەکار برا. هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا ئەو هەوالنێرانەیان لە ناو زرێپۆشەکاندا هاوڕێ لەگەڵ خۆیان دەیانبردنە بەرەکانی شەڕەوە. ڕێکەوتی ٨ - ٤ - ٢٠٠٣ دوای ئەوەی ئەمریکا هێرشی کردە سەر هۆتێل فەلەستین (شوێنی حەوانەوەی هەواڵنێران لە عێراق) و بەهۆی هێرشەکەوە هەواڵنێری هەواڵدەریی ڕۆیتێرز و هەواڵنێری کەناڵی ٥ سپانیا کوژران، وتەبێژی سوپای ئەمریکا لە ناوەندیی فەرماندەیی ئەم هێزەدا لە قەتەر رایگەیاند: ئێمە نازانین لەو ناوچەگەلەی کە جەنگی لێیە، هەواڵنێران لە کوێن، تەنیا ئەوانە دەناسین کە لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانیدا هاوڕێی ئێمەن. بەم جۆرە هەندێ کەس هەوالنێران (هاوڕێیان)یان وەک یاریدەدەری سەربازی لە جەنگدا دەناساند. بەڵام ئەم هەواڵنێرانە لە روانگەی یاساییەوە تەنانەت سوود لە مافی ڕیپۆرتێرەکانی جەنگ وەرناگرن. بەکردەوە وەک هاوڕێن و تەنیا لە لایەن سوپای هەندێ لە وڵاتانەوە مافی دیلی شەڕیان بۆ ڕچاو دەکرێ.

) The Iraq War: The Heaviest Death Toll for the Media Since World War II, March 2003 – August 2010

http://en.rsf.org/irak-the-iraq-war-the-heaviest-death-07-09-2010,38294.html

لە ژمارە ٦٤٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

## بەفەرمیی ناسینی بەشداریی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا مافی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ڕوومالکردنی ڕوودواوەکانی بەرەکانی شەڕ

**(بەشی ٢)**

٢٨ ساڵ دوای کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ ١٣٤٩، مادەی ٧٩ پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ (پەسەندکراوی ٨ی ژوئەنی ١٩٧٧) بۆ یەکەمین جار لە بەڵگەی فەرمیی مافە نێودەوڵەتییەکاندا باسی "ژۆرنالیست"ی کرد و ئەو کەسانەی "کە لە

بەرەکانی شەڕدا سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی گرنگ و پیشەیی خۆیانن"، وەک کەسانی "مەدەنی" دەناسێنێ. ئەو کەسانە سەرجەم ئەو مافانەی کە بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی لە لایەن کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤەوە دانیان پێدا نراوە، دەیانگرێتەوە. ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە بەرەکانی شەڕدا سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی گرنگیی پیشەیی خۆیانن، بەو مەرجەی خۆیان لە ئەنجامدانی هەر چەشنە کردەوەیەکی سەربازیی راستەوخۆ ببوێرن، وەک کەسانی سڤیل چاویان لێ دەکرێ".

ئەم پرۆتۆکۆلە ئاوا پێناسەی ئەرکی گران دەکا:" ئەنجامدانی هەرچەشنە چالاکییەکی پیشەیی (میدیایی) لە ناوچەیەکدا کە جەنگی لێیە و یان لەژێر کاریگەریی جەنگ دایە، لە بنەڕەتدا گرانە". پێناسەی رۆژنامەنووس لە مادەی دووەمی گەڵاڵەی کۆنڤانسیۆنی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسان لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی گراندا کە بووەتە بنەمای پێناسەی رۆژنامەنووس لەم هاوپێچکراوە و بەڵگەنامەکانی دیکەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەم شێوەیە:" رۆژنامەنووس بەو کەسانە دەوترێ کە بەدوایی زانیارییەکاندا دەچن و زانیاری دەست دەخەن و بڵاوی دەکەنەوە و یان ئەو زانیارییگەلە شی دەکەنەوە و بەکاریان دێنن". ئەم پێناسە هەموو "نێردراوە تایبەتەکان، هەواڵنێران، وێنەگران، وێنەهەڵگران، یاریدەدەرانی کاروباری تەکنیکی" کە ئەم کارە پیشەی سەرەکییانە، دەگرێتەوە. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە رێکەوتی ١ - ٨ - ١٩٧٦ ئەم پرۆتۆکۆلەی پەسەند کردووە.

پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١، مەدەنی بوونی هەواڵنێران لە بەرەکانی شەڕدا تەنیا بۆچوونێک نییە. "بەپێی ئەو پێناسەی کە لە مادەی ٥٠ی بەشی یەکەمی ئەو پرۆتۆکۆلەدا هاتووە، هەواڵنێر کەسێکی مەدەنییە" و سەرجەم ئەو مافگەلەی کە لەم کۆنڤانسیۆنگەلەدا بۆ هاوڵاتییانی مەدەنی ڕچاو کراوە، ئەویش دەگرێتەوە و لەبەرانبەر هەرچەشنە هێرشێکی چەکداراندا دەپارێزرێ.

رۆژنامەنووسی "ئازاد" و رێپۆرتێری جەنگ، هەر دووکیان وەک کەسانی مەدەنی دێنە ئەژمار، بەڵام جیاوزییان لەوە دایە کە رێپۆرتێری جەنگ لە لایەن لایەنێکی شەڕەکەوە رێگەی پێ دراوە و ئەگەر بە دیل بگیردرێ، لایەنی بەرانبەر وەک دیلی شەڕ چاوی لێ دەکا. ئەگەر هەواڵنێر راستەوخۆ دەست بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی سەربازیی نەبات، سەرجەم ئەو مافگەلەی کە بۆ هاوڵاتییانی مەدەنی لە کۆنڤانسیۆنەکاندا ڕچاو کراوە، دەیگرێتەوە. پێویستە بوترێ ئەو هەواڵنێرگەلەی کە ئەرکی خۆیان لەپێناو خزمەت کردن بە لایەنێکی شەڕەکەدا جێبەجێ دەکەن، وەک سەرباز و شەڕکەر دێنە ئەژمار.

گرنگایەتیی ئەوەی کە هەواڵنێران لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە، وەک تاکی مەدەنی بناسرێن، لەو مافە دایە کە وایان لێ دەکا تایبەت بن. بەم بۆنەوە، سەرجەم کەلوپەلە مەدەنییەکانی رۆژنامەنووس پارێزگارییان لێ دەکرێ (مادەی ٥١ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی١)، لە بەرانبەر هەر چەشنە هێرش و بە ئامانج گرتنێکی راستەوخۆ پارێزگاریی لێ دەکرێ (تێبینی دووەمی مادەی ٥١ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچکراو) و بەپێی تێبینی سێیەمی مادەی ٨٥ لە کاتێکدا "بە ئەنقسەت هێرشی بکرێتە سەر و لە ئەنجامدا گیان لەدەست بدا، یان بریندار بێ، ئەم بابەتە وەک جەنایەتی جەنگی ئەژمار دەکرێ".

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەواڵنێران بە دوو شێوە دەبنە قوربانی. یەکەم: قوربانی جەنگ، واتە ئەو کاتەی کە بەهۆی مەترسییەکانی جەنگەوە زیانی پێ دەگا. بۆ وێنە لە رووداوی بۆردومان کردنی شوێنێکدا لە لای هاوڵاتییانی مەدەنیی دیکەدا ئەویش زیانی پێ دەگا. دووەم: قوربانی جەنایەت، لێرەدا کەسەی لە شەڕدا بووتە قربانی جەنایەت، واتە ئەو هەواڵنێرە لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکە پیشەیی و گرانەکەیدا بووە و راستەوخۆ هەوالنێر بوونەکەی بووەتە هۆی ئەوەی بکرێتە ئامانج.

## پارێزگاریکردن لە هەواڵنێران لە شەڕە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکاندا

لە مێژوودا جەنگێک بە ناوی جەنگی سێیەمی جیهانی تۆمار نەکراوە. سەرەڕای ئەوەش جەنگی یەکەمی عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا کە بە جەنگی کەنداو ناسراوە، دەستپێکی کۆمەڵێک شەڕ بوو کە ئیتر جیهان گەرەکی نەبوو ئەو جەنگگەلە بە ناوی خۆیەوە تۆمار بکا. ئەو جەنگگەلەی کە لە وڵاتێکدا روو دەدەن، بەڵام راشکاوانە و بە بەشداری هێزی سەربازیی فەرمی و یان ئەوەی لە لایەن وڵاتانەوە پشتگیری دەکرێ، جەنگی جیهانین. پێناسە کردنی ئاستی پابەندبوونی لایەنەکانی جەنگ بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و هەروەها رێگری کردن لە خولقاندنی تاوان لە بەرەکانی شەڕدا، گرنگایەتیی دەرکەوتنی جۆری جەنگمان بۆ شی دەکاتەوە. بەشێک لەو تاوانگەلە ناوی "جەنایەتی جەنگیان" لەسەر داناوە کە لە یەکەمین دادگای تاوانی نێونەتەوەیی نورێنبێرگدا (برگەی ب مادەی ٦ی پەیڕەوی نورێنبێرگ) بۆ دادگایی کردنی نازییەکانی ئەڵمانیا، وەک کردەیەک کە دەبێتە هۆی پێشێل کردنی ئەو یاسا و رێسا باوگەلەی کە تایبەتن بە جەنگ، پێناسە کراوە. ئەمە هێرش کردن و تێکدانی شوێنە مەدەنییەکان، کوشتنی خەڵکی مەدەنی و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە و ستەمکارانە لەگەڵ دیل و بریندارەکان و... دەگرێتەوە.

لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی تێ دایە، هەواڵنێر سەرەڕای ئەنجامدانی ئەرکەکەی خۆی بۆ دۆزینەوەی راستییەکان و بڵاوکردنەوەیان، شایەتی شوێنێکە کە بەهۆی راگەیاندنی "باری نائاسایی"یەوە (هەلومەرجی جەنگ)، لایەنەکانی شەڕ دەستیان بۆ پێشێلکردنی سەرجەم ئەو مافگەلەی کە لە لایەن جاڕنامە نێودەوڵەتییەکان و ڕێسا باوەکانی جەنگ و مافی بنەڕەتی مرۆڤەوە دانیان پێدا نرا، ئاوەڵایە. ئەرکی ڕێپۆرتێر ئەوە نییە بەرگری لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی لایەنەکانی شەڕ بکات، بەڵام ئەوەی لە بەرەکانی شەڕ بە چاوی خۆی بینیویە، دەتوانێ لەمەڕ ئەنجامدانی تاوان و جەنایەتی جەنگی و یان ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی لە لایەن لایەنەکانی شەڕەکەوە، شایەتی بدات.

بەشی پێداچوونەوەی دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی یۆگۆسلاڤیا، لەمەڕ دۆسیەی "جاناتان ڕاندال"، ڕۆژنامەنووسی پێشووی واشنگتن پۆست، بەم شێوە ئەو ڕۆڵە پێناسە دەکا:" لەو ڕووەوە کە ئەو هەواڵنێرانەی کە لەبەرەکانی شەڕدان ڕۆڵێکی قورسیان لە راکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ لای ڕووداوە ترسناکەکانی جەنگ هەیە، بە جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆیان لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دان. ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بڵاوکراونەتەوە زۆر جار بوونەتە سەرچاوە بۆ لێکۆڵەرانی دادگاکان، هەروەها بەدواداچوون و راگەیاندنی ئەم هەواڵنێرانە دەتوانێ خزمەت بەو ئۆرگان و کەسانەوە بکا کە داکۆکی لە پاراستنی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەن و دەتوانێ ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خوڵقێنەرانی جەنایەتی جەنگی سزا بدرێن. دەبێ گرنگی بە کاری ڕێپۆرتێرەکانی جەنگ بدرێ و بپارێزرێن." (١)

پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ، پرسی پاراستنی هەوالنێران، تەنیا لە شەڕە نێونەتەوەییەکاندا دەستەبەر دەکا. لە هیچ کام لە کۆنڤانسیۆنە چوارلایەنەکانی ژنێڤ (مادەی ٣لەمەڕ پاراستنی تاکەکان و ئامانجە مەدەنییەکان لە کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤدا هاوبەشە) و لە پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ٢ی (١٩٧٧) کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ کە پێوەندیی بە قوربانییەکانی شەڕی نەتەوەیی (ناوخۆیی)یەوە هەیە، باسی هەوالنێران نەکراوە. سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەک لە مافناسان بە پشتبەستن بە پرۆسە دادوەرییەکان و بەتایبەت ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن دادگای تاوانی نێونەتەوەیی یۆگۆسلاڤیاوە دەرکراون، "پرسی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان" لە شەڕە ناوخۆیی و یان نەتەوەییەکاندا، بە هاوتای دوژمنایەتییە نێونەتەوەییەکانی دەزانن. ئەم دەستە لە مافناسان بە پشتبەستن بە مادەی ١٣ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ٢ی (١٩٧٧) کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ، لەمەڕ "پارێزگاریی گشتی" لە خەڵکی سڤیل لە شەڕە ناوخۆییەکاندا، پێیان وایە کە "پێداگری لەسەر مەدەنی بوونی هەواڵنێران لە پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١

پرۆسەیەکی دادوەرانە و پێویستە" و پێویستییەکانی پاراستنی مافی هاوڵاتییانی مەدەنی ڕۆژنامەنووسانیش دەگرێتەوە. بەم جۆرە ئەو مافەی لە شەڕە نێونەتەوەییەکاندا بۆ ڕۆژنامەنووسان لەبەرچاو دەگیردرێ، لە شەڕ و تێکهەڵچوونە ناوخۆییەکانیشدا بە هەمان شێوەیە. (٢) ئەوان هەروەها بە پشتبەستن بە پێناسەی دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی یۆگۆسلاڤیا، لە ڕێکەوتی ٢ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٥دا بۆ یەکەمین جار، پێناسەیەکی گشتگیریان لەمەڕ شەڕی سەبازی و ناوچە جنگییەکان پێشکەش کرد:" تێکهەڵچوونی سەربازی لە نێوان دەوڵەتان، یان لە نێوان بەرپرسانی حکومەت و گرووپە ڕێکخراوە چەکدارەکاندا بەشێوەی بەردەوام و یان تێکهەڵچوونی سەربازی لە نێوان ئەم گرووپگەلەدا لە ناو حکوومەتێکدا سەرهەڵ بدات." هەروەها بەپێی پەیڕەوی دادگای سزای نێونەتەوەیی لە شەڕە نێودەوڵەتییەکاندا کە تێیدا هاتووە: " تێکهەڵچوونی چەکدارانە بەشێوەی بەردەوام لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێک و بەرپرسانی دەوڵەتێک لەگەڵ گرووپە چەکدارە ڕێکخراوەکاندا و یان تێکهەڵچوونی گرووپە چەکدارە ڕێکخراوەکان لە نێوان خۆیاندا"، پێیان وایە کە نابێ لە کردەوەدا سنوور لە نێوان شەڕە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان دابنرێت.(٣) مادەی ٢٩ی بڕیاری دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی یۆگۆسلاڤیا، باسی "پێویستی وەرگرتنی مۆڵەت و یان ئەوەی لەژێر چەتری پاراستنی یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ"دا هەواڵنێر بچێتە بەرەی شەڕەوە، نەکردووە. دەکرێ ئەم پێناسە ئاوا ڕاڤە بکەین کە بەشێوەی گشتی سەرجەم هەواڵنێران لە هەموو شەڕەکاندا دەگرێتەوە.

بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی دێسامبری ساڵی ٢٠٠٦دا، بەڵگەیەکی گرنگیی دیکەیە بۆ دابین کردنی ئاسایشی هەوالنێران لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە.(٤) ئەم بڕیارنامەیە لە ڕووی یاساییەوە شتێکی بەو پشتگیرییانەی مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکان لەمەڕ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە، زیاد نەکردووە. گرنگیی ئەم بڕیارنامەیە لەوەدایە کە یەکەم، ئەو ئۆرگانەی کە ئەم بڕیاری پەسەند کردووە، ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، دووەم، ناچار کردنی دەوڵەتان بەوەی کە دەبێ ئەو مافگەلە بپارێزن و ئەگەر پێشێل کران لێ بکۆڵنەوە و بەدواداچوونی بۆ بکەن و سێیەم، ساڵانەی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بارەوە ڕاپۆرتی هەیە. بەو بۆنەوە کە هەندێ لە وڵاتانی ئەندامیی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دادگای تاوانی نێونەتەوەییدا ئەندام نین، لەم بڕیارنامەیەدا ئاماژە بە ناوی ئەم دادگایە نەکراوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی بە دادگا نێونەتەوەییەکان داوە کە بەدواداچوون بۆ هەندێ لەو تاوانگەلە بکەن کە دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێن. یەکێک لە پاڵنەرەکانی پەسەندکردن و پێداگری ئەم بڕیارنامەیە لەسەر پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، ئەو

بوو کە ڕێژی کوشتنی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا لە ماوەی سێ دەیەی داوییدا زۆر زیادی کردبوو.

دوای دوو جەنگی جیهانی و بە تایبەت لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا، سەرەکیترین قوربانیان شەڕ خەڵکی سڤیل و مەدەنی بوون، " لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە سەرجەم قوربانییەکاندا ١٥ لەسەدی خەڵکی سڤیل بوون، ئەم ڕێژەیە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا گەیشتە ٦٥ لەسەد و بێگومان ئەمڕۆ گەیشتووتە دورووبەری ٩٠ لەسەد. بۆ وێنە لە شەڕی بۆسنەدا، خەڵکی سڤیل بەهۆی ئینتیمای نەتەوەیی و ئاینیی و یان تەنانەت بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە، وەک ئەوەی لایەنگری دەوڵەتن یان ئۆپۆزسیۆن و دەبوو بترسن و بە ئەنقەست دەکرانە ئامانج."(٥) بیست ساڵ دوای جەنگی ناوخۆیی یۆگۆسلاڤیا، بێگومان لەگەڵ شەڕەکانی دیکە لە عێراق و ئەفغانستان و... دەتوانین بڕوا بەوە بکەین کە ئەم ڕێژەیە لە کوشتنی خەڵکی سڤیل راستە. بەگوێرەی ئەم ڕێژەیە، کوشتنی ڕۆژنامەنووسانیش لە بەرەکانی شەڕدا زیادی کردووە. لە ساڵی ١٩٥٥ەوە تا ساڵی ١٩٧٦، واتە لە ماوەی ٢٠ ساڵ شەڕی ڤیتنامدا، ٦٣ ڕیپۆرتێری جەنگ کوژران. لە ساڵی ١٩٩١ـەوە تا ساڵی ١٩٩٥، واتە لە ماوەی چوار ساڵی شەڕی یۆگۆسلاڤیای پێشوودا ٤٥ هەواڵنێر کوژران. ئەم ژمارەیە لە شەڕی ناوخۆیی ئەلجەزایردا لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٩٣ تا ١٩٩٦، گەیشتە ٧٧ ڕۆژنامەنووس. لە ڕەواندا لە دەستپێکی جینۆسایدی ٦ی ئاڤریلی ١٩٩٤ تا مانگی جوولای هەمان ساڵ، واتە لە ماوەی ٤ مانگدا ٤٨ ڕۆژنامەنووس کوژران. لە سووریا لە ماوەی دوو ساڵدا ٣٥ ڕۆژنامەنووس کوژران. لە ئەفغانستان لە ماوەی کەمتر لە ١٤ ساڵدا ٣١ کەس کوژراون، بەڵام لە عێراق کە ئێستاشی لەگەڵ بێ گەورەترین گۆڕستانی ڕۆژنامەنووسانە، لە ماوەی ١٤ ساڵی رابردوودا ژمارەی ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان سنووری ٢٥٠ کەسی تێپەڕ کردووە! لەم ئامارەدا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بە بارمتە گیراون حیساب نەکراوە.(٦)

بە بارمتەگرتنی هەواڵنێران کە لەماوە ٣٠ ساڵی رابردوودا لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە برەوی پەیدا کردووە، لە راستی دا بە واتای بە بارمتەگرنی گەڕیانی ئازادانەی زانیارییەکانە. بە ترساندن و بەشدار نەبوونی هەواڵنێران لە بەرەکانی شەڕ، کەس ئاگای لەو نییە کە لە هەندێ لە ناوچەکان چ دەقەومێ. ئەم بازرگانییە زۆرەکییە، جیا لەوەی زیانی گەورە بە قوربانی دەگەێنێ، تاوانکارییەکی ئەنقەستە لە پێشێلکردنی مافی ڕۆژنامەنووساندا وەک هاوڵاتییانی سڤیل. بەپێی پێناسەی مافە نێونەتەوەییەکان لە هەندێ حاڵەتدا ئەم ڕەفتارانە دەتوانێ بەڵگەی جەنایەتیی جەنگی بێ و لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا کە بە زۆر ڕۆژنامەنووس "بێسەروشوێن" دەکەن، دەتوانین ناوی تاون دژی مرۆڤایەتی لەسەر دابنێین.

The Iraq War: The Heaviest Death Toll for the Media" Since World War II, March 2003 – ) August 2010

http://en.rsf.org/irak-the-iraq-war-the-heaviest-death-07-09-2010,38294.html

١- جاناتان رندال، هەواڵنێری پێشووی ڕۆژنامەی واشنگتن پۆست، لەمەڕ چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ دوو کەس لە ڕێبەرانی سێربیا لە ساڵی ١٩٩٢دا بەمەبەستی شایەتی دان لە لایەن دادوەرە بانگ کرا و ئەویش ئامادە نەبوو بچێتە دادگا. لەبەر ئەوەی دادگا قەبووڵی کرد کە جاناتان رندال مافی خۆیە شایەتی نەدا و داواکاری دەزگای قەزایی ڕەت کاتەوە، ئەمە وەک بەڵگەیەک بۆ پاراستنی "پیشە و سەرچاوەی زانیاری هەواڵنێران" فەرمییەتی وەرگرتووە. تا ئەمڕۆکەش وەک پرۆسەیەکی دادوەرانەی نێونەتەوەیی لە کاری هەواڵنێران لەو ناوچەگەلەی شەڕی لێیە چاو لێ دەکرێ و پارێزگاری لە زانیاری و سەرچاوەکانی دەکرێ.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

TPIY - Procureur c. Radoslav Brdjanin et Momir Talic (IT-99-36), Dicision relative a l'appel interlocutoire 11 decembre 2002

http://en.rsf.org/pays-bas-le-journaliste-jonathan-randal-11-12-2002,04500.html

2. Dictionnaire Paratique du droit Humanitaire – Francoise Bouchet - Saluliner

3. Philippe Petit- protection des journaliste dans les zones de conflit arme.

4. وەرگێڕدراوی فارسی بڕیارنامەکە http://rsf-persan.org/article17212.html

5. Actualisation de la protection des journalistes en mission perilleuse dans les zones de confit- Jean pilippe Petit

٦- ئامارەکان لە ماڵپەڕی هەواڵنێرانی بێ سنوور وەرگیراوە.

لە ژمارە ٦٥٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ١٩ی فێبەیوێری ٢٠١٥

# بەفەرمی ناسینی بەشداریی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا مافی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ڕوومالکردنی ڕووداوەکانی بەرەکانی شەڕ

## بەشی: سێهەمو کۆتایی

لە مێژووی هاوچەرخدا کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەڕی لوبناندا ڕەسمیەتی دا بەوەی کە ڕۆژنامەنووسان بە بارمتە بگیردرێن و وەک کارتی گوشار بۆ سەر دەوڵەتان بەمەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی سیاسی بەکار بهێنرێن. لە ڕێکەوتی ٧ی مارسی ساڵی ١٩٨٤دا «جێرمی لوین»، بەرپرسی نووسینگەی «CNN» لە لوبنان ڕفێنرا، لەم ڕێکەوتەوە تا ساڵی ١٩٨٧، دوو هەواڵنێری ئەمریکایی دیکە، ٦ هەواڵنێری فەرەنسی و ٢ هەواڵنێری بریتانیایی لە لایەن حیزبوڵای لوبنانەوە ڕفێنران. جیا لە «ئەلیک کولت»، هەواڵنێری بریتانیایی کە یەک ساڵ دوای ڕفاندنی تەرمەکەی دۆزرایەوە و دوو کەسی دیکەیان کە توانیان هەڵبێن، بارمتەکانی دیکە دوای دانوستانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، لەهەمبەر وەرگرتنی کۆمەڵێک ئیمتیازدا ئازاد کران. شەرمنانەترینان حاڵەتیان، ئازاد کردنی چوار ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی بوو لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٨ سەرکۆماری فەرەنسا بوو. بە پێی دانوستانەکان، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی گەرەکیان بوو لە هەلبژاردنەکاندا ئازادکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بە قازانجی «ژاک شیراک» و لە دژی «فرانسوا میتران» بەکاربێنن. لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ساڵی ٢٠١٠ نزیکەی ١٠٠ ڕۆژنامەنووس ڕفێندراون، لەم ژمارەیە ٤٢ کەسیان کوژران. لە ئەفغانستان ١٣ ڕۆژنامەنووس ڕفێندران کە ٥ کەسیان کوژران. ئێستا لە جیهاندا ٣٢ ڕۆژنامەنووس بە بارمتە گیراون کە تەنیا ١٤ کەسیان لە سووریا «بێسەروشوێن» بوون.(٧)

## پیشەی دژواری ڕیپۆرتێری لە جەنگدا

یاسای نێودەوڵەتیی پێوەندیدار بە پارێزگاریکردن لە ڕۆژنامەنووسان و زۆربەی ڕێسا پێشەییە ئەخلاقییەکان، سنوورێکیان لە نێوان ڕاپۆرت ناردن و هاوکاریی کردن بە قازانجی یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ دیاری کردووە. تێبینیی دووەمی مادەی ٧٩ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە «هەواڵنێران بەو مەرجە سوود

لە ڕێساکانی پارێزگاریی کۆنڤانسیۆن وەردەگرن کە هیچ هەنگاوێکیان بەو ئاراستەیەدا هەڵنەگرتبێ کە ببێتە هۆی پێشێلکردنی ئەو ڕێساگەلە و یاساکانی ڕیپۆرتێری جەنگ.» دەستەوڕنەدانی «ڕاستەوخۆ» لە بواری تێکهەڵچوونی سەربازیدا، مەرجی بە فەرمیی ناسینی «ئەرکی گرانی» ڕۆژنامەنووسە وەک هاوڵاتی سڤیل لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە.» دەستەواژەی ڕاستەوخۆ بە واتای «ڕەوتی ئاسایی کاری هەواڵنێر لە جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆیدا، یانێ، چوونە بەرەکانی شەڕ و یان ئەنجامدانی وتووێژ و وەرگرتنی لێدوان و یان یادداشت هەڵگرتن و یان وێنە گرتن و وێنەهەڵگری و تۆمار کردنی دەنگ و ناردنی بۆ ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە کاری لێ دەکا، نییە.» مادەی ٥١ـ٣ پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ باسی هەڵسوکەوتی هەواڵنێر و کاریگەرییەکانی لەسەر جەنگ دەکا و بەم جۆرە پێناسەی «کردەی جەنگی» دەکا: «کردەیەک کە سروشت و مەبەستی ئەوەیە کە زیان بگەیێنێ بە تاکەکان و ئامرازەکانی هێزی بەرانبەر». تا ئەو کاتەی کە کارەکانی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنە یارمەتی بە «دوژمن» نەکات، ئەم کارە جیایە لە یارمەتی تەبلیغی و یان پڕۆپاگەندا بە قازانجی لایەنێک. بەم جۆرە دەبێ نووسینگە و بنکەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک شوێنێ مەدەنی، دەبێ لەبەرانبەر هەر چەشنە هێرشێکدا پارێزگاری لێ بکرێ، تەنانەت ئەگەر ئەم میدیاگەلە بەشێکی زۆری چالاکییەکانیان پڕۆپاگەندا بە قازانجی لایەنێکی شەڕ بێ، دیسان دەبێ پارێزگارییان لێ بکرێ. بۆردومان کردنی وەزارەتی هەواڵگریی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ دا لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کە نووسینگەی ژمارەیەک لە میدیا جیهانییەکانیش لەوێ بوو، کارێک بوو کە پێچەوانەی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ بوو. ئەمریکا پاساوی بۆ ئەم هێرشە ئەوە بوو کە بەرپرسانی عێراقی ئەو بینایە بۆ کۆبوونەوە بەکار دێنن. بە پاساوی کەڵکوەرگرتنی هێزە سەربازییەکان لە تۆڕەکانی پێوەندیی هاوبەشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سێربیا (RTS)، ئەم دەزگایە لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئاڤریلی ١٩٩٩دا لە لایەن هێزەکانی ناتۆوە بۆردومان کرا.

لە بڕیارنامەی ١٧٣٨ ئەنجوومەنی ئاسایشدا هاتووە: « بڵاوکردنەوەی ڕق و قین و هاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید و جەنایەتی جەنگی و پێشێلکردنی مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکان، سنوورێکە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بپارێزن و لەبەرانبەریشدا ڕۆژنامەنووس و ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە کاری بۆ دەکا دەتوانن سوود لەو پشتگیرییانە وەربگرن کە ڕچاو کراوە.» (٨)

یەکێک لەو بابەتگەلەی کە ئەمڕۆ لە دونیادا مشتومڕی لەسەرە، زۆر بوونی ڕێژە ئەو میدیاگەلەیە کە ڕق و قین بڵاودەکەنەوە و زۆر بوونی ژمارەی ئەو هەواڵنێرگەلەیە کە لە پێناو خزمەتکردنی ئەم میدیاگەلەدا دژی ئازادیی ڕاگەیاندن چالاکن و بەکردەوە مەترسیان بۆ سەر ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ دروست کردووە. دادگای تاوانی

نێونەتەوەیی بۆ پرسی ڕەواندا بە تاوانی «هاندان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕق و قین، سازکردنی دووبەرەکی ئەتنیکی و هاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید» سێ ڕۆژنامەنووسی رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەزار تەپە و ڕۆژنامەی کانگورا و وەزیری هەواڵگریی ئەو کاتی ڕەواندای دادگایی کرد و لە مانگی ژانویەی ساڵی ٢٠٠٣دا زیندانی درێژ ماوەیان بۆ بڕایەوە. ئەم بڕیارە یەکێک لەو پرۆسە دادوارانە بوو بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە هاوکاری ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە دەکەن کە تۆوی ڕق و قین و دووبەرەکی بڵاو دەکەنەوە. ئەوان کە بێ گوێدانە پرنسیپە باوەکان پاساو بۆ کوشتوبڕ و تاوانکارییەکان دێننەوە و هەندێ جار چەک هەڵدەگرن و وێنەیان لێ هەڵدەگرن و یان لە نووسراوەکانیاندا بە ئەنقەست خەڵک بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی دژی نەتەوە و ئەتنیک و ئایینەکانی هاندەدن، ئەوان بە دۆسیە هەڵبەستن و یان هاوکاری کردنی دەزگا ئەمنییەکان، لە ڕاستیدا بە کردەوە یارمەتی دەستگیر کردن و ئەشکەنجەدانی ڕۆژنامەنووسان دەکەن، تەنیا پرۆپاگاندیستە بەکرێگیراوەکان نین کە لە خزمەتی سیستمێکی سیاسی یان ئایینی دان و مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکان بەرانبەریان دانی بەخۆیدا گرتووە. ئەم «هەوالنێرگەلە» بە کردەوە فەرماندەرانی شەڕن و لە تاوانکاریی و کوشتوبڕدا بەشێوەی «ڕاستەوخۆ» بەشدارن. بە پشتبەستن بە مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکان و پرۆسە دادوەرییەکان دەتوانرێ و دەبێ ئەو کەسانە سزا بدرێن.

## دوا وتە

ناتوانین تەنیا بە تیۆری «جڤاکی پڕمەترسی» و یا «شۆڕشی تێکنۆلۆژیای نوێ»، بەرز بوونەوەی ڕێژەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە کوژراون پاساو بدەین. ڕاستە کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەدا ئەو گۆڕانکارییە لە ناکاوانەی کە بەرهەمی مۆدێرنیزاسیۆنن، هەندێ جار بە پێچەوانەی سەدەکانی ڕابردوو مەترسی و هەواڵ لەم مەترسییە زیاتر بووە. ئەوەش ڕاستە کە خێرایی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان دەتوانێ بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەوالنێر بخاتە بەردەم مەترسی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی. بە پێچەوانەی ڕابردوو کە هەواڵنێر ڕاپۆرتەکەی ئامادە دەکرد و زۆر جار لە شوێنی قەیرانەکە دوور دەکەوتەوە، ئینجا ڕاپۆرتەکە بڵاو دەبووەوە، ئەمڕۆ هاوکات و بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەواڵەکانی شەڕ دەگوازرێتەوە و لایەنەکانی شەڕەکەش دەیبینن و دەتوانن نارەزایەتی خۆیان لە ڕاپۆرتەکە بەشێوازی جۆراوجۆر بگەیێننە هەواڵنێرەکە و ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە ڕاپۆرتەکەی بڵاوکردووەتەوە. سەرەڕای ئەوەش هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە هەواڵنێران دەکەونە مەترسییەوە بۆ پابەند نەبوونی زیاتری لایەنەکانی شەڕ بەرانبەر بە پاراستنی مافی هاوڵاتیانی سڤیل و لەو نێوانەشدا مافی ڕۆژنامەنووسان، دەگەڕێتەوە. لە هێزە

پارتیزانییە بووچکەکانەوە بگرە تا دەگاتە سوپای وڵاتە دیموکراتیکەکان، پابەندی پاراستنی مافی هاوڵاتییانی سڤیل و ڕۆژنامەنووسان نین. لە بنەڕەتدا ئەمڕۆکە لە مافە نێونەتەوەییەکاندا وەک پێویست دەرەتانی ئەوە رەخساوە کە پارێزگاری لە رۆژنامەنووسان بکرێ. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە یاساکان وەک خۆیان بەڕێوە ناچن و کۆتایی بەوە نەهاتووە کە تاوانکاران لەبەرانبەر ئەو تاوانەیدا کە ئەنجامی دەدەن داڵدە نەدرێن.

پێویستە بوترێ کە لە جەنگی کەنداودا دەستەواژەیەکی نوێ بۆ هەواڵنێرانی بەرەکانی شەڕ بە ناوی هەواڵنێری «هاوڕێ» بەکار برا. هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا ئەو هەوالنێرانەیان لە ناو زرێپۆشەکاندا «هاوڕێ» لەگەڵ خۆیان دەیانبردنە بەرەکانی شەڕەوە. ڕێکەوتی ٨ - ٤ - ٢٠٠٣ دوای ئەوەی ئەمریکا هێرشی کردە سەر هۆتێل فەلەستین (شوێنی حەوانەوەی هەواڵنێران لە عێراق) و بەهۆی هێرشەکەوە هەواڵنێری هەواڵدەریی رۆیتێرز و هەواڵنێری کەناڵی ٥ سپانیا کوژران، وتەبێژی سوپای ئەمریکا لە ناوەندیی فەرماندەیی ئەم هێزەدا لە قەتەر رایگەیاند:» ئێمە نازانین لەو ناوچەگەلەی کە جەنگی لێیە، هەواڵنێران لە کوێین، تەنیا ئەوانە دەناسین کە لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانیدا هاوڕێی ئێمەن.» بەم جۆرە هەندێ کەس هەوالنێران (هاوڕێیان)یان وەک «یاریدەدەری سەربازی» لە جەنگدا دەناساند. بەڵام ئەم هەواڵنێرانە لە روانگەی یاساییەوە تەنانەت سوود لە مافی «رێپۆرتێرەکانی جەنگ» وەرناگرن. بەکردەوە وەک هاوڕێن و تەنیا لە لایەن سوپای هەندێ لە وڵاتانەوە مافی دیلی شەڕیان بۆ ڕچاو دەکرێ.

٧- هەمان سەرچاوە

٨- هەمان سەرچاوە

ئەم وتارە لە وێبلاگی http://ntchek.blogspot.fr/ وەرگیراوە.

لە ژمارە ٦٥١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٥

# هەرێمی کوردستان و سیاسەتی هەڵەی بەرانبەر بە دراوسێیەکانی

تا ئێستا چەند جار بەرپرسان و فەرماندە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەیان بە چاوی کاربەدەستانی هەرێمی باشووری کوردستان و عێراقدا داوەتەوە کە گوایە هێزەکانی ئەوان نەیانهێشتووە هەولێر و بەغدا بکەوێتە دەستی داعش. ئەم هەڵوێست و لێدوانانەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام دژکردەوەی لایەنەکان و بەتایبەتی کوردی باشووری لێکەتووەتەوە. بۆ یەکەم جار "ئەمیرعەلی حاجیزادە" لە فەرماندەکانی هێزی ئاسمانی سپای پاسداران لە کەناڵی "دوو"ی ئێران لە رۆژی یەکەمی پاییزی ساڵی رابردوودا رایگەیاند کە قاسم سلێمانی لەگەڵ ۷۰ کەس بەرەورووی هێزەکانی داعش بووەتەوە و نەیانهێشتووە بگەنە هەولێر.

دوایین جار رۆژی شەممەی (۲۵ - ۷ - ۲۰۱۵) رابردوو "حەسەن روحانی"، سەرکۆماری ئیسلامی ئێران لە میانەی وتارێکدا لە شاری سنە بە شێوەیەکی دیکە ئەو بابەتەی دووپات کردەوە و وتی:" ئەگەر کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی نەبوایەن ئەوا ئەمڕۆ هەولێر و بەغدا لە ژێر دەستی تیرۆریستەکاندا دەبوون".

ئەم بابەتە کاردانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک کەسی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لێکەوتەوە. بەتایبەتی ژمارەیەک لە رۆژهەڵاتییەکان لە روانگەی دژایەتی کۆماری ئیسلامییەوە هاتنە ناو بابەتەکە و بەبێ لەبەرچاو گرتنی سیاسەتی نادروستی هەرێمی کوردستان لە مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، وەڵامی حەسەن روحانی و ئەو هەڵوێستانەی ئێرانیان دایەوە و داکۆکییان لە هەرێمی باشووری کوردستان کرد.

ئەگەر لانیکەم بگەڕێینەوە بۆ ساڵێک لەمەوبەر و چاوێک بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی بەرپرسانی هەرێمی باشووری کوردستاندا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هەڵوێست و لێدوانانەی کاربەدەستانی ئێران بەرهەمی سیاسەت و مامەڵەی نادروستی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ خۆی بەگشتی و بەتایبەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.

ساڵی پار لەگەرمی هێرشەکانی داعشدا بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان، بەرپرسانی هەرێم بۆ خۆیان

دەستەوداوێنیّ کۆماری ئیسلامی بوون. لەم پێناوەدا دوای هەڕەشەکانی ئێران، بەرپرسانی هەرێم ئێوارەی ڕۆژی ٨ - ٨ - ٢٠١٤ بە بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (کە ڕۆژی ٧ - ٨ - ٢٠١٤ لەسەر داوای بەرپرسانی هەرێم هێزێکی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دژی داعش لە مێحوەری گوێڕ و مەخموور کرد) ڕاگەیاند کە هێزەکەیان بکشێننەوە. ئەمەش لەو کاتەدا وەک ئیمتیازێک و وەڵامدانەوەیەک بوو بەرانبەر بە داواکاری و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی. دیسان بۆ ڕاگرتنی دڵی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ١٠ - ٨ - ٢٠١٤ "مەسعود بارزانی"، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ حەسەنی ڕوحانی سپاسی یارمەتی و هاوکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەهاناوە هاتنیان بەرانبەر بە تیرۆریستانی داعش کرد. هەر دوای ئەم نامە بوو کە "مستەفا هیجری"، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە تەلەفزیۆنی "تیشک"ـەوە لە کاردانەوەیەکدا بەرانبەر بە سپاسنامەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ سەرکۆماری ئێران ڕایگەیاند:"نازانم حەسەن ڕوحانی چ یارمەتییەکی داوە کە وا سپاسی دەکەن".

لە درێژەی سیاسەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆ کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی ٢٦ - ٨ - ٢٠١٤ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە میانەی پرێس کۆنفراسێکدا لەگەڵ "جەواد زەریف"، وەزیری دەرەوەی ئێران دیسان سپاسی تایبەتی کۆماری ئیسلامی کرد و ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی یەکەم وڵات بووە کە بەهانای خەڵکی کوردستانەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعشدا هاتووە و یارمەتیی کوردستانیان داوە. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە هەر لەم پرێس کۆنفراسەدا وەزیری دەرەوەی ئێران بێ ڕێزی بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و هەموویانی بە تیرۆریست لەقەڵەم دا، بەبێ ئەوەی لە پەراوێزی قسەکاندا و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەلایەن بارزانییەوە وەڵام بدرێتەوە.

بەم جۆرە دتوانین بێژین ئەو لێدوانانەی کۆماری ئیسلامی دروستە بەشێکی لە بنەڕەتدا هیچ بنەمایەکی نییە و بە جۆرێک سووکایەتییە بە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا، بەڵام بەشێکی زۆریش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی مامەڵە کردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دا. بەداخەوە سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕووەشەوە سەرکەتوو نەبووە و نەیتوانیوە کەسایەتییەکی بەهێز بۆخۆی دەستەبەر بکا و لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا قورسایی کارتەکانی خۆی ڕابگرێ. تا ئەو کاتەی کە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی یەکگرتوو و بەهێز و دروست لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ نەگرێتە بەر، بەم شێوە بێ ڕێزی پێ دەکرێ. تا ئەو کاتەی لایەنێک بەرەو ئێران و لایەنێک بەرە لای تورکیا هەرێمی کوردستان ڕابکێشێ و ئەو دوو وڵاتە تێکەڵ بە گەمە نێوخۆییەکانیان بکەن، هەرێمی کوردستان بە چاوی سووک سەیر دەکرێ و بەردەوام بینەری لێدوان و بێ ڕێزی لەم چەشنە بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان دەبین. لەم ڕووەوە پێویستە بەرپرسانی هەرێم لە ناوخۆی کوردستاندا

سیاسەتێکی یەکگرتوو بەرانبەر بە وڵاتانی دراوسێ (ئێران و تورکیا) دابڕێژن و لە پێشدا بەستێنێ ئەم بێ ڕێزی و سووکایەتی کردنانە لە ناوخۆدا نەهێڵن.

سیاسەتە هەڵەکانی هەرێمی کوردستان بەرانبەر بە ئێران و تورکیا، تا ئێستا نەتەنیا بە زیانی کوردی ڕۆژهەڵات و باکور بووە، بەڵکوو زیانی زۆریشی بە باشووری کوردستان و ئەزموونی دەوڵەتداری لەو پارچەیە گەیاندووە. ئەم سیاسەتە هەڵەیە بووەتە هۆی ئەوەی باشوور بەردەوام لە جۆرێک قەیران و شڵەژاندا بێ. هێنانە ناوەی ئێران و تورکیا و تێکەڵکردنیان بەگەمە نێوخۆییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی باشوور بەردەوام ناسەقامگیر بێ و مەترسی دوو ئیدارەیی وەک مۆتەکەیەک بەردەوام سێبەری بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو پارچەوە هەبێ.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەداخەوە تا ئێستاش درێژە بەم سیاسەتە هەڵەیە دەدەن و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان لە گەمە لەگەڵ یەکتردا، باز بەسەر بەرژەوەندیی پارچەکانی دیکەدا دەدەن و دەستەوداوێنێ تورکیا و ئێران دەبن. نموونەکانی بازدان و مامەڵە کردنی بەرپرسانی حیزبە سەرەکییەکانی باشوور لەسەر بەرژەوەندیی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکور زۆرن و روونن. تا ئەم سیاسەتە هەڵەیە بەردەوام بێ، بەگشتی هێزەکانی ئەو دوو پارچەیە (بەتایبەتی ڕۆژهەڵات) دەبێ زۆر وریا بن و لەمە زیاتر باجی ئەو سیاسەتە هەڵانە نەدەن و ڕێگا نەدەن بەرژەوەندیی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکور ببێتە قوربانی ململانێیە ناوخۆییەکانی باشوور.

پێوەندیی لەگەڵ ئێران و تورکیا بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان شتێکی پێویست و ئاساییە. لێرەدا چۆنیەتی پێوەندییەکە و دروست کردنی هاوسەنگی لەو نێوانەدا جێگای تێڕامانە، کە بەداخەوە بەرپرسانی باشوور تا ئێستا گرنگییان پێ نەداوە و نەیانتوانیوە لەو پێوەندییانەدا باڵانسێک دروست بکەن و ڕایبگرن. بەرپرسایەتی ئەم سیاسەتە هەڵەیەش بە پلەی یەکەم لە ئەستۆ یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە کە بەداخەوە بناغەی ئەو پێوەندییانەیان خراپ دارشتووە و سەرەڕای زیانەکانیشی لە ململانێی لەگەڵ یەکتردا، هەر درێژە بەو ڕەوتە چەوتە دەدەن. زیانەکانی ئەم پێوەندییە هەڵانە، ڕۆژانەی لە سووکایەتی کردن بە باشووری کوردستان و تێکدانی ناوماڵی باشوور و زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکە دەبینین و لە مێژە ئەو زەروورەتە هاتووەتە ئاراوە کە پێویستە ڕێگا لەم جۆرە سیاسەت کردن و مامەڵە کردنە بگیردرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا - ڕێکەوتی: ١ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# کەوا سوورانی بەر لەشکەر

بابەتی نامەی ٢٢٥٠ کەسەکە بۆ پشتگیری لە مانەوەی بارزانی هەتا دێ لق و پۆی زیاتر و باسی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. ئەگەرچی ژمارەیەک لەو نووسەر و رووناکبیرانە روونکردنەوەیان داوە و بێ ئاگایی خۆیان لەو نامەیە دەربڕیوە، یان ژمارەیەکیان فێڵیان لێ کراوە، بەڵام بەگشتی پێم وایە نووسەران و رۆشنبیران و بەتایبەتیش نووسەران و رۆشنبیرانی رۆژهەڵات کارێکی زۆر خراپیان کردووە کە ئەو نامەیان ئیمزا کردوە. بە دەرجەی یەکەم پرسی سەرۆکایەتی هەرێم پێوەندیی بە باشووری کوردستانەوە هەیە و لە رەهەندێکی نەتەوەیی بەدەرە. چونکە خەمی نەتەوەیی لە لای حیزبەکانی باشوور و بەتایبەت حیزبەکەی بارزانی زۆر کەمڕەنگ و بێ بایەخە. هەموو پرۆژەکانیان لە پێناو مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی بنەماڵەیی و حیزبی خۆیانە و بە دەیان جار حیزبەکانی باشوور بە حیزبەکەی بارزانیشەوە بەسەر بەرژەوەندیی پارچەکانی دیکەدا بازیان داوە. بەتایبەت لەم پێناوەدا ئەوەی لە دەستیان هاتبێ دژی رۆژهەڵاتی کوردستان درێغیان نەکردوە. بۆیە نەدەبوو رووناکبیران و نووسەران بەو شێوە بێنە ناو ئەو پرسەوە و "استفادە ابزاری" یان لێ بکرێ. بەداخەوە ململانێ حیزبی لە کوردستان تا ئەو ئاستە بۆ ناخی کۆمەڵگا شۆڕبووەتەوە کە سەرجەم چین و توێژەکان دابەش بوون بەسەر حیزبەکان دا. ئەم دۆخەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆر جار رووناکبیران و نووسەران دابەش بن و ببنە پاشکۆی حیزبەکان و لە باتی رەخنە لە پرسە هەنووکەییەکان و داکۆکی لە ئازادیی و دیموکراسی و بوونەتە داکۆکیکاری دۆخی ئارایی و سیاسەتی چەوتی حیزبەکان. بۆیە ئەم دۆخە بووەتە هۆی ئەوەی کە رووناکبیران لە کۆمەڵگەدا زۆر جار رۆڵی خۆیان لێ تێک بچێ و وەک سیاسەتوانی دەرجە دوو و دەرجە سێ دەربکەون.

ئەوەی رووناکبیران و نووسەران لەم دۆخەدا لەسەریانە، خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە و مەعریفیانەیە بۆ دۆخی ئێستای کورد و سیاسەتی حیزبەکان. لەم پێوەندییەدا پێویستە رووناکبیران داکۆکیکاری "حەقیقەت"بن و لە گێژاوی ململانێیەکانی کۆمەڵگەدا بێ لایەنی خۆیان بپارێزن و بوێرانە رەخنە بگرن و راستییەکان دانەپۆشن و بۆ خەڵکیان روون بکەنەوە. ئەگەر رووناکبیران بەپێچەوانەی ئەم بنەمایە بجووڵێنەوە ئەوا لە "حەقیقەت" دوور کەوتوونەتەوە و رسالەتی مێژوویی خۆیان بەجێ نەگەیاندووە. بە وتەی "جولیێن بێندا"، "رووناکبیران توێژی وشیاری کۆمەڵگەن" کە بەپێی کۆمەڵێک پێوەری ئەخلاقی وەک "ویژدانی مرۆڤایەتی" ئەژماریان دەکا.

لە کوردستانی ئێمە بەداخەوە پێوەرەکان لە جێ خۆیاندا نین و چین و توێژە جۆربەجۆرەکان لە رسالەت و ئەرکی خۆیان تێناگەن. بەگوێرەی بەرژەوەندیی شەخسی و حیزبی پێناسە بۆ چەمکەکان دادەتاشن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و خۆیان لە دەیان کێشە هەڵدەقورتێنن کە پێوەندییان بەوانەوە نییە. بەبێ ئەوەی خاوەن "کارکرد"ی رووناکبیرانە بین، بەبێ ئەوەی لە رۆڵی مێژوویی رووناکبیر تێبگەین بە خۆمان دەڵێین رووناکبیر و بەگوێرەی بەرژەوەندیی چەمکەکان بەدوای خۆماندا رادەکێشین و هەر کام لە پێناو بەرژەوەندیی لایەنێکدا پاساو بۆ قەیرانەکان دێنینەوە. ئەگەر لە روانگەی "جولیێن بێندا"وە سەیری ئەم گرفتانە بکەین و "کارکرد"ی رووناکبیران و توێژە جیاوازەکان لە کوردستان لێکبدەینەوە، بەو ئەنجامە دەگەین کە لەم نێوەدا بە جۆرێک ئەخلاق هەرەسی هێناوە، بۆیە رووناکبیران دەکەونە داوی کۆمەڵێک گەمەی ناسالم و وەک ئامێرێک بەکار دەهێنرێن.

ئەوەی دەمەوێ لێرەدا هەڵوەستەی لەسەری بکەم، پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی و پێوەندیی بە رۆژهەڵاتی کوردستانەوەیە. لەڕاستیدا پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، پرسێکە پێوەندیی بە ناوخۆی باشووری کوردستانەوە هەیە. لەم بارەوە ئەوە مافی لایەنەکان و خەڵکی باشووری کوردستانە کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە دەکەن و چۆنی چارەسەر دەکەن. لەبەر ئەوەی کە پرسەکە رەهەندێکی نەتەوەیی نییە، دروست نییە حیزب و کەسایەتی و رووناکبیرانی پارچەکانی دیکە کوردستان خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن و لایەنگری لەم و لەو بکەن. ئەگەر سەیری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەین دەبینین بەهۆی ئەو دابەشبوونەی کە لە ئاستی هێزە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەدا دروست بووە، پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و ململانێی نێوان لایەنەکانی باشوور رەنگدانەوەیەکی فرەی هەبووە و هەیە لە ناو ئەدەبیات و نووسینی چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان دا. قسە کردن لەسەر پرسەکانی باشوور و ناکۆکیی نێوان لایەنەکانی باشوور لای هەندێ لە رۆژهەڵاتییەکان وای لێهاتووە کە هەست دەکەی لە بیریان چووبێتەوە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و نابێ ئەوەندە خۆیان لە پرسێک کە پێوەندیی بەوانەوە نییە، هەڵقورتێنن. یان هەندێ جار وا هەست دەکەی کە ئەوە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ کێشەیە و هەموو شتێک باشە، بۆیە دەبێ وزە و توانای خۆمان بەکار بێنین بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی پارچەکانی دیکە.

جیا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ژمارەیەک نووسەر و رووناکبیر و چالاکوانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناویان لەو نامەیەدا هاتووە کە بۆ پشتگیری لە مانەوە بارزانی بڵاوبووەتەوە. (دیارە هەندێکیان روونکردنەوەیان داوە کە ئاگاداری ئەو نامەیە نەبوون و لە خۆڕا ناویان هاتووە.) بەش بە حاڵی خۆم زۆر بەداخم بۆ ئەو نووسەر و رووناکبیرانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەو نامەیەدا ناویان هاتووە و کارەکەیان هیچ پاساوێکی لۆژیکی

هەڵناگرێ. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خۆی یەک دونیا قەیران و گرفتی هەیە و پێویستە ڕووناکبیران و نووسەرانی ڕۆژهەڵات خۆیان بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتەوە سەرقاڵ بکەن، نەک خۆیان لە پرسی ناوخۆی پارچەکانی دیکە هەڵقورتێنن. ئەگەر وردتر سەیری کێشەکە بکەین دەبینین زۆر پرس و قەیران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێنە ئاراوە، ژمارەیەک لەو ڕووناکبیر و نووسەرانەی کە لەو نامەدا ناویان هاتووە، هیچ متەقیان لێوە نایە و "محافظەکارانە" بە لای دا تێپەڕ دەبن، کەچی بۆ پرسی ناوخۆی پارچەکانی دیکە دەبنە "کەوا سووری بەر لەشکەر".

بۆیە سەرەڕای ئەوەی بەگشتی نامەی ئەو ڕووناکبیرانە بۆ پشتگیری لە مانەوەی بارزانی تێبینی زۆری لەسەرە و رەخنەی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، هەڵەیەکی هەرە گەورەی ئەو نامەیە هاتنی ناوی ژمارەیەک کەسە لە پارچەکانی دیکە، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان. نووسەران و ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە قورسایی و توانایی خۆیان بخەنە سەر چارەسەر کردن و کەمکردنەوەی قەیرانەکانی ڕۆژهەڵات و لەو چوارچێوەیەدا کار لەسەر پرسی نەتەوەیی لەو پارچەیە بکەن. هەروەها لە پێوەندیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەبێ ئەو ڕووناکبیرانە ببنە پردێکی بەهێز بۆ درست کردن و بەهێز کردنی گوتاری نەتەوەیی و هاوگەرایی نەتەوەیی. ئەوەی ئێستا ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵات کردوویانە، بەپێی ئەو دابەشبوونە ناسالمەی کە حیزبەکان دروستیان کردوە، ئۆتۆماتیکی هەندێ لە حیزبەکان و ڕووناکبیرانی باشوور پێیان ناخۆشە و لەو نێوانەدا تەنیا پارتی و نووسەرانی سەر بەو حیزبە پێیان خۆشە. واتە پارتی لەبەرژەوەندیی خۆیدا دەیبینێ و ئەوانی دیکەش بەپێچەوانەوە. ئەمەش بە زیانی ئەو پێوندییە نەتەوەیی، یان ئەو پردەیە کە پێویستە لە نێوان پارچەکاندا (یان لە نێوان ڕۆژهەڵات و باشووردا) هەبێ. لەم ڕوانگەوە لە بەردەنگ و قورسایی و کاریگەریی ئەو ڕووناکبیرانەش کەم دەکاتەوە، کە ژمارەیەکیان کەسایەتی و ناوی دیاری ناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. دیارە دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەم یەکەم جار نییە بەو شێوەیە کەڵک لە ڕووناکبیران و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەردەگیردرێ. پێشتریش لە هەندێ بۆنەدا بەیاننامە و وتاریان پێی نووسراوە و حیزبێک بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە باشووری بەکاری هێناوە.

----

ئەم وتارە لە ماڵپەڕی "NRT" بڵاوبووەتەوە بەداخەوە لەبەر ئەو هێرشەو ئێلکترۆنییەی کراوەتە سەر ئێن ئارتی لینکی وتارەکە دانانرێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# دوای ۷۰ ساڵ، ڕێنسانسی دووەم پێویستە

۲۵ی گەلاوێژی ئەمساڵ ۷ دەیەی بەسەر تەمەنی حیزبی دیموکراتدا تێپەڕ دەبێ. ئەگەرچی حیزبی دیموکرات وەک بە تەمەنترین حیزبی کوردی ناسراوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هێشتا بستێک خاکی ڕزگار کراوی بەدەستەوە نییە و چاوەڕوانی ئەوەیە کە ئەویش وەک حیزبەکانی دیکە لە داهاتوودا حوکمڕانیی تاقی بکاتەوە و دوای تێپەڕ کردنی دەیان هەوراز و نشێو سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

حیزبی دیموکرات لە کاتێدا پێ دەنێتە دەیەی هەشتەمی خەباتییەوە کە هەر لە نزیک خۆی لە باشووری کوردستان «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» دوای تێپەڕینی ١٦ ساڵ بەسەر دامەزرانیدا گەیشتە دەسەڵات و «پارتی دیموکراتی کوردستان»یش کە ساڵێک دوای حیزبی دیموکرات دامەزراوە لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا بەهەمان شێوە گەیشتە دەسەڵات. ئەگەر دوورتریش بڕۆین دەبینین لە کۆسۆڤۆ دوای ١٣ ساڵ سوپای ئازادی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٨ سەرکەوتن و سەربەخۆیی خۆیان لە سربیا ڕاگەیاند، هەروەها لە باشووری سودان دوای ٥٠ ساڵ شەڕی ناوخۆ شۆڕشگێڕان سەرکەوتن و ساڵی ٢٠١١ سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.

٧ دەیە مانەوەی لە قۆناغی خەبات و نەچێشتنی تامی دەسەڵات بۆ حیزبێکی سیاسی تەمەنێکی کەم نییە و ڕەنگە نموونەی وا لە مێژوودا زۆر دەگمەن بێ، یان ئەگەر هەشبێ ئەوا کۆتایی پێهاتووە و ئاسەواری نەماوە. حیزبی دیموکرات ئەگەرچی پاش ئەم مێژووە درێژە لەخەبات نەگەیشتووەتە دەسەڵات، بەڵام لە هەمان کاتدا درێژە کێشانی ئەم قۆناغەش، حیزبی دیموکراتی تووشی چارەنووسی حیزبی «تودە» نەکرد. بێگومان هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پتەو بوونی ڕیشەی کۆمەڵایەتیی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها بەردەوام بوونی ئەم حیزبە لە خەبات.

بە ئاماژە بەوەی کە تا ئەم قۆناغە بەلانی کەمەوە ٨٠ لە سەدەی چارەنووسی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرێدراوی چارەنووسی حیزبی دیموکراتە، چاوەڕوانییەکان بە نیسبەت حیزبی دیموکراتەوە فرەن و حیزبی دیموکرات ئەگەر بیەوێ بمێنێ و لە ئاکامدا بگاتە دەسەڵات و براوە بێت، ناتوانێ بەو شێوەی کە تا ئێستاش درێژەی پێ

دەدا، بەردەوام بێ. چونکە بۆ هەموو لایەک روون بۆەتەوە گوتار، مێتۆدیی کار کردن و پێکهاتەی رێکخراوەیی بۆ ئەم قۆناغە وڵامدەر نییە و لەمێژە ئەو زەروورەتە هاتووەتە ئاراوە کە ئەم حیزبە پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە. لە ٧٠ ساڵەی تەمەنی حیزبی دیموکراتدا لە لای هەڵدانەوەی لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی حیزبی دیموکرات هەقە بپرسین کە بۆ خەباتی ئەم حیزبە دوای ٧٠ ساڵ نەگەیشتووەتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە و ئەوەندە درێژەی کێشاوە؟ لە لای باس کردن لە کۆمەڵێک هۆکاری دیکەدا هەقە بپرسین بۆ حیزبی دیموکرات دوای ٧٠ ساڵ خەبات نەیتوانیوە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمان یەکلایی بکاتەوە و کورد لە سایەی پرۆگرامەکانی ئەم حیزبەدا لە رۆژهەڵات بە مافەکانی خۆی بگا؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە شیکاریی و خەسارناسیی ورد هەیە کە رەنگە بابەتی چەندین توێژینەوە بن. ئەگەر بەشێوەی گشتی چاو لە پرسەکە بکەین، رەنگە زۆرجار بوترێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زۆر دڕندە و داخراوە، بۆیە لە ئێرانیش فەزایەکی هاوشێوەی تورکیا دروست نابێ بۆ ئەوەی پرسی کورد بچێتە پێشەوە و کورد بە لانی کەمی مافەکانی بگات. هەروەها رەنگە پەنا ببەینە بەر ئەوە وەڵامە کە بڵێین فاکتۆرە دەرەکیی و ناوچەییەکان بۆ حیزبی دیموکرات و پرسی کورد لە رۆژهەڵات لە بار و یارمەتیدەر نەبوون، تا کورد لەو پارچەیە بگا بە مافەکانی خۆی. بێگومان ئەم فاکتۆرانە کاریگەرییان هەیە و لە شێکاریی ئەم بابەتەدا دەبێ لەبەرچاو بگیردرێن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە بۆ حیزبی دیموکرات خۆی نەیتوانیوە ببێتە فاکتۆری یەکلاکەرەوە و لە ئەنجامی قورسایی خۆی و قەیران سازیی لە ناوچەکەدا بۆ ئێران، پرسی کورد لە رۆژهەڵات پێش بخات و پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ خۆی دروست بکات؟ لەم پێناوەدا ئەگەر چاو لێ بکەین دەبینین حیزبی دیموکرات دوای تیرۆری دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی هەتا هاتووە کاریگەریی لەسەر هاوکێشەکان کەمتر و کەمتر بووەتەوە و چووەتە پەراوێزەوە. لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا کۆمەڵێک قەیرانی ناوخۆیی بوونە هۆی ئەوەی حیزبی دیموکرات بگاتە ئەو دۆخەی ئێستا و وەک یاریکەرێکی سەرەکی لە ئاستی کوردستاندا دەوری نەمێنێ. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە و سێکوچکەیەک لە ئاستی هێزەکانی هەر چوار پارچەدا لەبەرچاو بگرین، دەبین ئەم سێ گۆشەیە تا ئەو کاتەی کە حیزبی دیموکرات هێزی پێشمەرگەی لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستانە (واتە تا ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو) بەم شێوەیە: حیزبی دیموکرات(رۆژهەڵات) یەکەکە(باکور و رۆژاوا)، پارتی و یەکێتی(باشوور). بەپێچەوانەی ئەو سەردەمە ئێستا ململانێی هێزەکان و جەمسەربەندییەکان لە ئاستی هەر

چوارپـارچەدا بەسـەر دوو بەرەدا دابەش بـووە کە بەرەیەکیـان «پەکەکە» سـەرۆکایەتی دەکـا و بەرەکەی دیـکەش «پارتی»یە و هێزە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەش هەر کام بەشێوەیەک دابەش بوون بەسەر ئەم دوو بەرەیەدا.

بەو پێیەی کە حیزبی دیموکرات بەتەمەنترین حیزبی کوردییە و خاوەنی کۆمەڵێک شاناریی و رەمزە و قورساییەکی مێژوویـی و کـۆمەڵایەتی هەیە و مەیـدانی خەبـاتەکەی دووەمین پـارچەی کوردسـتانی گەورەیە، دەبـێ بەرەوە ئەو ئاراستەی بڕوا کە سێ گۆشەکەی جاران دروست بکاتەوە و ببێتەوە بە کارتێکی بەهێز و خاوەن قورسایی.

حیزبی دیموکرات لە سەدەی رابردوودا، واتە پاش کۆمار زیاتر لە دوو دەیە دەکەوێتە پەراوێزەوە. دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان شیرازەی رێکخراوەیی حیزبی دیموکراتیش تێکدەچێ و بۆ ماوەی چەنـد سـاڵ چـالاکییەکی ئەوتـۆی نـابێ. لە دەیەی ٥٠دا زیـاتر لە ژێـر کـاریگەریی حیزبـی «تـودە»دا دەبـێ و لە دەیەی ٦٠دا دەبێـتە پاشـکۆی بـزووتنەوەی کورد لە باشوور. دیـارە بـزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ (٦٧ - ٦٨) خـاڵێکی زێـڕین و گرنگیی مێژووی حیزبی دیموکراتە لەو سەردەمەدا. ئەو کـاتە حیزبـی دیمـوکرات لە رووی پێکهـاتەی رێکخراوەیـی و سیاسییەوە تووشی قەیرانێکی قووڵ بووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە مەیدانی راستەقینەی خەباتی خۆیدا نەماوە، بە گەڕانەوەی دوکتۆر قاسملوو ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ژیانی حیزبی دیموکراتدا دروست دەبێ. لەو قۆنـاغەدا دوکتـور قاسملوو حیزب دەکاتە حیزبێکی سەربەخۆ و لە پاشکۆی بزووتنەوەی باشوور رزگـاری دەکـا و قەوارەیەکـی سیاسیی وەڵامدەری ئەو سـەردەمەی بـۆ دادەڕێـژێ. ئەم قۆنـاغە دەکـرێ وەک قۆنـاغی رێنسانسـی یەکەم لە مێـژووی حیزبـی دیموکراتـدا دەست نیشـان بکەیـن کە دواتـر دەبێتە هـۆی ئەوەی حیـزب بەردەوام لە هەڵکشـان و گەشـەدا بـێ. لەم قۆناغە بەدواوە تـا نەوەدەکانی سەدەی رابـردوو حیزبـی دیمـوکرات کـارتێکی دیـار و یـاریکەرێکی سـەرەکییە لە نـاو هێـزە کوردسـتانییەکان دا، تەنـانەت لە قۆناغێکدا یـاریکەری یەکەم و کـاراکتەری یەکەمـی گەمە کوردسـتانییەکان لەسەر ئاستی هەر چوار پارچە بووە. ئەندازیاری ئەو قۆناغەش رێبەرێکی ستراتیژیسـتی وەک دوکتـۆر قاسملوویە. کەسـایەتیی و رێبەرایەتـی و سیاسـەت و پلانەکـانی دوکتـۆر قاسـملوو هۆکـاری بنەڕەتیـی بـوون بـۆ ئەوەی حیزبـی دیموکرات خاوەن هێزێکی گەورە بێ و لایەنێکی گرنگی ئەو سێکوچکەیە بێ کە لەسەرەوە باسمان کرد. ئەگەر رەوتی هەڵکشانی حیزبی دیموکرات دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، درێژەی پێ داربایە و بەردەوام بوایە، بێگومان چارنووسی پرسی کورد لە رۆژهەڵات ئێستا بەشێوەیەکی دیکە دەبوو. واتە لەو حـاڵەتەدا حیزبـی دیموکرات دەبووە فاکتۆرێکی ئەکتیڤ و دۆزی کـوردیش لە رۆژهەڵات دەبـووە دۆسییەکی دیـار لەسـەر مێزی وڵاتـانی ناوچەکە و زلهێزەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان. هەروەها کۆماری ئیسلامیش نەیدەتوانی ئەم پرسە

بخاتە پەراوێزەوە و سەرکوتی بکات.

لە دەست دانی دوو ڕێبەری کارامەی وەک دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، هاتنە خوارەوە لە قەندیل و سەرهەڵدان و پەرەگرتنی کۆمەڵێک ململانێی ناوخۆیی و لێکترازانی ریزەکانی حیزب و...، وای کرد حیزبی دیموکرات لە فاکتۆرێکی ئەکتیڤەوە ببێتە کارتێکی پاسیڤ و لە یاریکەرێکی سەرەکییەوە ببێتە یاریکەرێکی لاوەکی (یان یەدەک) و بخرێتە پەراوێزەوە.

دوای ٧٠ ساڵ، ئەگەر بمانەوێ بەرەو داهاتوویەکی گەش بچین، ئەوا لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە بە جورئەتەوە رەخنە لە رابردووی خۆمان بگرین و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دۆخی ئێستای حیزبی دیموکرات بکەین. دوای ٧٠ ساڵ ئێمە نەمانتوانیوە پرسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بکەینە کارتێکی چالاک و لە بەرانبەریشدا دوژمن ئەگەرچی نەیتوانیوە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ناو ببات، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە توانیویەتی ئێمە بخاتە پەراوێزەوە و پرسی کورد لەو پارچەی کوردستان سەرکوت بکات و رێگا نەدا ببێتە پرسێکی چالاک. دوای ٧٠ ساڵ هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، هێشتا دەسەلات و تەنانەت هێزە سەرانسەرییەکانی ئۆپۆزسیۆن لە روانگەیەکی ئەمنییەوە سەیری پرسی کورد دەکەن و لە ژێر بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا دژی مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەوەستنەوە. لەم رووەوە پێویستمان بەوەیە کە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دروشمەکان و پۆزیشێنی کورد لە ئێران بکەین. پێویستمان بەوەیە بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ تاران و هێزە سەرانسەرییەکان بکەین.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵنەکشانی دۆزی کورد (وەک دۆزێکی ئەکتیڤ) لە رۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزبی دیموکرات نەهاتووە لە روانگەی هاوکێشەی هێزەوە کار بۆ پێشخستنی پرسی کورد لەو پارچەیە بکا، بەپێچەوانەوە لەو ماوەدا حیزبی دیموکرات خۆی داوەتە دەستی بارودۆخی ئارایی و چاوەڕوانی ئەوە بووە کە لە ئەنجامی گۆڕانکاریی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا کۆماری ئیسلامی لاواز بێ، یان بڕوخێ و دەرفەتێکی بۆ برەخسێ بۆ ئەوەی بچێتەوە رۆژهەلات. ئەم سیاسەتە هەم لە رووی دەرەکییەوە کاریگەریی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر دۆزی کورد لە رۆژهەلات و هەم لە رووی ناوخۆییەوە فەزایەکی خولقاند کە وزە و توانا مرۆییەکانی سەرقاڵی کێشە و ململانێی نێوخۆیی بێ و هەتا هات حیزبی پێ لاوازتر بوو.

ئەگەر ئاوڕ لە ڕووداوەکانی مێژووی حیزب بدەینەوە، بێگومان هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە هۆکارەکانی درێژ بوونەوە و سەرنەکەوتنی خەباتی حیزبی دیموکرات دوای ٧٠ساڵ. لەم بارەوە ڕەنگە هەندێ کەس هۆکاری سەرەکی بگەڕێننەوە بۆ هەڵەی کاربەدەستانی حیزب، یان نا هەلومەرج دەرەتانی بۆ نەڕەخساندووین و دوژمنەکەمان زۆر دڕندەیە. وەک پێشتریش باس کرا ئەم تەوەرانە دەتوانن بابەتی چەندین توێژینەوە بن، بەڵام سەرەڕای ئەم کێشانە، دەبێ ئەوەش بپرسین کە حیزبێک بەو تەمەنەوە ئایا دەتوانێ هیوایەک بێ بۆ داهاتوو؟ یان نا وەڵامدەر نییە و مایەی بێ هیواییە؟ بەلەبەرچاوگرتنی پێگەی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی حیزبی دیموکرات و کاریگەریی ئەم حیزب لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێگومان حیزبی دیموکرات هیوایەکی گەورەیە بۆ داهاتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەڕای ئەوەی خەباتەکەی زۆری خایاندووە، بەڵام هێشتا جێگەی ئومێدە و زۆر دوورە لەوەی کە تووشی چارەنووسی حیزبی «تودە» بێ.

دوای دوو دەیە پەراوێز نشینی، ئێستا دەرفەتێک دروست بووە بۆ ئەوەی حیزبی دیموکرات هەڵسێتەوە و بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات کە باڵانسی هێز لە ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان بگۆڕێ و ببێتەوە بە یاریکەرێکی سەرەکی. ئەگەر بمانەوێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرین و لە کارتێکی پاسیڤەوە ببینەوە بە فاکتۆرێکی ئەکتیڤ و لە یاریکەرێکی لاوەکی (یان یەدەک) ببینەوە بە یاریکەرێکی سەرەکی، پێویستمان بە ڕێنسانسێکی دیکەیە. واتە دەبێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە حیزبدا بکەین و بیکەین بە حیزبی سەردەمی ئەمڕۆ و سەر لە نوێ وره و هیوا بگەڕێنینەوە بۆ خەڵک و لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دیموکرات. ئەگەر دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر تەمەنی حیزبی دیموکرات، لە سەرەتای ٧٠کانی سەدەی ڕابردوودا ڕێنسانسی یەکەم لە حیزبی دیموکراتدا پێویست بوو، ئێستاش دوای تێپەڕی حەوت دەیە تەمەن و دوای تێپەڕینی دوو دەیە پەراوێز نشینی، ڕێنسانسی دووەم پێویستە.

پێگەی مێژوویی - کۆمەڵایەتی حیزبی دیموکرات و ئەو سەرمایە مرۆییەی کە لە دەوری حیزبی دیموکراتە، بەستێنێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ڕێنسانسی دووەمی لەسەر بکرێ و حیزبی دیموکرات بکرێتەوە بە هێزە سەرەکی و کاریگەرەکەی جاران، بەڵام ئەوەی لەم نێوانەدا گرنگە و دەکرێ وەک پێش مەرجی قۆناغی ڕێنسانسی دووەم لە حیزبی دیموکراتدا دەست نیشانی بکەین، یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتە. واتە هیچ لایەنێک بە تەنیا ناتوانێ ڕێنسانسی دووەم لە خۆیدا پێک بێنێ و ببێتەوە بە هێزی سەرەکی، بەڵکوو یەکگرتنەوە دەتوانێ سەرەتای قۆناغی ڕێنسانسی دووەم بێ و لەو ڕێگایەوە دەروازە بۆ گۆڕانکارییەکانی دیکە بکرێتەوە.

لە ژمارە ٦٦٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سڵاو لە بنەماڵەی بەڕێز و تێکۆشەر هاوڕێ مادیح ئەحمەدی




بەداخەوە زەبینیەتی مێژوویی ئێمەی کورد زۆر لاوازە و قەت بۆ هیچ کارێکمان نەهاتووین ئاورێک لە مێژوو بدینەوە و بەپشتیوانی ئەو مێژووەوە پرۆژەکانمان جێبەجێ بکەین. هەر بۆیە بەردەوام دوژمن چۆکی پێداهێناوین و توانیویەتی بەئامانجە شوومەکانی خۆی بگات.

دیسان بۆ وێنە دەتوانین سەیری تیرۆری ڕێبەرانی کورد بکەین کەویستیان بەپێی دیالۆگ و ئاخاوتن بڕۆنە پێشەوە و... کە چی لە ئاکامدا لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە تیرۆر کران و وڵامی وشە ئاشتیخوازانەکانیان بەگوللە درایەوە.

باسەکە لێرەدایەکە دەبێت پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات هەست بەو زەرورەتە بکەن و بە لەبەر چاو گرتنی داوخوازییەکانی خەڵک، هاو هەڵوێستی خۆیان ڕابگەیەنن و چاوەڕێی کاردانەوەی بەرەی یەکگرتووی کورد!! لە تاران نەبن. چونکوو ئەوان نەهاتوونەتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە بۆ کایە کردنێکی جیدی و گەر سەیر بکەین ڕابردووشیان بۆ ئێمە ئەزمونێکی گەورەیە.

مادیح ئەحمەدی

---------------------------------------------

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کوردی - جوونی ٢٠١٨ی زایینی